158

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ سالّی پازدە/ تەمموزی ٢٠١٠

**خاوەن ئیمتیاز**

شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**

ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**

سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرترێت**

قەرەنی جەمیل

ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسی هەولێر

ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net

تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦ ـ ٤٤٩٤٦٦٢

(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ ـ ٠٠٣٢٤٨

تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢

پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com

sarkautw@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک

نرخ/ ٧٥٠ دینار

## ناوەڕۆکی ڕامان


● **پیرۆزبایی**

– پەیامی سەرۆکی کوردستان بە بۆنەی پازدەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری ڕامان/ 3

● **سەروتار**

– ڕەخنە و دیالۆگ کردن، لە جیاتی زمانی زبر و هەڵەشەیی/ سەرنووسەر/ 4

● **دەق**

– من خوێنی باڵندەیەکم لەبەر دەڕوا..!/ دلاوەر قەرەداغی/ 7
– دە/ سەباح ڕەنجدەر/ 9
– دنیا ئاوایە/ زانا خەلیل/ 12
– ب گولیێن حنەکری ڕۆکێ دبن ئاڤا/ ئاخین وەلات/ 13
– بژاردەیەک لە شیعرەکانی گوننار ئیکێلۆف/ لە سویدییەوە: ڕزگار شێخانی/ 14
– ڕاوە گەوهەر/ حوسام بەرزنجی/ 18
– تابلۆیەکی زیندوو/ محەمەد ڕەشید فەتاح/ 23
– تای غوربەت/ بەکر حەسەن/ 25
– کەلەڤاژی/ کامیران حاجۆ/ 29
– جەواڵ/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 31

● **هەڤپەیڤین**

– هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار (ئاری بابان)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 35

● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

– ڕەخنەی ئەکادیمی لە گوتاری ڕۆشنبیری کوردیدا/ کارزان کەریم ئەمین/ 52
– ڕەمز لەنێو سروشتدا/ د. پەخشان سابیر/ 57
– ئەختەر لە دیوەخانی شیعر و گۆرانیدا/ جەواد حەمەد بەگ ساڵح/ 64
– وەرە با پێت بڵێم تەنیایی من چەند گەورەیە/ کامەران جەوهەری (هەڵۆدا)/ 75
– شاعیرە بەدمەستەکانی بەغدا/ غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا/ 81

● **هزر و فەلسەفە**

– باروخ دو سپینۆزا: فەلسەفەی یەکڕەنگی ڕەب و سروشت/ د. حەمید عەزیز/ 95

● **مێژوو**

– کورتەیەک دەربارەی مێژووی میتانییەکان/ کولسوومە جەمیل عەبدولواحید/ 109

● **وتار**

– نالی و بیری کۆمەڵایەتی/ ئیبراهیم ئیسماعیل پوور/ 114
– «گەشتێک لە هەورامان» شیعری سروشت و جوانی/ قادر عەلی خا/ 118

● **زمانناسی**

– زمانی مرۆڤ و زمانی ئاژەڵ/ لە عەرەبییەوە: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو/ 123

● **هونەر**

– مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 126

● **خوێندنەوەی کتێب**

– دڵشاد مەریوانی و «کۆبەرهەم»ەکەی/ مارف خەزنەدار/ 130
– ماڵی بێ دەنگ و شانەکانی خاتوو نیلفۆن و هەستە ترسناکەکانی دکتۆر سەلاحەدین/ هاشم سەڕاج/ 136
– درۆیە کاوە زوحاکی نەکوشتووە!/ عەباس سلێمان سمایل/ 140
– خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی پیر شالیار/ عەبدولڕەزاق عەبدولڕەحمان محەمەد/ 145

● **زاراوەسازی**

– سەفەرنامە/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 155

● **نرخاندن**

– ئەم ساڵ ڕامان پازدە مۆمی داگیرساند/ بەختیار محەمەد/ 158

● **نامە**

– نامەیەکی هونەرمەند نەشئەت حەمید/ ئا: ڕامان/ 159

● **سووکە لەنگەر**

– دەقێتی دەق/ پێشڕەو عەبدوڵڵا/ 160



# سەرۆکی کوردستان ڕێزدار مەسعوود بارزانی یادی پازدەمین ساڵەی دەرچوونی ڕامان پیرۆز دەکات

لە پەیامێکدا کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز (مەسعوود بارزانی) بە بۆنەی یادی پازدە ساڵەی دەرچوونی گۆڤاری ڕامان بۆی ناردووین، ئەو یادە پیرۆز دەکات و گۆڤارەکەش بە گۆڤارێکی (پڕ بەها) وەسف دەکات، هەروەها گۆڤارەکە (بە جێی متمانەی خوێنەرانی کورد) دەبینێ. ئەمەی خوارەوە دەقی پەیامی پیرۆزبایی سەرۆک بارزانییە بەم بۆنەیەوە:

**بە ناوی خوای مەزن و دلۆڤان**
**بەڕێزان سەرنووسەر و ستافی گۆڤاری (ڕامان)**

سڵاوێکی گەرم...

بە بۆنەی پانزەهەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری ڕامانەوە، جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی یەکە یەکەی ئێوەی خۆشەویست و ئەو قەڵەمە ڕەنگینانە دەکەم کە بەشدارییەکی کارایان هەبووە لەو پەیامە ڕۆشنبیری و ئەدەبییەی کە تا ئێستا گۆڤارە پڕ بەهاکەتان لەو تەمەنە پڕ شکۆیەی خۆی پەیڕەوی کردووە.

بایەخدانتان بە داهێنانی تێکڕای نووسەرانی کورد و پەخشکردنی دەقی شایستە و لێکۆڵینەوەی پڕ زانیاری و مانا وایکردووە کە ئەم گۆڤارە ببێتە جێی متمانەی خوێنەرانی کورد، هیوادارین لەو ڕێچکەیەی خۆتان بەردەوام بن، لەگەڵ ئومێدی سەرکەوتن و زیاتر خزمەتکردن بە بزاڤ و کاروانی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و وشەی پیرۆزی کوردیمان.

هەر شاد و سەرفراز بن

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**
**٢٠١٠/٦/٤**

لە پەراوێزی کولتوورەوە

# ڕەخنە و دیالۆگ کردن، لە جیاتی زمانی زبر و هەڵەشەیی

سەرنووسەر

**(ئای! چەندە خەڵکی بۆ ناوبانگی خۆی، خەڵک بەدناو دەکات.. من بوومەتە قاڵدرمەی سەرکەوتنی کەسانێک)**

**«نیمایۆشیج»**

* من بۆ خۆم یەکێکم لەو نووسەرانەی لە حەفتایەکانی سەدەی ڕابردووەوە بە کاری ڕەخنەییەوە خەریکم، سەبارەت بە نووسین لە بارەی شیعر و مێژووی ئەدەبیاتی کوردیی، زۆر کەسم بەسەر کردووەتەوە و لەگەڵ زۆر کەسان کەوتوومەتە مشتومڕ و گێرمە و کێشەوە. جار هەیە بەرەو ڕووی زۆر دەمەتەقێی گەرموگوڕ و توند بوومەتەوە، ئەوەش زۆرتر لەگەڵ ئەوانە بووە کە بە نەوەی پێش ئێمە دەناسران. لەوساڵانەدا بێجگە لەوەی دەبوو هەوڵ بدەین ڕەخنە و نووسینەکانمان قووڵتر و خوێندەوارانەتر بێ لەوەی ئەوان دەیاننووسی، لە کێبەرکێشدا بووین لەگەڵ نەوەی خۆمان. هەر لەو کاتەدا بیرمان دەکردەوە ئێمە بە تەنیا ڕەخنەیەکی ئەدەبی بێ لایەن نانووسین، بۆیە دەبوو لە ڕێگەی ئەو ڕەخنانەمانەوە داکۆکیکاری پاشەڕۆژی داهێنان و چارەنووسی زمان و ئەدەبیاتەکەمان بین، لە هەمان کاتیشدا دەبوو داکۆکی لە چێژی گشتیش بکەین، چونکە لەو سەردەمەدا (دەسەڵات) کە لەلای خۆیەوە جڵەوی هەموو شتەکانی کردبوو، زۆر دەروەستی خزمەتکردنی ئەدەبیاتەکەمان، یان بە تەنگ خزمەتی هونەر و زمان و چێژی میللیمانەوە نەبوو، ئەوەندەی دەیویست بۆ ڕواڵەت و چاووڕاو بڵێت ئێمە لامان لە خزمەتکردنی زمان و ئەدەب و هونەری کوردی کردووەتەوە، لەبەر ئەوە نووسین دەوەستایە سەر ویژدانی خودی نووسەران و ئەدیبان و هونەرمەندان خۆیان کە ئەوان چۆن ئەو خزمەتەیان بەجێ بگەیەنن، لەوەشدا شوکرانەی دەوێ کاتێک دەمانبینی زۆربەی هەرە زۆری ئەو نووسەر و شاعیر و هونەرمەندانە چاکی مەردانەیان لێ کردبوو بەلادا و نەیاندەهێشت ئەو پەیامە پیرۆزەی کەوتبووە سەر شانیان بەلاڕێدا بڕوات. لەپاڵ ئەو ڕۆڵە جوامێرانەیەشیاندا، دەبوو ئەو ڕۆژگارە نووسەران ڕۆڵێکی پەروەردەییش بگێڕن، واتە لەو کاتانەدا ئەگەر دەستیشمان داگرتبێ و توندیش بووبین، ئەوە لەژێر سایەی ئەو دەسەڵاتەدا دەبوو لەو ڕێگەیەوە کە ڕێی نووسینە، هەوڵ بدەین لەناو خۆماندا کەس گەمە بە موقەدەراتی ئەدەبیاتی کوردی و زمانەکەمان نەکات. لەگەڵ ئەوەشەوە ئەگەر لە ڕووی دڵسۆزییەوە توندیشمان نواندبێ و پێڕەو کردبێ، ئەوە ڕووشکێن نەبووین و سووکایەتیمان بە خودی کەسەکە نەکردووە. من تەنیا یەک جار لەو ڕێسایە چوومە دەرێ و ئەو جارەش زۆر زبر نووسیم. هەر دەبوو واشبم، چونکە لەسەر کەسێک هاتمە دەست و نووسیم، کە پێم وابوو ئەو زبرییەم جۆرێکە لە تەحەدا کردن کە لەو چەرخ و زەمانەدا بەرانبەر پۆلیسێکی ناو دنیای ئەدەب نواندم و نووسیم: (لە کۆتایی ئەم وتارەمدا، بڕیارم دا دەستم بە گڵی سوور بشۆم)، ئەگەر ئەو کەسەش بێ دەسەڵات بوایە، ئەوە قەت ئەو مافەم بەخۆم نەدەدا قسەی وای لە بەرانبەردا بکەم، چونکە ئەو کەسە لە وەڵامی وتارێکی ئەدەبیمدا منی بە (خومەینی) چواندبوو کە گوایە دەمەوێ ئەوی (شاخی عیراق) هەڵبلوشم، واتە خۆی لێم کردبوو بە (شاخی عیراق)، ئەوانەش کە ئافەرین و دەستخۆشییان لێ کردبووم، ئەوانەی بە (حافز ئەسەد)ەکان شوبهاندبوو.

* بێینەوە سەر کاری ڕاگەیاندنی ئەمڕۆکەی خۆمان بە (خوێنراو، بینراو، بیستراو)یەوە کە لەوەتەی هەیە تا نهۆ بە کۆمەڵێک ئامانج و پەیامی جۆراوجۆرەوە هاتووەتە مەیدان و کاری خۆی کردووە. هەر هۆیەک لە هۆیەلەکانی ڕاگەیاندنیش بۆ

# من خوێنی باڵندەیەکم لەبەر دەڕوا..!

دلاوەر قەرەداغی
(سوید)

هەوا پڕە لەشەو
فوارە درێژ بۆتەوە تا سێبەر
بە فڕینی باڵندەکاندا دەزانم
کەسێک بە فیکەلێدانەوە لە کۆڵانەوە تێپەڕیوە
بەرەو سەفەر
چەند خەیاڵێک ئینجانە و
جاددەیەک جێگەپێی دڵخۆشی
لەدوای خۆیەوە جێ هێشتوون

دایکم وەک ئەوەی
دڵی ختوورەی کردبێ شتێک ڕوودەدا
تا بەردەرگەی حەوشە
لەگەڵم دێ
ئەوەی دایکێک پێویست بکا
لە دوعا و دڵنەوایی و قسەی خۆش
بۆ بەڕێکردنی کوڕەکەی بیڵێ،
ئەو لەبەر خۆیەوە دەیڵێ...!

بە جانتاکەمەوە
دەگەمە سەری کۆڵان
لەبەر عەمودی سەرسووچەکەدا ڕادەوەستم
جگەرەیەک و زەرفێک نوقڵ
لە دوکانەکەی باجی ئافتاو دەکڕم
بە ڕوانینەکانی باجیدا
هەست بە شتێکی سەیر دەکەم لە خۆمدا
ئاوڕ دەدەمەوە و دەنۆڕم لە سێبەرەکەم
کە کوژراوە لەپاڵ دیوارەکەدا
دەنۆڕم لەجێگەپێ خوێناوییەکانم
لە بەردەرگەی حەوشەوە
تا دووکەڵ و نوقڵ
هەست دەکەم بێ ئەندازە دڵخۆش و کوژراوم
باجی دەڵێ: ڕۆڵە
خۆ ئەوە خوێنی باڵندەیەکت لەبەر دەڕوا
خوێنی باڵندەیەکی خەمگین
کە دوێ شەو بە چاوی خۆم بینیم لە خەوندا
لێرەوە هۆن هۆن



بەرەو منارەکانی شاری بایەزید
لە شەقەی باڵی دا!

سوپاسێکی باجی دەکەم
خۆم هێور دەکەمەوە
دوای هەواڵپرسینی کۆتر و ئێنجانە و ژانە سەرەکانی
پارەکەی دەدەمێ و دەڕۆم
نوقڵێک دەنێمە زارم و
جگەرەکە پێدەکەم
ئیتر دەزانم بۆ کوێ دەچم
بەچەترێک دووکەڵەوە
دەچمە قووڵایی خەیاڵەوە بۆ ژێر باران
هەست دەکەم لە موسافیرێک دەچم
کە هەر بە ڕاستی بیەوێ
بۆ جێگەیەکی دی بڕوا
لە موسافیرێکی جددی
بە خەونی غەریبەوە
موسافیرێکی
خەیاڵپلاو و
کوژراو و
خاکەڕا
کە هۆن هۆن
خوێنی باڵندەیەکی دڵتەنگی لەبەر دەڕوا!

بۆنی تۆ لە ڕێگەکانەوە دێ
بۆنی تۆ دێت کاتێک بیری من دەکەیت
بۆنی تۆ لە درەختەکانەوە دێ
بۆنی تۆ دێت کاتێک کە باڵندەکان دڵخۆش نین
بۆنی تۆ لە نائومێدییەوە دێ
بۆنی تۆ دێت کە ئێوارەیەکی درەنگ
سێوات لە پیاوی ناو تەلەفیزۆنەکان دەبێتەوە
دەکەویتە وێران کردنی ئێنجانەکان و
لەبەر ئاوێنەکەتا ڕادەوەستیت و
خوڕ خوڕ دەگریت!

شەوم بەسەردا دێت و
خەون دەبینم
لە خەونەکەدا من هێشتا هەر کوژراوم
لەپاڵ دیوارەکەدا
مانگ بە پێدزکێ دەگوازێتەوە تەنیشتم و
دەبێتە دراوسێم
خانوویەکی بچکۆلانە بە زیخ و سەدەف و
مورووی ڕەنگاوڕەنگ
بۆ خۆی دروست دەکا
دوو گوڵە دەمەشێر دەکاتە پەنجەرە و
چەند تەڵێک گیا بە پەردە و
بەردێکی پرتەقاڵی و جوانیش بە دەرگە
من منداڵ دەبمەوە و چاکەت و پانتۆڵێکی شەکەری
لەبەردەکەم
پەپوولەیەکی خەمگین
لە بەرۆکی چاکەتەکەم دەدەم
قژم بەلادا دادەنێم و دەچم بۆ میوانی
تەق تەق لە دەرگەکەی دەدەم و
دەڵێم: ماڵەکە لەوێن؟
مانگ لەو دیوەوە بەنازونووزێکەوە دەڵێ:
کوڕە تۆ کێی؟
منیش دەنگی خۆم دەگۆڕم و بە دەنگی
کوڕێکەوە
کە خوێنی باڵندیەکی خەمگینی
لەبەر بڕوا... دەڵێم:
گوڵەکەم .... دە بیکەرەوە
خۆمم...
خ...
ۆ
م!
نازانم بۆ ئێستا ئەو خەونەم بیرکەوتەوە
کە لە ئێوارەیەکی درەنگی دوای ڕاپەڕیندا
بینیم
لە خەونەکەدا... خانووە بچکۆلەکەمان
لە گەڕەکی ئازادی
کتوپڕ
لە بناخەوە فڕی
تەنیا خۆم لە حەوشە مامەوە و
ئەو باڵندە مەلوولانەش
کە ئێواران وەک ڕیزێک سێبەری جلک ڕەش
باڵیان ڕادەگرت و
وەک ئەوەی ڕیزیان گرتبێ
خوێن بدەنە من
لەسەر پەلکی دارهەنارەکەی حەوشە
هەڵدەنیشتن!

ئێنجانە هۆن هۆن
تەنیایی لێ دەوەرێ
خوێنی باڵندەیەک
خوڕ خوڕ
بە درێژایی ڕێگە
لە من دەڕوا...!

**ئایاری ٢٠١٠**

# ده

سەباح ڕەنجدەر

(١)
کاتێک وێنەی پیاوێکی ناکەس
لە دیوار دەهێندرێتە خوارەوە
دیوار بێ هەناسە نامێنێتەوە
شەقام تاولەرز بەری دەدا
منداڵان پێڵاویان بە پەڕۆیەکی نەرم دەسڕن
مراوییە مل و گەردەن ڕەنگاوڕەنگەکان
بیرکردنەوەی ماسییان لە ئاو دەرهێنا
لەسەر تاجی پاشایان دانا
چووە خوێنی شەهیدێک
بوو بە خەون و سروودی گەرم
مراوی و ماسی
لە پرچی منداڵەکانمان نقوم دەبوون
ئارەقە لە ناوچەوانی پاشا چۆڕا
دەست و پێی لەرزی
وێنەی خۆی پێ لە دیوار نەدرایەوە

(٢)
پیاوێکی پیر هەموو ڕۆژێ لە نێرگزی دەپرسی
ئەرێ تەمەن چۆن دەڕوات
پشتی بە درەختێکی تازە چرۆدار گەرم کردووەتەوە
هێشتان سێبەری عەردی ڕەش نەکردووە
سەرنجی بەرسینگی کۆترێک دەدات
کە خۆر لێی دەدا
پەڕێک لە سینگی کۆتر
شکۆی جوانییە
دیواربەندی قەڵای هەولێری پێ ڕەنگ دەکەم
منی لە خۆیدا کوشتووە
نهێنییەک لە چرۆی ئەو درەختە هەیە
کە پیاوە پیرەکە پشتی پێ گەرم دەکاتەوە
پشتی پیاوی حەکیم
وەک درەختێکی بەهێز زیاد چرۆ دەکات
باڵندە بۆ تاسەی خوێندن



بۆن بە دڵمانەوە دەکات
چەپکێ پووش دەهاوێمە سەر کەپر
بۆ سێبەر و شکۆی وەڵامی نێرگز

(٣)

لە دەستە نەرمونیانەکانی دایکە زەوی
نانێکی گەرمم وەرگرت
هێزێکی زۆر جەستەی بەهێز کردم
ئاسانە بۆم
بەردێکی گەورە لە کێو بهێنمە خوارەوە
ڕێگا بکرێتەوە و پەیکەر و تابلۆی لێ دابندرێت
ڕەنگ لە پەلکەزێڕینە ڕاناکات
هەڵبژێردراوێک خۆی ئامادە کردووە
بۆ ئاشتکردنەوەی دوو پۆلە باڵندە
شەو لەناو کراسی مار خەوت
ئاسان بوو بۆی
گیان گۆڕینەوە لەگەڵ ڕاوچی
ڕاوچیش ترس لە سیمای باڵندە زیاد دەکات

(٤)

هەورەتریشقە و برووسکە
لەگەڵ یەک چەند نەرمونیانن
مووروی ڕەنگاوڕەنگ ڕوودەکەنە
ناو قۆرتی مووروو موورووەیانێی کیژان
پاشان بە ڕستەوەی دەکەن
دەیکەن بە خەناوکە
بۆ پیرێژنەکەی مامانی شار
لە ناخی ناخەوە سەرنجی خەناوکەی
ملی مامانی شار دەدەم
کە تاسەی نەزۆکی دادەمرکێتەوە
بێ چاوترووکان دڵی دەڕژێتە ناوچەوانی منداڵێک
خانە سستەکانی جەستەی زیندوو دەبنەوە
باران نەرم و سەنگین دادەبارێ
قۆرتی مووریانێی کیژان لێوڕێژ دەبن
ئاوازێک لەسەرەخۆ دێت
دەست بۆ ڕووبار و باخێک درێژ دەکات

(٥)

لە هەموو شوێنێک بەهەشت و دۆزەخ بۆیان هەیە
گوێم لە نوێژتە
نزا و درووەدەکانت بۆ منن

ڕێگا سەهۆڵبەندان نییە
دەنگی مێوانداری
زەنگۆڵەی ملی مامزە
لەناو پاوانی پاراودا
دەنگی ماڵئاواییش
غژە غژی ڕادیۆیە
لە کاتی بەرنامەی گەشتی ژیانی داهێنەران
جغارەی ناو تەپڵە
دووکەڵێکی باریکی لێ بەرزدەبێتەوە
باڵندە لەناو تەمی سەر دەریا
دەنگی خۆش دەبێت
دەیباتەوە سەر دەنگی زەنگۆڵەی ملی مامز
لەناو پاوانی پاراودا

(٦)

حەوت جار بەشداریی پێشبڕکێی وەرزشی تیرهاوێژیم کرد
حەوت هێلکەم ترووکا
حەوت جۆگەلە لە یەکتر نزیک بوونەوە بۆ مەلەوانی بێچووە مراوی
حەوت گوڵەگەنمم پڕ شیر بوو
حەوت باڵ لە کووپەی گەنجینەم ڕوا
حەوت پەندم لە تابلۆی شاردا هەڵواسرا
حەوت پشکۆم بووە فەرامۆشی جەستەی ئاگردان
بەهار خوێنی زەویی هێناوەتە کوڵ و جۆش
سروشت لە حەوتەیەکدا دووبارە لە دایک بووەوە
ناڵەیەکی پچڕپچڕی لە سینەوە هەستا
حەوت ڕەنگی پەلکەزێڕینە
لە پێش چاوی مندا ونە
ئاوێکی سازگار لە چاوی پەلکەزێڕینەوە دەڕژێ
تەنیا جوانەمەرگان لە کاتی سەرەمەرگدا دەیخۆنەوە
گرێیەکیش لە ڕەنگ دەدەن

(٧)

هیچ شتێکم بە مێشکدا تێناپەڕێ
تەنیا سەرگەرمی ئەوەم
زەوی چەند ڕوو ڕاست و بە هەستە
بە ئاوی ژێر زەوی جلوبەرگم دەشۆم
بە لکە دارێکەوە هەڵی دەواسم
هەستی لکەدار و هەستی جلوبەرگم
برای شیرین

بە تاسەوە سەیری با دەکەن
با لە هەموو شوێنێکەوە هاتووە
ڕێگای دوورمان نیشان دەدات
بۆ چوونە سەرکار و دیدەنی
زیندوومان دەکاتەوە
ئاڵای خەونێک
بەرانبەرمان دەلەرێتەوە و شادمانە
دەیەوێ سێبەری لێمان داو دەست بە باڵمانەوە بگرێت
تەنیا نامێنێتەوە
بڵێی هیچ هەبێت
لە نێوان بای ناودارەکان و تەنیایی ئێمە

(٨)

پەنجەکانی دەستمیان بە داوێک بەیەکەوە گرێ دا
لە پشتی دەستمیان نووسی
کلیلی گەنجینەی دنیات بە دەستەوەیە
بە دەمی بەخێرهاتنەوە فەرموویان
ئاسودەبە بەخت و ئومێد هاتوونەتە پێش دەرگات
زەویوزارێکی زۆریش کێڵگەن بۆ بەرهەم

(٩)

لە نزیک ئەو درەختەی لەژێر گرانایی بەفر بەلادا هاتووە
دانیشتم
کڕنووشم برد و چوومە دۆخی نوێژ و دوعا
لە ساتێکی نادیاردا
شالوور پێناسەی گوڵی دامێ
دڵم وەک دەبدەبەی ڕەنگاوڕەنگ
هەڵدایە ئاسمان
دڵ و
دەبدەبە و
ئەستێرە
بۆنی ناو دێرینەکان بە بەر کەپوومان‌دا دێنن
بەردی جوان و خانەدان دەکرێن بە پەیکەر
با ئاشنایە بە تەواوی دڵەڕاوکێی مرۆڤ
لەژێر خۆڵیشدا نانوێت

(١٠)

کات چۆن دەستی پێ کردووە
ئاواش کۆتایی دێت
پاشا بۆ خەو و خەونێک
لە ڕۆخ دەریا تاجی دانا
لە جۆلانەیەکدا خەوت
کاتژمێرێکی زێڕی لە دەست دابوو
دەست و پێوەندەکانی
بە دزییەوە تەماشای کاتژمێرەکەیان دەکرد
ڕووناکییەکی نزم لە جۆلانەکەی دا
پاشا بێ هێز و نەخۆش
سەری خستەوە ژێر تاج
لە ژێر چاوەوە تەماشای
کاتژمێری دەستی کرد و هەناسەی توند بوو
سەری هەڵێنایەوە
مێژوو لەناو هاڵاودا ون بوو
ئیدی تەماشای ئەلبوومی
سروشت و گێژەنی ژیان دەکەم
هەواڵی دڵی گەرم و نەرمی زەویش هەر دەزانم

**٢٠٠٩ هەولێر**

# دنیا ئاوایە

زانا خەلیل



کەڕێک ٢٤ سەعات
گوێ لە (فلووتی سیحری) مۆزارت دەگرێ و
ڕکیشی لە ڤاگنەر دەبێتەوە
ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەبێ کە هیتلەر خۆشی دەویست.
کەڕێک لە پڕۆگرامی داناوە، لە هاوینی داهاتوودا
بەراوردێک لەنێوانی
فلووتی سیحری و خۆشەویستی قەدەغەکراودا بکات
بەڵام لە ئێستاوە بڕیاری داوە
ڤاگنەر بە دۆڕاوی لەنێو گەمەکە بێنێتە دەرەوە.

١٢ ساڵە، هەموو شەوێک سەعات ٢٣
کوێرێک بەدەم چیپس خواردنەوە
تەماشای دراما تەلەڤزیۆنییەکان دەکا
دەیەوێ لە نیسانی داهاتوودا
لێکۆڵینەوەیەک لەسەر گۆشەکانی وێنەگرتن بکات..
لەبەر هەستێکی نەتەوەیی بەرز لە ئێستاوە بڕیاری داوە
لە دیراسەکەیدا بەرانبەر دراما تورکی و عەرەبییەکان
ستایشی درامایەکی دوو حەڵقەیی کوردی بکات.
لاڵێک لە سانتیاگۆ بێرنابیۆ لە یاری کلاسیکۆدا
بە مەبەستێکی سیاسی خیتاب دەدا
هیچ گرنگییەک بۆ دەنگ دانانێ لەو هونەرەدا
بڕیاریشی داوە لە دکتۆراکەیدا ئەوە بسەلمێنێ..

ئەندامێکی بێ قاچ لە ڕێکخراوێکی مین هەڵگرتنەوەدا
لەبەر بێ ئیشی بڕیاری داوە چەند نمایشێکی بالێت
بۆ ئەو کەسانە بکات کە دەستیان نییە
بڕیاریشی داوە شێوازێکی نوێ
بەسەری پەنجەکانی پێیەوە بێنێتە نێو ئەو سەمایە.

گەنجێکی ساویلکە وا دەزانێ ساڤۆ پیاوە
لە مەحفەلێکدا گوێی لەناوی ڕامبۆ بووە
هیچیشی سەبارەت
بە پێوەندی نێوان عەبقەریەت و هۆمۆ نەخوێندۆتەوە
کەچی لە یەکەمین شیعریدا
وا دەزانێ ئەگەر بڵێ هۆمۆم
ئەوا پرۆست و ئۆسکار وایڵد و تۆماس مەن دەسڕێتەوە.

دنیایە وایە
کەڕ بەراوردی مۆزارت و ڤاگنەر دەکا
کوێر لێکۆڵینەوە لە دەرهێنان دەکا
بێ قاچ شێوازێکی نوێ لە بالێت دەدۆزێتەوە
لاڵێک بۆ هەزاران کەس خیتاب دەدا
گەنجێک لەپێناوی شیعر بوختان بەخۆی دەکا

من چ هەڵلامە؟
دنیا ئاوایە.

# ب گولێێن حنەکری رۆکێ دبن ئاڤا

**ئاخین وەلات**
**(سوێد)**



لالەیان ژ شیر ڤەدکم
دارک ب دارک پخوورێ ڤێدخن
دەست ڤەمری نە
دلێن ئاگردادایی داربەستان دلۆرینن

ئەزێ چاوا ڤێ ئێشێ زمانگۆری دەرگووشێن ڤالا
و بێهەدان بکم؟
دە نەنی کوڕێ من نەنی

❊ ❊ ❊

داربەستێن ب گولاڤێ رەشاندی
حەز دکن پتر شل ببن
کەڤران هەمێز دکن
بینا پخوورێ ژ دیواران هلدکەلە

❊ ❊ ❊

دایک لەشکەران ژ شیر ڤەدکن
شەهیدێن نیڤرۆیا گەرم
و دەستهلاداریا بەربانگێ د خوینێ دە.
دایک گێنم دکەلینن
ڤا نە درانێ شەهیدان دەردکەڤن
دە نەنی دایک ب قوربان نەنی
لنگێن مەیێن هەتا چۆکان د هەڕیێ دە
سۆلێن خوە بێخن
د سەر لاشێ من رە جریدێ بکن

❊ ❊ ❊

ب پانیێن قەلشی
پێ ل هەسنێن سنجری دکن
گوزک ب هنە نە
دەرباسی لاشێ من دبن
پۆز ب خزێمن دایکێن گێنم
ب گولێێن سۆر
رۆکێ ڤەڕێدکن
دەستەک گەنمێ سەردی
ب سەر بێندەرا سینگێ من دە
د پشفینن...
رۆژ باش دایکینۆ

❊ ❊ ❊

تە ئۆدە تژی هۆلیتی کر
دەما تو دوور بوو
بەرزە بوون د هوندرێ من دە باراند و تۆزا بچووکانیێ
بڕا گول سەزایی شیننامەیێ نە
و تو ژی هێژایی پەسندانان؟
دەما کو ئەم ناڤ و هەوایێ خوەشک ژ بیر دکن
یان ژی رۆهلاتەکە د ئۆدێ دە
ب مایینێ ب ناڤ دبە
و ستران ب ناڤێن زارۆک و باڤێن وان ب ناڤ دبن
و تو؟..

**ئەڤ هەلبەستە ژ کۆشعرا (بایێ باکوور)، رووپەلێن (٤٥- ٤٧) هاتیە وەرگرتن، کو ل سالا (٢٠٠٦)ێ ل ستەنبۆل هاتیە چاپکرن و ژ بەلاڤکریێن وەشانخانەیا ئاڤەستا یە. هەژییە بێتە گۆتن کو (ئاخین وەلات) شاعرەکا رۆژئاڤایا کوردستانی یە و ل سالا (١٩٧٠)ێ ل گوندێ (کەفەرجەنی) کو سەر ب عەفرینێ ڤە یە، ژ دایکبوویە، دەرچوویا پشکا ئەدەبیاتا عەرەبی یە ل زانکۆیا حەلەبێ.. بەرهەمێن خوە ب هەردوو زمانێن عەرەبی و کوردی بەلاڤ دکە.**
**«ڕامان»**

# بژاردەیەک لە شیعرەکانی گوننار ئیکێلۆف

لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی
(سوێد)

**خەونە شیعر**

گۆناکانی وەک باڵی پەپوولەن و گەردە سپییەکەیش بەناو لەپمەوە دەمێنێتەوە.
پەنجەکانی وەک شمشاڵن و پێستیشی وەک پەردەی دامێنی سەدەفە.
ڕەنگە تەنیا ئەستێرەناسێکی کلاوقیت بتوانێت بخوێنێتەوە: کە هەناوی پڕە لە ئەستێرە.
لە هەوری، سوور بە تۆزی بە بریقە و پارچە پەڕۆی سووری دەم باوە لوول دراوە، جەستەی ناتەواوی بێ شێوە کە لەبن پەردەی ناڕۆشنی خەودا دەدرەوشێتەوە.

**گەڕیدە**

شوێن پێی گەڕیدەکە
وەک تەقەڵێکی درێژی دورمانە
بەسەر لمی سووری بیابانەوە.
دوورە ڕێگەی زەردەی ئێوارە
ئەوسا لەپڕ
وەک بە تەقەی گوللەی دەمانچەیەک
سوور دەبێت بە شین.

بیابان نا بەڵام مێرگ
لەناو مێرگدا ئەسپێکی سپی:
ڕەسەنە زۆر کەوانەی ملە سپییەکە
ڕەسەنە کەوانی سپی ملە بەهێزەکە
بەڵام چاوەکانی بێ ترووکان وەک گوێ بگرن دەڕوانن
لە ترسان دەدرەوشێنەوە –
دوورە ڕێگەی گەردوگوڵی بەیانی

**خۆرگیران**

کوڕیژگە! بە گۆزەی بێ بنتەوە
بە پەنجەپێی بژەوە
لەناو تۆزوخۆڵی ئەم ڕێچکە هەڵترچاوەدا
بۆ سەر کام کانی بەڕێوەیت؟

چ تاریکییەکە



لە پشت ڕوخسارت هەڵتگرتووە؟

ئەوە ساڵێکە زۆر لەمەوبەر:
خۆری درەنگە ئێوارە تەواو بێ جووڵە بوو،
ئەو ساتەیە کە لە قووڵایی ناو دارستاندا، نابیستریێت
چۆلەکە بخوێنێ.
گەڵا و لقی درەختە، کە بێ جووڵە شۆڕبوونەتەوە.
درەختەکانن لەسەر زەوییەوە وا دەبینرێن، کە تەواو بێ
جووڵە و وەستاون.

ئەو تاریکییەی من هەڵمگرتووە، یادەوەریی ئەو ساتەیە
کە سێبەریش ون بوو.

**سیانەی دیوان ٢**

**بژاردە**

کە لە بەهاری ١٩٦٥ لەگەڵ ئینگریدی ژنی، سەفەریان بۆ ئیستەنبوڵ کرد و لەوێ شوێنەواری کۆنی ئیمپراتۆری بیزەنتییان بینی، کانیی شیعریی ئەو تەقییەوە. لە ماوەی سێ ساڵدا زۆر شیعری نووسی و «سیانەی دیوان»ی بڵاو کردەوە. کە لە ئەدەبی سویدیدا بە «سیانەی ڕۆژهەڵاتی و سیانەی بیزەنتی»یش ناسراوە. سیانەی دیوان ٢، بژاردەی ئەو شیعرانەیە، کە دوای مردنی گونار ئێکێلۆف لە ساڵی ١٩٦٨دا، بڵاو کرانەوە

(١)

خەفتانەکەم(١) سووتاند
کە لە دەروازە وەرمگرت.
تەنانەت دەستەکانیشمی گەرم نەدەکردەوە.
ئەو کە لەوێ لەسەر عەرش دانیشتبوو، بێ دەنگ بوو
تەنیا وەزیر بە ملکەچی
دەستی بە سنگییەوە گرتبوو
دەمی کردەوە و شتێکی گوت
کە من پاشان تێی گەیشتم.

ئێستا گەڕاومەتەوە ماڵ
ئەگەرچی ناتوانم چیتر چیاکانم ببینم
بەڵام گوێم لێیە بە تەتەری پەیامبەر
فەرمان بنێردرێت:
– خۆڵەمێشی کوردستانم بدێ
خۆڵەمێشی بەغدا.
خوێنی ئەرمەنستانم بدێ
گۆلی وان وێران بکە.
خۆڵەمێشی پیلوپۆنێسۆسم بدێ.

وا بکە!

وەک کە لێرە بیسترا،
ئەم کەنەفتە ترسنۆکانەیش،
پاشا سێ کلکدارەکان بەڕێوەن.
خۆڵەمێش! خۆڵەمێش؟ بێجگە لە خۆڵەمێشی خۆیان
لە چی تر دروست کراون؟ با پەرشوبڵاوی کردوون.
چیای لە خۆڵەمێشمان ڕاستینەیە.
بۆسەی لە خۆڵەمێشمان...

ئەو ڕۆژە دێت قوستەنتینییە برووخێ.
ئەوسا من خۆڵەمێشم
بەڵام کچەکەم دەژی و کچەکانی ئەویش
منداڵیان دەبێت.
کچەکانی ئەویش
ئاشق دەبن و بە ئەشقەوە
برینداراەکان دەپێچنەوە و
کوێرکراوەکان بۆ ماڵەوە دەبەنەوە.

بەناو ئەم جیهانە تاریکەدا
بۆ ئەوی تر
کە ڕەش و
ڕووناکە
چونکە، ئەدی بێجگە لە چەرچەفێکی لەکەدار بەولاوە
ڕووناکیمان چییە و
ئەدی شەومان چییە.

(٢)

وێرام سەرم هەڵبڕم و لە وێنەی تۆ بڕوانم
وێرام بۆ نوێژکردن، بۆ میهرەبانی
دەستم هەڵبڕم.
پاشان سەرم دانواندەوە و
لە وێنەکەوە
دەستت هاتە دەرەوە
قژی گرتم و
سەری ڕاشەقاندم.
تێگەیشتم: ناتوانم
لەوە زێتر بخوازم، کە دەتوانم
دەمەوێ وەسفی ئەوە بکەم
کە دەمخواست.
بینیم زەردەخەنەی ئەگۆڕ و
هەیبەتت بەسەر مندا هاتنەوە.
هەموو خواستەکانم

وەک قودیلەیەکی شکاوی لەدار
لەبەر وێنەی تۆ دادەنێم.

(٣)

**بۆ ئەو جوانییەی کە باشە**

*

لە ژێر زەمینەکەم سەردانێکم کرا –
لەبەر پاسەوانەکان رووبەندی پۆشیبوو.
نان و ئاوم لە پێشی دانا –
بەرتیلم دایە پاسەوانەکە، بوو بە خزمەتکارم.
کە دوورکەوتەوە لەناو کونی شووڕەدا
شتی خۆش کە دەبوو بیانشارمەوە
هیوا و حەزی ئازادی کە شاردبوومنەوە
پارچە لە دوای پارچە دەرمهێنان. ئەو ڕازی نەبوو.
پارچە لە دوای پارچە کە لێمەوە مابوونەوە.
خانەدانی وەک تەنگانە قانوونێکی بێ قانوونە.
لە دڵ کەمتر بە هیچی تر ڕازی نەبوو.
بردی و لە تاریکایی بەتەنیا جێی هێشتم،
زۆر لە جاران تەنیاتر.

* *

ئەبەدییەتێک چییە؟
ئەو ساتەیە کاتێک تۆ ون دەبیت.
لە ژیاندا چەند ساتی وا هەیە؟
زۆر
بەڵام ئەگەر هەموویان کۆ بکەیتەوە
کۆی هەموویان هەر یەک سات دەبێت
تەنیا یەک
کە ئەبەدییەتێکە:
ئەو ساتەیە
کاتێک لە ئاکامدا تۆ خۆت نامێنیت.

(٤)

**گۆرانیی خۆشەویستی**

بەڵێ، رووخساری تۆ باخی عەدنی منە
هی چاوەکانم نییە
بەڵام هی دەستەکانمە
بە دەستەکانم چاوەکانت دەبینم
چۆن دەلەرنەوە
چۆن پێڵووەکان دەلەرنەوە
بە دەستەکانم دەستەکانت دەبینم
هێندێ جار نەرمن، هێندێ جار ڕەقن
باسکەکانت، ئانیشکەکانت
مەمکەکانت، جەستەت
دەستەکانم دەبینن ئەگەر تۆ
لە ترسان، یان لە ڕکان بۆ دواوە ڕابچڵەکێیت
ئەگەر لە دڵسۆزیی،
لە بەخشندەیی
یان لە خۆشەویستی بۆ دواوە ڕابچڵەکێیت
دەستەکانم کە بوون بە چاوەکانم
ئەمانە هەموویان دەبینن.

(٥)

من بووم زۆر لەگەڵ
باوکێکی بە نەخۆشی مردوو، ژیام و
لەگەڵ دایکێکی بە کینەیش مردوو، ژیام
کە زڕدایکم بوو
..........

ئێستا، دوای سەفەرێکی درێژ
زانیم منداڵی کێ نەبووم
لە باوەڕی گریکییانەوە
چوومە سەر ئەوەی نیزام(٢) فێری کردم.
ناوم ئیسماعیلە.
چارەنووسم قوربانییە.
لە «بەیرەم»(٣)ی داهاتوو سەرم دەبڕدرێت
بەڵام وەک سەری میرێک، سەری مرۆڤێک دەبڕدرێت،
لە ملەوە نا، لە بینایی چاوەکانەوە.
هەڵکۆڵدران.
چیاکانی سەرووی وان
ئەو ناوچەیەی دایکم، کە ناوی نازانم
منی لێ زاند
بەڵام بە ناوێکی ژنان
بانگی دەکەم، لێی دەپاڕێمەوە.

ئەتووکوس، موو، مینژا!
تۆ کە قەت کوڕێکت نەزاندووە
یان تۆی دەڵەقۆڕ کە کاروانسەرایەک بوویت، بۆ هاتنە
ناو و چوونەدەر.
دەتبەخشم، دەنا خۆم دوور دەخستەوە.
کەسێکی کوڕی هیچ ژنێک نەبوو.
وێرانکراو.
دیسان ناشایستە
خۆشویستراو
لە لایەن کچی هیچ باوک نەبوو.

که ناوی خۆیم پێ دەڵێ
کە دەستم دەگرێت.
بۆ من سواڵ دەکات.
من بێ دەنگ دەبم و دەبینم، ئەوەی نابیناکان دەیبینن.
هێندێ جار ون دەبێت.
کە دێتەوە ئەو بۆنەی نییە،
کە ڕۆیشت هەیبوو.
وەک کچێکی ڕووسپی دەستم ماچ دەکات.
ئەو، ژنە گریکی نییە
منیش پیاو نیم.

(٦)

کە بە بینایی چاوەکانت
دەتبینی
لە پێشەوە دەتگرتم.
ئێستاکە هەر دەستەکانت دەبینن.
لە پشتەوە بمگرە
با دەستەکانت
کە بوون بە چاوەکانت
هەست
بە مەمکەکانم و
بە ناوک و سکم بکەن
لێیان بگەڕێ بکەونە ناو زێمەوە
منیش ئاسوودە بکەن.
ئەو دەمەی من
لە پشتەملم هەست بە ماچی دەمت دەکەم
با زێ و دەمم ماچ بکەن.
با چاوەکانم بدۆزنەوە.
دەزانم:
حەبیب، گوێیەکانم دەبیستن تۆ چی دەچرپێنیت،
– حەبیبی، هێشتا گوێکانم نابینا نین
دەستەکانم هەست دەکەن
دەستەکانت هەست دەکەن
کە جەستەمان یەکتری دەناسن.
چەند ناشیرینم.
پەنجەتووتەی تۆ و دۆشاومژەی من
هێشتا بەیەکتری دەگەن
ئەگەرچی وەک ئەوە وایە
لە فەزایەکی نادیاردا
دەخولێینەوە

نادیارەکان بەختیارن.
نیگای دادوەر و چاودێرەکان
نایانگەنێ.

باوەڕم پێ بکە:
بۆ خەمگینەکان
بەهەشتێک هەیە
کە ئەگەر خەمگینەکانی تر
هیچیش نەزانن، یان نەشیانەوێ هیچیش بزانن.

(٧)

دژی ئەوان ڕاپەڕیم
نەک لەبەر ئەوەی شەیتانی بوون
نەک لەبەر ئەوەی خواناس بوون
بەڵکە لەبەر ئەوەی لە هەردووکیان
لە شەیتانی و
لە خودایی بێوەچ بوون
بێ بەها بوون.
ڕووناکی ئەوان
سێبەری نەدەنایەوە
سێبەری ئەوان
ڕووناکی نەدەشاردەوە.

**پەراوێزەکان:**
**١– خەفتان، قفطان، جۆرێک کەوایە.**
**٢– ئاماژەیە بۆ نیزام ئیسفەهانی خۆشەویستی ئیبن عەرەبی.**
**٣– بەیرەم، وشەیەکی تورکییە، واتە جەژن. لێرەدا مەبەست لە جەژنی قوربانە.**



# ڕاوە گەوهەر

حوسام بەرزنجی
(ئەڵمانیا)

ئێوارەیەک لە ئێوارە ئەرخەوانییەکانی ڕۆخ دەریا ، ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە هێشتان کەشتییەکەیان نەگەڕابووەوە، بڕیاریان دا پێش ئەوەی بگاتە جێ، بچن لە کەنار و لێوارە لماوییەکاندا پێشوازی لێ بکەن، گەر شەویشیان بەسەردابێ، تا بە کۆرپەڵەی خۆزگە و ئاواتەکانیان، چاویان ڕوون دەبێ و بەدەریاوان و ڕاوچییە ماندوو و هیلاکەکانەوە دیدار شاد و بەرخوردار دەبن، هەر لەوێدا بمێننەوە و وەک بەزم و شەوچەرەی هۆزەبانەیەک کۆڕی بۆ ببەستن و شەوارەی بۆ بگرن...! هەڵبەت کوڕەکەی کەشتیوانیش وەک جارانی پێشوو.. سەرەڕای ئەوەی کە هەردەم لە پێوەندی تەلەفۆنیدا بوو لەگەڵ باوکیدا، دەنگوباسیان بە یەکتر دەگەیاند و لە هەموو کارێکی گەورە و گچکە یەکتریان ئاگادار دەکردەوە، ئەویش زووتر بەرێ کەوتبوو، لەگەڵ چەند هاوڕێ و ئاوکووفێکی خۆبە پێش هەموو پێشوازیکەران بەرەو کەنارەکانی دەریا ڕۆیشتبوون...! لەم ڕۆژە خۆشەدا، وەکو گەنجێک بیریان لەوە دەکردەوە کە بە بەلەمە خێراکانیانەوە، گەشتێ بەناو دەریادا بکەن و بچن لە دوورگە کاکی بەکاکییەکەی بەرانبەریاندا وچانێ بدەن... مۆبایلەکەشی هەردەم کراوە بێ، بۆ ئەوەی ئەگەر باوکی هەر کارێکی پێ بسپێرێ، یان هەر ڕێنمایی و فەرمایشتێکی هەبێ زوو جێبەجێیان بکات...!

لەم ئێوارەیەدا سیحر و جوانی دەریا و خۆزگە و ختووکە وەنەوشەییەکانی خەڵکەکە لەگەڵ کشوماتیی شەپۆلە نووستووەکاندا تێکەڵ بەیەک ببوون. چی مەل و مەلیچکەی ئەم ناوە هەبوو، هەمووی لە دەم ئاوەکاندا زاقوزرووقیان بوو، بە تۆپەڵ باڵەفڕکەیان پێ دەکەوت و دوایەش هۆلێرە و لەوێ دەنیشتنەوە. ماسیگرە و ڕاوچییە باڵدارە فیڵبازەکان، کە بەسەر تاتە بەرد و تەنکاوەکانەوە بەدوای نێچیرەکاندا دەگەڕان و دەسووڕان، بە جووڵەی پەڕوپۆ

ڕەنگاوڕەنگ و لەشە تەشوێلەییەکانیانەوە، ئەوەندەی تر دیمەنەکەیان کردبوو بە تابلۆیەکی ڕۆمانسی. ناوە ناوە لە ئاسمانەوە باڵەکانیان جووت دەکرد و هێرشیان دەبردە سەر ماسییە سرک و بزۆزەکانەوە، برووسکە زەبری خۆیان لێ دەوەشاندن، بەزەدەی چرنووکە تیژەکانیان بۆ کەشکەڵانی ئاسمان بەرزیان دەکردنەوە... یان مەلە ڕەشتاڵە جوان و خرپنەکەی «بالبالووکە»... کە ڕاوچی و چەتەکانی دەریا هەر لە دێر زەمانەوە بە پاشای مار و مێروو ناوزەدیان کردووە... جووڵەی هەر کرم و مێروولەیەکی ژێر ئاوی بدیبایە، وەک برووسک خۆی نقووم دەکرد و بە دەنووکە تیژەکانی دەیگرت، خێرا خێرا سەر دەکەوتەوە و لە شۆرەزارێکی بەردەڵان و چەوڕێژدا دەیدایە بەر دەنووکان...! خەڵکەکەش هەموو تێکترنجاو و تێکچرژاو، تێکەڵ بە هەناسە و ئاورینگی دەریا و لێوارە شێدارەکان، وەک بلێی لەناو گۆڕەپانی ڕموەشێن و شیربازیدا سەیری سوارچاک و جەنگاوەران بکەن... دەیاندی ئاوا یەکێ دەخوا و یەکێ دەخورێ... یەکێ ڕاو دەکا و یەکێ ڕاو دەکرێ، یەکێ هێرش دەبا و یەکێ ڕاو دەنرێ..!! لەنزیکەوە هەستیان بەوە دەکرد کەوا، یارییەکانی مردن وەک هاوکێشەیەکی نەگۆڕ و هەمیشەیی، لە هەموو ئانوساتێکدا بوونی خۆی دەچەسپێنێ.

کە ئەم وێنە و دیمەنە دژ بەیەکەیان دەکەوتە بەرچاو، وێڕای خەم و نیگەرانییەکانی چاوەڕوانی کردن... زیاتر لەگەڵ سروشتی ئەم ئێوارە خۆشەدا دەبوون بە تانوپۆی یەکتر، هەمئاهەنگ لەگەڵ سەیروسەفای ئەو ئێوارە ئەفسووناوییە، دەیانکرد بە بەزمی خۆیان، ئەم دەوروبەرەیان پڕ دەکرد لە دەنگی چەپڵە و فیکەرانان...!

ئەگەرچی دەریا گەلێ خامۆش و هێور بوو، بەڵام ئەو دیمەنە سەرنجڕاکێشانە، ئاماژەیان بەوە دەکرد...، چ ئەوانەی لە وشکانیدا دەژین وەک مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەک... چ ئەوانەی لە دەریادا دەژین، هەر لە «گەرا»وە تا «نەهەنگ» و هەر لە دڵۆپە ئاوێکی دەریاوە تا دەگاتە شەپۆلە گەورە و شاخە بەفرینەکان... هەر هەموویان ڕاوکەر و نێچیری یەکترن، یاسای سروشت کردوونی بە کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو و یەکتر خۆر...!

بەدەم ئەم سەرنج و نیگا تێنوانەوە، تا دەهات ئاپۆرای خەڵکەکە زیاتر پەرەی دەسەند، دیمەنە دڵگر و لانەوازەکان هەموویانی خستبووە سەر کسپە و بڵێسەی ئاگرێکی کپ و شاراوەوە، بە جۆشان و خرۆشانێکی بێ پایانەوە، تێکەڵ بە شەنگ و شۆخی چرە تەمی گەرد و گەردیلە شەبەنگەکانی سەراب و پانتاییە مەنگەکان دەبوون...! هەموو بەیەک حەز و ئارەزوو، بەدرێژایی کەنارەکە، چاوەڕوانی گەیشتنی کەشتییەکەی خۆیان دەکرد. هەموو لە خەمی ئەوەدا بوون، ئاخۆ کەی ئەویش وەک کەشتییە ڕاوەکانی تر بەخۆ و بەکانتێن و حەوزی پڕ لە ماسی پوولەک ڕەنگینەوە لێیان پەیدا دەبێ.

گەرچی دوای چاوەڕوانییەکی درێژ و گورچکبڕ، هیچ سەروسەدایەکی نەبوو، بەڵام دەمێ بوو لەناو دەریادا هەرسووڕ و داسووڕی بوو، هەر ڕۆژێ لە پانتاییەکدا (گەڕان و سووڕانی خۆی ئەنجام دەدا. گرووپەکەی ناویشی، وەک کۆمەڵە دەریاوان و ڕاوچییەکی کارامە و بە ئەزموون... هەموو جارێ لە پاڵ پیشەی دەریاگەڕی و ڕاوکەرییەکەی خۆیاندا، حەزیان دەکرد لە هەر گەشتێکیاندا، شتێکی نوێ بە دیاریی بۆ خزم و خۆیشانیان بەرنەوە، بەجۆرێکی وا کە گەشتەکەیان بکەن بەگەشتەڕاوێکی هەمایۆنی(*) شازادە ئاساکان...! شەووڕۆژ بەبێ وەستان کەشتییەکەیان خستبووە گەڕ، وەک پاڵەوانێکی ئەزەلی و ئەبەدی، شەپۆلە هاروهاجەکانی دەبڕی، گروتینی دەدایە خۆی، لەگەڵ گژۆژی با و شەستەکانەوە، هەندێ جار گەردی زریان و چەمەڕای شەپۆلەکان لەبەر دەمیدا بە قەد باڵای شاخێک بەرز دەبوونەوە، بەڵام کە تینوتەکانی دەدایە خۆی و بۆ پێشەوە هەنگاوی دەنا... خێرا خێرا هەموو شەپۆلەکان یەکتریان قووت دەدایەوە.

لە درێژایی ئەم گەشتە ڕاوەیاندا گەیشتنە ناو پانتاییە قووڵەکانی دەریا، کە ناوچەیەکی وابوو، هیچ کەشتییەک لەوەپێش پێیدا نەڕۆیشتبوو، لەوێ لە شوێن خۆیان سەنگرانەوە، سەیری نەخشە و پلانەکانیان دەکرد، چاویان بە دۆکیۆمێنتی گەشتیار و گەڕیدە دێرینەکاندا دەخشاند. تیپ و کارمەندانی ناوی، هەموو خەریکی کارەکانی خۆیان بوون، وەک مێروولە ئەرکەکانی خۆیان بەجێ دەگەیاند، ناوە ناوە کەشتیوان و یارمەتیدەرانی، بۆ ئاراستە و هەوێڵی دیاری کراو، بە زۆرە زۆر تەکانیان بە کەشتییەکەیان دەدا، هەندێ جاریش، شەپۆلەکان ئەوەندە بە توندی دەهاتن، وەک گای هار لرفیان دێنا، کە

هەڵدەکشا کەشتییەکەی لەگەڵ خۆیدا بەرز دەکردەوە. کەشتیوان و تیپی دەریاوانەکان بە حاڵە حاڵ خۆیان لەوەرگەڕان و نقوم بوون دەرباز دەکرد؛ هەندێ جار ئەوەندە لە دێوەڵووکەی مەرگ نزیک دەکەوتنەوە، چرکە بە چرکەی تارماییەکانی مەرگەساتی دێنایەوە بەرچاویان، وەک مەنسووری حەللاج دەکەوتنە حاڵەتی وەجد و هەڵچوونە دەروونیەکانیانەوە، خۆنەویستانە و بێ ئاگا لە دەوروبەر هەڵسوکەوتیان دەکرد، وەک بڵێی ڕاوی مەرگی خۆیان بکەن، ئاوا خۆیان دەخستە ناو تینوتاوی شەپۆلەکانەوە...! بەڵام دەریاگەڕ و ڕاوچییە مەلەوانەکان، سەرەڕای هەموو ئەو مەترسییانە، کە هەلیان بۆ دەرەخسا، تۆڕ و داویان بۆ هەڵدەدا و حەوز و کانتینەکانیان پڕ دەکرد لە ماسی. چەند کەسێکیان لەسەر فەرمایشتەکانی کەشتیوانەکەیانەوە، بۆ ناخی دەریا قووڵ بوونەوە، بە گوێرەی نەخشە و پلانەکان، ورد ورد ژێر دەریایان دەپشکنی و بەم لاو بەولادا دەگەڕان و چاویان دەگێرا. لە دوای چەند هەوڵ و کۆششێ لە دەمەدەمی کێشتەنگاودا، ختوخۆی و وەک بڵێی کەوتینە ناو کێڵگەی گڕ و گەوهەر و تەلیسمە ئەفسووناوییەکانەوە، هەر چواردەوریان بوو بە چراخانی مۆمی داگیرساو و جیلوەگای تیشک پڕژێن. سەیری هەر لایەکیان دەکرد، هەر هەمووی سەدەفی دوڕ و مرواری و گەوهەری سوور بوو بریسکەیان دەهات.. ئیتر هەر هەموویان لەسەر ڕێنمایی و ئاگادارییە خێرا و بە پەلەکانی کەشتیواندا، بە هەڵەداوان، وازیان لە ماسی گرتن و هەموو کارەکانی تر هێنا، گەلێ چاپووکتر لە هێرشی گەرداو و شەپۆلە توورەکانەوە، بەخۆ و بە هەموو تفاق و جلوبەرگی تایبەت بە خۆ نقووم کردنەوە، دەمامکیان بەست و یەک لەدوای یەک خۆیان کرد بە ژێرئاودا، توورەکە و بەرچنەیان پڕ دەکرد لەسەدەفی دوڕ و مرواری و خاروخاشاکەکەیەوە، جا بە پەلە بۆی سەر دەکەوتنەوە.. بەم کارەیان مۆتەکەی مەرگ و ترس و تەلەزگە و سنوورەکانی کات و شوێن و مەرزەکانی هەموو تخووب و ڕەهەندەکانیان بەلاوەنا، وەک سوپایەکی تۆکمە و تەیار، دەتوت بە دوای تاج و تەیلەسانی سوڵتانە خنکاوەکاندا دەگەڕێن.. ئاوا بە وردی سەریان بەبن هەموو بەرد و بارستاییەکی ژێر دەریادا دەکرد. ئەو چیرۆک و ئەفسانانەی کە لە باووباپیرانیان بیستبوو، یان بە خەون بۆیان دەگێڕانەوە، ئیمڕۆ ئەوە وا بە واقیع لەناوی دەژین، لەسەربنی ئەمەوە حسێبیان بۆ چرکە بە چرکەی کات و مووبەمووی ڕووبەری هەموو کێڵگەی بەردە بەنرخەکان دەکرد، هەموو هەوڵێکیان دەقۆستەوە، بۆ ئەوەی بە بارێکی گەلێ ڕەنگین و سەنگینەوە، بەرەو ماڵ ببنەوە...! بەڵام کۆمەڵی خزم و خوێش و پێشوازیکەران... ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە، ئەم نەگەڕانەوە و گیربوونەیان لەلا شتێکی ئاسایی نەبوو، هەر هەموویان، خۆبەخۆ گەلێ پرسیاری بێ وەڵامیان ئاراستەی یەکتر دەکرد...! کە تاریکی شەو پەیتا پەیتا، وەک تارماییەکانی شەیتان، باڵی خۆی بەسەر کەنار و لێوارەکانەوە دەکێشا، لەگەڵ شەوژان و خەمەکانی ئەم تاریکی و لێڵییەشدا... خەڵکەکە ئەوەندەی تر گومان و نیگەرانییان زیاتر دەبوو.. نەگەڕانەوەی کەشتییەکە لە کات و ساتی دیاریکراوی خۆیدا بە شتێکی ناپەسەند و نیگەران دەهاتە بەرچاو، وێڕای ئەمانەش هەمووی... ئامادە نەبوونی کوڕی کەشتیوان، دەرگایەکی تری خەم و گومانی لە خەڵکەکە کردبووەوە... کە بە خۆی و بە چەند هاوڕێ و هاوتەمەنێکی خۆیەوە، چۆن لەبەرچاوان ون بوون، هەر ئەم ون بوونە بوو، هیچ سەرو سۆراغێکیان نەما.. بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی مانگی چواردە، تاڕادەیەک خەم و نیگەرانییەکانی پێشوازیکەران ڕەوییەوە، زنەی سەرنجە تێنووەکانیان، لەگەڵ تریفەی مانگە تەبەش، پانەکەوە ئاوێزانی یەکتر بوون.

لەم شەوە ئەفسووناوییەدا کسپە و سووزەڵەی هەناسەیەک بەرز دەبووەوە کە سەرچاوەی لەسەر بە هووردەی ئەشکەوتی زیندەگانی و برینە قووڵەکانی ژیانی پڕ لە داخ و حەسرەتی بەلەنگازی و قاتوقڕییەوە دەگرت.. هەموو هزر و دید و نیگای پێشوازیکەران، ئاماژەیان بەوە دەکرد، گەر کەشتییەکە ڕووبەڕووی هەر ئاستەنگ و کەموکوڕییەک بووبێتەوە، ئەوە هەموویان لە حاڵەتی ئامادەباشیدان و هەرچی هێز و توانایەکیان هەیە، لەپێناو گەیشتنی ئەم و گرووپەکەیدا بەختی بکەن...!

* * *

سەرلەبەیانی لەگەڵ پرژۆڵی گزنگدا، لە دوورەوە کەشتییەکە وەک قۆزاخەیەکی بلوورین، لەناو تەم و تەراوێلکەی دەریاوە بەدیارکەوت، خەڵکەکە لە خۆشییان هەموو شاگەشکە بوون، ئەو خەم و نیگەرانییەی کە

بەرچاوی تاریک کردبوون، وەک تەمی بەر خۆر بە یەکجاری ڕەوییەوە، هەموو کەوتنە ئاواز چڕین و هەلەکە سەما، سەدان دروشم و سروودی بەخێرهاتن و ستایشئامێزیان بۆ هەڵدەدا، دەیان وتار و گۆتاری پڕ لە بەهرە و مێرخاسی و ئازایەتییان بۆ دەخوێند... یەکێ دەیوت: «لە سەهۆڵبەندانی هیجرانەوەڕا گەڕاوەتەوە، دوا تەقینەوەی ئۆباڵێکی گەورە و خۆزگە و ئاواتی پڕ لە زامو سوێکانی ئێمەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە!» یەکێکی تر خۆی دەخستە ناو بابەت و بە بڕست و لێبڕاوییەوە قسەی پێ دەبڕی: «دەریاوانەکانی ئێمە هەموو دەستپەروەردەی سیمرخن، بەزام و زووخی برینە قووڵەکانەوە سەرمەشق دراون، هیچ گریمانەیەکی ناچیزە و نابەجێیان ناخرێتە پاڵ... پیری پێشین و گۆیندەکان وتوویانە... سات و دەرفەتە گونجاوەکان، چەک و هێزن بۆ ڕاوچییان...!»، یەکێکی تر قسەکانی بۆ تەواو دەکرد: «کەشتییەکەمان پڕیەتی لە شەنگە سوار و ڕاوچی و دەریاوانی دووربین و بە ئەزموون، ئەوانە کەسانێکن، هەرگیز بەژەک و شیری بێ خوێ فرچک نەدراون... ئەوانە لەم بابەتە کەسانە نین گەڕ و گەزەشیان پێ بکرێ، نەک جێی نیگەرانی و ترسن، نەجێی گومان و پرسن، لەمێژە ئاشنای شکست و نشوستییەکانن، خۆیان دەزانن چۆن کەشتییەکەیان لە هەرەسی دەریا و لە گەرووی بورکانەکان دەپارێزن.. هاکا دیتت لە نزیکمانەوە لەنگەریان گرت!» هەندێکی تر خوێن گەرمانە دەنگی خۆیان هەڵدەبڕی و دەیانوت: «ساڵانێکە خەون بە ئێوە و بە کەشتییەکی بارسەنگینەوە دەبینین...!! ئێوە لە ڕەچەڵەکی دەریا و زەریاکانن، بێن بە هەڵمیش لە بەندەر و لە کەنارەکەی خۆتاندا خەست دەبنەوە... هەرچی سیحر و جوانی دەریا هەیە لەگەڵ خۆتاندا هەڵتانگرتووە، بە زێڕوەشانی دیاریەکانتانا دڵمان شاد دەکەن!»... کەشتییەکە هەر بەم شێوەیە، وەک لەندەهۆرە گردێکی زل و زەبەلاح، لەناو هەڵکشان و داکشانی شەپۆلەکاندا بە هەلینگدان لە کەنار دەریا نزیک دەکەوتەوە، ئاڵا شەکاوەکەی سەرکێلیژە دار و دیرەگە بەرزەکانی تایبەت بە تیپەکەی خۆیان، ڕوونتر دەکەوتە بەرچاو و لە سۆنگەی ئەمەشەوە زیاتر گڕی لە هەست و سۆزی ئاپۆرای خەڵکەکە بەردەدا. وەک ڕاهۆڵی کۆتەڵە هەورێکی چڕ، بە ئەسپایی دەیویست خۆی کەنارگیر بکات... هێشتان سەدان مەتری مابوو بگاتە لای ئەمان.. هەموو دەیانوت، ها ئێستا نا ئێستا لەنزیکمانەوە دەوەستێ و ئێمە و کەنار و هەموو نهێنییەکانی دەریا بەیەکەوە ئاشنا دەکا.

کەشتییەکە هەر دەهات و نزیک دەکەوتەوە و شەپۆلەکانی دەبڕی، بەڵام پەیتا پەیتا هۆنەی کزەبایەک هەڵیکرد، مەلە دەریاییەکانی پۆل پۆل وەپێش خۆ دابوو، بەرەو کەنارەکان هەڵیدەفڕاندن.. تا دەهات تینی دەسەند و ڕوخساری دەریای گرژ هەڵدەگەڕاند و لەخێرایی کەشتییەکەشی کەم دەکردەوە.. دوای ماوەیەک بوو بە زریانێکی بەرزە فڕ، ئەو نەوڕەس و مەلە مل درێژانەی کە لەسەر دینگە و دیرەگ و گۆشەکانی ئەملاو ئەولای کەشتییەکەوە هەڵکورمابوون، کەوتنە بەر تەوژم و تینی زریانەکەوە و هەریەکەی بۆ لایەک ڕاپێچا، کەشتییەکەش کەوتە بەر زەبروزەنگی شەپۆلە شێتەکانەوە، لەگەڵ هەڵکشانی هەر شەپۆلێکدا کە ڕووبەڕووی دەبووەوە، نهێنی ڕەوت و هەنگاوەکانی بە بارێکی تردا دەگۆڕا. هەر بەم ئاوایە لەناو پانتاییەکی فراوانی دەریاوە دەخولایەوە، ببوو بە ئەسپێکی سەرکەش و بە دڕکێب...! لەم کاتە مۆلەکەیەدا، دەنگێکی ترسناک لەناو کەشتییەکەوە بیسترا: «پێشەنگی کەشتییەکەمان داپلۆخاوە، ئەگەر زوو نەگەین بە کەنار، کارەساتێ ڕوو دەدا... هەست دەکەم پەیتا پەیتا هێز و توانای بەرگریکردنی کەم دەبێتەوە، شەپۆلەکان زۆر بە سەختی بەرینگاری دەبنەوە، بە ئاسانی ناتوانێ ڕێگای خۆی بکاتەوە..» دوای ئەم ئاگاداریییە، کەشتیوان و یارمەتیدەرانی، چەند کاروکاردانەوەیەکی ئەکرۆباتیکییان(**) کرد،... گەرەکیان بوو بە خۆ دەرخستن و کرداری پاڵەوانبازییەوە چەند هەڵوێستێ تۆمار بکەن... بەڵام لە ئاکامدا تەوژم و تاوی زریان و شەپۆلە هاروهاجەکان بۆ دوورگەکەی بەرانبەریان هەڵیانفڕاندن، بە حاڵە حاڵ لەوێ خۆیان پێ گیرایەوە. کەشتیوان بە دەنگێکی بەرز... بەڵام بە دەنگێکی پڕ لە خۆبایی بوونەوە، کەوتە ئاخاوتن: «شەپۆلەکان گەلێ بەهێزن، ناتوانین بگەڕێینەوە لای کەنارەکەی خۆمان»... دوای هەڵوەستەیەک گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: «گرنگ ئەوەیە گەیشتین بە وشکایی.. جا لە هەر کوێیەک بێ...! ئێستاش هەرچی زووە دەبێ کەشتییەکە خاڵی بکەین و هەموو کەلوپەلەکانی لێ دابەزێنین...!

پێشبینی ئەوە دەکەم کە دەریا وەک دێوی سێ سەر فێ بگرێ و لێمان هەڵگەڕێتەوە، نەتوانین چیتر بەرینگاری لێ بکەین!»... ئیتر هەموو بە پەلە کەلوپەل و باروبنەیان لێ داگرت، تەنانەت کانتین و حەوزە ماسییەکانیش...! بەم بڕیارەوە کەشتیوان زامو سوێی گەشتە سەختەکەی خستە دواوە و بەهۆی شەپۆلە شێتەکانەوە هەموو ئۆباڵی گەشتەکەی لە ئەستۆی خۆی و هاوڕێکانی بەلاوە نا...! هەموو بەیەکەوە، تەباو تفاق... کەوتنە سەروکاری تاوتووکردنی باروبنە و دەستکوژەکانیان. زۆر دڵخۆش بوون بەوەی کە توانییان گیانی خۆیان و کەلوپەلەکانیان لە هەرەسی دەریا ڕزگار بکەن.. بۆ ماوەیەکی کورتیش لەنگەر بە کەشتییەکەیانەوە بگرن و لە دەراوێکدا کەنارگیری بکەن..! بەڵام دوای چەند خولەکێک، تین و تەوژمی گەرداوێکی بەهێز کەشتییەکەی ڕاپێچایەوە ناو شەپۆلە هارەکانەوە، وەک کارتۆنی سەر ئاو بەم لاو بەولایاندا دەدا... لە کەنارەکەی ئەم بەرەوە، خەڵکە پێشوازیکەرەکە بەم دیمەنە جەرگبڕەوە، هەموو نیگەران و شڵەژاو ببوون، وەک پەرژینێکی لە ڕق و تووڕەیی هەڵچنراو، لەسەر کەنارە شێدارەکاندا وەستا بوون و سەیری کارەساتەکانیان دەکرد.. ئەوان ئاگاداری ڕووداو و ئاستەنگەکان نەبوون، بە شێوەیەکی تر بیریان دەکردەوە... هەروایان دەزانی کەشتییەکە بەخۆی و بە هەموو تیپ و گرووپەکەیەوە کەوتۆتە بەر زەبری شەپۆلەکان... کە دیتیان کۆنترۆڵی خۆی تەواو لە دەست داوە، وەک بابردەڵەیەکی پەتیارە، شەپۆلەکان ئەم سەروئەوسەری پێ دەکەن... هەموو بە پەلە و بێ خۆ گیرکردن، هەرچی قایەق و بەلەمێ لە لێوار دەریاکەوە هەبوو، هێنایان و بەسەوڵ لێدان بەرەو ڕووی شەپۆلە هارەکان بوونەوە، تەنانەت چەندانی تر بە باسکە مەلە بەرەو کەشتییەکە دەڕۆیشتن، دەیانویست هەتا دوور نەکەوتۆتەوە، زوو فریای کەون..! پێشوازیکەران هەموو بە تێکڕایی ئامادەبوون ئەرکی سەرشانیان جێبەجێ بکەن. ئەگەر یەکێکیان پەکی بکەوتایە دەی تر خۆیان دەخستە ناو ئاوەکەوە، دە کەسیان لێ بخنکابایە، دەیانی تر دوای ئەوانەوە خۆیان دەخستە ناو دەریاکەوە، گەرەکیان بوو جەستەی یەکتر بکەن بە پرد تا دەیگەنێ... لەم لاوەش سەدانی تر بە درێژایی کەناری دەریا، هەموو بەیەک گیانی بەرخۆدانەوە ڕیزیان بەستبوو، تا بێن بە فریادڕەسی کەشتییە هەتیوەکەیان.. هەموو بەدەنگی بەرز هاواریان دەکرد و دەیانڕکاند: «هیچ بەستەڵەک و شەپۆلێک خوێنی گەرمی ئێمە سارد ناکاتەوە.. ئەو دەریایەی کەشتییەکەی ئێمە نقوم دەکا، هێشتان لە دایک نەبووە!».

*** هەمایۆن: پیرۆز. نازناوی میر و پاشاکانیشە.**

**** ئەکرۆباتیک Akrobatik: جموجۆڵ و هەڵسوکەوتی پاڵەوانانە.**



# تابلۆیەکی زیندوو

**محەمەد ڕەشید فەتاح**
**(سلێمانی)**

که کارگوزاری قوتابخانەکە لەبەر دەرگەکە ئێمەی بینی، بە دووچاوی ئەبلەقەوە بڕێک لێمان وردبووەوە. بەوەی باشبوو پەلم هەر بەدەستی دایکمەوە بوو، دەنا زەندەقم لێی دەچوو. ئەو دەستپێشخەری کرد و ڕووی لە دایکم نا.

– ئەرێ خوشکی برای ناشێ ئەم چلمنەی سەرکەچەڵە داخڵی مەکتەب بکەیت؟!

من لە بری دایکم بە وەرام هاتم.

– بەوە نییە سمێڵم بۆر کردووە، من هێشتا منداڵم، لەوە زێتر قسە بکەیت لایەکی سەرە ڕووتاوەکەت دێنمە خوارەوە.

لەوەتەی فامم کردبووەوە، ئەوە سەری هەزار جارە بوو سەرم لە ئاستی چەپۆکەکانی دایکدا نەوی بکەم، خۆ گەر ئەو چەپۆکانەی ئەو سۆزی دایکایەتی لێ نەتکایە، ئەوە دەمێک بوو بەناخی زەویدا چووبوومە خوارەوە. دایکم بەشەرمەوە ڕووی لەو ناو بە زمانێکیشەوە کە بەردی دەکرد بە ئاو پێی گوت: خاڵە لێی مەگرە، بەوە نییە لەسەر لۆقە و زمان درێژە، بەخێری ئیمساڵ تازە پێی ناوەتە هەشت ساڵییەوە.

کابرای تاساو و نیگا تۆقیو، پیشی دەخواردەوە، جاروباریش باڵەکانی وێک دەهێنایەوە، وەک بیانکاتە قەڵغان و بۆ هێرشێکی چاوەڕواننەکراوی من خۆی ئامادە بکات، کەچی لە پڕ بەڕووی دایکمدا تەقییەوە.

– ئەی بە ناخێری گیانت، ساڵی پار بۆ داخڵت نەکرد، خۆ ساڵێکی خوێندنی فەوتاوە.

– بە شاهی نەقشبەند، بەو کاک ئەحمەدی شێخە، ئەم تولڤە دەم هەراشەم لە چوار ساڵییەوە ناساغە، شەخس و مشایخ نەما نەیگێڕم، دختۆر و حەکیم لە شاردا نەما نەیبەمە لایان، ئێستە و ئەوسا چارەیەکیان بۆ نەدۆزیوەتەوە.

– دەردەکەی چییە؟.. خۆ لاڕەشە و وەناقی نییە، سێ بەڕۆ و دەردە کۆپانی نییە، ئەوەتا دەڵێی پەڵخە گامێشە، سەرو سەکوتی لە گورگە بۆر دەچێت، چاوەکانی دەڵێی چاوی مارە، کەللەی لە کەللەی بەراز دەکات. هەمدیس لەبری دایکم بەجواب هاتم.

– فلّقە کۆن تۆ سەیری ئاوێنەت کردووە، توخوا هەر لە پیرە مەیموون ناچیت.

دایکم زێتر تەنگەتاو بوو، ئەم جارەیان لە بری چەپۆکێک گوڕی بەستەوە و دوو چەپۆکی مزری تێ سرەواندم. بەوەی باشبوو سەرم نەکەوتە خوارەوە. ئەو لە ڕووی کابرادا خەریکبوو دەبوو بە قەترەیەک ئاو، ئەویش بستێک دەمی کردبووەوە،

هەر ئەوە نەبوو قووتم بدات.

- خاڵە گیان، لە دەوری سەرت گەڕێم، لێی مەگرە، منداڵە و عەقڵی بەدنیا ناشکێت، دەردەکەی ئەوانە نییە کە تۆ باسیان دەکەیت، ئا دەردی گرانی نییە، تەنیا و تەنیا ئەوەیە کە زمان درێژە، قسە لە باوکی ناخواتەوە، هەر بەهۆی ئەوەشەوە خەریکە سەری تایەفەیەک قڵپ دەکاتەوە، تا ئیمڕۆ لەنێو گەڕەکدا دەیان شەڕوشۆڕ و بەزموڕەزمی بۆ ناوینەتەوە، دەمی ناوەستێ بە قوڕیش سواغی دەی، هەروەک خەنجەری دەبان لەسەر پێیە و خۆی لە کێلاندا ناگرێت، ئەوە چەند ساڵێکە ئەم لاولای پێ دەکەم، هیچ سوودی نییە، ساڵی پار بردمە لای (مەلا خرە) ئەو زاتە موبارەکە نێو دەمی ئەم چڵمنە سەرە خۆرەیەی پڕ کرد لە ترشی و خوێ و ئەم جا بە بنی تاکی پێڵاوەکانی سەعاتێک زێتر دەمولەوسی ئەم زەردە زیرەیەی کوتاوە، کەچی هەر بێ چارە بوو. لەم بەینەدا بردمە لای (خافاتم) خوا هەڵناگرێ ئەویش جگە لە دوعای دەم بەست، نێودەمی ئەم ناجسنەی پڕ کرد لە خۆڵەمێش و بەتاکی پانی بەرزەکەی قەدەرێکی باش وەک سەربان بکوتێتەوە، دەمو لەوسی کوتایەوە، کەچی سەرەنجام لە جاران زێتر زمانی درێژتر بوو.

دختۆری مەعاریف تەواو لەشولار و ناوچاو و نێودەمی فەحس کرد، برێ شرووب و داوودەرمانی بۆ نووسی، کەچی هەر چارەی نەبوو، نازانم ئەم ئاگری قورەتە لەکێ دەچێت؟. وەک دختۆر دەڵێت: ئاخر و عاقیبەتی ناچار دەبین بە مقەستێکی تیژ زمانی لە بنا ببڕینەوە، چش بالاڵە پەتە دەرچێت، ئەم ئاگری قورەتە دەموزمانی بۆ چییە؟... خۆ ناتەوێ دوارۆژ ببێتە پاشا و حوکمی مەملەکەتێک بکات، با ئەمیش چەشنی ئەو هەزارەها کەڕولاڵەی ئەم مەملەکەتە لە ئاستی هەموو تووڕە بوون و ئەرک و فرمانێکی سەخت و گراندا هەر سەری بلەقێنێت.

کە دختۆر نێوی مقەستی هێنا، ئەم هەتیوە بەجۆرێک دەمی بەربوو، لە تاوا هەر ئەوە نەبوو لە هۆش خۆم نەچم، تۆ بزانە چی بەو داماوە کرد؟ هەر ئەوە نەبوو لە تاوا لە تاکی پەنجەرەی ژوورەکەیەوە باڵ نەگرێتەوە و خۆی دەرباز نەکات.

کابرای کارگوزار بەجۆرێک ئەبلەق بوو بوو، هەروا پێ دەچوو لە شوێنی خۆی بووبێتە پەیکەرێکی بەردین. بەڕاستی منیش لێی دەترسام، کە دایکم بێ دەنگ بوو، ئەو وەک تەواو قورمیشی بکەیت، لە پڕدا جوولەی پێکەوت.

- جا گەر حاڵی وایە مەیبەرە ژووری جەنابی مودیربەگ، سا بەو خوایە ئەمە ڕەفتاری ئەم سەلکە بزنە بێت، ئەوە مودیربەگ بە گۆچانە ڕەشەکەی، بە بەرچاوی خۆتەوە پشتی دەکات بە هەزار پارچەوە، ژوورەکەی مودیربەگ وا پۆشتە و پەرداخ و ڕازاوەیە، هەر دەڵێی دیوانی مەلیکی ڕۆمە، قەسەم بەخوا چڵمنێکی سەر کەچەڵی وا، پێی بنێتە نێوی، ئەوە ئەو لە تاوا خۆی دەخاتە ژێر مێزەکەیەوە، تا زووە بە گوێی من بکە، پەلی ئەم دەعبایەی کوڕت بگرە، ببیەرە لای شێخ مەولانا، گەر ئەو چاکی نەکات، ئەوە پاکی دەکات، من پێت دەڵێم جنۆکە دەستی لێ وەشاندووە، تۆ هەر بڵێ وانییە! ناچار دایکم پەلکێشی کردم، لە بری ئەوەی لەوێ دوورم خاتەوە، بەرەو ژوورەکەی مودیربەگی کردمەوە، خوا بەوە ڕەحمی کرد، ئەو جەنابە موبارەکە لەوێ نەبوو، بۆیە خێرا دەستی دایکم بەرداو، خۆم گەیاندە سەر کورسییەکەی مودیربەگ، لەسەر مێزە شووشە بەندەکەشی چاویلکە زەرەبینییەکەیم دەست دایە و کردمە چاوم، دایکم بە دیارمەوە بێ هەست و خوست ڕەق بوو بوو، لەوە دەچوو دەمی گۆ نەکات و چوار پەلیشی شکا بێت. گەر وانەبوایە ئەوە دڵنیا بووم لەوەی بەسەرما دەینەڕاند و هاواری دەکرد:

- هەتیوە سەرە خۆرەیە وەرە با خێرا بڕۆین، مودیربەگ بێتەوە پشتی منیش دەشکێنێ چ جای تۆ، من زمانم چووبووە کلیلە، ژوورێکی وا دڵڕفێن، مێز و کورسییەکی وا تەلیسماوی بەرەو دنیایەکی وایان هەڵفڕاندبووم، نە بەچاوانم دیتبووم، نە بە خەیاڵیش بیرم لێ کردبووەوە، دایکی چی و کارگوزاری چی، منداڵێکی لاسار و جەربەزە و زمان هەراشی چی؟! تاوێک کەوتمە هەڵدانەوەی فایلەکانی سەرمێزەکە، تاوێکی دیش خۆم بەگۆچانەکانی مودیر بەگەوە خەریک کرد، دەمێک بەزمانێکی شیرینەوە، لە تەک کەسانی نێو دۆسیەکاندا دەئاخاوتم، حساب و کیتابی پارە و پوول و مووچە و سەرمووچەی کارمەندانم دەکرد، پرۆژەم دادەنا بۆ گیرفان پڕ کردن، گیرفان پڕ کردنی خۆم، ئای چەند خۆشە لە پڕدا چەشنی کوڕە کەچەڵەی نێو حیکایەتەکانی دایکم، ببمە پادشا و گازەرای پشتی دەیانی وەک مودیربەگیش بەیەکێک لەم گۆچانانە بشکێنم، گەر دایکم ڕۆژێک زووتر بەوەی بزانیبایە، سەر و خواری شاری پێ نەدەکردم، نە دەیبردمە لای شەخسە پەڕۆ، نە لەبەر دختۆری مەعاریف دەپاڕایەوە، تا چارەیەکم بۆ بدۆزێتەوە، دایە دە هەر بە ڕەنگ و ڕووە تاساوەکەتەوە لێم ورد بەرەوە، خۆم چارەی خۆمم دیتەوە، کەچەڵ چارەسەری خۆی نەکات، کەسی دی چارەی ناکات.

کابرای کارگوزار بەشڵەژاوییەوە خۆی بەژووردا کرد، بەڕێتمی دەنگێکەوە کە دڵسۆزی لێ دەتکا رووی لێ نام.

- قوربان.. جەنابی مودیربەگ چ ئەمرێکت هەیە..؟

منیش بە زمانێکی نەرمەوە پێم گوت: دایکم بگەیەنە دەرەوە، با لەوە زێتر بەدیارمەوە ڕەق نەبێت. ئەم جا جلەکانت داکەنە، با بە یەکێک لەم گۆچانانە حەسیر مەیانی ئەم نێوەت پێ بکەم.



# تای غوربەت

**بەکر حەسەن**
**(سلێمانی)**

دوو هەفتەیە دەتەوێ نامەیەک بۆ دایکت بنووسی.. ئەوە هاوڕێکەت سبەینێ بەیانی سەفەر دەکات، کەچی تۆ تا ئێستا نەتتوانی نامەکە بنووسی.. لەوەتەی دایکت وێنەی گۆڕەکەی باوکتی بۆ ناردووی هەناسەت لێبڕاوە و لەبیرکردنەوەش کەوتووی.. دەستت کردبوو بە نووسینی نامەکە، بەڵام پێنووسەکەت و سەر و چاوت نەیاندەتوانی پێکەوە کاربکەن، وەک ئەوەی هەر یەکەیان هی کەسێکیتر بن!! بۆیە نزیکەی کاتژمێرێک خەریک بوویت کەچی هەر نووسیبووت (دایکە غەمت نەبێ، من هەر دێمەوە بۆ لات و ئەوکاتە باسی ژن هێنانەکەش دەکەین) هەر ئەوەندە و ئیتر ماوەیەکی تر وەستایت و.. تەماشایەکی وێنەی گۆڕەکەی باوکت کرد و نووسیت (زۆر سوپاس بۆ وێنەی گۆڕەکەی باوکم).. وردە وردە.. چاوەکانت لەسەر نامەکە هەڵبڕییەوە و پاڵت دایەوە و وردتر کەوتیتەوە تەماشای وێنەی گۆڕەکەی باوکت کە بەدیواری ئەوبەری ژووری دانیشتنەکەتەوە هەڵواسرابوو ئاوا و زۆر بە خێرایی بێ ئەوەی بەخۆت بزانی نیگاکانت بوون بە تیشک و گڵی سەر گۆڕە هەڵبەستراوەکەی باوکتیان بڕی و زۆر بەخێرایی لە تیشکیش خێراتر و تیژتر چوونە ناوەوە.. ناو گۆڕەکەوە.. باوکتت لەناو کفنە سپییەکەیدا بینی.. هەروەک ئەوەی ئێستا نێژرابێت.. زۆر بە پاکی، زۆر بە جوانی، هەروەک ئەوەی ئێستا مردبێ... هەر وەک ئەوەی کفنێکی سپی لەخۆی پێچابێ و نووستبێ.. نیگاکانت وردە وردە ناو کفنەکەیان بڕی و چوونە سەر گۆشت و ئێسقان و بینیت چۆن کفنەکە و گۆشتەکەی باوکت تێکەڵ دەبن و ئاوێتەی یەکدی دەبن و ڕەنگ و پێکهاتەکانی یەکتری دەخۆنەوە... دەمێک گۆشت بەسەر کفندا دەکەوێ و دەمێکی تر گۆشت کفن لوول دەدات.. ئاوا یەکتری دەخۆنەوە و وردە وردە لە ناو یەکدا و لە ئامێزی یەکدا وشک دەبنەوە.. هێدی هێدیش تووکی سەر و سمێڵی باوکت لەسەر ئاوازێکی زۆر هێمن دەکەونە خوارەوە و.. لەسەر یەک کەڵەکە دەبن.. و پاشانیش دەمودانە بێ کەڵکەکەی باوکت دەردەکەوێ.. کە بریتین لە چەند دانێکی ژیانی ٦٩ساڵەی بێ خزمەت.. هەر ئاوا و زۆر هێمنانە نیگاکانت بەرەو ئێسقانە ڕووتەکەی

باڵی ڕاستی بەرێ کەوت کە کاتی خۆی لە شەڕێکی بەرگری و ڕزگاریی کوردستاندا بە فیشەکێک کون بووبوو.. لەوێدا لەو کونە تاریکە ڕەشبووەدا نیگاکانت دەکوژێنەوە!!

ئیتر دیسان پلەی گەرمای دەروونت بۆ جارێکی تر بەرز دەبێتەوە.. تای غوربەت زۆرت بۆ دەهێنێ، سەرت قورس دەبێ، چاوەکانت دەسووتێنەوە وەک ئەوەی لە بەردەم ئاگرێکی دووکەڵاویدا دانیشتبی، چاوەکانت قورس دەبن، لێدانی دڵت لە سیستمی خۆی دەردەچێت، هەندێ جار زیاد، هەندێ جار کەم لێدەدات، وا هەست دەکەی لەناوەوە ساردیت، بەڵام لە دەرەوە گەرم، وەک ئەوەی ناوەوەت ئاگر بێت و دەرەوەت سەهۆڵ.. پشت ملت ئازارێکی سەیری وای تێدەچێت، وەک ئەوەی بەکوتەک دارکاری کرابێت.. هەر جارە و چەند شتێکی تری نوێت تێدا ڕوو دەدات، ئەم تایە زۆر سەیرە، لەوە دەچێت زانست نەیتوانیبێ تا ئێستا دەرمانێکی بۆ بدۆزێتەوە، تۆ خۆت ناوت لێناوە تای غوربەت، کە بە دکتۆرەکان دەڵێیت هەر جارە و بە جۆرێک تووش دەبم.. گاڵتەت پێ دەکەن.. هەرکە تووشت دەبێتەوە بە زۆر قاچەکانت بەدوای خۆتا بۆ سەر پێخەفە چڵکنەکەت، کە ئارەقی تای غوربەت دایڕزاندووە، کێش دەکەیت... جاران پێش ئەوەی وێنەی گۆڕەکەی باوکت بەدەست بگات زۆر باشتر بوویت!! ئەو جامانەیەی کە بە یادگاری لە (سلێمانی)یەوە وەک یادگاری باوکت لەگەڵ خۆت هێنابووت دەرمانت بوو.. کە لە سەرت دەبەست هێمن دەبوویتەوە، کە گەرووشت دەنووسا، هەر بۆ ماوەی ڕۆژێک دەتکردە ملت چاک دەبوویتەوە.. بەڵام ئەم تای غوربەتە ڤایرۆسێکە دەچێتە ڕوحەوە.. هەر جارە و بەجۆرێک، هەموو جارێک کە بۆت دێتەوە بە ڕەنگێکی تر و بە هەندێ ئازاری ترەوە دێتەوە و هەر جارە و پەلاماری ئەندامێکی نوێی لەشت و سووچێکی ڕوحت دەدات.. شوێنێک لە لەشت و شوێنێک لە ڕوحتا نەماوە ڤایرۆسی تای غوربەت پەلاماری نەدابێ و گازی ژەهراوی لێ نەگرتبێت و ئەشکەنجەی نەدابێ.. بۆت دەرکەوت کە تای غوربەت ڤایرۆسێکی دڕندەیە، گشت پێوەندییە فیزیاییەکان و کیمیاییەکانی لەش و سەر و دەوروبەر تێک دەدا و تەنانەت خۆشەویستی تێک دەدا و پێوەندییەکان دەڕووخێنێ.. تەنانەت ڕەنگەکانی سروشت لەبەر چاوتدا جێگۆڕکێ پێدەکات.. ئاسمان ڕەش و ئەستێرەکان سوور دەبن.. خاک سوور و درەختەکان ڕەش دەبن.. ئەو تای غوربەتە وا لە چاوەکانت دەکات کە ڕەنگەکان بە پێچەوانەوە دەبینی.. تەنانەت وشە جوانەکان بە پێچەوانەی خۆیانەوە دەخوێنیتەوە.. خۆشەویستی دەبێ بە قین، مانای ئاشتی دەبێ بە شەڕ، ئاواز و گۆرانییەکانیش لە گوێتدا بە جۆرێک تێکەڵوپێکەڵ دەکات کە هەرچی ئاواز هەیە لە جیهاندا بە نەفرەتی بکەیت، هەموو زانستی جیهان بەم تای غوربەتەی کە دەروونی تۆی خواردووە (ئەم تایە.. تا نییە، بەڵای سەدەی دوو هەزارە، کوشندەیە، هەموو مرۆڤایەتی..).

جاری پێشوو دوای دوو ڕۆژ سەر لە ئێوارە بوو کە بەهۆش خۆت هاتیتەوە، هەستت بە برسییەتی کرد، برسییەتییەکی سەخت، تەماشای کاتت کرد، کاتژمێر هەشت بوو، وات زانی بەرەبەیانە، کەچی هەتا هەندێک خۆتت شت، تا لەشت لە پاشماوەی ئارەقەی تای غوربەت پاک بکەیتەوە ئینجا بچیت بۆ بازاڕ شتێک بۆ خواردن بکڕیت، دنیا تاریکتر بوو بوو!! بۆت دەرکەوت کە شەوە نەک ڕۆژ و لە ئەڵەمانیاش بازاڕەکان کاتژمێر هەشتی ئێوارە دادەخرێن بۆیە لە دڵی خۆتدا وتت (وڵاتێکی سەیر و سیستمێکی سەیرە!). ئەم تایە چاک پێت فێر بووە لە گەیشتنی وێنەکەی باوکتەوە مانگی سێ چوار جار تەختت دەکات.. ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت، وەک پیرەمێردێکی لە دەستوقاچ کەوتوو ڕۆژێک لە جێگاکەتدا دەمریت و دوای مانگێک ئەڵمانەکان لاشەکەت دەدۆزنەوە و ڕۆژنامەکانیش هەواڵی مردنی لاوێکی بیست و چوار ساڵە لە ماڵەکەی خۆیدا بڵاودەکەنەوە.. ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا ئەوەندە بێ بارن لەوانەیە بنووسن (پۆلیس لاشەی ڕزیوی لاوێکی بیست و چوار ساڵە لە خانووەکەی خۆیدا دەدۆزێتەوە!!) لەوانەیە کێشەکەش ئەوەندە گەورە بکەن.. تێکەڵاوی دەیان کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیانی بکەن.. و لە هەمان کاتدا تێکەڵاوی دەیان کێشەی سیاسیی کوردستانی دەکەن!! بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکی ڕابکێشن و تا ڕۆژنامەکانیان زیاتر بفرۆشن!! لە ئەورووپا خۆشەویستیش وەک هەموو کەلوپەلێکی تر دەفرۆشرێ و دەکڕدرێ.

ئەوە بوو.. هەناسەیەکت هەڵکێشا و چوویتە ناو بەلەکۆنەکە. کاتی خۆی کە هاتیتە ئەم خانووەوە.. زۆرت پێ خۆش بوو، شەقامی (کارل مارکس) کە تا ئێستا یەکێکە لە شەقامە بەناوبانگەکانی بەرلین لەگەڵ ئەوەشدا کە بیروباوەڕەکەی مارکسی مەزن لەناو شەڕی ساردا تەزی!!! بەتایبەتی ئەو باخچەیەی بەردەم بەلەکۆنەکەت کە پڕبوو لە درەختی جوان و گوڵی ڕەنگاوڕەنگ.. ئەوکاتە زۆر ئاوازی خۆشیان بە گوێتدا دا. تابلۆی زۆر

جوانیان لە خەیاڵتا دەخشاند.. کەچی ئەو شەوە.. تیشکی گڵۆپە ڕەنگاوڕەنگەکانی ماڵان کە بۆ جەژنی (ڤایناختن) پەنجەرەکانیان پێ ڕازاندبووەوە.. وەک درک چوون بەناو چاوەکانتا بە پەلە ڕاتکردە ژوورەوە.. دەرگای سەر بەلەکۆنەکەشت داخست و پەردەکانیشت دادایەوە. ئەو شەوە هەستت کرد.. کە وردە.. وردە.. هەستە جوانەکانی ناوەوەت خەریکە دەست دەدەن.. خەریکە گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی ڕوحت ڕەش دەبنەوە، دەبن بەشەو.. ئەو شەوە.. زۆر هەستت بە ترسناکی نەخۆشییەکەت کرد.. ئەو خانووەی یەکەم جار هاتیتە ناوی وات هەست دەکرد بە هەشتە، ئەمڕۆ بووە بە دۆزەخ و هەموو ئاگرەکەشی لەناو جەستەی تۆدا کردۆتەوە، هەر لە جەستەی تۆشدا هێور دەبێتەوە و هەر ماوە ناماوەیەک خامۆش دەبێتەوە، کەچی دوایی بەجۆرێک کڵپە دەستێنێ.. کە هەرچی هەستە لەناو ڕوحتدا هەموویان شەهید دەکات!!... پاشان بەرەو چێشتخانەکە کەوتیتە ڕێ، برسیت بوو.. بەڵام هیچی وات نەبوو بیخۆیت بەدوای پاکەتەکەدا گەڕای.. ویستت جگەرەیەک بکێشیت، چێشتخانەکە زۆر گەڕای پاکەتەکەت نەدۆزییەوە، لە پڕێکدا چاوت کەوتە سەر قەفەسەکە. ئەو قەفەسەی کە دوو کەنارییە خۆشەویستە ڕەنگاوڕەنگەکەی خۆتی تیابوو.. نزیک تر بوویتەوە.. چاوت بە دوو مەرگ کەوت.. بەڵام دوو مەرگی ڕەنگاوڕەنگ.. دوو مەرگی ڕەنگاوڕەنگ.. دوو مەرگی زۆر پاک لە مردنی دوو منداڵی شیرەخۆرە دەچوون کە لە برسا مردبێتن.. دوو مەرگ.. بەڵام دوو مەرگی کتوپڕ کە ئەبەد بیرت لێ نەکردۆتەوە.. چونکە لەم وڵاتەدا.. هیچ خۆشەویستییەک نەبووە.. ئیتر چۆن مەرگی خۆشەویستییان دەبینی.. ئەو دوو کەنارییەی.. کە هەموو جار ئاوازیان دەخستە ماڵەکەوە.. ئاوازیان دەخستە ناو دڵتەوە.. کەچی ئێستا لە برسا مردوون.. ئەو تای غوربەتە نەفرەتییە بوو بەهۆی مەرگی ئەوانیش.. ئاخر ئەو دوو فریشتە... چۆن بەرگەی سێ ڕۆژی بێ دانی و بێ ئاوی دەگرن.. زۆر بە دیاریانەوە دانیشتی.. تەماشای ملە لارەوە بووەوەکانیانت کرد.. چاوەکانت پڕ بوونەوە لە فرمێسک.. وەک تاوانبارێک دەگریایت.. کە دوو فریشتەی کوشتبێ.. کە لە هەمان کاتدا بۆ خۆت دەگریای.. بێ ئەوەی بەخۆت بزانی.. بەڵێ بۆ خۆت دەگریای کە چۆن ئەم وڵاتە گەورەیەی ئەڵمانیات لێ بووە بە قەفەس.. لەبەر خۆتەوە وتت:

(ئای لەو ڕۆژەی منیش ئاوا ملم لار ئەبێتەوە، باڵەکانم بەشلی لە تەنیشتمەوە دەکەون.) دەڕزێن، بە دیاریانەوە گریای.. زۆر گریای.. هەموو غەمەکان تەنانەت غەمە بەجێماوەکانی کوردستانیش هەر هەموویان جارێکی تر کۆبوونەوە و یەکیان گرتەوە و بوونە تەمێک سەروچاویان داپۆشیت، چاوەکانیشت لەژێر ئەو تەمەدا بە برووسکەی ئازار چەخماغەی دەدا، ئازاری کۆن و نوێ بەریەک دەکەوتن و دەباران.. لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو کە ئەو فرمێسکانە تامی ئەو فرمێسکانەیان دەدا... چەند ساڵێک لەمەوبەر هاوڕێی برا شەهیدەکەت دوای چەند مانگێک بەسەر لە سێدارەدانی براکەتدا.. ئاوێنەیەکی بچکۆلە و بەر گیرفان و مووکێشێکی بۆ هێنایت و وتی.. (ئەمانە هی براکەتە، پێش ئەوەی ببیەن بۆ ژووری ئامادەکردن بۆ لە سێدارەدان، دای بە من و وتی.. ئەگەر بەربوویت بۆم بەرەوە بۆ ماڵەوە)

ئەو ڕۆژەی ئاوێنە و مووکێشی براکەتت وەرگرت.. لە سەرەتاوە زۆر هێمن بووی، زۆر بە هێمنی و تەنانەت بە دڵێکی زۆر خۆشەوە لێت وەرگرت.. کەچی هەر ئەوەندەی هاوڕێی برا شەهیدەکەت ماڵئاوایی لێ کردیت تۆ تەماشای ئاوێنەکەت کرد، لە بری ئەوەی دەموچاوی خۆت ببینی دەموچاوی برا شەهیدەکەتت بینی، ئەو لە ئاوێنەکەدا دەگریا و تۆش دەگریای، زۆر گریای ئەوەندە گریای تا تەواو ماندوو بووی، بەڵام هەر ئاگات لە خۆت بوو.. کاتێک باوکت خۆی کرد بە ژوورەکەدا بینی تۆ دەگریت، ویستی هێز و توانا بخاتەوە بەرت و ورەی خێڵەکیانە لە گیانتا بڕوێنێ، وتی (ڕۆڵە پیاوبە، پیاو ناگری) پاشان بەو جامەدانییەی کە بە دیواری ژووری دانیشتنەکەتەوەیە فرمێسکەکانی سڕیت، بەڵام کاتێک کە خۆی تەماشای ئاوێنەکەی کرد، ئەو لە تۆ بە کوڵتر گریا، ئەویش هەر دەموچاوی برا شەهیدەکەتی بینی، ئینجا تۆ بە جامەدانییەکە فرمێسکەکانی ئەوت سڕی کە لە فرمێسکەکانی تۆ بە کوڵتر بوون.. پاشان دەستتان کردە ملی یەک و بە یەکەوە لەسەر یەک ئاواز گریان بۆ مەرگێکی بێ گۆڕ کە تەنیا لە ئاوێنەدا بینیتان... ئەم گریانەی بەردەم مەرگی دوو کەنارییەکەش هەر هەمان دەنگیان هەیە و هەمان ڕەنگ و بۆ و تامیان هەیە، بۆیە لەناوەوە هەست بە ئارامی دەکەیت، وات لێهات لە دڵی خۆتا وتت (مادەم ئەتوانم بگریم کەواتە هێشتا مرۆڤم) پاش ئەوەی لە گریان تێر بووی، ئینجا بە هێمنی گەڕای پاکەتەکەت دۆزییەوە و جگەرەیەکت داگیرساند و وتت (پێویستە ئەم دوو تەرمە جوانە بە خاک بسپێرم) لەناو ژووری دانیشتنەکەدا ئەم سەر و ئەو سەرت دەکرد کە چۆن ئەم دوو فریشتە جوانە، ئەم دوو تەرمە پاکە کە دوێنێ ئاوازی حەیرانە بەجێماوەکانت بوون و تا دوێنێ ئاواز

بوون غەمەکانی تۆیان دەلاواندەوە، ئاخر چۆن ئێستا بیانخەیتە گۆڕەوە؟ لەمەشدا دیسان پەنجەی تاوانت بۆ خۆت درێژ دەکرد و دەتویست دادگایەک بۆ خۆت دابنێی، یان دادگایەک بۆ تای غوربەت دابنێی کە چۆن بوو بەهۆی شەهید بوونی دوو فریشتە.. ئاخر چۆن ئەو هەموو جوانی و پاکی و ئاوازە گۆڕ بکەی؟ زۆر بیرت لێ کردەوە پاشان بڕیاری ناشتنیانت دا، بەڵام ویستت وەک دوو شەهید بە خاکیان بسپێری.. زۆر بیرت کردەوە، شەهید پێویستە لەناو گوڵدا بنێژرێ، دوو شەهیدی دەم شمشێری تای غوربەت پێویستە بە نەمری بە خاک بسپێردرێن، پێویستە مەراسیمی ناشتنیان لە مردووی تر جیاواز بێت، زۆر بیرت کردەوە، شوێنی شیاوت بۆ دۆزینەوە، بڕیارت دا لە ناو گەورەترین گوڵدانیماڵەکەتدا و لەناو ڕەنگاوڕەنگترین گوڵدا لە ژووری دانیشتەکەی خۆت بیاننێژی.. بەم شێوەیە وەک گۆڕهەڵکەنێکی بەهەشتیی زۆر جوان کارەکەت بە جێ گەیاند... زۆر بە شارەزایی گوڵەکانت لێ دەرهێنا، گۆڕێک بۆ دوو تەرم بە یەکەوە تیایدا هەڵت کەندو هەردووکیانت تێخست و باڵی هەردووکیانت دایەوە بەسەریەکدا، بەجۆرێک کە باوەشیان بەیەکدا کردبێ، هەروەک ئەوەی بە ڕۆژێک هاتبنە دنیاوە. پاشان لە هەموو گوڵدانێکی ماڵەکەت پەڕەگوڵێکت لێ کردەوەوە تەرمەکانیانت پێ گوڵباران و ڕەنگ باران کرد! تا دوایی گڵەکەت بە سەریاندا کردەوە و گوڵەکانیشت لەسەر گۆڕەکەی ئەوان لەناو گوڵدانەکەدا ناشتەوە.. ئینجا کاسێتێکی فلوتی کوردیت خستە سەر ڕیکۆردەرەکە و بەو مەراسیمە کۆتاییت بە پرسەکەیان هێنا.. دڵت ئارام بووەوە و بیرت لەوە دەکردەوە کە چ نەخشەیەک بۆ لەناوبردنی ڤایرۆسی تای غوربەتی تیرۆریست دابنێی. لە پڕێکدا بیری قالۆنچەکەت کەوتەوە (تۆ بڵێ ئەویش نەمردبێ) ئەو قالۆنچەیەش لە ژیانی تۆدا.. دیسان بونەوەرێکی خۆشەویستە، کە هاتیتە ئەم خانووەوە زۆر بچکۆلە بوو، بەڵام ئێستا گەورەیە، ئەو پێشوازی لێ کردیت، کەچی تۆ هەوڵت دا بیکوژیت.. بەڵام ئەو خۆی کرد بە ژێر تەختەی پلاستەری ژووری دانیشتنەکەتدا و خۆی لەمەرگ ڕزگار کرد، پاش ماوەیەک جارێکی تر بینیتەوە، بەڵام دیسان پەنای ڕزگاربوونی دۆزییەوە، تا وای لێهات بەیەکەوە ڕاهاتن و ئیتر نە تۆ قێزت لێ دەکردەوە، نە ئەویش لە تۆ دەترسا.. بەڵکو هەندێ جاریش هاوڕێیەتیت دەکرد، تەنانەت هەندێ جاریش لەسەر مێزی نانخواردنەکە دەتبینی و گوێت نەدەدایە.. تا هێدی هێدی بوون بەهاوڕێی یەکتری و تەنانەت هەندێ جاریش لەسەر پێخەفی نووستنەکەت دەتبینی، پێت دەوت (ڕۆژباش ئەی هاوڕێکەم) بەڵام هەندێ جاریش تانووتێکت تێ دەگرت (خۆزگەم بە خۆت تای غوربەت پێت ناوێرێ و نەخۆشیش ناکەوی، دیارە تۆ بە ڕەگەز ئەڵمانی!!) دوای ئەم قسەیەت ماوەیەکی زۆر قاقا پێدەکەنیت، بەڵام ئەم جارە کە هاتیتەوە هۆش خۆت پاش ماوەیەک بیرت کەوتەوە کە پێویست بووە نامەیەک بۆ دایکت بنووسی و دوێنێ دەبوایە بتدایە بە هاوڕێکەت کە سەفەری کوردستانی دەکرد.. بەرەو ژووری دانیشتەکەت کەوتیتە ڕێ.. نامەکەت هەڵگرت و چاوت پێدا خشاند و بێ ئەوەی ئاگات لە خۆت بێ لەسەری نووسیت (دایکە داوای لێبوردن دەکەم وا بزانم جارێکی تر ناتوانم نامەت بۆ بنووسم، چونکە تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بووم کە تای غوربەتە ، لە سەرەتان خراپترە، بڕوا ناکەم جارێکی تر یەکتری ببینینەوە)... نامەکەت هەڵگرت و بە سووچی خوارەوەی وێنەی گۆڕەکەی باوکتدا هەڵتواسی بە جۆرێک کە نەکەوێتە خوارەوە، ئینجا تەلەفیزیۆنەکەت کردەوە بەبێ ئەوەی مەبەستت بێ کەوتە سەر کەناڵێک کە ئاهەنگی خۆشەویستی لاوانی بەرلین و ئەوروپای پیشان دەدا.. کە نزیکەی سێ ملیۆن لاو بەشدارییان کردبوو و لە بەناوبانگترین مەیدانی بەرلین کە (براندین بورگەرتۆر)ە بە درێژایی هەموو شەقامەکانی دەوروبەری ئاهەنگ دەگێڕن.. هەموویان پەیمانیان لەگەڵ خۆشەویستی و ژیاندا تازە دەکردەوە و دەیان جلی ڕەنگاوڕەنگ و سەیریان لەبەردابوو، هەموو بە مەستی گۆرانی دەڵێن و تەنانەت هەندێکیان بە ڕووتی سەما دەکەن.. کەچی ئەم وێنانە هیچ خۆشییەکیان نەخستە دڵتەوە، بۆیە هەستای نامەکەت داگرتەوە و چەند وشەیەکی ترت بۆ دایکت نووسی (دایەگیان دەترسم جارێکی تر یەکتری نەبینینەوە)... دیسانەوە تای غوربەت زۆری بۆ هێنایت و بە برسێتی وردە وردە چاوەکانت گەرم داهاتن و سووتانەوە و سەرت قورس بوو، گەرمایەک لەناو جەستەتدا پەنگی خواردەوە و پشت ملت قورس بوو... لەهۆش خۆت چوویتەوە.. تەنانەت زۆر هەوڵت دا، بەڵام قاچەکانت لێت یاخی بوون، نەیانتوانی بتبەنە سەر پێخەفەکەت.. وردە وردە پێنووسەکەی دەستت کەوتە خوارەوە.

**بەرلین ٢٠٠١**



# کەلەڤاژی

**کامیران حاجۆ**
**(تربەسپی)**

سڕا بایێ سبێ جانێ وی ب هینکایی دپێچا ، ب کێفخوەشی ل سەر کورسیکا روونشتبوو و ل بەر سیا دیوارێ چایخانێ جییەک خوە گرتبوو. لنگێ راستێ کربوو مێڤانێ لنگێ چەپێ و ل سەر هەڤ رە ئانیبوون. پیێ خوەیی راستێ ب خورتی چەپ و راست، خوار و بانی د هەژاند. جغارا وی دناڤ لێڤان دە بوو و ل ڤی ئالی، وی ئالی، ژ خوە رە ل تەڤگەرا ناڤا بازارێ دنهێرت.

زی ی ی.... ی ی ی ق، میکرۆباسا رۆژئاڤا ل بەر کەنارێ رێ راوەستا. یەکۆ یەکۆ سوارێن وێ ژێ پەیا بوون و هاتنەخوار. عەڤدۆ ژی سەرێ خوە نزم کر و هات کو بکەڤە، لێ بەلێ یەکێ نێزیک دەستێ خوە ئاڤێتێ، بەرستکا عەڤدۆ کەتە ناڤ لەپی وی و ژ کەتنەکە بێ گۆمان ئەو رزگار کر. عەڤدۆ راوەستا و خوە ڤەزیلاند. چاکێتێ خوە راست کر، ل ڤی ئالی، وی ئالی مەیزاند، حەسێ ل بەر دیوێر دیت، هەما یەکسەر بەرێ خوە دایێ سلاڤ دا، حەسێ ژ بەر رابوو.

– تو ب خێر هاتی عەڤدۆ...

و دبەر رە کورسیکی خوە خژڤاند، دا کو عەڤدۆ روونە.

– خێرا خوەدێ ل تەبە، رەحمەت ل دێ و باڤێ تە..

عەڤدۆ ب روونشتنا خوە رە بەرسڤ دا.

– ڤێ سبە ولۆ زوو خێرە تو ژ گوند هاتیە.

عەڤدۆ وەکە کو ل هێڤیا ڤێ پرسێ بە...

– ها ها ، رەحمە ل باڤێ تە، کا گوهێ خوە بدە من دا ژ تەرە بێژم... ب زەراڤا رۆژێ رە، ئەز ژ خوە رابووم، ژ ناڤ

نڤينێ دەركەتم، مسينێ خوە داگرت ئاڤ و من دەستلمێژ گرت و جلكا لمێژە راخست، من لمێژا سپێ كر. پاشێ رابووم من كنجێن خوە ل خوە كرن و دەسمالا خوە دا سەرێ خوە و نانەک ب دەستێ خوە گرت و من دا سەر رێ...

– دە جامێر نە گەرەكە كو تو هەر تشتی بێژی...

حەسێ گۆت و پێ رە قۆتیا تووتنێ دا عەڤدۆ، باكرە كوڕكێ شاگرت كو چايێ ژ عەڤدۆ رە بينی..

– دەكا بينا خوە فرەه كە، ئەز ژ تەرە بێژم...

عەڤدۆ گۆت وب دەستێ راستێ قۆتی گرت، ب دەستێ دی دەربەكە هێدی ل تەنشتا قۆتیێ خست، گوهەزتە دەستێ دی و ل ئاليێ دی ژی خست... قۆتی ڤەكر و گۆتنا خوە بەردەوام كر.

– ئەز ب رێ كەتم، رۆهلات و گەرما رۆژێ خوە هێدی هێدی بەردا، سرا سبە هنەكی شكاند، ئەز گهامە وەرزێ خوە، من بەرێ خوە دا ناڤ وەرز و ل ناڤ پنان گەڕيام تا كو من زەبەشەكی ئەمێريكانی ديت..

– چاڤێن، تە گەلەكی درێژكر، بەسە.

حەسێ ڤێ جارێ ب بينتەنگی گۆت... عەڤدۆ ژ دەستپێكريە. جغارا خوە دپێچە، ب لێڤا خوە پەلا جغارێ شلكر و ب تليێن خوە جيێ شلكری ژێ كر و تووتن بەردا ناڤ پەل و ئاخفتنا خوە دۆماند...

من كێرا خوە ژ بەر خوە دەرخست و زەبەشێ خوە كرە قەتيتک، زەبەشەكی سۆر و شێرين و هينک، من ب نانێ خوە خوار، ديسا من دا سەر رێ، دا كو بگهمە سەر ريا قيرێ...

– خوەدێ ژێ رازی، مە گۆت خێرە تو زوو هاتی، مە نەگۆت ل سەر ژيانا خوە بئاخڤە...

– سەبرێ بدە جامێر، تو چقاس بينتەنگی... ئەز گهام نە گهام ميكرۆباس ل بەر من راوەستا، بەردەستيک بەری كو باس راوەستە ب تناسی خوە ژێ ئاڤێت دا كو رێ بدە من ئەز سواربم باس نە گەلەكی تژی بوو، چاڤێن من ل خچيک كەت، وی ژی ب دەنگەكی بلند باكرە من دا كو ل رەخ روونم، سلاڤەک من ل خچيک كر، مە ل رەوش و حالێ هەڤدوو پرسی، تو نابێ رەبەنۆ خواستنە دادگەهێ ژ بەر قاچاخيكە كەڤن...

د وێ ناڤێ دە، جار جاران مز ژ جغارا خوە ددا و فرێن ژ چايێ تانی و دبوو كوختە كوختا وی دا كو كارا ئاخفتنێ بكە، لێ بەلێ حەسێ هن ب هن بينا وی تەنگ دبوو. جێی روونشتنا خوە خوەش دكر، كورسيێ خوە دلڤاند و دەستێن خوە ب توندی ل هەڤ دخستن...

– ئەم ولۆ نە، ژ خوە رە دئاخڤن، مە ديت كو باس ل دەڤەرەكێ تاوەستا و خەليلێ ئەحمەد سواربوو، مە باكريێ، هاتە رەخ مە، مە ل حال و دەمێن هەڤ پرسی... بەرێ وی ژی ل باژێر بوو.. حەسێ ب دەنگەكی بلند و بينەكە تەنگ قيڕيا...

– مالا تە چوو ميراتێ، ما ئەز شاشبووم من پرسەک ژ تەكر، ما چاوا چێبوو.. هەی هاوار؟

عەڤدۆ ب خوينەكە سار لێ ڤەگەڕاند:

– چقاسی بينا تە تەنگە مالخرابۆ، دە خوە بگرە دا ژ تەرە تمام كم... بەرێ خەليلێ ئەحمەد ل باژێرە، هوورە- موور ژ مالێ رە گەرەكن... باسا مە ل گەلەک جيیان راوەستا، هن پەيا بوون، هنەک سوار بوون... ژ نشكا ڤە...

حەسێ نەما خوە گرت:

– هەی خوەدێ رحێ تە بستينە و مالا تە بڤرتينە، مالخرابۆ بەسە، ما ئەز كوفريم كو مە پرسەک ژ تەكر و مە گۆت خێرە تو زوو هاتی... وەی سەد جاری نەخێر بە...

و ب توندی رابوو سەر خوە و ب لەز مەشی... لێ عەڤدۆ ب خوينا خوەيی سار ژ سەر كورسيێ خوە نەڕابوو، حەسێ د خوەست چيرۆكا خوە دەوام بكە.

**ئەڤ كورتە چيرۆكە ژ پەرتووكا (كەلەڤاژی) رووپەلێن ١٣-١٥ هاتيە وەرگرتن، كو يەكەمين چاپا وێ ل سالا (٢٠٠١)ێ ل چاپخانەيا بەردان ماتباجلک- ستەنبۆل هاتيە چاپكرن و ژ وەشانێن وەشانخانەيا ئاڤەستايە. هەژيیە بێتە گۆتن كو چيرۆكنڤيس ل سالا (١٩٥٩) ل ترِبەسپيێ هاتيە دنيايێ. خوەندنا خوەيا ميكانيک ل قامشلۆ تەمام كريە. ل سالا (١٩٨٣)يێ وەرە دەست ب نڤيسينێ كريە و بەرهەمێن وی ل رۆژنامە و كۆڤاران دە بەلاڤبوونە، وەكە: ئارمانج، وەلات، نوودەم، مەتين، ستێر، گەلاڤێژ، پەيمان، دەنگی كورد، هەڤگرتن، پرس...**

**«ڕامان»**

# جەواڵ

**محەممەد ڕەمەزانی**
**لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**



منداڵ بووم. کابرایەک جەواڵێکی گەورەی بەشانی دادابوو و بەکۆڵانەکەماندا دەگەڕا و هەرای دەکرد.
– دەیفرۆشم. هەرزانە وەرە بەرەوە، دەیفرۆشم، وەرای...
هەڵاتم بۆ لای و لە بەردەمی ڕاوەستام.
– چی دەفرۆشی؟
کابرا زارکی جەواڵەکەی کردەوە و سەروبنی کرد و هەزاران هەزار وشەی لەسەر عەرزەکە هەڵڕشت.
– هەر کامێکیانت بوێ پێت دەفرۆشم. هەمووشیانت بوێ هەر پێت دەفرۆشم.
دانەوییبۆوە و وشەکانی هەڵدەشێواند.
– ئەوانە بەکاری چی دێن.
کابرا دانیشتبوو وشەکانی لە پاڵ یەکدا ڕیز دەکرد.
– دەتوانی جادوویان پێ بکەی.
چاوم لە چاوی بڕیوە.
– چۆن؟
کابرا وشەکانی هەڵشێواندبوو و ڕیزی کردبوونەوە.
– هەتا دنیا بە دنیایە لە پاڵ یەکدا ڕیزیان کە هەر تەواو نابن. ئەگەر تێکیان هەڵشێوێنی و دیسان لە پاڵ یەکدا ڕیزیان کەیەوە، دیسان دەبنە شتێکی تر.
هەرچەند جار تێکیان وەردەی و لە پاڵ یەکدا بیانچنیتەوە شتێکی تازەیان لێ دەردێ.
وشەکانم تێک وەردا و بەشێوەیەکی دیکە لە پاڵ یەکدا ڕیزم کردبوون. پاشان سەرم هەڵبڕی و چاوم لە چاوی

کابرا...
- ئەو کابرایە بۆ کوێ چوو؟ جەواڵەکەی بۆ کوێ برد؟
ئێستا ئەم هەموو وشەیە بکەمە نێو چییەوە، لە کوێ بیانچنم؟
دەوراندەورم پڕ ببوو لەوشە. هەتا چاو هەتەری دەکرد هەر وشە بوو. هەستابووم و هەڵاتبووم، بەڵام کەڵکی نەبوو. هەرچەندی هەڵدەهاتم وشە کۆتایی نەدەهات. وشە وڵاتی داگرتبوو. وشە، وشە، وشە، تەنیا وشە. هەڵاتبووم. هەڵاتبووم و هەرچۆنێک بوو درِم بەوشەکان دابوو، کەلێنێکم بۆ دەربازبوون دۆزیبوەوە، کەچی لەنێو کەلێنەکەدا کابرایەک ڕاکشابوو. چوومە پێشێ و خەبەرم کردەوە.
- بۆ خەبەرت کردمەوە؟
- بۆ چی بووە؟
- خەریک بووم خەونم دەدی.
پێکەنیبووم.
- حەتمەن خەونێکی خۆش بووە، نا؟
- نا، خۆش نەبوو.
- ناخۆش بوو؟
- نا.
- کەوایە چی بوو؟
کابرا باوێشکێکی دابوو.
- نازانم.
- بۆ؟
- ئاخەر، کۆتاییەکەیم نەدی.
- بۆ؟
- ئاخەر تۆ خەبەرت کردمەوە.
لە پەنایدا دانیشتبووم.
- پێم بڵێ بزانم لە خەونتدا چیت دی؟
کابرا دەستی کردبوو بەقسەکردن.
- سەرنووسەری گۆڤارێک بووم...
لە پشت مێزەکەم دانیشتبووم و خەریکی نووسین بووم. کاتێک کابرا هاتەژوورێ، قاقەزەکانم وەلانا و چاوم لە چاوی بری. پاکەتێکی لەسەر مێزەکە دانا.
- ئەوە چییە؟
پاکەتەکەی هەڵپچڕی و قاقەزەکانی دەرهێنا.
- چیرۆکێکم هێناوە بۆ چاپ.
قاقەزەکانم خستەوە نێو پاکەتەکە و ڕام دا بۆ بەردەمی.
- بیبە بۆ شوێنێکی تر.
چاوی لە چاوم بری. دەستم کرد بە قسەکردن.
- ئەو چیرۆکەمان بۆ چاپ کردی، ئەگەر حەیامان بێ بەسمانە، لەسەد لاوە سەرکۆنەیان کردین و بەو هۆیەوە...
هێشتا بێ دەنگ بوو.
- خۆ وەنەبێ هەر ئێمە بین، ئەو چیرۆکەت بە دە دوازدە گۆڤاری تریش داوە و چاپیان کردووە.
بۆ چیرۆکێک لە چەند گۆڤاردا چاپ دەکرێ؟
هەروا متەقی نەدەکرد.
- ئێمەش هێندە هاتی و ڕۆیشتی و ڕووت لێناین ناچار بووین چاپی بکەین. گوتمان چاپی بکەین و خۆمان لەدەستت نەجات دەین. جانازانم ئەو گۆڤارانەی تریشت چۆن ڕازی کردووە چاپی بکەن؟
سەری داخست.
- ڕەنگە وەک گۆڤارەکەی ئێمە، هێندەت هەڵپێچابن و وەک چەقچەقە پێوەیان نووسابی، ناچار بووبن چاپی بکەن، وایە؟
هیچی نەگوت. قاقەزەکانم هێنایەوە پێشێ و دەستم کردەوە بە نووسین. پاکەتەکەی ڕادایەوە بەردەمم و بە قامکی لە پشتی دەستمی دا.
- چیرۆکی چاکە بەکارتان دێ.
سەرم هەڵێنا و چاوم لە چاوی بری.
- باشە، دەیخوێنمەوە، بەڵام... ئەگەر بەکاری چاپ نەهات، پاشان...
سەری لەقاند. چیرۆکەکەیم دەرهێنا و لاپەڕەی یەکەمم بەدەستەوە گرت و...
- هەیهوو. خۆ ئەمە هەر ئەو چیرۆکەیە. لە دە دوازدە گۆڤاری تریشدا بڵاوبۆتەوە، ئێمەش چاپمان کردووە.
ناچاربووین چاپی بکەین. ئێستا...
چیرۆکەکەم خستەوە نێو پاکەتەکە و فڕێم دا بەردەمی.
هەڵیگرت و چاوی لە چاوم بری.
- ناکرێ چاپی بکەن؟
پێکەنیم.
کاکی بەڕێز ئەو چیرۆکەمان پێشتر چاپ کردووە.
لە دوای ئێمە دە گۆڤاری دیکەش چاپیان کرد.
پاکەتەکەی هەڵگرت و چاوی لە چاوم بری.
- ئاخەر من هەر ئەو چیرۆکە دەزانم.
پێکەنیم.
- دەی تاوانی ئێمە چییە؟
دەمی هێنایە بن گوێچکەم.
- ئیزن بفەرموو بۆتانی بخوێنمەوە. کاتێک خۆم دەیخوێنمەوە زۆرجوان و چیرۆکی چاکە. نازانم بۆ ئێوە پێتان خۆش نییە؟
چاوم لە چاوی بری.
- باشە بیخوێنەوە. وادیارە ناچارم گوێت بۆ بگرم.
دانیشت. سەرم خستە سەر مێزەکە و چاوم قوچاند.

دەستی پێکرد.

پیاوێک کە دەیویست ببێتە چیرۆکنووس، ڕەنگە بۆ سەدەمین جار لە پەنا مێزی دۆستە چیرۆکنووسەکەی ڕاوەستابێ.

– ئەو چیرۆکانە چۆن دەنووسی؟

ئەو کابرایەی کە چیرۆکنووس بوو کولۆیەک قەندی خستە نێو چایەکەیەوە و شێواندی.

– زۆر ئاسانە! پەڕەیەک قاقەز و قەڵەمێک هەڵدەگرم و دەست دەکەم بە نووسین.

ڕەنگە بۆ سەدەمین جار ئەو پیاوەی کە حەزی دەکرد ببێتە چیرۆکنووس لە پشت مێزەکەی دانیشت. پەڕەیەک کاغەزی لەبەردەمی دانا و قەڵەمی بەدەستەوە گرت.

کابرایەک کە چیرۆکنووس بوو پەرداخەکەی لەسەر مێزەکەی دانا و چاوی لەشوێنێکی نادیار بڕی. دوای چەند ساتێک ئەو پیاوەی کە دەیویست ببێتە چیرۆکنووس، کاغەزەکەی وەلانا. ئەو پیاوەی کە چیرۆکنووس بوو ڕووی تێکرد.

– چییە، پەشیمان بوویەوە؟

– لێرە مێشکم کارناکا. هەڵی دەگرم شەوێ لە ماڵێ دەینووسم.

سبەینێی ئەو ڕۆژە، ڕەنگە بۆ سەدەمین جار، پیاوێک کە حەزی دەکرد ببێتە چیرۆکنووس، هاتە ژووری و چاوی لە برادەرە چیرۆکنووسەکەی کرد.

– نەمتوانی. هەتا بەری بەیانی بەخەبەر بووم، بەڵام نەمتوانی.

ئەو کابرایەی چیرۆکنووس بوو، چەن پەڕەکاغەزی دەرهێنا و لەسەر مێزەکەی دانا.

– بەڵام من چیرۆکێکی تازەم نووسیوە.

ئەو پیاوەی دەیویست ببێتە چیرۆکنووس لە پەنا مێزی برادەرەکەی دانیشت.

– بۆم دەخوێنیتەوە؟

– ئەی بۆ بۆت ناخوێنمەوە!

ئەو پیاوەی کە چیرۆکنووس بوو دەستی کرد بەخوێندنەوە.

جەواڵێکم بەکۆڵدادابوو و بەکۆڵاناندا دەگەڕام و چاوم بۆ کڕیار دەگێڕا.

– دەیفرۆشم. هەرزانە وەرە بەرەوە، دەیفرۆشم، وەرای...

کوڕێکی چکۆلە هاتەپێشێ و لەبەردەمم ڕاوەستا.

– چی دەفرۆشی؟

زارکی جەواڵەکەم کردەوە و سەرەوبنم کرد. هەزاران هەزار وشەم لەسەر عەرزەکە هەڵڕشت. پاشان...

**محەممەد ڕەمەزانی دانیشتووی شاری تەوریز.**
**ماستەری ئەدەبیاتی لە شانۆ هەیە. ساڵی ١٩٦٤ لە دایک بووە تا ئێستا ئەم بەرهەمانەی چاپ و بڵاو کردۆتەوە.**
**باخەوان- کۆمەڵە چیرۆک.**
**ژەنەڕاڵ- کۆمەڵە چیرۆک.**
**عەتری گوڵاڵە سوورە- کۆمەڵە چیرۆک.**
**پەرجۆی فرمێسکی شین- کۆمەڵە چیرۆک.**
**ڕۆژی فڕینی کۆترەکان- کۆمەڵە چیرۆک.**
**فیلمنامەی (دابی شەیدایی) کە لە ٢٦ بەشدا سازکرا و ساڵی ٢٠٠٤ لە کەناڵی دووی تەلەفزیۆنەوە بڵاو کرایەوە.**

**سەرچاوە:**
**نشریەی هفتمین جشنوارەی داستان**
**نویسی غرب ایران، بانە، پاییز ٢٠٠٥**

## قەفەز

**سادق چووبەک**

قەفەزێک پڕ بوو لە مریشک و کەڵەشێری چینی و لاری و بۆرچین و برنجی و پۆپنە و کنجی و قوونڕووت و پێ تیسکن و پۆپە لار و بارۆکە و جووجەڵەی کەچەڵە بوو. لە قەراغ جۆگەیەکی بەستەڵەک داندرابوو. نێو جۆگەکە پڕ بوو لە پڵتەچایی و هەناری گنخاو و تێخوڵە پرتەقاڵ و خوێنی مەییو و گەڵای زەرد و زبڵوزاڵی تر کە تێک هەڵشێلدرابوون و سەهۆڵ کردبوونییە یەکپارچە. قەراغ جۆگەی نزیک قەفەزەکە قووڵکێکی لێبوو، پڕ بوو لە خوێنی مەییو و پەڕە مریشک و شەلەمی ڕزیو و قوونچکە جگەرە و سەروپێی براوی مریشک و تەرسەقولی ئەسپ، هەمووشی پێکەوە بەستبووی و ببووە یەک پارچە سەهۆڵ.

تەرکی قەفەزەکە تەڕ بوو. جیقنەی مامر داپۆشیبوو. قوڕ و کاوکۆت و تێخوڵە هەرزن لەگەڵ جیقنە تێکەڵ بوون. لاقی مریشک و کەڵەشێرەکان و پەڕوباڵیان خووسابوون. بن زگ و لاقیان هەموو جیقناوی بوو. جێگاکەیان تەنگەبەر بوو. هەموو تێک قڕتقڕژابوون و دەرزیت هەڵاویشتبایە نەدەکەوتە عەرزی. وەک بۆڵە ترێ پێکەوە نووسابوون. جێ نەبوو لێی هەڵنیشن. جێ نەبوو لێی ڕاوەستن، لێی بخەون. لە پەستا بەدەندووک لەسەری یەکتریان دەدا و پۆپەی یەکتریان دەکێشا. جێگا نەبوو. هەموو ژێرچەپۆکە بوون. هەموو جێگایان تەنگەبەر بوو. هەموو سەرمایان بوو. هەموو چاوەڕێ بوون. هەموو وەک یەک وابوون و حاڵوڕۆژی هیچ کامیان لەوی دیکە باشتر نەبوو.

ئەوانەی تەرزەی دەندووک لە سەروپۆتراکیان دەدرا و سەریان دادەنەواند و ملیان دەکرد بە ژێر پەڕوباڵ و لاقی ئەوانی دیکەدا. خۆشیان بێ و تاڵیان بێ دەبێ دەنووکیان لە ڕیقنە و کاو کۆتی قەفەزەکە بدرێ و بەناچاری دەبوو دانەوێڵە و تێکوڵە هەرزن بچننەوە. ئەوانەی کە جێیان نەبوو دەنووکیان لە جیقنەی تەرکی قەفەزەکە بکەوێ، بەناچاری دەندووکیان لە تێلبەندی قەفەزەکە دەدا و چاویان لەدەرێ دەبڕی، بەڵام ئەو ڕوانینە کەڵکی نەبوو، ڕێی دەربازبوونیش هەر نەبوو. جێگای ژیانیش نەبوو. نەدەندووکی شاخی و نە چرنووک و نەقودەقود و گارکەکارک و قیرەقیر و نەتەوژم و گوشار و لەیەکتر سرەواندن هیچ کام ڕێگای دەربازبوونیان پێوە نەبوو، بەڵام سەرقاڵی دەکردن. دنیای دەرێ لەگەڵیاندا زۆر دڵڕەق و بێگانەبوو. نەڕوانینە خەماوییەکانیان و نەپەڕوباڵە جوانەکانیان نەدەبوونە یارمەتیدەریان.

تێک دەقژقژان و دەندووکیان لە جیقنەی خۆیان دەدا و لە قاپەشکاوی سووچی قەفەزەکە ئاویان دەخواردەوە و بەنیشانەی سپاس سەریان هەڵدێناو چاویان لەمیچی قۆڕ و درۆیینە و چڵکنی قەفەزەکە دەبڕی و جیقەڵدانە نەرم و ناسکەکەیان دەجووڵاندەوە.

کاتێک کە وەنەوزیشیان دەدا هەموو دڵەدواو چاوەڕێ بوون. دڵەخورپە و بێ دەرەتانی تەنگی پێ هەڵچنیبوون. نە جێگای ژیان هەبوو نەدەربازبوون. هیچ کامیان نەیاندەتوانی لەو خمخورک و زەلکاوە بێنەدەرێ. ئەوان بە تێکڕا مەحکووم بوون و لە ساردوسڕی و تەنیایی و دڵەخورپە و بێ دەرەتانی و چاوەڕوانیدا تێکدەهاڵان. لەناکاو درگای قەفەزەکە کرایەوە و هەموو کەوتنە جووڵە جووڵ و قیرە قیر. دەستێکی ڕەش و برش وەرگ هەستاو و چڵکن و پیس و قەڵەشیو بە نێو قەفەزەکەدا گەڕا و لەنێو هاوقەفەزەکاندا کەوتە گەڕان. دەستەڕەش بێ بەزەییانە و تووڕە بەنێو قەفەزەکەدا سووڕا و کەوتە درۆینە و تێکی هەڵشێواندن، هاوقەفەزان هەستیان بە بۆنێکی مەرگاوی و ئاشناکرد. بێزیان هەستاو دەستیان بە باڵە پرژێ و قیرە قیر کرد و خۆیان دا پاڵ یەک و لەژێر پەڕوباڵی یەکتریدا خۆیان حەشاردا. دەستە ڕەش بەسەریاندا دەگەڕا و وەک کارەبا پەلەپووشی جەستەیانی دەکێشا و وەلەرزەلەرزی دەخستن. دەستەڕەش بە هەموو سووچ و قوژبنەکاندا گەڕا، لە دەرەوەش چاوێک وەک «ڕادار» ڕێنوێنی دەکرد، ئاخری بنباڵی باڕۆکەیەکی کزەلۆکی گرت و لە هاو قەفەزەکانی دابڕی و کێشایە دەرێ، بەڵام هێشتا دەستەڕەش و باڕۆکەک بەسەر سەری مامرەکانەوە بوون و باڕۆکە کزە باڵەپرژێی دەکرد و دەیقیڕاند کە هەموومریشک و کەڵەشێرەکانی دیکە لەو زباڵەدانەدا دەستیان کردەوە بە چینە و بەدەنووک لەسەر و سەکوتی یەکتری بەربوونەوە. سەرما و برسییەتی و نامۆیی و دڵەدوایی و چاوەڕوانی هەروا لەجێی خۆی بوو. هەموو ساردو سڕ و نامۆ و ناڕازی چاویان لەیەکتر بڕیبوو و بەچرنووک و دەنووک خۆیان دەخوراند، لەبەر قەفەزەکەدا لەدیوی دەرەوە کێردێکی تیژ و دەم پان لەسەر ملی باڕۆکەکە وەسەما کەوت و خوێنی لێ دەرپەڕاند. مریشک و کەڵەبابەکان لەنێو قەفەزەکەوە چاویان لێبوو. دەستیان کرد بەقیرە قیر و بەدەنووک لە دیواری قەفەزەکەیان دەدا، بەڵام دیواری قەفەزەکە سەخت بوو. دەرەوە دیار نەبوو، ڕێی دەرباز بوونیش هەر نەبوو. هەموو قوت و چاوەڕێ و ترساو و بێ دەسەڵات چاویان لە فیچقەی خوێنی هاوقەفەزەکەیان بڕیبوو کە ئێستا ئازاد ببوو، بەڵام چارەنەبوو، هەر ئەوە بوو کە هەیە. هەموو بێ دەنگ بوون و تۆزی مەرگ لەنێو قەفەزەکە پژابوو. هەر ئەوکاتە کەڵەبابە سووری پەڕوباڵ بەزریقە و بریقە دەندووکی بەخۆڵ و جیقنەی تەرکی قەفەزەکەدا هێنا و خەتی تێ خست، پاشان ملی هەڵێنا و دەندووکی لە پۆپەی قیت و ڕەقی مریشکێکی وردیلە گیر کرد. مریشکەکە لە ڕێوە فسی خوارد و کەڵەبابە سوور پەڕییە سەر پشتی و سواری بوو. مریشکەکە چەپۆکەسەر و زەبوون لەسەر جیقنە و خۆڵەکە هەڵنیشت و هەستایەوە. خۆی ڕاوەشاند و پەڕوباڵی قرژ کردەوە و پاشان بەدەوری خۆیدا سووڕا. بەدەندووک کەوتە خۆدۆزین و پاشان تۆزێ ڕاوەستا و دەستی کردەوە بە چینەکردن. قودەقود و قیرە و جیقەی مریشکێک بەرز بووەوە. ماوەیەک بە دەوری خۆیدا هەڵخولا و پاشان بە پەلە لە تەرکی قەفەزەکەدا هەڵنیشت و خۆی مات کرد. وڵووڵەیەکی خوێناوی لەسەر جیقنە و زباڵەی نێو قەفەزەکە دانا. هەر خێرا دەستەڕەش و ڕەگ هەستاو و چڵکن و پیس و قەڵەشیوەکە هەوای نێو قەفەزەکەی لێکدا و پڕی بە وڵووڵەکەدا کرد و ڕفاندی. هەر لەو کاتەدا لە دەرەوەی قەفەز زارێک وەک گۆڕ داپچڕا و قووتی دا. هاوقەفەزانی چاوەڕێ، هەموو چاویان لەبەردەمی خۆیان بڕیبوو.

**سەرچاوە:**

**کتێبی (انتری کە لوطی اش مردە بود)، چاپ دوم، ۱۳۸۵، انتشارات نگاە، تهران.**



## ئاری بابان:
## مەرج نییە هەموو هونەرێک بەرەو تەجرید بڕوات.. پێویستە هونەرمەندیش هونەرەکەی لەگەڵ ڕۆشنبیرییەکەی بە هاوسەنگیی ڕابگرێت

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(١ – ٢)**

بینەری تابلۆیەکانی ئاری بابان ئەوەیان بۆ دەردەکەوێ کە ئەو هونەرمەندە بەردەوام هەوڵ دەدا بچێتە ناو دنیایەکی دیکەوە کە دنیای ئەو واقیعە نییە کە ڕۆژانە لەناویدا دەژی و دەیبینێ، چونکە وردەکارییەکانی ناو ئەو واقیعە دەبنە مایەی هەڵچوون و گرژی و ئازاردان بۆی، هەر ئەمەش وای لێ دەکات بەرەو جیهانێکی سەرەتایی و ساکار ڕابکات، کە سیمای ئەو واقیعە ماددییە بەرجەستەیەی لێ داماڵراوە. خوڕی و عەفەوییەتی هێڵ و خەتەکانی، بە هی منداڵان دەچێ، کە ڕەنگدانەوە و ئاوەژووبوونەوەی خەیاڵی بزۆزی ئەوانە و پڕە لە جووڵە و بێ گەردی و بێ گوناهی، بەڵام ئەو هێڵانە هی کەسێکن کە باوەڕ و متمانەی بەخۆی هەیە، تا هێزێک بداتە ئەو هەڵوێستانەی دەیەوێ ڕوونیان بکاتەوە.

ئافرەت لەلای ئەو هونەرمەندە سەرچاوەی هەموو بەخشش و داهێنانەکانە، کە هەر لەو ڕۆژەوەی لەسەر ئەو ئەرزە پەیدا بووە لە ئادەم و حەواوە تا ڕۆژی ئەوڕۆ لای ئەو تاکە ڕەمزێکە بۆ گوزارشت کردن لە بەخشین و قوربانیدان، بۆیەش وەک دەلالەت و بەهایەکی بەنرخی خۆبەشی و بەخشین تەماشا کراوە. ئافرەت جگە لە لایەنی جوانی و ئیستێتیکەی، هونەرمەند پتر وەک «جیهانبینی» بینیویەتی، چونکە ڕەمزێکی گەورەیە بۆ بەردەوامی و ژیان.

ئاری بابان یەکێکە لەو هونەرمەندە شێوەکارانەی بەردەوام بەدوای ئەوەوەیە خودی خۆی بدۆزێتەوە. چەندی بینەران دەیانەوێ لە هونەرەکەی نزیک ببنەوە، ئەوەندەش بینەرەکانی لێی دوور دەکەونەوە، تا دواجار دەگەنە قەناعەتێکی هاوبەش لەوەی دەیانەوێ بیگەنێ. لە گفتوگۆیەکی دووردرێژدا، بە یادی جاران لە بارەی هونەری شێوەکاری و ژیانی هونەریی خۆی دواندمان و ئەزموون و تەمەنی زیاتر لە چل ساڵی هونەریی ئەومان بەسەر کردەوە و ئەم هەڤپەیڤینەی لێ کەوتەوە..

**رامـــان:** ســـەرەتا خـــۆشـــحـــاڵین بە ســـازدانی ئەو چاوپێکەوتنە، کـە دەمـێک بوو نیـازمـان بوو لەگـەڵتـان سازی بدەین.
**ئاری بابان:** زۆر سـوپاس.. منیش بەخـێـرهاتنی ئێـوە دەکەم بۆ کـتێبـخانەی گشـتی سلێمـانی و زۆر زۆرم پێ خۆش بوو ئەو دەرفـەتەم لەم گۆڤارە بەنرخـەی ئێـوەدا بۆ بڕەخسێ، کە بە ڕاستی گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری گـــەورە و بەربڵاوە لەناو ڕۆشنبـــیـــراندا، تا بتـــوانین گفتوگۆیەک دەربارەی هونەر و بزاڤی هونەری شێوەکاری لەو گۆڤارەی ئێوەدا بکەین.
**رامـان:** ئەوەندەی من ئاگـاداری ئیـشــوکـاری تۆ بم، کارەکانی ئێوە بەپێی ئەو شێوە پۆلین کردنەی من بۆیانم کردووە بە سێ قۆناغدا تێپەڕیون، پێم خۆشە لەسەر ئەو سێ قـۆناغـەی خۆتان قسـەمان بۆ بکەن و تایبەتمەندیی هەر قۆناغێک چییە و چۆنە؟
**ئاری بابان:** لەو قـــۆناغـــانەدا تۆ ناتوانی قـــۆناغی سـەرەتایی خـۆتی لێ جـیـابکەیتـەوە، کـە لە سـەرەتای حەفتاکانەوە دەستپێدەکات.
**رامان:** کـەواتە ئەو سەرەتای سـەرەتایانە لەلای ئێـوە دەبێتە قۆناغی یەکەم؟
**ئاری بابان:** سەرەتای حەفتاکان بۆ من دەبێتە قۆناغی یەکـەم، کە وەک هەر هونەرمـەندێک کـاتێ کـۆمـەڵێک تابلـۆی هونـەریمـان دەبـینـی، هەمــــــوو ئـەو تابلـۆیـانە کـاریگەرییـان بەسـەرمـانەوە هەبوو، وەک کـارەکـانی هونەرمەندان: ڤانکۆخ، گۆگان، سیزان، ئەمانە لە ڕێگەی نامـیلکەوە دەمـانبـینین و جێ پەنجـەی خـۆیان بەسـەر کارەکانمانەوە بەجێ دەهێشت، سەرەڕای ئەو تێبینییانەی لە مـامۆسـتـاکانمان وەرمـاندەگرتن، یان کە لەمەرسـەمی قوتابخانەدا لە قوتابخانەی ئیمام قاسم کارمان دەکرد، ئەمـانە هەمـوویان کـارتێکردنی خـۆیان بەسـەرمـانەوە هەبووە. دەتوانم ئەمە بە قۆناغی یەکەمی ژیانی هونەریی خۆمی دابنێم. لەو قۆناغەدا کۆمەڵێک کارمان کرد، ئەو کارانە بە کاریگەریی مامۆستـایان و ئەو هونەرمـەندانە بوون کە لە ڕێگەی نامیلکەوە کاری ئەوانمان دەبینی، بە تایبـەتی ڤـانکۆخ یەکـێک بوو لەو هونەرمـەندانەی زۆر سەرنجی ڕاکێشابووین لاسایی ئیشەکانی بکەینەوە. زۆر تابلۆم هەیە بۆ ئەو قــۆناغــەم دەگــەڕێتــەوە، دواتر ئەو کارانەمان کۆکردەوە و لە مانگی چواری ساڵی ١٩٧٢دا لەگــەڵ هونەرمـــەند گـــارا و هونەرمـــەندی کـــۆچکردوو (ئەیووب شەریف)دا، پیشانگایەکی هاوبەشمان لە هۆڵی ئیمام قاسم لە کەرکووک کردەوە.
**رامـان:** بۆ ئەم قـۆناغـە بە قـۆناغی یەکـەمی ژیانی هونەریی خۆت دادەنێی؟
**ئاری بابان:** ئەوساکە قەناعەتم پێیان هەبوو.
**رامان:** بە چەند تابلۆ لەو پێشانگایەدا بەشداربوویت؟
**ئاری بابان:** وابزانم سێ تابلۆیان هی من بوون.
**رامـان:** ئەگـەر بە چاوێکی ڕەخنەییـەوە تەمـاشـایان بکەیت، پێت وایە ئەوکاتە تەنیا کاریگەریی ڤانکۆخت لەسەر بووە، یان هونەرمەندی دیکەش هەبوون؟
**ئاری بابان:** لەو قـــۆناغـــەدا کـــاریگەریی زۆر کـــەسم بەسەرەوە بووە، یەکێک لەو هونەرمەندانەی زۆر حەزم لە کـارەکـانی دەکـرد هونەرمـەند مـحـەمـەد عـارف بوو، ئەو کـاریگەرییـەکی زۆری بەسـەرمـەوە هەبوو، بەتایبـەتی کە کـۆمـەڵێک تابلـۆیم بەردەوام لە ڕۆژنامـە و گـۆڤـارەکـان و شـوێنەکـاندا دەبینی بڵاودەکـرانەوە. لەبیـرمـە جـارێک سەفەرێکی بەغدام کرد و چووم تابلۆکانیم بینی، ئەمانە هەموویان کاریگەریی خۆیان بەسەرمەوە بەجێهێشت.
**رامان:** دەتوانین بڵـێین ئەو قـۆناغـە زیاتر کـاریگەریی ڕیالیزم، یان ئینتیباعیەتت بەسەرەوە بووە؟
**ئاری بابان:** ئەو قـــۆناغـــە ئەوەی زیاتر کـــاریگەریی بەسـەرمـانەوە هەبوو ئینتـیـبـاعـیـەت بوو، هونەرمـەندە ئینتیباعیییەکان و تەعبیرییەکان زۆر کاریان لێمان کرد، چونکە ئەو مـاوەیە لەناو قـوتابیاندا بـاو بوون، ڤانکۆخ و چیرۆکی ژیانەکەی زۆر سـەرنجی ڕاکێشـاین، چۆن گـوێی خـۆی بڕیوە و ناکـۆکی لەگـەڵ گـۆگـان و ئەمـانە هەمـوویان



ئاری بابان - ئازاد عەبدولواحید

سەرنجیان ڕاکێشاین.

**ڕامان:** ئەی کاریگەریی واقیعیەتی ئیشەکانی محەمەد عارف چەند بوو لەسەرتان؟ کاریگەرییەکەی لە چ ڕوویەکەوە بوو، ئایا لە ڕووی ڕەنگەوە بوو، یان چی؟

**ئاری بابان:** من ئێستاش ناتوانم بەو قۆناغەی محەمەد عارف بڵێم قۆناغێکی واقیعی، ڕەنگە ڕەخنەگری شێوەکاری پێی بڵێ واقیعی، بەڵام لەوانەیە من ڕوانینی خۆم هەبووبێ. بۆ ئەوکاتەی محەمەد عارف، بەتایبەتی بۆ تابلۆی (بە یەک گەیشتن-لقاء)ەکەی، تابلۆیەکی هەبوو دوو کەسی باریک و درێژی کردبوو، ڕەنگە ئەوە هەر لە خەیاڵمدا مابێتەوە، کە منیش دوای ئەو کۆمەڵێک هونەرمەندی ترم دۆزییەوە وەک دالی و ئەمانە کە بەو شێوەیە وێنەیان دەکێشا، بەڵام زۆر جیاوازتر کاریان دەکرد، هەموو ئەوانە بوونە باگراوەندێکی هونەری بۆ من. ناتوانم لەو قۆناغەدا شتێکی دیکە لە هونەرەکەم جیا بکەمەوە، کە مەسەلەی شانۆیە. لە قۆناغی یەکەمدا قەت خۆم لە هونەری شانۆ بە دابڕاو دانێیم.

**ڕامان:** ڕێکەوتووە لەم قۆناغەدا تەمسیل بکەیت، یان لەناو شانۆدا کارت کردبێ؟

**ئاری بابان:** لە ساڵی ١٩٧٠ تەنانەت پێش ئەوەی پیشانگای یەکەمم بکەمەوە، لەگەڵ سەلمان فائیق کاکەیی، لە (کۆتایی دەربەگ)دا تەمسیلم کردووە، هەر هەمان شانۆگەریمان لە مانگی دوازدەی ساڵی ١٩٧٠ لە سلێمانی نمایش کرد. پێش ئێمە فازڵ جاف (دایکی شەهید)ی لە دەرهێنانی سەلمان فائیق هێنابووە سلێمانی، بۆیە لەوکاتەدا دێتەوە خەیاڵم کە هونەرەکان چۆن تێکەڵاوی یەکتری ببوون و کاریان لە یەکتری دەکرد. ئەمڕۆ یەکێک لەو هونەرانەی لە سلێمانی زۆر پێشکەوتووە، هونەری شانۆیە کە کاری لە شارەکانی تری کوردستانیش کردووە، بەڵام لەو قۆناغەدا کەرکووک کاریگەریی لەسەر شارەکانی دیکە زۆرتر بوو، بەتایبەتی کەسێکی وەک سەلمان فائیق کە لە سەرەتای حەفتاکاندا لە کەرکووک بەدەرکەوت.

**ڕامان:** ئەی کاری مەرەزە و بەهاری دزراو و....

**ئاری بابان:** بەڵێ ئەمانە دواتر بوون، ئەوانە لە دوای حەفتاو سێ و حەفتاو چوار بوون، بەڵام لە سەرەتای حەفتاکاندا کە دایکی شەهید و پێشمەرگە و کۆتایی دەرەبەگی نمایش کرد، ئەمانە سەرەتای حەفتاکان بوون.

**که دەچوومە شانۆ ئەو وێنەیەم لێ وەردەگرت کە دەبووە مایەی دروستکردنی تابلۆیەک لە لای من.**

**ڕامان:** تۆ تەنیا لە کۆتایی دەرەبەگدا بەشداربوویت؟

**ئاری بابان:** لەکۆتایی دەرەبەگدا بەشداریم کرد، بەڵام دوای ئەوە خۆم چووم لە کۆمەڵێک کاری تردا کارم لەگەڵ مەهدی ئومێد کرد، بە تایبەتی لە (دڕکو و داڵ) و (کاوەی ئاسنگەر)، لە دڕکو و داڵدا دیکۆری شانۆیەکە من کێشاومە، هەروەها لە کۆمەڵێک کاری تر لەگەڵی بووم. دیارە مەرج نییە کارم کردبێ، بەڵام وەک کۆمەڵێک کاری تر لەگەڵی بووم و بە تەواوی ئاگام لە کارەکانی مەهدی ئومێد بوو. ئەم قۆناغە لای من تێکەڵ کردنی شێوەکاری و شانۆ بوو، کە بەلای منەوە قۆناغێکی زۆر خۆش بوو، ڕەنگە هەر ئەمەش هۆیەکە بێ کە تا ئەم ساتە زۆر حەزم لە شانۆیە، تەنانەت حەز دەکەم شانۆگەرییەک لە چەند لایەکەوە ببینم، کە دەڵێم لە چەند لایەکەوە، مەبەستم ئەوەیە کە لە هەر لایەکەوە وێنەیەکی جوانی لێ دەبینم. بۆ نموونە کاتی خۆی، زۆر تەماشای ئیشەکانی هونەرمەندی کۆچکردوو حوسێن میسری-م دەکرد و لە هەموو ئیشێکی نوێی خۆی بانگی دەکردم و لەگەڵیدا دادەنیشتم، جار بووە پۆستەری ئیشەکانیم بۆ دەکرد، تەنانەت دوامین کاری، پۆستەرەکەی ئیشی منە، مەبەستم هاروون ڕەشیدە کە چەند جارێک لەکاتی پرۆڤەکەیدا بینیم. من بەردەوام بۆ ئەو کارانە دەچووم و لە چەند گۆشەیەکەوە سەیرم دەکردن و وێنەی جوانم لێ وەردەگرتن، تا پۆستەریان بۆ بکەم. بەڕای من لەکاری شانۆییدا هەندێک لایەنی گرینگ هەیە، بۆ نموونە لە شانۆدا شتێک هەیە پێی دەڵێن ڕستەی سەرەتانی، کە زۆرجار نووسەر لە ڕێگەی ڕستەیەکەوە شتێکت دەداتە دەست کە ڕستەی سەرەتانی شانۆنامەکەیە. هەستم کرد لە شانۆدا شتێکی تر هەیە پێی دەڵێن وێنەی سەرەتانی، واتە وێنەیەک هەیە هەموو شانۆکە لە دەوریدا کۆ دەبێتەوە. لەوەدا دەرهێنەر کار دەکات و هێواش هێواش ئەو شانۆیە بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوەی بگاتە لووتکەیەک و هەموو قسەکانی خۆی لەو وێنەیەدا دەربڕێ. ئەمە لە شانۆدا لای شەماڵ عومەر بەجوانی لەشانۆیی شیرین و فەرهاددا دەبینین، یان لە شانۆیی خەج و سیامەندا ئەو وێنەیە دیار بوو. لە

dارتووەکەی گەزیزەدا دیسان ئەو وێنەیە بەجوانی بەرجەستە بوو. زۆرجار وام لێ دەهات کە دەچووم بۆ شانۆ، ئەو وێنەیەم وەردەگرت و دەمکردە دەبووە مایەی دروستکردنی تابلۆیەک لای خۆم، چونکە وێنەکە شتێکی لەلام دەورووژاند، هەستم دەکرد هەموو ئەو شانۆییە لەو وێنەیەدا کۆبۆتەوە. بەڕای من لەو قۆناغی سەرەتایەمدا، هەرگیز شانۆ لە شێوەکاری جیاناکرێتەوە، بۆیە لای من کاریگەرییەکی زۆر زۆری بەسەر هونەرەکەمدا هەبووە. ئەمە لەو قۆناغە و دوای ئەوەش بە ماوەیەکی زۆر، کە دەتوانم بڵێم تا حەفتاو نۆش هەر لەگەڵم بەردەوام بوو.

**ڕامان:** کەواتە تۆ کەسێکی باوەڕت بە جیاکردنەوەی هونەرەکان نییە، باوەڕت بەوەیە هەموو هونەرەکان سوود لە دەستاوێژەکانی یەکتری وەربگرن، بەتایبەتیش لەو سەردەمەدا؟

**ئاری بابان:** بێ گومان هەموو هونەرەکان سوود لە یەکتری وەردەگرن، نەک تەنیا سوود لە یەکتری وەردەگرن، بەڵکو کۆمەڵێک لایەن لە هونەرەکاندا هاوبەشن، بۆ نموونە هارمۆنیەت کە لە مۆسیقادا هەیە، ئەوە لە بواری ڕەنگیشدا هەیە. من زۆرجار سەرم لەوە سوڕ دەمێنێت چیرۆکنووسێک بڵێ من لە تابلۆ تێناگەم، یان دەبینی شاعیرێکی باشە، بەڵام دەڵێ من لە تابلۆ تێناگەم. باشە تۆ کە لە شیعردا کۆمەڵێک ڕیتم و وێنەی جوانت هەیە، کە ئەمە لە هونەری شێوەکاریشدا هەیە، چۆن لە بواری شیعردا لێی تێدەگەیت، لە شێوەکاریدا لێی تێناگەیت؟ لای من هونەرەکان تێکەڵن، مادام من لە هونەری شێوەکاری تێدەگەم، کەواتە لە شیعریش تێدەگەم و چێژی لێ دەبینم، بە هەمان شێوە چێژ لە ڕۆمان و لە مۆسیقایەکی جوانیش وەردەگرم، چونکە ئەمانە هەموویان بەشێوەیەک لە شێوەکان تێکەڵن. شانۆ کۆمەڵێک وێنەی جوانە، هەندێک وێنە لە شانۆدا دەبینم دەڵێم چۆن سوودی لە هونەری شێوەکاری وەرگرتووە؟ لە ڕێگەی هونەری شێوەکارییەوە بوو سەلاح قەسەب هات شانۆی وێنەیی دروست کرد. سەلاح قەسەب چۆن توانی بەجوانی و لە چوارچێوەی هونەری شێوەکاریدا شانۆی وێنە دروست بکات؟ ئاوهاش لە هونەری شێوەکاریدا هونەرمەند بۆی هەیە سوود لە شانۆ وەربگرێت، یان سوود لە شیعر وەربگرێت، چونکە ئەم هونەرانە هەموویان تێکەڵن. من تا ئەم ساتە ناتوانم هونەرەکان لێکتر جیابکەمەوە، چونکە چێژ لە هەموویان دەبینم و هەست



دەکەم هەموویان مایەی ئەوەن سوودبەخش بن بۆ من، تەنانەت زۆرجار حەکایەتێکی میللی بۆ من بۆتە مایەی دروستبوونی تابلۆیەک، کە نەنکم کاتی خۆی بۆی گێڕاومەتەوە.

**ڕامان:** تا لە قۆناغی یەکەمداین، با باسێکی ئەو مامۆستایانەش بکەین کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر تۆ هەبووە؟

**ئاری بابان:** ئەگەر بێتو باسی سەرەتایەکانم بکەم، ئەوە نەک وەک قۆناغ و دەستپێک وەک ئەوەی ئەو سەرەتایە دەوری هەبووبێ و هاتبێتە ناو ژیانی هونەریمەوە، ئەوە منداڵ خۆی ئەو دەورەی هەیە. کاتی خۆی ئێمە لە گەڕەکی زیویە بووین، کە لە کەرکووک گەڕەکێکی زۆر میللی بوو، بە قوڕ کارمان دەکرد. قوڕێکی تایبەتی لە کەرکووک هەیە دیارە بەردێکی تایبەتییە نەک قوڕ، لە شێخ محێدینی کەرکووک پێی دەڵێن (مەلا خەنە)، ئەو مەلا خەنەیە خۆی بەرد بوو، بەڵام کە تەڕت دەکرد دەتتوانی پەیکەری پێ دروست بکەیت. ئێمە کە منداڵ بووین، دەچووین ئەو مەلا خەنەیەمان دەهێناو تەڕمان دەکرد و شتمان پێ دروست دەکرد، پاشان دەمانبرد بۆ قوتابخانە، بەڵام ئەو

کاریگەرییە زۆرەی لە خەیاڵمدا ماوە، هەر هی مامۆستا هۆشمەندی کۆچکردووە.

**ڕامان:** مامۆستا هۆشمەند کێ بوو؟ ئەویش هونەرمەندی شێوەکار بوو؟

**ئاری بابان:** مامۆستا هۆشمەند هەورامی، برای شەهید ئازاد هەورامییە، ئێمە زۆر منداڵ بووین، پێش ئەوەی بچینە قوتابخانە لە گەڕەکی زیوبە لە ئیمام قاسم لە دەوری کۆدەبووینەوە، ئەو عوودی بۆ دەژەنین. ئەمە لە ساڵەکانی پەنجایەکاندا، تۆ لە گەڕەکێکی وا میللیدا، یەکێک بێ و عوودت بۆ بژەنێ، هەست دەکەیت جیهانی هونەر جیهانێکی سەرنجڕاکێش و سەیرە و دێیتە ناو ئەو جیهانەوە. من ئێستاش لەبیرمە ماڵی ئێمە و ماڵی مامۆستا هۆشمەند لەیەک خانوودا بووین، لەگەڵ هەموو منداڵانی گەڕەک لە دەوری کۆدەبووینەوە عوودی بۆمان دەژەند، کە عوودی دەژەند زۆر سەرنجی ڕادەکێشاین. دادەنیشتین و گوێمان لێ دەگرت، ئەمە لای من بەو منداڵییە ڕووداوێکی سەیر بوو، مامۆستا هۆشمەند سەرەڕای ئەوەی عوودی دەژەند، وێنەشی دەکێشا. منداڵ بووم فایلمان بۆ دەبرد و دەمانوت وێنەمان بۆ بکێشە. وێنەی بۆ دەکێشاین، بەڵام جیاوازی من لەگەڵ منداڵەکانی گەڕەک چ بوو؟ کە ئەو وێنەی بۆم دەکێشا دەمبردە ماڵەوە کاغەزەکەم دادەنا لاسایی ئەو وێنەیەم دەکردەوە. جارێک دووجار تا وای لێهات منداڵان وێنەیان بۆ مامۆستا هۆشمەند نەدەبرد، بەڵکو دەیانهێنا بۆ لای من، دەیانوت تۆ وێنەمان بۆ بکێشە. ئەوەندە لاسایی ئەو وێنانەی مامۆستا هۆشمەندم کردبووەوە، تا بە تەواوی فێریان ببووم. ئەمە کاتی خۆی بوو و من ئەم وێنانە بە وێنەی منداڵی خۆمیان دادەنێم و وەک هونەرێکی تەواو سەیریان ناکەم. منداڵ بۆ خۆی جیهانی تایبەتی خۆی هەیە، ئیشی تایبەت بە خۆی هەیە، واتە ئەوەی من زیاتر هونەری منداڵ بووە کە قۆناغێک لە قۆناغەکانی کارکردنم بووە. دوای ئەو مامۆستایە ناتوانم دەوری مامۆستا فەخری جەلال لەبیر بکەم، کە مامۆستایەک بوو لە ئیمام قاسم، کلیلی مەرسەمی دابووە دەست خۆمان و ئێمەش تا درەنگانی شەو لە مەرسەمەکەدا دەماینەوە و من و گارا و ئەیووب شەریف لەو مەرسەمەدا کارمان دەکرد، بۆیە فەخری جەلال دەوری لەسەر ژیانی ئێمە زۆر بوو. کاریگەریی مامۆستا فەخری جەلال لەسەر هونەرمەندی شەهید عیرفان محەمەد عەلی، هەروەها هونەرمەندان: خالید ستار، مەدحەت کاکەیی، حیسام حەکیم، غازی محەمەد، ئازادە ڕەش، ئازاد مستەفا، ئەمانە هەموویان لە مەرسەمە خنجیلانەکەی فەخری جەلال پێگەیشتوون و لەوێ کارمان کردووە و کارێکی زۆری بەسەرمانەوە هەبووە. زۆر لە هونەرمەندانی کەرکووک کە ئێستا لەو بوارەدا کاردەکەن لە مەرسەمە خنجیلانەکەی فەخری جەلال پێگەیشتوون.

**فڵچەی هونەرمەند شان بە شانی ڕۆشنبیرییەکەی لایەنێکی سەرەکی داهێنانەکەیەتی**

**ڕامان:** ئەی ئەم مامۆستایە خۆی بەرهەمی لێ بەجێ ماوە؟

**ئاری بابان:** مامۆستا فەخری جەلال تا ئەم ساتە لە کەرکووکەو کاری هونەریی خۆی دەکات.

**ڕامان:** ئێوە لەوەتی فامتان کردووەتەوە، یان بڵێین پێش خۆتان لە بواری هونەری شێوەکاریدا لەکەرکوک مێژوویەک لەپشت ئێوەوە هەبووە؟ ئایا دەتوانین بزانین ناوەکانی ئەوانە کێن کە پێشتر لە کەرکووک ئیشیان کردووە؟

**ئاری بابان:** یەکێک لە کێشە هەرە گەورەکانی هونەری شێوەکاریی کوردی ئەوەیە زۆرجار بەگشتی باسی قۆناغەکانی هونەری شێوەکاری دەکرێت، ئێمە پێش خۆمان بە زەحمەت هونەرمەندی دیکەمان دەدۆزییەوە، یان خۆمان لە شەستەکاندا هیچ هونەرمەندێک ناناسین جگە لە مامۆستاکانی خۆمان کە هونەرمەندی شێوەکار بووبێ و کاری کردبێ، بەڵام بیستوومانە کۆمەڵێک هونەرمەندی تر لە کەرکووک هەبووبن و لە چلەکاندا کاریان کردووە، ڕەنگە ئەوە بەشێک بێ لە مێژووی هونەری شێوەکاریمان، کە زۆرجار باسی دەکرێت. ئەگەر بێتو هونەری میللی و هونەری بەڕەو جاجم و ئەوانەی لێ جیابکەینەوە، لای ئێمە لە ئیمام قاسم دارتاشێک هەبوو، بوراقی لەسەر سەندووقەکان دروست دەکرد، هەموو جارێ دەچووین سەیری کارەکانیمان دەکرد، ئەویش کاریگەریی لەسەر باگراوەندی هونەریماندا هەبوو. ئەگەر لە کەرکووک باسی ڕۆشنبیریی هونەری شێوەکاری بکەین، ئەوە ئەو جۆرە

پرسانە دێنە پێشەوە. هونەری شێوەکاری، نەک لە کەرکووک لە هەموو شارەکانی کوردستاندا مێژوویەکی کورتی هەیە، ئەگەر لەشاری هەولێریش باسی بکەین، ئەوە وەک تابلۆیەکی هونەریی بە زەحمەت مێژووەکەی بۆ بیستەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، قەت ناکرێ و ناتوانرێت بارودۆخی ئێمە لەگەڵ هونەرمەندی ئەورووپیدا بەراوردی بکەیت کە لە ئەشکەوتەکانەوە بەردەوام بوون و مێژوویەکی دانەبڕاویان هەیە.

**ڕامان:** بەپێی ئەو سەرەتایانە بێ کە لە بیستەکانەوە هەیە، ئاگام لێیە هەندێک خەریکن مێژووی هونەری شێوەکاری لە شاری سلێمانی و هەولێر دەنووسنەوە، ئیتر لە هەر قۆناغێکی دواتردا کە ئەڵقەیەکی تر پەردەی لە ڕوو لادەدرێت، ئەوە دەچێتە سەر ئەو مێژووە و ڕۆشنایی زیاتری دەخرێتە سەر، بەڵام تێبینیم کردووە شاری کەرکووک تا ئێستا ئەو ئەرشیفەی هەڵنەدراوەتەوە و مێژووی هونەری شێوەکاری خۆیان نەنووسیوەتەوە، ئەمەش بە بۆچوونی من ئەرکەکەی هەر دەگەڕێتەوە سەر ئەستۆی هونەرمەندانی شێوەکاری لای خۆتان و کەسانێ کە قەڵەمیان بە دەستە. ئەوانە پێویستە کارێکی بۆ بکەن و بینووسنەوە، بۆ ئەوەی وردە وردە نەوەی داهاتوو، یان کەسانیتر کە شتی نوێیان دۆزییەوە بیخەنە سەر ئەو ئەرشیفەوە.

**ئاری بابان:** لەو مێژووەدا کام هونەرمەندی شێوەکار هەیە، ئەگەر خۆمان لەبیرمان نەبێ باوکمان لەبیریەتی، واتە مێژووی هونەری شێوەکاری تا ئێستا لە بیر و یادی خەڵکدا ماوە. مێژووی دروست بوون و سەرهەڵدانی سەیر دەکەیت هەروایە، یەکێک لەوانەی زیاتر خەریکی ئەو ئەرشیفە بوو هونەرمەند ئازاد شەوقی بوو، من کە زوو زوو تا ڕۆژی کۆچ کردنەکەی لە ماڵەوە سەرم لێ دەدا و ئەویش زۆر شتی پێ نیشان دەدام، ئەو ئەرشیفێکی کەرکووکی کۆ کردبۆوە و ناوی کۆمەڵێک هونەرمەندی پێ دەوتم کە کاتی خۆی لەکەرکووک کاریان کردووە، یەکێک لەوانە بەدیع بابەجان بووە کە بۆ قۆناغی پەنجاکان دەگەڕێتەوە، هەروەها هونەرمەند حەسەن فەلاح بووە کە لە کۆمپانیای نەوتدا کاری کردووە.

**ڕامان:** هەر هونەرمەند ئازاد شەوقی بە خۆی ماوەیەک لە کەرکووک خوێندوویەتی و ژیاوە و ئیشی کردووە.



**ئاری بابان:** ماڵی ئازاد شەوقی لە کەرکووک لە ئیمام قاسم بووە، چەند جارێک باسی کردووە، لەوێوە چووەتە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، دیسان ئەگەر باسی مێژووی هونەری شاری کەرکووک بکرێت دەبێ بیڵێم لە ساڵی ١٩٤٧ یەکەم پیشانگای هونەری شێوەکاری لە کەرکووکدا کراوەتەوە. ئەو یەکەم پیشانگایە بەناوی (پیشەسازی و کشتوکاڵی)یەوە بووە، هەر هەمان پیشانگا لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٥٧ کراوەتەوە، دوو هونەرمەند بۆ کەکووک نێرراون، یەکێکیان هونەرمەند خالید سەعید بووە، کە لەگەڵ هونەرمەند ئازاد شەوقی بووە تا بچن لە کەرکووک بزانن ئەو پیشانگایە چۆن کراوەتەوە بۆ ئەوەی بێن لە سلێمانی بە هەمان شێوە پیشانگایەک بکەنەوە، ساڵی ١٩٥٧ ئەو پیشانگایە لە سلێمانی دەکرێتەوە. هەندێک شتی تر لە کەرکووک هەیە، ئەوەی زۆر دەوری لەو شارەدا هەبووە کۆمپانیای نەوت بوو. کۆمپانیای نەوت کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیریی بریتانییان دروست کردبوو، بارەگاکەی بەرانبەر چاپخانەی مەجیدییە، بازاڕی عەسری هەیە کە لەوێ کۆمەڵەکەیان بە ناوی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری بریتانی دانابوو، ئەوکاتە کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرانی کەرکووک ڕوویان تێ دەکرد، لە ساڵی ١٩٥٣ کۆمەڵێک ڕۆشنبیری کەرکووک بەگەشتێکی ڕۆشنبیری بۆ ناوچەی هەڵەبجە هاتوون، لەوێ وێنەیان کێشاوە و لە کەرکووک پیشانیان داون، بەڵام ئەو وێنانە چییان لێهات؟ ئێمە هیچ زانیارییەکمان لە بارەیانەوە نییە، خۆزگە کەسانێک هەبوونایە و بیانتوانیایە دەربارەی ئەو قۆناغە بنووسن و ئەو تابلۆیانەی کێشراون و ئەو هونەرمەندانەی هاتوونەتە هەڵەبجە و تابلۆیان کێشاوە، یان ئەو هونەرمەندانە کێ

بوونه ساغ بکەنەوە. تا ئێستا تەنیا ئەوەندە دەزانین کە گەشتێکیان بۆ ئەوێ کردووە و لەوێ تابلۆیان کێشاوە و بۆ بنکەی ڕۆشنبیریی بریتانییان هێناونەتەوە، ئەمەش دیسان باکگراوەندێکی ڕۆشنبیریی دیکەیە لەکەرکووک کە کۆمپانیای نەوت توانیویەتی کۆمەڵێک خەڵک پێبگەیەنێت، ئەمەش دەورێکی باشی هەبووە. لایەنێکی تر کە دەوری هەبووە، ئەوە بووە کۆمپانیای نەوت گۆڤاری (العاملون في النفط)ی دەرکردووە، من خۆم لە ڕێگەی گۆڤاری (العاملون في النفط)ەوە پیکاسۆم ناسی. منداڵ بووم ئەو گۆڤارەم دەست دەکەوت، کە بینیم سەیرم کرد وێنە و تابلۆی پیکاسۆی تێدایە، ئەوکاتە زانیم پیکاسۆ چییە و چی کردووە، نەک هەر ئەوە بەڵکو کاری لە کۆمەڵێک شاعیر و نووسەری کەرکووکیش کرد، واتە بەگشتی لە کەرکووک وەک ڕۆشنبیر و بزووتنەوەی ڕۆشنبیرییش کاری خۆی کرد. ئەمانە هەموویان لە باکگراوەندی هزریی ئێمەدا ماونەتەوە، کە کاتی خۆی بڵاو دەبوونەوە کاریان لێمان دەکرد و ڕۆڵی گرنگی خۆیان لە شاری کەرکووکدا گێڕاوە.

**رامان:** پێش ئەوەی بچینە سەر کۆمەڵێک باسو خواسی تر، وتت ئەو قۆناغە بە کاریگەریی مامۆستایەکانتان و ڤانکۆخ و ئەوکەسانە ئیشتان کردووە، هەست دەکەیت لە قۆناغی دووەم خۆت لە کاریگەریی ئەو لاسایی کردنەوەیە ڕاپسکاندبێ و ڕزگار کردبێ؟

**ئاری بابان:** بێ گومان ماوەیەک ئەو قۆناغە لەلام بەردەوام بوو، پێش ساڵی ١٩٧٧ لە بەغدا قوتابی بووم و سەردانی پیشانگاکانم دەکرد، ئەم پیشانگایانە ڕۆڵیان هەبوو لەوەی کۆمەڵێک تابلۆی زیندووی تر ببینم کە لەکەرکووک زەحمەت بوو بیانبینین. ئەو هونەرە لە بەغدا کاریگەرییەکی باشی لەسەرم دانا، کە گەڕامەوە هاتم لە سلێمانی دامەزرام و تێکەڵی کۆمەڵێک هونەرمەند و ئەدیب بووم، کە هەموو یەکتریان ناسی و تێکەڵی یەکتر بووین، ئەمانەش دەورێکی زۆریان لەسەرم هەبوو.

**رامان:** دەکرێت بڵێین قۆناغی دووەمت لە بەغداوە دەستی پێکردووە؟

**ئاری بابان:** نا ئەوە هەر قۆناغی یەکەمە، کە دەتوانم ئەوە ناو بنێم قۆناغی زانیاری، بەتایبەتی خوێندنی خۆم لە بواری زانستی کتێبخانە و بەڵگەنامەدا بوو، ئەمەش دەورێکی زۆری بۆ زانیاری من لە بواری هونەر و کتێبی بواری هونەریدا هەبووە، هەرچەندە پێش ئەوەی بچم بۆ ئەوێ بەردەوام حەزم لە کتێب بووە، وێڕای ئەوەی حەزم لە شانۆش کردووە، واتە لە قۆناغی منداڵیمدا خوێندنەوەم ناسیوە، بۆ نموونە لە پۆلی شەشی سەرەتایی بووم کە یەکەم ڕۆمانم خوێندەوە و زۆر سەرنجمی بۆ جیهانی ڕۆمان ڕاکێشا. ئێستەش لەبیرمە شەشی سەرەتایی بووین بە هاوبەشی من و عەدنانی برام و شەهید ئازاد هەورامی پارەمان کۆکردەوە و بەشەش پەنجایی کتێبێکمان کڕی، ئەو کتێبە لەسەر شۆڕشی کۆیلەکان بوو، کە ئەو کتێبەمان خوێندەوە یەکسەر سەرنجمانی بۆ جیهانی ڕۆمان ڕاکێشا، پێش ئەو ڕۆمانە کاتی خۆی گۆڤارێک هەبوو لە لبنان بەناوی (بساط الريح) دەردەچوو، لەسەرەتای شەستەکاندا پارەمان کۆ دەکردەوە ژمارەکانی ئەو گۆڤارەمان دەکڕی و دەمانخوێندنەوە، ئەوەش زۆر سەرنجی ڕادەکێشاین، تەنانەت لەوێ هەندێک حەکایەتی خۆشی تێدابوو، تابلۆ و وێنەی جوانی تێدابوو، چونکە لەوێ حەکایەتەکانیان بەوێنەوە بڵاودەکردەوە. ئەمانە زۆر سەرنجیان ڕادەکێشام، سیحری کتێب ڕایکێشامە ناو جیهانی وشەوە و دواتر وای لە من کرد بۆ جیهانی وێنە پەل بهاوێم و دەمپرسی ئەم وشەیە چۆن کراوە بە وێنە؟ ئەمە لای من مەسەلەیەکی گرنگ بوو، لەوانەیە ئەوەش بێ وای لێم کردبێ وشە لە لای من لە بواری وێنەدا زۆر کاریگەریی هەبێ، واتە سەیر دەکەیت تا ئێستەش نموونەی بەرزی من نووسەرە گەورەکانە، لەوانە دەستۆیڤسکی، گابریل گارسیا مارکیز، ئەوانە لە بوارەکەدا بەردەوام نموونەی گەورەی من بوون، حەز دەکەم ئەو وێنە جوانانەی دەستۆیڤسکی لە ڕۆمانەکانیدا دروستی کردوون، یان ئەو وێنە جوانانەی گابریل گارسیا مارکیز لە ڕۆمانەکانیدا دروستی کردوون، ئەو وێنانە لای من سەرنجڕاکێشن، بۆیە ئەو وێنانە هەمیشە لای من دێنە ناو جیهانی شێوەکاریمەوە.

**رامان:** بێجگە لەوانەی باست کردن، سەرچاوەکانی تری خۆ ڕۆشنبیرکردنتان چیتر بوون؟

**ئاری بابان:** لە کەرکووک بزاڤی شانۆیی زۆر باش بوو، لە سەرەتای حەفتاکاندا بە تایبەتی لەسەر دەستی سەلمان فائیق جووڵەی تێکەوتبوو. بێ گومان پێشتر شانۆ

هەبوو، سینەماش دەوری زۆری هەبوو و تا ئەم ساتەش سینەما زۆر سەرنجم ڕادەکێشێت و بەدوای ئەم فیلمانەدا دەگەڕێم کە وێنەی جوانیان تێدایە. سینەما لای من هونەرێکە لە هونەرە هەرە گەورەکان کە زۆر هونەری لەناوخۆیدا کۆکردووەتەوە، لە هونەری شێوەکاری، شانۆ، ئەدەب، شیعر، لە هەموویانی وەرگرتووە و تێیدا کۆبووەتەوە، لە فیلمێکی سەرکەوتوودا زۆر جوانیی دەبینیت، هەروەها سوودم لە حیکایەتی میللی و ئەفسانە وەرگرتووە و یەکێک لەو شتانەی تا ئێستاکە زۆر سەرنجم ڕادەکێشێت مەسەلەی ئەفسانەیە، کە لەلای من زۆر گرنگە، بەتایبەتی ئەفسانەی سۆمەرییەکان و ئەفسانەی کوردی.

**ڕامان:** ئەو ئەفسانانە بەگوێگرتن گوێت لێیان بووە، یان دەتخوێندنەوە؟

**ئاری بابان:** ئەوەی گوێم لێ بووبێت زیاتر حیکایەتی میللی بووە، کە دایکم، یان نەنکم، یان کەسانی گەڕەک بۆیان دەگێڕاینەوە، ئەفسانە زیاتر بە خوێندنەوە گوێم لێ بووە، بەتایبەتی هەست دەکەم تا ئێستاکە یەکێک لە نووسینە جوانەکان کە لە بارەی ئەفسانەوە نووسراوە کتێبەکەی (فراس سواح)ـە بەناوی (لوغز عەشتار)، کاتێ ئەو کتێبە دەخوێنمەوە هەست دەکەم تەنیا کتێبێک نییە دەربارەی ئەفسانە، بەڵکو قەسیدەیەکی زۆر جوانە دەربارەی ئەفسانە نووسراوە، بۆیە ئەفسانە زۆر سەرنجی ڕاکێشام و کارێکی وای کرد لەلام ببێتە کۆمەڵێک تابلۆ. قەتیش ناتوانم باکگراوەندی هزریی خۆم لە ڕۆمان جیا بکەمەوە، بەتایبەتی لە قۆناغێکدا کە تۆ خۆشت لەگەڵم بووی و هەندێک جار من ئەو ڕۆمانە چاکانەم لە تۆ وەردەگرت، یان تۆ لە منت وەردەگرت، یەکێک لەوانە دەستۆیڤسکی بوو کە ڕەنگە لەمەشدا هەڵە بم، بەڵام ئەمە هەستێکی ناخی خۆمە، لە ڕۆماندا تا ئێستا تەجاوزی دەستۆیڤسکی نەکراوە، بەتایبەتی لەو مەسەلە دەروونییانەی باسیان لێوە دەکات، هەست دەکەم لەوە دەرچووە تەنیا ڕۆمانی نووسیبێت، بگرە لە دروست کردنی جیهانی دەروونیی کەسایەتییەکاندا هونەرمەندێکی شێوەکاری گەورەشە.

**ڕامان:** هەست دەکەیت خوێندنەوەی دەستۆیڤسکی ئیحا و هزر و بیرۆکەت پێ ببەخشێت؟

**ئاری بابان:** بیرۆکەم پێ دەدات، ئەو قۆناغەی تێپەڕی کە برایانی کارامازۆفم دەخوێندەوە، شتێکی



پێم دەدا، ئێستە شتی تازەم دەداتێ. کاتێ (ئینسانی سیسرکە)ی دەخوێنمەوە هیچ هونەرمەندێکم نەدیوە وەک ئەو بتوانێ بەرگری لە کەسێکی سەلبی بکات، بەڵام ئەو زۆر بەجوانی لەم ڕۆمانەیدا ئەو کەسایەتییەی بەرجەستە کردووە، تۆ هەست دەکەیت ئەو ئینسانە چەند سلبییە و خەڵک ئەزیەت دەدات، کەچی بەهۆی دەستۆیڤسکییەوە ناتوانیت ڕقت لەو کەسایەتییە ببێتەوە و بەدوایدا دەڕۆیت و دەیخوێنیتەوە. دیسان ئەم مەسەلەیە دەمگەڕێنێتەوە بۆ باکگراوەندی هزریی خۆم، دوای ئەوەی گابریل گارسیا مارکیزم خوێندەوە هەستم کرد جیهانی ڕۆمان جیهانێکی زۆر جوانە، هەرچەندە جیهانێکی جوانە و باسی پارچەیەک لە ژیان دەکات، بەڵام لەگەڵ هونەری شێوەکاریدا جیاوازە، چونکە هونەری شێوەکارییش باسی ژیان دەکات و گێڕانەوەی ساتەکانی ژیانە، بەڵام باسی بەشێک لە ژیان دەکات. ئەمانە هەموویان دەوریان لە هاتنە ناو کارە هونەرییەکانی منەوە هەبوو.

**ڕامان:** با بێینە سەر کاریگەریی ڕۆشنبیری و خوێندنەوە، پێم بڵێ بەشێوەیەکی گشتی ڕۆشنبیریی، پاشان ڕۆشنبیریی ئەو بەشەی ئیشی تێدا دەکەیت کە هونەری شێوەکارییە، کاریگەریی ئەو ڕۆشنبیرییە گشتییە و ئەو ڕۆشنبیرییە تایبەتییە چەندە لەسەر کارەکانت دیارە و چۆن ڕەنگی داوەتەوە؟ بۆ نموونە تابلۆی دۆنکیشۆتت کردبوو، مانای ئەوەیە تۆ ئەو ڕۆمانەت خوێندووەتەوە و بەدواداچوونت بۆ کارەکەی سێرڤانتس کردووە، بۆیە کاریگەریی هەبووە؟

**ئاری بابان:** ڕاستە.. یان ڕۆمانی (خۆشەویستی لەسەردەمی کولێرا)ی مارکیز.

**رامـــان:** هەروەها کـــارەکـــانی دەســـتـــۆیڤـــسکی و ڕۆمـانەکـانی ئەندرێ مـالرۆ و هی تر، من سـەرنجم داوە زۆر کەس هەن هونەرمەندی باشن، هونەرمەندی گەورەن و جێ دەستـیـان دیارە، بەڵام باکگراوەندی ڕۆشنبـیـریـیـان زۆر لاوازە، تەنیـا لەژیانیاندا هەوڵیـان داوە ئیش بکەن و فلّچەیان وەشاندووە، تۆ بەرانبەر بە وانە چ دەڵێی؟ هەست ناکـەیت ئەوە لەکـاری داهێناندا، بە تایبـەتی لە بواری هونەری شێـوەکـاریدا ئەمـڕۆ کـەمـوکـورتیـیـەکی گەورەیە؟

**ئاری بابان:** هونەری شـێـوەکـــاری پێــویســـتی بە ڕۆشنبـــیـــریـیـــە، دەبێـت هونەرمـــەند باکگراوەندێکی ڕۆشنبیریی هەبێت، باکگراوەندە ڕۆشنبیـرییەکە کـاری ترت بۆ دروست دەکـات. من لێـرەدا نـەک تـەنیـا ئەو نووسـەرانەی باسم کـردن، تەنانەت کـە ڕۆمـانی (قـدر الأنسـان)ی (ئەندرێ مـالرۆ)م خـوێندەوە، نەمـدەتوانی لێی دەرباز بم تا تابلۆیەک لەلام دروست بوو، لەوانەیە تابلۆکە پێـوەندی بەو کـتـێـبەوە نەبێت، بەڵام خـەیاڵی جووڵاندم شـتێک دروست بکەم. هونەری شێـوەکاری و بوونی ڕۆشنبـیـریی مـوناقـەشەی زۆری دەوێت، ئێـمـە هونەرمـەندمـان هەیە زۆر خـۆڕسکە، بە خـۆڕسکایەتی خۆی کـاردەکات، کـاری جوانیـشی کردووە، هونەرمـەند هەیە ڕۆشنبیرییەکەی زۆر باشە، بەڵام ڕۆشنبیرییەکەی نەبووەتە مـایەی ئەوەی کاری جوانی پێ دروست بکات، دەبینی لە بواری هونەری شـێـــوەکـــاریدا خـــاوەنی ڕۆشنبـــیــــرییـــەکی باشـە، بەڵام نەیتـــوانیـــوە لەناو کـاره هونەرییـەکـەیدا نیـشـانی بدات و ڕەنگی پێ بداتەوە. ڕۆشنبـیـری و ئەزمـوونەی هونەریی، لەگـەڵ خـۆڕسکە هونەرییـەکەی تابلۆی پێ دروست دەکـەی، زۆر گـرینگە شان بە شانی ئەزموون و ڕۆشنبیرییەکەت بەڕێوە بڕۆن، واتە کـە لایەک پشـتگوێ دەخـەیت، لەنگـیــیـەک لە هونەرەکەت دروست دەکات، هەندێک کەس فلّچەیەکی زۆر جوانیـان بەجێ هێشتووە، بەڵام خەیاڵێکی جوانیان نییە. لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیدا شتی زۆر جوانت بۆ دەکـات، بەڵام نەیتـوانیـوە خـۆی پێش بخـات و لەو ئاسـتـەی خـۆیدا مـاوەتەوە. چۆن خـەیاڵی خـۆت فـراوان دەکەیت و باز بەسەر ئاستەکاندا دەدەیت؟ ئەمە دیسان پێویستی بە ڕۆشنبیرییەکە هەیە تا بەسەر قۆناغەکاندا بازت پێ بدات، بۆ ئەوەی تەنیـا لەبواری فـلّـچـەکـەدا نەمێنیتـەوە. منیش قەناعـەتم وایە هونەر ئەوە نییە تۆ چی دەڵێیت، هونەر ئەوەیە چۆنی دەڵێیت. کـەواتە چۆن وتنەکـە ئەوەیە چۆن فـلّـچەکـەت بەکـار دێنیت. زۆرجـار وتراوە دەیان سـەرم لە تابلۆیەکدا بۆ هەڵواسیت، ڕەنگە ئەوە بەشێـوەیەکی هونەریی نەبێ، کەچی دەتوانی وێنەی سـەلکەتوورێکم بۆ بکەی لەسـەر مـێـزێکدا بێ و زۆر جـوانتـر بێ لەو هەزاران سەرەی کـردووتەو بە تابلۆیەکدا هەڵتواسیوە کە هونەر نییە. ئەو سەلکەتوورە هونەریانەی کـــردووتە هەروەک پرتەقـــاڵەکـــانی (ســـیـــزان)ـە، ئەو پرتەقاڵێکی لەسەر مێزێک کردووە هونەرە و جوانە. زۆر هونەرمـــەند تابلۆیەک دەکـــەن چیـــرۆکی دووروودرێژیـان لەپشـتـە، بەڵام بە هونەر دەریـان نەبڕیوە، کـەوایە لێـرەدا هونەرەکە بنەڕەتە، فلّچەکە شان بەشانی ڕۆشنبیرییەکە لایەنێکی سەرەکییە.

**ڕامان:** ئەو ڕۆشنبیرییەی هونەرمەند بەدەستی دەهێنێت دەبێ لەگـەڵ هونەرەکـەیدا هاوسـەنگ ڕاییبگرێت، خـاڵی دووەمیش ئەوەیە، ئەو ڕۆشنبیـرییەی کە وەری دەگرێت و هەرسی دەکات، دەبێ بکرێتە بەشێک لە جیهانبینی و هونەری خۆی، واتە ئەگەر نەیتوانی ئەو ڕۆشنبیرییە لەناو جیهانبینی خۆیدا بتوێنێتەوە، ئەوە بە مانای ئەوەیە ئەو ڕۆشنبیرییە لەگەڵ ئەو جیهانبینییە هونەرییە تەفاعولی نەکـــردووە و نەتوانیـــوە کـــارێکی هونەریی پێ بەرهەم بهێنیت، وەک ئێـســتـا لە پرتەقـاڵەکـەی (سـیـزان)دا ئامـاژەت پێـدا. ئەو هەمـەچەشنیـیـەی لە کـولتـووری کـەرکـوکـدا هەیە، هی ئەوەیە کـۆمـەڵێک نەتەوەی جیـاوازی تێدایە، کۆمـەڵێک کولتووری جیـاواز هەن و پێکەوە ئیـشـیـــان کـــردووە، ئەمـــە چۆن دەبینی و چ کاریگەرییەکی لەسەر کاری هونەریی ئێوەدا داناوە؟

**ئاری بابان:** من ناتوانم هونەری کـەرکـوک لە هونەری شـار و بەشـەکـانی دیکەی کـوردسـتـان جیـا بکەمـەوە، هونەری کەرکووک بەشێکە لە هونەری کوردیی سلێمانی، هەولێر، کەرکووک، دیاربەکر، ئەمانە هەموویان دەڕژێنە ناو یەک ڕووبارەوە، بەڵام هەر شارەو تایبەتمەندیی خۆی هەیە. بەڕای من هونەر لە کەرکووک تایبەتمەندتییـیەکی هەیە، کـــە بۆ باکگراوەندی هزریی هونەرمـــەندەکـــە دەگـــەڕێتـــەوە، یەکـــێـک لەو باکگراوەندە هزریانەی هونەرمـەندی کـەرکـووک ئەوەیە، تۆ لە کـەرکـووک لەگـەڵ چەند نەتەوەیەکدا دەژیت، تورکمان، عەرەب، ئاسووری، ئەرمەنی، ئەمانە هەموویان کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە. هونەرمەندێکی ئەرمەنی، ئاسووری، باکگراوەندی

هزری و کولتووری خۆی هەیە، تورکمان لەوێ کولتووری خۆی هەیە، هونەرمەندی کورد لە کەرکووک مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵێک کولتووردا دەکات، ئینجا لەگەڵ سەرجەم کولتووری کوردیدا مامەڵە دەکات، پاشان لەگەڵ کولتووری تورکمانی، ئاسوری، ئەرمەنی، دەکەوێتە بەخشین و وەرگرتن. کاتێک تۆ لەگەڵ کۆمەڵێک کولتووردا مامەڵەت کرد، کولتوورەکانی تریش دێنە ناو کولتووری تۆوە. لەبەر ئەوەیە ئاسۆی هزریی هونەرمەند لە کەرکووک کراوەترە، زیاتر شت وەردەگرێت، چونکە لەگەڵ خەڵکانێکی تردا ژیاوە و دەژیت. کەواتە کولتووری ئەوانیش دەبێتە بەشێک لە کولتووری ئەو، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرینگە کە لەلای هونەرمەندی کەرکووکدا هەیە. هەر ئەم مەسەلەیەش لە کاتی خۆیدا لە گرووپی کەرکووک زۆر ڕەنگی دایەوە، کاتێک دەبینی تورک و عەرەب و کورد و ئاسووری هەموویان بەیەکەوەن، (سەرگۆن پۆڵس)ێکی مەسیحی و (جان دەمۆ) و (جەلیل قەیسی) و (زوهدی داوودی) و (فازیل عەزاوی) و کۆمەڵێک کەسی کورد و تورکمان و عەرەب بوون. لە چلەکاندا هونەرمەندێکی چەمچەماڵیمان هەبوو لە کەرکووک دەژیا (عەبدوڵڵا)ی ناوبوو.

**ڕامان:** ئەو عەبدوڵڵایە کێ بوو؟

**ئاری بابان:** ئێستە ناوی باوکیم لەخەیاڵ نییە.

**ڕامان:** بەڕاست ئەو کاریگەرییەی گرووپی کەرکووک لەسەر ئێوە چەند بوو؟

**ئاری بابان:** ئێمە بەهۆی خوێندنەوە و بیستنەوە دەمانزانی ئەو گرووپە هەیە، بێ گومان ڕۆشنبیریی زارەکی لەناو خەڵکدا دەوری زۆرە، لە شەستەکاندا ئەو گرووپە هەبووە و کاریگەریشیان هەبوو، هەندێکیان لەژیاندا بوون و مامۆستام بوون، یان هەیانە مامۆستای من نەبووە و لە قوتابخانەیەکی دیکە مامۆستا بووە، بەڵام کاریگەریی لەسەرم هەبووە، هەندێک لەوانە بۆ نموونە جەلیل قەیسی تا ئەم ساڵانە بەردەوام بوو، ئەمانە هەموویان کاریگەرییان هەبوو. سەرەڕای ئەو فرەکولتوورییە لە کەرکووک دەتوانم ئاماژە بە کۆمپانیای نەوت بدەم کە ئەویش دەوری زۆربووە. ئەو کۆمپانیایە تەنیا کۆمپانیایەکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو بەهۆیەوە کۆمەڵێک هونەرمەند و ئەدیب هاتوونەتە کەرکووکەوە، ئەوانە لە ساڵی پەنجا و سێ گەشتێکیان کردووە، ئەو



گەشتەیان لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەنددا کردووە کە لە کۆمپانیای نەوتدا کاریان کردووە، ئینگلیزی و هۆڵەندی و ئەمانەیان لەگەڵدا بووە، کە ئەوکاتە ئەوانە ڕۆڵ و کاریگەری زۆریان لە سازدانی ئەو گەشتەدا هەبووە و لە پەرەپێدان و سەرهەڵدانی هونەر لە کەرکووک کۆمەڵێک ڕۆشنبیریان لەگەڵ بووە، ئەمەش کاریگەریی خۆی هەبووە. شتێکی تر لە کەرکووک هەیە کە بە ڕای من کاریگەریی زۆری هەبووە، ئەویش ئەوەیە کەرکووک ناوەندێکی بازرگانی بووە و خانی زۆری تێدا بووە، ئەو خانانە جێی حەوانەوەی کاروانچییەکان بوون. لە کەرکووکەوە بۆ بەغدا و سلێمانی و سنە و بانە و بۆ شارەکانی دیکەی ئێران دەچوون و دەهاتن و بە کەرکووکدا ڕەت دەبوون، تائێستەش لە کەرکووک ئەو خانانە لە حەسیرەکە و لە ئاخر حوسێن ماون، ئەو خانانە جێی حەوانەوەی خەڵکی کاروانچی بوون. لێرەوە کۆمەڵێک کاروانچی لە شارەکانی ترەوە هاتوونە و شەو لە کەرکووک ماونەتەوە. کاتێک خەڵکیش وەک کاروانچی بمێنێتەوە، ئەوە کولتوورێکی تر لەگەڵی خۆی دێنێ، قسە و حیکایەتی شارەکانی تر لەگەڵ خۆی دێنێ و لەو شارەدا دەیگێڕێتەوە و کاریگەری خۆی دەبێ.

کەواتە کۆمەڵێک حیکایەت و ئەفسانە لەگەڵ ئەوانە هاتوون، لە ڕووی بیناسازییەوە دەبینی بیناسازی سنەییەکان زۆر کاری لەسەر شێوەی بیناسازیی کەرکووک کردووە، کۆمەڵێک وەستای بیناسازی سنە هاتوون و لە کەرکووک نەخشونیگار و ئەو شتانەیان بەجێ هێشتووە، شاگردیان لە کەرکووک هەبووە، بۆ نموونە مزگەوتی (نائیب ئۆغلی) و کۆمەڵێک بینای تر هەن، یان کە دەچیتە گەڕەکی (شاترلو) ئەو کەوان و زەخرەفەیەی لەو گەڕەکەدا دروستیان کردووە، ئەمانە وەک هونەرێک لە کەرکووک بەجێ ماون، بە زۆری ئەوانە لە ڕێگەی کاروانچییانەوە هاتوون کە لەو خانانەدا نیشتەجێ بوون و کولتووری خۆیان بەجێ هێشتووە.

**ڕامان:** ئەی کاریگەریی گۆرانی و مەقامات چی؟

**ئاری بابان:** گۆرانی و مەقاماتیش لەپاڵ هونەرەکانی تر هەبووە، هونەرمەندانی ئەو بوارە دانیشتوون و شەوانە ئەو شوێنانە جێگەی مەقامات و گۆرانی وتن بوونە. دوایی تەکیەی تاڵەبانی لە پاراستنی گۆرانی و مەقامات لە شاری کەرکووک دەورێکی زۆری هەبووە، ئەگەر بۆ مەقامبێژە کۆنەکان بگەڕێینەوە، ئەوە زۆربەی زۆریان لە کەرکووک بوونە و لە تەکیەی (تەڵەبانی) پێگەیشتوونە، ئەم مەقامبێژانەش ژمارەیان زۆرە، ئەمەش بۆ برادەرێکی مەقامبێژ بەجێ دەهێڵم کە زیاتر مێژووەکەی بزانێت و باسی مەقامات و گۆرانی شاری کەرکووک بکات. مەسەلەیەکی تر هەیە کە زۆر بەلامەوە گرینگە، بێ گومان ئەو کاروانچییانەی لە کەرکووک ماونەتەوە، کولتووری خۆیان و مەقاماتی خۆیان و هونەری خۆیان هێناوە و باس کردووە، ئەمانە لە شارەکەدا ماونەتەوە، بەم شێوەیە کەرکووک سەرەڕای ئەوەی خۆی فرە نەتەوە بووە، بۆتە شارێکی فرە کولتووریش. هەروەها دێینە سەر مەسەلەیەکی تر کە ئەویش مەسەلەی هونەری میللییە، هونەری دەستیی بەڕەو جاجم و بوونی ئاوی خاسە و ئاوی زێی بچووکە کە بە (پردێ)دا لەگەڵ ئاوی دوزخورماتوو تێدەپەڕێ، ئەمانە جۆرە لمێکیان لە قەراغ ئاوەکە دروست دەکرد کە هونەری گۆزەگەری پێکهێناوە و ئەم هونەرە تا ئێستاکەش لە پردێ و لە هەندێک شوێنی کەرکووکدا وەک دوزخورماتوو ماوەتەوە، ئەو شوێنانە تا ئەمڕۆش بە پیشەی گۆزەگەری ناسراون و شتی جوان دەکەن، کە ئەوەش دەچێتە بواری هونەری میللییەوە، ئێمە دەمانبینی شێر و باڵندە و شتی لەو جۆرەیان دروست دەکرد، نەخشونیگاری بەڕەو جاجم، ئەمیش دیسان هونەرێکی سەرنجڕاکێشە و لەوێ وەک هونەرێکی میللی هەبووە.

**ڕامان:** زۆرتر چ نەتەوەیەک خەریکی بەڕە و جاجم و پۆپەشمین بووە؟

**ئاری بابان:** زیاتر کورد خەریکی بەڕەو جاجم بووە، چونکە ئەو شتانە پێوەندییان بە ژیانی ئەوەوە هەیە، تا ئیستەش خەڵکێک هەن کە بە جۆڵا ناسراون و خەریکی پیشەی دروستکردنی بەڕەو جاجمن.

**ڕامان:** بەشێوەیەکی گشتی باسێکی کاریگەریی ئەو فرە کولتووری و فرە ڕۆشنبیرییەت لە شاری کەرکووک کرد، کە بەشێکە لە باکگراوەندی هونەریی تۆ، باسی ئەوەشمان کرد خوێندنەوەتان و چاوگەکانی خوێندنەوەی ئێوە چۆن کاریگەریی خۆی بووە، بەڵام وەک من ئاگام لێیە تۆ یەکێکی لەوانەی لەکاتی کارکردندا زۆر گوێ لە مۆسیقاش دەگری، کاریگەریی مۆسیقا لەسەر تۆ چەندە؟ چەند لێیەوە نزیکی و کاریگەری لەسەر هونەری شێوەکاری بەگشتی و هونەری تۆ چۆنە؟

**ئاری بابان:** من بەردەوام گوێ لە مۆسیقا دەگرم، بەڵام لەگەڵ مۆسیقا و گۆرانیدا کێشەیەکم هەبووە، زۆر حەزم لە مۆسیقایە، بە تایبەتی کە تابلۆ دەکێشم بەردەوام گوێ لە مۆسیقا و گۆرانی دەگرم لەبەر ئەوەی خەیاڵی جوانم بۆ دروست دەکات. مۆسیقا کاریگەرییەکی زۆری لەسەرم هەیە، بە تایبەتی کە گوێی لێ دەگرم. منداڵ بووین گوێمان لە سەلاح داودە دەگرت، ئەوسا ئەو چێژەمان لێی نەدەبینی، بەڵام ئێستە کە گوێی لێ دەگرم هەست دەکەم گوێ لە کەلەپوورێک دەگرم، کەلەپوورێک لە مۆسیقا و مەقامات و گۆرانی. ئەو سەردەمە گرنگیی ئەو پیاوەم نەدەزانی، بەڵام ئەمڕۆ ڕۆژبەڕۆژ گرنگی زیاتری پێ دەدەم و زیاتر گوێی لێ دەگرم. هەست دەکەم ئەوانە مامۆستای گەورە بوون و شتی گەورەیان کۆکردۆتەوە و پاراستووە، کەلەپوور و ڕەسەنایەتی لای ئەوانە کۆبووەتەوە.

**ڕامان:** جارێ ئێمە هەر باسی قۆناغی یەکەممان کردووە، تۆ هەست دەکەیت ژینگەی خۆتان و دەوروبەرەکەتان، گەڕەکەکەتان، شارەکەتان، چەند بۆ ئێوە لەبار بووە بۆ ئەوەی کاری هونەریی بکەن، یان ڕووبکەنە ئەو بوارانە تا گوزارشت لە خۆتان بکەن؟ لە ڕێگەی هونەری شێوەکاری، یان لە ڕێگەی شانۆ، ئەو ژینگەیە

چەند بۆتان لەباربووە؟

**ئاری بابان:** سەرەتای حەفتاکان زۆر لەبار بوو، من سەرەتای حەفتاکان بە سەرەتای بزووتنەوەیەکی گەورە لە هونەر و ئەدەبی کوردیدا دادەنێم. حەفتاکان دەوری لە دەرکەوتنی هونەرمەند و ئەدیبی گەورەدا هەبوو. کە باسی شەستەکان دەکەیت، هونەرمەندی شێوەکار هەبووە، بەڵام تاکولوک بوون، لە حەفتاکاندا جۆرە ئازادییەک پەیدا بوو، ئەو ئازادییە وای کرد کۆمەڵێک گۆڤار و کتێبی کوردی بکەوێتە بازاڕەوە و کەشێکی ئازاد دروست ببێ. هەر ئەو کەشە ئازادە وای کرد هونەرمەندی شێوەکار پیشانگای خۆی بکاتەوە. من لەو ماوەیەدا پیشانگای هونەرمەند (ئەحمەد کاکە سوور)م لە سەرەتای حەفتایەکاندا بینی و سەرنجی ڕاکێشام، ئەو بە ئاوی کاری دەکرد، سەردەمی حەفتایەکان نەک تەنیا وەک کاریگەرییەکی کەسیی بەسەر منەوە، بەڵکو بەگشتی کاریگەریی لەسەر هونەر و ئەدەبی کوردیدا بەجێهێشت. ئەو کەشە بوو کە لە هونەر و ئەدەبی کوردیدا بەردەوام بوو و کۆمەڵێک ناوی دروست کرد و خەڵک هاتنە ناوەوە.

**ڕامان:** لە قۆناغی یەکەمدا باسی هەندێ لایەنمان کرد، دەست پێ کردنتان، کاریگەریی مامۆستاکان لەسەرتان، ئەو قۆناغەی لاسایی هونەرمەندی گەورەتان دەکردەوە، کاریگەریی فرە کولتووری و ئەو دەورووبەرەی ئیشتان تێدا کردووە و هانی داون بۆ ئەوەی ڕوو بکەنە ناو دنیای هونەرەوە. کەی قۆناغی دووەم لە کاری ئێوەدا دەستی پێ کردووە؟

**ئاری بابان:** دەتوانم قۆناغی دووەم بۆ دوای حەفتاونۆ بگێڕمەوە. پێشتر تابلۆیەکم کردبوو، لە حەفتا و حەوت لە پیشانگای هونەرمەندانی سلێمانی پێی بەشدار ببووم، وەک هەر کوردێک ئەوکاتە لە کەرکووک دامەزراندن بۆ کورد نەبوو، کە هاتمە سلێمانیدا ئەوکاتە بوو کە کۆلێژی ئاداب بەشی کتێبخانەکانم تەواو کردبوو، بۆیە دەبوایە دابمەزرێم، هاتم لە سلێمانی لە زانکۆی سلێمانی دامەزرام. لەگەڵ هونەرمەندان و ئەدیبانی ئەو شارەدا تێکەڵ بوونێکم پەیداکرد، ئەوسا لە حەفتاکان لە سلێمانی بزووتنەوەیەکی ڕووناکبیریی باش هەبوو، تێکەڵی ئەو بزووتنەوەیە بووم، ئەوە بوو لە حەفتا و نۆ و لە پیشانگای پێنجەمی هونەرمەندانی سلێمانیدا بەتابلۆیەک بەشدار بووم کە کاتی خۆی لە کەرکووک دروستم کردبوو. ئەوەش بۆ ئەو قۆناغە تەعبیرییەی کەرکووکم دەگەڕێتەوە، کە لەسەری بەردەوام بووم. دوای ئەو پیشانگایە و تێکەڵ بوون لەگەڵ ئەو هونەرمەندانە و بینینی تابلۆی زۆر، کۆمەڵێک ئەزموونی تر هاتنە پێشەوە، کە هەستم کرد لەگەڵ چەند ڕەنگێکدا کار دەکەم. لە پێشدا جیهانی ئینتیباعی و ئەو هێڵە تەعبیرییانە لە تابلۆکاندا هەبوو، ئەم جارە کۆمەڵێک ڕەنگی تر و ئەزموونی تر هاتنە پێشەوە و بە ڕەنگی سوور و ڕەش، یان تێکەڵ کردنی ڕەنگی سوور و ڕەش، یان تێکەڵ کردنی لەگەڵ هەندێک ڕەنگی شیندا، جیهانێکم پێ دروست دەکرد، ئەمەش پێی ناڵێم قۆناغ، بەڵکو پێی دەڵێم ئەزموونێکی کورت، کە لە ڕێگەی ئەو ئەزموونەوە چەندین کارم دروست کرد، ئەو کارانە بوونە بنەمایەک و لە تابلۆیەکدا کە لە هەشتاکاندا دیسان لە شەشەمین پیشانگای هونەرمەندانی سلێمانی پیشاندرا، ئەویش تابلۆی ماچەکە بوو، کە دوو کەسی باریک و درێژ لە ڕێگەی ماچێکەوە بەیەک دەگەن، هەستم کرد ئەو تابلۆیەم سەرەتایەکە بۆ دروستکردنی ئەو جیهانە و ئەو ئاسمانەی لەو تابلۆیەدا دروستم کردبوو.

**ڕامان:** من لەنزیکەوە ئاگام لە ئیشەکانت بووە، کاریگەریی ئەوکەسە باریک و درێژانەت لە قۆناغی یەکەم لە محەمەد عارفەوە وەرگرت، یان لە سوریالییەکان و لە دالی و ئەوان، یان لە جیاکۆمیتی، یان کێی تر بووە؟

**ئاری بابان:** دەتوانم بڵێم ئەمانە کاریگەریی پەیکەرەکانی جیاکۆمیتین کە تا ئەم ساتە زۆر حەزم لێیانە، جیهانی ئەلجریکۆ کە تابلۆی، یان وێنەی مەسیحی بەو شێوە باریک و درێژانە دەکێشا، جیهانی دالی و جیهانی تایبەتی خۆم سەرنجیان ڕاکێشام، کاتی خۆی تابلۆیەکم کرد کە تا ئێستەش ماوەمە، دیسانەوە بەیەک گەیشتنی دوو کەسە لە دوو لەشی باریک و درێژدا کە جلی کوردییان لەبەرە. ڕەنگە ئەمە کاریگەریی جیهانی محەمەد عارفی بەسەرەوە بووبێ. بەڕای من ئەم کاریگەرییانە هەموویان تێکەڵی یەکتری بوون، خۆشت دەبێ حەزت لە جیهانێک بێ بۆ ئەوەی ئەو جیهانە سەرنجت ڕابکێشێ، واتە من خۆم حەزم لەو جیهانە بوو، هەستم کرد جیهانێک هەیە سەرنجم بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، ئەوکەسە باریک و درێژانە سەرنجیان ڕادەکێشام، یەکەم جار لە تابلۆ ئینتیباعییەکاندا کەسانی

باریک و درێژ هەن، نەک هەر تەنیا لەو قۆناغەدا، بگرە ئەمە هاتە ناو قۆناغی دواتریشمەوە. لە حەفتاوچواردا تەواو بەم شێوەیە کارم کردووە و تابلۆکانم کەسانی باریک و درێژیان تێدایە، ئەوکاتە هێشتا جیهانی جیاکۆمیتی و ئەوانەم نەدۆزیبووەوە، بەڵام کە بینیم ئەمە لای ئەوانیش و لای کۆمەڵێک هونەرمەندی دیکەش هەیە، بە ئاسانی وەرم گرت. لە حەفتاو دوودا تابلۆم بەناوی (بەرەو خۆر) هەیە، تەنانەت ئەوکاتە نەمدەزانی جیاکۆمیتی کێیە، دالی کێیە، کەچی کەسەکانم بە بارێک و درێژی ڕەسم کردووە.

**ڕامان:** ئێستا چەند هەست دەکەی ئەو تابلۆیانەی دروستیان دەکەیت خۆتی؟ واتە کاریگەریی ئەوانت لەسەر نەماوە؟

**ئاری بابان:** وای دەبینم ئەو کەسە باریک و درێژانە و ئەو ئاسمانە، من خۆمم تابلۆ دەکێشم.

**ڕامان:** پێت وایە ئەو کاریگەرییانە نەمابن و لە کارەکانی دواترتدا زەق نەبن؟

**ئاری بابان:** هەست دەکەم جیهانی خۆمە، هەم جیهانی ڕۆشنبیری، کولتووری، هزری خۆمە. بۆ نموونە کە دێم وێنەی عەشتار دەکێشم، خەیاڵی لای من ئەوەیە عەشتار چیم لەلا دروست دەکات، عەشتەرووت کە لە ئەفسانەدا هەیە لە هەندێک تابلۆمدا ڕەنگی داوەتەوە. ژنەکانم هێناوە و عەشتارم پێ دروست کردووە، چەندە عەشتار لە ئەفسانەدا خەیاڵ دەبزوێنێ، هێندە ئەو خەیاڵە بۆ ئەو کارە باریک و درێژانە دەمبزوێنێ، کە بەو شێوەیە لە قەڵای کەرکووک باریک و درێژ بووە. دەبێ ئەوەش بڵێین قەڵای کەرکووک پەرستگایەکی تێدا بووە کە پەرستگای عەشتەرووت بووە، کاتی خۆی پەرستگای عەشتار بووە و لە قەڵای کەرکووک پەرستراوە. کە وێنەی دەکێشم بەو باریک و درێژییە وێنای دەکەم، ئەمە بۆ جۆری تەسەوری خۆم بۆ ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە، بۆیە هەست دەکەم ئەو جیهانە، جیهانی منە.

**ڕامان:** هەر لەسەرەتاوە ئەو هەستەت هەبووە؟ لە سەرەتاوە ئەو ئەزموونەی ئێستەکانت، فیگەری ئینسانەکانت بەو شێوەیە بوون؟ یان هەستت دەکرد بەو خەیاڵەی خۆت دەیانکەیت و دواتر پێت زانیبێ ئەو کاریگەرییانەی لەسەرتان هەبووە و ئێستا نەمابێ؟

**ئاری بابان:** زۆر شت هەیە، ڕاستە دواتر هەستم بەمە کرد. یەکێک لەوانە ئەو تابلۆیەی بۆتم باس کرد و لە پیشانگای شەشەمی هونەرمەندانی (سلێمانی)دا دوو کەسی درێژ لە ئاسمانێکدان، سەرەتا نەمدەزانی ئەو ئاسمانە چییە، دەمزانی زۆر بایەخ بە ئاسمان دەدەم، ئاسمانم دەکرد و تا ئێستاش ڕەنگی زەرد و سوورە و لە مۆرەوە دەستم پێ کرد، ئاسمانێکی فراوان، ئەو ئاسمانەی لای خۆم دەمکێشاو ئەوەی مەبەستم بوو دەربڕینی ناخ و خودی کەسەکە بوو، گریمان کەسەکەم وەک کەس، یان وەک کارەکتەرێک لە جووڵەیەکی تایبەتیدا دروست کردووە، بەڵام لە ئاسمانێکی ئاڵۆزدا دروستم دەکرد، نهێنی ئەو ئاسمانەم زۆر درەنگ دۆزییەوە، ئەویش لە ئاکامی موناقەشەکردنێکی زۆر بوو لەگەڵ برادەران، قسەکردن دەوری زۆرە، ئەو ئاسمانەم کە دروست کرد لەو تابلۆیە و لە چەندین تابلۆی دیدا لەگەڵی ڕۆیشتم. زۆر حەزم لە ئاسمان بوو، کارەکتەرێکم دروست دەکرد لە سەرەتای تابلۆکەوە تا کۆتاییەکەی ئاسمان بوو، کارەکتەرێک لەناو ئەو ئاسمانەدا دەجووڵایەوە، ئاسمانەکە لای من باری دەروونی کەسەکە بوو. دیسان دێمەوە سەر ئەوە و دەڵێم ڕەنگە ئەوە کاریگەریی دەستوێفسکی بێ، کە بایەخی بەباری دەروونی مرۆڤەکانی دەدا، تا لە ڕەسم کردندا بایەخ بە باری دەروونی کەسەکە بدەم، کە ئەوە لە بایەخدان بە جووڵەی ئاسمانەکەیەوە دەردەکەوێ. کاتێ باسی مردن دەکەم، زۆرجار ئاسمانێکی دراماتیکی، تراژیدی دروست دەکەم.

**ڕامان:** ڕەنگەکانیش لەو فەزاو بۆشاییەدا زۆر هێمایان دەردەبڕی، بەڵام نەتدەزانی ئەوە لە چییەوە هاتووە؟

**ئاری بابان:** زۆرجار منیش پرسیارم دەکرد ئەو ئاسمانە لە چییەوە هاتووە؟ زۆر درەنگ ئەمەم بۆ دەرکەوت. منداڵ بووم لە کەرکووک کە لە سەربان دەخەوتین، کاتێ سەیری ئاسمانەکەمان دەکرد دوو ئاگری گەورەی بابەگورگوڕ، ئاگرێک لەم بەرەوە و ئاگرێک لەلای شۆڕیجەوە لەلای جەبەل بۆرەوە دەهات. ئەم دوو ئاگرە لە ئێوارەوە ئاسمانی کەرکووکیان ڕەنگ باران دەکرد، ئەو ڕەنگە پرتەقاڵییە دەبوو بە ڕەنگێکی مۆر، پاشان دەبووە پەمەیی، هێواش هێواش تۆخ دەبووەوە، هەموو ڕەنگەکان لەو ئاسمانەدا هەبوون. ئەوکاتانە زۆر سەیری ئەو ئاسمانەم دەکرد، دوایی بیرم کەوتەوە من چەندین شەو بەدیار ئەو ئاسمانەوە دانیشتووم و سەیری ئەو ئاسمانە جوانەم کردووە. ئەو ئاسمانە تەنانەت بەڕۆژیش کە سەیری دەکەیت دەبینی لە دوو لاوە ڕەنگ دروست

دەکات، درەنگ بۆم دەرکەوت کە ئەم ئاسمانە لەناخمدا، لە نەستمدا ماوەتەوە، دوایی بووەتە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە لە نەستمدا سەرهەڵبداتەوە. کە سەیری ئاسمان دەکەم بۆ ئەوەی ئەو ڕەنگانە ببینم، لە ئاسماندا یادەوەری منداڵیی لە قووڵکردنەوەی ئەزموونێک کە تۆ لەگەڵی هاتووی، کاریگەریی خۆی هەیە.

**ڕامان:** ئەو کەرەستانەی کاریان پێ دەکەیت چی و چین؟

**ئاری بابان:** لە قۆناغێکدا بە چەقۆ کارم دەکرد، ئێستا بە فڵچە و ڕەنگ کار دەکەم. کاری ئاوی لەسەر کاغەز دەکەم، بەڵام کەمتر کاری ئاوی و پاستیل دەکەم. ئەوسا حەزم نەدەکرد بە ڕەمەکی و خۆرسکی تابلۆ بکێشم، هەر تابلۆیەکم دەکێشا پێشتر هێڵکاریم بۆ دەکرد و دوایی بە ئاوی کارم لەسەر دەکرد، ئێستاش کاری پاستیلەکانم ماون، بە پاستیل کارم کردووە، زۆرجار ئاوییەکانم دەهێشتنەوە و دامدەنان، ئینجا هێڵکاریم بۆ دەکردن، کە هێڵکاریم دەکرد، ئینجا دەهاتم لەسەر تابلۆکە جێبەجێم دەکردن. ئێستەش هەندێک لەو هێڵکاری و ئاوییانەم ماون، جوانیی خۆیان هەیە و وەک تابلۆ هەڵم گرتوون، یان دوایی بوونەتە تابلۆی زەیتی، کە بووشە بە تابلۆیەکی زەیتی کاری زۆرم تێدا کردوون، دیسان لەکاتی کارەکەدا گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، ئەمەش بەلای منەوە حاڵەتێکی زۆر سروشتییە و خەیاڵت دەبزوێنێ و ئەو ڕەنگانە شتی ترت بە بیر دەهێنێتەوە، کەواتە لای من تابلۆکێشان بەردەوام لێکۆڵینەوەیەکی ورد بووە و بەکۆمەڵێک کەرەستە کردوومە، دوایی ئەوەم لەسەر تابلۆیەکی زەیتی بە زەیت جێبەجێ کردووە، ئەمە وای کردووە تابلۆی قەبارە گەورە بکێشم، چونکە پێشتر بەجوانی لێم کۆڵیوەتەوە، بۆیە بەردەوام خۆم لە تابلۆی گەورە دەدا. تابلۆکانم بەو شێوەیە دروستم کردوون، بەردەوامیش کۆمەڵێک کەرەستەی جۆراو جۆرم تێدا بەکارهێناون، بەڵام ئەگەر بۆ قۆناغی ئێستا بێمەوە، ئێستا جیاوازە و ماوەیەکی زۆرە تەنیا بە چەقۆ تابلۆ دەکێشم و دوای فڵچە گەڕاومەتەوە سەر چەقۆ و بۆ ئەو چەقۆیەش سوودم لە سێ قۆناغ بینیوە، کە کارم تێدا کردووە و ئەزموونم کردووە. دێم ئیشەکە لە خەیاڵی خۆمدا چڕ دەکەمەوە و یەکسەر بەو چەقۆیە دەچمە سەر تابلۆکە و کاری پێ دەکەم.

**ڕامان:** با باسی قۆناغی سێیەمت بکەین، ئەم قۆناغە لە چ ساڵێکەوە دەستی پێ کردووە؟

**ئاری بابان:** ئەو قۆناغەی باسی دەکەم دوای تابلۆی (ماچەکان)ەوە دێت کە قۆناغی سەرەکی کاری من بووە.

**ڕامان:** مەبەستت ساڵی چەند دەستی پێکردووە؟

**ئاری بابان:** لە هەشتاو شەش بە تابلۆی ماچەکە و لەشە درێژەکان دەستی پێکرد، بەڵام تەنیا لەسەر ئەو تابلۆیە نەوەستاو، بەڵکو لەلام بوو بە ستایلێکی سەرەکی، چونکە زۆر ئەزموونم لەسەر کرد، هەموو تابلۆکانم لە نەوەدەکانەوە تا کۆتایی دوو هەزاریش کە ئیشم لەسەر کردووە، لەسەر ئەو ستایلە بەردەوام بوومە و هەر ئەو ستایلە کۆمەڵێک کاری تری بەدوای خۆیەوە هێنا، لەوەوە پێم دەڵێن هونەرمەندێکی سریالییە، لەبەر ئەوەی لەو قۆناغەدا ئەو ئاسمانە و ئەو لەشە باریک و درێژانە هاتن و بەردەوام بووم لەسەریان و بەدەیان تابلۆم پێ دروست کرد، بۆیە ئەو قۆناغە لەلای من قۆناغی ئەزموونی ڕەنگ بوو، چونکە لە ئاسمانەکەدا بوارێکی زۆر هەبوو بۆ ئەوەی بتوانم کار لەسەر ڕەنگ بکەم، هەروەها قۆناغێک بوو تێیدا توانیم یاری بە جەستەی ئینسان بکەم، چونکە لە ئینسانە باریک و درێژەکاندا پێویستی نەدەکرد تۆ خۆت بە توێکارییەکی ڕووتوقووتەوە ببەستیتەوە، من لە ڕێگەی ئەو دەست و قاچ و لەشە باریکانەوە یاریم بە توێکاری دەکرد. ئەو قۆناغە زۆری خایاند و تا ئێستاش بە دەوڵەمەندترین قۆناغی خۆمی دەزانم، چونکە قۆناغێکی پڕ کار و بەرهەم بوو. قۆناغێک بوو ڕۆژانە کاری خۆم لەسەر دەکرد، هەندێک شت هەن قازانجیان هەیە، مانەوەم لە ماڵ و لە مەرسەمەکەمدا کە زۆرجار دەرنەدەچوومە دەرەوە و تەنیا کارم دەکرد، ئەوەش بۆ من قۆناغێکی زۆر دەوڵەمەند بوو، کە توانیم کۆمەڵێک کاری هونەریی بکەم و چەندین پیشانگای تایبەتی بۆ ئەو کارانەم بکەمەوە. نەک تەنیا بۆ ئەو کارانەی خۆم، بەڵکو هەندێک جار ڕێکخەری هەندێک پیشانگاش بووم، وەک پیشانگای یەکەمی هونەرمەندانی کەرکووک، کە خۆم چووم لە کەرکووک ماڵ بەماڵ گەڕام و تابلۆی هونەرمەندانم کۆکردەوە و لەگەڵ تابلۆکانی خۆم پیشانگای یەکەمی هونەرمەندانی کەرکووکم پێکهێنا.

**ڕامان:** ئەمە ساڵی چەند بوو؟

**ئاری بابان:** لە ساڵی ١٩٨٢ ئەو پیشانگایە ساز کرا.

**ڕامان:** ئەو ماوەیەش سەربازی هەڵاتوو بوویت؟

**ئاری بابان:** ئەو سەردەمەی ژیانم دەوڵەمەندترین قۆناغی ژیانی هونەریم بوو.

**ڕامان:** ئەو کاریگەرییە چۆنە، هەندێک باسی ئەوەمان بۆ بکە؟

**ئاری بابان:** دەتوانم بڵێم ئەو ماوەیە دەوڵەمەندترین ماوە بووە لە ژیانمدا، نەک تەنیا ماوەیەک بێ بڵێین خۆم شاردبێتەوە، بەڵکو سەردەمی تێکەڵاو بوونم بوو لەگەڵ هونەرمەند و ئەدیب و کۆمەڵێک کەسانی دیکە. بۆ نموونە لەو ماوەیەدا خۆت بەردەوام دەهاتیتە ماڵەوە و موناقەشە و دەمەتەقێ و گفتوگۆی بەردەوامان بوو لەسەر شیعر و ئەدەب، یان من دەهاتم بۆ ماڵی ئێوە و شەوان تا درەنگ دادەنیشتین باسی ئەو مەسەلانەمان دەکرد، دیسانەوە لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەند تێکەڵاوبوونێک دروست بوو. دەتوانم بڵێم ئەو ماوەیە بۆ من دەوڵەمەندترین ماوە بوو لەوەی توانیمان لەماڵەوە خۆمان بۆ کاری هونەریی تەرخان بکەین. هەرگیز ئەوکاتەم لەبیر ناچێتەوە کە کیمیابارانی هەڵەبجە بوو، من و هونەرمەند (سوعاد ستار) بەیەکەوە لە ماڵی ئێمە دانیشتین و بڕیارماندا هەر یەکەمان تابلۆیەک بۆ هەڵەبجە بکێشین. من تابلۆیەکم بۆ هەڵەبجە کرد، ئەویش تابلۆیەکی بۆ هەڵەبجە کرد. دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٨٨، پیشانگایەکمان لە بینایەی (دەبۆکە) کردەوە و ئەو دوو تابلۆیەشمان تێدا پیشاندا. من ئەو پیشانگایە بە کۆکردنەوەی قۆناغی سێیەم دادەنێم، لەو پیشانگایەدا ئەو لەشە باریک و درێژانە زۆر جوان لەلای من ڕەنگی دایەوە، تەنانەت (سوعاد ستار)یش لەو پیشانگایەدا ڕێبازی کارەکەی کە پەڕۆی دڕاو و دوورین و شتی وابوو بە دەرکەوت. ئەو پیشانگایە کاریگەرییەکی زۆری لە دوای خۆیەوە بەجێ هێشت. دوای ئەو پیشانگایەش ئەو ڕێباز و شێوەی کارکردن و ستایلەم لەلا مایەوە و بەردەوام بووم لەسەری و تا دوو هەزاریش هەر درێژەم پێدا و هەر کارم لەسەر کرد، چونکە هەستم دەکرد نزیکترین قۆناغ بۆ من ئەو قۆناغەیە، نزیکترین قۆناغ بۆ من لەو لەشانە، لەو ئاسمانە، لەو لێکۆڵینەوەیەدا بوو کە کاتی خۆی بە کاوەخۆ لەماڵەوە دانیشتوومە و ئیشم بۆ کردووە و لە هیچ تابلۆیەکدا پەلەم نەکردووە، بۆ نموونە تابلۆیەکم هەیە کە تێکەڵاو بوونی ڕەگەکانە، ئەوەی ئێستا لە قاتی خوارەوەی کتێبخانەی گشتییە، شەش مانگ کارم تێدا کردووە. کە دەڵێم شەش مانگ، مەرج نییە هەموو ڕۆژێک کارم تێدا کردبێ، بەڵام بەردەوام لەبەرچاوم بووە، هەر ڕۆژە و شتێکم خستووەتە سەری، کارکردنی شەش مانگ، تابلۆیەکی لێ بەرهەم هات. ئێمە بەو شێوەیە کارمان دەکرد.

**ڕامان:** بەپێی ئەو کاروانە و ئەو ساڵانی دووردرێژی ئیش کردنەت تێبینیم کردووە بەرهەمت کەمە، لەسەرخۆ و زۆر بەهێوری کار دەکەیت، واتە لە ئیش کردندا پەلە پەل ناکەیت، هۆی ئەمە چییە؟

**ئاری بابان:** لەو قۆناغەدا تابلۆی وام هەیە شەش مانگ پێیەوە خەریک بووم، تابلۆم هەیە بە مانگ تەنیا لێیم کۆڵیوەتەوە، دانیشتووم چەندین جار نەخشەم بۆ داڕشتووە، چونکە من حەزم نەدەکرد خۆڕسکانە و یەکسەر بچم تابلۆکە بکێشم، حەزم دەکرد لە تابلۆیەکدا تەنیا دیمەنێکی جوان دروست نەکەم، حەزم دەکرد کێشانی دیمەنێکی جوان، دارێکی جوان، سروشتێکی جوان، بۆ هونەرمەندێکی تر بەجێ بێڵم، هونەرمەند هەیە بەو شێوەیە شتی زۆر جوان دەکات، دەچم سەیری دەکەم و چێژی لێوەردەگرم، بەڵام من شتێکی ترم لەخەیاڵدا بوو، ئەویش بۆ ئەوەی شایەتی سەردەمی خۆم بم و بتوانم ئەفسانە و ڕووداوەکانی سەردەمی خۆم بیهێنمە ناو تابلۆکانمەوە، بەو شێوەیە کارم کردووە و ئەوە کاری من بووە.

**ڕامان:** لەناو کارەکانی تۆدا مێژوو و سیاسەت ڕەنگدانەوەیان هەیە، دەمەوێت باسێکی ئەوەم بۆ بکەیت ئەو مێژوو و سیاسەتە چەند کاریگەریی لەسەر ئەو کارانەی تۆ بەجێ هێشتووە؟ ئایا هەست ناکەیت ئەوە بەزەقی لەناو ئیشەکانتدا ڕەنگییان دابێتەوە؟ تۆ چەند هونەریانە و ناڕاستەوخۆ مامەڵەت لەگەڵیاندا کردووە؟

**ئاری بابان:** سیاسەت وەک ئایدیۆلۆژیا نا، سیاسەت وەک ڕووداو و وەک ئەو کارەساتانەی ڕوویان داوە، زۆرجار لە ئیشەکانمدا ڕەنگیان داوەتەوە، سەیر ئەوەیە من کارەساتەکان خۆیانم نەبینیوە، بەڵام زۆربەی ئەو کارەساتانەم لە ئەفسانەدا دۆزیوەتەوە.

**ڕامان:** درەختەکانیشت هەموویان هەڵگری دەلالەتی مێژوویین.

**ئاری بابان:** ڕاستە.. زۆرجار درەختم کردووە، درەختەکەم وەک ژنێکی سک پڕ بووە. درەختم کردووە کە ئێمە بەژێریدا تێپەڕین، ئەو درەختە شایەتی ئەوەیە ئێمە چ کارەساتێکمان بینیوە و چ مێژوویەکمان

گوزەراندووە. ئەو درەختە لەو ساتەدا شایەتێکی مێژووییە، چونکە تۆ دەبینیٚ کە بە ژێریدا تێدەپەڕی، بۆیە سیاسەت وەک ڕووداو لای من ڕۆڵی خۆی هەبووە، ئەو ڕووداوانەی دروستی کردوون و چوونەتە بواری مێژووەوە، ئەو زۆرجار ئەو مێژوو و ڕووداوانە بەهۆی ڕۆمانێک، ئەفسانەیەک، لە حیکایەتێکی میللیدا لای من ڕەنگی داوەتەوە. لێرەدا تەنیا نموونەیەک دێنمەوە (خۆشەویستی لە باخچەی مەرگ)دا کە ناوونیشانی تابلۆیەکمە، دوو خۆشەویستی باوەشیان بەیەکدا کردووە، لە پشتەوە کۆمەڵێک خەڵک بە تفەنگ سێرەیان لیٚ گرتوون و کردوویانەتە نیشانەی خۆیان تا نەیانهێڵن، ئەم خۆشەویستییە لە باخچەی مەرگدا وەک حیکایەت لە دایکم گوێم لیٚ بووە، کە دوو خۆشەویست هەبوون بەیەکدی نەگەیشتوون، کاتێک چوونەتە دێیەکی تر، لەویٚ هەردووکیان دراونەتە بەر گوللە و کوشتوویانن. ئەمەم بیستووە و ڕووداوێکی واش لە هەشتاکاندا لای ئێمە هەبووە و لە دێیەکانی کوردستاندا ڕووی داوە، کە بەهۆی سیاسەتەوە کوژراون، دیسان ئەم ڕووداوە مێژووییە، ئەم حیکایەتە میللییە لەلای دایکم هەبوو. ڕووداوە مێژووییەکەش وەک ڕووداوێکی مێژوویی- کۆمەڵایەتی لە دێیەکانی کوردستان لە هەشتاکاندا ڕوویداوە. ئەمە هەمووی لای من کۆبووەوە و بوو بە تابلۆیەک کە خۆشەویستی لەم سەردەمەدا کە سەردەمی چەقۆبارینە، چی لیٚ بەسەر دێت؟ تابلۆی (خۆشەویستی لە باخچەی مەرگدا) لە حەفتاکان دروستم کرد، بەڵام لە نەوەدەکانیش جارێکی دی بە (خۆشەویستی لە زەمەنی چەقۆ باریندا) لەلام دروست بووەوە. هەمان تابلۆ بەهۆی ڕووداوێکی دیکەوە لەلام دووبارە بووەوە، کە ڕووداوێکی مێژوویی- کۆمەڵایەتییە، بەڵام حیکایەتێکی میللیش بە مەدلوولێکی نوێوە هاتە ناو تابلۆکەوە، کە مەدلوولی مانەوەی بەرائەتە.. ئایا بەرائەت چەندە لە ناوماندا دەمێنێت و بۆ نامێنێت؟ ئەم جارە بە مانەوەی بەرائەت هاتە ناو هونەرەکەم، بەڵام لەکاتی خۆیدا بە مەبەستێکی تر هاتە ناوهونەرەکەمەوە.

**ڕامان:** هەست ناکەیت لە ڕەوتی کارکردنی خۆتدا، لە سەرەتاوە تا ئێستا زۆرجار ناوەڕۆک لەناو تابلۆیەکانتدا زەقترە لە فۆڕمە هونەرییەکەی، بەمەش لە زمانی تابلۆیەکی هونەریی دەردەچێت، هەندیٚ جار نەخشەڕێژیی بیرۆکەیەکە و لە پۆستەر نزیک دەبێتەوە؟

**ئاری بابان:** من هەست دەکەم زۆر زۆر لە جیهانی پۆستەرەوە دوورم.

**ڕامان:** بەڵام لە هەندێک تابلۆتدا ناوەڕۆک لەلای تۆ زۆر زەق کراوەتەوە و لایەنە هونەرییەکە کراوەتە قوربانی ناوەڕۆک و بیرۆکەکەی.

**ئاری بابان:** ڕەنگە.. دەبێت لە هەندێک تابلۆدا وابیٚ، هەندێک تابلۆم هەیە کە لە حەفتاکاندا کێشاومن، تەنیا بیرۆکە بوونە، ئەوە هی قۆناغی خۆی بووە و بەسەرچوو، بەڵام لە قۆناغی سێیەمدا کە ستایلی خۆمە و نزیکترین قۆناغە لە خۆم، پەنام بردووەتە بەر گێڕانەوە و ئەفسانە و حیکایەتی میللی و مێژوو و ئەو کارەساتانەی سیاسەت بە جێیان دەهێڵیٚ.

**ڕامان:** لەو حاڵەتەدا دەبیٚ دەلالەت و مانایەکان ببنە ڕەنگ و هێما.

**ئاری بابان:** ڕاستە.. دەبیٚ تەرجەمەکردنێکی ئەوانە بن بە ڕەنگ، یان بە گێڕانەوە. لەو قۆناغەدا زۆر بە کاوەخۆ ئیش دەکەم، جار بووە بە مانگ لە تابلۆیەکم کۆڵیوەتەوە، هەستم دەکرد من دەمەوێت شێوازی ئیش کردنم لە مەرسەمەکەمدا، بە فڵچە و ڕەنگ، شان بەشانی بابەتەکە بڕوات. کەواتە تەنیا بایەخ بە بابەتەکە نادریٚ، بەڵکو کاتێک وەک هونەر کار دەکەیت، دەبیٚ لەگەڵ بیرۆکەکەدا جۆرە هاوسەنگییەکی بدەیتیٚ و هیچی بەسەردا زاڵ نەبیٚ، چونکە من لەگەڵ ئەوەشدا نیم تەنیا جیهانە هونەرییەکەی بەسەردا زاڵ بیٚ و جیهانە بابەتییەکە بمریٚ. ئەوە لای من هەیە و شتێکی ئاساییە، هەر خۆشم بەوە سەرسامم. ئەمە ئەو گفتوگۆیەمان لەلا دروست دەکات، کە لە لای شوپنهاوەر بیرۆکەیەکی فەلسەفی زۆر قووڵی لە مەڕ هونەر خستووەتەوە. ئەو دەڵیٚ دەبیٚ هەموو هونەرێک بەرەو مۆسیقا بڕوات، لەبەر ئەوەی مۆسیقا هونەرێکی موجەڕەدە. ئایا بیرۆکەی شوپنهاوەر چەندە لای من پەسەندە؟ چەندێک لای کەسانی تر پەسندە؟ ئەم بیرۆکەیەی ئەو خستییە ڕوو، لە بەرانبەردا کۆمەڵێک فەیلەسوفی تر هەن کە بیروڕای تریان هەیە. بۆ نموونە لای من ئەلبێر کامو بیرۆکەیەکی جوانی هەیە کە دەڵیٚ هونەری هەڵکۆڵین لە هەموو هونەرەکان بەرزترە، لەبەر ئەوەی هونەری هەڵکۆڵین سیٚ مەودای هەیە و فەزایەک دەگرێتەوە، بۆیە لە هەموو هونەرەکانی دیکە جوانترە و هەموویان لاسایی ئەو هونەرە دەکەنەوە. ئەمە بیرۆکەیەکی ترە و لەوەی

شوپنهاوەر جیاوازە. کەوابێ بۆچی قسەکەی شوپنهاوەر بکەمە پێوەرێک کە هەر دەبێ هونەر بەرەو تەجرید بڕوات؟ من دەڵێم نابێ هونەر بەرەو تەجرید بڕوات. بەڕای من هونەر زیاتر بەرەو جیهانبینی هونەریی دەڕوات، ئەمڕۆکە هەر کەسێک بە جیهانبینی هونەریی خۆی کار دەکات، نەک هونەر بەرەو تەجرید بڕوات. ئەگەر هونەر بەرەو تەجرید بڕوات، کەواتە هونەری تەجریدی کۆتایی هونەرە، هەر شتێک کۆتایی بێ، مردنی هەیە، ئایا هونەر مردنی هەیە؟ من دەڵێم هونەر بەرهەمێکی ئینسانییە، تا ئینسان هەبێ هونەر دەمێنێ. کەواتە هەر هونەرمەندێک بۆ بینینی جیهان، جیهانبینییەکی تایبەتی خۆی هەیە.

**ڕامان:** لێرەدا دوو بیروڕا دێنە پێشەوە، یەکێکیان ئەوەیە کە هونەری تەجرید لای تۆ نەمر نییە، دووەمیان ئەوەیە تۆ پێت وا نییە هونەرمەندی تەجریدی گەورەش هەبن خاوەنی جیهانبینی خۆیان بن؟

**ئاری بابان:** هەروەک هونەرمەندی گەورەی تەجریدی هەن خاوەنی جیهانبینی خۆیانن، هونەرمەندی گەورەی دیکەش هەن خاوەنی جیهانبینی خۆیان بن.

**ڕامان:** لێرەدا نابێ هونەری تەجریدی بە شێوەیەکی ڕەها ڕەت بکەینەوە.

**ئاری بابان:** ڕەتم نەکردووەتەوە، بە پێچەوانەوە من دەڵێم هونەرێکی زۆر گەورەیە، بەڵام دەڵێم هونەر کۆتایی نییە. واتە نابێ هەموو هونەرێک هەوڵ بدا بە هونەری تەجرید بگاتەوە. هونەری تەجرید هونەرێکی زۆر گەورەیە، من یەکێکم لەو هونەرمەندانەی کە بەو هونەرە سەرسامم و سەیری دەکەم، بەڵام شان بە شانی هونەری تەجرید هونەری دیکەش هەیە. بۆ نموونە هەندێک لە هونەرمەندان دەڵێن مادام ئەمڕۆ کامێرا هەیە و وێنە دەگرێت، پێویستت بە لاسایی کردنەوەی سروشت نییە، من شتێکی تر دەڵێم.. دەڵێم ئەمڕۆکە میکرۆسکۆب هەیە، کە بەشەکانی شتەکانت بە وردیی بۆ دەردەخات، بەشەکانی شتەکانیش دەتوانێ گەورە بکاتەوە و ببێتە هونەری تەجریدیی ڕووت. کە بەشەکانی خانە گەورە بکەیتەوە، دەڵێی تابلۆیەکی تەجریدییە، زۆر هونەرمەندی تەجریدی سوودیان لە میکرۆسکۆب وەرگرتووە لەوەی چۆن بەشەکان ببینێت، یەک گەڵا بێنە لەژێر میکرۆسکۆبدا تابلۆیەکی تەجریدیت بۆ دروست دەکات، کە میکرۆسکۆبیش هات دەبێ هونەری تەجریدی دەوری نەمێنێ، بەڵام ئەمەش وانییە، چونکە میکرۆسکۆب ناتوانێ هونەری تەجریدی لەناو بەرێ و کامێراش ناتوانێ چاوی هونەرمەندەکە لەناو بەرێ، کەوایە چاوی هونەرمەندەکە بنەمایە، جیهانبینی هونەرمەندەکە بۆ بینینی شتەکان بنەمایە، من دەڵێم هەموو هونەرمەندێک لە تەجریدەوە تا هونەری واقیعی، ئەوەیە تۆ چۆن هونەر دەخەیتە ڕوو، جارێکی دیکە دەیڵێمەوە: هونەر ئەوە نییە تۆ چی دەڵێیت، هونەر ئەوەیە کە چۆنی دەڵێیت.

*** هونەرمەند عومەر عوبێد کە بە (ئاری بابان - ١٩٥٣) ناسراوە، هونەرمەندێکی شێوەکاری دیار و بەناوبانگی شاری کەرکووکە. بەشی زانستی کتێبخانەکانی لە بەغدا تەواو کردووە. لەنێوان سالانی (١٩٧٢- ٢٠٠٨)، (٨) پیشانگای تایبەتی خۆی کردووەتەوە. لە (١١٠) پشانگای هاوبەش لە هەموو شارەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵاتدا (لەندەن، هۆڵەندا، ئەڵمانیا، فنلاند) بەشدار بووە.**

# ڕەخنەی ئەکادیمی لە گوتاری ڕۆشنبیری کوردیدا

**کارزان کەریم ئەمین**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)**

دەکرێت چەمکی ڕەخنەی ئەکادیمی بەوە پێناسە بکرێت، کە پەیڕەو و پرۆگرامێکە هەوڵ دەدات توێژینەوەی ڕەخنەیی بە گوێرەی پلانێکی زانستی تۆکمە، بە پشت بەستن بە سەرچاوە و ژێدەری مەعریفی پرۆسەی ڕەخنەیی خۆی جێبەجێ بکات، ئەمەش بەتایبەتی خۆی لەو توێژینەوە ڕەخنەییانەدا دەبینێتەوە کە لە زانکۆ و پەیمانگە ئەکادیمییەکاندا لەسەر شێوەی نامەی ماستەر و دکتۆرا و توێژینەوە پێشکەش دەکرێن.

ئەگەر بەگشتی ئاوڕێک لە ئەزموونی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بدەینەوە، بەتایبەتی ڕەخنەی شیعر کە پانتاییەکی فراوانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی گرتۆتەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئاریشەیەک هەیە بەردەوام لە گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا دەورووژێنرێت، ئەویش مەسەلەی تەنگژەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردییە.

ئەم تەنگژەیەش بەشێکی سەرەکی پێوەندی بەو بۆچوونانەوە هەیە کە لە ناو ڕەخنەگرانی کورددا بەگشتی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە ڕەخنەیەکی لاواز دادەنێن و پێیان وایە کە ڕەخنەیەکە زیاتر دەمەقاڵێ و وەڵامدانەوەی وەڵامی ڕەخنەیی نێوان دوو نووسەر ڕەنگی تێدا داوەتەوە. ڕەخنەیەکە پتر مامەڵەی لەگەڵ دەقنووسدا کردووە، نەک خودی دەقی ئەدەبی،... تاد(١)، بەڵام ناکرێت ئەم بۆچوونە بەسەر تەواوی کارە ڕەخنەییەکاندا بسەپێنرێت، بەڵکو بەشێک لە دروستی ئەم بۆچوونە پێوەندی بەو ئەزموونەوە هەیە کە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی پێشکەشی کردووە، کە لەگەڵ خواست و پێویستییەکانی بزاڤێکی ڕەخنەیی پێشکەوتوودا یەک ناگرێتەوە، کە لە ئاست چۆنیەتی و چەندێتی کەرەسە ڕەخنەییەکانی ئەدەبی کوردیدا نەبووە.

لەناو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، ڕەخنەی ئەکادیمی

بەتایبەتی ڕەخنەی شیعر بە بەشێکی گرنگی هێڵە گشتییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دادەنرێت، بۆیە لە زۆر کاتدا بە بەرپرسی تەنگژەی نەبوونی ڕەخنەیەکی زانستی و تۆکمە لە نێو ڕۆشنبیرانی کورددا هەژمار کراوە.

بە شێوەیەکی گشتی لە گوتاری ڕۆشنبیریی کوردیدا بە هەردوو ئاستەکەیەوە (ڕۆژنامەگەری، ئەکادیمی) دەکرێت بگوترێت کە ڕەخنەی ئەکادیمی شیعری کوردی بەدەگمەن نەبێت ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، لە ئاستی ئەکادیمیدا توێژینەوەیەکی سەربەخۆی تایبەت بەم بوارە بەدی ناکرێت. لە ئاستە گشتی و ڕۆژنامەگەرییەکەشیدا، زیاتر لەمیانەی چاوپێکەوتن و مێزگرد و دیالۆگی ڕەخنەیی لابەلادا بەسەر کراوەتەوە، کەمتر پشت بە بەڵگەی زانستی و ئەنجامی توێژینەوەی متمانەدار بەستراوە.

هەرچەند لێرە و لەوێ هەندێک هەوڵ بۆ ناساندنی نامە ئەکادیمییەکان بە دنیای دەرەوەی زانکۆکان دراوە، وەکو لە هەندێک لە ژمارەکانی گۆڤاری (ڕامان)دا لەلایەن دەستەیەک لە نووسەرانەوە، لەوانە: مستەفا زەنگەنە(٢)، شوان سلێمان یابە(٣)، هیمداد حوسێن(٤)، کە بەشێک لە توێژینەوە ئەکادیمییەکانیان لەسەر شێوازی خستنە ڕوویەکی سەرپێییانە ناساندووە.

لە گوتاری ڕۆشنبیریی کوردیدا، ئەوانەی قسەیان لەبارەی توێژینەوەی ئەکادیمی کردووە، بەشێوەیەکی سەربەخۆ باسی ڕەخنەی ئەکادیمی کوردییان نەکردووە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی لەچوارچێوەی مێزگرد و چاوپێکەوتندا گلەیی و گومانیان خستۆتە سەر کارە ئەکادیمییەکان، هەر بۆیە دەکرێت لەچوارچێوەی هێڵە گشتییەکاندا ئەم گلەییانە بخرێنە ڕوو.

بە شێوەیەکی گشتی ئەوانەی دەرهەق بەڕەخنەی ئەکادیمی دواون و سەر دوو جەمسەردا دابەش دەکرێن، یەکێکیان بەگشتی توێژینەوە ئەکادیمییەکان بە کەمتەرخەم و قەیرانئامێز هەژمار دەکات، کە ئەمەیان زیاتر لەلایەن ڕۆشنبیر و ڕەخنەگرانی دەرەوەی زانکۆ، یان ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات گەڕاونەتەوە وتراوە.

جەمسەرەکەی دیکەیان کە بەکەمیی بەرچاو دەکەوێت بریتییە لەجۆرێک لە بەرگریکردن و پاساو هێنانەوە بۆ ئەو کارە ڕەخنەییانەی کە لە ئەکادیمیاکاندا ئەنجام دەدرێن، ئەمەش بە زۆری لەلای کەسانی ئەکادیمی بەدی دەکرێت.

(بەختیار عەلی) لە میانەی تەوەرەیەکی ڕەخنەیی کە (گۆڤاری ئاینده) دەربارەی باری ڕەخنەی هاوچەرخی کوردی ئەنجامی داوە، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بەگشتی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، پێی وایە کە جۆرە دابڕانێک لە نێوان بەشداربووانی پرۆسەی ئەدەبی، بەتایبەتی خوێنەر و دەقنووس لەنێو کارە ڕەخنەییەکاندا هەیە، هەر لەم ڕووەوە دەڵێت: «دروستکردنی نیشانەیەکی پرسیار کە پێوەندی نێوان نووسەر و خوێنەر بپچڕێنێت، ئەوەیە ستراتیژی "ڕەخنە"ی کوردی ونە»(٥).

لەپاڵ ئەمەشدا، کە دێتە سەر باسکردنی ڕەخنەی ئەکادیمی شیعری کوردی ئاماژە بەوە دەکات کە ڕەخنەگرە ئەکادیمییەکان نەیانتوانیوە لەگەڵ کەشی ڕەخنەی هاوچەرخدا هەڵبکەن و میتۆدەکانی ڕەخنەی سەردەم تاقی بکەنەوە، ئەو پێی وایە ڕوانینێکی ڕەخنەیی کۆنخواز لەپشت گوتاری ڕەخنەی ئەکادیمییەوە هەیە، هەروەکو دەڵێت: «زانکۆ و ئەکادیمیاکانی کوردستان ئێستاش ئیش بەو جۆرە میتۆدانە دەکەن کە فەقێکانی چەرخی نۆزدە لە تەفسیری شیعردا بەکاریان هێناوە.. لێرەوە ئاساییە ئەم جۆرە تەماشاکردنە بۆ ڕەخنە باڵا دەست بێت»(٦).

هەر لە سەروبەندی ئەو تەوەرە ڕەخنەییەی گۆڤاری (ئاینده) کردوویەتی، (ئاوات محەمەد) دەربارەی تەنگژەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دەدوێت، لەم ڕووەوە ڕەخنەی ئەکادیمی بەهۆکاری سەرەکی سستی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دادەنێت. لەدیدی ئەودا ڕەخنەی ئەدەبی کوردی نەیتوانیوە لەسەر بنەمایەکی ڕەخنەیی پتەو مامەڵە لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا بکات، بەڵکو هەوڵی بە پاشکۆکردنی ڕەخنەی بۆ دەقی ئەدەبی داوە، بەم چەشنە دەڵێت: «هۆکارێکی گرنگی پاشکۆبوونی ڕەخنە بۆ دەق، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕەخنە لای ئێمە وەک بوونێکی فەلسەفی سەربەخۆ، نەیتوانیوە بوونی خۆی بسەلمێنێت، واتە ڕەخنە نەیتوانیوە بنەما و چەمکی خۆی پێناسە بکات، هۆکارەکەشی بۆ لاوازیی ڕەخنەی ئەکادیمی دەگەڕێتەوە» (٧).

جگە لەمەش نووسەر بەمەوە ناوەستێت، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕەها هۆکاری سەرەکی ئاریشەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەسەردەمی ئێستادا دەگەڕێنێتەوە بۆ نەبوونی ڕوانینێکی تازە لە خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی لەلایەن توێژەرە ئەکادیمییەکانەوە، هەروەکو دەڵێت:

«هۆکاری سەرەکی قەیرانی ڕەخنەی هاوچەرخ، نائامادەیی ئەکادیمیا و ئەکادیمییەکانن، کە ئەوان قسەیەکی جیاوازیان نەبێت، چۆن لە دەرەوەی ئەوان ئەو تێزانە دێنە بەرهەم؟» (٨).

هەر سەبارەت بەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی نامە ئەکادیمییەکانی زانکۆکانی کوردستان کراوە، هەندێک ڕەخنەگر، ڕەخنە لە شێوازی پرۆسەی نووسینی ئەکادیمی و ئەو مەرج و پێوەرانە دەگرن، کە لەبەردەم توێژەر و ڕەخنەگری ئەکادیمیدا دادەنرێن.

(کەمال غەمبار) لەمیانەی مێزگردێکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەم بنەمایانە دوورن لە بنەمای زانستی، هەروەکو دەڵێت: «... ئەو مەرجانەی کە زانکۆی سەلاحەددین بۆ هەر نامەیەکی داناوە و بنەمای بنچینەیی هەر کارێکی ئەکادیمین دوورە لەزانست، کە قوتابی بەچەند مەرجێک دەبەستێتەوە لەجیاتی ئەوەی باسێکی قووڵ و بەپێز پێشکەش بکات، بەپێچەوانەوە شکستە و ناعیلمی بوون دەخاتە بەردەم، چونکە پابەندی ئەوەیە کە باسەکەی لەسێ بەش و لە (١٥٠) لاپەڕە کەمتر نەبێت» (٩).

هەروەها (کەمال غەمبار) لەچاوپێکەوتنێکیشدا بەڕوونی گومان دەخاتە سەر چەمکی ڕەخنەی ئەکادیمی کوردی و بەجۆرە بەربەستێکی هەژمار دەکات لەبەردەم پێشکەوتنی بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبیدا، هەر بۆیە دەربارەی ڕەخنەی ئەکادیمی دەڵێت: «ئەو شێوازەی ڕەخنەی ئەکادیمی کە بەناو ئەکادیمییە جۆرە کۆتو پێوەندێکە ئەو ئازادییەی کە ڕەخنەگر وەک مافێک بەخۆی دەدات تارادەیەک سنووری بۆ دەکێشرێ... لەبەر ئەوە دەبینین زۆربەی تێزەکان پڕکراوەن لە لکوپۆپ و زیادە، زیاتر نزیکن لە ڕاپۆرت، نەک لێکۆڵینەوەی زانستی» (١٠).

(سابیر ڕەشید)یش گومان دەخاتە سەر کرۆکی هەندێک کاری ئەکادیمی و ڕادەی بەجێهێنانی ئەرکەکانی لەناو کارە ڕەخنەییەکاندا، تەنانەت زۆربەشیان بە وورووژێنەری بابەتی کۆن و جوینەوەی مەسەلە چەند پاتکراوەکان لەقەڵەم دەدات، دەڵێت: «ڕەنگە هەندێک لەم نامانە شایانی ئەوەش نەبن ڕەخنەشیان لێ بگیرێ، بەڵکو خاوەنەکانیان هەر تەنیا بۆ وەرگرتنی پلەکانیان سەرچاوەیان ڕیزکردووە و بەکەڵکی خوێندنەوەش نایەن و تەنانەت زۆربەیان شتی سواون و شتی نوێ بەدەستەوە نادەن» (١١).

(عەتا قەرەداغی) خاڵێکی ستراتیژی دەورووژێنێت، کە دروستیی ئەم خاڵە دەبێتە مایەی هەڵتەکاندنی بنەمای کارەکانی ڕەخنەی ئەکادیمی و تەواوی ئەزموونی ڕەخنەی ئەکادیمی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەمەش کاتێک کە پێی وایە کە نامە ئەکادیمییەکان لەنێوان لاسایکردنەوە و دزی ئەدەبیدا بەلایەکدا دەشکێنەوە. هەروەکو دەڵێت: «... سەرجەم نامەکانی ماستەر و دکتۆرا شایەنی ڕەخنە لێ گرتن، بەتایبەت جۆرێک لە لاساییکردنەوە و دزینیش هەیە... کەسێک نامەیەک دەنووسێت ڕوحی نامەکەی کتێبێکی چاپکراوە کە لەلایەن کەسێکی بێ شەهادەوە نووسراوە، کەچی تەنانەت کاکی قوتابی ماستەر بۆ پاراستنی ئەخلاقی عیلمیش ناوی ئەم ناهێنێت، ئیتر چۆن کاری لەم جۆرە جێگەی ڕەخنە لێ گرتن نییە» (١٢).

ئەو سەرنجانەی دەربارەی کەمتەرخەمی و سستی ڕەخنەی ئەکادیمی دەربڕاون، تەنیا لەلایەن نووسەر و ڕۆشنبیرانی دەرەوەی زانکۆ بەدی ناکرێن، بەڵکو هەندێک لە هەڵگرانی بڕوانامەی ئەکادیمی لەوانە (فەرهاد پیرباڵ) ڕاشکاوانە، بە تەرزێکی ساتیرانە ڕەخنە لە نامەکانی ماستەر و دکتۆرا دەگرێت، لە بازنەی توێژینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەییدا بەدەریان دەنێت، بەپێویستی دەزانێت ڕەخنەیان لێ بگیرێت، دەڵێت: «نەک هەر حاڵەتێکی ئاساییە، بەڵکو حاڵەتێکی پێویستیشە کە ڕەخنە لەو بڕوانامە زانکۆییانە بگیرێت. من بەلای خۆمەوە: زۆربەی ئەو بڕوانامانەی ماجستێر و دکتۆرای کۆلێژی ئەدەبیات بە "وتاری ڕۆژنامەنووسی" و "کۆکردنەوە" و "ڕاپۆرتی بحث تخرج" دەزانم... ئیشەکە وەک گەمەی منداڵانی لێ هاتووە! من لەم بارەیەوە بەڕاستی زۆر ڕەشبینم» (١٣).

(جەمشید حەیدەری)یش لەچاوپێکەوتنێکدا دەربارەی ئاستی نامە ئەکادیمییەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان دەدوێت و دەڵێت: «بەڕاستی ئاستی ئێمە هەندێ نزمە، ئەوەی ئەوێندەرێ ناڵێم، کە ئەویش هەندێکی هەر نزمە» (١٤).

سەرەڕای ئەو بۆچوونانەی کە ڕۆڵی ئامادەبوونی ڕەخنەی ئەکادیمی کوردی لە پرۆسەی بەرەوپێشبردنی بزاڤی ڕەخنەی کوردی نادیدە دەگرن و بەکاری ڕەخنەیی کێماسیانەی دەژمێرن، کەچی لە لایەکی دیکەوە هەندێک

له توێژەر و ڕەخنەگران بەتایبەتی لەلایەن کەسانی ئەکادیمییەوە دژە بۆچوون بەدی دەکرێت، کە بەجۆرێک لەبەرگریکردن و پاساو هێنانەوە سەرنجەکانی خۆیان دەربارەی ڕەخنەی ئەکادیمی دەردەبڕن.

(مستەفا زەنگەنە)لە مێزگردێکدا دەربارەی نامەکانی ماستەر و دکتۆرا وەکو ئەکادیمییەک بەرگری لە شێواز و چۆنیەتی پێگەیاندنی کەسایەتی ئەکادیمی دەکات، توێژینەوەی ئەکادیمی بە خاڵی وەرچەرخانی ئەزموونی نووسینی خۆی دادەنێت، دەبێژێت: «لەپاش خوێندنی باڵا فێری لێکۆڵینەوەی زانستی بووم. فێری ڕێگە زانستییەکان بووم... ئەکادیمییەتم خۆش ویست، چونکە ئەکادیمییەت هەنگاوی پلانداری بەرەو ئامانجی پیرۆزە... بۆیە ئێستە لە ئەدەبدا تەعبیر لەخودی خۆم دەکەم و لەزمانیشدا مەشخەڵی زانست دادەگیرسێنم، پێش خوێندنی باڵا زانیارییەکانم گشتی بوون، پەرتوبلاو بوون» (١٥).

(فوئاد ڕەشید)یش وێڕای ئەوەی نکوڵی لە کەمتەرخەمی توێژینەوە ئەکادیمییەکان ناکات، بەڵام ڕەخنەگرتنێکی گشتگیر بەسەر تەواوی نامە ئەکادیمییەکاندا ڕەت دەکاتەوە، دەڵێت: «ئەگەرچی ئەم ڕەخنەیە بەم شێوە گشتگیرییە دەردەبڕێت. بەڵام لەئاست هەموو نامەکاندا قبووڵ ناکرێت و تەنها بەشێک لەنامەکان دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا لە ئاست چۆنیەتی ئامادەبوونی کرداری ڕەخنەیی بەمیتۆد و زاراوەکانییەوە لەنێو ئەم نامانەدا، ڕەخنەکە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە و نامەکان لەم ڕووەوە دەخاتە ژێر پرسیارەوە» (١٦) .

ئەوەی شیاوی سەرنجە ئەم هەموو ڕەخنەگرتنە لەهەردوو بارەکەدا، چ ئەوانەی ڕەخنەی ئەکادیمی بە کەمتەرخەم و لاواز لە قەڵەم دەدەن، چ ئەوانەی بەرگری لێ دەکەن، هەوڵیان نەداوە لەچوارچێوەی توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی سەربەخۆدا ئەزموونی ڕەخنەی ئەکادیمی کوردی هەڵبسەنگێنن، کار بۆ برەودان بە خاڵە بەهێزەکان بکەن، خاڵە لاوازەکان دەستنیشان بکەن، ستراتیژییەتێکی نوێ بۆ گوتاری ڕەخنەی ئەکادیمی دابڕێژن، کە زادەی تێگەیشتنی تازە و خوێندنەوەی لۆژیکییانە بێت.

بە گوێرەی ئەو ڕەخنانەی کە لە ڕەخنەی ئەکادیمی کوردی گیراون، هەست بە لێک ترازانێک لەنێوان ڕۆشنبیر و ڕەخنەگرانی ناوەوە و دەرەوەی زانکۆدا دەکرێت، تاڕادەیەک جۆرێکە لە نە خوێندنەوە و نەبوونی دیالۆگی لێک تێگەیشتنە لە کار و نووسینەکانی یەکتریدا.

پێویستە ملکەچی ئەو هەقیقەتە بین کە ڕەخنەی ئەکادیمی کوردی ڕەخنەیەکی ئایدیالی نییە، بەڵکو بەشێک لە بنیادی هەر پێشکەوتن و دواکەوتنێک پێکدەهێنێت کە بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی پێیدا گوزەر دەکات، بەڵام بڕیاری ڕەها و هەڵسەنگاندنی سەر پێییانە و بە پەلە دەرکەوتەی نەبوونی خوێندنەوەیەکی تەواو و دروستە بۆ گوتاری ڕەخنەی ئەکادیمی و پاتکردنەوەی ئەو کەموکورییانەیە کە ڕۆشنبیرانی دەرەوەی زانکۆ خۆیان گلەیی ئاراستە دەکەن.

سەرەڕای ئەمەش لە توێژینەوە ئەکادیمییەکاندا، ئەو تێکەڵکارییەی لەنێوان لقەکانی ئەدەبناسیدا هەیە، کە بۆتە جێگای ڕەخنەگرتن پێوەندی بە سروشتی توێژینەوەی ئەکادیمی و ئامانجی توێژینەوەکەوە هەیە، نەک مەسەلەیەک بێت بەشێوەیەکی لە خۆوە و هەڕەمەکی شێوەگیر کرابێت،هەر لەبەر ئەمەشە بەشێکی زۆر لە نامەکان زێتر توێژینەوەی ئەدەبین، نەک بابەتی ڕەخنەیی سەربەخۆ، بەڵام چەندوچۆن، زۆر و کەم کاری ڕەخنەیی لە زۆربەی هەرە زۆریاندا ئامادەبوونی هەیە.

هەموو کارێکی ڕەخنەیی شیاوی ڕەخنە لێگرتنە، بەمەرجێک ئامانجی ئەو ڕەخنەیە خزمەتکردنی بزاڤی ئەدەبی بێت، بەڵام لەمێژووی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا لەزۆر باردا بۆچوونێک ئامادەبوونی هەیە، کە ڕەخنە وەک ڕق، یان نەنگی سەیرکراوە، لەکاتێکدا ئەگەر ڕەخنە ڕەقیش بێت، بەڵام ڕق نییە. ئەم تێگەیشتنە بۆ چەمکی ڕەخنە پێوەندی بە عەقڵییەت و بیرکردنەوەی تاکی کوردەوە هەیە. ئەو کولتووره باوە، یان بوونی هەیە کە ڕەخنەگرتن بە عەیب لێگرتن لێکدەداتەوە، هەروەکو (عەلائەدین سەجادی) لە بارەی چەمکی ڕەخنە لەنێو کورددا دەڵێت: «ڕەخنەی لێ ئەگرێ عەیبی لێ ئەگرێ. ڕەخنە بازە: زۆر عەیب گیرەو عەیب لەشت ئەگرێ» (١٧).

نکوڵی ناکرێت کە گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی پێویستی بە وەرچەرخان هەیە، بۆ ئەوەی لەو کەشە تەنگژاوییە دەربازی بێت، کە هەمیشە لەدیدی نووسەر و ڕۆشنبیراندا مایەی هەڵوەستەکردنە. پشکێکی سەرەکی ئەو تەنگژەیەش دەکەوێتە ئەستۆی ڕەخنەگر و توێژەرانی ئەکادیمییەوە، چونکە بەشێک لە ئەرکەکانی ئەکادیمیا

پێگەیاندنی ڕەخنەگری پسپۆڕە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا.

کارکردن بۆ بەتەوەرکردنی مەسەلەی بنیادنانی ڕەخنەیەکی تۆکمە پێویستی بە پێداچوونەوە و خوێندنەوەیەکی وردی تەواوی ئەزموونی ڕەخنەییەوە هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی قۆناغی مێژوویی، بۆیە دەکرێت ڕەخنەی ئەکادیمی کوردی لە ئاست پێویستییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ گوتاری ڕەخنەیی خۆی بکات و لەو گۆشەگیرییە دەربازی بێت کە تاڕادەیەک خەفەی کردووە. دەکرێت هەوڵ بدات بۆ تاقیکردنەوەی میتۆدە ڕەخنەییە جۆربەجۆرەکان و پابەندبوون بە میتۆدبەندی لەنێو کاری ڕەخنەییدا، چونکە ئەگەر میتۆدبەندی بەهۆی زێدەڕۆیی کردن ئاریشەی بۆ ڕەخنەی ئەدەبی هەندێک میللەتان دروست کردبێت، ئەوە نەبوونی میتۆدبەندی، نووسینی ڕەخنەیی سەرپێییانە و نابابەتییانەی لەناو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا هێناوەتە کایەوە.

**ژێدەرەکان:**

**(١) پەرێز سابیر(د.)، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر-٢٠٠٦، ل ١٨٦ - ١٩٠.**

**(٢) مستەفا زەنگەنە(ئامادەکردن)، کاریگەری سەعدی لە شیعرەکانی مەلای جزیری دا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٤٩)، ساڵی (٢٠٠٠)، ل ٣٣٠ - ٣٣١.**

**(٣) شوان سلێمان یابە(ئامادەکردن)، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیی کرمانجی خوارووی کوردستانی عێراقدا (١٩٧٠-١٩٩١) گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٨٢-٨٣)، ساڵی (٢٠٠٤)،ل ٣١٧ - ٣١٨.**

**(٤) هیمداد حوسێن(د.)، مستەفا زەنگەنە(ئامادەکردن)، بزووتنەوەی شیعری لە کۆیە لە سەدەی نۆزدەهەم، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢٤)، ساڵی (١٩٩٨)، ل ٢٢٥ - ٢٢٦.**

**(٥) گۆڤاری ئاینده(ئامادەکردن)، ڕەخنەی هاوچەرخ و ڕەخنە لەنێو ڕۆشنبیری کورددا، گۆڤاری ئاینده، ژمارە (٢٢)، ساڵی (٢٠٠١)، ل١٦.**

**(٦) گۆڤاری ئاینده(ئامادەکردن)، ڕەخنەی هاوچەرخ و ڕەخنە لەنێو ڕۆشنبیری کورددا، گۆڤاری ئاینده، ژمارە (٢٢)، ساڵی (٢٠٠١)، ١٦ - ١٧.**

**(٧) گۆڤاری ئاینده (ئامادەکردن)، ڕەخنەی هاوچەرخ و ڕەخنە لەنێو ڕۆشنبیری کورددا، گۆڤاری ئاینده، ژمارە (٢٢)، ساڵی (٢٠٠١)، ل١١.**

**(٨) گۆڤاری ئاینده (ئامادەکردن)، ڕەخنەی هاوچەرخ و ڕەخنە لەنێو ڕۆشنبیری کورددا، گۆڤاری ئاینده، ژمارە (٢٢)، ساڵی (٢٠٠١)، ل١٣.**

**(٩) فەیسەل دێهاتی (ئامادەکردن). نامەی ماجستێر و دکتۆرا... بیروڕای مامۆستایانی زانکۆ... بۆچوونی ڕووناکبیران، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٥)، ساڵی (١٩٩٧)، ل٨٢.**

**(١٠) کەمال غەمبار، بەرەو جیهانی شیعریی چەند شاعیرێک، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر-٢٠٠٨، ل٣٩٤ - ٣٩٥.**

**(١١) فەیسەل دێهاتی (ئامادەکردن). نامەی ماجستێر و دکتۆرا... بیروڕای مامۆستایانی زانکۆ... بۆچوونی ڕووناکبیران، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٥)، ساڵی (١٩٩٧)،ل ٨٤.**

**(١٢) فەیسەل دێهاتی (ئامادەکردن). نامەی ماجستێر و دکتۆرا... بیروڕای مامۆستایانی زانکۆ... بۆچوونی ڕووناکبیران، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٦)، ساڵی (١٩٩٧)، ل٨١.**

**(١٣) فەیسەل دێهاتی (ئامادەکردن). نامەی ماجستێر و دکتۆرا... بیروڕای مامۆستایانی زانکۆ... بۆچوونی ڕووناکبیران، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٥)، ساڵی (١٩٩٧)، ل ٨٣.**

**(١٤) ئازاد عەبدولواحید (ئامادەکردن)، گفتوگۆ، دیانە و چاوپێکەوتنەکانی ساڵی دووەمی گۆڤاری (ڕامان) لەگەڵ چەند نووسەر و هونەرمەندێک، دەزگای گوڵان، هەولێر-١٩٩٩، ل ٧٨.**

**(١٥) فەیسەل دێهاتی (ئامادەکردن). نامەی ماجستێر و دکتۆرا... بیروڕای مامۆستایانی زانکۆ... بۆچوونی ڕووناکبیران، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٦)، ساڵی (١٩٩٧)، ل ٨٢.**

**(١٦) فوئاد ڕەشید(د.)، نامەی ئەکادیمی لە نێوان لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەییدا، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٢٠٤)، ساڵی (٢٠٠٦)، ل ٥٠.**

**(١٧) علاءالدين سجادي، نرخ شناسي، چاپخانەی مەعارف، بەغدا-١٩٦٩، ل ٦.**

# ڕەمز لەنێو سروشتدا
# (باڵندە)

د. پەخشان سابیر
(زانکۆی سۆران - کۆلێژی پەروەردە)

باڵندە نەک هەر بەشێکی گرنگە لە سروشتدا، بەڵکو بەشی چالاک و زیندووە و بزوێنەری سروشتیشە، کە سەرباری شێوە، دەنگ و ئاواز و ڕۆڵیان لەژیانی مرۆڤدا، ڕۆڵیشی کاریگەرە لە دابینکردنی ئاسوودەیی و بەخشینی حەسانەوە بە مێشک و دەروونی مرۆڤ.

بیروباوەڕی زۆر لەنەتەوە سەرەتاییەکان وابووە کە باڵندە گیانی مردووەکان بۆ جیهانی مردووان دەگوێزێتەوە لە ئەفسانەدا باڵندە بۆتە ڕەمزی ڕوح، فڕینی باڵندە ڕەمزە بۆ بەرزی و باڵایی و نیشتنەوەیشیان لەسەر زەوی تێکشکان و نائومێدی دەنوێنێ(١)

جگە لەمانەش ئیلهام بەخشی شاعیرانە کە پانتاییەکی فراوانیان لەبەرهەمەکانیاندا بۆ تەرخانکراوە، لە ئاکامی خەسڵەت و ئەو بابەتانەی کە لەگەڵ مرۆڤدا دەگونجێن و دەبنە بەشێکیش لەژیانی مرۆڤ و پێکهاتەکانی. ئینجا ڕۆڵیان، یان پۆزەتیڤ، یان نێگەتیڤ دەبێت بەگوێرەی خەسڵەتە گشتی و تایبەتییەکانیان لەسەرووی هەموویانەوە (کۆتر)، کە باڵندەیەکی مژدەهێنە، لەدوای تەواوبوونی تۆفان، حەزرەتی نووح ناردی تا هەواڵی بۆ بهێنێ، لەکاتی گەڕانەوەیدا لقێکی گەڵاداری زەیتوونی سەوزی بەدەنووکەوە بووە، وەک ڕەمزێک بۆ ئاشتی و سەلامەتی دەوروبەر، لەوکاتەوە کۆتر بۆتە ڕەمزی ئاشتی. ئاشتیش لەکاتێکدا دەردەکەوێ کە دژەکەی واتە (شەڕ) هەبێت، بەبوونی یەکتری پێوانە دەکرێن.

کۆتر لە ئەفسانەشدا باس دەکرێ، هەم بە ڕووی ئاسایی، هەم بەڕووی ئەفسانەیی باسی کۆتری نامەبەرو کۆترە پەری و ئەو دێو و جادووگەرانەش کە جاروبار بۆ مەبەستی تایبەتی، خۆیان دەکەن بەکۆتر(٢)

هەر لە زووەوە بۆ مەبەستی نامەناردن بەکارهێنراوە، هەروەها (کۆتر)ە بەناوبانگەکەی وێنەکێشی جیهانی (بیکاسۆ) کە بوو بە دروشمێک لەسەر ئاڵای نەتەوە یەکگرتووەکان و دامودەزگاکانی. پەیوەست بوونی (کۆتر) بە (ئاشتی)یەوە لەلای (شێرکۆ بێکەس)، داهێنانێکی لەم چەقەدا دروست کردووە، کە لە شیعری (لە دارستانێکا) ڕەنگی داوەتەوە، دارستان ڕەمزە بۆ ژیان و ئاژەڵ و باڵندەش هەریەکەیان ڕەمزێکن بۆ ئەو مرۆڤەی ئەو خەسڵەت و بیرکردنەوەیەی هەڵگرتووە:

**تاریک داهات (شێرێ) لە لانەکەی خۆیدا**
**بیری کردەوە چۆن سبەی**
**پەلاماری پڵنگەکەی هاوسێی بدا**
**پڵنگەکەش بیری ئەکردەوە کە چۆن**
**بەیانی ڕێوی بگورێ و کەوڵی بکا**

**(ڕێوی)ش بیری ئەکردەوە**
**چۆن بگاتە هێلانەی سەردار گوێزەکە و**
**زەڕنەقوتەی کۆتر بخوا**
**کۆتریش بیری کردەوە**
**چۆن ئەتوانێ؟**
**ڕاوچی و**
**باڵندە و**
**ئاژەڵی**
**ناودارستان هەمووی یەک خا؟...**
(کازیوە، ل٩٦-٩٧)

ناڕاستەوخۆیی و داڕشتنی بابەتەکە بەشێوەیەکی پلەپلەیی، لایەنی ئیستێتیکای شیعرەکەی بەرزتر کردۆتەوە، لە بواری پیشاندانی بیرکردنەوەی گەورەکان (شێر وەک ڕەمزی دەسەڵات و ڕێوی وەک ڕەمزی فڕوفێڵ) و بەراوردکردنیان لەگەڵ بیرکردنەوەی بچووک و ئاشتیخوازەکان، دەلالەتی ئاشتی لەم شیعرەدا قووڵتر گوزارشتی لێ کراوە و پیشاندانی ئەو ناکۆکییانەی لەنێوان هێزدار و بێ هێز، دەسەڵات، و بێ دەسەڵات کە یەکخستنیان مەحاڵە، بەڵام (کۆتر) هەموو ئاڕاستەکانی بیرکردنەوەی بۆ ئەم یەکخستنە دەخاتە گەڕ.

(سەلاح شوان)یش تا دێرینیی نەتەوەکەی بسەلمێنێ کە دەمێکە بەڕێوەن بە مەبەستی گەیشتن بە ئاواتە ڕەواکانیان، هەمان شت هانا بۆ سەربردەکەی حەزرەتی نووح دەبات، لە شیعری (نەورۆز، ژان، شیعر)دا ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە:

**کاتێ باوکم... لە جێگەی نان، دەریای غەمی بۆ ئەهێناین**
**کاتێ دایکم**
**فرمێسکی ڕەشی قەرز ئەکرد لە هاوسێکان**
**بەگڵپەی ژانێکی خوێنین**
**من داگیرسام**
**کاتێ شاباڵی کۆترەکەی حەزرەتی نووح**
**ماندوو بوو بوو**
**بەدوای لووتکەی چیای جوودیدا ئەگەڕا**
**بۆ ڕزگاربوونی حام و سام**
**کاتێ کەشتییە پیرەکەی**
**لە تۆفانی لەعنەتی خوادا خۆی خنکان**
**من بەڕێوە**
**بۆ ماچێکی سەرلێوانی خۆر ئەگەڕام**
(ڕوانگە، ژ(٣)، ١٩٧٢، ل١٤)

گەڕان بەدوای لووتکەی (جوودی)، خۆی لەخۆیدا دێرینیی و ئاشتیخوازی ئەم شوێنە پیشان دەدات، جوودی ئەو شوێنە ئارامە بوو کە تەنانەت (کۆتر)ەکەش بەدوایدا بگەڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا نەتەوەی خاوەن ئەم چیایە بۆ سەربەستی و ئازادی کۆششی بەردەوامیان هەیە، شاعیر دژایەتی و ناکۆکییەکی بەرزی لەنێو بیرەکەیدا داڕشتووە و ئەم شیعرە بەشێکیشە لە مێژووی سیاسیی نەتەوەی کورد و دێرینییەکەی، لەهەمان کاتیشدا بێ بەش لەمافەکانی.

کۆتر هەر لە شیعرێکی (جەمیل ڕەنجبەر) بەناوی (کۆتر) کە لە ساڵی ١٩٨٠ نووسراوە، ئەو باڵندە بچکۆلە ئاشتیخوازە نامێنێ، بەڵکو گیانی شێری تێدا بەرجەستە دەکرێت..

**گەر دوژمنان**
**نشتیمانم گڕ تێ بەردەن**
**بەری ئاشتیم یەک یەک دەرکەن**
**وێران بکەن هێلانەکەم**
**هەزارجار پێم بڵێن کۆتر**
**پارێزگاری لەخۆم دەکەم**
**هێرش دەبەم.. هێرش دەبەم...**
(دیوانی جەمیل ڕەنجبەر، ل٢٨٤)

لێرەدا کۆتر ئاشتیخوازە تا ئەو سنوورەی مافەکانی پێشێل ناکەن، بەڵام هەر چ کاتێک ئەم هەستە ترسناکە ڕووبەڕووی بۆوە، ڕووە شاراوەکەی کە گیانێکی حەماسی نەک تەنیا بەرگری کردن، بەڵکو هێرش بردنیشە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا چەمکی گوتاری خود پاراستن لەپێناو مانەوەدا دەبەخشێت.

کۆتر لای (نەوزاد ڕەفعەت) ڕەهەندێکی ئەفسانەیی بۆ بنیادنراوە، کە لە شیعری (تارمایی شاخی تەم)دا ڕەنگی داوەتەوە:

**ئا ئەو کۆترانەش تۆ دەیانبینی چوونە کونە شاخ**
**کچی سەرکەش و گەردن بڵندی دم دم بوون کاتێ**
**گەمارۆ دراو پێش وەی بگیرێن**

**بوونە کۆتر و دایان لە شەققەی باڵ و هەڵفڕین**
(نیگەرانی، ل٢٩)

بیری ئاشتی لای (ئازاد دڵزار) بەشێوەیەکی تر داڕێژراوە، لە بواری خوڵقاندنی (کۆتر و سمۆرە) لە سەرینی دەرخستنی کۆمەڵێک پێوەندی بەتین لەنێوانیاندا و مەڵبەندی ژیان و بارودۆخی هاوبەشی هەردوولا، ئەمە لە شیعری (سمۆرە) کە لە ساڵی (١٩٧٩)دا لە ئاکامی بارودۆخی کوردستان گوزارشتی لێ کراوە.

**کۆترێک لە لوبنانەوە هات**
**گێڕایەوە:**
**کە چۆن درەختی زەیتوون و**
**دارستانی ئەورزیان سووتان**
**لەوکاتەدا**
**سمۆرەیەک زریکانی:**
**فریاکەون**
**وا دار گوێزەکان داگیرسان**
(ڕێچکەی خوێن، ل٩٥)

لوبنان ⟵ کوردستان
کۆتر ⟵ سمۆرە
زەیتوون ⟵ دارگوێز
نەمانی ئاشتی

هەر لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕ، ئاشتی جێگەی لەو شوێنەدا نابێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە شاعیر کۆچی بە (کۆتر) کردووە، (سمۆرە)ش کە پەیوەستە بە دارگوێزو پێوەندییەکی بەتینی خۆشەویستی بەیەکیان دەبەستێتەوە، لە ئاکامی زۆرداری دوژمنان ماڵ و زێدی (سمۆرە) و (کۆتر) گریان دەکرێتە دیاری.
شاعیر سوودی لە لێکچوونی حاڵەتەکان وەرگرتووە، توانیویەتی ڕەمزەکان بە بەخششی دەلالەتی لەم شێوەیە دەوڵەمەند بکات و ڕەوتی دێرەکانی پێ پتەوتر بکات.
کۆتر لای (سەلاح شوان) پەیوەست دەکرێت بە (مەرگ) کە جێگەی پرس و سەرسوڕمانە، لەبەرچی کۆتری مەرگ، کە خۆی ڕەمزی ئاشتی، هێمنی و ئاسوودەییە، کەچی لە شیعری (دڵدارەکەم)دا هاتووە:

**کۆتری مەرگ، هەزار جار هات و لەگەڵما**
**تا باڵی شل بوو لە دەرگای شەفەقی لێوەکانتی دا**
**لە سنگما هێلانەشی کرد، دادی نەدا**
**چەند پێکەوە هاوارمان کرد: دەسا دەرگا**
**بکەرەوە**
**دەسا دەرگا بکەرەوە**
**تا پێکەوە بووینە گریان...**
[گ (بەیان)، ژ(٨)، ١٩٧٣ ل٢٠]

(کۆتری مەرگ) لەلایەن (ئیلیەت)ەوە بەکارهێنراوە، بەکاریگەریی ئەو کە لەو کاتانەدا شاعیرانی کورد کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی (ئیلیەت)، بەتایبەتیش (وێرانەخاک)ەکەی (ڕەمزی ئەو جیهان و زەوییە شۆرەکاتەیە کە (ئیلیەت) لە دوای بڕانەوەی جەنگ و شەڕ و شۆڕ هەستی پێ کردووە وێرانەییە، وێرانەیی گیان و تاسە و سۆزی مرۆڤی ڕۆژئاوا و شارستانیەتی ڕۆژئاوا) (٣)
(جەوهەر کرمانج) لە شیعری (ئاشتی) کە لە ساڵی (١٩٨٧)دا نووسراوە، ڕەهەندێکی قووڵ و پڕ بایەخی بە کۆتر بەخشیوە لە بواری خوڵقاندنی گفتوگۆیەکی جوان بۆ سەلماندنی پێوەندی کەسی کورد و ئاشتی، سەرەتاکەی بەم شێوەیەیە:

**هەن پێم دەڵێن**
**چەتەی، ڕێگری، ئەشقیای**
**- هەشن دەڵێن**
**لە شارستانیەت یاخی**
**سەرسەختی و ئاشقی چیای**
**یان پێم دەڵێن:**
**دەنگت کەرخە و ناگاتە هەموو گوێچکەیەک**
**چونکە لەگەڵ تەقەی تفەنگ**
**کۆتری ئاشتی**
**نەهەست و خۆشی دەمێنێ و**
**نە دەنگ و ڕەنگ...**
(دیوانی جەوهەر کرمانج، ل٢٢٣)

ئەم تاوانانەی دەخرێنە پاڵ شاعیر، وەک کوردێک هانی شاعیر دەدەن کە ئەمە بچەسپێنێ. کەی ئاشتی ڕەوا دەبێت، لە دووانەیی شەڕ و ئاشتی، کە زۆرجار هەر

بەیەکەوەن، بۆ ئەمەش شاعیر وێنەیەکی جوانی دروست کردووە، تازە بابەتە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا.

**لەترسی بۆنی باروت و خوێن و جەللاد**
**چیا بۆ کۆتری ئاشتیش**
**بووە بە هەوارگە و لانە**
**چبکەم ئەویش ئەشقیایە و**
**وەکو منی تفەنگ لە شانە ...**

(دیوانی جەوهەر کرمانج، ل٢٢٤)

(کـۆتری ئاشـتی) مـرۆڤ ئاسـا، لە مـرۆڤـیش کـچـێکی(**) شـەنگە، هیچ کـاتێـک کۆتری ئاشـتی لە شوێنێک جێی نابێتەوە کە ئامادەبوونی دیکتاتۆریەتی تێدا بێت و دادپەروەری ون بێت.

نەک شـاعـیـر بە تەنیـا، بەڵکو نەتەوەکـەی لەپێناو گەیشتن پێی لە هەوڵی بەردەوامدان، هەرچەندە شاعـیر خـەسـڵـەتێکی پیـاوانەشی پێ بەخـشـیـوە، کە ئەویش (پێشمەرگە)یەتی و چەک هەڵگرتنە، کە تا زۆر پێویست نەبێت ئافرەتان ئەم کارە ناکەن، بۆیەش مەدلوولی ئاشتی فـراوانتـر کـراوە و شـاعـیـر لەگـەڵـیـدا کـەوتۆتە دوان و عەشقبازی:

**ئاخر چبکەم هۆ ئاشتی خان**
**چبکەم دەنا نەمردبام**
**پەنجەیەکم لە بسک و شاکەزیت گیر بێت**
**ئەوساکە دەتزانی منیش،**
**لەبەر خاتری چاوی تۆیە، شەرم دەوێ**
**دەتزانی چەند تۆم خۆش دەوێ...**

(هەمان سەرچاوە، ل٢٢٦، ٢٢٧)

(عـوسـمـان شـەیدا) لە شـیـعـری (چریکەی دەنگێکی زامـدار) کـە لە ١٩٧٦دا نووسـراوە، چەمکێکی تری بە (کۆتری ئاشتی) بەخشیوە:

**- لە هەنگاوی چەوساوەیەکی زۆر مانا**
**باڵی کۆترێکی سپییان**
**بۆ بزەی دارلاستیکێک و**
**بەردێک شکان**
**چاوی سروشت کەوتە گریان**
**درەختەکان لە قەدی هەڵچوویان نووسی:**
**- ئەگەر وڵات رووتەن بوایە**
**قەت کۆترەکان،**
**هێلانەیان لە پوش و پەڕ دروست ئەکرد؟!**
**بێچووەکانیش**
**ئێسکی باڵە شکاوەکەی**
**دایکیان بۆ بەرد... ئەکرد- بەپرد-**

(شەختە، ل٤١)

لە شـیـعـری هاوچەرخی کـوردیدا بیـرۆکـەی ئاشـتی بە کـۆترەوە بەندە، هەیکـەلێکی گـەورە بۆ ئەم باڵـندەیە دروست کـراوە کـە لە زیهنی وەرگـردا جێگـیـر بووە، نەک هەیکەلی ئەم باڵندەیە، بەڵکو ناوەرۆکەکەی کە بۆتە هۆی مەزنێتی.

هەروەها (حـەمـامـۆکێ)ی نێـو فـۆلکلۆر ناوی کـۆترە و شـاعـیـران زۆرجـار بەم ناوەوە بەکـاری دەهێنن، ئەبوبەکـر خۆشناو لە شـیـعـری (حـەمـامـۆکێ) لە سـاڵی (١٩٧٥) نووسـراوە، هاوار و هانای بۆ دەبات، ئەمـەش دەلالـەتی ئەو ڕەمـزە پیـرۆزەیە کـە ئەم باڵندەیەی پێ پەیوەست دەکرێت و لە هەموو باڵندەکانی تری جیادەکاتەوە:

**دەستم بەسەر خۆڵا هێناو پاڕامەوە**
**حەمامۆکێ**
**ئێمەش گەلێکی هەژارین**
**ساڵەهای ساڵە بەژانی**
**زامەکانمانا، دەناڵێنین**
**حەمامۆکێ**
**ئاشتی بێنە بۆ سەر زەوی**
**ئازادی بێنە بۆ گەلان...**

(کۆلۆمپس کێشوەرێکی تر دەدۆزرێتەوە، ل١١)

باڵنـدە وەک نیـشـانەیەک بۆ هەواڵ هێنان و بردن، کـە شاعیران بە دەم خەیاڵە فراوانەکانیانەوە چەندین پەیکەر و سیـما و مێشکی پڕ لە حیکمەت و بیرکردنەوەیان پێ دەبەخشن.

(فـەرهاد پیـربـاڵ) لە شـیـعـری (چۆلەکـەی پەڕشکاوی لاڵ) کە لە ١٩٨٨ نووسراوە، حاڵەتێکی دەگمەنی پڕ لە نۆستالیژیا و گەڕانەوەیەکی خۆش بۆ ڕابردوویەکی زوو و پەیوەست کـردنی بە ئێـسـتـای (ئەوکـاتەی شـیـعـرەکـە نووسراوە) وڵاتەکەی دەربڕیوە:

**بیرکە لە کێڵگە... سابات... هێلانەکان**
**بەڵام ئاه:**

**چۆلەکەیەکی پەرشکاوی لاڵ**
**ماوەیەکی زۆرە، دەمەو ئێواران**
**دێ لەسەر تاقی پەنجەرەی شیعرم هەڵدەکورمێ**
**نەجریوانی، زەردی و غەمگینی سیمای پێم دەڵێ:**
**هەموو شتێک**
**لە ولاتەکەتدا.**
**وێران کراوە**
**و... ێـ**
**ر ا**
**ن**
**ک... ر ... ا**
**و**
**ه ... ١٩٨٨ ...**
(Exil، ل٦٦)

بیرکردنەوە لە (کێڵگە، سابات، هێلانە) ڕەمزی ماڵ و شوێنی نیشتەجێ بوون و ئاوەدانین، (بەڵام ئاه) خاڵی وەرگەڕانی حاڵەتەکانی بیرکردنەوە و پچڕانیەتی، ئاگادارکردنەوەی شاعیر و دەرهێنانی لەنێو جیهانە پڕ لە حاڵەتە خۆش و دژوارەکانی ولاتەکەی. بۆ گەیشتن بەو خاڵەی کە لووتکەی نەهامەتییەکانە، ئەم هەواڵەش لە ئاکامی بەشداری کردنی (چۆلەکە) یەک، بەڵام نەک چۆلەکەیەکی ئاسایی، بەڵکو (پەرشکاوی لاڵ«***») کە ڕەمزە بۆ ئەو چۆلەکانەی ولاتەکە، چونکە ئەوانیش پەرتەوازە و ئاوارەبوون و لەژێر سایەی حوکمی دیکتاتۆری لاڵ بوون و دەنگی خۆیان ون کردووە، وێرانکردنی پیتەکانی (وێران کراوە) بە تەواوی بەرجەستەی حاڵەتەکانی هەشتاکانی کوردستانە، بەتایبەتی ساڵی (١٩٨٨) کە مێژووی نووسینی شیعرەکەیە، دووری نێوان ئەم پیتانە، دووری نێوان تاکەکان و خانووبەرەو تەنانەت دووری نێوان جەستە و ڕوحی تاکەکانە لەوکاتانەدا... شاعیر بەوپەڕی داهێنانەوە و بە زمانێکی پاراو و قووڵ دەربڕیون.

(هەڵۆ) ڕەمزی هێز و بەرزەفڕی و ڕزگاری و سەربەرزییە، لە نەستی تاکی کورددا جێگیر بووە و ئامادەیی هەیە و ڕەنگدانەوەی ئەم نەستە بە گەلێ شێوە لە شیعری هاوچەرخدا ڕەنگی داوەتەوە و گەلێ ڕەهەندی پێ بەخشراوە.

(نەوزاد ڕەفعەت) لە شیعری (هێشتا درەختەکان سەوزن) دوعای ئەوە دەکا ئەگەر لە خەونیشدا بێت، شەرەفی ئەوەی پێ ببەخشرێ ببێتە هەڵۆ و لەنێو گشت باڵندەکاندا (هەڵۆ) هەڵدەبژێرێ و نایەوێ بێدار بێتەوە تا ئەو شەرەفەی لە دەست نەدات، هێندە پڕە لە چەوسانەوە و دەسەڵاتە دڕندەکان، بۆیە لە مرۆڤێتی خۆی بێزارە، ئەمەش ڕەمزی ئەو حاڵەتە گشتییەیە، کە لە هەشتاکاندا باڵی بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا کێشابوو:

**خوایە! گەر شەوێ نووستم و خەونێکم دی**
**لەو خەونەشدا بوومە هەڵۆ**
**بێدار نەبمەوە، نەبمەوە مرۆڤێکی بێ چنگ و پەل**
**با هەر پەڕوباڵم هەبن**
**بێچووەکانم بەرز بفڕن**
**کێوی دووری**
**من نە ئەو کێوە دوورانەم پێ دەبزوێ**
**نە تۆشم پێ لەبیر دەکرێ..**
(نیگەرانی، ل١٧-١٨)

لەکاتێکدا (هەڵۆ) لە فەرهەنگی شیعری کوردیدا ڕەمزی بەرزی و سەرکەوتنە، (کەو)یش«٤» بۆتە ڕەمزی خیانەتکاری و شەڕی براکوژی و نەهامەتییەکان.

(باز)یش یەکێکە لەو ڕەمزە گرنگانەی کە زۆر بەکارهاتووە و ڕەمزی نەبەردی و بەرزی و هێنانی بەختەوەرییە، بەتایبەتی کە هەر لەدێرینەوە بە مەبەستی هەڵبژاردنی پاشای ولات بازیان سێ جار هەڵداوە، بەسەری هەر کەسێکەوە هەڵنیشتبا، بەبێ ڕەچاوکردنی کەسایەتییەکە دەبوو بە پاشای ولات.

ئەمە لە حیکایەتە کوردییەکاندا بەدی دەکرێت و حاڵەتێکی ساویلکەیی و سادەیی نەتەوە لە قۆناغێکی دیاریکراودا دەردەخات، ئەم دیاردەیە نەماوە و لەگەڵ کاتەکانی دوای ئەمە نەگونجاوە، بەڵام شاعیرانی هاوچەرخ توانیویانە ئەم بابەتە لەگەڵ هەندێ لایەنی نوێ ئاوێتەی یەکتر بکەن و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بەکاری بهێنن، بۆ ئەوەی ناوەرۆکی بابەتەکانیان پێ برازێننەوە و ببنە پاڵنەرێک.

(مەولود ئیبراهیم حەسەن) لە شیعری (هەڵبژاردن) کە لە ساڵی ١٩٨٢ نووسراوە، بازی کردۆتە ڕەمزی دڵی:

**سەری ساڵی ئەشق بوو**
**سێ جار بازی دڵی خۆم هەڵدا**

**باز**
**پاش زۆر فڕینی**
**پاش تێر گەڕان**
**بەسەر سەری جوانە کچان**
**بەسەر شانی (شاپەری)ێ دەنیشتەوە**
(خۆت لەمن بزر مەکە، ل٥١)

ئەم باز هەڵدانە لای (نەوزاد ڕەفعەت) ڕەهەندێکی تری پێ دراوە و کەشێکی پڕ گومانی لا دروست کردووە، ئەمەش لەئاکامی تاقیکردنەوەکانیان لەگەڵ ئەو پاشایانەی کە بازەکان هەڵیانبژاردوون و کەسایەتییان هەر زوو پێچەوانەی ڕەوتی دادپەروەری و متمانەیی بوون، بۆیەش پرسیارێکی پڕ ترس لەبەردەم دەسەڵاتی پاشای نوێش دادەنرێت. ئەمە لە شیعری (دەنگی هۆنراوەیەک، «٣») کە ساڵی ١٩٧٢ نووسراوە بە ڕاشکاوی گوزارشتی لێ کراوە و کۆمەڵێک پرسی ورووژاندووە و بە نەزانراوی مەودای وەڵامی بۆ داهاتوو و تاقیکردنەوە و ئاکامەکانیان بەجێ هێشتووە، هەرچەندە هەستیش بەوە دەکرێت کە بەسەر هەر کەسێکدا بنیشێتەوە، بۆ تاکی کورد جیاوازی نییە و هەر خوێن ڕشتنەکەیە.

**باز گەردانە**
**دەبێ بازی خۆشپەروازمان**
**بەسەر کێوە هەڵبنیشێ؟**
**دەبێ ئەمجارەیان کێ بێ؟**
**کامە پاشا**
**جۆگە خوێنی لاشەی شاری بێ دادگامان هەڵبلۆوشێ؟**
(بەفری گەرم، ل٧٦)

(بێ دادگا) ڕەمزی نەبوونی دادپەروەرییە، هەر لای هەمان شاعیر (بازی ڕەند) کە بازێکی ئاسایی نییە، بەڵکو بازی فەڕو بەختەوەری و نیشتمان و خەڵکە، مانای ژیان و بوون دەبەخشێت، پێکرانی واتە مەرگ و نوشستی و قاتوقڕی، بۆیە شاعیر هەموو کات چاوەڕوانی دەکات.

ڕەمزی هیوا و گەیشتن بە ئامانجێکی گەورەیە، یان دەبێتە ڕەمزی (گیڤارا) لە ڕووی ئازایەتییەوە.

لە فەرهەنگی ئەم شاعیرەدا زۆر ئاماژە بە (قەل)یش دەکرێت، وەک ڕەمزێک بۆ وێرانکاری و دزێوی، ڕەهەندی بنیادێکی تەنانەت ئەفسانەییشی پێ بەخشیوە، بەوەی کە قەل لە بنەڕەتدا بەم شێوەیەی ئێستای نەبووە، بەڵام لە ئاکامی نەفرەتی هەڵسوکەوتەکانی گۆڕاوە و ئەم وێنە دزێوەی وەرگرتووە و بۆتە ڕەمزی مرۆڤە بەدکار و خۆویستەکان(٥).

(داڵ)یش ڕەمزێکی تری گرنگە کە پانتاییەکی فراوانی لەنێو شیعری هاوچەرخی کوردیدا گرتووە و دەلالەت لە دەسەڵات و هێز و زیرەکی دەکات.

(جەلال بەرزنجی) لە شیعری (ڕاوە داڵ) کە لە ١٩٧٨دا نووسراوە (داڵ)ی وەک ڕەمزی دڕندایەتی بەکارهێناوە، بەرانبەر بە (داڵ) فڕۆکەی دوژمن ئاسمانی گوندەکانی کوردستانیان گرتووە و وەک ئەوە وایە مرۆڤی تەرم ئاسایان ببینێ هەر خەریکی بۆردمانن، وەک چۆن (داڵ) خەریکی جەستەی مردووەکانە و لێیان نابێتەوە، خواستنی (تەرم) بۆ تاکەکانی کورد دەلالەتی بێ دەسەڵاتی نییە، هێندەی دەلالەتە بۆ تێڕوانینی دوژمنان بەرانبەر بەم نەتەوەیە و ڕادەی دڕندایەتی نواندنیان بەرانبەریان، کە ناهێڵن ئەستێرەی هیوایان سەردەربێنێ، شاعیر توانیویەتی ئەم بیرە بە وردی دابڕێژێ و بەهۆی ڕەمزی سەرەکی (داڵ)ەوە گوزارشت لە حاڵەتی چەوساوەیی و دڕندایەتی و ئەو کێشە سەرەکییە بکات کە ئەم حاڵەتەی دروست کردووە:

**داڵەکان ئاسمانیان گرتووە**
**دەبێ تەرمێکی زۆریان لەسەر،**
**زەمیندا دیبێ**
**بەدرێژایی ئەو ڕۆژە**
**ئەو ناوەیان بەرنەداوە**
**گەر تا ئێوارەش بمێننەوە**
**ئەستێرەیێ دەرناکەوێ و**
**دڵیشم شەق دەبا..**
(سەمای بەفری ئێواران، ل١٤)

هەمان شاعیر لە شیعری (سۆزی درەخت) کە لە (١٩٧٨)دا نووسراوە، بە هەمان شێوە سوودی لە کەرەستەکانی سروشت وەرگرتووە، بۆ گوزارشت کردن لە بابەتێکی ڕامیاری گرنگ و پڕ بایەخ، کە ئەویش ئەو ئابلۆقە هەمیشەییە بوو، کە لەلایەن حوکمڕانی بەغداوە خرابووە سەر کوردستان و بەردەوام ئەو (داڵ)انە بوونەتە

مایەی ئازاردانی نەک تەنیا خەڵکەکەی، بەڵکو بابەتە بێ گیانەکانی سروشتیش کەوتوونەتە بەر ئەم شاڵاوانە.

**رێ و بانی بەر دەربەندێ سەخت وتی:**
**لەوەتی هەمە چرایەکم بەسەر خۆمەوە**
**نەدیوە بسووتێ**
**دڵم ئێواران هاتوچۆ کردنی بەسەر نامێنێ**
**رەوە داڵیشی لێ وەردێن**
**هەقمە شەیدای ئاوەدانی و چراخان بم..**
(سەمای بەفری ئێواران، ل٦٤)

(چرا) رەمزی ئازادی و (ئێواران) بەگشتی رەمزی ئەو گوندانەیە لەگەڵ تاریک داهاتن کەس نەیوێراوە سەربێنێتە دەرەوە. شاعیر هونەرییانە ئەم حاڵەتە دەروونییەی خستۆتە روو کە لە ئاکامی ئامادەبوونی هەمیشەیی دوژمن لە دەوروبەردا تووشی بووە.

(قەقنەس) لە فەرهەنگی شیعری هاوچەرخی کوردیدا زۆر دەربڕاوە و وەک رەمزێک بۆ پەیام هەڵگر و ئازادیخواز و ئەوانەی پەیامی هەق و خێر و جوانییان هەڵگرتووە، کە لەکانگەی فەلسەفەی (ئەفلاتوون)دا هەڵقوڵاوە، هێلانەی (قەقنەس) خۆی خودی ئاگرە، ئەمەش باشترین دەلالەتی قوربانیدان و رەمزی شۆڕشگێڕێکی خاوەن مەسەلەیەکی رەوایە.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

**١- د. سامي سعيد الاحمد، رموز من عالم الحيوان، مجلة التراث الشعبي، العدد (٢)، ربيع ١٩٨٩، ص٧٠.**

**٢- مەولود ئیبراهیم حەسەن، قەدەغە شکێن. چ١، چاپ و ئۆفیسی دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٣٩.**

*** لەژێر ناونیشانی (من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ و سەرنج دان لە ئاسۆی فیکری شاعیر)، عەبدوڵلا عەباس بەسێ بەش لە رۆژنامەی هاوکاری، ژمارەکانی (٢٠٨، ٢٠٩، ٢١٠)ی ساڵی١٩٧٤ بلاوکردۆتەوە، هەندێ بابەتی رەخنەیی کە لەسەر ئەدەبی ئینگلیزی خراوەتە روو، نووسەر دەیەوێ بەسەر ئەدەبی کوردیدا بیسەپێنێ، بەتایبەتی لەوەی کە بەرکارهێنانی باڵندە وەک رەمز گوزارشت لە چەپاندنی سێکسی دەکات...) بەڵام لەگەڵ ئەو بیروڕایەی نووسەر نین، چونکە کەسی کورد بە شاعیریشەوە جگە لەمە کۆمەڵێک چەپاندن کاریگەرییان لەسەر دەروونی دروست کردووە.**

**٣- مەحموود زامدار، وێرانەخاک، بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری کوردی، بەغدا، ١٩٧٥، ل٣.**

**(**) ئاشتی زۆربەی کات وەک ناوێک بۆ کچان بەکاردێت، کەم رێکەوتووە کە کوڕ ناو بنێن ئاشتی، لەوانەیە زیاتر لەگەڵ خەسڵەت و هەڵوێستی کچان بگونجێت.**

***** پەڕشکاوی لاڵ ـــ لادانە لە زمان چونکە پەڕ ناشکێنرێ، بەڵکو دەردەهێنرێ، لێ دەکرێتەوە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە شاعیر سیفەت و خەسڵەتێکی مرۆڤیشی پێ بەخشیوە کە لاڵییە، ئەمەش لادانێکی ترە دراوەتە پاڵ باڵندە.**

**٤- نموونەی ئەم بابەتە لەم سەرچاوانەدا بەدی دەکرێت:**
**أ- جەلال بەرزنجی، سەمای بەفری ئێواران، شیعری رەند (١٩٧٨)، ل٥**
**ب- عەبدول شارباژێری، کوانوی شەوانی بێ ئاگر، ل١٨**

**٥- بۆ ئەم مەبەستە بروانە: دیوانی نیگەرانی، (شیعری نەفرەت)، ل٥٤.**

**تێبینی:**
**- دیوانی بەکارهاتووی شاعیران هەر بەرانبەر نموونە شیعرییەکان ئاماژەیان بۆ کراوە، بۆیە بە پێویستم نەزانی لێرەدا دووبارەیان بکەمەوە.**

# ئەختەر لە دیوەخانی شیعر و گۆرانیدا

**جەواد حەمەبەگ ساڵح**
**(کۆیە)**

**(ئاگـاتان لە نوقـمـبـوونی خـۆتان بێت لە بەحـرێکدا هەمووی ئاواز بێت، مۆسیقا وا دەکات لەشمان بەرگەی دەردی زۆرتر بگرێت) بەختـیـار عـەلی- ڕۆمـانی شاری مۆسیقارە سپییەکان**

**تەوەری یەکەم: کاریگەریی شیعر و ئاواز و مەقاماتی سەدەکانی پێش ئەختەر لەسەر ئەختەر و دیوەخانەکەی و کاردانەوەی ئەختەر لەسەرکۆیە و کوردستان و عیراق:**

گـۆرانی و مـیـوزیکی کـۆیە ڕەگـوڕیشـەیەکی قـووڵ و دێرینی هەیە، ئەگەرچی ناکرێت بە ڕەهایی خاڵی سەرەتا و سـەرەداوەکـەی دەسـتـنیـشـان بکرێت، ئەوەندەش هەیە بەپێی ئەو نووسـراو و سـەرچاوانەی دەسـتـمـان کـەوتوون دەکـرێت وەک خـاڵـێک دەسـتـنیـشـان بکرێن و بکرێنە سەرەداوێک، بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە بەدواداچوون و ڕاو بۆچوونەکـەی بیـرمـەندی گـەورەی کـورد مـامـۆسـتـا (مەسعوود محەمەد) دەبەستین کە لەسەر ئەم نووسینەی خوالێخۆشبوو دکتۆر (مستەفا جەواد) لە ڕۆژنامەی (سـەورەی عـیـراقی) بڵاوی کـردووەتەوە و دەڵێت (دوو کەس کاریگەرییان لەسەر مەقاماتی عەرەبی هەبووە) جا ئەمـەی کـە کـارمـان پێـیـەتی، مـامـۆسـتـا (مـەسـعـوود مـحـەمـەد) بە دوایدا چووە و سـاغی کـردووەتەوە و گەیاندوویەتییە سەر (مەلا خدری کوڕی مەلا عومەری کۆیی) کە لە کۆیە بووە و ژیاوە و مردووە، خۆشنووسێکی بلیمەت و نیگارکێشێکی کارامە بووە، گەلێک کتێبی ئایینی و ئایەت و فـەرمـایشـتـەکـانی پێـغـەمـبـەری نووسـیـوەتەوە و لەسـەر دیوارەکـانیش گـەلێک وێنە و نەخشونیگاری هەڵکەندووە، لە سەدەی چواردەمدا پتر لە (٦٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا لە کۆیە ژیاوە، زۆر حەزی لە گـەشت و گـەڕان کـردووە، دەیان جـار سـەردانی ئێـرانی کـردووە، بە خـەتە سـیـحـراوییـەکـەی ناوی زاراوەکـانی مەقاماتی فارسی نووسیوەتەوە و بە ڕۆژئاوای نیشتمانی عـەرەبی گەیشـتـووە و پاشانیش بەسەرجەم نیشـتـمـانی عەرەبیدا«١». خۆشم لە مامۆستا مەلا فەتحوڵلای ئەمینم بیـسـتـووە کـە فـەقـێی مـەلای گـەورە بوو، دەیفـەرمـوو: (مەلای گەورە هەرخەتێکی جوانی بدیتبایە دەیفەرموو: ماشاڵڵا دەڵێیت خەتی خدری کوڕی عومەرە)«٢» دیارە (مەلا خدر) لە ناوەندێکی لێوانلێوی هونەریی تایبەت بە گۆرانی و میوزیک هەڵکەوتووە، لەدوای خۆیشی پچڕان و دابڕانی نەبینیوە، بە بەڵگەی ئەوەی کە کۆیە لە هەردوو چەرخی هەژدەم و نۆزدەمـدا شـاری ئاهەنگ و گـۆرانی و میوزیک بووە، لەژێر ئەم ڕۆشناییەدا مەلای گەورەی کۆیە فەرموویەتی: (لە کوردستانی ئێران گۆرانی پەیدا دەبوو،



ئەختەر

لە سولەیمانی تەوشوتەراش دەکرا، لە کۆیەش لە چەرخ دەدرا)«٣» لێرەدا ئەم پرسیارە سەرهەڵدەدات، لە کوێ لە چەرخ دراون و وەستایەکەشی کێ بووە؟ دیارە لە ئەختەر و دیوەخانەکەی بترازێت، هیچ وەڵامێکی دیکە بەدی ناکرێت. دەبێت ئاماژەش بەوە بکەین کە شاعیرە ناودارەکانیش، چی لەسەردەمی ئەختەر و چی لەپێش ئەختەریشدا سەردانی ئەم دیوەخانەیان کردووە و لێی ماونەتەوە لە سەرووی هەموشیانەوە حەزرەتی نالی و دواتر حاجی قادر و کەیفی و موجریم و حاجی قادری بالیسانی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و چەندانی دیکە. هەریەک لەم شاعیرانەیش ڕێزی تایبەتی خۆیان هەبووە و کاریگەرییان داوە و وەرگرتووە، دەربارەی ئەدەب و شیعریش لە هەردوو سەدەی هەژدەم و نۆزدەم و بەشێکیش لە سەدەی بیستەم، بەڕێز پرۆفیسۆر (د. مارف خەزنەدار) لە نووسینێکدا لە ڕۆژنامەی (هاموون) لەژێر ناوی کۆیەی دوێنێ و ئیمڕۆ فەرموویەتی: (وێڕای ئەوەی کە کۆیە لەم چەرخانەدا لە شیعر و ئەدەبدا نوێنەری هەولێر بووە، پردێکیش بووە شیعر و ئەدەبی لە سولەیمانی و شوێنەکانی تردا پێ پەڕیوەتەوە بۆ هەولێر و شارەکانی تر)«٤».

لێرەدا چەند نموونەیەکی کاریگەری ئەختەر و دیوەخانەکەی دەخەمە ڕوو کە تایبەتن بە گۆرانی و میوزیک و شیعری کوردی، چی لەسەر ئاستی بنەماڵەکەی و چی لەسەر ئاستی تێکڕای شاری کۆیە.

مامۆستا- عەبدولڕەقیب یووسف لەلاپەڕە (١٥٥)ی (ڕامان)ی ژمارە (١٢٥)ی (٥/١٠/٢٠٠٧) لە باسی (حاجییە گەورەی مەقامبێژی کۆیە)دا نووسیویەتی:

(پاش ئەوەی زانیم مامۆستای مەقاماتی عیراقی خوالێخۆشبوو (محەمەد قەبانچی کە لە ٢/٤/١٩٨٩) کۆچی دوایی کردووە، وتوویەتی: لە بارەی مەقاماتەوە سوودم لە حاجییە گەورەی (خەڵکی شاری کۆیە وەرگرتووە و بەیەکێک لە مامۆستایانی خۆمی دەزانم)«٥» لەدوای ئەم وتەیە چەند ڕاوسەرنجێک دەخەمەڕوو، ئەگەر بەراوردێک لەنێوان تەمەنی ئەختەر و حاجییە گەورە بکەین، دەردەکەوێت کە ئەختەر دە دوازدە ساڵیش لەپێش حاجییە گەورە هاتووەتە دنیاوە، ئەگەرچی (حاجییە گەورە) نزیکەی دوو ئەوەندەی ئەختەر تەمەنی بەسەر بردووە (پەنجا ساڵ لە سەدەی نۆزدەم و چل و سێ ساڵیش لە سەدەی بیستەم ژیاوە و کۆی تەمەنی دەکاتە (٩٣) ساڵ، هەرچەندە (حاجییە گەورە)یش خاوەنی جێ و قوناغ بووە، بەردەوامیش هاموشۆی دیوەخانی ئەختەری کردووە«٦». ناشکرێت کەسێکی لەو جۆرە کە (محەمەد قەبانچی) بە مامۆستای خۆی دانابێت، کاریگەریی کەسێک، یان شوێنێک، یان قوتابخانەیەکی لەسەر نەبووبێت، لە کاتێکیشدا کە نزیکترین شوێنیش لەم زاتە ئەختەر و دیوەخانەکەی بووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دیوەخانی ئەختەر ناڕاستەوخۆ بە ڕێگەی (حاجییە گەورە)وە کاریگەریی لەسەر مەقاماتی عیراقی و عەرەبی هەبووە هەروەک چۆن (مەلا خدر) لە سەدەی چواردەمدا کاریگەریی هەبووە، وێڕای (حاجییە گەورە)ش کۆمەڵێ میوزیک و گۆرانیبێژی بە سەلیقە و ناودار لەدوای ئەختەر دەرکەوتوون، لە ڕۆژگاری ئیمڕۆشدا گۆرانی سەردەمی ئەختەر دەچڕن و ئالۆشەی دەکەنەوە. لە میوزیکزانەکان، مامۆستا (جەلال حەویزی) کە لە سەرەتای بیستەکانەوە عوودێکی دروست کردووە و فێری ژەنینی بووە و بووەتە مامۆستای هونەر و یەکەم مامۆستا بووە عوودەکەی بردووەتە پۆل و سروودی لەگەڵدا چڕیوە و هەرچەندە لەم کاتانەدا وانەی سروود و میوزیک وانەیەکی سەربەخۆ نەبووە، بەڵکو بە وانەکانی وێنە و وەرزشەوە بەسترابووەوە، لە نیگارکێشانیشدا کەم وێنە بووە، لە نمایشکردنی یەکەمین شانۆگەریی هونەریی

کۆیەدا (پیرۆزخان کچی کوردستان) بە مۆسیقا و دیکۆر بەشداری کردووە«٧»، عوودەکەی وەک بیلبیلەی چاوی پاراستووە. ساڵی (١٩٥٧) کاتێ مامۆستا باکووری وەک مامۆستای وانەی ئینگلیزی دەگەڕێتەوە کۆیە، مامۆستا باکووری ئاگادار دەکات کە عوودەکەی هەندێک کەموکوڕی لێ پەیدابووە، داوای لێ دەکات کە بۆی چاک بکاتەوە، باکووریش داواکەی بۆ جێبەجێ دەکات«٨»، دوای مامۆستا جەلال حەویزی ئاماژە بە (جەنەڕاڵ عەبدولواحید ئاغا مستەفا) دەکەین کە ئەم هونەرمەندە مەزن و بلیمەتە نەک هەر کاردانەوەی لەسەر گەشانەوەی ئاگردانی مۆسیقای کوردستاندا هەبووە و کاریگەری لەسەر سەرجەم مۆسیقای عیراقیدا هەبووە و تەکانی پێداوە و بەشێوازێکی بەرچاو هەنگاوی پێ ناوە«٩»، لە دوای ئەمانەش گەلێک میوزیکژانی دیکە دەرکەوتن، چەشنی مامۆستا باکووری و سەردار ئەحمەد و زاهیر محەمەد و وریا ئەحمەد و جان تۆماس و هونەرمەندی جوانەمەرگ سامان تاهیر و جەلال عەزیز و جەبار عەزیز و ڕێبین جەمال و سەفین، تا دەگاتە هانا مەلا قادر و خوێندکارانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی شەهید جەعفەر. لەبواری گۆرانی و مەقامیشدا دەیان نموونەی چاک و بەهێز هەنە، کە لەبەر زۆربیان ناکرێت ناوی هەموویان بهێنرێت، لەمانە: (ڕەفیق چوارچاو، مەحموودی شاییان، فاتیحی قالەی وەسمان، محەمەد مەندۆ، قادری مام حەمەد- خاوەنی گۆرانی شلەوخانان، حەنیلە خڕە، مامە سێوە، ئەحمەدی حەمە مەلا، تاهیر تۆفیق کە مامۆستای مەقامات و داینەمۆی درێژەپێدانی بووە، ئەمینی سەمەنی، قادری پەرەکەر، حەمەدەمین گۆجە، مەلا ئەسعەد، مەلا کۆرە، حەمەدەمینی عەباس، باقی حەلاق، مەجیدی سمایلە خڕە، عەبدوڵڵای سمایل چاوشین، بلە، شنۆ، بابیز مستەفا تا دەگاتە مەلا سەڵاح و خاتوو لێوژە).

لە شاعیر و نووسەرانیش: (ڕۆستەم حەویزی، دڵزار، شارەزا، فریشتە، عەونی، مەیلی، سامی عەوداڵ، مسکێن، عاصی، دلاوەر، دڵدار، وردی، بیمار، جۆبار، غەمبار، برژاو، حەزینە، نیهانی ئازاد، قوبادی جەلی زادە، مودریک ژالی، مەولوود ژاکاو، داریاس، وریا جەلی زادە، هاوژین و دەیانی دیکە...). لە نووسەر و ڕووناکبیر و بوێرانیش: (تاهیر حەویزی، ڕەئوفی سەلیماغا، سەعید فەهیم، کە مامۆستا تاهیر بە سەعیدەفەندی ناوی هێناوە.) مخابن ئەم پیاوە ڕووناکبیر و سیاسەتمەدارە مافی خۆی پێ نەدراوە، لەکاتێکدا لەسەردەمە سەخت و ناخۆشەکاندا زۆربەی کۆبوونەوەکانی پارتی لە بەغدا لە ماڵی ئەو سازدراوە«١٠»، کە لەکۆیەش بووە سەرچاوەی زانیاری بووە، هەر گەشتیارێک هاتبێت هاتووەتە لای مامۆستا سەعید فەهیم و زانیاری لێ وەرگرتووە. یەکێک لەو گەشتیارانەی کە زانیاری لێ وەرگرتووە (عەلی سەیدۆ گەورانی) بوو، لە گەشتەکەی لە عەممانەوە بۆ ئامێدی ساڵی ١٩٣٢«١١»، یەکەم نووسەر بووە ڕۆژنامەی دەربارەی منداڵان دەرکردووە«١٢»، مامۆستا (سەعید فەهیم) لە ساڵی (١٩٠٩) لە خێزانێکی حەویزی و دەکاتە برای (ڕەئوفی سەلیماغا) لەدایک بووە و لەساڵی (١٩٧٢) لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە«١٣»، وێڕای ئەمانەش کاک ئازاد عەبدولواحید و جەمالی ڕەشاغە و حاکم پێشڕەو و کاک ڕابەر و چەندی تر لە نموونەی پیاوانی ئازا و جەسووری بنەماڵەی حەویزی (مام ئەسعەد) ئەم پیاوە بوێرە لە ١٩٥٣/١/١٧ لە خۆپیشاندانێکی گەورەدا دژی کاندیدەکانی هەڵبژاردن کفنی لەبەر کرد و لەپشتی بە خەتێکی سوور نووسرابوو (یان کفنی سپی سوور دەکەم، یان ئینتیخابات بۆر دەکەم)، هێرشی بردە سەر سندووقەکانی ئینتیخابات و تێکوپێکی شکاند و هەرەسی بە هەڵبژاردنی ناڕەوا هێنا و ڕیسوای کرد.«١٤» ئەوەی جێگەی ئاماژەیە ئەوەیە کە زۆربی ژمارەی هونەرمەندانی بواری گۆرانی و میوزیک، زۆربی ژمارەی شاعیر و ئەدیب و نووسەر و ڕووناکبیر و بوێران بەڵگە و پاساون و گوزارشت لە چەندیەتی بەهێزو کاریگەریی ئەختەر دەکەن چ لەسەردەمی خۆی و چ لە دوای خۆی.

### تەوەری دووەم: ژیان و بەخشندەیی و فریادڕەسی ئەختەر

لێرەدا باکگراوندێک بۆ باوک و باپیرانی ئەختەر و بنەماڵەکەی دەکەین، بۆ ئەم مەبەستەش پەنا دەبەینە بەر کتێبی عەلی سەیدۆ گەورانی و گەشتەکەی (لە عەممانەوە بەرەو ئامێدی ساڵی ١٩٣٢ لەلاپەڕە ١٦٧) لە تەواوکردنی تەوەری باسەکەی بەناوی کوێسنجاق دەڵێت:

دانیشتوانی شاری کۆیە شەش هەزار کەسەن، هەمووشیان کوردن، تەنیا (٣٠) ماڵ فەلە و (٣٠) ماڵ جوولەکەی لێ دەربکە، کوردەکانی ئەم شارەیش سێ چینن:

١- چینی حەوێزی و غەفووری.

٢- چینی ئایینپەروەران (نەقشبەندییەکان).

٣- چینی بازرگانان.

حەوێزییەکان هۆزێکی گەورەن بە ڕەگەز بۆ (حەوێز ئاغای باڵێ) دەگەڕێنەوە کە یەکێک بووە لە حوکم ڕەوایانی ناوچەکە لە سەردەمی بابانییەکاندا، دوای ئەویش حاجی بەکرئاغای سۆران جێی گرتووەتەوە، لەسەردەمی میر محەمەدی پادشای ڕەواندوزدا، تەنانەت لەکاتی حاجی بەکراغاشدا پەتای تاعوون بڵاوبووەتەوە و بەشێکی زۆری خەڵکەکەی لەناو بردووە«١٥»، لە بنەماڵەی حەوێزییەکانیش تەنیا... حاجی بەکراغا و دوو خوشکی ماون کە یەکێکیان بووەتە خێزانی مەلا ئەسعەدی جەلی زادە، ئەم حاجییە باپیری جەمیلاغای قائیمقامی کۆیەیە، حاجی بەکراغا (قاصید) باوکی ئەمیناغای ئەختەرە، ڕاوبۆچوونی جیاواز لەسەر ساڵی لەدایکبوونی ئەختەر هەیە، هەندێک بە ساڵی (١٨٣٦ز) دەزانن، هەندێکی دیکە بە ساڵی (١٨٣٨ز) و ساڵی (١٨٣٩ز). دواتر بۆی دەگەڕێینەوە و ساغی دەکەینەوە«١٦». ئەختەر لە تەمەنی شەش حەوت ساڵیدا لە مزگەوتی گەورەی کۆیە، کە بە مزگەوتی (حاجی بەکراغا) ناسراوە لای (مەلا سمایلی مەنتک) دەچێتە بەر خوێندن، بە ماوەیەکی کەم فێری زمانی فارسی و تورکی دەبێت، پاشانیش بە مەبەستی پەرەپێدان بە خوێندنەکەی دەچێتە بەغدا و لای (مەلا تەهای دیهمەلانی) بەردەوام دەبێت، هەر لەم ماوەیەشدا فێری زمانی عەرەبی دەبێت، مخابن لە گەرمەی خوێندنەکەیدا لە تەمەنی (١٥) ساڵیدا بەهۆی کۆچی دوایی باوکییەوە دەست لە خوێندن هەڵدەگرێت و بۆ کۆیە دەگەڕێتەوە، دەبێتە جێنشینی باوکی«١٧»، ژیریی ئەختەر و کاریگەریی حوجرە و دیوەخان و بنەماڵەکەی ئەختەری بەرەو شیعر بردووە، سەرەتا بەنازناوی (ئەمین-ئەمینی) شیعری نووسیوە، چەشنی شاعیرە کلاسیکییەکان لە دوایین دێڕی زۆربەی هۆنراوەکانیدا ناوی (ئەمین) دەهێنێت، وەک ئەم نموونەیە:

**(ئەی- ئەمین- بیستوومە ئیمڕۆ یار خەڵاتی کردووی ساوەرە، ئەوجاکە بمرە تۆ لەسەر ئەم خۆشییە)**

پاشان نازناوی بە (ئەختەر) واتا ئەستێرە دەگۆڕێت، لە بری (ئەمین) لەدوا دێری هۆنراوەکانیدا نازناوی (ئەختەری) هێناوە، وەک:

**(عینانی دڵ بەدەستی من نییە- ئەختەر- مەکە مەنعم بەڵام کافر بە حاڵم بێ، چ چارە قەومە ناچارم)**

بەهۆی گۆڕینی نازناوی دوو دەنگۆ هەیە، دەنگۆی یەکەم ئەوەیە. کە گوایە ئەختەر هەندێ هۆنراوەی گوتووە کە لە شانوباڵی ئەختەر و بنەماڵەکەی ناوەشێتەوە و بووەتە مایەی سەرزەنشتکردنی ئەختەر لەلایەن بنەماڵەکەیەوە، بە مەبەستی داپۆشینی ئەم خەوشە نازناوەکەی گۆڕیوە، دەنگۆی دووەمیش دەڵێت ئەستێرەی بەختی بەرز و خوا پێداو بووە، سامان و دەسەڵاتێکی لەباوکییەوە بۆ ماوەتەوە«١٨»، ئەگەر ئەم دوو هۆکارەش لە شوێنی خۆیاندا بن، دەبێت هۆکارێکی دیکەی لە دواوە بێت، ئەگینا چۆن دەکرێت، حاجییەک بەم ناوە بەرزو پیرۆزەوە وەسفی بکات و ناوی ببات، ئەویش بچێت بێ هۆ بیگۆڕێت. ؟

ئەختەر هەر لە قۆناغی هەرزەکاری و دوای ئەم قۆناغەش تووشی گەلێک ئاستەنگ و کێشە و دەردەسەری بووە، لەمانە:

١- کۆچی دوایی باوکی لە تەمەنی (١٥) ساڵیدا کە دەبێتە هۆی دابڕانی لە خوێندن و دەبێتە جێنشینی باوکی خۆ ئەگەر باوکی، زیاتر بژیایە، ئەوە دەیتوانی پەرە بە خوێندنەکەی بدات و بە ئامانجی خۆی بگات، ڕەنگە بشیتوانیایە شیعر و دوکۆمێنتەکانی باوکی بپارێزێت.

٢- دژایەتی کردنی ئەختەر لەلایەن تورکە عوسمانییەکانەوە، لەم دواییدا ئەختەر یاخی دەبێت و بۆ ماوەی (٤٥) ڕۆژ تووشی گرتن و دوورخستنەوە بۆ بەغدا و حیللە دەبێت، بەرانبەر هۆکارەکەشی دوو دەنگۆ هەن:

**یەکەمیان دەڵێت:** لەبەر ئەم زوڵم و جەورەی تورکەکان بووە کە دەرحەق بە گەلی کورد کراوە، ئەم کارە وا لە ئەختەر دەکات هەجووی والی (تەقیدین پاشا) بکات.

**دووەمیشیان دەڵێت:** لەبەر ئەم کارەساتە گەورەیەوە بوو ساڵی (١٢٨٤) کۆچی، عوسمانییەکان بەسەر غەفوورییەکانیان هێنابوو، کە بووە هۆی کوژرانی سمایلاغا و بریندارکردنی حەماغای گەورە و پاشانیش

زیندانی کــردنی، لەگــەڵ ڕشــتنی خــوێنێکی زۆری عەشیرەتی غەفووری وماڵەکانیشیان تاڵان کرا«١٩».

٣- دابڕان و نەگــەیشــتنی بە دولبــەرەکــەی- ڕابی- بە پاساوی ئەوەی کە خوشک و برای شیرین، بۆیە بەیەک ناگەن و خۆری خۆشەویستییان ئاوا دەبێت، ئەم کۆستە ئەختەری بە نیوە بازنەیەکی داخراو گەیاندووە و وای بۆ چووە بە تەنیــا بە کلیلی مــەرگ دەکــرێت ئەم بازنەیە بتــرازێنێت و خــۆی تێــــدا دەرباز بکات، ئەوەتا لە هۆنراوەی (بەتیری خەمزەکەی)دا دەڵێت:

**(خۆراکم خوێنی دڵ بوو، هەر کە میهانی محبەت بووم**
**لە ئێستاوە دیاری دا، کە ئاخر چۆن دەبێ کارم**
**وەصیەت بێ کە مردم کێل و تابووتم لە عەرعەر بێ**
**هەتا عالەم بزانێ، من شەهیدی قامەتی یارم)«٢٠»**

ئەختــــەر بەوێدا دێتــەوە لە ئاســتی ئەم کــێــشــە و ئاستەنگیانە دەوەستێت و خۆی بە گەورەتر دەنوێنێت، بە هەر بەهایەک بێت کــەسـیــەتی خــۆی و بنەمــاڵەکــەی و دیوەخــانەکــەی دەپارێزێت، ئەو دیوەخــانەی دەکــرێت بە قوتابخانەیەکی گەورەی شیعر و ئاواز و مەقامات ناوزەد بکرێت، وێڕای ئاواز و مەقـامیش ئەختەر شاعیرێکی بەتوانا و سەلیقە بووە، ئەگەرچی شیعرەکانی لە قاڵبێکی کلاسیکیدا داڕێژراون، لەهەمان کاتیشدا لە ڕۆمانتیکی خــــاڵی نین. دەیان شــــیـــــعـــــر و گــــۆرانی و ئاوازی زیندووکــردووەتەوە و لە فــەوتان ڕزگــاری کــردوون، لە دیوەخانەکەیدا کۆرس هەبووە و چەندین ئامێری ڕوحی تێــــدا بەکـــارهێنراوە، ژیانی کــــۆرســــەکــــانی دابین کردووە«٢١»، بە هەڵەدا ناچین ئەگەر بگوترێت یەکەمین تیــپی مــۆسـیــقــای کـوردســتــان لەم دیوەخــانەوە ســەری هەڵداوە. وێڕای ئەمــانــەش دەیان یاری فــۆلکلۆری لەناو دیوەخان و دەرەوەیدا کراون و لە فەوتان ڕزگاریان بووە و بە نەوەکــانی دوای خــۆی گــەیاندووە، چەشنی (تەڵە و ڕێویانێ- سین و زوڵفانێ و... چەندانی تر).

ئەختەر خاوەنی دوو دیوەخان بوو، یەکێکیان تایبەت بوو بە شــاعــیــر و پیــاوانی ئایین و پیــاومــاقــوولان و مــیــوانانی دوورو نزیک، دیوەخــانی مــیــوانان هەمــوو پێداویستییەکی بۆ فەراهەم کرابوو، دیوەخانی دووەمیش تایبــەت بووە بە دانیــشــتنی خــۆیان و بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی و بڕیاردەران، لە هەمان کاتیشدا ژووری تایبەت بە کتێب و تاعەتی هەبووە، خانووەکەیان ڕووبەرێکی گــەورەی داگیــرکــردبوو زیاتر لە هەزار مــەتر دووجا بوو، حەوشەکەشیـان کە بە (حەوشەی گەورە) ناوزەد دەکــرا، ڕەز و باخــێکی گــەورەی تێـــدابوو، بە چەندین گــوڵ ڕازابووەوە، بۆ یەکــەم جــار دار پرتەقــاڵ و مــزرەمـــەنی هێناوەتە کــۆیە و لەناو حــەوشــەکــەیدا ڕواندوویەتی.

دیوەخانەکەی پەناگەی هەژار و لێقەوماوان و ڕێبواران بووە، لە ئێــران و توورانەوە ڕوویان تێ کــردووە، هەتا جــارێکیــان ئازەربایجــانە ئێــرانیــیــەکــان لە کــاتێکدا جەنازەکــانیــان بۆ نەجــەف و کــەربەلا دەبەن، کــاتێک بە کۆیەدا تێپــەڕ دەبن بە مــەبەســتی پشــوودان و حەسانەوە ڕوو لە دیوەخان دەکەن، زۆر ڕێزیان لێ دەگرێت، کاتێک بۆ ئێران دەگەڕێنەوە سەماوەرێک بۆ ئەختەر دەنێرن، بەم چەشنە بۆ یەکــەم جــار یەکــەم ســەمــاوەر بەکــۆیە دەگــات «٢٢»، فــریاد ڕەس بوو، کــەسی بێ کــەسـان بوو، ژیرانە هەڵســوکــەوتی لەگــەڵ نەدار و لێــقــەومــاوان دەکــرد، بۆ ماوەیەک ژیانی دابین دەکردن، پاشانیش فێری کارکردنی دەکــردن و کــاری بۆ فــەراهەم و تەرخــان دەکــردن، تا لە تەمەڵی و مشەخۆری دوور بکەونەوە، حاجی وتەنی:

**(تەمەڵی کاری حیز و بێ خێرە**
**دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە)**

ئەختەر ئەگەرچی بە پیاوێکی دونیەوی ناسراوە، لایەنە ئایینیــیــەکــەشی فــەرامــۆش نەکــردووە، بەردەوام نوێژی کردووە و ڕۆژووشی گرتووە، ئەگەر سەد میوانی هەبوایە تا نوێژەکەی نەکردبایە نانی نەدەخوارد، هەروەک ئاماژەی پێ کرا ژووری تاعەتی هەبووە، ژووری کتێبانیشی گەلێ کــتێبی ئایینی پیرۆزی تێدا بووە، قورئانی پیرۆز، هی چاپکراو و دەســــتنووس، زۆر ڕێزی پیــــاوانی ئایینی لابووە، ئامادەبوو لەپشت فەقێیەک بڕوات، بەڵام هەرگیز ئامــادە نەبووە لەپشت ئاغــایەک، یان کــاربەدەســتێکی مــیــری بڕوات، بەدەنگ و هاواری خــەڵکانەوە دەهات، دژی جەور و ستەم بوو، جڵەوی دەسەڵاتدارانی گرتبوو، دژی دزی و بەرتیل و گەندەڵی بوو، حەقی خاوەن حەقی دەگەڕاندەوە، ڕێزی ئافرەتی بوێر و جەسووری دەگرت، خــەڵاتی دەکــردن، دژی توندوتیــژی نواندن بەرانبــەر بە ئافــرەتان بوو، پیــاوی ســوڵح و ســازش بوو، حــەزی لە ئاشــتی و تەبایی بوو. دەنگ خــۆشــان چاک شــارەزای

ئەختەر بووبوون، کاتێک ئەختەر لە گۆرانیبێژێک دەتۆرا گۆرانیبێژەکە دەچووە نزیک ئەختەر، جا لە هەر شوێنێک بوایە، خۆی لێ ئاشکرا نەدەکرد و نەیدەهێشت ببینێ و لەپڕ دەستی بە چرینی گۆرانی دەکرد، بە تایبەتی ئەو غەزەلانەی کە ئەختەر حەزی لێ دەکردن و کەوتبوونە سەر زوبانانەوە، وەک ئەم غەزەلانە:

**(بەتیری غەمزەکەی دووچاری مەستت بریندارم**
**دەچێ بۆ عەرشی ئەعلا دائیمەن فریاد و هاوارم)**

یان:

**(دەخیلت بم لە عوشاقت مەڕەنجە**
**دڵ و دینم فیدای ئەم لارولەنجە)**

کاتێ ئەختەر گوێی لێیان دەبوو دڵی سارد دەبووەوە و بانگی دەکردن و هەم ئاشتی دەکردنەوە و هەم خەڵاتیشی دەکردن، هەروا بەرانبەر ئەو کەسانەش ئەگەر کاری تایبەتی و فەرمی و فەرمانەکانیان هەبوایە، ئەختەر زۆر هانی دەنگخۆشانی دەدا، لە هەر شوێنێک بیزانیایە دەنگخۆشێک هەیە، خۆی دەگەیاندێ و دەیبردە دیوەخان و شیعر و ئاوازی پێ دەدا و خۆی لەگەڵدا ماندوو دەکرد و پرۆڤەی پێ دەکرد. خۆ ئەگەر بۆ سەردان ڕووی لە هەر شوێنێک بکردبایە دەبوو گۆرانیبێژان لە پشت ئەسپەکان برۆن و بەگۆرانی و چەپڵەلێدان ڕێگاکە ببڕن، هەرکە دەگەیشتنە شوێنی مەبەستیش دەبووە ئاهەنگ و بەزم و شایلۆغان«٢٣».

**تەوەری سێیەم: (ساغکردنەوەی هەندێک ڕاوبۆچوون و مشتومڕی لێک جیاوازی تایبەت بە ئەختەر)**

١- دەربارەی ساڵی لەدایکبوونی ئەختەر: مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بەشی یەکەمی ساڵی (١٩٥٠) ساڵی (١٨٣٦ز) داناوە، مامۆستا عەبدولڕەزاق بیماریش لە گۆڤاری هەتاوی ژمارە (٥٤، ٥٥) ساڵی (١٩٥٦) پشتی بە هەمان سەرچاوە بەستووە و هەمان ساڵی (١٨٣٦ز) تۆمارکردووەتەوە«٢٤»، مامۆستایان (کەریم شارەزا) لە کۆیە و شاعیرانی و (ئازاد عەبدولواحید) لە (ئەختەر شاعیری جوانی و دڵزاری) ساڵی (١٩٧٦) ساڵی (١٨٣٩ز) بە ساڵی لەدایکبوونی دەستنیشان کردووە«٢٥»، مامۆستا- تاهیر ئەحمەد حەویزیش لە دیوانی ئەختەر ساڵی (٢٠٠٢) ساڵی (١٨٣٨ز) بە ساڵی لەدایکبوونی ئەختەر داناوە«٢٦».

مامۆستا مەسعوود محەمەد- لە بەشی دووەمی دیوانی حاجی قادری کۆییدا ساڵی کۆچی دوایی حاجی بەکراغای باوکی ئەختەر بە ساڵی (١٨٥٣ز) داناوە«٢٧»، تەمەنی ئەختەریش لەم کاتەدا کە (١٥) ساڵ بووە هەروەک جەختی لەسەر کراوەتەوە و نووسەران لەسەری کۆکن بەم پێودانگە ڕاستی ساڵی لەدایکبوونی بەلای ساڵی (١٨٣٨ز)دا دەشکێتەوە.

دەربارەی ساڵی کۆچکردنیشی (مردنی) نووسەران لەسەر ساڵی (١٨٨٨ز) کۆکن، ئەوەی جیاوازی بوو مامۆستا (کەریم شارەزا) بوو کە لە کۆیە و شاعیرانی ساڵی (١٨٨٦ز) دانابوو، بەڵام لە فیستیڤاڵی ئەختەر (لە ڕۆژانی ١٥، ١٦ مانگی ١٢ی ساڵی ٢٠٠٧) هەر بۆ خۆی ڕاستی کردووە و لەمیانی نووسینە بە پێزەکەیدا ئاماژەی بە ساڵی (١٨٨٨ز) کرد.

٢- کەی و لە کوێ (حاجی) ئەم مەدحەی (ئەمیناغای ئەختەر)ی کردووە..؟

**(ئەی موحەمەد وەی (امین الدوله) ئیمرۆ کۆیی تۆ**
**جەنەتێکە کەوتە دۆزەخ هەرچی لێی دوورکەوتەوە**
**مودەتێکە دەربەدەر کردەی وڵاتی غوربەتم**
**بەندە یاری ئاستان بۆسی ئەتۆی کرد هاتەوە**
**چونکە توحفە لازمە هەرکەس لە غوربەت بێتەوە**
**بەم دوو فەردە من قەزای سەرکۆنە توحفەم کردەوە)**

مامۆستا ئازاد عەبدولواحید بە پشت بەستن بە بەشی سێیەمی حاجی قادری کۆیی- هی خوالێخۆشبوو (گیوی موکریانی) ساڵی (١٩٦٩) لە کتێبەکەی (ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری) دەنووسێت: (حاجی قادری کۆیی) کاتێ کە لە ئەستەنبوڵ دەبێ ئەم شیعرەی بۆ (ئەمین ئاغا) دەنێرێ و تێیدا باسی ئاوارەیی و دەربەدەری و غوربەتی خۆی دەکا و یادی سەردەمی کۆیە و ڕابواردنی لەگەڵ (ئەمین ئاغا) دەکات«٢٨».

لێرەدا پەنا دەبەمە بەر نووسینەکەی مامۆستا (مەسعوود محەمەد) لاپەڕەی (٣٠٧)ی حاجی قادری کۆیی- بەشی یەکەم- بەغدا لە ساڵی (١٩٧٣)دا فەرموویەتی:

(ئەم هەڵبەستانەی کەوا لەپێش سەفەرەکەی مەدحی خەڵقی پێ کردوون و لێیان دەوەشێتەوە بکرێن بە

بەڵگەی خزمەتکاری لە سێیان تێپەڕ ناکا).
**یەکـەمـیـان:** مـەدحی بەروبارەگـای (حـەمـەداغـای مامەشە) کە دەڵێت:

**(ئەم خەیە کە شەمسیەیی شاهەنشەهی ئەرزە**
**تا چادری سەری سەرتەپلەکی ئەرزە)**

**دووەمیان:** ئەم مەدحەی (ئەمیناغای ئەختەرە) کە ئاماژەی پێکراوە.
**سێیەمیان:** مەدحی هاورێی خۆی (حاجی مەلا عەبدوڵلایە) کە دەڵێت:

**(ئەی عەطارد لە دەردت خادمی سەجادە بەشان)**

ئەوەی جێی ئاماژەیە ئەوەیە کە مەبەست لەم مەدحانەی (حاجی) تەنیا مەدحی ڕاستەوخۆی ئەو کەسانەیە کە لەناو چوارچێوەی کۆیەدا ژیاون، ئەگینا (حاجی) لە چوارینەیەکیدا بە شانوباڵی کابرایەکی چوارشانەی تەقتەقیشدا هەڵیداوە، کە دەڵێت:

**(شەوکەتی جووتەی سمێڵت تاکە مانەندی کەمە**
**تەرکەشی تیری تەژاو و شیری دەستی ڕۆستەمە)«٢٩»**

هەروەها مەدحی شاعیرانی سەردەمی خۆی و پێشی خۆشی کردووە، لە ئەستەنبوڵیش مەدحی (ئەمیناغاو حەماغای) کردووە کە دەڵێ:

**(دوو ئاغای ماوە وەک بیستوومە ئەخبار**
**ئەمیناغاو حەماغای صاحیبی کار)**

هەر لە ئەستەنبوڵیش مەدحی (حاجی عەبدوڵلای جەلی) دەکات و دەڵێت:

**(بە غەیری جەدی ئێوە کێهە دانا**
**لە کوردستان بناغەی عیلمی دانا)**

بەرانبەر ئەم سێ مەدحەی حاجیش زەمێکی شێخ نەبی هەیە بیرمەندی گەورەی کورد مامۆستا (مەسعوود محەمەد) لە کتێبی- حاجی قادری کۆیی- بەشی یەکەم- بەغدا ساڵی ١٩٧٣، ناڕاستەوخۆ ئەم ڕاوبۆچوونەی (گیوی موکریانی) ڕەت دەکاتەوە، کە لە بەشی سێیەمی دیوانی (حاجی قادری کۆیی) ساڵی (١٩٦٩) کە دەڵێت: حاجی ئەم شیعرە مەدحەی لە ئەستەنبوڵەوە بۆ ئەمیناغای ئەختەر ناردووە کە دەڵێ:

**(ئەی موحەمەد وەی (امین الدولە) ئیمڕۆ کۆیی تۆ**
**جەنەتێکە کەوتە دۆزەخ هەرچی لێی دورکەوتەوە)«٣٠»**

بەڵام لە باشی دووەمی کتێبی (حاجی قادری کۆیی) ڕاستەوخۆ ئەم ڕایەی (گیوی موکریانی) ڕەت دەکاتەوە و ناوی (گیوی) و بەشی سێیەمی حاجی قادر دەهێنێت و دەڵێت:

شیعرەکە بانگ ڕادێڵێ نەک جارێک بەڵکو دووجار و سێ جاریش، کەوا لە غەریبی گەڕاوەتەوە بۆ کۆیە و دەبوو بە دەستووری سەفەرکردن «تحفە» و دیاری پێیبدات، دەزانی هێندەش دەست کورت بووە تاقەتی دیاری هێنانی نەبووە، بۆیە بەدوو بەیتی کۆتایی قەصیدەکە قەزای سەد جۆرە دیاری کردووەتەوە، من دەڵێم ئەو دوو بەیتە سەد ئەوەندەی کۆشک و تەلارەکەی ئەمین ئاغا کە داریشی لەسەر بەردی نەماوە پارێزگاری ناوو شەخسیەتی کرد، نەک هەندەی دوو کیلۆ تووتنی بێشەما، یان دوو تەسبیحی قەزوانی ئەبلەقی بۆ حاجی و ئەمین ئاغا گرتەوە، ئەگەر پرسیار لەم گەڕانەوەیەش بکەین، دەبێ بڵێین حاجی تەنیا لە سەفەری باڵەکایەتی و ئێران کە (٧) حەوت ساڵی خایاندووە گەڕاوەتەوە، لە سەفەرە درێژەکەی (دوایین سەفەری) بۆ ئەستەنبوڵ نەگەڕاوەتەوە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە«٣١»،

مامۆستای خوالێخۆشبوو (ڕۆستەم حەویزی) پێی وایە کە (حاجی کاتێ کە لە کۆیە فەقێ بووە هاموشۆی دیوەخانی ئەمین ئاغای ئەختەری کردووە، لەم کاتانەدا ئەم قەسیدەی پێ هەڵگوتووە«٣٢» ئەوەی جێی ئاماژەیە ئەوەیە کە مامۆستا (ئازاد عەبدولواحید) کە بە (دوو سێ ساڵ) دوای نووسینی ئەم دوو بەشەی کتێبی حاجی قادری کۆیی کتێبە بەپێزەکەی (ئەختەری شاعیری جوانی و دڵداری) (١٩٧٦) چاپ کردووە، هیچ ئاماژەیەکی بەم ڕاوبۆچوون و ساغکردنەوەی مامۆستا- مەسعود محەمەد نەکردووە، تەنیا پشتی بەڕاووبۆچوونەکەی (گیوی موکریانی) بەستووە، کە دەڵێ (لە ئەستەنبوڵ ئەم شیعرەی بۆ ئەمیناغا ناردووە). وێڕای ئەمانەش خاڵێکی تر هەیە، کە دەبێت لای لێ بکرێت و هەڵوێستی لەسەر بکرێتەوە، ئەویش بوونی هەندێک جیاوازییە لەم شیعرە مەدحیەی لەمیانی کتێبەکەی مامۆستا ئازاد (ئەختەری شاعیری جوانی و دڵداری) و دیوانی (ئەختەر)ی مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەویزی، هەرچەندە لەم بارەیەوە قەسیدەکە لە کتێبەکانی مامۆستا مەسعوود محەمەد و

گـیـوی مـوکـریانی و مـامـۆسـتـا ئازاد، کـۆکن و تەنیـا جیـاوازییـەکـە لە دیوانی ئەختـەری مـامـۆسـتـا- تـاهیـر حەویزی-دا بەدی دەکرێت.

لێرەدا دەقە شیـعرییەکە بە گوێرەی هەردوو کـتێبەکە دەخـەمـە نـاو دوو چوارچێـوەی دوو خشـتـەوە، خشـتـەی مامۆستا ئازاد و خشتەی مامۆستا (تاهیر حەویزی) و هێڵیش بەژێر وشە و دەستەواژە و قافیە جیاوازەکاندا دەکـێـشم، بە مـەبەسـتی دەرخـسـتنی جـیـاوازی نێوانیان«٣٣»، لە ئاستی دەرکەوتنی ئەم جیاوازییەش دەڵێم:

کـاتێک نووسـەرێک، یان شـاعـیـرێک شـتـێک دەنووسێت و بەرهەم دێنێت، دەبێ ئەوە بزانێت کە پێشتر چی لەسـەر نووسـراوە، یان چی لەسـەر وتراوە، لە کـاتی هەر گـۆڕانێک و دەستکاری کـردنێکدا، دەبێت بەڵگە و پاساوی تۆکمە و مەنتیقی بهێنێتەوە و هۆکارەکەی ڕوون بکاتەوە، ئەگینا کارەکەی دەبێتە مایەی گومان و ناچێتە خانەی مەنتیقەوە. بۆ ڕوون کردنەوە بڕوانە خشتەکە:

**ئەختەر**
**(شاعیری جوانی و دڵداری)**
**ئازاد عەبدولواحید- (١٩٧٦)**

ئەی موحەممەد وەی (ئەمین الدولە) ئیمرۆ کۆیێ ی تۆ
جەنەتێکە کەوتە دۆزەخ هەرچی لێی دورکەوتەوە
مودەتێکە دەربەدەرکردەی وڵاتی غوربەتم
بەندە یادی ئاستان بۆسی ئەتۆی کرد هاتەوە
چونکە توحفە لازمە هەرکەس لە غوربەت بێتەوە
بەم دوو فەردە من قەزای سەد کۆنە توحفەم کردەوە
قاوەچی بەزمی ئەتۆی دونیایە سینی ئاسمان
ئافتابی زەرفە فنجانی مەهە، قاوەی شەوە
ئەو شەوە بۆ هەرکەسێ دنیا بکاتە ڕۆژی ڕوون
شەو لە خیتەی عومری ئەو عەنقایە دەربانی خەوە

**دیوانی ئەختەر**
**(ئەمین ئاغای حاجی بەکراغای حەویزی)**
**تاهیر ئەحمەد حەویزی، ٢٠٠٢**

ئەی محەممەد وەی ئەمین الدولە ئیمرۆ کۆی تۆ
جەنەتێکە کەوتە دۆزەخ هەر کێ لێت دوورکەوتەوە
مودەیەکە دەربەدەر کردەی وڵاتی غوربەتم
بەندە یاری ئاستان بۆنی ئەتۆی کرد هاتەوە
چونکە (توحفە) لازمە هەرکەس لە غوربەت بێتەوە
لەم دوو فەردە جێگەیی چەند کۆنە توحفەم کردەوە
قاوەچی دیوانی تۆ دنیایە، سینی ئاسمان
ئافتابی زەرفە فنجانی مەهە، قاوەی شەوە
ئەو شەوە بۆ هەر کەسێ دنیا بکاتە ڕۆژی ڕوون
شەو لە غوصەی ئەم، وەکو عەنقایە دوربانی خەوە

٣- مشتومڕ لەسەر گۆرانی- شلەوخانان:

من لە ڕاستی خۆمدا تا دوای ناوەندی حەفتاکان و تا دوای دەرچوونی کـتـێـبە بەپێزەکـەی مـامـۆسـتـا- ئازاد عـەبدولواحـیـد- سـاڵی (١٩٧٦)، شـیـعـرەکـەیم بە شـیـعـرێکی دڵداری ڕەند دەزانی و سـەد دەر سـەدیش خـاوەنەکـەیم بە ئەخـتـەر دەناسی، بەڵام دوای دەرچوونی کـتـێـبـەکـە و خـوێندنەوەیەکی وردم بۆی و بەدی کـردنی هەندێک پەیڤی پێـوەندیدار بە شـەڕ و ئاشـووب و نوشـسـتی چەشنی (قـۆشـەن)، واتا لە شـەڕێکی ئامادەباش، هەو هەوی میری مە، حیلە و غار غارانێی ئەسپ و تەپوتۆز و چەندانی تر..

**(ئاوی گوڵانم گەرمە**
**شلەوخانان داد**
**ئاوی گوڵانم گەرمە**
**هەو هەوی میری مە**
**قۆشەن داژوون بە نەرمە**
**شلەوخانان داد**
**هەڵاتن بۆ مێردان شەرمە**
**هەو هەوی میری مە)**

ئەمـانە گـومـانیـان لا دروست کـرد، بۆیە دەربارەی ئەم شـیـعـرە کـەوتمە گـەڕان و پرسـیـارکـردن، بەڵام دواجـار وەڵامـێکی ڕەهام دەست نەکـەوت، چەندین کـەس دەیان وت: هی ئەختەرە، هێندەی دیش دەیان وت:

هی ئەختـەر نییە و گـوزارشت لە شەڕ و کارەساتێکی گـەورە و نا هاوتا دەکـات بەر لە ئەختـەر و بەکـراغـای- قاصد-دا یەکێک لەم وەیشومە و کارەساتانە کە بەسەر خان و مـیرەکـانی کۆیەدا هاتووە، لە گەشتەکەی- عـەلی سـەیدۆ گـەوڕانی- (لە عـەممانەوە بەرەو ئامـێـدی) لە لاپەڕەکانی (١٧٣، ١٧٤) ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت:

(وشەی ئەمارەتی کۆیە لە سەدە ناوەندییەکاندا کەوتە

بەر باس و لێکۆڵینەوەوە کـە پێی دەگـوترا (ئەمـارەتی زابی پتـەو)، مـخابن ئەم ئەمارەتە نەیتـوانی پارێزگـاری سەربەخۆیی خۆی بکات، لە ئاکامدا تووشی نوشوستی و کارەسـاتێکی هێندە گەورە بوو، لە ئاکامـدا ئەمارەتەکە شکسـتی هێنا و کـەوت. ئەم شـارەش (کـۆیە) ئاداری بەسـەر پاداریـیەوە نەمـا و تەنیـا شـوێنەوارێک بەپێـوە مابێتەوە بنچینەی قەڵایەکەی بووە، من وای بۆ دەچم کە شـیـعـرەکـە لەدایکبـووی ئەم سـەردەمـە بێت، یان کـارەسـاتێکی تری نزیک لەم شێـوەیە بووبێت«٣٤».

وێڕای ئەمـانەش پەیڤین و مـشـتـومـڕ گـۆڤـار و ڕۆژنامـەکانیـشی گرتەوە، مـامۆسـتا مـحەمـەد داریاسی شاعیر لە ژمارە (١٧٥)ی ڕۆژنامەی برایەتی (ئەدەب و هونەر) لە ٥/٥/٢٠٠٠ نووسـینێکی بڵاوکـردووەتەوە تێـیـدا هاتووە کـە دەق و ئاوازەکـەی بە هی ئەخـتـەر نازانێت، بەڵکو سروودێکی سـەربازییـە و لەسـەردەمی عوسمانییەکاندا لەلایەن کەسانێکەوە کە ئەمرۆ ناناسرێن وتراوە، واتا دەچێـتـە خـانەی فـۆلکلۆرەوە- بەشێـواز و ڕێچکەی ئەم شیعرە لە قاڵبی شیعرە ناسکەکانی ئەختەر یەک ناکـاتەوە و ئامـێـزگـیـر نابێت، دوا بەدوای ئەم نووسینەی مامۆستا داریاس، مامۆستا زاهیر محەمەدی هونەرمەند لە ژمارە (٤٨)ی ٦/٥/٢٠٠٠ لە گۆڤاری (ڕامان)دا بەم شێوازە وەڵامی مامۆستا محەمەد داریاس دەداتەوە و دەڵێت: ئەگـەر گـۆرانی (شلەوخـانـان) هی ئەختەر نەبێت، ئەی هی کێیە...؟ ئەم گۆرانییە لە کۆیە نەبێت لە هیچ شوێنێکی دیکە نەوتراوە، ئەم گـۆرانییـە بەهیچ شێوەیەک پێوەندی بەشەڕ و سەربازییەوە نییە و سروودی هاندان و هێرش بردن نییـە، بەڵکو شیعرێکی دڵداری و پێداهەڵگوتنە، پاشانیش بە چەند پاساوێک درێژە بە نووسینەکەی دەدات و دوایی پێ دەهێنێت.

لەدوای ئەمـانەش مـامۆسـتـا ئارام ساڵحی- شاعیر و ڕۆژنامـەنووس- لە ڕۆژنامـەی (هامـوون) ژمـارە (٣٤) ئابی (٢٠٠١)دا، پرسـیـارێکی ئاراسـتـەی کـۆمـەڵێک شـاعـیـر و نووسـەر و هونەرمـەندانی بواری گـۆرانی و مۆسیقا کردبوو، ئەمەش پرسیارەکە بوو:

(ئایا شـیـعـری- شلەوخـانـان- هی ئەخـتـەرە، یان فۆلکلۆرە...؟)

سـەرجـەم وەڵامـەکـان ئامـاژەیان بەوە کـردبوو کـە ئەم شیـعـرە گـوزارشت لە شـەڕێکی ناهاوتا و کـارەسـاتێکی گـەورە دەکـات کە بەسـەر مـیـر و خـانانی کـۆیەدا هاتووە لەسـەردەمێکی دوورتر لەسـەردەمی ئەختـەر و بەکـراغـای (قاصد)ی باوکیدا«٣٥».

ئەم گـۆرانیـیـە ڕەسـەن و ڕەندە، لەدوای نەوەتەکـانەوە تێبینی دەکرا، ئەوانەی ئەم گۆرانییەیان ئەزبەر بوو پەیتا پەیتا دەمردن، یان لەبەر بەساڵداچوونیان گۆرانییەکەیان لەبیـر دەچووەوە و دەیانشـێـواند، ئەوانە بوونە مـایەی مـەترسینانەوە، بۆیە کـەوتمە گـەڕان و پرسـیـارکـردن، بە مـەبەستی پاراستنی ڕەسەنایەتی ئەم گۆرانیـیـە، تا لەم دواییـەدا کـۆمـەڵێک (کـاسـێت) شـریـتـمـان لەلای- موراداغـای حەمەدەمیناغا- دۆزیییەوە لەسەر یەکێک لە شـریتـەکـان ناوی (مـام قـادر) تۆمـار کـرابوو، دوای پشکنینی دیمانەیەکی (کەمال ڕئووف محەمەد) دەرچوو لەگەڵ (مام قادری حەمەد) لە پەراوێزی دیدارەکەدا مام قادر گۆرانی (شلەو خانان) و چەند گۆرانییەکی دیکەی چڕیوە، منیش سـەرلەنوێ تۆمـارم کـردەوە و بە ڕێگەی هونەرمەند مامۆستا (وریا ئەحمەد)ەوە گەیشتە دەزگای مـیـوزیک و کولتـووری کوردی لە هەولێر بە مـەبەستی پاراستن و مامەڵەکردن لەگەڵیدا بە ڕێگایەکی دروست و زانستییانە.

**مردنی ئەختەر:**

ئەخـتـەر لە سـاڵی (١٨٨٨ز) لە دەوروبەری پەنجـا ساڵیدا بە نەخۆشی (تیفۆ) کۆچی دوایی کردووە«٣٦»، ئەم کـۆچە ناوەخـتـە هاواری لە مـوجـریمی شـاعـیـر هەڵساندووە کە دەڵێت:

**(فیدات بم ئەی نەسیم هەڵبستە ئێستا**
**هەتا قستەنتینییە ڕامەوەستە**
**هەتا کن- حاجی قادر- بێ تەوەقوف**
**بڕۆ ئەمما چلۆن وەک بەرقی یەڵدا)**

دوای تەواوبوونی پرسـەکـەی، پیـاوماقـووڵانی کـۆیە لەسـەرووی هەمـوویانەوە حاجی مـەلا عـەبدوڵڵای جەلی (خوارزای حاجی بەکراغا و حەماغای گەورە)، هەوڵیان دا دیوەخـان چۆڵ نەبێت و هەر بە ئاوەدانی بمێنێـتـەوە و (ئەبوبەکر-ی کوڕی ئەختەر ناسراو بە- کاکە فەندی) لە شوێنی ئەختـەر دابنێن، مـخابن ئەو هەوڵ و پێشنیـارە سەری نەگـرت و هەرەسی هێنا، هۆیەکەشی بۆ نیگەرانی و ڕازی نەبوونی ئەسعەد ئاغـای مامی دەگـەڕێتەوە، هەر بە نیـازی باوو بەرەویی دیوەخـان دایکی ئەختـەر ویستی

ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە ماوەیەک بووە جێنشینی و لە شوێنی دانیشت، مخابن ئەمەش نەبووە چارەسەر و بێ ئاکام بوو، دیوەخان جمەی لێ بڕاو گەرموگوڕی نەما، دار و درەخت، گوڵ و گوڵزار و نێرگزستانی حەوشەکەی سیس و وشک بوون، کتێبخانە ناودارەکەی پەرشوبڵاو دابەش و هەراج کران، هەزاران دەستنووس و نامەی ئاغا و میر و خان و ناوداران بە شیعرەکانی حاجیشەوە، هی کۆیە و هەندەران، لە کۆڵانەکانی گەڕەکی (بەفری قەندی) پەرشوبڵاو بوون و (با) یاری پێ دەکردن.

موجریمی شاعیر وتەنی:

**(کە ئەختەر ئەختەری ئاوابوو، ئەشعار**
**شکا بازاڕ و نوقسانی هێنا**
**هەتیو بوو تیفلی فیکر و بەکرەکانی**
**پەری ئەشعارەکانی کەوتە بەریا)«٣٧»**

وێڕای ئەمانەش نەخشونیگارەکان ڕەش هەڵگەڕان و دەسڕانەوە، سەماوەر ساردبووەوە و تۆزی لێ نیشت، (خانووی گەورە) کە ڕووبەی هەزار مەتر دووجای لەخۆ گرتبوو، تەپی و وێران بوو، ناوی (حەوشەی گەورە) بە (کاولی گەورە) گۆڕا، ئەوەندەی لە دیوەخانیش مابوو، کە سامان و کولتوورێکی بەهای کۆیە و کوردستان بوو، تێکۆپێک دراو سڕانەوە..

سڵاو لە ئەمینی ئەمین، ئەختەری ئەختەر، بەخشندە و فریاد ڕەس، شاعیری دڵتەڕ و هەست ناسک، پارێزەری مەقامات و ئاواز و لە چەرخدانی گۆرانی کوردی).

**پەراوێزەکان:**

**(١) مەسعود محەمەد- حاجی قادری کۆیی- بەرگی یەکەم- بەغدا، ١٩٧٣، ل٣٦٠-٣٦٦.**

**(٢) جەواد حەمەد بەگ- خضر بن عمر کردی کویسنجقلی- هاموون (ڕۆژنامە) ژمارە (٤٧) کانوونی دووەمی (٢٠٠٤) ل٤.**

**(٣) هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) ل٣٦٤.**

**(٤) د. مارف خەزنەدار، کۆیەی دوێنێ و ئەمڕۆ، هاموون (ڕۆژنامە) ژمارە (٢٣) مایسی (٢٠٠٠)، ل٣.**

**(٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسف- (حاجییە گەورەی مەقامبێژی کۆیە)، ڕامان (گۆڤار) ژمارە (١٢٥) بەرواری ٥/ ٢٠٠٧/١٠، ل١٥٥ تا ١٦٢.**

**(٦) هەمان سەرچاوەی ژمارە (٥) ل١٥٦.**

**(٧) جەواد حەمە بەگ، مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی شانۆ و دراما، پەرتووک ٧، ٢٠٠٧، ل٢٦.**

**(٨) باکووری (مۆسیقاژەنە نەمرەکان)، ڕامان گۆڤار، ژمارە (١٢٢) بەرواری ٢٠٠٧/٧/٥، ل١٧٩.**

**(٩) دانیشتنێک لەگەڵ (د. خدر مەعصووم- سەرۆکی زانکۆی کۆیە) کە دەکاتە خوارزاو زاوای جەنەڕاڵ (عەبدولواحید ئاغا مستەفا).**

**(١٠) (د. فوئاد مەعصوم) نامەیەکی دەستنووس بۆ کاربەدەستێکی کۆیە. هەروەها د. شێرکۆ فتح الله عمر الحزب الديمقراطي الكردستاني، الحركة التحررية القومية الكردية في العراق (١٩٤٦- ١٩٧٥) مطبعة نور سنة ٢٠٠٤.**

**(١١) عەلی سەیدۆ گەورانی- لە عەمانەوە بۆ ئامێدی ١٩٣١- پەرتووک، ل١٧١**

**(١٢) ئەم زانیارییەم لە (کەمال غەمبار) وەرگرتووە.**

**(١٣) ئەم زانیاریەم ڕاستەوخۆ لە (جوان) خانی کچی سەعید فەهیم وەرگرتووە.**

**(١٤) ڕەهبەر سەید برایم، مام ئەسعەد لە ١٩٥٣/١/١٧ کفنی لەبەر کردو سندوقی ئینتیخاباتی شکاند، هاموون (ڕۆژنامە) ژمارە (٥٤) پووشپەڕی ٢٧٠٦ کوردی، ل٤.**

**(١٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (١١)، ل١٦٧.**

**(١٦) ئازاد عەبدولواحید- ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری، پەراوێزی ل١٦، هەروەها دیوانی ئەختەر- تاهیر ئەحمەد حەوێزی (بەرگی دیوانی ئەختەر).**

**(١٧) تاهیر حەوێزی- دیوانی ئەختەر، ل٧.**

**(١٨) تاهیر حەوێزی، دیوانی ئەختەر، ل٥٢.**

**(١٩) مەسعود محەمەد- حاجی قادری کۆیی- بەشی یەکەم سالی (١٩٧٣)، ل٢٣٣.**

**(٢٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (١٨)، ل٦٥.**

**(٢١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (١٨)، ل١٩.**

**(٢٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمادر (١٨)، ل٢٨.**

**(٢٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (١٨)، ل٣٥.**

**(٢٤ ، ٢٥ ، ٢٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (١٦)، ل١٦ و بەرگی دیوانی ئەختەر.**

**(٢٧) مەسعود محەمەد (حاجی قادری کۆیی- بەشی دووەم) بەغدا ١٩٧٤، ل١٩٢.**

**(٢٨) ئازاد عەبدولواحید- ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری- کتێب-١٩٧٦، ل٢٢.**

(٢٩) مەسعوود محەمەد- حاجی قادری کۆیی- بەشی دووەم- بەغدا ساڵی ١٩٧٤، ل١٥٧.

(٣٠) گیویی موکریانی- حاجی قادری کۆیی- بەشی سێیەم- ساڵی ١٩٦٩، پەراوێزی ل٥٧.

(٣١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (٢٩)، ل١٩٢، ١٩٣، ١٩٤.

(٣٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (١٨)، ل٥٣.

(٣٣) ئازاد عەبدولواحید- ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری، ١٩٧٦- ل٢٢، و تاهیر ئەحمەد حەوێزی- دیوانی ئەختەر- ٢٠٠٢، ل٥٣.

(٣٤) بۆ زانیاری زیاتر بروانە سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (١١)، ل١٧٤.

(٣٥) بۆ زانیاری زیاتر بروانە، هاموون (ڕۆژنامە)، ژمارە (٣٤)، ئابی ٢٠٠١.

(٣٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (١٨)، ل٤٨.

(٣٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمارە (١٨)، ل٥٨.

سەرچاوەکان:


(١) مەسعوود محەمەد- حاجی قادری کۆیی- پەرتووک- لێکۆڵینەوە، بەرگی یەکەم، بەغدا ساڵی ١٩٧٣.

(٢) جەواد حەمەد بەگ- خضر عمر کۆیسنجقلی- هاموون (ڕۆژنامە) ژمارە (٤٧) کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٤.

(٣) د. مارف خەزنەدار- کۆیەی دوێنێ و ئەمڕۆ، هاموون (ڕۆژنامە) ژمارە (٢٣) مایسی ساڵی ٢٠٠٠.

(٤) عەبدولڕەقیب یووسف- حاجی گەورەی مەقامبێژی کۆیە- ڕامان (گۆڤار)، ژمارە (١٢٥)ی (٥/١٠/٢٠٠٧).

(٥) جەواد حەمە بەگ- مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی شانۆ و دراما لە کۆیە- کتێب- ساڵی ٢٠٠٧.

(٦) باکووری- مۆسیقاژەنە نەمرەکان- ڕامان- گۆڤار- ژمارە (١٢٢) بەرواری (٥/٧/٢٠٠٧).

(٧) دانیشتنێک لەگەڵ د. خدر مەعصووم- ساڵی ٢٠٠٧.

(٨) نامەیەکی دەستنووسی د. فوئاد مەعصووم- ساڵی ٢٠٠٧، شێرکۆ فتح الله عمر، الحزب الديمقراطي الكردستاني، الحركة التحررية القومية الكردية في العراق (١٩٤٦- ١٩٧٥)، مطبعة نور، سنة ٢٠٠٤.

(٩) عەلی سەیدۆ گەورانی- لە عەممانەوە بۆ ئامێدی- ساڵی ٢٠٠٠.

(١٠) موداخەلەی مامۆستا- کەمال غەمبار- فیستیڤاڵی ئەختەر لە کۆیە (١٥، ١٦/١٢/٢٠٠٧).

(١١) دانیشتن لەگەڵ خاتوو (جوان سەعید فەهیم) ساڵی ٢٠٠٧.

(١٢) ڕەهبەر سەید برایم- هاموون (ڕۆژنامە) ژمارە (٥٤) پووشپەڕی (٢٧٠٦)ی کوردی.

(١٣) ئازاد عەبدولواحید- ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری (کتێب) ساڵی ١٩٧٦.

(١٤) تاهیر ئەحمەد حەوێزی- دیوانی ئەختەر- ساڵی ٢٠٠٢.

(١٥) مەسعوود محەمەد- حاجی قادری کۆیی (کتێب) بەرگی دووەم، بەغدا- ساڵی ١٩٧٤.

(١٦) گیوی موکریانی- حاجی قادری کۆیی- کتێب- بەشی سێیەم- ساڵی ١٩٦٩.

(١٧) هاموون (ڕۆژنامە)، ژمارە (٣٤) ئابی ٢٠٠١.

# وەره با پێت بڵێم تەنیایی من چەند گەورەیە

**«کورتە ڕوانینێک بە ژیان و شیعرەکانی سوهراب سپێهری- دا»**

**کامەران جەوهەری (هەڵوەدا)**
**(بۆکان)**

ڕێکەوتی ١٣٠٧/٧/١٥ (٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٨) لە شاری کاشان منداڵێک چاوی بە دنیا پشکووت، کە دواتر هەموو ئەو دەڤەرە قاقڕەی لە ئاو و سەوزەڵانی هەڵکێشاو و نەرمونیانی و هەستونەستی، فەرشی کاشانی لە برەو خست.

ئەسەدوڵڵای باوکی هەر لە منداڵی سوهرابدا شەپلە لێیدا و تا کۆتایی ژیانی بە نەخۆشی مایەوە. "باوکم تەلگەرافچی بوو. لە شێوەکاریشدا سەرەتەقەی دەکرد. خەتی جوان بوو، تاریشی لێدەدا. ئەو منی بۆ لای نیگارکێشی هان دا...." ماهـ جەبینی" دایکیشی شەیدای شیعر و ئەدەب بوو. ئەو ١٤ ساڵ پاش سوهراب کۆچی دوایی کرد. مەنوچێهری تاقانەی برای و هومایوندوخت و پەریدوخت و پەروانە سێ خوشکی سوهراب بوون.

ساڵی ١٩٣٣ نێردرایە خوێندنگا. ".. خوێندنگا خەونەکانی منی زڕاندبوو. نوێژی منی شکاندبوو. بووکەڵەکەمی تۆراندبوو. منیان لە گەمەکانم سەندەوە و دایانمە دەست مۆتەکەی خوێندنگا. لەوێوە دەیانبردینە مزگەوت و نوێژیان پێدەکردین. ئایین جەفەنگێکی قورس بوو کە دەورووبەر لەگەڵی کردم و بۆ ساڵگارێک لە ئایین وەردرام، بەبێ وەی خودایەکم هەبێت..." سوهراب ئاوەها باسی یەکەم مامۆستای خۆی دەکا: "مرۆڤێکی بێ خولیا بوو. دیار بوو سیسرە نافامێ. خولیاکانم لە لای ئەو لۆچ دەبوون..."

ساڵی ١٩٤٠ خوێندنی سەرەتایی تەواو کرد. لە هاوینی یەک دوو ساڵ دواتردا کوللە هێرشی کرد بۆ دەڤەری کاشان. "...کوللە زۆری زیان دا. منیان کردە بەرپرسیاری بەربەرەکانێ لەگەڵ کوللە لە ئاواییەکدا. ئەگەر ڕاستتان دەوێت بۆ کوشتنی تەنیا کوللەیەکیش پلانم دانەڕشت. وا دیار بوو برسین کە ئەو بەروبوومە دەخۆن. کاتێک لە کێڵگە دەڕۆیشتم، بە ئەسپایی هەنگاوم هەڵدێناوە، نەکا کوللەیەک پان کەمەوە...."

سوهراب خوێندنە سەرەتاییەکانی لە شاری کاشان تەواو کرد و بەر لەوەی خولیاکانی بەرێتە هەرێمی شیعرەوە، شەیدای نیگارکێشان بوو و لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانستگای تاران، لە بەشی نیگارکێشیدا درێژەی بە خوێندن دا. لە پاڵ نیگارکێشانەوە هەوای شیعریش هەڵیگرت و ساڵی ١٩٥١ یەکەمین دیوانە شیعری خۆی بە ناوی "مەرگی ڕەنگ" بڵاو کردەوە. لە ماوەی ئەو ساڵانەدا زۆر چەلان سەری لە نیمایووشیجی پێشڕەوی شیعری نوێی فارسیش دەدا. ساڵی ١٩٥٣ لەو کۆلێژە دەرچوو و هاوکات مەدالیای یەکەمی زانستی،

وەک خەڵات وەرگرت. هەمان ساڵ یەکەمین پیشانگای بۆ نیگارەکانی بەڕێوەبرد. هەر لەم ساڵەشدا دووەمین دیوانە شیعری بە ناوی "ژیانی خەونەکان" بڵاوکردەوە، پاشان کارگەیەکی نیگارکێشی دامەزراند. ساڵی ١٩٥٧ سەفەری کرد بۆ شارەکانی پاریس و لەندەن. لە پاریس لە خوێندنگای هونەرە جوانەکان، لە بەشی لیتۆگرافیدا ناونووسی کرد. لەوێندەرێش پیشانگای کردەوە و ئیتر تا کۆتایی تەمەن لە ٣٠پیشانگای کۆیی و تاکی، لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا بەشداری کرد.

تا ساڵی ١٩٧٠ سەفەری بۆ زۆر وڵاتی دەرەوە کرد، لە هیند و ژاپۆنەوە بگرە هەتا ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و هوڵەندا. هەر لەو ساڵەدا چووە ئەمریکا و لەوێ نیشتەجێ بوو. پاش حەوت مانگ مانەوە تاقەتی نەما و گەڕایەوە کاشان. "...کاشان تەنیا شوێنێکە هێمنیم پێدەبەخشێ و دەشزانم بۆ هەتا هەتا هەر لەوێش دەمێنمەوە، ئەم جارەشیان ئەگەر بێمەوە ئیتر سەفەری دەرەوە ناکەم..."

سوهرابی دڵناسک لە ماوەی ژیانیدا زەماوەندی نەکرد.

– بەرهەمە شیعرییەکانی سوهراب بە پێی ساڵی دەرچوون بریتین لە:

**مەرگی ڕەنگ، ١٩٥١**
**ژیانی خەونەکان، ١٩٥٣**
**سەخمەی خۆر، ١٩٦١**
**تاوهەڵاتی خەفەت، ١٩٦١**
**ترپەی پێی ئاو، ١٩٦٥**
**ڕێبوار، ١٩٦٦**
**بارستایی سەوز، ١٩٦٧**
**ئێمە هیچ، ئێمە ڕوانین، ١٩٧٧**

### شیعری سوهراب

سوهراب سپێهری وەک ڕێبوارێکی ڕێگای شیعری نوێ، لە ژێر کاریگەری نیمایووشیجی ڕچەشکێندا دەستی بە شیعرگوتن کرد. لە سەرەتای دەسپێکی شیعریدا کاریگەری نیمای تەواو پێوە دیارە، هەرچەند هەموو لایەنەکانی توانایی نیمای پێ نەگوێزراوەتەوە، بەڵام دواتر بە بەردەوامبوون لەسەر ئەو ڕێبازە شیعرییە ڕچەیەکی نوێی لەو هەرێمەدا شکاند و لە ناوئاخنی



**سوهراب سپێهری**

شیعرییەوە بگرە، هەتا شێوازی داڕشتن و زمان، کاریگەریی نیمای لەسەر کاڵ بووەوە و بوو بە خاوەنی شێوازێکی دیار و شێوە دەربڕینێکی تایبەت بە خۆ، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ لای جۆرە کێشێکی ناوەکی لە دوایین شیعرەکانیدا مۆرکی نیمای لەسەر دەرکەوتۆتەوە. لە ڕووی کێشەوە ، سەرەتا بە کورتە پەخشانی شاعیرانە دەستی پێکرد و بەرەبەرە وشەی ڕێکوپێک بوونە دەستگیری و نووسینی لێک و لووسی لێکەوتەوە و لە کۆتاییدا چوویەوە سەر کێشی نیمایی.

شیعری سوهراب ڕەنگاڵەییە و ئاسۆی نوێ لەسەر خوێنەر دەکاتەوە و بەرهەمەکانی لێوانلێون لە وێنەی خەیاڵاوی و ڕاڤەی ناوەکی نوێ. شیعرەکانی سوهراب پڕن لە وێنە و نیگارەکانی پڕن لە شیعر. موسەددیق گوتەنی: لە شیعردا نیگارکێش و لە نیگارکێشیدا شاعیر بوو. فرووغیش هەمان شتی لەبەرچاوە کە دەڵێ: " ئەگەر هەموو وزەکانی تەنیا تەرخانی شیعر بکردبایە ، ئەودەم دەتاندی بە کوێ دەگا".

**سەرت بێنە دەرێ**
**(شریخە ئیتر پێ بە سەربانی هەوردا نادا**
**ماری برووسکەش لە هێلانە نایەتە دەر**

**زنجیری گەردەلوول ناتلێتەوە**
**چیتر لەسەر لەشی قاقڕ**
**ڕۆژ کپ و بێ دەنگە**
**ئیتر خۆفی چیت هەیە ؟ )**

* *

**(سەفەری دەنک بۆ گوڵ.**
**سەفەری لاولاوی ئەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ.**
**سەفەری مانگ بۆ ئەستێر.**
**هەڵقوڵینی گوڵە جووتیارۆک لە زەوی.**
**هەڵپڕووکانی توولە مێو لە دیوار.**
**بارینی شەونم بەسەر پردی خەوا.**
**بازدانی شادی لە سەر خەندەکی مەرگ.**
**تێپەڕی ڕووداو لە پشت وتەوە.**

**شەڕی ڕۆچنەیەک لەگەڵ تکای نوور.**
**شەڕی پێپلیکانێک و لاقی درێژی ڕۆژ.**
**شەڕی تەنیایی لەگەڵ ئاوازێک.**
**شەڕی جوانی هەرمێکان و بۆشایی سەوەتە.**
**شەڕی خوێنینی هەنار و ددان. )**

شیعری سوهراب لەگەڵ هەموو جوانی ڕواڵەتی و هەڵگری هەستونەست و وێنەی نوێ و ڕەنگاڵەییدا، تێکەڵ کەشوهەوای سەردەم نییە. واتە ڕاسپێرییەکی ئەوتۆیان بۆ کۆمەڵگا تێدا بەرچاو ناکەوێ. ئەخەوان سالس پێی وایە نیگارەکانی زۆر لە شیعرەکانی باشترن، "ڕەنگی شیعرەکانی کاڵە و باش دەرەقەتی دەربڕینەکان نەهاتووە و ناکرێ پێوەندییەکی پتەو لەگەڵ خەڵک دامەزرێنێ، چونکە یەکێ لە ئامانجەکانی شیعر بەگوێدادانی ڕاسپێرییە"

لەوەیدا کە ئاخۆ سوهراب لە ئاژاوەکانی سەردەم تێگەیشت، یان نا، ڕەنگە نەکرێ بە یەقینەوە حوکم دەربکرێ، بەڵام ئەوەی دیار بوو ئەوە بوو کە شاعیرێکی گۆشەگیر بوو و زیاتر لەگەڵ خۆی و خولیاکانی خۆی خەریک بوو.

**(لە قەوارەی ئەم سەردەمی بێ دەنگییەدا**
**تەنیاترم لە تامی گۆرانییەک لە ناخی فامی کۆلانێکدا)**

تەنیاییەکەی خۆی ئالوودەی پەسندکران و نەکرانی هیچ پلە و پایەیەکیش نەکرد، بۆ نموونە شابانوو فەرەحی پەهلەوی سێ جار هاتە گەلەرییەکەی و هەندێک لە تابلۆکانی بە نرخێکی بەرز کڕی، کەچی سوهراب نەچوو بیبینێ، بەڵام ئەو لە پانتاییەکی بەربڵاوتردا بە تەنگ مرۆڤ و چارەنووسی مرۆڤەوەیە. جیهانی سوهراب جیهانێکی بەربڵاو و کراوەیە، ڕاستە زۆر بە سروشتەوە گرێدراوە، بەڵام ئەو باسی خەڵک و وڵات و خاکێکی تایبەت ناکا، تەنانەت زۆر کەم خەمی خۆی دەخوا، بەڵکو باسی هەموو مرۆڤایەتی و سەرپاکی سروشت دەکا، نیگەرانی هەموو گەردوونە.

**(ڕۆژێک**
**دێم و هەواڵێ دێنم**
**....**
**هەرچی جوێنە لەسەر لێوەکان دەیڕنم**
**هەرچی دیوارە دەیڕمێنم**
**بە ڕێگران دەڵێم: کاروانێ دەگاتێ بارەکەی زەردەخەنە!**
**هەور پەڕە پەڕە دەکەم**
**من چاو لەگەڵ خۆر گرێ دەدەم، دڵەکان لەگەڵ ئەوین،**
**سێبەرەکان لەگەڵ ئاو، لک و پۆپ لەگەڵ با**
**لێکیان گرێ دەدەم خەونی منداڵ و دەنگی سیسرە**
**کۆلارە دەدەم بەدەم باوە**
**ئاو دەدەم بە گوڵدانەکان**
**دێم و تفاقی تەڕی لاواندنەوە بۆ ئەسپ و گاکان ڕۆ دەکەم**
**ماینێکی تینوو، سەتڵی شەونمی بۆ دادەنێم**
**کەرە پیرێکی سەرە ڕێ، من مێشەکانی لێ دەردەکەم )**

تەنانەت بە برێک پارێزەوە دەکرێ بڵێین شاعیرێکی نادەروەست و سەر بە بڕوادارانی هونەر بۆ هونەر بوو.

سوهراب خاوەن ڕوحێکی هێجگار ناسک و شاعیرانە بوو و بۆ هەر شتێک مانا و لێکدانەوەی ناسک و تایبەتی دەئەفراند. خەیاڵی سوهراب دەچووە درزی هەموو شتەکانەوە و وێنەی بەرچاو و هەستئامێزی لێ بەدی دەهێنان. هەر بەو هۆیەوەش بیرۆکە و ئەزموونە فیکری و عاتفییەکانی شێوەیەکی دڵخوازیان لەخۆ گرتووە. سوهراب لە هەموو لایەنێکەوە شاعیرێکی دڵنەرم و دڵۆڤانە، هێند دڵۆڤان کە باسی خولیاکانی خۆی و سروشت دەکا، وێناچێ پێشتر سووژەیەکی دیاری کردبێ و دواتر گەرەکی بێ لە زانستی شیعری هەڵکێشێت، بەڵکو ئەو هەست و بۆچوونەی دەرژێتە دەماری شیعرەکانییەوە هەر هەمان هەست و ڕوانینێ کە لە

دەمارەکانی خۆیدا هەن.

**(نەشخوازین کە مێش لەسەر ئەنگوستی سروشت هەڵفڕێ.**

**نەشخوازین پڵینگ لە دەرکی خیلقەت بشچێتە دەرێ.**

**بە ئاگا بین ئەگەر کرم نەبایە، ژیان کەمایەسی دەبوو.**

**ئەگەر کو پێکوڵێش نەبایە، زەڕی لێدەکەوت لە یاسای دار.**

**ئەگەر مەرگ نەبایە، دەستی ئێمە بەشوێن شتێکدا دەگەڕا.**

**بەئاگا بین ئەگەر نوور نەبایە، بەراوەژوو دەبوو مەنتیقی زیندووی هەڵفڕین.**

**بەئاگا بین کە بەر لە مەرجان، بۆشاییەک هەبوو لە ناو بیری دەریاکاندا.)**

شیعرەکانی دەستکرد نین و بە واتایەکی تر شاعیرێکی درۆزن نییە. چۆن ژیا واشی نووسی. قەت نەیویست شتێک بخوڵقێنێ، ئەوەی نووسی هەر ئەوە بوو کە لە ناخیدا هەبوو ، ئەوەی کە بڕوای پێی بوو، سوهراب خۆی نەنواند، تەنیا بڕواکانی ڕشتە ناو وشەوە.

نە پێشتر و نە دواتر لە سوهراب هیچ شاعیرێک ئەوەندەی ئەو سەرقاڵی ڕوحانییەتی وشە و وێنە نەبوو. شیعری سوهراب گۆشکراوی بیرۆکەی عیرفانی و فەلسەفەی خۆشەویستییە. سەفەر بۆ ژاپۆن و ئاشنابوون لەگەڵ بوودیزم کاریگەری لەسەر زمانی شیعری و شێوازی دەربڕینی عیرفاناوی سوهراب هەبوو. هەرچەندیش کە لە عیرفانی هیند و چین و ژاپۆن کاریگەری وەرگرتووە و تەنانەت بۆ ئەو وڵاتانە سەفەریشی کردووە، بەڵام هیچ کات لە شیعرەکانیدا لە مەکتەبێکی عیرفانی تایبەت نادوێ و ئەو زمانە عیرفانییەی بۆ دەربڕینی هەست و ڕوحییەتەکانی خۆی هەڵبژاردووە.

ئەو بە دنیای شیعر و هونەری خۆدا ڕۆچووبوو و هەموو دیاردەکانی بەرچاوی لە ڕەنگی شیعر هەڵدەکێشا. هەموو شتەکان بۆ ئەو مەعنەوییەتیان هەبوو، دەچوویە قووڵایی ناخی شتە مادییەکانەوە و ڕوحی مەعنەوی پێدەبەخشین. ئەوەندەی لەگەڵ ڕوح خەریکە هێندە بایەخ بە لەش نادا. دەتگوت لای ئەو سەرجەم گەردوون و ناوئاخنەکەی خاوەنی ڕوح و هەست و عاتیفەن.

**(من لە نێو ئەو ماڵەدا لە نێوی ونی خاوی ڕووەک نزیکم.**

**من دەنگی هەناسەی باغچە دەبیستم،**

**دەنگی تاریکیش کاتێ لە گەڵایەک دەوەرێ.**

**دەنگی کۆخینی ڕووناکیش لە پشت دارەوە،**

**پشمینی ئاو لە هەموو قەڵەشتەکانی بەردەوە،**

**چپە و جریوەی پەرەسێلکەش لە میچی بەهارەوە.**

**دەنگی بێ گریی کرانەوە و پێوەدرانی پەنجەرەی تەنیایی.**

**دەنگی پاکی کەژفڕێدانی لێڵی ئەوین.**

**خڕبوونەوەی تامەزرۆیی هەڵفڕین لە نێو باڵدا،**

**درز بردنی خۆڕاگری ڕوحیش.**

**ئەمن دەنگی پێی تکا دەبیستم**

**دەنگی هەنگاوی یاسایی خوێنیش لە دەماردا،**

**تەپەی دڵی دەمەوبەیانی چاڵاوی کۆترەکان،**

**دڵەکوتەی دڵی شەوانی هەینی،**

**هاموشۆی گوڵی مێخەک لە بیردا،**

**حیلەی پاکی حەقیقەت لە دوورەوە.**

**من دەنگی گڤەی ماک دەبیستم**

**دەنگی پێڵاوی بڕواش لە کۆڵانی تامەزرۆییدا.**

**دەنگی بارانیش لەسەر پێڵووی تەڕی ئەوین**

**لەسەر مۆسیقای خەمینی خۆناسین**

**لەسەر ئاوازی هەنارستانەکان.**

**دەنگی خرمەی شووشەی شادیش لە شەودا،**

**پچڕپچڕبوونی کاغەزی جوانی،**

**پڕ و خاڵی بوونی دەفری غوربەت لە با.**

**من لە دەسپێکی زەوی نزیکم.**

**شواری دەماری گوڵەکان دەگرم.**

**ناسیاوم لەگەڵ چارەنووسی تەڕی ئاو، خوو و خدەی سەوزی دار.)**

لەگەڵ ئەوەی ئەدەبیاتی فارسی خاوەنی گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی شیعری و عیرفانییە و سەرجەم شاعیران کەڵکیان لێوەرگرتووە، بەڵام وێناچێ سوهراب هیچ ئاوڕێکی وێدابێتنەوە ، ئەو ئەوەندەی شەیدای عیرفانی ڕۆژهەڵاتی دوور بوو، هێندە عیرفانی خۆماڵی بە هێند نەگرتووە. دەکرێ عیرفانی سوهراب ناوی عیرفانی سروشتی لێ بنرێ. عارفانی لەمەوپێش بە هەوڵ و تەقەللای عیرفانیانەی خۆ بە هیوای دیداری بێ پەردەی

خودا بوون، بەڵام ئەو بەرزەفڕییە لە لای سوهراب بوونی نییە، ئەو لە ناخی سروشتدا لە دانەر دەگەڕێ.

**خوایەکیش کە لەم دەوروبەرانەیە:**
**لە پاڵ ئەم شەوبۆیانە، لە ژێر ئەو کاجە بەرزە**
**لەسەر زانستی ئاو، لەسەر یاسای ڕووەک.**

* * *

**ڕووگەکەم لە گوێی ئاو**
**ڕووگەکەم لەژێر ئەقاقێکانە**
**ڕووگەکەم سروەئاسا دەگەڕێ، باغەو باغ و شارەو شار.**

شیعری سوهراب هێندە ئاخنراوە بە وێنە، کە دەکرێ نازناوی شاعیری وێنەکانی پێ ببەخشیت. کەڵک وەرگرتن لە وێنە سەرەتا لە لای ئەو ڕووکەشانە و بە بێ پشتیوانەی فکرییە.

**(ڕێگەیەک مارئاسا دەخزێ بە لاقەدی کێوێکدا**
**ڕێبوارێک بەڕێوە**
**خەیاڵی دۆڵ و تەنیایی**
**ترسی ڕژاندۆتە دەمارەکانییەوە**
**نیگای پڕترسی لە هەر سووچێ سەرچاوەیەکی ترسی بۆ خۆی نەخشاندووە:**
**لە هەر قەڵەشتێکی چیاوە**
**مارێک سەری وەدەرناوە**
**گرژ و تووڕە لە پشت هەر بەردێکەوە**
**دڕوویەک خەنجەری هەڵکێشاوە.)**

بەڵام بەرەبەرە لەم چەمکەدا قووڵ دەبێتەوە و دواتر وێنەی قووڵی مانادار دەنەخشێنێت.

زمانی سوهراب لەپاڵ وێنەدا، کینایەشی لێ موتوربە کراوە:

**(من شەمەندەفەرێکم دیت سیاسەتی دەبرد و چەندە خاڵی دەڕۆی.)**

بەڵام سوهراب هاوکات لەگەڵ زمان ناسکیدا هەموو وێنەکانی ڕوون و ئاشکرا نین و بەشێکی لێڵیشیان خزاوەتە پاڵ. یان ئەگەر وێنەکە خۆی ئاشکرایە، ماناکەی لێڵ و داپۆشراوە.

**(دڵۆپەکان لەگەڕدان**
**بەفر لەسەر کۆڵی بێ دەنگی و**
**کات لەسەر مۆغەرەی گوڵی یاس)**

بە پوختی بە زمانێکی ساکار مرۆڤەکان بۆ وردبینی و ڕامان لە سروشت و نزیکبوونەوە و تێکەڵاوبوون لەگەڵی، خوڵک دەکا. سوهراب هەڵسوکەوتی دەوروبەری لەگەڵ سروشت و گەردوون لاپەسند نەبوو و بە شوێن کردارێکی مرۆڤانەتر و جیهانێکی پیرۆزتردا وێڵ بوو.

**(باری زانست لە کۆڵی پەڕەسێلکە داگرین.**
**نێو لە هەوران بستێنینەوە،**
**لە چنار، لە مێشوولە، لە هاوین.**
**بە لاقی تەڕی باراندا هەڵگەڕێین بۆ بەرزایی خۆشەویستی.**
**دەرکە لە مرۆڤ و تیشک و گەناور بکەینەوە.)**

شیعری سوهراب ئەوەندەی لایەنگر و تامەزرۆی هەیە، نەبۆتە هۆی ئەوەی کە ڕەخنەی لێنەگیرێ و کەموکوڕییەکانی دەسنیشان نەکرێن. تەنانەت هەندێ کەڵە نووسەر و شاعیر، ڕەخنەی توندیان بەرانبەری هەیە، وەک شاملوو و ڕەزا بەراهەنی. یەکێ لەو ڕەخنانە ئەوەیە کە پتەوییەکی ئەستوونی پوخت لە شیعرەکانیدا نابینرێت، کە ئەم خاڵە بۆ شیعری نوێ دەبێ ڕەچاو بکرێت، بە پێچەوانەی زۆربەی قاڵبە شیعرییەکانی پێشوو. زۆربەی وێنەکانی لەسەر ڕستەیەک و دووان دەکێشێت و دەپەڕێتە سەر وێنەیەکی تر. وێنەی دوابەدوای یەکی ناو شیعرەکان وای کردووە دەڵێی زۆربەی شیعرەکانی کۆمەڵێک هایکۆی پێکەوە لکێنراون.

تەنانەت لە زۆر شوێندا بە دەرهاویشتن، یان پاش و پێش کردنی هەندێک ڕستە هیچ بۆشاییەک و لاسەنگییەک هەست ناکرێ، یان ئەگەر وێنەی تری پێوە بلکێندرێ، زیادی بوونی لەچاو نادا. لە شیعرە درێژەکەی (ترپەی پێی ئاو)دا – کە یەکێ لە جوانترین شیعرەکانی سوهرابە – تەنانەت ئەگەر پەرەگرافێکیش هەڵگیرێ، یان پاش و پێش خرێ، شیعرەکە لەنگ و لۆر ناکات.

ڕەزا بەراهەنی، ڕەخنەگر و ڕۆماننووس دەڵێ: "شیعری سوهراب خاوەنی تەکنیکێکی بەهێز نییە. خوێنەر هەر پێی وایە شتەکان ئاوەژوو دەبینێت. بۆ نموونە بە جێی ئەوەی تۆ چاو لە ماسی بکەی لە ئاودا، ماسی چاو لە تۆ دەکا. واتە سروشت چاوی دەکرێتەوە و مرۆڤ پێڵووی لێکدەنێ."

شاملووش لە وتووێژێکدا ئاوەها لە سوهراب دەدوێ: "سوهراب مرۆڤێکی زۆر شەریف و لە ناخەوە و لە دڵەوە شاعیر بوو، بەڵام من لە ئەوینی سوهراب ناگەم، من خۆم

لەتوکوتیش کەم نازانم جوگرافیای شیعری سوهراب لە کوێیە. دەڵێی دەنگی لە جیهانێکی دیکەوە دێت کە پۆلپۆت و مارکۆس و ئاپارتایدی تێدا نییە و گرفتەکانی هەر لەو چوارچێوەیەدان کە گەڵای دار سەوزە، یان نا. لێم گرانە ئەو عیرفانە ناوەختە باوەڕ بکەم. سەری مرۆڤی بێ تاوان دەبەن لەسەر کانی دەیپەڕێنن و من دوو هەنگاو خوارترەوە ڕاوەستم و بڵێم: (ئاو چڵکاو مەکەن!). پێم وایە یەکمان بەلاڕێدا ڕۆیشتووین. دەبێ هەلێک دەسکەوێ دیسان بە شیعرەکانیدا بچمەوە، ڕەنگە ئەم جارەیان لە دنیای خەیاڵ و بیرەوەریدا دەستەکانی ماچباران کەم. شیعرەکانی جاری وایە یەکجار جوانن، لە ڕادەبەدەر ، بەڵام پێم وانییە پێکەوە هەڵکەین، لانی کەم بۆ من تەنیا جوانی بەس نییە، کێشەمان لەسەر بابەتی کەڵک وەرگرتنە لە شیعر، من لەسەر ئەو بڕوایەم کە دەبێ شیعر شەیپوور بێ نەک لایەلایە."

ساڵی ١٩٧٩ نیشانەکانی نەخۆشی شێرپەنجە لە سۆهرابدا سەریان هەڵدا. ئێوارەی ڕۆژی ١٣٥٩/٢/١٣ (٢١ی نیسانی ١٩٨٠) سوهراب لە تەمەنی ٥٢ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە لە نەخۆشخانەیەکی شاری تاران گیانی سپارد و تەرمەکەی گوێزرایەوە بۆ زێدی خۆی و لە ئاوایی مەشهەدی ئەردەهال، لە حەوشەی ئیمامزادە سوڵتان عەلی بە خاک سپێردرا. بە هۆی بارودۆخی ئاڵۆزی ئەوسای ئێران لە دوو هاوڕێی منداڵی و منداڵەکانیان بەدەر کەسی دیکە لە کاتی ناشتنیدا بەشدار نەبوو:

**(ئەگەر هاتن بۆ لام**
**هێمن و هێور وەرن**
**نەوەکو بچڕژێ**
**چینیی ناسکی تەنیایی من.)***

**سەرچاوەکان:**

**(١) درباره هنر و ادبیات - گفتگو با شاملو - ناسر حریری - انتشارات نگاه - چاپ پنجم ١٣٨٥**

**(٢) هشت کتاب - مجموعه اشعار سهراب سپهری - کتابخانه تهوری - چاپ پانزدهم ١٣٧٥**

**(٣) چشمه روشن - دیداری با شاعران - دکتر غلامحسین یوسفی - چاپ سوم**

**(٤) نامە و بیرەوەرییەکانی سوهراب - کەڵکی زۆرم لە ماڵپەڕی سوهراب سپێهری وەرگرتووە: WWW.SOHRABSEPEHRI.COM**

*** ئەم کورتە شیعرە لەسەر گڵکۆکەی نووسراوە.**

# شاعیرە بەدمەستەکانی بەغدا

غەفوور سالح عەبدوڵڵا
(سلێمانی)

زۆرن شاعیرە بەدمەستەکانی بەغدا. هەوڵدەدەین ئەم جارە باسی هەندێکیان بکەین لەوانە:

عەبدولئەمیر حوسێری، حوسێن مەردان، جان دەمۆ، ڕوشدی عامل، سەرگۆن پۆڵس، حەسەب شێخ جەعفەر، سەعدی یووسف، فازیل عەزاوی، خەزعەل ماجدی، کەمال سەبتی و ئەوانی دیکە کە ئێمە لەم باسەدا ئەوەی بۆمان بکرێت باسیان لێ دەکەین، ئەوانی دیکە بۆ دەرفەتێکی دیکە هەڵدەگرین.

**بەوجۆرە مەگرین**
**خۆتان وادەرخەن کە دەگرین**
**شاعیرەکان نامرن**
**ئەوان تەنیا خۆیان واپیشان دەدەن کە مردوون**
(جان کۆکتۆ)

**پێشەکی**

بێ گومان بەدمەستی وەکو جمکی ڕوحی شاعیرە داهێنەرەکان، لێیان جیانەبووەتەوە، تاوای لێ هاتووە مەیزەدەیی بووەتە دەردێکی کوشندە، بگرە مەیزەدەیی لای زۆر لە شاعیران بووەتە حاڵەتێکی سووفی. من خۆم دەمێکە لەو باوەڕەدا بووم کە (عومەر خەیام) شاعیرێکی مەیزەدە بووە، بۆیە کەس وەکو خۆی و (بۆدلێر) هێندە جوان باسی مەییان نەکردووە، بە پێچەوانەی هەندێ توێژەرەوە، کە پێیان وایە باسکردنی مەی و مەیخواردنەوە و مەستی تەنیا حاڵەتێکی سووفی بووە، نەک وەکو پراکتیزە، هیچ کەسێک لەوانە بەڵگەی مێژوویی باوەڕپێکراوی بە دەستەوە نییە کە ئەو بۆچوونەیان بسەلمێنێ:

**میخور چوندانی از کجا آمادی**
**خوش باش ندانی به کجا خواهی رفت.**

(عومەر خەیام) لێرەدا پرسیارە بوونگەراییەکە دەوروژێنەتەوە:

**مەی بخۆرەوە نازانی لە کوێوە هاتووی**
**خۆشبەخت بە نازانی بۆ کوێ دەڕۆی**

ئەمە سەرەڕای سەعدی و حافزی شیرازی کە لە بارەی مەی و مەستی و خەیاڵاتی سەرخۆشییەوە شیعریان وتووە، ئەگەرچی شاعیری بەدمەست زۆرن لە شیعری فارسیدا. کوردیش شاعیری بەدمەستی هەبووە وەکو (فایق بێکەس)ی شاعیر کە وتوویەتی:

**(هەرکە ئێوارەم لێ داهات بۆ عەرەق سمکۆڵ ئەکەم،**
**وەکو ولاخێ بێتە وەختی کاوجۆی ئالیکەوە).**

هەروەها شاعیرێکی سووفی کورد وەک (مەحوی) لە بارەی بەدمەستییەوە دەڵێ:

**(شکور هۆشیارە مەحوی تێ دەگات دنیا خەراباتە،**
**بەدمەستی بکات ئەهلی خەراپەی بۆچی لێ دەگرم).**



**فازڵ عەزاوی**

لە شاعیرانی هاوچەرخیش (سەلام محەمەد) لەشیعری (هەنگوینی تاڵ)دا باسی چیرۆکی بەدمەستی خۆی دەکات. تارادەیەک (محەمەد عومەر عوسمان)یش. شاعیرانی بەدمەستی بەغدا لەسەردەمی خەلافەتی عەباسیش زۆر بوون، وەکو (ئەبونوئاس) کە ساڵی ٧٦٣ی زایین لە ئەهواز لەدایک بووە و (بەشاری کوڕی بورد) کە ئەم دووانە بە ڕەگەز فارس بوون. ئەبونوئاس دەڵێ:

**الا فأسقني خمرا وقل لي هي الخمر**
**ولا تسقني سرا اذا امكن الجهر**
**فما العيش الا سكرة بعد سكرة**
**فإن طال هذا عنده قصر الدهر**
**وماالغبن الا ان تراني صاحيا**
**وما الغنم الا ان يتعتعني السكر..**

**مەییم بدەرێ وبڵێ ئەمە مەییە**
**بەنهێنی مەمدەرێ ئەگەر بەئاشکرا شیاو بوو**
**ژیان چییە سەرخۆشی دوای سەرخۆشی نەبێ**
**ئەگەر ئەمە درێژەی هەبوو لەلای زەمانە کورتە**
**غوبنەکە چییە ئەوەتا نامبینی بە ئاگام**
**دەسکەوت چییە ئەگەر سەرخۆشی لاڵم نەکات...**

یان (ئەبو میحجەن ئەلسەقەفی) کە شاعیرێکی سەردەمی ئەمەوییەکان بووە دەڵێ:

**لە تەنیشت دارمێویکەوە بمنێژن ئەگەر مردم**
**بۆ ئەوەی ڕەگەکانی ئێسقانم پاراو کات دوای مردنم**
**لەبیاباندا مەمنێژن چونکە دەترسم تامی نەکەم ئەگەر مردم.**

**اذا مت فادفني جنب كرمة..تروي بعد موتي عظامي عروقها**
**ولا تدفني بالفلاة فأنني..اخاف اذا ما مت أن لا أذوقها.**

دەڵێن حەزرەتی (نووح) یەکەم کەس بووە کە دارمێوی چاندووە. لە تەوراتدا لە ئیسحاحی (١٠) ژمارە بیست و بیست و یەکدا هاتووە" بەو جۆرە نووح دەستی کرد بە کێڵانی زەوی و درامێوی چاند و مەی خواردەوە و سەرخۆش بوو"، یان شاعیری جاهیلی (ئەعشا) دەڵێ:

**وكأس شربت على لذة.. وأخرى تداويت منها وبها**

واتا: جامێکم خواردەوە بۆ لەزەت، ئەوی دیکە شفام پێی هات..

(حەسان کوڕی سابت) شاعیری پێغەمبەر (د.خ) لە سەردەمی جاهیلیەتدا شیعری بۆ مەی وتووە:

**ونشربها فتتركنا ملوكا..واسدا ما ينهننا اللقاء..**

واتا: کە دەیخۆینەوە دەبینە پاشا و شێریش ڕێگای بەیەکگەیشتنمان لێ ناگرێت..

شاعیرانی بەدمەستی جیهانیش بێ ئەژمارن، هەر لە(ئەدگار ئالان پۆ) کە زۆربەی شەوەکان هێندە مەست دەبوو نەدەگەیشتەوە ماڵەکەی خۆی و لەسەر جادەکان دەخەوت، یان (شارل بۆدلێر) کە میری شاعیرە بەدمەستەکانی دنیا بوو، دیوانێکی تایبەتی هەیە بەناوی شیعرە مەیەکانی بۆدلێر (خمريات بودلير)، (سێرگی یەسنین) شاعیری ڕووسیا: دەیگوت (داڵدەم مەیخانەیەکی ڕووسیایە)، یان دەیگوت" دەخۆمەوە بۆ ئەوەی ڕشانەوەی کەسانی دیکە نەبینم"، یان ڕامبۆ و ڤرلین و ژان ژینێ و زۆری تر. ئەگەرچی بە بان یەکەوە هەموو شاعیرە داهێنەرەکان کەسانی مەیزەدەو بەدمەست بوون.

**١- عەبدولئەمیر حوسێری**

ساڵی ١٩٤٢ (عەبدولئەمیر عەبوود مەهدی حوسێر)، لە گەڕەکی میشراق لە شاری نەجەف لە دایک بووە، لە باوکێکی هەژار کە کاری عەبا دروست کردن بوو، هەروەها لە خێزانیکی ئاینی و لە خواترس بوو، لەم بارەیەوە (حوسێری)دەڵێ:

**ابي يخيط العباءات و يتركها**
**تسجى اليه التحايا عبر اكتاف..**

واتا: باوکم عەبا دەدووڕێ و لێیان دەگەڕێ
تا لەسەرشانەکانەوە سڵاوی بۆ بنێرن.

ئەو شاعیرەی کە هەمیشە لە کوڵانەکانی (حەیدەرخانە) لە بەغدا بە دەم سەرخۆشییەوە لەتری دەدا، بە جلوبەرگێکی شڕوپڕ و جانتایەکەوە کە لە چارەکە عەرەقەوە تا قەسیدەکانی تێدا بوو، زۆرجار خەڵکەکان لێیان دەدزی، دوای ئەوەش کە لەسەرخۆشی و گەڕان بە کوڵانەکانی بەغدا ماندوو دەبوو، دەگەڕایەوە بۆ دوا داڵدەی لە ئوتێل (کەوسەر) لەوێ جانتاکەی دەکردە سەرین و لێی دەنووست. تا لە ڕۆژی ٣ی شوباتی ساڵی ١٩٧٨ ئیدی لێی نووست و بە سەرخۆشی سەری نایەوە، کۆنە پانتۆڵێکی دەفرۆشت بۆ ئەوەی چارەکێک ئارەقی پێ بکڕیت، بۆ ڕۆژی دوایی پانتۆڵەکەی وەردەگرتەوە و دیسان دەیفرۆشتەوە بە چارەکە عەرەقێکی دیکە، کە خۆی ناوی نابوو (خندریس)، حوسێری سەرەڕای بەدمەستی، کەسێکی بلیمەت و بیرتیژ و بیرمەند بوو، شیعری زۆربەی شاعیرانی عەرەبی لەبەر بوو، هەمیشە وێڵ لە قاوەخانەکانی زەهاوی و حەیدەرخانە و شابەندەر و عارفەغا و پەرلەماندا، شیعرەکانی بۆ دانیشتووانی ئەو قاوەخانانە بەدەنگی بەرز دەخوێندەوە، بەو جۆرە سی و حەوت ساڵی لە نێوان هەژاری و بەدمەستی و بێکاری و شیعری جواندا بەسەربرد، وەکو (هێنری میللەر) دەڵێ کەسی داهێنەر ناتوانێ ئیش بکات، نموونەشی ڤانکوخ و ڕامبۆ بوون، بێ گومان ئەمە (حوسێری و حوسێن مەردان و جان دەمۆ و سەرگۆن پۆلس) یش دەگرێتەوە. حوسێری هیچ ئیشێکی نەبوو جگە لە ئاوارەیی و سەرخۆشی و شیعری باڵا نەبێ، بەتەنیا حوسێری شیعر پیشەی بووە.

**(فيضي دنان الخمر فيضي، يا ابنة النخل اعصفي بكياني واطعني اعرقي و شلي يدي).**

واتا (با لێتان بڕژێ گۆزەکانی مەی با لێتان بڕژێ، ئەی کچی خورما قەوارەم بهەژێنە و دەمارەکانم بەر چەقۆدە و دەستەکانم گۆج کە).

عەبدولئەمیر، دوای مردنی پانتۆڵێکی شڕ و پێڵاوێکی دڕاوو شیعر و پێنج فلسی لێ بەجێما. شیعرەکانی بە دەنگێکی نەجەفیانە لە قاوەخانەکانی بەغدا بۆ ئەوانە دەخوێندەوە کە بۆ گوێگرتن لە دەوری کۆدەبوونەوە، چونکە حەزیان لە شیعرەکانی بوو، هەر لە منداڵیشەوە لە ئەزبەرکردنی شیعر زۆر زیرەک بوو و لە قوتابخانەی ناوەندیدا، مامۆستاکانی زمانی عەرەبی دەبەزاند، لە قۆناغی ئامادەییدا یەکەم دیوانی چاپکرد (گوڵەکانی خوێن)، کە پێشکەش بە هەر سێ سەرکردەی شەهیدی حزبی شیوعی (فەهد و حازم و صارم)ی کرد بوو، چونکە حوسێری ڕووناکبیرێکی پێشکەوتنخواز بوو، لایەنگری حزبی شیوعی عیراق بوو. هەروەها شیعرێکی بۆ (نافیع یوونس)یش نووسیوە. حوسێری زۆر هەوڵی داوە لە شیعری ستوونی عەرەبی ڕزگاری ببێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. حوسێری ئاواتەخواز بوو مێژوو لە پەپکەخواردنی خۆی بە ئاگا بێتەوە، هەستی بە ڕاوەستانی کۆمەڵگەکەی دەکرد، بۆیە لە (بيارق الآتين) واتا ئاڵا هاتووەکاندا، دەڵێ (ئەی ڕابردووی مەزن.. ئەی میراتی ڕەسەن.. دەپاڕێمەوە جارێکی دیکە بگەڕێیتەوە بۆ جیهان.. پڕ بیت لە هاوچەرخیەتی.. بۆ ئەوەی سەری نەتەوەکەم بەرز کەیت و زەمەن ناچار کەیت چۆک دادات). لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا نەجەفی بەجێ هێشت و ڕووی کردە بەغدا و لەوێ حوسێن مەردان و ڕوشدی عامل و سەعدی یووسفی ناسی، هەروەها ڕووبەڕوو جەواهیری بینی. لەوێش بلیمەتایەتی شیعریی ئەو بەدەرکەوت، لەگەڵ سەعلووکێتی و بەرەڵڵایی و بەدمەستی و دەربازبوون لە ڕابردووی نەجەفیانەی خۆی ژیا، ئەوەتا خۆی دان بەوەدا دەنێ و دەڵێ: (ئەوەتا تۆ بوویتە خودای مەی و بوویتە گۆمی گەورەی بادەکان). بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد (مەی بخۆنەوە، سەرخۆش بن.. ئەوە ڕێگای ڕزگاربوونە). تەنیا حوسێری لە دنیای شیعر و مێژوو سەعلووک نەبوو، ئەوەتا (ئەبو نوئاس)یش دەڵێ: (وازبێنە لە چارەک و بیخەرە لاوە و وەک تیشک قەڕابەیەک بنۆشە)، بەرلەویش لە شیعردا کە لە نەجەفیەتی خۆی یاخی بوو (محەمەد سەعید حەبووبی) بوو کە دەڵێ: (واشرح هواك فكلنا عشاق).

دیوانە شیعریەکانی (عەبدولئەمیر حوسێری) ئەمانەن:

- **گوڵەکانی خوێن ١٩٥٩.**
- **پەردەباکانی دۆزەخ ١٩٧٤.**
- **منی ئاوارە ١٩٧٠.**
- **ئاڵا هاتووەکان ١٩٦٦.**
- **تشرین زەنگ لێ دەدات ١٩٧٣.**
- **تەمووز خۆر دادەهێنێ ١٩٧٧.**
- **پەپکەخواردنی ئاگر ١٩٦٩.**



حوسێن مەردان

**- یادەوەرییەکانی عروەی کوڕی وەرد ١٩٧٣.**
**- موعەلەقەی بەغدا ١٩٦٢.**

دوای مردنیشی دیوانی (سواری هەق) دەرچوو.. دەڵێن جوانترین دیوانی ناوی (بەندەری خۆر) بووە، کابرایەکی کوێتی لێی کڕیوە و بە ناوی خۆیەوە بڵاوی کردووەتەوە، لاف وگەزافی شاعیریەتی پێوە لێداوە، پارەکەشی لە مەیخانەکاندا دران بە پێکی عارەق، هەروەها شەوێک لە شەوان برادەرێکی کۆمەڵە شیعرێکی دەستنووسی لێ دەدزێت، لە میهرەجانەکاندا بە ڕوو قاییمییەوە پێشکەشی دەکردن، عەبدولئەمیر پێی زانیبوو، بەڵام دەنگی نەدەکرد و خەمی لێ دەخوارد.. قەسیدەی (تەمووز خۆر دادەهێنێ) بۆ شۆڕشی ١٤ی تەمووزی نووسیوە. یادەوەرییەکانی (عروە کوڕی وەرد)، دانپێدانانەکانی حوسێری و باسی سەعلووکیی خۆیەتی. (من عروەی کوڕی وەردم، شێخی سەعلووکی زەمەنەکانی زەوی). حوسێری یاخییەکی هێرشبەر بوو، ئاشکراکەری هەڵەی کەسانی دیکە بوو، حوسێری لە دوارۆژەکانی ژیانیدا تووشی نائومێدی ببوو، بێ ماڵ و بێ ژن و بێ منداڵ و هەمیشە ئاوارە، ئاوارە، ئاوارە، (من ئاوارەم بۆ خەڵکی لە ڕوخسارم دەترسن و ڕێگاکان لە بەردەمم ڕادەکەن). من سەعلووکم، من عروەم شێخی سەعلووکەکان. حوسێری یەکێک بوو لەو داهێنەرە عیراقییانەی کە ڕەخنە و ئەوانەی ئێرەییان بە شاعیریەتی دەبرد زوڵمیان لێی کرد، دوای مردنی، (عەزیز سەید جاسم) سەرجەم بەرهەمەکانی کۆکردەوە، پێشەکی بۆ نووسی. سەرەڕای تەمەن کورتی شاعیر، وەلێ زۆر دەوڵەمەند بوو، بوونگەراییەکی سەرەتایی و بۆهیمیەتێکی خۆڕسکی پێ بەخشیبوو، لە ڕێگای ئەوەوە دەیویست خۆشەویستترین شتەکان لەلای تێکەڵ بکات، کە ئەویش شیعر و مەی بوو. (محەمەد مەهدی جەواهیری) گەورەترین شاعیری عەرەب لە بارەی عەبدولئەمیر حوسێرییەوە دەڵێ: (ئەوە کوڕی کووفە سوورەکەمە،کە (موتەنەبی)ی پێشکەش بەدنیا کرد، ئومێدەوارم بەغدا ڕەوتەنیانە بەسەریدا ڕەت نەبێ وەکو بەسەر ئێمەدا بە نەزۆکی و غەدرەوە ڕەت بوو). ئەوەتا (حوسێری) دەڵێ:

**قد بت امضغ اعراقي واوردتي**
**والحانة الكون والجلاس من خلقوا**
**وجهي وتهرب من قدامي الطرق**
**واليوم لو لمحت عيني تختنق**
**وارتوي من جراحاتي وانسحق...**
**دەمار و خوێنبەرەکانی خۆم دەجووم**
**مەیخانە گەردوونە و دانیشتووانی ئەوانەی خەڵق بوون**
**ڕوخسارم و ڕێگاکان لە بەردەمم ڕادەکەن و**
**ئەمڕۆ گەر دیم چاوم دەخنکێ و**
**بە برینەکانم پاراو دەبم و دەپلیشێمەوە..**

شاعیری کورد (عەباس بەدری)یش کە بە عەرەبی دەنووسێ لە شیعری(مەیخانەکانی عەبدولئەمیر حوسێری) دەڵێ:

**حتى اراح جنونه في حانة**
**جلاسها جمعوا العراق..وفرقوا**
**ومضى يبدد ليله و نهاره**
**بين الموائد خلسة..ويمزق**
**ما اضيق الشعر الجريح يديره**
**رهط السقاة وثم بار...ضيق.**
**تا پشووی بە شێتی خۆی لە مەیخانەیەک دەدا**
**دانیشتووانی عیراقیان کۆدەکردەوە و..بڵاوەیان لێ دەکرد**
**شەووڕۆژی بەدزییەوە لەنێو خوانەکاندا پەرت دەکرد و.. ونجڕ دەبوو**
**شیعری بریندار چەند تەسکە**
**کە کۆمەڵێ مەیگێڕ و پاشان بارێکی تەسک بەڕێوەی دەبەن.**

**٢- حوسێن مەردان**

(ڕێز لە جیهانێک ناگرم کە منداڵێک تێیدا چاوی کەیل بێت)

ئەمە قسەیەکی حوسێن مەردانە، دوای چەندین ساڵ، گۆرانیبێژی شۆڕشگێڕی ئێران (داریوش) دەڵێ (تا یەک زیندان لە جیهاندا هەبێت ئازادی نییە).

حوسێن مەردان ساڵی ١٩٢٧ لە قەزای (توێریچ) چاوی بەگریان بۆ دنیا کردەوە، لە باوکێکی پۆلیس ودایکێکی ژنی ماڵ. شاعیرێکی بە خۆڕسک وجوودی بوو، یەکێکیش بوو لە شاعیرە پێشکەوتنخوازەکانی عیراق، هەمیشە ئاوارە و دەربەدەر بوو، وەکو هاوڕێیەکەی عەبدولئەمیر حوسێری، کە ساڵی ١٩٤٩ یەکەم دیوانی لە بەغدا بە ناوی (قصائد عارية) - چامە ڕووتەکان- دەرچوو، هەرایەکی گەورەی نایەوە. خۆی دەڵێ: (لە پڕێکدا -قەسیدە ڕووتەکان- م فڕێدایە سەر شەقام، هەموو عاموودێک لە بەغدا هاتە لەرزین). ساڵی ١٩٥٠ لە بەغدا لە سەر ئەو کۆمەڵە شیعرە درایە دادگا. دواجاریش بێ تاوان دەرچوو؛ سزا نەدرا.

**ئەو دەمامکەی ڕاستیتان دەشارێتەوە**
**شڕ بووە بێ ڕەنگ و کون بووە**
**لە هەزار درزەوە خودتان دەردەکەوێ**
**نابووت و بەخەڵەتاوی و ترسەوە پێدەکەنێ**
**لافی پاکیزەیی لێ دەدەم و هەموو دنیا**
**سەرئاو و نوقمی زەلکاوی بۆگەنییە...**

حوسێن مەردان بە شاعیری پەخشان ناسرا و لەبەر بەدمەستی پێیان دەگوت (بۆدلێری عیراق). حوسێن مەردان سەرەڕای تەمەن کورتی وەکو خوناوییەکی گەورە، لەگەڵ ئەزموونە هزرییەکاندا ژیا. بۆ نموونە وەک (وجودییەت) بوونگەرایی، بە ڕووکەشییەکەی، ئەو بە شێوازی تایبەتی خۆی وجوودی بوو. وێنەیەکی پێشکەوتوو بوو. کاتی خۆی لە شیعری نوێی عیراقدا، هەوڵی دا لاسایی (رامبۆ) بکاتەوە، ویستی بەپێ گەشتی دنیا بکات، بەڵام تا بیابانی ڕۆژئاوای عیراق بڕی کرد و پەشیمان بووەوە. کاتێ لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە، لە باقووبەوە بە پێ چوو بۆ بەغدا تەمەنی هەژدە ساڵ بوو، دەستنووسی دیوانی (قصائد عارية)ی لە بن هەنگڵی نابوو. تا قۆناغی ناوەندی خوێندبوو، بەڵام لەو باوەڕەدا بوو کە بەغدا داگیر دەکات، وەکو چۆن بەغدای بەو کۆمەڵە شیعرە لە گوێیەوە ڕاوەشاند. ئیدی ئاوارەی کۆڵان و جادە و شۆستە و مەیخانەکانی بەغدا بوو، هەمووویانی لەبەرکردبوو، لەسەر سەکۆی باخە گشتییەکان دەخەوت، شوێنی نەبوو تێیدا بسرەوێ:

**لە مەمکی دایکم بە فجوور گۆش کرام و**
**لە تاریکی ڕەزیلەتدا گەورە بووم..**

حوسێن مەردان تەنیا شاعیر نەبوو، بگرە ڕۆژنامەنووسێکی بە توانا و وتارنووسێکی داهێنەر بوو. ڕەخنەگر (عەلی جواد تاهیر) زۆربەی وتارەکانی لەکتێبێکدا کۆکردووەتەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە. حوسێن مەردان بە هۆی قەسیدە ڕووتەکانییەوە بەندیخانەی بینی، کە لەو سەردەمەدا، باسی مەسەلەی سێکس لە شیعردا نەنگ بوو، بۆیە بەتۆمەتی بەدڕەوشتی درایە دادگا و بەندکرا، دواجار بێ تاوان ئازاد کرا، وەکو چۆن لە سەدەی هەژدەمدا (گۆستاف فلۆبێر) لەسەر ڕۆمانی (مەدام بۆڤاری) درایە دادگا.. حوسێن مەردان لەبارەی بەندیخانەوە نووسیویەتی: (بۆ یەکەم جار لەوێ شیوعییەکانم بینی، ساڵێکی درێژ بوو، هەزار لاپەڕەم لە مارکسیزم خوێندەوە، چووم بەلایەکی دیکەی کێشەکەوە، باڕووتم دروست دەکرد و دەنکە شقارتەم دەکردە چەوربییەوە، بوونی خۆم دەکردە چرایەک بۆ ڕوونکردنەوەی بەردەمی چەوساوەکان، بەڵام سەبارەت بە بزووتنەوەی ئەدەبی، بەگوێرەی توانای خۆم هەوڵم دا، هەموو قەڵەمە داهێنەر و خێرخوازەکان لە یەک چەپکدا، بۆ وەستان دژی ڕژێمی ئەو سەردەمە کۆ بکەمەوە، ئەوە بوو یەکەم دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی ئەدیبانی عیراق دروست بوو، دەسەڵات وای زانی کە خەڵکانی خاوەن فیکر لە دوای ئەوەوەن؟ بۆیە مۆڵەتی پێ نەدرا. پاشان شۆڕشی تەمووز هات و ڕوحی خۆم بە هەموو شورونقەیەک بارگاوی کرد بۆ پشتگیریی شۆڕشگێڕەکان. بەهەمان هێزەوە دژی ناکۆکییەکان وەستام، لە بارەگای یەکێتی ئەدیبان شیعرەکەم بەناوی (پێغەمبەرایەتی لە شیعر) خوێندەوە، پاشان ڕووم کردە بەرزاییەک و بانگەشەم بۆ تەبایی دەکرد، تیرەکانی خۆم ڕووبەڕووی ئەوانە دەکردەوە کە تەگەرە دەخەنە بەردەم کاروانی گەل. دیسان بۆ برسیەتی و خەوتن لەسەر زەوی گەڕامەوە. هەرگیز پاکێتی لەدڵم دەرنەچوو..کاتێ لەسەر یەک مێز لەگەڵ ژان پۆل سارتەر و نازم حیکمەت و پاپلۆ نیرۆدا دانیشتم، هەستم کرد گەیشتمە لێوارەکە، لێواری زەوییە چۆڵەکەم، بەڵام هەیهات خەڵکی لە وڵاتی مندا ناتوانن


سەرگۆن پۆڵس

لووتکەکان ببینن، بۆیە لەگەڵ زوڵم لێکراوەکاندا ڕێگام گرتەبەر، بۆ لابردنی هەورەکان، بێکاریم پێ باشتر بوو، بۆ ئەوەی ئازادی و سەربەخۆیی خۆم بپارێزم، دواجاریش منی تێگەیشتوو تووش بووم. مشتێ ڕووناکیم بینی و گەشبین بووم، گەڕامەوە پشتێنکەم هەڵگرت و هێشتا دوودڵم)..حوسێن مەردان یەکێک بوو لەو داهێنەرانەی کە شیعر پێیانەوە موبتەلا ببوو، بگرە مرۆڤایەتیش بەدەستییەوە گیری خواردبوو. لە عەرەبدا: ئەبو تەمام و تورفەی کوڕی عەبد و ئەبونوئاس و عەبدولئەمیر حوسێری، لە ڕۆژئاواش بۆدلێر و ڕامبۆ و مایکۆڤسکی و یەسنین و لۆتریامون..

**ئەی شەوانی بەتاڵ لە هەموو شتێ**
**بۆ نێو تاریکی چاڵەکان پاڵم پێوەنێ**
**بۆ ببینین لەخواترس شەقیە**
**بەهەشتی بوون بۆ شەڕەنگێزە**

* * *

**لەناودەچم و گۆرانییەکەیشم لەناو دەچێ**
**دارستان و دۆڵەکان سەردەکێشن**
**چۆن هاتم ئاوها وەکو لوغزێک دەڕۆم.**

* * *

**لەبەر ڕووناکی مانگێکی سەوزدا دەنگی پێی دێت**
**ناوچەوانم بەر پێی کەڵێک دەکەوێت**
**لەسەر چرا ڕەنگزەردەکەدا چۆلەکەیەکی ڕەش وەستاوە**
**دەریا لە پشتی شەقامەوەیە**
**بەو شێوەیە شەرواڵمان لە گازینۆ بەڵقیس خواردەوە..**

* * *

حوسێن مەردان، لە دیوانی دووەمی (ئاوازی ڕەش)دا کە لە ساڵی ١٩٥٠ دەرچووە، وەکو مەسەلەی (قەسیدە ڕووتەکان)ی لێ بەسەرهات:

**پەراسووەکانم لەبەر ترسی گڕی ئاگر دەهەژێن**
**وەک بڵێی لە پەراسووەکانمدا دۆزەخ هەیە**
**ئەی ئەوەی هەرکە دەگەم بەچاوەکانی**
**خەریکە چاوەکانم سۆزێکی مەزن دەیانخوات**
**چییە سەروچاوت هێندە ڕەقە دەڵێی بەردە**
**بۆ وا دەمت تووڕەیە و بزەی نایە**
**ئیمانم هێنا بەو خۆشەویستییەی وا لە ترپەمدایە**
**کافر بووم بەو جوانییەی کە ڕەحم ناکات..**

حوسێن مەردان لەم دوو شیعرەدا مەبەستی لە(مەی)یە.

خۆی دەڵێ: (بەڵام ژیانم، لە ژیانمدا بێجگە لە خەم هیچم نەدی، ئەو خەمەی کە بەردی کەڕوالاڵ دەتوێنێتەوە، وەک لەعنەتێک بۆ ژیان هاتم و ئاوهایش دەڕۆم، وەک لەعنەتێک بۆ گۆڕەکان دەڕۆم).

**تۆبە ناکەم، ئایا بیرمەند تۆبە دەکا**
**کە ئازادە بۆ وتنی ڕاستی زۆر لێکراوە**
**با بەند بکرێم یەکەم شۆڕشگێڕ نیم**
**تووڕ دەدرێتە ناو جەرگەی زیندانەکانەوە و گۆڕدەنرێت**
**با لە سێدارە بدرێم یەکەم ڕیفۆرمیست نیم**
**پەتی ترس بیرۆکەکەی لەناو بەرێت**
**نەفرەت لەو کەسە دەکەم لە شارێک دەژێ**
**گەمژە بەرزی دەکاتەوە و ناتەقێ..**

**ئەم بەرهەمانەشی چاپ کردووە:**

**١- وێنە ترسناکەکان ١٩٥٢ پەخشانی چڕ.**
**٢- بەهار و برسیەتی ١٩٥٣پەخشانی چڕ.**
**٣- سروودی سرووودوتن ١٩٥٥ پەخشانی چڕ.**
**٤- جیهان تەنوورە ١٩٥٨ پەخشانی چڕ.**
**٥- هەڵهەڵە بۆ شەحن ١٩٥٩ پەخشانی چڕ.**
**٦- لقەکانی ئاسن، دیوانە شیعر ١٩٦٠.**
**٧- شێوازێکی تایبەت، دیوانە شیعر ١٩٦٧.**

لە ساڵی ١٩٦٩ بووە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی ئەدیبانی عیراق، تا لە ساڵی ١٩٧٢ لە بەغدا کۆچی دوایی کرد.

**٣- سەرگۆن پۆڵس**

سەرگۆن پۆڵس، کە لە تەپەی مەلا عەبدوڵڵاوە فڕی بۆ کالیفۆرنیا و لەوێشەوە بەرەو هەموو جیهان، بووە (ڕامبۆ)ی کەرکووک، دواجار هی عیراقیش، هەر ئەویش بوو کە وەک (ڕامبۆ) ژیانی بە دانیشتنەوە بەسەربرد، وەک فریشتە لەسەر کورسی سەرتاشێک.. لە ساڵی ١٩٤٤ لە شارۆچکەی حەبانییە لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٥٦ خێزانەکەی گەڕاونەتەوە بۆ کەرکووک و لە گەڕەکی (تەپەی مەلا عەبدوڵڵا) نیشتەجێ بوون، کە گەڕەکێکی تێکەڵ لە کورد و ئاشوورییە، تاکوتەرا تورکمانی تێدا بووە، ئێستاش بەتەنیا هەر کورد و ئاشووری تێدایە. سەرگۆن پۆڵس، زمانی عەرەبی و کوردی و تورکمانی و ئاشووری دەزانی، بەڵام هەر بەعەرەبی نووسیوە، وەکو هاوڕێ کوردەکانی: سەلاح فایەق، محێدین زەنگنە، زوهدی داوودی، ئەنوەر غەسانی، یووسف حەیدەری، کە سەرگۆن پۆڵس شیعرێکی لە یادیدا نووسیبوو کە لە ساڵی ١٩٩٣ لە بەغدا کۆچی دوایی کرد، ئەو شیعرەی بە ناوونیشانی (هاتم بۆ لات لەوێوە)، ئەگەرچی سەرگۆن وەکو وەفایەک بۆ هەموو هاوڕێکانی کەرکووکی شیعری پێشکەش کردوون، وەک موئەیەد ڕاوی و جەلیل قەیسی و فازڵ عەزاوی و جان دەمۆ.. سەرگۆن پۆڵس بووە یەکێک لە (گرووپی کەرکووک) کە ڕۆڵێکی باشیان لە بزووتنەوەی تازەگەری لە شیعرو ئەدەبی عیراقی عەرەبیدا گێڕا، زۆربەشیان کورد بوون. گرووپەکەش لەمانە پێکهاتبوو: قەشە یووسف سەعید، فازڵ گەلۆ (عەزاوی)، ئەنوەر مەحموود سامی (الغساني)، موئەیەد جەمیل شوکری (ڕاوی)، سەرگۆن پۆڵس، جان دەمۆ، یووسف حەیدەری، محێدین زەنگنە، جەلیل خەلیل قەیسی، سەلاح فایەق، زوهدی داوودی و قەحتان هورمزی. زۆربەی گرووپەکەش دوای ١٤ی تەمووز بێجگە لە قەحتانی تورکمان، پێوەندییان بە حزبی شیوعی عیراقەوە کردبوو.. گرووپەکە زۆربەیان عیراقیان بەجێهێشتبوو، جان دەمۆ، یووسف حەیدری و جەلیل قەیسی نەبێ، کە ساڵی ٢٠٠٦ بە نەخۆشی لە کەرکووک کۆچی دوایی کرد، محێدین زەنگنەش لە باقووبە دەژیا و ئێستایش لە سلێمانی نیشتەجێیە و لە دەزگای سەردەم کاردەکات. سەلاح فایەق دوای کودەتاکەی ١٩٦٣ هەڵدێ بۆ شاخ و دەبێتە پێشمەرگە، ساڵی ١٩٦٤ دەگەڕێتەوە بۆ کەرکووک و دەبێتە سەرباز و ساڵی ١٩٧٦ دەچێت بۆ سووریا و لەوێشەوە بۆ بەریتانیا، ئینجا بۆ فلیپین.

موئەید ڕاوی دوای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ مامۆستا بوو لەگوندی (کلاوقوت)ی ناو شوان، دێی هەقەکان، ساڵی ١٩٧٠ چوو بۆ بەیرووت و لەوێشەوە بۆ ئەڵمانیا، فازڵ عەزاوی ١٩٧٧ چوو بۆ ئەڵمانیا، سەرگۆنیش بۆ ئەمریکا، زوهدی داوودی ١٩٦٧ چوو بۆ ئەڵمانیا، ئەنوەر غەسانی١٩٦٨ چوو بۆ ئەڵمانیا و دواجار بۆ کۆستاریکا.. یووسف حەیدەریش تا کۆچی دوایی کرد لە بەغدا ژیا. (جان دەمۆ)یش بە قەڵەندەری و هەمیشە مەست و بێ مەسرەف لەنێوان کەرکووک و بەغدا دەژیا.. (فازڵ عەزاوی) لە کتێبی -ڕوحی زیندوو- الروح الحية- ناوی گرووپەکەی ناوە برادەرانی بەدکاری (اصدقاء السوء). (یوسف الخال) لە گۆڤاری (شیعر)دا چەند شیعرێکی بۆ (سەرگۆن) بلاوکردووەتەوە. ساڵی ١٩٦٧بەپێ لە ڕێگای بیابانەوە دەچێت بۆ لوبنان، چونکە سەربازی هەڵاتوو بوو، ئەمەیش دووبارەکردنەوەی ئەزموونەکەی (ڕامبۆ)یە کە بەپێ هەموو ئەوروپای تەی کردبوو، سەرگۆن لەوێ یەکسەر دەچێتە کتێبخانەی ئەمریکی و داوای کتێبەکانی گرووپی (پینتیکس)ی ئەمریکی دەکات، کە دواجار بوون بە هاوڕێی. لەوانە، ئالن گینیسبێرگ، گریگۆری کۆرسۆ، پۆپ کۆفمان، لۆرانس فیرلنگینی، گاری سنایدەر و فایلێک دەربارەیان ئامادە دەکات. لەوێشەوە دەڕوا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە سان فرانسیسکۆ نیشتەجێ دەبێت، دوای ئەوەش دەکەوێتە گەڕان لە نێوان ئەمریکا و ئەوروپا دێ و دەڕوا. دواجار بە نەخۆشیی شێرپەنجە لە نەخۆشخانەیەکی بەرلین لە ڕۆژی ٢٢ی ئۆکتۆبەر ٢٠٠٧ ڕوحە پڕ ئەشکەنجەکەی ئازاد بوو. (سەعدی یووسف) دەڵێ: سەرگۆن پۆڵس تاکە شاعیری عیراقە.. (ئونسی الحاج) دەڵێ: سەرگۆن پۆڵس لە عیراق ڕایکردبوو، هات بۆ لوبنان لەوێشەوە فڕی بۆ کالیفۆرنیا، لە کالیفۆرنیاش لە هەر کوێیەک بووایە دەیچریکاند. تا لە نەخۆشخانەیەکی ئەڵمانیا نیشتەوە. ئەم ئاشوورییە سەرگەردانە بە هیچ کەسێک نادرێت ئەگەر ئاشووری بێ، یان شاعیر بێ، یان عیراقی بێ، یان سەرگەردان بێ، نادرێت بەهیچ کەسێک، تەنیا بەم دێرە نەبێت: (مەرگ لەگەڵ خۆیدا ڕادەکێشێت)، یان ڕاستتر ژیان لەدوای خۆیەوە ڕادەکێشێت. (محەمەد بنیس) دەڵێ: سەرگۆن ڕۆژی لە شوێنێک بەسەر دەبرد و شەویش لە شوێنێکی دیکە،



سەعدی یووسف

چونکە شوێنی ڕاستەقینە بۆ ئەو چامە بوو..(فازڵ عەزاوی) دەڵێ: سەرگۆن لەو یەکەم ساتەوە کە ناسیم وەک شاعیرێکی ڕاستەقینە ناسیم، لەساڵی١٩٥٨ لە چایخانەیەک لە گەڕەکی (قۆریە) لە کەرکووک، هێشتا قوتابی بووین، هەر لەوێ شیعرە سەرەتاییەکانی خۆی نیشاندام کە نووسیبوونی. ئیدی زۆرجار پێکەوە دەبووین، لە چایخانەکانی کەرکووک، یان لە ژوورەکەی خۆی لە خانووی کەسوکارەکەی کە لە گەڕەکی(تەپە) بوو، لە پشتی باخچەی (ام الربیعین) بوو، نزیکی چایخانەکە بوو - ئەو چایخانەیە ئێستا شوێنەکەی تەلار و سوپەرمارکێتە-غ-. زۆرجار لەوێ بلیاردمان دەکرد، یان شەترەنج لە پاڵ گەمەی شیعردا، بە چەندین سەعات لەو ژوورە کە دەکەوتە دامێنی حەوشەکەوە دادەنیشتین و دەمانخوێندەوە و لەگەڵ خواردنەوەی چایدا کە دایکی پێشکەشی دەکردین شیعرەکانی جیهانمان شی دەکردەوە. ئیدی دوای ئەوە کە چووم بۆ زانکۆ بۆ بەغدا، هەرکاتێ سەرگۆن بهاتبایە بۆ بەغدا دەچوو بۆ ماڵی خزمانی لە گەڕەکی (دۆرە)، زۆربەی کاتیشی لەگەڵ مندا بەسەر دەبرد، ئەم چایخانە و ئەو چایخانەمان دەکرد و لەم شەقام بۆ ئەو شەقام. لەوانەیە سەرگۆن تاکە کەس بووبێت کە نەمدەتوانی جگە لە شیعر باسی هیچی دیکەی لەگەڵ بکەم. دوای چل ساڵ کە لە (سەنعا) لە یەمەن بۆ میهرەجانی شیعر دەعوەت کرابووین، سەرگۆن پێی وتم (دەبینیت؟ وەختی خۆی کە لە چایخانەی (ئەتلەس) لە کەرکووک دانیشتبووین- ئەم چایخانەیەش ئێستا بەدەردی چایخانەی قۆریە چووە -غ-، بیرمان لەوەش نەدەکردەوە کە شیعر تەنانەت بمانگەیەنێتە (سەنعا)ش، بەڵام ئەوەتا کردی، لەمەدا بە سیحر ناچێت ؟!).

سەرگۆن پۆڵس، کاتێ هەواڵی دەدەنێ سینەما (سندباد)یان لە بەغدا ڕووخاندووە، کە لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ڕووخاندیان و جێگاکەی بووە مەزادخانە، دیارە سەرگۆن ئەو سەردەمە لەگەڵ - اصدقاء السوء- لە عیراق بوون، دەچوونە ئەو سینەمایە، دەیان فیلمی وەک: پشت کووڕی نۆتردام و سپارتاکۆس و شەمشون و دەلیلەیان بینیوە، شیوەنێکی بۆ دەنووسێ:

**ئەوان سینەما سندبادیان ڕووخاند!**
**ئای چ زیانێکە،**
**ئیدی لەمەودوا کێ دەچێتە دەریاوە و کێ**
**چاوی بە پیرەمێردی دەریا دەکەوێت؟**

بەڵام دیارە کەس نەبوو کە هەواڵ بداتە سەرگۆن و بڵێت، چایخانەکانی (قۆریە) و (ئەتلەس) و (شاترلوو) و (ئەحمەد ئاغا) و قەڵای شارەکەتیان ڕووخاند، دەبوو چ چامەگەلێکی بۆیان بنووسیبایە و چ شیوەنێکی کردبایە؟! بە تایبەتی قەڵای کەرکووک، ئێستاش کەس نییە لەخوارەوەی ببێتە بەردێک.

**قەلعەنن دیبندە، بیر داش ئۆلایدم.**
**گێلەنە گیدانە یولداش ئۆلایدم**

واتا لەژێر قەڵا بەردێک بوومایە و ببوومایە بەهاوڕێی هاموشۆکاران..

سەرگۆن وەک فازڵ دەڵێ حەزی بە ئیش و فەرمان بەڕێوەبردن نەبووە، هەموو ژیانی خۆی بۆ شیعر تەرخان کردبوو، بە ڕای ئەو شیعر و ئیش کردن ڕێک ناکەون، بۆ ئەوەی ببیتە شاعیر دەبێ ژیانت هەمووی ببەخشیتە شیعر. سەرگۆن لەو ماوە درێژەی کە لە سان فرانسیسکۆ بەسەری برد، هەستی بە تەنیایی دەکرد، هەمیشە هەوڵی دەدا لە بەندیخانە ئەمریکییەکەی هەڵبێت و خۆی بگەیەنێتە هاوڕێکانی. (کازم جیهاد) دەڵێ: شیعری عەرەبی لەگەڵ سەرگۆن حاڵەتێکی بە خۆیەوە بینی کە لەمەوبەر بەخۆیەوە نەیبینیبوو، مەگەر بە دەگمەن. ئەویش حاڵەتی ئەو شاعیرەی ژیان و ڕەگی بیرو سەرجەم هێزی مرۆڤایەتی خۆی بە تەنیا بۆ شیعر تەرخان کردبوو... (ئەسکەندەر حەبەش) دەڵێ: سەرگۆن یەکێکە لەوانەی کە دەیانخوێنیتەوە، بەدرێژایی ژیانت لەگەڵتدا دەمێننەوە.. (خالد المعالي) دەڵێ: سەرگۆن شاعیرێک

بوو بێ پارەیی و خۆشەویستی شێتی کرد..(ماجید سامەڕائی) دەڵێ: قەسیدەی دەنووسی و بیری نەدەکردەوە چی دەخوات، یان چۆن دەژی، شەو لە کوێ دەخەوێت، کاتێ لە خوێندنەوەی کارێکی شیعری شاعیرێک نوقم دەبوو، هی شاعیرێک جگە لە خۆی، خۆی لە چێژێکدا دەبینییەوە بێ سنوور، خوێندنەوە و نووسین لە لای ئەو کاری داهێنان بوون و خودی داهێنەرانەی خۆی تێدا دەدۆزییەوە، لەمەشدا خودی داهێنەرانەی خۆی بەدی دەهێنا.. "جان دەمۆ" بەر لە مردنی لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ: (من هەڵە بووم دەربارەی سەرگۆن وام دەزانی شاعیر نییە، بەڵام بۆم دەرکەوت شاعیرێکی سەرسووڕهێنەرە)...دواجار سەرگۆن پۆڵس چووە نێو ئەو لاکێشە تاریکەی عەدەمەوە، کە پێی دەڵێین مەرگ و خۆی دەیوت ئەوە تاکە حەقیقەتێکی ڕەقی بوونە..(فالح عبدالجبار) دەڵێ: سەرگۆن پۆڵس لەشاری کەرکووکی نەوت گەورە بوو، لە خێزانێکی ئاشووری مەسیحی، خێزانێکی تەواو هەژار، لە شارێکی ڕاوەستاو لە سەر دەریایەکی نەوت، سەرگۆن لە شارێکی تێکەڵەی ئەتنی و فرە کولتوور گەشەی کرد: کورد و تورکمان و ئاشووری و عەرەب و ئینگلیز، بەڵێ ئینگلیز خاوەن و فەرمانبەرانی کۆمپانیای نەوت. کۆمپانیای نەوت بەبێ مەبەست خزمەتێکی چاکی سەرگۆنی کرد، چونکە گەورەترین دامەزراوەی وەرگێڕان بوو، بۆ دابین کردنی پێویستییەکانی، ئەوە بوو گۆڤاری (العاملون في النفط) ی دەرکرد و جەبرا ئیبراهیم جەبرا سەرنووسەری بوو. سەرجەم گرووپی کەرکوک لەو ڕێگایەوە فێری زمانی ئینگلیزی بوون. دوای کودەتاکەی ١٩٦٣ گرووپەکە کەرکوکیان بەجێ هێشت و دابارینە سەر بەغدا، ئاسۆی فراوانتریان لەبەردەمدا کرایەوە. جیهانی یەکەمی سەرگۆن کۆزمۆپۆڵیتی بوو، وەکو هەر ڕووناکبیرێک، پاڵەوانەکانی دەیستۆیڤیسکی و فرۆید و بەلزاک و فۆکنەر و سارتر و کامو و عەزرا پاوەند و کاڤاڤیس وئیلیەت و ڕامبۆ و بۆدلێر بوو.. سەرگۆن لە هیچ جێگایەک دانەمەزراوە، لە کۆچێکی بەردەوامدا بوو، لە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، لە تێپەڕکردنی داهێنانی پەخشان و شیعری خۆیدا بوو، ئەوی نیشتەجێ لە (شاری لەکوێ ؟) و خۆراکی قووتی زەوی بوو. سەرگۆن بە ڕووتی لە بەهەشتی لەبیرچوونەوە دەرکرابوو، بۆ بەهەشتی وشە، ئەو شوێنەی کە سەگەکان بەوەڕزبوونەوە، بەچڕنووکە مرۆڤایەتییەکانیان گەمە لەگەڵ خۆردا دەکەن. تەنانەت تۆزێک ستایشی سەگیش دەکات. بەو دەستە دەینووسی کە وازی لێ هێنابوو، دەڕۆیشت و دەستی خستبووە پشتی، وەکو تەزبیح گەمەی بەکۆتەکانی دەکرد. لەلای ئەو ڕۆژ نەیدەکردە یەک نانی بەغدایی، بەداخەوە جوانترین ژنیش لە جیهاندا نەدەیکردە گریان. گۆشەگیریی ئیغتیصاب کردبوو، وەک بڵێی لە شارێکی بۆردومان کراودا پاکیزەیەکی سەرگەردانە، دەرگاکانی بە سەر دۆڵەکاندا شۆڕبوونەتەوە.. ئەمانەی دوایی قسەی سەرگۆن خۆیەتی. سەرگۆن لە غوربەتدا بێ ژن و ماڵ و بێ کوڕ و مەئوا سەری نایەوە.. سەرگۆن لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری (پرانسیسۆ)ی ئەمریکاییدا لە ٢٠٠٦ دەڵێ: (لە سایتێکی ئینتەرنێت ناوی خۆم لەتەک نووسەرانی کورددا بینی، دیارە بۆ مەسەلەی سیاسییە ناوم دەهێنن، چونکە شیعرێکم بەناوونیشانی "لەسێدارەدانی داڵێک" کرا بوو بەکوردی، لەگەڵ مۆتیڤی کوردێک تفەنگی بەدەستەوەیە و ڕووی لە ئاسمان کردووە).

**ئەم بەرهەمانەی لەپاش بەجێ ماوە:**

**١- گەیشتن بە شاری کوێ ١٩٨٥.**

**٢- ژیان نزیک ئەکرۆپۆڵ ١٩٨٨.**

**٣- یەکەم و دوایی ١٩٩٢.**

**٤- چرا بەدەست لە شەوی گورگان ١٩٩٦.**

**٥- ئەگەر لە گەمییەکەی نووح نووستبووی ١٩٩٨.**

**٦- سەربردەی کەسایەتی بە ناوونیشانی (شایەتەکانی سەر ڕۆخ)**

**٧- ڕەقیمەکان بۆ ڕوحی گەردوون. هەڵبژاردەیەکە لە شیعرەکانی بە زمانی ئەڵمانی.**

**٨- بە ئینگلیزی دیوانێکی دەرچووە لە لایەن گۆڤاری (پانیپاڵ)ەوە، بە ناوونیشانی (چەقۆ تیژکەر) ئەدۆنیس پێشەکی بۆ نووسیوە.**

**٩- دوای مردنیشی دیوانی (ئێسقانێکی دیکە بۆ سەگی خێڵ) لە خانەی (الجمل) دەرچوو.**

**ئەوە منم**

**سرتەیەک نییە**

**ئەرێ ئەوانەی لێرە بوون مردن؟**

نە وشەیەک.
زمان دێت
یان چاوەڕوانی، یان هێرش؟
یان خۆدزینەوە لە...
وەکو ئەم بێ دەنگییە
کاتێ پشکۆی هەڵچوونم ڕادەماڵم
تا دەستەویەخەیەکی غەریزی دامدەگرێت: وەکو گای کێڵگەکان دەلەوەڕم
من نەبوخودنەسرم
وەرزەکان وەکو گژوگیای دژوێن بۆم فڕێدەدرێن، زار فڕێدەدەمە
ناو بیری وەرزەکانەوە
تا نهێنییەک هەڵماڵم
کە ئەشکەنجەم دەدات؟
بەدرێژایی شەو ئەشکەنجەم دەدات، قوولەی کەڵەشێری سەربڕاو.
تا نهێنییەکە هەڵماڵم و
گوێم لە ژاوەژاوی گەردوونەکان بێت؟
(شیوەنێکە و
پێیان وتین: زەماوەندە)
سوپای خەم بە زنجیر ڕامدەکێشێت و
زەمان جڵەوی عەرەبانەچییەکە دەگرێتە دەست
سێبەرەکان پێشمان دەکەون
لەدوامانەوە:
هەموو ئەوانە و هەموو کەسێک
(زەمان درێژە)، کابرا وتی.
خۆر لە سەر ئەم موشەمایەی
سەر خوانەکەمە
ڕۆژێکە وەکو ڕوخساری خوا هیچ ڕۆژێک نایگاتێ
ورشەکانی لە ژێر چاوما دەمێننەوە و تاهەبن
وەکو ڕم دەمسمێ
ئەوە خۆری منە و
ژوورەکەم، ماڵەکەم پڕدەکات، وەکو گەمی ئارام
بەباری دیارییەوە لە هەزارلۆغانە سەفەر دەکات.
خۆر لەسەر قاپلەمەکەمە و
لە ڕاستیدا قاپلەمەکەشم بەتاڵە:
دەنکە زەیتوون،پاشماوەی قەڕنابیت، ئێسقانێک..
ئەوە پاشماوەیانە
لە پێویستیمان زیاد نەبوون..

پارچەیەک هەموو ڕۆژێ، توێکڵێک
فڕێی دەدەینە گێژەنی شەپۆلەوە-قاپلەمەکە بە بەتاڵی دەمێنێتەوە و
چەقۆکە،چەتاڵەکە دەمێنێ و
برسێتیم، ئینتەلابوونمە..

* * *

خۆر، یان لیمۆیەک
لە سەر ڕووی گۆمە بە قەوزە داپۆشراوەکە مەلە دەکات
بەردێک فڕێ دەدەمە نێو تۆپەڵەکانیانەوە
دەلەرێنەوە، جارێکە و قووڵاییەکان بڵقە بڵێ دەکەن.
بڵقی وەهمە پەرتبووەکان
پاراوەکان کە ڕووداوەکان بەرجەستەی نەکردوون
ئەو ژاوە ژاوانەی کە لە ئیعرابا شوێنیان نییە
چاوچنۆکییەکان، دەهلیزەکان، بەڵێنەکانی دادپەروەری (بە بەختیاری)
کەفی وشەکان لەبۆری واتای
مێژووەکان و
کەسێک هەیە فەبرەکەیان بکات و بە لاستیک بیانسرێنەوە-
تا بمێنین.
پیاوەکە وتی: (هیوا بەسەرچوو
ئازار زیاد بوو)
قوربانییەکەیان لەنێوان
چوار ئەسپی سەرکێشدا
بەستەوە.
سەربازەکان سەرخۆش دەبن. جەنازەیەک لە پشتی گردەکەوە
ڕەت بوو. ئایا بەربەرییە پێشینەکان
لەودیوی دەریاوە هاتن؟
ئایا هاتن ؟
تەنانەت ئەگەر شوورە چینییەکەشمان دروست کرد هەر دەوترێ: هاتن.
ئەوان لە ئێمەن و تێماندان. دوا کەسمان هات
بۆ ئەوەی بمانخاتە پێکەنین و بمانگرێنێت و..
شوورەیەک لە کارەسات لە دەورمان دروست کات، بەڵام، هەر دەمێنین.
لە وڵاتی باتاگۆنیا (با)یەک هەیە
پێی دەڵێن (گسکی خوا)،

(با)یەک
دەمەوێ هەڵکات، بە درێژایی ڕۆژهەڵات
لە شرەوپرە گوڵینەکانییەوە و
ڕۆژئاوای چەکدار بە خۆشگوزەرانی: دەمەوێ هەڵیبژێرم
تا بۆ من بێ
میوانداری شێتایەتییەکەی بکەم
چونکە ڕۆژان و ناوەکان گسک دەدات
ڕوخساری جیهانمان وەکو زبڵدانێک گسک دەدات
تا لۆچە قووڵەکان لە ژێر
تۆپەڵی بۆیاغ و
خوێن و تاوان و
شەوەکان، ئاشکرا بن.
وەرە، ئەی (با)یەکە
گسکی خوداوەند، پێش کەوە.
پیاوەکە وتی. پیاوەکە وتی
بەرد فڕێ مەدە گۆمەکەوە و
لە دەرگە مەدە لەودیوەوە کەس نییە
جگە لەمە نەبێ
مردووە زیندووەکە دابەشە جار بەجار لە خۆیدا، بە بێ خۆم
زایەڵەکە دێت:
ئەرێ مردن. ئەوانەی لێرە بوون.

* * *

ئەو یەکە هات کە دەڵێ و ئەوی تر بێ دەنگ دەبێت.
ئەوە دەڕواو ئەوەی هاتووە لێرەیە.
نێوانیان
وشەیەکە، یان سرتەیەکە،
نێوانیان چەند ڕووبارە و ڕێیان کرد، ئەرتەشەکان تەپڵەکان پێشیان دەکەون و
کەسیش بە ئاگا نەهاتەوە
نێوانیان قیژەی مەلۆتکەکەیە، بەسەر نووکی ڕمەوە
لە دەستی یەکەم سەرباز کە سەرخۆشی کوێری کردبوو
دەرگای ماڵەکە لاکەل دەکات.
نێوانیان (موستەفعیلن)، یان لەوانەیە (موتەفاعیلن) بێ(*)
نێوانیان جگە لەمن کەسی دیکە نییە:
ئەوە منم.
٢٠٠٧/١/٢٣

**ڕۆژ لە کەرکووک**

مانگاکان لە سێبەری پاڵاوگاکە نووستوون
بۆ ئەوەی شیر بژەنن، کاوێژی حوشترخۆر ودڕک و داڵ بکەن و
قەلەڕەشەکان لەبیرەکەمان
کە بە پارچە شووشە پەرژین دراوە
لەسەر نووکی باڵە زەلیلەکان
نزیک دەبنەوە
وەک بڵێی دیارین
لە نەوتی ڕەش و مازووت
کە(بیرەکان) لە هەناوی سووتاوی خۆیانەوە تووڕیان داوە
لەو شوێنەی هەزارلۆغانەیەکی زیوینی بۆرییەکان درێژ دەبنەوە و
گڕ لە کێڵگەکانی (ئای پی سی)بە شەو و ڕۆژ بەرز دەبنەوە.
لەوێ خۆر خۆی لەسەر پشت دەگەوزێنێ
لە شووشەی بۆڕی پەنجەرەوە ماسییەک دوا هەناسە دەدات
لەوێ جیهان وەکو گەمییە کۆنەکەی نووح دیارە، کاتێ دوا ماڵئاوایی لە دوا ڕۆخ دەکات
لەوانەیە ژنێک خۆی بکات بە ژووردا
لە هاوشانی پەرژینەکە لە یەکێک لە ماڵەکان شتێکی هەڵگرتبێ
سینییەکی لەسەر دەستە بەخەنە ڕەنگ کراوەکانیەتی
بە خاولییەکی خاوێن داپۆشراوە، وەکو تارماییەکی خوێواوی
جووتە نەعلەکەی تۆزوگەرد دەشێلێ
بەڵام کپی ناشکێنێ..
جەستەی مار
دەکشێ لەدەوری چلێکی خشخاشی
پەرە سوور بە خاو و خلیچکی، لەودیوی دوکانی
ئەو ئەرمەنییەی کە خەوی نیوەڕۆ بردوویەتییەوە
سەرە سپییەکەی خستووەتە سەر دەفتەری قەرزەکانی
چاویلکە پزیشکییەکانی لە ناو تای تەرازووەکەیە
بەتەنیا، بەتەنیا وەکو زونارێکی زیندوو لە مووروو
کاکۆڵی نیوەڕۆ دەڕازێنێتەوە
بێ دەنگی قووڵترە لە بیرەکە
لەم لایە دوورەی شارەکەوە..

سەگەکان بۆنی مەنجەڵ دەکەن بە لەباقەتەوە
لەسێبەری دیوارەکان و بۆڕییەکە ژەنگی گرتووە
لەسەرەخۆ دڵۆپ دڵۆپ دەتکێتە فنجانێکی شکاوەوە.

## خەونی کۆڵ هەڵگرێک لە سەر پردەکەی قەڵا
(بۆ جەلیل قەیسی لە کەرکووک)

دەڵێن ئەوە خەمە
وەکو تێزاب دڵ کون دەکات و
وای لێ دەکات وەکو تارمایی بەدەوری ماڵەکەی خۆیدا بخولێتەوە
بەشکو چاوی پێی دەکەوێت، تا لە بەردەمیدا بۆ جارێکی دیکە سۆزەکانی هەڵدەڕێژێ
وەکو شووشەیەکی لەمەی گرانبا پڕ، سوخمەیەکی ژێر عەبای شتە بە تامەکان
ئەگەر خەیاڵی کرد مووچڕکێکی پێدا دێت و دەگری
هەرکە بیری دەکەوێتەوە..
لەبەر چاوی شتەکان تێکەڵ دەبن، وەکو نەخشەیەک ڕێبوارێکی تێ لێهاتوو
بیخوێنێتەوە، هەندێ جار دوێنێی بیردەکەوێتەوە
وەک بڵێی ڕووداوەکانی هی ئەو نین.
کێ داوای لێ کرد شت و مەکەکانی هەڵگرێ و لە چ سووچێک پێچی کردەوە
یان پێچی نەکردەوە، لە چ ڕێگاوبانێک هاتوچۆی کرد.
ئایا هەتاو بوو
یان باران دەباری..
بالۆرەکە باوە، بە ڕێزێکی گاڵتەجاڕەوە
ئێستا پێی دەڵێن ئاغا یان بەگ
لە پشتییەوە بە ڕیشەکانی خۆیان پێ دەکەنن
هەرکاتێ بە داڵغەوە ڕەت بووایە و گۆرانییەکی دەوت:
(قەلعەنن دیبندە
بیر داش ئۆلایدم)،
خۆزگە بەردێک بوومایە
لە ژێر قەڵا
خۆزگە قەڵا بە بەرزی دەمایەوە
منیش بەردێک بوومایە لە تەمەڵەکەی..
دەڵێن «ئەوەی نەدیتراوە ئەو دیویەتی»
یان ئەوەتا قەڵا بە ماسوولکە ئەستوورەکانی ئەو سەرسامە
بۆ جارێکی کۆسکەوتوو،نوێنەکەی بۆ کردووەتەوە
بەڵام،چۆن کوێرێک بە پێڵووەکانی دەست دەدات
لە پاڵتۆی پێغەمبەر و بۆ یەکەم جار ڕووناکی داگیریان دەکات
ئەو ڕۆژەی کیژەکەی بینی، ئەو ڕۆژەی گالیسکەیەک لەبەردەمیدا وەستا
- لێخوڕەکەی لە خانەکە دراوسێیەتی-خانمێک لێی دابەزی
سەری بە قژێکی زەرد تاجدار کردبوو
هەرکاتێ خۆر لێی بدات ئەم چاوەکانی بۆ ناخی دەکەونەخوارەوە
کارەکەرێک لە دوای خانمەکەوەیە
ئاماژەی پێ دا
نزیک بێتەوە-
لەسەر ئەو پردەی بۆ قەڵای کەرکووک دەچێت
کە دەڕوانێتە سەر ئەو ڕووبارەی بە وشکی بەناوبانگە!
قەڵاکەی بەهەزاران پلیکانە
زنجیرکراوەکە، سەدان جار پێیاندا هەڵگژاوە
ئەو خانووانەی لەسەر پشتی هەڵگرتووە
کە ژنان تێیدا وەکو داڵە مێینە لە پەنجەرە بەرزەکانەوە خۆیان لەتەل داوە
یان لەو بورجانەوە دەڕواننە هامشۆکەران
هەر دەنکێک کێشانەکەری خۆی هەیە، ئا ئەمە وادەی ئەوە..
سوپاس ئەی ئەو گالیسکەوانەی کە قەدەرەکان ناردی
خوا جەزات بداتەوە، جەزات بداتەوە
بەڵام بۆ منت هەڵبژاردو
چۆن ئەمڕۆ بگەڕێمەوە بۆ شوێنەکەی خۆم
کە هەمبوو بەرلەوەی تۆ ببینم؟
خۆزگە قەڵا بەبەرزی دەمایەوە
خۆزگە تاجم نەدەبینی
ئەرێ کەواتە قەرەبووە
ئەی سەرداری زیان و قازانجەکان
لەبری پاشماوەی ڕۆژە قرچۆکەکان و
کێ سووەکە دەژمێرێ وکێ حیسابەکەمان دەدات؟
خۆزگە قەڵا..
کێ ؟
.. من لە تەمەڵەکەیدا بەردێکم.
کارەکەرەکە لە کونی دەرگاکەوە درهەمێکی پێ دا
لەو شوێنەی بەحەپەساوی هەڵنووت و چاوی بڕیبووە

**دەستی و**
**کارەکەرەکە بە لەپە خەناوییەکەی دای لە پشتی**
**تەپوتۆز لە لبادە قورسەکەیەوە بەرز بووەوە..**

**٤- جان دەمۆ**
(ئەوەتا بۆ مومارەسەکردنی مرۆڤایەتی خۆم بەرێوەم)
(جان دەمۆ)
**تۆ بلێی مەرگ نەمانی بیرکردنەوە بێت**
**یان پۆلە باڵندەیەکی پەنگوین**
**چاوەڕێی دڵسۆزێکن لە ژێر خۆری بەنەوشەییدا..**
**یان دەڵێ:**
**سەرچڵی ناکەین بۆ وەڵام**
**چونکە لەوێ وەڵام نییە..**

جان دەمۆ وەکو دیاردەیەک بوو لە بزووتنەوەی شیعری عیراقیدا پتر لەوەی کاری تێ کردبێت، جان بووە ئەفسانەی نەوەی شەستەکان، شاعیری بێ قەسیدە وەک "عەبدل قادر جەنابی" دەڵێ. وەک نەفرەت لێکراوێکی دڵ پڕ لە مێن ژیا، یەکێک بوو لە گرووپی کەرکووک، ناوی (جان) نەبوو کە لەدایک بوو، بگرە ناوی (دەنخە) بوو، حەزی لەو ناوە نەبوو، گۆڕی بە(جان)، وەکو (جان کۆکتۆ) و (جان پۆڵ سارتر) و (جان جینێ) و زۆربەی (جان)ەکانی فەرەنسا..جان دەمۆ لە منداڵدانی مەیەوە لەدایک بوو، لەشاری زێڕی ڕەش، شاری کەرکووک، ئەو زێڕە ڕەشەی کە بووە مایەی قوڕبەسەری هەزارانی وەکو ئەو، دوا جاریش لە تاراوگە سەردەنێتەوە. جان پێی وا بوو (مرۆڤ بە سەعلووکی لەدایک بووە) بە پێچەوانەی وتە مێژووییەکەی (جان جاک ڕۆسۆ)ەوە، کە دەڵێ(مرۆڤ بە ئازادی لە دایک دەبێ). جان جێگیربوونێکی ژیانی دەویست بۆ ئەوەی گوزارشت لە ناسنامە جیهانییەکەی خۆی بکات، وەکو خۆی دەیگوت..

**ئەوانە هاوڕێ نەمرەکانتن**
**وەکو دڵی شەو**
**خوانەکانیان بەتاڵە**
**وەکو هاوکێشەکانی ئەنیشتاین: ئەوەتا تۆ**
**بەرەو سەرابی ساتەکان ڕادەکەیت**
**تۆ بەدمەستی، تۆ تینووی**
**بەدمەست و تینوو زیاتر لە پێویست**
**ئەمەیە ژیان، ئەمەیە ناکۆتا..**

جان دەمۆ ساڵی ١٩٤٢ لەشاری کەرکووک لەدایکێکی ئاشووری گریکی و باوکێکی ئاشووری لە دایک بوو، یەکێک بوو لەو گرووپە شاعیرەی کەرکووک کە پێیان دەگوتن جەماعەتی کەرکووک، سەرگۆن پۆلس دەڵێ لەبەغدا ئەو ناوەیان لێناین، لەبەر ئەوەی کەسمان عەرەب نەبووین. (جان) کەرکووکی لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بەجێ هێشت، ڕووی کردە بەغدا و لەوێ بوو بە ئاوارەی گەردوون. پاشان لەسەرەتای حەفتاکاندا چوو بۆ بەیرووت و لەوێ لە میدیاکانی بەرەی میللی ڕزگاریخوازی فەلەستین کاری دەکرد، جان لەوێ شیعرێکی زۆری نووسی، بەڵام هەمووی ون کردبوو، هەرکە ساڵی ١٩٧٥ شەڕی ناوخۆی لبنان هەڵگیرسا گەڕایەوە بۆ عیراق، بگرە بە بڕیارێکی فەرمی لەبەر شەڕەنگێزی و بەدمەستییەکانی لەوێ دەرکرا، تا ساڵی ١٩٩٣ بە یەکجاری عیراقی بەجێهێشت، ڕووی کردە وڵاتی ئوردن. سەرگۆن پۆلس دەڵێ ساڵی ١٩٩٨ لەعەمان چاوم پێکەوت، تەواو مەیزەدە ببوو، هەموو شەوێک پۆلیسی عەمان دەستگیریان دەکرد و ڕاپێچی بەندیخانەیان دەکرد، بەیانی دەیانبردەوە بۆ ئوتێلە هەرزان باییەکەی.. دواجار ڕووی کردە ئوسترالیا بۆ لای براکەی، تا لە ڕۆژی ٨/٥/٢٠٠٣ وەکو دوا شاعیری سەعلووک لەوێ سەری نایەوە، دوای ئەویش سەرگۆن لە ئەڵمانیا بەچەند ساڵێک سەری نایەوە.. سەرگۆن دەڵێ دوای شۆڕشی ١٩٥٨ کە ئینگلیزەکان عیراقیان بەجێ هێشت، کتێبخانەیەکی زۆریان لەکەرکووک بەجێ هێشت، ئیدی من و جان دەمۆ دەچووین بۆ کڕینی کتێب، بەڵام جان نەیدەکڕی بگرە دەیدزین، پاڵتۆیەکی گەورەی باوکی لەبەردەکرد، منیش خاوەن کتێبخانەکەم دەخلافاند، جانیش گیرفانی پاڵتۆکەی پڕ لە کتێب دەکرد. ئیدی ئەدەبێکی نووسەرانی زۆرمان خوێندەوە، هەرکە چووین بۆ بەغدا لەوێ نووسەرانی ئەوێمان پێ سەرقاڵ دەکرد. جان پێی وابوو ژیان پیشەی میرۆکانە، وەک "شارل بۆدلیر" دەیگوت: ژیان نەخۆشخانەیەکی گەورەیە و لەوێ هەر یەکێک لە ئێمە سەرقاڵی گۆڕینی نوێنەکەیەتی.. لە ساڵانی هەشتاکاندا زۆربەی ڕۆژەکان ئەم پیاوە داهێنەرەم لە شەقامی ڕەشید دەبینی بۆ چارەکێک ئارەق و پارووەیەک نان و جگەرە سواڵی پارەی دەکرد. وەک عەبدولئەمیری هاوڕێی کە ئەو دەمێک بوو کۆچی دوایی کردبوو. من "جان دەمۆ"م لەنزیکەوە دەناسی، لە ساڵانی هەشتاکان تەنیا جارێک هات بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونەکەم لە بەغدا لە ناوچەی جادریە، کە ئێستا زانکۆی بەغدایە، ڕۆژێکی هاوین بوو، لەگەڵ برادەرێکی عەرەب هاتن، جان سەرخۆش بوو، دوایی چوو لەسەر نوێنەکەم

خەوت، بەڵام دواجار بەسەریدا ڕشابووەوە، ئیدی ئەوە دواجار بوو "جان" ببینم، تا ساڵی ١٩٩٢ لە کەرکووک لە چایخانەیەکی بەرانبەر سینەما عەلەمەین دیمەوە، وەلێ کەسی نەدەناسییەوە، دوای ئەوە چوو بۆ ئوردن.

**چۆڵی لەناو چۆڵی**
**لە ناو ئاوێنەکانی بینەراندا**
**لە گۆڕەپانی (نەسر)**
**دوای سەعات نۆی شەو**
**دەبێ چاوەڕێی موعجیزەکانی دیکە بن**
**بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییانەی**
**کە بۆ پڕکردنەوەیان دزو قەشە و**
**سۆزانی بەشداری دەکەن.؟**
**ئەو دەریایانەی کە لە کیسمان چوون**
**دەبێ بەچی قەرەبوو بکرێنەوە**
**تەنیا بە تەسبیحاتی پەککەوتەکان**
**بەزەدە جوانەکانیانەوە**
**کە شیاوی دۆزینەوەی ناخەکانن**
**گۆڕەپانی نەسر**
**گۆڕپانی نەسرە..**

جان دەمۆ، دیوانۆکەیەکی بەناوی (اسمال) واتا شڕەوپڕە چاپ کردووە، بیست و حەوت شیعری لەخۆ گرتووە، خانەی ئەلمەدای بەغدایی چاپی کردووە. هەر وەکو چۆن (والت وایتمان) تەنیا نامیلکەیەکی بەناوی (پەلکە گیا) چاپ کرد و بووە یەکێک لەکۆڵەگەکانی شیعری هاوچەرخی ئەمریکا. سەرگۆن دەڵێ شیعرەکانی جان دەمۆ سوریالی و دادائین..

**دەشێ ئیقۆنەکان، مردووەکان**
**پاسەوانی نەکرێن**
**بەڵام ئەی دەریا چۆن؟**
**ئەی زوڕنای داگیرکەران چۆن؟**
**قسە سوودی نییە: خۆیان پاسەوانی خۆیان دەکەن**
**یان ئەوەتا زینەوەری هولامین و ئەوە دەکەن.**
**لە ئاژاوەی ئاماژەکانە، لەوێ هەمیشە ئاماژەیەک هەیە**
**- پاسەوانی کردن.**
**لافاوی زەمەنەکان، یان ئەرخەبیلەکانی خەو؟**
**چەند تیمساحێک هەن ئەم جیهانە هەڵدەدەن**
**دەرفەتیش نییە**
**حوسێن عەجە دەچێتە هایدگەرەوە:**
**دەیەوێ بیکاتە سوارەیەک**
**بۆ دەنووسن شاعیرەکان (سەعدی یووسف)**
**ئەمریکایان بەجێهێشت**
**یان تەنیا لە ئیمارات دەبێتە شیوێک؟**
**تاشەبەرد چییە؟**
**دوا گوندێکە کە ئەنجام عەشاماتەکان، چەرخەکان**
**پەنای بۆ دەبەن**
**هەلی بەرماوە چییە؟ بۆ؟**
**هۆی مانەوە چییە لەوێ؟ هەر تەنیا مانەوەیە؟**
**لە گردۆلکە لمەکان.**
**نە قوڕ ماو نە زرەزڕ**
**لەوێ لە جیرە جیر بەو لاوە هیچی دیکە نییە**
**لێی دەترسن؟**
**دە بگرن ئەوەتا قونکە جگەرە.**

**سەرچاوەکان:**


**١- خەمۆکی بەغداد، عبدالقادر الجنابي، سایتی ئیلاف، ١٩ی ئاب، ٢٠٠٧.**
**٢- ڕۆژنامەی القدس العربي / ٢٠٠٣ /١٧ی مایس.. چاوپێکەوتن لەگەڵ جان دەمۆ کە کاتی خۆی نووری حسێن لە ساڵی ١٩٩٦دا لە عەممان لەگەڵیدا سازیان داوە و هەمان ساڵ لە ڕۆژنامەی ناوبراو بڵاوبووەتەوە و دوای مردنیشی لە ٢٠٠٣دا بڵاوی کردووەتەوە.**
**٣- سایتی النور، شاعیر عەباس بەدری ئەو شیعرەی لەسەر عەبدولئەمیر حوسێری لەم سایتەدا بڵاوکردووەتەوە.**
**٤- دواوین سرکون بولص: الأول والتالي، ٢٠٠٨، دار الجمل، حامل الفانوس في ليل الذئاب، ١٩٩٦، دار الجمل، عظمة اخرى لكلب القبيلة، ٢٠٠٨، دار الجمل.**
**٥- الروح الحية، فازڵ عەزاوی، لە بڵاوکراوەکانی دار المدى، چاپی دووەم، ٢٠٠٣.**
**٦- گۆڤاری الاقلام، ژمارەی تایبەت - ت٢/ ١٩٨٤، فایلی تایبەت بۆ حسەین مەردان.**
**٧- عەزیز سەید جاسم، پێشەکی دیوانی (خۆر و بەهار)، عەبدولئەمیر حوصێری، چاپی یەکەم، ١٩٨٦، خانەی کاروباری گشتی ڕۆشنبیری بەغداد.**
**٨- دیوانی (انا الشريد)، ١٩٧٠.**
**٩- خمر و شعر، سامي الكيالي، دار الرائد، حلب، چاپی١، ١٩٦٣.**
**١٠- دیوانی (الاسمال)ی جان دەمۆ.**


**(*):ناوی دوو کێشن لە بەحری شیعری عەرەبی و ناکرێن بەکوردی..**

# باروخ دوسپینۆزا:
# فەلسەفەی یەکڕەنگی ڕەب و سروشت

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئەدەبیات)

سەدەی حەڤدە ڕۆڵ و مەڵبەندێکی گرینگ و سەرنجڕاکێشی لەچوارچێوەی مێژووی پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونی فەلسەفەدا هەبووە و گێڕاویەتی.

ئەو سەدەیە لە فەلسەفەدا چارەنووسساز بووە، بەهۆی ئەو گۆڕانە- چاکسازییە گرنگانەی تێیدا کراوە و بۆتە مایەی ئەوەی سەرتاپای ڕوخسار و ناوەڕۆکی فەلسەفە بە جۆر و شێوازێکی دیکە ڕەنگیان بۆ بڕێژرێتەوە. فۆرم و ناوەڕۆکی نوێ شان بە شانی میتۆدە و ئامرازی توێژینەوە و ئامانج سەرلەنوێ بەدیار و دەستنیشانکردنەوەوە، پشکی سەرەکی ئەو گۆڕانەیان پێ بڕاوە. بوێرانە، سەرەڕای ئەو گۆڕانە، هەوڵدراوە فەلسەفە لەو دابونەریتە وشک و برینگە بێ گیانەی کڵێسەی مەسیحی بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەسەریدا سەپاندبوو ڕزگار بکرێت.

ئەگەر لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکاندا ڕێنێ دیکارت بە باوکی فەلسەفەی نوێ دانرابێ، ئەو بڕیارە لەو سۆنگەیەوە دراوە کە ڕوخسار و کاڵاو ناواخنێکی نوێی بە بابەتەکە بەخشیوە. بیروبۆچوونی باو و دابونەریت و سەرچاوە ئاساییەکانی زانین بە دۆگم و ڕێوشوێنەکانی کڵێسەی دەستبەکارەوە تیشکی جۆرە گومانێکیان خراوەتەسەر. داوا کراوە جارێکی دیکە هزرمەندان بچنەوە سەر سەرچاوە ڕاستەقینەکانی زانین و هەر لەوێوە قانوون و بنەماکانی بوون و بەهاو نەریت و ڕێساکانی کارو کردار و ڕەفتار هەڵبهێنجرێن. ئەو هەڵوێستە گەڕانەوە بۆ سەر مرۆڤ خۆی و پاساودانەوەی توانا و دەستبەکاری و بڕوا بوون بەهێز و دەسەڵاتی ژێری بەرجەستە کردووە. جاران ئەگەر نووسراوە فەرمییەکانی کڵێسەی مەسیحی سەرچاوەی گومان هەڵنەگری زانین و ڕاستەقینە و ڕاستی تەواوەتی بووبن، دیکارت بەوە تاجی شاهانەی فەلسەفەی کردۆتە سەر کە ساغی



**سپینۆزا**

کردۆتەوە، یان هەوڵی داوە بیسەلمێنێ کە ڕێگای زانین هەر لە سەرەتاوە بە گومان دەست پێدەکات. گومان لە هەموو شتێک بکرێت تەنیا خودی گومانکار لەو پرۆسەیە بەدەر بگیرێ، چونکە ئەگەر خودەکە خۆی هەبوو نەبێ، گومانەکەش ناکرێت. ئینجا ئەو گومانە هێز و توانای بیروبۆچوونی باو و بەمیرات بۆ ماوە و بڕوا و باوەڕ لاواز و کاڵ دەکاتەوە(١).

ئەو هەنگاوە بوێر و جوامێرانەیە پێش هەموو شتێک ئەوەی پێویست کردووە کە ئاوڕ لە ژیر و تێگەیشتن بدرێتەوە، ڕێگایەک پێشنیار بکرێت چۆن ژیر بە چالاکییە هەمە چەشنەکانییەوە مشتومال و پاک بکرێتەوە و تەپوتۆز و گەردی ڕۆژگاری لێ بتەکێنرێ. دوای دیکارت، فەیلەسوفی ناسراوی جوولەکەی هۆڵەندا باروخ دوسپینۆزا (١٦٣٢- ١٦٧٧ز) ئەو ئەرکەی گرتۆتە ئەستۆ.

سپینۆزا وەک دیکارت لەو باوەڕەدا بووە بیرکاری (ماتماتیک) ئەو ئامرازە بێ گرێکوێرەکانی کێشەی گەردوونی پێ بکرێتەوە و بتوانرێ بەهۆیەوە قانوونەکانی بدۆزرێنەوە و پەردەیان لەسەر لابدرێ. ئەندازە کە بەشێکە لە بیرکاری ئەو لقە بووە لە بەرهەمەکانیدا کۆشکی فەلسەفەی لەسەر بنیاد ناوە پەیڕەوکردنی میتۆدە و ڕێبازی ئەندازە لە بیرکردنەوە و فەلسەفەدا دوو ئامانج بۆ خاوەنەکەی دەپێکێ کە پێوەندییان بە کەرەسەکە و بابەتی توێژینەوە و خودی هزرمەندەکەوە هەیە:

**یەکەم**: ئەندازە زانستێکە بە چەند دەستەواژەیەک (پرۆپۆزیشنیک) بە «بەڵگەنەویست و پێناسە» دەست پێدەکات ڕاستی دروستییان هەر لە سەرەتاوە بوار و دەرفەتی هیچ گومانێک نادەن. پشت بەستن بەو لقەی زانست (ئەندازە- بیرکاری) لە فەلسەفەدا بنەمایەکی قایمی گومانهەڵنەگری زانین دەستەبەر دەبێت.

**دووەم**: بابەتەکانی ئەو لقەی زانست چەند بوونەوەرێکی هزرین، چەند وێنەیەکن لە مێشک و ناخی دەروونی هزرمەند و زانایاندان و هیچ جۆرە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە دەوروبەر و جیهانی ڕاستەقینە و هەڵکەوتەوە نییە، بۆیە ئەوپەڕی سادە و ساکار و ڕوون و ڕەوان و ئاشکران. ئەو خەسڵەتانەش سروشتێکی گومان هەڵنەگر بە فەلسەفە دەبەخشن و ڕۆڵی خودێتی توێژەر لە بابەتەکە لاواز دەکەن جۆرە بابەتێک دوور لە هەستونەستی توێژەر و ئارەزووی کەسایەتی و بە لێکۆڵینەوەکە دەدات. سروشتی ئەندازە و بیرکاری و میتۆدەکەیان ئەگەر پەیڕەو بکرێت لایەنی کەسایەتی و خودێتی هزرمەند ڕۆڵی سەرەکی لە توێژینەوەکەدا نامێنێ و پتر فەلسەفە لە زانست و ڕاستی نزیک دەکاتەوە. ئەوە یەکەم هەنگاوی سەر ڕێگای سەختی چاککردنی ئامرازەکانی زانین بووە.

بەپێی هەلومەرجی سەردەم و پەرەسەندنی زانستەکانی ئەوسا سپینۆزا بە تەواوەتی لەو ڕاستییانە ئاگادار بووە، بۆیە هەر لە دەستپێکی شاکاری «دەربارەی چاککردنی تێگەیشتن و ژیردا» گوتوویەتی:

دوای ئەوەی ئەزموونی ژیانی ڕۆژانە فێری کردم، ئەوەی ڕۆژانە لە ژیاندا ڕوودەدات و دەقەومێ هیچ و بێ بەهایە، بە چاوی خۆشم دیتومە ئەوەی من لێی دەترسێم و ئەوی لە من دەترسا شتێکی تێدا نییە کە چاکەکاری، یان بەدکاری (خێر و شەڕ) بێت، ئەوە نەبێ کە دەبێتە مایەی وورووژاندنی ناخی دەروون Gemut بۆیە لەدواییدا بڕیارم دا دەست بە توێژینەوە بکەم ئایا شتێک هەیە بەڕاستی چاکە Gut بێت و بەجۆرێک کار لە تێگەیشتن (ژیر) بکات ببێتە مایەی ئەوەی بەدەستهێنانەکەی ناخی دەروون ئاسوودە بکات و مرۆڤ دەستبەرداری هەموو شتێکی دیکە بێت؟ بەڵێ، ئایا شتێک هەیە کە من بتوانم پەردەی لەسەر لادەم و پێی بگەم، خۆشییەکی ئەوپەڕی بەرز و بەردەوامم پێ ببەخشێ؟ ناکرێ و پەسند نییە من لەپێناوی شتێکی دڵنیایی لێ نەکراو دەستبەرداری شتێکی دڵنیایی لێ کراو بم، من لە شکۆمەندی و ئابڕوو و سامان و ماڵی دنیادا شتێکی ئەوپەڕی باشم دیتوە، بەڵام ئەگەر لێیان دەستخەڕۆ بم و

هەر سەرگەرمی بەدەست هێنانیان بم، بەختەوەرییە بەرزە بەردەوامەکەم لەدەست دەچێ(٢).

کەوابوو دەبێ ئەو کەڵە فەیلەسووفە بەختەوەرییەکەی کە دەبێ تایبەتمەندی هەمیشەیی هەبێ لە چ دا بدۆزێتەوە؟!

ئایا دەکرێ ئەو ئامانجەی کە ئەو بە درێژایی ژیانە درێژنەخایەنە پڕ بایەخ و بڕشتەکەی وێڵ و سەرگەردان بووە بەدوایدا لە زانین و گەیشتن بەڕاستی و ڕاستەقینەدا بەدەست بێت؟!

ئایا پێوەندی زانین و بەختەوەری و ئازادی کە هەموو مرۆڤێکی هزرمەند شەیدایانە چۆنە و چی بێت؟

پێوەندییەکی توندوتۆڵی دەستیاوی Mutual لەنێوانیاندا هەیە و هەریەکەیان ئەوی دیکەیان تەواو دەکات. زانین خۆی توانا و ئازادییە و بەختەوەرییەکی درێژخایەن دەستەبەر دەبێ، بەڵگەش ئەو چێژ و خۆشییەیە مرۆڤ لەکاتی زانین و تێگەیشتندا هەستی پێ دەکات.

## جۆرەکانی زانین

کەوابوو پێش هەموو شتێک، بۆ دەستەبەربوونی زانینی ڕاستودروست پێویستە بیر لە ئامرازێکی چاککردنی تێگەیشتن و ژیر بکرێتەوە بۆ ئەوەی لە گەرد و خەوشی ڕۆژگار پاک بکرێنەوە. بە جۆر و شێوازێک لە شتەکان بگەن و زانین بە دەست بێت کە بەپێی داواکراو و پێویست بێت، ئەوکاتە مرۆڤ لە مەبەست و ئامانجی نزیک دەبێتەوە.

بۆ ئەو مەبەست و هیوا خوازراوە بەپێی سروشتی بابەتەکە دەبێ هەموو شێواز و جۆرەکانی زانین و تێبینیکردنی هەستەکییانە Wahrnehmens لە یەکتری جیا بکرێنەوە و یەکە یەکە شرۆڤە بکرێن و لێک بدرێنەوە. ئەو ئەرکە، لە یەکتری جیا کردنەوە و هەڵاواردنی جۆرەکانی شت زانین، بایەخدانە بە هەر جۆرێک لەوان و گەیشتنە بە زانینی ڕاستەقینەی دڵخۆشکەر. ئەو لایەنە جگە لەوە دەرفەت دابین دەکات و دەداتە دەست مرۆڤ هێز و توانا و سروشتی خۆی بە تەواوەتی بناسێ و بیانزانێ.

لە پەرەگرافی (١٩)ی شاکاری دەربارەی چاککردنی تێگەیشتن و ژیردا (چاپی ئەڵەمانی) سپینۆزا باسی چوار جۆر زانینی کردووە:

**یەکەم**: زانینی گوێبیستبوون: Horensagen

ئەو جۆرە زانینە سەرەتایی و کاڵوکرچە و جێگای دڵنیایی لێکردن نییە، چونکە بەهیچ جۆر و شێوازێک توخنی چییەتی و سروشتی ڕاستەقینەی شت ناکەوێ، چونکە لە بیستن و قسەی کەسانی دیکەوە کەوتۆتەوە بۆ نموونە مرۆڤ بیستوویەتی و دەزانێ کەی و لە چ جێگایەک لەدایک بووە. فلان و فیسارە کەس دایک و باوکی ئەون. ئەگەرچی ئەو زانینانە گومانیان لێ ناکرێت، بەڵام هەلومەرجی زانینی زانستییانەیان تێدا نییە.

**دووەم**: زانین بەهۆی تاقیکردنەوەی نیوەچڵەوە: Unbestimmte Erfahrung

ئەو جۆرە زانینەش بنەمایەکی ئەزموونی سەرکەوتوو و تاقیکردنەوەیەکی زانستی نییە ژیر و تێگەیشتنیش (فام) ناتوانن ڕاستییەکەی پشت ڕاست بکەنەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا دیاردەیەک بەرچاونەکەوتووە نادروستی ئەو جۆرە زانین و تێبینیکردنانە پووچەڵ بکاتەوە.

ئەو جۆرە زانینە بریتییە لە زانین و پەیبردن بە شتی سادە و ساکار و هەندەکی بەهۆی هەستەکانەوە و بەهۆی لە یەکچوونی دیاردە و ڕووداوی تاکەوە لە مێشکدا چەند هزر و بیر و بۆچوونێک دروست دەبێ. بۆ نموونە سپینۆزا وتەنی، من دیومە کەسانی وەک من مردوون، دەبێ منیش بمرم!. بۆیە مرۆڤ ئەو زانینە پەسند دەکات، چونکە هیچ دیاردەیەک تائێستا بە درۆی نەخستوونەتەوە. دەکرێ ئەو جۆرە زانینە بەزانینی جۆرە ئیندەکشن دابنرێت.

**سێیەم**: زانینی لێکەوتنەوە و ئەنجامگیری: Erschlossen

ئەو زانینە لەوە پێکهاتووە سروشت و چییەتی Essenz شتێک لە شتێکی ترەوە دەکەوێتەوە و بەدەست دێت. مەرجیش نییە هەموو جارێک ئەو کەوتنەوەیە وەک ئەنجام بە هەمان شێواز ڕووبدات. هۆکار و ئەنجام بابەتێکی بنەڕەتی ئەو جۆرە زانینەیە. سپینۆزا دەڵێ:

من بۆم دەرکەوتووە شت لە دوورەوە بچووک و لە نزیکەوە گەورە دێتە بەر دیدە، بۆیە من دەزانم کە خۆر (ڕۆژ) ئەگەر بچووکیش دەربکەوێ، ئەوە خۆی لەخۆیدا گەورەیە. ئەگەرچی ئەو کەوتنەوەیە دیار و ئاشکرا بێ، بەڵام مرۆڤ چۆنیەتی پرۆسەی کەوتنەوەکە نازانێ چۆنە، بۆیە دەکرێ بگوترێ ئەگەر جۆرە دڵنیاییەک لەو زانینە بکرێت، گومان لەوە ناکرێ کە خۆی لەخۆیدا زانینێکی پەرشوبڵاوە و بەندێکی توندوتۆڵ بەیەکەوەیان ڕاگیر

ناکات.

**چوارەم**: زانینی گەوهەر بەهۆی هۆکاری نزیکەوە:

بەرزترین پلەی زانینی دڵنیـــایی لێکراوە. شت لەو قۆناغەدا بەهۆی گەوهەرەکەیەوە، یان بەهۆی نزیکترین هۆکـــارەکـــەیەوە دەزانرێ و پەی پێـــدەبردرێ. بەلای سپینۆزاوە، لێرەدا مرۆڤ ئەوە دەزانێ کە دەروون و لەش توندوتۆڵ بەیەکـــەوە بەندن. هیچ جـــۆرە گـــومـــانێک لەهاوکـێـشـەکـانی بیـرکـاری و بابەتەکـانی ئەندازە ناکـرێت(٣) مـرۆڤ بەدڵنیـاییـیـەوە گـەوهەری دەروون (نەفس) دەزانێ، بۆیە پەی بەوە دەبات کـە لەگـەڵ لەش بەیەکـەوە بەسـتـراونەتەوە. هەر بەهۆی پێناسـەی بابەتی ئەندازەوە تایبەتمەندی شێوەی بابەتەکانی ئەندازە دەزانێ. ئەو زانینە لە هەمـوو جـۆرە هەڵە و بە تەفـرەچوونێک دووره بە دەره، هەر ئەویشە بەختەوەری و خێر و خۆشی ڕاستەقینەمان بۆ دەستەبەر دەکات.

## ڕەب و سروشت

١- کێشـەی ڕەب و سروشت، هەریەکـەیان بە تەنیـا، یان پێکەوە بووبن، لەو کـێـشـانەن ئەوپەڕی کـات و کـۆشـی خـامـەی فـەیلەسوف و هزرمـەندان پێـوەیان خـەریک بوون. ئیـتـر ئەو خـەریک بوونە پشت ڕاست کـــردنەوە بووبێ، یان بە بارەکـــەی دیکەیدا بووبێ، بابەتێکی سەرەکی جیهاندیدی هەندێک فەیلەسووف و هزرمەندانی سەردەمی خۆیان بووە و کارەکتەر و سروشت و خـەسـڵـەتی دیار و بەرچاوی بەو بەرهەمـەی هزر و مێشکیان بەخشیـوە کە لەو گۆڕەپانەدا بوێرانە ئەسپی خامەکەیان تاوداوە. دوور ناڕۆین ئەگەر بڵێین ئەو بابەتی ڕەب- سروشتە ئەو خاڵە سەرەکییە بووە کە بەپێی قۆناغ تایبـەتی خـۆی بە فـەلسـەفـەی هەندێک فـەیلەسـووف بەخشیـوە. قسەکردن لەو بابەتەش کە خامە ڕەنگینەکەی فەیلەسووفەکە پێوەی خەریک بووە، ڕەسەنیەتی خۆی لە ڕوخـسـار و شـێـوازی دەربڕین و باسکردن و قـسـە لێکردنەکەدا دەربڕیبێ، یان ناوەڕۆکی بابەتەکە بووبێ کە ئەو گرەوەی بردبێتەوە، ئەگەر نەشێ لە سۆنگەی ئەمڕۆوە تەمـاشـا بکرێت لە گـرنگی کـێـشـەکـە و ڕۆڵی فەیلەسووفەکەی کەم نەکردۆتەوە. دەکرێ سپینۆزا لەو کـایەیەدا نموونەیەک بووبێ ڕاسـتیی ئەو قـسـەیە پشت ڕاست بکاتەوە.

ڕابەری فـەلسـەفـەی ئەڵمـان هیگڵی گـەورە و مـەزن گوتوویەتی:

«فـەلسـەفـەی سپـینۆزا بە بابەتی کردنی فـەلسـەفـەی دیکارت بووە... بیرۆکەی سادە و ساکاری ئایدیالیزمی سپینۆزا ئەوە بووە: ئەوی ڕاست و ڕاستەقینەیە ئەوەیە: تەنیا یەک گەوهەر Substanz هەیە هەردوو خەسڵەتی بیرکردنەوە و درێژبوونەوەی هەیە. تەنیا ئەو یەکە ڕەهایە هەڵکەوتە و ڕاسـتەقـینەیە، تەنیـا ئەو ڕەببە.»(٤) ئەو بڕیارەی هیگڵی گەورە چی دەگەیەنێ؟!

بۆ پشت ڕاست کـردنەوەی بڕیارەکـەی هیگڵی گـەورە دەبێ لەپێشدا سەرنجێک لەجیهاندیدی دیکارت بدەین. دیکارت لە جیهاندیدە فرە ڕەنگییە فەلسەفەکەیدا پێی لەسـەر هەبـوونی چەند گـەوهەرێک داگرتووە، بەتایبـەتی هەرسـێک گەوهەری ڕەب و ژیر و مـاددە. لەش و دەروون خەسـڵـەتی بیرکـردنەوە و درێژبوونەوەیان هەیە. ئەو سێ گـەوهەرە، لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە لە یەکـتـری دانابڕێن، لەیەکتری جیا و جیاوازن.

بەلای سـپـینۆزاوە ئەو بڕیارەی دیکارت پشت ڕاست ناکرێتەوە و دەکرێ لە سێ لاوە گازندە بکرێت:

**یەکـەم**: دانانی درێژ بوونەوە بە گـەوهەرێکی مـاددە دەبێتـە مایەی ئەوەی جیهانی درێژ بووەوە هەڵکەوتێکی گەوهەری بێت و بە تەواوەتی لە گەوهەری ژیر و خواوەند جیاوازبێت.

**دووەم**: یەکڕەنگی و یەکپارچەیی مرۆڤ دووچاری هەڵە و چەواشە بوون دەبێ کاتێک بەوە پێناسە دەکرێت کە لە دوو گەوهەری ماددە و ژیر پێکهاتووە.

**سێیەم**: دیکارت درێژبوونەوە بە شتێکی مردوو و بێ گیـان لەخۆیدا دادەنێ و لە ئەنجامەکەیدا پێوەندی نێوان درێژبوونەوە و بزووتنەوە کردەکییە ڕاستەقینەکان شمەکە ماددەییەکان بە پێوەندییەکی ڕووتی دەرەکی دادەنرێن و پشت بە بڕیاری ئازادانەی خواوەند (ڕەب) دەبەستن(٥). تەنیا پێناسەکردنی درێژبوونەوە بە قسەی سپینۆزا بەوەی خەسڵەتێکی ڕاست و ڕاستەقـینەی گـەوهەری ڕەببـانی خۆشیـەتی، ئەو سێ کـەلەبەرەی جیـهـاندید و بۆچوونی دیکارت پڕ دەکاتەوە و بەلایەکدا دەخات.

٢- پشت ئەسـتـوور بە پەیڕەو و میـتـۆدەی ئەندازە کە بەچەند پێناسـە و بەڵگەنەویسـتـێک دەست پێدەکـات و ئەنجامیـان لێدەکەوێتەوە، سپینۆزا سەرگەرمی دۆزینەوەی بیـرۆکـەیەکی ڕاست و ڕەوان بووە کـە لێـوەی ناچارییـانە هەمـوو بیـرۆکـەیەکی تری لێ بکەونەوە. ئەو بیـرۆکـەیە هۆکاری بوون و نابوونی هەموو شمەکێک بێت، هەروەک

چۆن پێناسەی سێ گۆشە بەناچاری ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە کۆی گۆشەکانی (١٨٠) پلەیە. (ئەوەندەی دوو گۆشەی وەستاوە). جا بۆیە دەکرێ بگوترێ فەلسەفەی سپینۆزا ئەوەندەی پێوەندی بە بوون، سروشت و ڕەببەوە هەیە لە پێناسەی گەوهەر و ڕەببەوە دەست پێدەکات:

گەوهەر چییە و بەچی لە ڕووکەش جیادەکرێتەوە؟! ئایا تایبەتمەندی شت بە جۆری چییەتییەکەیەوە بەندە؟!

بەلای سپینۆزاوە گەوهەر (Substanz) ئەوەیە خۆی لە خۆیدا و بۆ خۆی هەیە و هەر بەهۆی خۆیەوە لە ماهیەتەکەی دەگەیشترێ و پەی پێدەبردرێ، واتە ئەو تێگەیشتنەی گەوهەر پێویستی بەتێگەیشتن و پەیبردن بە شتی دیکەوە نییە، بەڵام تایبەتمەندی (Attribut) ئەوەیە فام، تێگەیشتن بە دەستنیشانکەری ماهیەتی گەوهەرێک(٦) دەیناسێ.

ئەو پێناسەکردنەی گەوهەر بەو جۆر و شێوازە، جگە لەوەی لە سەرەتاوە ڕەنگی چوارچێوەی جیهاندیدە فەلسەفەییەکەی سپینۆزای ڕشتووە، چەند ئەنجامێکی سەرنج ڕاکێشی لێ دەکەوێتەوە.

**یەکەم**: گەوهەر خۆی هۆکاری هەبوونی خۆیەتی، چونکە سروشت و چییەتییەکەی (ماهیەتییەکەی) بوونی خۆی تێدایە ئەگەر نا گەوهەر بەهۆی شتێکی ترەوە هەبوو دەبوو. پشتی بە هی تر نەک بەخۆی دەبەست و گەوهەر نەدەبوو.

**دووەم**: گەوهەر خۆی لەخۆیدا بێ سنوورە و بێ ڕادەیە، خۆ ئەگەر سنووردار بوایە یەکێکی تر ئەو سنوورەی بۆ دادەنا و پێوەندی بەچەند گەوهەرێکی دیکەوە دەبوو، ئەو ئەنجامە پەسند نییە، چونکە ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە گەوهەرەکە بەهۆی یەکێکی ترەوە وێنا بکرابایە نەک بەهۆی خۆیەوە.

**سێیەم**: گەوهەر هەریەکە و یەک گەوهەر هەیە، خۆ ئەگەر دوو گەوهەر و پتر هەبووایە، هەر گەوهەرە سنوور و ڕادەی بۆ ئەوی دیکە دادەنا و هیچیان گەوهەر نەدەبوون. بۆیە گەوهەر بوونەوەرێکی ناچارەکییە و هەر دەبێ هەبێ و هەر هەبووە و هەتا هەتاییە و لەناو ناچێ و نافەوتێ(٧) تا چ ڕادەیەک دەکرێ ئەو بۆچوونەی لە پێناسەکردنی گەوهەر کەوتۆتەوە بخرێتە پارسەنگی ڕەب و سروشتەوە؟!

## سروشتی داهێنەر و سروشتی داهێنراو

پشت ئەستوور بەوەی تائێستا وتراو ئەو پێناسەیەی سپینۆزا بۆ گەوهەر کردوویەتی و داویەتە دەست، دەکرێ بوترێ ئەو فەیلەسووفە بەردی بناغەی ئەو کۆشکەی داناوە کە لە شوێنیدا بە یەکڕەنگی بوون ناسراوە و بە زمانی عەرەبی لەو کایەیەدا ناوی (وحدة الوجود)ی لێنراوە. ئەو چەمکە تەمومژاوییە لە گۆڕەپانی فەلسەفەدا چی دەگەیەنێ؟!

سپینۆزا کە خۆی جوولەکەیە، شارەزایی لە ناوەڕۆکی تەورات هەبووە و ڕەخنەی لە بۆچوونی دیکارت دەربارەی گەوهەر گرتووە، لەو باوەڕەدا بووە هەردوو بۆچوونی ئاینییەکە و دیکارت دەربارەی ڕەب لە جێگای خۆیدا نەبووە، چونکە هەردووکلا پێ لەسەر ئەوە دادەگرن ڕەب گەوهەرێکی بێ سنووری لە ڕادە بەدەرە بە کردارێکی خواستی ئازاد لە هیچەوە سروشتی داهێناوە و خۆشی لەسەروو سروشتەوەیە و لێوەی جیاوازە. سپینۆزا وای داناوە ئەو بۆچوونە بەپێی پێناسەی گەوهەر لەخۆیدا ناکۆکە و ناگونجێ. لەفەسڵی یەکەمی شاکاری ئاکاردا (Ethik) بە تەواوەتی تیشک خراوەتە سەر ئەو لایەنە و روون کراوەتەوە. بەلایەوە ڕەب زۆر لەو بۆچوونە جیاوازە کە مەسیحی و پێشتر جوولەکە هەیانبووە. ئەو بڕوایەشی ئەنجامێک بووە لەو پەیڕەوە کەوتۆتەوە کە لە ئەندازەوە خواستوویەتییەوە و بە جیهاندیدی زانستی سەردەمی خۆی متوربە کراوە.

گەوهەر ئەوەیە خۆ بۆ خۆی هەبێ و وێناکردن و پەی پێبردنەکەشی پەکی لەسەر هی تر نەکەوێ. تەنیا هەریەک گەوهەریش هەیە ئەو پێناسەیە بیگرێتەوە، ئەویش لە ڕەب بەو لاوە نییە. سپینۆزا گوتوویەتی:

«ناکرێ لە سروشتدا دوو، یان پتر گەوهەر هەبن، واتە هەمان خەسڵەت و تایبەتمەندییان هەبێ»(٨). ئەگەر هەرچی لە سروشتدا هەیە پشتیان بە یەکتری بەستبێ ناکرێ گەوهەر بن، بەڵام تێکڕای کۆی سروشت پشت بەهیچ شتێکی دەرەکی لە دەرەوەی خۆیدا نابەستێ، بۆیە دەکرێ خۆی گەوهەری هۆکاری خۆی بێت، چونکە چییەتییەکەی (ماهیەتییەکەی) بوونی خۆی تێدایە و ناکرێ سروشتەکەی وا بە هزر و بیردا بێت کە نابووبێت(٩) هەر لە هەمان شاکاردا دەستەواژەی (١٤) سپینۆزا پتر دەڵێ:

«لە ڕەب بەولاوە ناکرێ گەوهەرێکی تر هەبێ و ناکرێ پەی پێ ببردرێ(٩).». بۆیە گەوهەر دەبێ بەناچاری بێ سنوور و لە ڕادەبەدەر و بێ کۆتایی بێت و بەهیچ جۆرێک دابەش نەبێت.

لەو پێناسە و دەقانەی سپینۆزاوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی بڵێین، ئەو فەیلەسووفە هەمیشە ڕەب و سروشت و جەوهەر بە ڕیز لە تەنیشت یەکترییەوە مۆڵ دەکات. بۆ لە یەکتری جیا کردنەوەیان، لە یەکتری جیاکردنەوەی بۆچوونی ڕەب لە سروشت دوو چەمکی داهێناوە کە دەکرێ وەک دوو تایبەتمەندی (وێنە)ی هەردوو دیوی دراوێک سەرنج بدرێن و دابنرێن:

– سروشتی داهێنەر (natura naturans) ئەو– ناتورە ناتورانسە– خۆی لەخۆیدا و بۆ خۆی هەیە هەموو تایبەتمەندی و خەسڵەتێکی هەرە کۆنی بێ سنوور و لە ڕادە بەدەری هەیە، ئەو خۆی هۆکاری هەموو شتێکە و هۆکاری خۆشیەتی، هەر بەهۆی خۆیەوە دەناسرێ و پەی پێدەبردرێ، گەوهەرە و داهێنەرە و بەرهەمهێنەرە و ڕەب خۆیەتی.

– سروشتی داهێنراو (natura naturata) ئەو ناتورە ناتوراتە– لە سروشتی داهێنراو و بەرهەمهێنراو بەولاوە نییە کە بە ناچاری لە سروشتی ڕەببەوە پەیدا بووە و کەوتۆتەوە(١٠) تایبەتمەندی و خەسڵەتی ڕەببە، ئەگەر وەک شمەک و شتیش سەرنج بدرێت، لە دەرەوەی ڕەبدا نییە و بەبێ ڕەب ناکرێ و ناشێ هەبێ و پەی پێببردرێ و بناسرێ و بزانرێ. بەو پێیە لە بووندا لە یەک تاکە گەوهەر بەولاوە نییە، ئەو گەوهەرە خەسڵەت و تایبەتمەندیی دیار و بەرچاوی هەیە. لەلایەکەوە ڕەبی داهێنەرە و لە لایەکەی دیکەوە سروشتی داهێنراوە. ئەو تاکە گەوهەرە دوو ڕەوشی هەیە، بوونەوەرێکی بێ سنوور و بێ کۆتاییە ئەوپەڕی ڕەهاو کامڵە، چەند خەسڵەتێکی هەیە کە چییەتی هەتا هەتاییە ڕەهاو بێ سنوورەکەی پشت ڕاست دەکەنەوە. بەواتایەکی ڕوونتر ئەگەر ڕەب لە سۆنگەی خەسڵەتە بێ سنوورە بێ کۆتاییەکانییەوە سەرنج بدرێت، کاریگەر و داهێنەرە (ناتورا ناتورانس)ە. بە ئەگەر سەرنجی ڕەوشە دیار و بەرچاوەکانی بدرێت، سروشتی داهێنراو دەبێت، بۆیە دەکرێ بوترێ بەلای ئەو فەیلەسووفەوە، جیهان و تێکڕای بوون چەند ڕەوشێکی هێز و توانای ڕەببانین، بەپێی هەردوو خەسڵەتی هزر و درێژبوونەوەوە. لێرەوە ناکرێ لە دیدی سپینۆزاوە ڕەب لە سروشت دابڕدرێ و جیا بکرێتەوە. ئەگەر دیکارت لە بەرهەمەکانیدا پێی لەسەر ڕوونی و ڕەوانی و ئاشکرایی بیروهزر داگرتبێ، ئەوە سپینۆزا– وەک لێرەدا دەردەکەوێ– یەکڕەنگی هزر و ئەنجامەکانی دووپات کردۆتەوە، هەربۆیە دەکرێ بگوترێ: ڕەب بنەمای یەکڕەنگی بوونە و هەر خۆیشی خاڵی دەستپێکی ڕێبازی سپینۆزایە.

## بەڵگەی ساغکردنەوەی بوونی ڕەب

١– ئەگەر تەنیا هەریەک تاکە گەوهەر هەبێ و دوو ڕەوشی ببێ، ئەو گەوهەرە ڕەب بێت و هەرچی هەبێ و نەبێ، دەبێ لە ڕەبدا بێ و بەبێ ئەو نەکرێ هیچ شتێک وێنا بکرێت و بەهزردا بێت، چۆن، بوونی ئەو ڕەببە تاکە گەوهەرە ساغ و پشت ڕاست دەکرێتەوە؟! ئەگەر ڕەب و سروشت یەک ڕاستی و یەک ڕاستەقینە بەرجەستە بکەن و نیشان بدەن، بوونی یەکێکیان هەبوونی ئەوی تریان ساغ دەکاتەوە؟ پێوەندی ئەو بۆچوونە بە نەزمی هەمەکی و تێکڕای شت و سروشتەوە چییە و چۆنە؟!

سپینۆزا کۆشاوە تیۆرییەکی پتەوی یەکگرتوو دەربارەی سروشت و ژیان بەجۆرێک دابڕێژێ کە یەکەیەکی ژیرەکی لێ بکەوێتەوە، بۆیە دەستبەرداری هەردوو ڕەوشی هزر و ماددەی دیکارت نەبووە، بەڵکو کردوونی بە دوو خەسڵەتی گەوهەرێک کە دەکرێ سروشت و نەزمی سروشتیش بێ و مرۆڤیش تێیدا جێگای شیاوی خۆی دەستگیر ببێ بەبێ ئەوەی گریمانەی بوونی هێزێکی کاریگەری لە سروشت بەدەر و دەرکی بکرێت. ئەگەر هیچ شتێک بەبێ هۆ و هۆکار ڕوونەدات، مەبەست ئەوەیە کە هیچ شتێک ناقەومێ، ئەگەر ئەو شتە خۆی بەشێک نەبێ لە پێکهاتەی گشتییە هەمەکییەکەی ئەو نەزمەی بە ڕەهایی لە ئارادایە، ڕاستە بە قسەی سپینۆزا هەموو شتێک بەپێی خواستی ڕەب (سروشتی داهێنەر) دەقەومێ، بەڵام ڕەب خۆی لە هەیکەڵی سیستم و نەزمی قانوونەکانی سروشت بەولاوە نییە. ئەو ڕەببەش دەکرێ بە چەند بەڵگەیەک هەبوونەکەی ساغ بکرێتەوە؛ هەموویان بەگشتی لەپێناسەکردنی گەوهەر دەکەونەوە: سپینۆزا باوەڕی بە دۆگمی داهێنان نەبووە کە لە تەوراتدا باس کراوە و لەلایەن کڵێسەی مەسیحییەوە پەسند کراوە. ڕەب خۆی بە تەنیا تاکە ڕاست و ڕاستەقینەی ڕەهایە. یەکەم هۆکاری ڕەهاو بێ کۆتایی و بێ سنوورە، هەرچی هەیە و نییە لە خۆیدایە شتێک نییە لە دەرەوەی بێ. جیهان خۆیشی لە ڕەبدایە immanent، ئەوی هەمیشە و بەردەوام هەیە و بوونە لە ڕەبدایە، بەبێ ڕەب هیچ شتێک نابێ و بوونی نابێ و ناکرێ پەی پێ ببردرێ. ئەوی وا دێتە بەرچاو گوایە هەبوو و بوونەوەری ڕاستەقینەیە لە بە دەرکەوتن و بەرجەستەکردنی -Man

ifestation یەکەم ڕاستەقینە کە ڕەب خۆیەتی بەولاوە شتێکی دیکە نییە.

٢- سپینۆزا کۆشاوە بەچوار بەڵگە بوونی ڕەب (سروشتی داهێنەر) پشت ڕاست بکاتەوە. لە بەڵگەکاندا بەگشتی داهێنانێکی سەرنج ڕاکێش هەست پێ ناکرێت، پتر وا دێنە بەرچاو کە ئەنجامێک بن بە ناچاری لەو پێشەکی و پێناسانە بکەونەوە کە ئەو خۆی گریمانەی کردوون، پێناسەکردنی گەوهەر ئەو پێشەکییە بووە کە بەڵگەکان بەتایبەتی شێواز و ڕوخسارەکانیانی پێ داڕێژراون، لێرەوە ڕۆڵی فەلسەفەیی ئەو فەیلەسووفە دێتە پێشەوە: ئەگەر لە فەلسەفەی دیکارت بیروهزری ڕوون و ڕەوان و دڵنیایی لێکراو ڕۆڵی سەرەکییان گێڕابێ و بابەتی ڕەب بە پلەیەکی دواتر هاتبێ، لە فەلسەفەی سپینۆزادا بە پێچەوانەوە چەمکی گەوهەری ڕەب کە ئەو بە سروشتی داهێنەر ناوی بردووە ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە و بابەتی سەرەکی و ناوەندی فەلسەفەکەی بووە. بەشی یەکەمی شاکاری ئاکار (Etik) ئەو بۆچوونە ساغ و پشت ڕاست دەکاتەوە. بەشەکە خۆی ناوونیشانی «دەربارەی ڕەب»ی بۆ هەڵبژێردراوە و بە پێناسەکردنی یەکەم هۆکار (Ur urs-ache) کە مەبەستی ڕەببە دەستی پێکردووە. لەوێدا هاتووە:

«من وا لە هۆکاری خۆی Causa Sui تێدەگەم کە گەوهەرەکەی بوونەکەی تێدا بێت، یان بەشێوەیەکی دیکە دەربېردرێ، ئەوەیە کە سروشتەکەی تەنیا وەک هەبوو، بوونەوەر وێنا بکرێت و تێی بگەیشترێ.(١١)» ڕەب بووە بە ناوەند و چەقی فەلسەفە لەلای ئەو هزرمەندە و بابەتەکانی دیکە بە دەوروپشتیدا دێن و چارەسەری کێشە و وەڵامی پرسیارەکانی تریش هەر لەوەوە سەرچاوە دەگرن. لەو بنەمایەوە کە ڕەب تاکە بوونەوەری هەبووی هەڵکەوتی ڕاستەقینەی ڕەهایە بۆ ساغ کردنەوەی بوونی ڕەب هەنگاو دەهاوێژێ:

**بەڵگەی یەکەم**: ڕاستەقینەی ڕەها

بەپێی پێناسەکەی گەوهەر ڕەب خۆی لە خۆیدا ڕاستەقینەی ڕەهایە. لەو ڕاستەقینەیەدا (ماهییەت) Wesenheit کە سروشتی بنەڕەتییە لە بوون جیا ناکرێتەوە، ئەو چییەتییەی هەمیشە و بە ناچاریی بوونی خۆی تێدایە. سروشتی گەوهەر لەوەدایە و ئەوەیە ناکرێ لەلایەن یەکێکی دیکەوە دابهێنرێ، بۆیە ئەو خۆی هۆکاری بوونی خۆیەتی. کەوابوو دەبێ سروشتە چییەتییەکەی بەناچاری بوونەکەی تێدابێ، بۆیە دەبێ ڕەب بەناچاری هەبێت(١٢). ئەو بەڵگەیە ئەگەرچی وەستاییەکی لۆژیکی تێدا دەردەکەوێ، تەنیا بەلای ئەو کەسانەوە پەسند دەبێت کە بڕوایان بە پێشەکییە گریمانکراوەکە و پێناسەکە هەبێ کە سپینۆزا خۆی کردوونی.

**بەڵگەی دووەم**: بەڵگەی خۆ بوون

ئەو بەڵگەیە لەیەکەمەوە دەکەوێتەوە، بەو پێیەی ئەگەر وادابنرێت هەرچی بەڵگەی هەبوونەکەی هەبوو ئەو بوونەی شیاوەکی دەبێ، واتە دەکرێ هەبێ و دەشکرێ هەبوو نەبێ. خۆ ئەگەر بوونەوەرێک خۆی هۆکاری هەبوونی خۆی بێ، بوونەکەی پەکی لەسەر هۆکار ناکەوێ و پێویستی پێی نابێ، بۆیە بوونەکەی ناچاری دەبێ. ڕەب بەپێی پێناسەکەی خۆی، هۆکاری خۆیەتی، بۆیە بوونەکەی ناچارەکییە و کەوابوو ڕەب هەیە.

ئەو بەڵگەیە لەلایەن فەیلەسووف و مێژووناسانی فەلسەفەوە بە چاوی ئەگەر و گومانەوە سەرنج دراوە. ئەگەر وادابنرێ ڕەب هۆکاری هەبوونی خۆیەتی، دەبێ هۆکار و بوونەکە وەک دوو بابەت لە ڕەبدا سەرنج بدرێن و جیابکرێنەوە. لە فەلسەفەشدا واباوە کە هەمیشە هۆکار لەپێش بوونەوە دێت، کەوابوو ئایا ئەو قسە گریمانەیەی سپینۆزا لەناو خۆیدا ناکۆک نییە؟! هەروەها دەکرێ ئەو بەڵگەیە ئەو گازندەیە بکرێت و بگوترێ بە بیری ڕووت و ئەبستراکت نەبێ ناکرێ وێنا بکرێت(١٣). بۆ نموونە بوونەوەرێک هۆکاری هەبوون و بوونی خۆی بێت لەوە بەولاوە ناکرێ بە مێشکدا بێت کە دەبێ خۆی پێش خۆی هەبوو بێت، ئەگینا ناکرێ و نابێ هۆکاری هەبوونەکەی بێت. ئەگەر بوترێ ئەو بەڵگەیە لە پێناسەکەوە لێرەدا ئەو پرسیارە بە بیردا دێت بۆچی لە پێشەوە پێناسەکە، بوونی پێناسەکراوەکەی ساغ و پشت ڕاست نەکردۆتەوە؟ کەوابوو گریمانەی «خۆی هۆکاری خۆیەتی» لە سەرەتاوە نەبوونی هۆکار وەک مەرج گریمانە دەکات!!

**بەڵگەی سێیەم**: بەڵگەی بێ سنووری گەوهەر

مرۆڤ بوونەوەرە و بوونەکەشی سنووردار و کۆتایی دێت، بۆیە خۆی هۆکاری داهێنانی خۆی نییە، هەروەها ناکرێ لەلایەن بوونەوەری دیکەی ڕادە و سنووردارەوە داهێنرابێ، ئەو زنجیرەیەش بێ پسانەوە و بێ کۆتایی درێژ نابێتەوە و بەردەوام نابێ، بۆیە دەبێ بگاتە بوونەوەرێکی بە ناچاری بێ سنوور و بێ کۆتایی و لە ڕادەبەدەر کە هۆکار و بنەمای بوون و بوونەوەرە

تایبەتییەکان بێت(١٤).

بەو پێیە بوونەوەری سنووردار بوونەکەی لەخۆیەوە نییە و لەلایەن هی دیکەوە سنوور و ڕادەی بۆ دادەنرێ، بۆیە دەبێ بەناچاری دان بە هەبوونی بوونەوەرێکی لە ڕادەبەدەر و بێ سنوور و بێ کۆتایی دابنرێ، ئەو بوونەوەرە بە ناچاری لە ڕەب بەولاوە شتێکی تر نییە.

**بەڵگەی چوارەم:** بەڵگەی بیرۆکەی ڕوون و ڕەوان

ئەگەرچی ئەو بەڵگەیە بنەمای فەلسەفەکەی دیکارت دەهێنێتەوە بیرویاد، بەڵام سپینۆزا لەبەرهەمێکیدا هەوڵیداوە بە دوو شێواز، شێوازی پێشیییانە و شێوازی پاشیییانە بوونی ڕەب پشت ڕاست بکاتەوە.

بەلای سپینۆزاوە ئەو بۆچوونەی لە بارەی ڕەببەوە هەیە کە گەوهەرێکی بێ سنوور و بێ برانەوە و بێ کۆتاییە بیرۆکەیەکی ڕوون و ڕەوان و ئاشکرایە، بۆیە دەبێ بێ سنوور و لە ڕادەبەدەر و بێ کۆتایی بێت، چونکە لەو ڕەوشەدا لەهیچ خەسڵەتێکی سنوور بەدەری کەم نییە، ئەو خەسڵەتە لە بوون بەولاوە نییە، بۆیە دەبێ ئەو گەوهەرە کە ڕەببە هەبووبێ. سپینۆزا گوتوویەتی: هەموو ئەوەی ئێمە بە ڕوون و ڕەوان و ئاشکرایی دەیزانین و دەیناسین و پەی پێدەبەین کە سەر بە سروشتی شتێکە، دەتوانین ئێمە بە ڕاستی لە بارەی ئەو شتەوە شت بڵێین. ئێستا ئێمە دەتوانین بە ڕوون و ڕەوانی بزانین کە بوون سەر بە سروشتی ڕەببە و لەوەوەیە، لە ئەنجامدا... بە شێوازی چییەتی (ماهیەتی) شتەکان لە هەرە کۆنەوە هەبوون و هەتا هەتایە هەر بە نەگۆڕاوی دەمێننەوە، ئیتر بەو پێیە: پاشیییانە بەو شێوازە دەبێ:

ئەگەر مرۆڤ بیرۆکەیەکی ڕەب لە مێشکیدا بێت، ئەوە پێویستە و دەبێ ڕەب بە شێوازی فۆرماڵی هەبووبێت، بەڵام مرۆڤ ئەو بیرۆکەی ڕەببی لە مێشک و ناخدایە کەوابوو(١٥):

دەبێ ڕەب هەبێ.

ئەو تێکستە کە بەڵگەیەکی شێواز هاوکێشەی بیرکاری- ئەندازەی تێدا خراوەتە ڕوو، دوو جۆرە بۆچوون لە مێشکدا دەورووژێنێ:

**یەکەم:** ئەو بەڵگەیە و ئەنجامەکەی کاتێک پەسند دەکرێن ئەگەر مرۆڤ لەسەرەتاوە- پێشەکی بڕوای بە گریمانەکەی سپینۆزا هەبێ.

**دووەم:** سپینۆزا کۆشاوە، لە کۆششەکەشیدا، لەلایەکدا سەرکەوتووە، لەو لایەنەدا کە لەناخ و دەروون و مێشکیدا بیرۆکە- بۆچوونێک هەیە، هەبوونی ئەو بۆچوونەی ناو مێشکی خۆی ساغ کردۆتەوە. ئەو هەبوونە ساغکردنەوەیە بە هیچ جۆرێک هەبوونی بەرانبەرەکەی لە دەرەوەی ناخ و مێشکدا لێناکەوێتەوە، بەڵکو ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە سروشتی مرۆڤ وایە کە بەهۆی هۆشیارییە کۆمەڵایەتییەکەیەوە، کە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لە سنوور بەدەر گریمانە دەکات و هەوڵی بە ڕاستیکردنی هەبوونی ناوەرۆکی ئەو گریمانەیە دەدات! لێرەدا دەست ڕۆیشتوویی هزر و ئەندێشە دەردەکەوێ.

ئەوی لەو بوارەدا سەرنج ڕادەکێشی پرسیارێکە وا بە ئاسانی، وەڵام نادرێتەوە، ئایا لەوەی سپینۆزا وتوویەتی دەکرێ کام خەسڵەت و تایبەتمەندی بدرێتە پاڵ:

- ئیماندارە
- گومڕا و بێ بڕوایە؟

ڕاستە و گومان لەوە ناکرێ کە ئەو ڕەببەی هەمیشە بابەتی توێژینەوەی فەلسەفە و فەیلەسووفەکان بووە لەو ڕەببە جیاوازە کە ئایینەکان قسەیان لێکردووە، بەڵام ئەو بۆچوونە هیچ لەوە کاڵ ناکاتەوە ئایا فەیلەسووفێک کە ئەو بابەتە باس دەکات، قسە و باسەکەی دەیخاتە چ خانەیەکەوە؟!

بەکارهێنانی دوو ناوی، لە سەدەکانی ناوەڕاست خوازراوە، بۆ ڕەب و سروشت «سروشتی داهێنەر و سروشتی داهێنراو» خۆی لەخۆیدا تۆوی ئەگەر و گومان لە دڵدا دەچێنێ.

ئەگەر سروشتی داهێنەر نەزم و سیستمی هەمەکی- گشتی هەموو شتێک بێت، چونکە بوونی ئەو نەزمە هەمەکییە ناچارەکییە و ئەویش ڕەببە بەو پێیەی هۆکارێکی ئازادە، دەبێ سروشتی داهێنراو لەلای خۆیەوە هەموو بەشەکانی جیهانی هەبووی لە ئارادا بوو (لەشە کەرەسەیی و ماددەییەکان) بگرێتەوە ئەو جیهانەش دەبێ و بەو پێیە کە ئەنجام هەر ڕەب بێت! لێرەدا بابەتەکە وای لێدێ کە هەردوو بەشەکە «سروشتی داهێنەر و سروشتی داهێنراو» تەنیا لە سۆنگە و گۆشە و ڕوانگەی لۆژیکییەوە لە یەکتری جیابن، بەڵام بە ڕاستی هەردووکیان یەک ڕاستی و ڕاستەقینەن لەوەدا کە جارێکیان هۆکار و پرۆسە و جارێکی دیکەیان ئەنجامێکی ئەو هۆکار و پرۆسەیەیە(١٦).

## ئایین و سیاسەت

١- ئەگەر ڕەب هۆکاری نادیاری هەموو شتێک بێت، هەموو شتێک لە ڕەبدابێ و هیچ شتێک بەبێ ئەو

نەتوانێ بژی و ببزوێ، ئایا ئەو جیهاندیدە کەم کردنەوەی پلەوپایەی ڕەب دەگەیەنێ، یان بەرزکردنەوەی ئاستی سروشتە بۆ پلەی ڕەببانییەت؟ ئەو پرسیارە وا بە ئاسانی وەڵام نادرێتەوە.

سپینۆزا لە بەرهەمەکانیدا میتۆدە و ڕێبازی ئەندازە و بیرکاری گرتۆتەبەر. ئەگەر لە پێناسەی سێ گۆشە و بازنە ئەنجامی دیار و ڕوون و ڕەوان بکەوێتەوە، دەکرێ بە هەمان پێودانگ پێوەندی ڕەب و سروشت، یان نا ڕەب هەڵبسەنگێنرێ و ئەنجامی لێ بکەوێنرێتەوە؟!

پێوەندی نێوان ڕەب و سروشت لەو جیهاندیدەدا ڕوون و ئاشکرایە، قانوونەکانی سروشت و فرمانە نەمرەکانی ڕەب لە یەک شت و هەمان شت بەو لاوە نین، هەموو شتێک لە سروشتی بێ سنووری ڕەبەوە پەیدا دەبێ چوون دوو گۆشەی وەستاو لە سروشتی سێ گۆشەوە دەکەونەوە(١٧). ڕەب خۆی بەو پێیە ئەو قانوونەیە کە هەموو دیاردەکانی سروشت بەبێ چەندوچۆن و هەڵاواردن پەیڕەوی دەکەن و پشتی پێدەبەستن. لێرەوە دەکرێ بگوترێ خواستی نەگۆڕ و لە ڕادەبەدەری ڕەب و قانوونەکانی سروشت دوو ناون لەیەک بابەت نراون. ئیتر هەر ڕووداوێک لە سروشتدا بقەومێ، ئەنجامێکی میکانیکی قانوونە نەگۆڕەکانی سروشتن. گیان بە هەموو شتێکییەوە، ژیریشی لەگەڵدا بەناچاری دەبێ ڕێگایەکی دیار و ڕەنگ بۆ ڕێژراو بگرێتە بەر و ناکرێ لێی لابدات، چونکە قانوونەکانی سروشت، خواستی ڕەب، بەهیچ جۆرێک ناگۆڕێن و هەمیشە بەبێ بەهەند زانینی هەستونەست و ئارەزووی مرۆڤ ئەنجامەکانیان دەکەوێتەوە. ئەو بۆچوونە چ کاتێک لە هەڵوێست بەرانبەر ئایین و سیاسەت دەکات؟!

٢- لە شاکاری «تراکتاتی لاهووتی سیاسی»دا سپینۆزا جیهاندیدی لاهووتی-سیاسی خۆی و هەڵوێست بەگشتی دەربارەی ئایین و هەردوو ئایینی جوولەکە و مەسیحی ڕەنگ ڕشتووە. گرینگترین بابەتێک لەو شاکارەدا بەلای ئێمەوە دەکرێ لەو خاڵانەدا بەرجەستە بکرێت:

١- ئایا دامەزراندنی دەوڵەت بنەمایەکی ئاسمانی ڕەببانی هەیە؟

٢- مەبەست لە خواستی ئازادی مرۆڤ چییە؟

٣- ئایین بەگشتی و پەیامی عیبری تەوراتی مووسا چی دەگەیەنێ؟

١- بابەتی دەوڵەت، ئەوەندەی لە چوارچێوەی فەلسەفە نەچێتە دەرەوە و سنوورەکەی نەبەزێنێ، بەلای سپینۆزاوە هیچ جۆرە سروشتێکی ئاسمانی- سەروو سروشتی نییە، بەڵکو ناکرێ و ناشێ بەناوی دەسەڵاتی تەورات و ئینجیلەوە فەرمانڕەوایی بکات. دەوڵەت کاروبارێکی کۆمەڵایەتی جیهان- دنیاییە و دەبێ لە ڕێگای دەزگاکانی فەرمانڕەواوە ئازادی بۆ هاوولاتیانی دابین بکات و دیموکراتیش کە بە هیچ جۆرێک لە ئازادی دانابڕێ و جیا ناکرێتەوە، وێنەیەکی سروشتی و فۆرمێکی ئەوپەڕی گونجاوە لەنێو هەموو شێوەکانی دەوڵەتدا کە لەگەڵ مافەکانی تاکەکەساندا دێتەوە. دەوڵەتێکیش کە سروشتی دیموکراتی هەبێ خۆی و هاوولاتیانی ئازاد دەبن و بە ئازادی ژیان بەسەر دەبەن، چونکە هیچ کاتێک لە سایەی دیموکراتیدا ناشێ بڕیاری دژ بە ژیر و ناژیرەکی بدرێت و زۆربەی هاوولاتیانیش نەخشە و پلان و پرۆسەی پشت ئەستوور بە قانوونەکانی ژیر و پرۆگرامەکانی کە بە سوود و قازانجی گشتی تەواو دەبن، پەسند دەکەن.

کۆمەڵگا، ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو زەمینەیەیە کە تەمامی کەسایەتی سەرکەوتووی مرۆڤ تێیدا شین دەبێ و بەرەکەشی، ئەگەر بەدرەخت بچێ، ئازادی ڕاستەقینەی مرۆڤە، بۆیە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئازادی و بوونی دەسەڵاتی سیاسی (دەوڵەت) توندوتۆڵ پێکەوە دەبەسترێنەوە و وەک چەند ئاڵقەیەکی زنجیرێک بەیەکەوە سەرنج دەدرێن. ئایا ئەو بڕیارە پێشەکییانە ناچاری هەبوونی دەوڵەت و بێ منەت بوونی لە هۆکاری پەیدابوونەکەی گریمانە ناکات؟! ئەگەر ئایین و شەریعەتی جوولەکە (مووسایی) و مەسیحییەت پاساوی دەسەڵاتی سیاسی دنیایی نەدەنەوە، نەکرێ دەوڵەت لە پراکتیزەکردنی چالاکییە فرە ڕەنگییەکانیدا بە چاکەکاری و بەدکارییەکانەوە، لافی پیرۆزی و پشت ئەستووری بە بنەماکانی مووسایی و عیسایی لێبدات چ بنەمایەک دەمێنێتەوە لێکدانەوەی بوونی دەسەڵاتی دەوڵەت ڕەوا بکات؟! ئەو پرسیارە کاتێک دەتوانرێ- لە جیهاندید و بۆچوونی سپینۆزاوە- وەڵام بدرێتەوە کە ئەگەر مافی سروشتی مرۆڤ، دوور لە لاهووت و کڵێسە و دۆگم و ئایین و دەوڵەت سەرنج بدرێت و قسەی لێبکرێت(١٨).

مەبەست لە مافی سروشتی چییە؟ ئایا دەکرێ لەگەڵ قانوونی سروشتیدا بخرێنە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە؟!

ماف و قانوونی سروشتی ئەو ڕێوشوێنانەی سروشتن کە بە سایەیانەوە تاکەکان- بوونەوەرەکان- دەستنیشان دەکرێن و دەبێ بە شێوازێکی دیاریکراو gewiss هەبن و کاریگەر بن. بۆ نموونە ماسی بەپێی سروشتەکەی دەبێ بە ناچاری هەر لە ئاودا مەلە بکات و گەورەکەیان بچووکەکەیان بخوات، ئەوەش قانوونێکی ڕەها و بێ سنووری سروشتە. ئەگەر سروشت لە خۆیدا سەرنج بدرێت مافێکی ڕەهاو بێ سنووری بەدەستە کۆنترۆڵی هەموو ئەوانە بکات کە لە توانایدایە، واتە دەسەڵات، مافی سروشت تا ئەو سنوور و ڕادەیە دەکشێ و دەیگرێتەوە کە هێز و دەسەڵاتی پێیدا دەگەن. توانا و دەسەڵاتی سروشت لە هەمان کاتدا توانا و دەسەڵاتی ڕەببە کە مافێکی ڕەهای بێ سنووری بەسەر هەموو شتێکەوە هەیە. لەلایەکی ترەوە توانای سەرتاپاگیری سروشت خۆی کۆی توانای بوونەوەرە سروشتییەکانە. بەو پێیە هەموو تاکێک مافی هەموو ئەوەی هەیە کە دەستی پێیاندا دەگا و لە توانایدا هەیە. هەر بەپێی قانوونی سروشت هەموو شتێک بەپێی توانا دەیەوێ ئارامی خۆی بپارێزێ و ئەو ڕەوشەی تێیدایە وەک خۆی بمێنێتەوە، ئەو بڕیارە ئەوە کاڵ ناکاتەوە کە هەموو شتێک سروشت ئاسا ناچارە هەبێ و کار بکات و کاریگەر بێت، بەپێی و پشت ئەستوور بەخۆی بەبێ گوێدانە شتی دیکە. هەموو تاکێک هەموو مرۆڤێک هەر بەپێی ماف و نەزمی سروشتی سەرگەرمی ئەوەیە بە دڵنیایی و دوور لە ترس و دڵەڕاوکێ بژی. هەر بەپێی ئەو قانوونە سروشتییە مرۆڤ دەیەوێ چاکەکاربێ و لە بەدکاری بە دووربێ، چونکە لە چاکەکاریدا سوود و قازانج دەبینێ و لە بەدکاریدا زیان بەدی دەکات. هەموو مرۆڤێک ئیتر هەوڵ دەدات گەورەترین چاکەکاری هەڵبژێرێ و لە گەورەترین بەدکاری دووربکەوێتەوە. کەوابوو لێرەدا دوو فاکتەر ڕوون بوونەوە:

- ترس و خۆپاراستن لە بەدکاری کەسانی دیکە.
- چاکەکاری و دەستگیربوونی سوود و قازانج ئەوەندەی لە توانادابێ.

ئەو دوو فاکتەرە بوونەتە مایەی «گرێبەستی دیاریکراو» لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا، گرێبەستێک لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگادا کە هەریەکە لەپێناوی سوود و قازانجی گشتی و لادانی بەدکاری و زیان دەستی لە هەندێک لە مافی تایبەتی خۆی هەڵگرتووە، ئەو لایەنە هۆکارێکی گرینگی دامەزراندنی دەوڵەت بووە(١٩). دامەزراندنی دەوڵەت هەنگاونانە لە ڕەوشێکەوە کە مافی سروشتی هاووڵاتیان دەستبەکارە و پەیڕەو دەکرێت بەرەو ڕەوشی گرێبەستی کۆمەڵایەتی کە تێیدا هاووڵاتیان بۆ سوود و قازانجی دەستەی گرووپی کاربەدەستی فەرمانڕەوا لە کۆمەڵگادا دەستبەرداری بڕێک لە مافەکانیان دەبن. ئەو ڕەوشە بەهۆی یاسای سیڤیلییەوە ڕێک دەخرێت.

هەردوو مافی سروشتی و گرێبەستی کۆمەڵایەتی، کە دەوڵەتیان لێکەوتۆتەوە دەستەبەری هەبوونی سیستم و نەزمی سیاسی بوون لە کۆمەڵگادا، ئەو نەزمە خۆی جارێکی تر لە دامودەزگاکانی دەوڵەت بەولاوە نییە و ئەرک و فەرمانی دیارو دەستنیشانکراوی بەرانبەر بە هاووڵاتیان و کۆمەڵگا پێ سپێرراوە و کەوتۆتە ئەستۆ. ئەرکی دابین کردنی ئازادی تاکەکەسان و هاووڵاتیانە، دەستەبەر بوونی ئارامی و ئاسایش و ڕزگارکردنی مرۆڤە لە خێوی ترس و دڵەڕاوکێ. خۆ ئەگەر دەوڵەت بە پێچەوانەوە ئەو ئەرکانەی جێبەجێ نەکرد، ڕەوایی خۆی لە دەست دەدات و دەشێ و دەگونجێ هاووڵاتیان دژی کارمەند و کاربەدەستانی دەوڵەت (ڕژێمی فەرمانڕەوا) ڕاپەڕن. سپینۆزا بڕوای بە دەوڵەتی دیموکراتی هەبووە و گوتوویەتی:

«لەو بنەمایانەوە دەوڵەت لەسەریان دامەزراوە، دەردەکەوێ، دوا مەبەست و ئامانجی دەوڵەت یان دەسەڵات، تۆقاندنی هاووڵاتیان نییە، بەڵکو ڕزگارکردنی تاکەکەسانە لە ترس بەجۆرێک هەموو کەسێک بەپێی توانا بە ئارامی و دڵنیایی ژیان بباتە سەر بۆ ئەوەی مافی سروشتی خۆی لە ژیان و کاردا هەبێ، بەبێ ئەوەی زیان بە کەسانی تر بگەیەنێ.... مەبەستی دەوڵەت بە ڕاستی ئازادییە»(٢٠). پێوەندی نێوان تاکەکەسان (هاووڵاتیان) و دەزگا و دامەزراوە سیاسییەکان کە بە دەوڵەت ناسراوە، وا سووک و ئاسان نییە و ڕاگرتنی لەنگەری ئەو تەباییەی نێوان هەردوو لایان کێشەیەکە هەویرەکەی ئاوێکی فرە دەکێشێ.

ئایا دانان بە ئازادی تاکەکەس هیچ جۆرە مەترسییەک بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت ناگەیەنێ؟ واپێدەچێ سپینۆزا خۆیشی هەستی بەو لایانانەی ئەو بابەتە کردبێ بۆیە گوتوویەتی:

ناڕەواترین ڕەوشێکی دەوڵەت کە بەبیردا بێت ئەوەیە، پەنا بەرێتە بەر توندوتیژی، مرۆڤە ناودار و خانەدانەکان، چونکە بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە و ناتوانن ڕیاکار

بن، وەک تاوانکار لە وڵات دەربکات... کەسانی تر کە خاوەن گیانی بەرزن و ئازادن بەدوژمن دابنرێن و ڕەوانەی مردن بکرێن(٢١).

پێشێلکردنی ئازادی هزر و بیرکردنەوە نالەبارترین ئەنجامی لێدەکەوێتەوە و هیچ کاتێک بە سوود و قازانجی مانەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت نایەتەوە. ئەگەر بکرێ خەڵک ناچاربکرێن زمانیان بگرن هیچ کاتێک نەکراوە و لە کردن نایەت بیرکردنەوە کۆنترۆڵ بکرێت. دەبێ بۆچی گازندە لە کڵێسە بکرێت، چونکە ویستوویەتی هزر و بۆچوونی مرۆڤ لە چەند چوارچێوەیەکی وشک و بێ گیانی ئاییندا بمەیینێ، کەچی نەشێ ئەو گازندەیە دەوڵەتیش بگرێتەوە؟! هەموو کۆششێکی دەزگاکانی دەوڵەت بۆ ئەوەی هزری هاووڵاتیان سنووری سیاسەتی ڕەنگ بۆ ڕێژدراو نەبەزێنن و هەوڵدانی مرۆڤ لە چوارچێوەی نەگۆڕاوی نەخشە بۆکێشراو نەچێتە دەرەوە پێشێلکردنی ماف و ئازادی و سەروەری مرۆڤ خۆیەتی.

دەوڵەت، دامودەزگایە، سیستم و نەزمێکی سیاسییە ئەرکی پاراستن و ئاراستەکردنی هاووڵاتیان بە ڕێگای ڕاستدا کەوتۆتە ئەستۆی و دەبێ بە ئازادی بچێتە ژێر باری ئەو ئەرکەوە، چونکە دەوڵەت خۆی ئەنجامی دەستپێشکەری هاووڵاتیانە کە دەستبەرداری هەندێک لە مافەکانیان بوون بۆ ئەوەی ئەو دامەزراوە ئازادییان بۆ دابین بکات. لێرەوە ئۆباڵی ئاکاری و کۆمەڵایەتی بەرانبەر بە هاووڵاتیان دەکەوێتە ئەستۆی.

٢- کێشەیەک لەو کێشانەی لەجیهاندیدە فەلسەفەییەکەی سپینۆزادا سەرنج ڕادەکشێ بابەتی ئاکارە بەگشتی و خواستی ئازادی تاکەکەسانە بەتایبەتی. ئایا لەجیهاندیدێکی ڕەنگ بۆ ڕێژراوی پابەند بوو بە قانوونی سروشت، هەرچی هەبێ و نەبێ ناچاری بێت دەکرێ باسی ئازادی بەگشتی و ئازادی خواستی تاکەکەسان بکرێت؟! ئەگەر دیاردەکانی بوون بە هەمەڕەنگییەکانیانەوە دەرفەتی هیچ جۆرە ڕێککەوتێک نەدەن و هەموو شتێک هۆکاری بوون و لێکدان و پاساودانی هەبێ دەکرێ «خواستی ئازاد» لێرەدا لەو ناچارییە بە دەربگیرێ؟! دەبێ لەو کایەیەدا «قەزا و قەدەری» تەوراتی مووسا بخرێتە چ خانەیەکەوە؟!

بەرلەوەی قسە لەوەڵامی ئەو پرسیارانە بکرێت، وا پێویست دەکات دوو ڕێباز لە یەکتری جیا بکرێنەوە:

- ڕێبازێکیان وای داناوە هۆکارێکی هەمەکی گشتی هەیە دوور لە خواستی مرۆڤ خواستی خۆی دەسەپێنێ و مایەی بوون و نەبوون و ڕوودانی هەرچی هەیە. ئەو ڕێبازە بە عەرەبی لە سەردەمی عەبباسییەکاندا بە (جەبری) ناسراوە کە دەکرێ وشەی کوردی (تۆبزی) بەرانبەر دابنێین.

- ئەوی دیکەیان وای بۆچووە کە هەموو کردەوە و کردارێکی مرۆڤ بەناچاری پابەندی چەند ڕووداوێکی دیار و دەستنیشانکراوە و دەچێتە ژێر باریانەوە. ئەو ڕووداوانە دەکرێ هەمەجۆر و فرە ڕەنگ بن، فسیۆلۆژی، سایکۆلۆژی، ئابووری(٢٢). ئەو ڕێبازە بە عەرەبی وشەی (حەتمی) بۆ دانراوە دەکرێ وشەی ناچاری کوردی و (Determinism) لاتینی لەبەرانبەریدا دابنرێ.

ڕێبازی ناچاری ئەگەرچی خۆی لەخۆیدا بابەتێکی زانستەکانە، بەڵام لەچوارچێوەی فەلسەفەدا، سپینۆزاش دەگرێتەوە، چەند خاڵێکی لێدەکەوێتەوە:

**یەکەم**: هەرچی ڕوودات هۆکاری هەبێ، دەکرێ لەسەرەتادا ڕوودانەکە بەربەست بکرێت بەوەی هۆکارەکەی زانراو و پێشبینی دەکرێ و ناهێشترێ ڕووبدات. بە هەمان شێوە دەکرێ پێشبینی دوارۆژ بکرێت و ڕەنگی نەخشەکەی پێشەکییانە بڕێژدرێ.

**دووەم**: بوونی ناچاری خۆی لەخۆیدا بەناچاری گریمانەی ئازادی دەسەپێنێ و جێگیری دەکات. چۆن مرۆڤ هەست بە بوونی شتێک دەکات ئەگەر پێشتر پێچەوانەکەی نەدیبێ. دەبێ ئازادی لە پێشەوە هەبووبێ و هەستی پێ کرابێ، ئەگەر لە بیروهزریشدا بووبێ، ئینجا هەست بەبوونی ناچاری کراوە.

**سێیەم**: ناچاری خۆی لەخۆیدا ناکردنی ئازادییە. لە ئایینەکاندا بە جوولەکە و مەسیحییەوە ئەگەر باسی چارەنووس و قەدەر کرابێ دەبێ ئۆباڵی گوناح و هەڵە و چەوتی و بەدکاری مرۆڤ لە ئەستۆی مرۆڤدا نەبێ. ناچاری و چارەنووس بەواتا ئایینییەکەی ئۆباڵی ئەستۆی مرۆڤ دەخاتە ئەستۆی هێزێکی سەروو سروشتی ترانسندێنتی کە جوولەکە بە (ڕەبی مووسا) ناوی بردووە.

**چوارەم**: ئایا دەکرێ هەموو کردارێکی مرۆڤ، هەموو قەومان و ڕووداوێک هۆکارێکی بدرێتە پاڵ؟! هەندێک جار مرۆڤ شتێک دەکات ئەو کردنە لەناکاو ڕێککەوت بووە کە بە عەرەبی وشەی «تلقائي» بۆ بەکاردێت. لێرەدا دەبێ هۆکار لە پاڵنەر جیا بکرێتەوە، چونکە پاڵنەر مەیل و ئارەزووی کردن دروست دەکات و هیچ کاتێک نابێ بە

هۆکارێک پەرچێوی شتەکە بداتەوە.

**پێنجەم**: ئازادی و ئۆباڵ کێشان دوو ڕووی یەک پارچە دراون و هەمیشە پێکەوەن و لە مێشکدا نەبێ لە یەکتری جیانابنەوە، چونکە کاتێک کردارێک خەسڵەتی ئازادیی پێ دەبڕێ ئەگەر لەگەڵیدا هەست بە لێپرسراوی و ئۆباڵکێشانەکەی بکرێت. کردار و بڕیار، کە لەناخی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن و کەسایەتی مرۆڤ بەرجەستە دەکەن بەبێ ئەنجام نابن، ئازادیش لێرەدا چوونە ژێر باری ئەنجامی ئەو کردار و بڕیارەیە.

لە شاکاری «ئاکار»دا سپینۆزا پێ لەسەر بابەتی ناچاری دادەگرێ و دەیکات بە بنەمایەک کۆشکی فەلسەفە یەکڕەنگییەکەی لەسەر بنیاد دەنێ. لە گەردوون و جیهاندیدا بە هەموو لایەن و بابەتەکانیانەوە، ڕێککەوت نییە، ئەوەی هەیە و لەمەولا دەبێ و دەبوو بەناچاری هەبێ و هەروا بووە و هەرواش دەبێ:

«هیچ شتێک نییە لەسروشتدا کە ڕێککەوت بێ، بەڵکو هەموو شتێک بەپێی سروشتی ناچاریی ڕەب دیار و دەستنیشان کراوە بە چ شێوازێک هەبوون بن و کاریکەن و کاریگەر بن. (٢٣)».

سپینۆزا کۆشاوە، بەپێی میتۆدەی ئەندازە کە لەو شاکارەیدا پەیڕەوی کردووە لە دوو لاوە ئەو بۆچوونە ناچارییە پشت ڕاست بکاتەوە:

**یەکەم:** هەرچی هەیە لە ڕەبدایە و بە سایەی ڕەببەوە هەیە و هەبوو دەبێ. ڕەب خۆیشی بوونەکەی ناچارییە نەک ڕێککەوت، بۆیە دەبێ ئەوەی بوونەکەی پابەندی بوونی ڕەب بێ سروشتی ناچاری هەبێ و هەموو ڕێککەوتێک بە لاوە بنێ.

**دووەم:** خەڵک پشت ئەستوور بە ئەزموون و تاقیکردنەوە (Erfahrung) وای دادەنێن کە ئازادن، هۆیەکەشی ئەوەیە «هۆش و ئاگایان لە کرداری خۆیان هەیە، بەڵام نازانن ئەو هۆکارەی کردار و ڕەفتارەکەیانی دیار و ناچار و دەستنیشان کردووە چییە و کامەیە. سەرەڕای ئەوەی بڕیارەکانی گیان- ژێر Geist لەو پاڵنەرانە بەولاوە نین کە بەپێی جیاوازی ڕەوشی لەش دەگۆڕێن» (٢٤). بۆیە مرۆڤ بەناچاری بەپێی قانوونەکانی سروشت کاردەکات و بڕیار دەدات.

سپینۆزا ڕابەرێکی بەرچاوی ڕێبازی ناچاری فەلسەفە بووە، بۆیە لە کەنیشتەی جوولەکە دەرکراوە و لە ئایینی جوولەکە بێ بەش کراوە و بە گومڕا دانراوە. ئەگەر ئەو بڕیارە نارەوا بووبێ، ئەوە هۆکارەکەی بەڕاستی زانراوە:

سپینۆزا کۆشاوە ڕێبازی ناچاری کە سەرتاپای سروشتی گرتۆتەوە، بەسەر مرۆڤیشدا جێبەجێ بکات.

٣- سپینۆزا میتۆدەیەکی تایبەتی بۆ شرۆڤەکردنی تەورات گرتۆتە بەر کە دەکرێ بە بنەمایەک لە بنەماکانی ڕێبازی نوێی هیرمینوتیکی مۆدێرن دابنرێت. جگە لەو لایەنە هەوڵی داوە چەند بابەتێکی تر شرۆڤە بکات:

- لە شاکاری تراکتاتی لاهووتی سیاسی کۆشاوە بۆچوونی «موعجیزە» کاڵ بکاتەوە کە ئایینی مووسا پێی لەسەر داگرتووە. موعجیزە لەخۆیدا ڕوودان و قەومانێکی سەرووسروشتییە. ڕووداوی سەروو سروشتی بەدوو جۆر لێک دەدرێتەوە:

**یەکەم:** لە توانای ژێری مرۆڤدا نییە لێکی بداتەوە.

**دووەم:** هۆکارەکەی دیار نییە، یان مرۆڤ ناتوانێ دیاری بکات.

بەلای سپینۆزاوە، ڕووداوێک نییە پێی بگوترێ «موعجیزە»، بەڵکو خەڵکی سادە و ساکار وای بۆ دەچن کە ئەو قەوماوە بە پێچەوانەی بنەمائاساییەکانی سروشتەوەیە. هیچ ڕووداوێک ناکرێ بە پێچەوانەی سروشتەوە بێ، چونکە سروشت ڕێوشوێن و سیستەم نەزمی نەگۆڕی خۆی هەیە و هیچ جۆرە لادانێک لەو ڕێسا و نەزمە لە کردن نایەت و ناشێ و ناگونجێ، ئینجا پشت ئەستوور بە بنەماکانی سروشت دەکرێ هۆکاری ئەو قەوماو و ڕووداوانە بزانرێ و لێک بدرێنەوە کە بە «موعجیزە» ناودەبرێن. لەلایەکی دیکەوە بوونی ڕەب و بەهرە و توانای(٢٥) ڕەببانی بەهۆی نەزمی نەگۆڕاوی سروشت باشتر لەوەی بەهۆی موعجیزەوە بێ، دەناسرێ و پەی پێدەبردرێ.

دوای ئەوەی سپینۆزا ساغی دەکاتەوە کە دابین کردنی ئازادی فەلسەفە و فەیلەسووف بەهیچ جۆرێک زیان بە ڕەب پەرستی ئایین و ئاشتی و ئارامی دەوڵەت ناگەیەنێ و بەپێچەوانەوە تەنگەتاوکردنی فەیلەسووف و قەدەغەکردنی فەلسەفە هەڕەشە لە ئیمان و ئارامی و ئاشتی دەکات. سێ بنەمای بۆ شرۆڤەکردنی تەورات داناوە، لەو باوەڕەدا بووە بەهۆیانەوە سێ نیشان دەپێکێ:

**یەکەم**: ڕێگا نادرێ ناوەرۆکی تەورات بەهەڵە و بۆ مەبەستی تایبەتی لێک بدرێتەوە.

**دووەم**: بۆ چوونی ترانسندێنتی و موعجیزەیی تەورات کاڵ دەبێتەوە.

(فەسڵی شەشەمی تراکتات: ل٩٤- ٩٥، چاپی ئەڵەمانی)

**سێیەم**: ئەو پەیامبەرانەی ڕەب کە تەورات ناوی هێناون، لە کەسانی ئاسایی ژیرتر (ئاقڵتر) نین، بەڵکو هێزی ئەندێشە (خەیاڵ)یان بەهێزترە.

(فـەسـڵی یەكـەمی تراكـتـات. ل: ١٤-٣١، چاپی ئەڵەمانی).

دوای ئەوەی روونی دەكاتەوە كە بڕوا (ئیمـان) هیچ زانیارییەكمان لە بارەی ڕەببەوە پێ نابەخشێ، شەریعەت ئەو ڕێگایەیە فێری خۆشویستنی ڕەببمان دەكات سێ بنەمایەكە بەو شێوازە روون دەكاتەوە:

**یەكەم**: بۆ تێگەیشتنی ناوەرۆك و واتا و مەبەستی تەورات، پێویستە مرۆڤ لە سەرەتادا ئەو زمانە بە باشی بزانێ كە ئەو كتێبە پێی نووسراوە «زمانی عیبرانی». بەو ڕێگایە لە واتا جیاواز و جۆربەجۆرەكانی دەقەكە دەگات و هیچ بواری لێكدانەوەی چەوت نامێنێ.

**دووەم**: دەستەواژەی هەمـوو سفرەكـان (بەعیبری- ئایەتەكـان) لە چەند مـەڵۆ و بەشێكی سەرەكیـدا كۆبكرێنەوە و ڕێك بخرێن بۆ ئەوەی یەكسەر مرۆڤ ئەو سفرانەی دەستگیربێ كە دەربارەی یەك بابەت دەدوێن، ئینجا هەمـوو ئەو سـفرانە تۆمار بكرێن كـە ئاڵۆز و تەمومژاوین، یان دوو واتا دەبەخشن، یان شتی ناكۆك بەیەكتربیان تێدایە.

ئەگەر دەستەواژەیەك وشە بە وشە شرۆڤە بكرێ و لەگەڵ بنەماكانی تەوراتدا ناكۆك نەبێ، بەڵام لەگەڵ ژیریدا نەگونجێ، كێشە نییە و دەكرێ ئەو لێكدانەوەیە پەیڕەو بكرێت. تەنیا هەر ئەو دەستەواژانە دەكرێ بە جۆرێكی تایبەتی لێك بدرێنەوە و پەنا بۆ نموونە ببردرێت ئەگەر هاتو واتای وشەكانن بە پێچەوانەی بنەماكانی تەورات هاتنەبەرچاو. بۆ نموونە لە تەوراتدا هاتووە: ڕەب ئاگرە (Feuer) ئەو ڕستەیە روون و ئاشكرایە و پێویست بە لێكدانەوە ناكات، چونكە مرۆڤ لە مەبەست و واتاكەی دەگات. لەگەڵ ئەوەشدا بەدەگمەن نەبێ لێكدانەوەی واتای دەستەواژەی سفرەكان وشە بە وشە پەسند نییە و نابێ زۆر پەنای بۆ ببردرێ.

**سێیەم**: ئاماژێك لە بارەی هەلومەرجەكان پێشكەش بكرێت، بەتایبەتی دەربارەی نووسراوەكانی پەیامبەران ئەوەندەش لەتوانادابێ دەربارەی ژیان و گوزەران و ئاكار و مەبەست و ئامانجی نووسەری تاكە سفرە (ئایەتەكان)، بێ، ئەو بۆنە و كاتە ڕوون بكرێنەوە كە تێیاندا نووسراون و بە چ زمانێكیش تۆماركراون(٢٦). ئەو ئامارە لە چەند خاڵێكدا چەند بابەتێك ڕوون دەكاتەوە و چەند كێشەیەك بەلایەكدا دەخات و تەمومژەكە ڕوون دەكاتەوە و تۆزی ڕۆژگار لەچەند بنەمایەك دەتەكێنێ:

- لە سەرەتادا ئەو ڕێسا و بنەما و ڕێوشوێنانەی سروشی هەتاهەتاییان هەیە لەوانە جیادەكرێنەوە كە بۆ سەردەم و بۆنە و كۆڕو كۆمەڵە و تاقمێكی دیاریكراوی خەڵك هاتوون و نووسراون.
- بۆمـان دەردەكـەوێ ئایا دەسـتـێـك، یان چەند دەستێك هەبوون ناوەرۆكی بابەتەكانی (تەورات Tho-ra)یان شێـواندبێ. ئەو هەڵانە كامـانەن كـە خراونەتە ناویەوە.
- كەسانێك هەبوون بەتوانا و لێهاتوو ئەو هەڵانەیان ڕاست كردبێتەوە و تێكستەكانیان هێنابێتەوە سەر بنەماكانی خۆیان.

**ئەنجام:**

هیچ گومان لەوە ناكرێ كە فەیلەسووفی جوولەكە باروخ دوسپینۆزا ڕابەرێكە لە ڕابەرانی فەلسەفەی سەدەی حەڤدە لە ئەورووپا. وەك لەبەرهەمەكانیدا دەردەكەوێ، گۆڕانی شایستەی ڕێزلێنانی بەسەر ڕوخسار و ناوەرۆكی فەلسەفە داهێناوە. سەرەڕای ئەوەی خراوەتە بەرچاو، دەكرێ ئەو خاڵانە بەتایبەتمەندییەكی بارگۆڕینی فەلسەفە لەجیهاندیدە بەپێز و بڕشتەكەیدا تۆمار بكرێن:

**یەكەم**: فەلسەفە و ئایین دوو بابەتی لەیەكتری جیاوازن. فەلسەفە ڕاستی و داناییە و پێوەندی بەزانینەوە هەیە. ئایین لە بڕوا و باوەڕێكی ناخی دەروون و پەرستن و بڕواهێنان بە بوونەوەرێكی ترانسندێنتی بەلاوە نییە.

**دووەم**: ئایین هانی لایەنگیرانی دەدات كە بیر لە مردن بكەنەوە، بەڵام مرۆڤی ژیر بیر لە ژیان دەكاتەوە نەك لە مردن. كۆششی خۆشكردنی ژیان دەكات.

**سێیەم**: ڕاستە ئایینی جوولەكە ئایینی قانوونە، ئەو ڕەوشەی ڕێگای دەدات دەست لە كاروباری سیاسەت و دەوڵەت وەربدات، بەڵام دەبێ بە تەواوەتی ڕۆڵی (خاخام) پیاوی ئایینی جوولەكە لە سیاسەتمەدار جیا بكرێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر سیاسەتمەدارێكی دەسەڵاتدار لە حكومەتدا هەڵەیەكی كرد، دەكرێ لە پۆستەكەی لابدرێ و كێشە و هەڵەكە كۆتایی دێت، بەڵام ئەگەر خاخامێك هەڵە و بەدكاری و چەوتییەك بكات وا بە ئاسانی چارەسەر ناكرێ، چونكە لەو هەڵەیەشیدا پشت بە ئایینەكە و مەڵبەندی لەچوارچێوەی شەریعەتەكەدا دەبەستێ و هەڵەكە هەر دەمێنێتەوە و ترسی ئەوەی لێدەكرێ ڕوخسارێكی پیرۆزی ئایینیشی پێ بدرێ!.

**چوارەم**: ئەوی لێـرەدا- دەربارەی هەبوونی ڕەب- سەرنج دەدرێ ئەوەیە سپینۆزا هەوڵی نەداوە ساغی بكاتەوە ڕەب هەیە، بەڵكو هەوڵی داوە ئەو ڕاستییە پشت ڕاست بكاتەوە كە پەسندنەكردنی پێناسەی گەوهەری ڕەب لەخۆیدا ناكۆكە و بەپێچەوانەی بڕیاری

ژیره‌وه‌یه.

**پێنجەم**: جیهاندیدی فەلسەفەیی سپینۆزا ئەو ڕاستییە جێگیر دەکات کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئایین و ڕێوشوێنەکانی ئاکاردا نییە. بگرە هیچ جۆرە بنەڕەت و بنچینەیەکی ژیری و لۆژیکی ئەو جۆرە پێوەندییە نابینرێ: دەبێ بۆچی بڕوا بوون بە ئایینێک، بە هێزی بوونەوەرێکی دەسەڵات بێ سنووری سەرووسروشت (ترانسندێنتی) کە داهێنەری تێکڕای بوونە جۆرە دابو دەستوور و ڕێوشوێنێکی لێ بکەوێتەوە و پێویست بێ مرۆڤ بەپێی ئەو ڕێسا و ڕێوشوێنانەی لەو بڕواهێنانەوە کەوتوونەتەوە ڕەفتار بکات و بجووڵێتەوە، بۆ دەبێ ئەو کردارانەی لەلایەن ئەو باوەڕەوە پەسندنەبن و بەدکاری بن؟


**سەرچاوە و پەراوێز:**

**1- J. Freudental: Spinoza Leben und Lehre. 2. Teil. Heidelberg 1927. S.2.ff.**

**2- Baruch de Spinoza. :Werke Band 3. Meiner. Hamburg 2006. Abhandlung uber die Verbesserung des Verstandes. S.5.ff.**

**ئەو دەزگایە لە شاری هامبۆرگ، تێکڕای بەرهەمەکانی سپینۆزای لە سێ بەرگدا بە ئەڵمانی بڵاوکردۆتەوە. ئێمە لێرەدا لەو نووسینە پشت بەو چاپە دەبەستین.**

**3- Baruch de Spinoza. Ebenda. S.10-11. (II. Die Weisen des Wahrnehmens).**

**- هەر چوار جۆری زانینەکە بە کورتی لە لاپەڕە (١١)ی ئەو بەرهەمەدا نووسراون و لە لاپەڕە (١٢-١٣)دا سپینۆزا پتر ڕوونی کردوونەتەوە.**

**4- G.W.F. Hegel: Werke in Zwanzig Banden. 20. Vorlesungen uber die Geschichte der Pholosophie III. Surkamp Verlag 1971. S.161.**

**٥- جيمس كولينز: الله في الفلسفة الحديثة. ترجمة: فؤاد كامل مكتبة غريب بالإشتراك مع مؤسسة فرانكلين، القاهرة- نيويورك ١٩٧٣. ص١٠٩.**

**6- Spinoza: Werke Band. I. Ethik. Part. I. Def. 3-4.**

**٧- يوسف كرم: تأريخ الفلسفة الحديثة. دارالمعارف ١٩٨٦ مكتبة الدراسات الفلسفة. ص١١١ فما بعد. هەروەها بڕوانە:**

**- Spinoza. Werke Band. I. Ethik. Part. I. S.5.ff.**

**8- Spinoza. Ethik. Lehrsatz.5. S.8.**

**9- Spinoza. Ebenda. Def. I.**

**10- Spinoza. Ebenda. Lehrsatz. 29. S.34.**

**11- Spinoza. Ebenda. Def. I. S.5.**

**12- Wilhelm Weischedel. : Der Gott der Philosophen. WB. Darmstadt 1983. S.177.**

**١٣- د. فؤاد زكريا: اسپينوزا. دارالتنوير للطباعة والنشر، بيروت لبنان، ١٩٨٣ ص١٣٥ وفي اماكن مختلفة.**

**١٤- وليم كلي رايت: تأريخ الفلسفة الحديثة. ترجمة: محمود سيد احمد. مراجعة: د. إمام عبدالفتاح إمام. المجلس الاعلى للثقافة المصرية ٢٠٠٥، ص١١٨.**

**15- Baruch de Spinoza. Werke. Band. I. Kurze Abhandlung von Gott, dem Menschen und desen Gluck. Meiner Hamburg 2006. (Erstes kapitel) Para1. S. 17-18. ff.**

**١٦- د. كريم متي: الفلسفة الحديثة. ط(٢). بنغازي- ليبيا ٢٠٠١، ص١٠٢.**

**١٧- احمد امين و زكي نجيب محمود: قصة الفلسفة الحديثة. ج١- القاهره- ١٩٦٧ لجنة التأليف و الترجمة والنشر. ص١٠١ فما بعد.**

**18- Baruch de Spinoza Werke. Band. 2. S.232.**

**19- Baruch de Spinoza. Ebenda. S.236.ff.**

**20- Baruch de Spinoza. Ebenda. S.301. ff.**

**21- Spinoza. Ebenda. S. 306.**

**٢٢- جان ڤال:- طريق الفيلسوف. ترجمة: د. احمد حمدى محمود. مراجعة: د. أبو العلا عفيفي. سلسلة الالف كتاب. القاهرة- ١٩٦٧. ص٢٠٧ فما بعد.**

**23- Spinoza. Werke. Band. I. Ethik in geometrischer Ordnung dargestellt. 1. Teil. Lehrsatz. 29. S.34.**

**24- Spinoza. Ethik. III. TeiL. Lehrsatz. 2. S.119.**

**٢٥- يوسف كرم: سەرچاوەی پێشوو. ل١١٧.**

**26- Spinoza. Werke. Band. 2. Theologisch- Politischer Traktat. Kap. 7. von der AusLegung der Schrift. S. 116- 118.**

# کورتەیەک دەربارەی مێژووی میتانییەکان

کەلسوومە جەمیل عەبدولواحید
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

## دەستپێک

میتانییەکان بەشێکی دیکەی دانیشتوانی کوردستانی کۆنن، لە ماوەیەکی مێژووی میزۆپۆتامیادا ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆندا هەبووە، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا توانییان ببنە هێزێکی دیار و خاوەن دەسەڵاتێکی بەرفراوان، هەر لە چیاکانی زاگرۆس لە ڕۆژهەڵات تا کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست لە ڕۆژئاوا. هەروەها لە باکووری دەریاچەی وان، تا باشووری کەرکووک (ئەرەبخا)، ئامادەبوونێکی بەرچاویان لە شانۆی سیاسەتدا هەبووە، بەتایبەتی لەگەڵ میسرییەکان و دەوڵەتی حیسی و کاشی و ئاشووری. ئەم ڕاستییانە زیاتر لەبەر ڕۆشنایی نامەکانی (تل العمارنة) بەدەر دەکەون.ئەم نووسینە هەوڵدانێکە بۆ زیاتر ئاگاداربوون لە مێژووی گەلانی کۆن لە کوردستاندا، بە تایبەتی گەلێکی شارستانیی وەک میتانییەکان.

## ڕەگەزی میتانییەکان

لە بارەی ڕەگەز و بنەڕەتی میتانییەکانەوە چەند بیروڕایەکی جیاواز هەن، هەوڵ دەدەین هەندێکیان بخەینە ڕوو. وەک هەندێک، ڕەگەزی میتانییەکان بۆ سۆپارتییەکان دەگەڕێننەوە بەوەی بەشی ڕۆژئاوای خاکی سۆپارتۆ بە (هۆری) ناسراو بووە و میتانی و سۆباری دوو لقی تیرەیەک بوونە.

ڕۆژهەڵاتناس جێنیسین (Gensin) لەو بڕوایەدایە میتانی نازناوی تایبەت بە بنەماڵەی شایەتی بووە، بە خەڵکی ئاساییان وتووە سۆپاری. هەر ئەو ڕۆژهەڵاتناسە خاکی میتانییەکانی بە (هانی گاڵبات: Hanigalbat) ناو دەبات، هەندێکی دیکە ئاماژە بەوە دەکەن کە دەوڵەتەکەیان بە (دەوڵەتی میتانی) ناسراو بووە، بەڵام

ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانەکەی ڕەگەزی خۆری، یان هۆری بوونە.

بەوە دەردەکەوێت سۆپاری باپیرانی حۆری و میتانییەکان بوونە، واتە حۆری و میتانی دوو لقی تیرەیەک بوونە. بۆچوونێکی دیکە ئاماژە بەوە دەکات کە میتانییەکان لقی هۆزێک بوونە لە هۆزەکانی هیندوئەوروپی لە هەزارەی دووەمی پێش زایین بۆ ئەو ناوچانەی کە هۆرییەکانی تێدا نیشتەجێ بوونە، کۆچیان کردووە و دەستیان بەسەر دەسەڵاتی سیاسی ئەوێدا گرتووە.

بەپێی ئەو ژێدەرانەی لەبەردەستدان ئاماژە بەوە دەکەن، کە سۆپارتییەکان و حۆرییەکان دانیشتوانی هەرە کۆنی باکووری میزۆپۆتامیا بوونە، هەروەکو (هاری ساکز) دەڵێت: «حۆرییەکان کرۆکی دەوڵەتی میتانی بوونە»، بەهۆی بوونی ڕەگەزی هیند و ئەوروپی لەنێو میتانییەکان، دەتوانین بڵێین میتانییەکان کۆچبەرە کۆنەکانی هۆزانی هیند و ئەوروپین بەرەو چیاکانی زاگرۆس کشاون و لەگەڵ دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە تێکەڵبوونە و یەکیان گرتووە.

## شوێنی جوگرافی میتانییەکان

بۆ زانینی شوێنی جوگرافی میتانییەکان دەبێ شوێن و سنووری جوگرافی حۆرییەکان بزانین، چونکە میتانییەکان لە وڵاتی حۆریان دەسەڵاتدار بوونە. هۆزی حۆری گەلێک حکومەتی بچووکیان لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (کوردستانی تورکیا)ی ئەمڕۆ و میزۆپۆتامیا و سووریا لە سەدەی ١٦ پ.ز بەشێوەی کۆنفدراسیۆن دامەزراندبوو، هەمووشیان بە هیند و ئەوروپی ناویان هاتووە. لە سەرەتاکانی سەدەی ١٥ پ.زدا دوو بەش بوونە، واتە حۆرییەکان لە باکوور و میتانییەکان لە باشوور، بەڵام میتانییەکان بەردەوام دەسەڵاتیان لە حۆرییەکان زیاتر بووە و سنووری نێوانیان ڕوون و دیار نەبووە.

ڕەوشی سیاسی کاریگەریی لەسەر بەرفراوانبوون و سنووردارکردنی شوێنی جوگرافی میتانییەکان هەبووە. لە ماوەی بەهێزبوونیاندا زۆربەی ناوچەکانی وڵاتی ئەنادۆڵ و سووریا و سەرووی میزۆپۆتامیا و ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئاشووریان لەژێر ڕکێفدا بووە. نووسەرە یۆنانی و ڕۆمانییەکان ئەو ناوچانەی نێوان ڕووباری ئاراس و دەریاچەی (ورمێ) بەشوێنی نیشتەجێبوونی میتانییەکان دادەنێن، هەتا جوگرافیناس (سترابۆن) بە دەریاچەی (ورمێ) دەڵێ دەریاچەی (ماتینی). لە ساڵی ١٤٧٠ پ.ز سنووری وڵاتەکەیان زۆر بەرفراوان بووە، هەر لە چیاکانی زاگرۆس لە ڕۆژهەڵات و دەریای ناوەڕاست لە ڕۆژئاوا و دەریاچەی (وان) لە باکوور و (ئەرەبخا) کەرکووک لە باشوور ڕۆیشتووە. شێوەزاری ناوەکەیان لەلایەن میسرییەکان و حیسییەکان بە نەهارینە (Naharina) هاتووە، لە تەوراتیش بەشێوەزاری (ئارام- ناهارم)، ئاشوورییەکانیش بە بەشی باشووری گۆمی وانیان وتووە نەییری (Nairi). ئەم ناوە تەعبیر لە شوێنی جوگرافی نیشتەجێبوونی سەرەتاییان دەکات کە کەوتبووە نێوان دەشتەکانی هەردوو ڕووباری بەلیخ و خابوور.

## پێوەندی میتانییەکان لەگەڵ هێزەکانی دەوروبەریان

ڕەوشی سیاسی میتانییەکان پەیوەست بووە بەو بارودۆخە سیاسییە ئاڵۆزەی ئەوکات، کە لە هەموو ڕۆژهەڵات لە ئارادا بووە، بە تایبەت ئەو ماوەیەی کە میتانییەکان ببوونە هێزێکی دیار لە ناوچەکە. پێوەندییەکان زۆر ئاڵۆزن لە لایەک لەگەڵ کاشییەکان و حیسییەکان، لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ ئاشوورییەکان و میسرییەکان. لێرەدا لەبەر گرنگی باسەکە هەوڵ دەدەین زیاتر پێوەندییان لەگەڵ ئاشوورییەکان و میسرییەکان بخەینە ڕوو.

### یەکەم: پێوەندییان لەگەڵ ئاشوورییەکان

هەروەکو ئاشکرایە مێژووی ئاشوورییەکان بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕبووە، تا بوونەتە ئەو هێزە زەبەللاحەی دەستیان بەسەر زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا گرت. پاش دەرکەوتنی میتانییەکان لە سەدەی ١٥ پ.زدا بە ماوەیەکی کەم دەسەڵاتیان زۆر بەرفراوان دەبێت و گشت ناوچەکانی نێوان دەریاچەی (وان) تا ناوەڕاستی ڕووباری فورات لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە لە چیاکانی زاگرۆس تا لێوارەکانی دەریای ناوەڕاست و سووریا و فەلەستین لەژێر ڕکێفی ئەواندا بوونە، وڵاتی ئاشوور، یان شاری ئاشووریش لەژێر دەسەڵاتی میتانییەکاندا بوو، بەڵگەش بۆ ئەمە لیستی پاشایانی ئاشوورییە کە ئاماژە بەناوی هەندێک پاشایان دەکات لە ماوەی سەردەمی فەرمانڕەوای میتانییەکان ژێر دەستە، یان لەژێر

فەرمانڕەوای میتانییەکاندا بوونە. زیاتر بۆ ئەم مەبەستە (جۆرج ڕۆ) لە پەڕاوی (مێژووی عیراقی کۆن) باس دەکات و دەڵێت: «هەموو ئەو پاشایانەی ئاشووری لەنێوان سالانی ١٥٠٠- ١٣٦٠ پ.ز دەسەڵاتدار بوونە، لە ڕاستیدا ژێر دەستی میتانییەکان بوونە، واتە ملکەچی پاشایانی میتانی بوون» لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ئاشوور نزیکەی یەک سەدە ژێردەستە بوونە. یەکێک لە پاشایانی میتانی بەناوی (شاوساتار) هەواڵی داگیرکردنی ئاشوور ڕادەگەیەنێت و لەوێوە (دەرگەیەکی لە زێڕ و زیو)ی دروستکراو بۆ پایتەخت (واشوکانی) (راس العین) (سەرکانی) گواستووەتەوە، ئەمەش وەک تەمێ کردنی پاشای ئاشوور بووە، کە یاخی بووە و هەوڵی خۆ ڕزگارکردن و جیابوونەوەی داوە.

بەڵام بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی دەوڵەتی میتانی و دروستبوونی گرفتی ناوخۆ لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە سەرقاڵ بوونی دەوڵەتی میسر بە کێشەی ئایینی لەسەردەمی ئەمنحۆتبی چوارەم (ئەخناتۆن) (پەرستنی ڕۆژ) گەیشتبووە لووتکە، لەبەر ئەوە نەیانتوانی بەهانای میتانییەکانەوە بێن، کە لەم ماوەیەدا چەند پاشایەکی بەهێز و فراوانخوازی ئاشووری دەسەڵاتی ئاشوورییان گرتبووە دەست، وەک (ئاد. نیراری یەکەم ١٣٠٧- ١٢٧٥ پ.ز) هەڵمەتێکی بەرفراوانی کردە سەریان و شکستی پێ خواردن، دواجار (شەڵمانسەری یەکەم ١٢٧٣- ١٢٤٥پ.ز) توانی کۆتایی بە دەوڵەتی میتانییەکان بهێنێت، لە سەردەمی دوا پاشای (شتوورای دووەم) ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ناوچەکەیان بۆ ناوچەکانی دیکە ڕاگواستووەتەوە. بەم جۆرە پاشای ئاشووری (ئاشوور ئۆبالیت ١٣٦٣- ١٣٢٨پ.ز) نامەیەک بۆ (ئەخناتۆن)ی پاشای میسر دەنێرێت و هەواڵی ڕزگاربوونیان لەژێر دەسەڵاتی میتانییەکان پێ ڕادەگەیەنێت ئەویش بەمە خۆشحاڵ دەبێت.

**دووەم: پێوەندی میتانییەکان لەگەڵ میسرییەکان (لەژێر ڕۆشنایی نامەکانی تل العمارنة)**

لە ساڵی ١٨٧٧ی زایینی هەندێک تابلۆی نووسراو لە هەرێمێکی شوێنەواری بەری ڕۆژهەڵات (ڕووباری نیل) لە پارێزگەی (مین- مرکز ملوی) لە میسری ناوەند دۆزراونەتەوە.

ئەو شوێنەی شاری (ئەخیت ئاتوون) پایتەختی فیرعەون (ئەمنحۆتب)ی چوارەم، (ئەخناتۆن) لە سەدەی چوارەمینی پێش زایینی لێ بووە، کە ئەمڕۆ بە (تل العمارنة) ناسراوە. ئەم تابلۆیانە بریتی بوون لەو نامانەی کە لەنێوان فیرعەونەکانی میسر (ئەمنحۆتبی سێیەم و چوارەم) لەلایەک لەگەڵ پاشایانی بابل و ئاشوور و مەملەکەتی حیسی لە ئاسیای بچووک و میتانییەکان و سەرانی سووریا و فەلەستین لەلایەکی دیکە ئاڵوگۆڕ کراون.

ژمارەی تابلۆکان نزیکەی ٦٠٠ نامە بووە، ئێستا تەنیا ٣٠٠ دانەیان لێ ماوە، هەموویان لە قاڵبی قوڕین دروست کراون و بە خەتی مێخی بابلی نەخش کراون. چەند تابلۆیەک باسی پێوەندییەکانی پاشایانی میتانی و میسری دەکەن.

وەک (ئەرتاتاما) پاشای میتانی و کوڕەکەی (توشراتا) پێوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵ (ئەمنحۆتبی سێیەم) باوکی (ئەخناتۆن) هەبووە، (شوتارنای دووەم) (کیلوخیچا)ی کچی خۆی بۆ ناردووە، بۆ ئەوەی ببێتە خێزانی، ئەویش ئاهەنگێکی شایستەی بۆ سازداوە، هەواڵی ئەم ژنهێنانە لە کۆمەڵێک تابلۆدا تۆمار کراوە.

(شوتارنای دووەم) پەیکەری (خوداوەند عەشتار)ی بۆ فیرعەونی میسر ناردووە، بەهیوای چاکبوونەوەی لە نەخۆشی، لەم نامانەدا باسی (توشرتتا) پاشای میتانی تێدایە، کە (تادۆخیپا)ی بۆ (ئەمنحۆتبی سێیەم) دەنێرێت بۆ ئەوەی ببێتە هاوژینی، ئەو بڕە مارەییەشی تێدا تۆمارکراوە کە داوای کردبوو. دوای مردنی ئەمنحۆتبی سێیەم (تادۆخیپا) شوو بە (ئەمنحۆتبی چوارەم)ی کوڕی دەکات. واتە دەبێتە خێزانی (ئەخناتۆن). ئافرەتێکی زیرەک و ژیر و جوان بووە، لە تۆمارەکانی میسری بە (نەڤەرتیتی) ناوبانگی دەرکردووە واتای ناوەکەشی (جوانێ گەیشت) بووە، کاریگەری زۆری لەسەر بیروبۆچوونی (ئەخناتۆن) هەبووە، دەکرێت بڵێین هۆکارێک بووە بۆ سەرهەڵدانی (شۆڕشە ئایینییەکەی ئەخناتۆن).

**هەندێک لایەنی شارستانی میتانییەکان**

**یەکەم/ زمانیان:**

ئەو گەلانەی بە درێژایی دەشتەکانی خۆرهەڵات و باکووری خۆرهەڵاتی دەریای قەزوین نیشتەجێ ببوون، بەیەک زمان دەئاخفتن، بەڵام دوایی بەهۆی کۆچکردنیان و

لێک دوورکەوتنەوەیان لە یەکدی و تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ زمان و شارستانێتی ئەو ناوچانەی کۆچیان بۆ کردبوو گۆڕانکاری بەسەر زمانەکەیاندا هاتووە و ئەو هەموو زمانە جۆراوجۆرانەی ئەمڕۆ سەری هەڵداوە.

جا ئەم گەلانە لەلایەن زانایانەوە ناوی هیند و ئەوروپییان لێ نرا و زمانەکەشیان (زمانی هیند و ئەوروپی)یان پێ دەوترا.

میتانییەکان هەروەکو باس کرا لقێکی هۆزانی هیند و ئەوروپین، بەهەمان شێوەش زمانەکەشیان دوای کۆچ کردنیان بۆ ئەو ناوچانەی کە حۆرییەکانی تێدا نیشتەجێ ببوون، دانیشتوانی سەرەکی ناوچەکان بوون، زمانەکەشیان زمانێکی لێکدراو و پێوەندی بە زمانی (ئۆراتی)یەوە هەبووە و لە کۆمەڵی زمانی قەوقازی باکوور پۆلێن دەکرێن. زمانی حۆرییەکان لە چەند دیالێکتیکی ناوچەیی پێکهاتبوو لەوانە «زمانی کوتی و تارادەیەکیش لۆلۆیی و خالدی و کاردۆخی) زمانی ئەکەدیش لە سەردەمی دەوڵەتی میتانی بەکارهاتووە، بەڵگەش نامەکانی (تل العمارنة)یە کە لەنێوان پاشایانی میتانی و میسریدا ئاڵوگۆڕ کراون و بە زمانی ئەکەدی نووسراون و ئەوکات لە پێوەندییە دبلۆماسییە نێو دەوڵەتییەکان بەکارهاتووە.

## دووەم/ هەندێک لایەنی دیکەی شارستانیەتی میتانییەکان:

دۆزینەوەی هەندێک پاشماوە لە هەردوو شاری (نوزی) و (ئالالاخ) ئاماژە بەوە دەکەن کە میتانییەکان شارەزاییان لەهونەری بیناسازیدا هەبووە و ئەو دوو پەرستگە و کۆشکەی بۆ سەردەمی پاشا (شوشتار) ١٤٥٠ پ.ز، یان (ساوشتار) دەگەڕێتەوە، ئەوە دەسەلمێنێت کە میتانییەکان ڕێبازێکی جیایان لە بیناسازیدا پەیڕەو کردووە وەک کۆشکەکان دوو گۆڕەپانی بەرفراوانیان هەبووە، لەگەڵ چەند ژوورێکی لاکێشەیی، هەروەها سەکۆ و ئاگردان و شوێنی تایبەت بە پێشکەشکردنی قوربانی بۆ خوداوەندی تێدا بووە. دوو پەرستگەش لە شاری نوزی دۆزراونەتەوە بۆ هەردوو خوداوەند (تیشوب و عەشتار) دەگەڕێنەوە. ئەو نەخشونیگارانەی کە لەسەر دیوارەکان وێنە کرابوون جیاوازییان لەگەڵ ئەوانی پێشتر هەبووە.

لە ڕووی هونەری گلێنەسازی (الفخار) باڵادەست بوون، ئەو کەلوپەلانەی کە بەهی سەردەمی میتانییەکان دەژمێردرێن بە شێوازێکی جوان نەخێشنراون و بە ڕەنگی سپی لەسەر ڕەنگێکی تۆخ وێنە کێشراون.

لایەنێکی دیکەی هونەری میتانی (مۆر)ە، بەشێوەیەکی گشتی مۆر بریتییە لە پارچە بەردێک، یان کانزایەک بە قورێک لە ڕووی پێچەوانەکەی بابەتی تایبەتی هەڵدەکەنرێت، وەک ناسنامە بوو، بۆ دیاریکردنی موڵکدارییەتی تایبەت.

سەرەتای دۆزینەوەی ئەم بابەتە شارستانییە یەکێک بووە لە بەرهەمەکانی پێشکەوتنی ژیاری میزۆپۆتامیا (وڵاتی نێوان دوو زێ)، واتە پێش میتانییەکانیش هەبووە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە سەردەمی میتانییەکان چەند تایبەتمەندییەکی هەبووە، چونکە مۆر لە شێوە و بابەت و وێنە و نووسین لەسەردەمێکەوە بۆسەردەمێکی تر جیاوازی هەبووە، کە بەهۆیانەوە ماوە مێژووییەکان دەزانرێن. مۆری سەردەمی میتانییەکان کاریگەری مۆری ناوچەکانی تری دەوروبەری لەسەرە، وەک مۆری چاخی بابلی کۆن، مۆری ئاشووری سەردەمی ناوەند، مۆری سووری و فینیقی و میسری، ئەمەش ئاکامی ئەو پێوەندییە ژیاری و سیاسییە بووە کە لە نێوانیاندا هەبووە.

بە کورتی تایبەتمەندی مۆری میتانی ئەوەیە، کە زیاتر وێنەی گیاندارانی وەک شێر و گا و باڵندە و درەختی ژیان لەسەری دەبینرێت، هەروەها وێنەی زۆرانێی نێوان شێر و گا و هەندێک گیاندارانی خورافی دی لە سەر مۆرەکان وێنە کێشراون. دەرکەوتنی (بەران)ی شاخدار کە بۆ لای درەختی ژیان ئاوڕیان داوەتەوە نیشانە، یان هێمایان بۆ خواوەندەکان داناوە وەک (ڕۆژی باڵدار).

## سێیەم/ بیروباوەڕی ئایینی میتانییەکان:

میتانییەکان لە دوو ڕووەوە کەوتبوونە ژێر کاریگەری سروشتەوە لەلایەک خۆیان وەک یەکێک لە گەلانی هیند و ئەوروپی سروشتپەرست بوونە، لەلایەکی دیکەوە کاریگەری ئایینی حۆرییەکانیان لەسەر بووە، هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە حۆرییەکان (خۆر) پەرست بوونە، ناوەکەشیان هەر لەوەوە هاتووە پێیان وتووە (هۆر) خۆر- هاڤورا، میتانییەکانیش هەمان پەرستراویان بەشێوەی (سور) گۆکردووە و لەلای حیسییەکان بووە بە (شوڕا) و لە نووسینە کۆنەکانی

هیند و (ڤێرا) کاشییەکانیش کردوویانە بە (سوریاش).
میتانییەکان ڕەمزی خواوەندی ڕۆژیان بەشێوەی گۆی ڕۆژ کە دوو باڵی هەبوو کێشابوو، دیارە ئەم بیروبۆچوونە کاریگەری لەسەر بنەمای سەرهەڵدانی (پەرستنی خۆر) لە بیروباوەڕی میسری کۆندا هەبووە ئەویش، لە ڕێگای پێـوەندی ڕامـیـاری و ژن خـوازی، یان بەشـوودانی شازادەکانی میتانی بۆ پاشایانی میسرییەوە، بووە کە شۆڕشی (ئەخناتۆن)ی بەناوبانگی لێ کەوتەوە.

**چوارەم/** هۆکـاریکی دیکەی پێـشـکەوتنی شارستانیەتی کە بۆ سەردەمی میتانییەکان بگەڕێتەوە بەکارهێنانی کانزاکان بووە، کە بۆ دروستکردنی چەک و ڕەوڕەوە بەکارهاتووە، هەروەها گالیسکە و ڕاکێشانی بە ئاژەڵ فاکتەرێکی تر بووە کە خەڵکی ناوچەکان بەگشتی گـرنگی بە ئەسپ و ولاخ بدەن، چونکە پێش ئەمـە سوارچاکیی ئەو ڕۆڵە گرنگەی نەبووە، بەڵام لەپاش ئەم ماوەیەدا هۆکاری کانزاکاریی داهێنانێکی نوێی هێنایە کایەوە.

## لاوازبوونی هەژموونی سیاسییان

مێـژوونووسـان بۆ لەناوچوونی مـیـتـانیـیـەکـان چەند فـاکـتـەرێک دەخـەنە ڕوو، دەتوانین کـێـشـەی ناوخـۆ بەسـەرەتایەک دابنێین وەک سـەرهەڵدانی دووبەرەکی و ئاژاوە لەسەر پۆستی دەسەڵات، کە لەدوای مردنی (پاشا شـوتارنای دووەم) دروست بوو، دوای ئـەوەی کـە جێنشینەکەیان کوشت، لەجیاتی ئەو منداڵێکیان بەناوی (توشـرانا) دانا. ئەم ئاژاوە و کـێـشـە ناوخـۆیـیـانـە هاندەرێک بوون بۆ ئاشـوریـیـەکـان کـە ئەم بۆشـایـیـە سیاسییە بقۆزنەوە و هەوڵی خۆ ڕزگارکردن و لەناوبردنی مـیـتـانیـیـەکـان بدەن. ئەمـەشـیـان بۆ هاتە دی کـاتێک حیـسیـیـەکـان لەسەردەمی (پاشا شوپلیۆلوما) بوونە هێزێکی دیار و هێرشیان بۆ باکووری میزۆپۆتامیا هێنا و بەرەو دەوڵەتی مـیـتـانی هاتن و پایـتـەخـتـەکـەیان (واشوکانی) داگیر کرد، بەم جۆرەش میتانییەکان بەرەو کـزی سـیـاسی و بێ دەسـەڵاتی چوون و نەیانتـوانی جـارێکی دیکە خـۆیان ڕێک بخـەنەوە، چونکە ئاشووریـیەکان لەسـەردەمی پاشا (ئەددنیـراری یەکـەم ١٣٠٥- ١٢٧٤ پ.ز) و (شـەڵمـانسـەری یەکـەم ١٢٧٣- ١٢٤٤ پ.ز) توانییـان زەبرێکی زۆر کـوشندە لە مـیـتـانیـیـەکـان بدەن و کـۆتاییـان پێ بهـێنن و دوا مۆڵگەی حکوومەتەکەیان (خانگلبیات) لەناو بەرن. بەم جۆرە دەوڵەتی میتانی داگیر کرا و لەلایەن (ئەددنیراری یەکەم)ەوە زەویوزاری ئاشووریەکانیشیان لێ سەندرایەوە، پایتەختەکەشیان (واشوکانی) لە ١٢٧٦ پ.ز. تێکدراو (شەڵمانسەری یەکەم) بەشی خۆی لە میتانییەکان پچڕی و خستییە سەر دەوڵەتی ئاشووری.

**سەرچاوەکان:**


**١- جمال رشيد احمد: لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، بغداد، ١٩٨٨.**

**٢- جمال رشيد احمد: دراسات كردية في بلاد سوبارتو، بغداد، ١٩٨٤.**

**٣- محمد ئەمین زەکی: خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٠.**

**٤- عيد مرعي و فيصل عبدالله: تاريخ الوطن العربى القديم، دمشق، ٢٠٠٥.**

**٥- طه باقر: مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، حضارة واد النيل، بغداد، ١٩٥٦.**

**٦- سامي سعيد الاحمد و رضا الجواد الهاشمي: تاريخ الشرق الادنى القديم، ايران والاناضول، بغداد، ١٩٥٨.**

**٧- جورج رو: العراق القديم. ت: حسين علوان، بغداد، ١٩٨٦.**

**٨- فوئاد حەمە خورشید: زمانی کوردی، دابەشبوونی جوگرافیای دیالێکتەکان، بغداد، ١٩٨٥.**

**٩- هاري ساكز: عظمة بابل، الموصل، ١٩٧٩.**

**١٠- انطوان مورتكات: الفن في العراق القديم، ت، عيسى سليم و طه التكريتي، بغداد، ١٩٧٥.**

**١١- ثروة عكاشة: تاريخ الفن في العراق القديم- سومر- بابل- ئاشور، بيروت، ب- ت،**

**١٢- يحيى انور رشيد: تاريخ الفن في العراق القديم، -ص، الأسطوانة، بيروت، ١٩٦٩.**

**١٣- جورج كونتنيو: الحياة اليومية في بلاد بابل و اشور، ت- سليم طه التكريتي، بغداد، ١٩٧٩.**



*** ماستەر لە مێژووی کۆن**

# نالی و بیری کۆمەڵایەتی

ئیبراهیم ئیسماعیل پوور
(سەقز)

**بەحری غەزەلم پڕ لە دوڕ و گەوهەرە ئەمما**
**غەوواسی دەوێ یەعنی بە تەعمیقی بزانە**

بەڕای زۆر لە زانایان کۆمەڵ خاوەنی شوێنێکی تایبەتە کە ڕەنگوڕوو و تایبەتمەندی دیاری کراوی هەیە. هێندێکیش دەڵێن کۆمەڵ بریتییە لە خەڵکێ کە لە شوێنێ نیشتەجێن و پێوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ یەکدا هەیە. سوارەی ئێلخانی زادە لەم بارەوە دەڵێ: «کۆمەڵ بەلای منەوە بەو کەمایەتییە ناڵێن کە سوودێکیان هەیە جیا لە سوودی گشتی و هونەرێکیان هەیە بە پێچەوانەی هونەری کۆمەڵ. چینی پێکهێنەر، واتە ئەو کەسانەی کە زۆربەن و هەمیشە ڕوویان لە ژیانی مرۆڤایەتییە و بەرزکردنەوەی پلەوپایەی ژیانی ئینسانی، بە لێکدانەوەی من کۆمەڵ بەوان دەگوترێ». کۆمەڵی ئێمەش شان بە شانی کۆمەڵانی تری ئەم جیهانە پانوبەرینە هەورازونشێوی ژیانی بڕیوە و ڕوو بە لووتکەی ئامانج ئاژواوە. ساردی و گەرمی ڕۆژگاری چێشتووە و پلەوپایەی ئینسانی خۆی پاراستووە و بۆ بەرزکردنەوەی ئازایانە هەوڵی داوە. لە بناری شاخ و داوێنی سەوز و دیمەنە دلڕفێنەکانی ئەم خاکە پیرۆزەدا، هەوای سازگاری ئەم بەهەشتە بەرینە زۆر زانای ناوداری بە بەهرەی پێ گەیاندووە کە بۆ کۆمەڵ ساتێ هەدادانیان نەبووە و شەیدای پلەی بەرزی مرۆڤایەتی سەد تەرزی ئەم وڵاتە شاخاوییە، کە لە ناسکی و پاکیدا تەنیا دەتوانین بەخۆیانیان بشوبهێنین، لە دڵی بێ خەوشی ئەم گەلە مەزنەدا وەها کارتێکردنێکی بووە کە شاسواری وەک حەزرەتی نالی لە توێی گوڵدا ڕازی هەرمانی خۆی و نەتەوە سەربەرزەکەی حەشارداوە و تا تاقە گوڵێک لەم وڵاتە بڕوێ، ڕازی مانمان هەر زیندووە. وێ ناچێ بۆ کەس گومان بێ کە نالی بلیمەتی سەردەمی خۆیەتی. دەسەڵاتی بەسەرچەند زمانی زیندووی ڕۆژهەڵاتی



**نالی**

ناوەڕاستـدا و لێزانیی لە بواری سەنعەتی شیعری سەردەمدا و مۆم بوونی وشە لە دەستی ئەم شاعیرە هەست ناسکە و هەروەها دژ بە خورافات بوون لە ژیانیدا، خاڵگەلێکی هێندە بەرچاون کە بۆ ناسینی ئەم زاتە پیرۆزە حەوجێ بە پەسند و پێداهەڵگوتن ناکا. کاتێ ورد دەڕوانینە شیعرەکانی، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم شاعیرە مەزنە لە زانستگەلی وەک: ئایینناسی، دەروونناسی، کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی خاوەن بەهرە بووە. هەڵبەت کاتێ بەو قەناعەتە دەگەین کە لە چاو سەردەمی خۆی بەراوردی شیعری بکەین. لێکدانەوەی هەر کام لە بەهرەکانی ئەم شاعیرە کارێکی زۆری دەوێ و هەر بۆیە تەنیا بەشیکردنەوەی بیری کۆمەڵایەتی نالی واز دێنین.

دڵی نالی مەئوای غەمی کۆمەڵە. ناتەواوی کاری گەل کاری کردۆتە سەر هەستی. بە شیعری هەست بزوێن و تەڕ و پاراو ویستوویەتی هەستی کۆمەڵ بهەژێنێ و لەبەلارێدا چوون دووریان بخاتەوە. خۆی بە بەرپرس زانیوە و بە چاوی وردبینی زۆر ناتەبایی و ناتەواوی هاتۆتە پێش چاو و لەهەمان کاتیشدا لە نزمی ئاستی زانیاری گەل گەیشتووە و بە دڵ داخی چێشتووە و تا توانیویەتی لەم بوارەدا هەوڵی داوە تا ئاسەواری نەزانی و خورافات لەپێش چاوی گەل نەهێڵێ و تەوێڵی کۆمەڵ لەو ژەنگە پاک بکاتەوە. نالی پێی وابووە. تاکە کەس دەتوانێ شوێندانانی لەسەر ژیانی خەڵک هەبێ. دەست لەسەر دەست دانانی بەڕەوا نەزانیوە و خۆ دوورخستنەوە لە کاروباری گەلی بەکارێکی باش نەزانیوە، هەروەک دەڵێ:

**لە سایەی شەخسێکی هیمەت بڵند ئاسوودەیە شارێ**
**بەڵێ خێتتەی سولەیمانی سەوادی زیللی کودروونە**

هەربۆیە قۆڵی هیمەتی لێ هەڵماڵیوە و بۆ ڕوون کردنەوەی جەماوەر هاتۆتە مەیدان. پێی وابووە کە دەبێ سەری قەڵغانی تیری قەزا بێ و ببێتە سەرکردەی یاران و دە گژ سوپای غەم ڕابچێ.

**نەوعە ئینسانێ هەیە غەم قووتییە**
**من غەمی خۆم و غەمی عالەم دەخۆم**

نالی لە کۆمەڵی دەوێ کە بۆ پێشکەوتن دەبێ کوڕی ڕەنج و تێکۆشان بن. لە خەودامان دەبێتە هۆی دواکەوتنی کاروانی ژین. تا لە خۆ بوردوویی نیشان نەدرێ وڵاتمان پڕ پیتوبەرەکەت نابێ و غونچەی ژیان هیچ کات لێوی ناکاتەوە.

**تا نەگریا ئاسمان و تەم وڵاتی دانەگرت**
**گوڵ چەمەن ئارا نەبوو، هەم لێوی غونچە وانەبوو**

نالی دژ بە تەوەزەلی و بێ کارییە. دەبێ هەستی بەوە کردبێ کە بێ کاری مڵەیە و ڕەگی ژیان دەقرتێنێ. هەر بۆیە لە زمانی ئاییینەوە ئامۆژگاری لاوانی وەتەن دەکا و بۆ تێکۆشان و خەبات هانیان دەدا.

**گوتی تاجی عەرەب و ئالی عەبا فەرموویان**
**عەیبە تەن پەروەری و نەرمی و نازک بەدەنی**

نالی وەک دەروونناسێکی بەتوانا، کەسایەتی ڕاستەقینە و درۆیینی ئەندامانی کۆمەڵ دەناسێ، هەربۆیە بەپێی حاڵ و ڕادەی چاوەڕوانی لەگەڵ هەرکەسێ دەجووڵێتەوە و مامەڵەی لەگەڵدا دەکا:

**لە خەڵوەت هاتە دەر سۆفی گڵ و بەردی بەسەرمادا**
**مەکەن مەنعی لەبەر خەڵوە ئەویش تازە غوروورێکە**

نالی لە خورافات و درۆ بێزارە و هەمیشە ئاکاری نالەباری ئەو کەسانەی لە قاو داوە کە ویستوویانە بە درۆ و دەلەسە خۆیان لە دڵی خەڵکدا جێ بکەنەوە. ئەوانەی وا لەبەر تەوەزەلی بە باسی پڕوپووچ و هەروەها بە کەڵک وەرگرتنی بەرئاوەژوو لە هەستی خواپەرستی خەڵک ویستوویانە لەسەر سکی ئەم گەلە بلەوەڕێن و داهات و

بژێویان چاوبەستانە لەدەست دەربێنن. تەنانەت لەوانەش زۆر بێـزار و زویرە کە فـریویان خـواردووە و کـەوتوونەتە داوی ئەو تاقمە و چاوی ئاوەزیان کوێر بووە:

**داییم لە دووتە مێگەلی ژن و نێرگەلی پیاو**
**بەم ڕیشەوە لە پێشەوە بووگی بەسەر گەلە**

نالی ئەو کـەسـانە دەناسێ کـە بۆ فـریودانی خـەڵکی ئاسـایی هەردەم لە ئامـرازێک کـەڵک وەردەگـرن و هەر جـارێ بە ڕواڵەتێکەوە داو بۆ خـەڵک دەنێنەوە. ئەوانە وەک ڕێوی فـێـڵـبـاز دەبینێ کە بۆ قازانج و بەرژەوەندی خۆیان دەست لە هیچ نارەوا و دژی مرۆڤایەتی ناگێڕنەوە و بەڕواڵەتی سافولووس و عارف شێوە خۆیان بە خاوەنی بەهەشتی خوا دەزانن، بەڵام لە ڕاسـتـیـدا فـریان بەسـەر خـواپەرسـتـیـیـەوە نیـیـە، بەڵکو دنیـاپەرست و پلەوپایە خۆشەویستن.

**شێخی ییو سەراپا دەڵەک و ڕێوی دەپۆشی**
**نالیم و بە ڕووتی لە هەموو دیدە دەپۆشم**

هەست بە جیاوازی کردن لەنێوان چینی تێرو برسیدا لە شیعری نالی ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەیە. کاتێ غـەزەلە تەڕوپاراوەکـانی دەخـوێنینەوە بۆمـان دەردەکـەوێ کـە ئەو جیـاوازی چینایەتییـە لە کۆمـەڵی نالیـدا زەق و حـاشـا هەڵنەگر بووە و چینی چەوساوەی ئەوکاتیش لە زەلکاوی نەداری و چارە ڕەشـیـدا ڕۆچوون. دیارە کـورد گـوتەنی تێـریش ئاگـای لە برسی نەبووە، بەڵام ئەو دیسـان دەسـتـەوەسـتـانی بەڕەوا نازانێ. ویسـتـوویەتی لەو بارودۆخـە خۆی ڕزگـار بکا. بۆ ئەو مـەبەسـتـە خـەباتی کردووە. خۆی بە کەم نەزانیوە و لانی کەم ڕایگەیاندووە کە مرۆڤ بۆ وەدەستهێنانی ئاواتی دڵی دەبێ هەوڵ بدا و بەجۆرێک کوانووی ژیانی لە کوژانەوە بپارێزێ:

**هەرچەندە کە ڕووتم بە خودا ماییلی ڕووتم**
**بێ بەرگی دەلیلە کە هەتیو مەیلی هەتاوە**

بۆ برینی ڕێگەی پڕ هەوراز و نشێوی ژیان هاوسەفەری بە ئەزموون و شارەزا پێشنیـار دەکا. باسی دۆستـایەتی لەنێـوان ئەندامـانی کـۆمـەڵدا باسـێکی گـرینگ و ئاوهەڵگرە. زۆرجار دۆستی زانا بۆتە هۆی پێشکەوتن و گـەیشتن بە ئاواتی هەڤالان. لە بەرانبـەردا بووە بەهۆی دۆسـتـایەتی نابەجێ و کـەسـێک لە قـافـڵـەی ژیان وە دواکەوتووە و هەتا هەتایە ڕێگای ڕاستی نەدۆزیوەتەوە.

وەک هەمـوومـان شـارەزاین لە هەر سەردەمێکدا کەسانی سیـخـوڕ و دۆسـتـانی مـارشـێـوە کـۆسـپی هەرە گـەورەی سـەرکـەوتنی ئەندامـانی کـۆمـەڵن، هەر بۆیە ئەم باسـە دەخوازێ لە هەر کۆڕوکۆمـەڵێکدا باسی لێ بکرێ، نالی دەبێ ئەم دەردە کـۆمـەڵایەتییـەی بە دڵ هەست پێ کـردبێ کـە بۆ نواندنی گـرینگی تەوەرەکە حـەیوانێک لە هاوڕێی خراپ بە باشتر بزانێ:

**عاقڵێ بوو ناوی کەر بوو قاتیعی ڕێگەی سەفەر**
**خۆش سلووکتر بوو لە سەد وێڵداشی هەرزە و گێژوویژ**

نالی سـەرەڕای ئەو هەمـوو زانیـاری و هۆشیـارییـە کـە هەیەتی، هیـچ کـات خـۆی بە گـەورەتر لە کـەس نازانێ و هەمـوو ئینسـانەکـان بە خـاوەنی کـەرامـەت دەزانێ. خۆبەزلزانی بە ئاکارێکی پەست نێـودێر دەکا. نالی وەک دەروونناسـێـک پێی وایە کەسێ دەتوانێ لە دڵی خەڵکدا جێ بکاتەوە کـە لەبەرانبـەر کـۆمـەڵدا دڵ فـراوان و گـەل خۆشەویست بێ.

**هەر کەسێ ئیزهاری دانایی بکات و مەقسەدی**
**خودپەسەندی بێ یەقین ئیزهاری نادانی دەکا**

دەبێ لەسـەردەمی نالیـدا زمـانی کـوردی لە کـۆمـەڵدا بایەخی پێ نەدرابێ و بە کەمیان زانیبێ. پێیان وا بووبێ کـە نووسـینی شیـعـری کـوردی کـاری کـۆڵکە شاعیـرانە. هەربۆیە بۆ لابردنی ئەم بیرە چەوتە لە توێی شیـعـرێکی جـواندا ئەم بۆچوونەی بە هەڵە زانیـوە و ئەوانەی کـە خاوەنی ئەم بیرە کورتە بوون بە نەزانی نێودێر کردوون:

**کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە**
**هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا**

کۆمـەڵ و ئەندامـانی بە بەهرەی کۆمەڵن کە ئاسەواری فـەرهەنـگ و کـولتـووری نەتەوە دەپارێزن. بە شـاهیـدی مـــێـــژوو لەبەر بێ دەرەتانی و بێ بەشی ئەم گـــەلە چەوسـاوەیە، ئێـمـەی کـورد کـەمـتـر خـاوەنی کـتـێب و کەرەسەگەلی تری ڕۆشنبیری بووین، بەڵکو ئەوەی هەمانە سنگ بە سنگ پاراستوومانە و پێشینیـانی ئێمە خوێنی دڵیـان خـواردووە تا توانیـویانە ئەو هەمـوو شـتـە بەنرخـە بپارێزن. نالیش ڕەنگە ویستبێتی ئەوە ڕابگەیەنێ کە بۆ پاسەوانی لە فەرهەنگ و کولتووری نەتەوایەتیمان دەبێ لە هەر شێوە و ئامرازێک کەڵک وەرگرین:

**چاوی من بەحری موحیتی تۆیە بۆ دەفعی گەزەند**

**لێت موعەییەن بێ کە نالی گوڵ بە دڵ پەرژین دەکا**

نالی وەک زۆر لە زانا و شاعیرانی تر خاوەنی بیرێکی روون و گەشی رۆشنبیرییە. باوەڕی پتەوی بەهێزی قەڵەم هەیە. ئاشنای نهێنی قەڵەمە و لەو مەیدانەدا خۆی بە شارەزا و شاسوار دەزانێ. ویستوویەتی بە هەمووان بسەلمێنێ ئەوانە زانای ڕاستەقینەن کە لە خزمەت قەڵەمدان و حورمەتی دەپارێزن. پەردەی لەسەر ڕووی ئەو بە رواڵەت زانایانە هەڵماڵیوە کە وەک مۆتەکە خۆیان بەسەر ژیانی خەڵکدا کێشاوە. نالی کۆمەڵی شارەزا و چاوکراوەی دەوێ. بە کۆمەڵی ڕاگەیاندووە کە لە سایەی قەڵەمەوە دەتوانن لە نهێنییەکان بگەن و چیدی فریوی کەس نەخۆن:

**زاهیر و باتین لەسەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز**
**ئاشنای سیرڕی قەڵەم بێ غەیری نالی کەس نەما**

مامۆستا دژ بە ئاکاری چەوتی ئەندامانی کۆمەڵە. گەرەکییە لاوان داوێن پاک و ئاکار جوان بن. دژ بە فەساد و داوێن پیسییە. لە هەمووان گرینگتر ئەوەیە کە بەپێی باوی سەردەمی کۆمەڵایەتی جیا لە کورد کە لەنێوان هاوجنسبازی لە ئارادا بووە. نالی وەک مامۆستا هێمن دڵێ بە رەخنەی بەجێ لەو ئاکارە ناحەزە وەک شەرعزان و ڕەوانناسێکی گەورە هەستی بە بەرپرسیایەتی کردووە. ویستوویەتی کۆمەڵ لە شالاوی ڤایرۆسێکی چەپەڵ بپارێزێ:

**بابێکی هەیە دنیا بۆ عەشقی مەجازی بەس**
**نالی چییە ئەو بابە ئادەم کوڕ و حەووا کچ**

سەردەمی نالیش پارە پەرستی باو بوو. مرۆدۆستی و یاساخوازی پارەی چیرۆکی سەردەم بوون. ناڵەی بێ کەسان و بێ دەرەتانان گوێی زەوی پڕ کردووە و موخابن کەس نەبووە بیبیستێ. مرۆڤی هاوچەرخی نالی بۆ وەدەست هێنانی ماڵ و پارە هۆشیار و زانا بوون. هەڵبەت ئەو زانایییە بۆتە هۆی بێ خەبەری لە بارودۆخی وڵات. چینی زۆردار و دەسەڵاتدار مەلەوانی بەحری زێرپەرستی بوون، بۆیە نالی هاوڕازێکی نەدۆزیوەتەوە دەردی دڵی لەگەڵ بکا، یان بیکا بە هاوسەفەر و هاوڕێی ڕێگای خزمەت و ڕۆشنکردنەوەی کۆمەڵ:

**ئەهلی دنیایی لەبەر حیرس و تەماع هوشیارن**
**بەخسووسی بگەڕێی مەست و خیرەدمەندێ نییە**

نالی لە شێوەی پەروەردە و فێرکردن ناڕازی بووە. زانیویەتی کە ئەو شێوە باوەی پەروەردە و فێرکردن ناتوانێ بۆ کۆمەڵ سوودێکی بەرچاوی هەبێ. هەستی بەوە کردووە کە لە قوتابخانەکاندا هەستی منداڵان و فەقێکان خەوشدار دەکرێ و ئەوان لە بەدیهێنەری و نوێخوازی دوور دەخاتەوە.

دیویەتی کە بەهۆی شێوەی نادروستی باس و لێکۆڵینەوە خوێندکار تووشی دڕدۆنگی دەبێ و قوتابخانەی وەک حەپسخانە دێتە پێش چاوی. هەرچەندە زۆر زانایانە ددانی پێدا دێنێ کە لە قوتابخانەکان زیرەک و هۆشیاریش زۆرن، بەڵام وەک زانایەک کە شێوەی فێرکردن بە دروست نازانێ دەنا کورد گوتەنی قەدری زێڕ لای زێڕنگرە.

**مەدرەسە مەحبەسەیە مەبحەسەیی وەسوەسەیە**
**کەسی تێدا هەیە ئەمما خۆش و خورسەندی نییە**

لە ئاکامدا کاتێ دەبینێ بەهۆی دواکەوتوویی کۆمەڵ و نالەباری بارودۆخی سەردەم ژیانی خەڵک لە ئاستێکی زۆر خراپدایە، تا ئەو ڕادەیە کە لەبەر نەداری و هەژاری و نەخوێندەواری کەم کەس کڕیاری کاڵای فەرهەنگی و هونەری و ڕۆشنبیرییە، لەبەرانبەر دانوستانی نێو جێوبانی خۆشی و تێری و تەسەلی، ئەوەی بە خەیاڵیاندا نەیە شیعر و فەرهەنگ و زانستە. هەر بۆیە شاعیری گەل پاش تەمەنێکی پڕ پیتوبەرەکەت و تەرخانی ژیان بۆ زانیاری دان بە خەڵک، ناچار وەک هەموو زانایان و شاعیرانی ئەم گەلە هەژارە ناکام سەری نایەوە و خۆشی و ناخۆشی دوارۆژی بۆ بەرەی داهاتوو بەجێ هێشت. تا ئەو ڕادە ناکام کە پەی پێ بردبوو کە کۆمەڵەکەی بەهۆی نەخوێندەواری و لە خەودامان هێندە دەردەدار بوون کە تەنانەت لە شیعری شاعیرێکی خۆیان نەدەگەیشتن:

**عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفەفرۆشم**
**زۆرم وت و کەس تێنەگەیی ئێستە خەمۆشم**

**سەرچاوەکان:**

**(١) دیوانی نالی - ئامادەکردنی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس- انتشارات صلاح الدین ایوبی چاپ سوم ١٣٦٨.**

**(٢) کاسێتی بەرنامەی تاپۆوبوومەلێڵ- سەیدەوان- بە دەنگی سوارە ئێلخانی زادە.**

# "گەشتێک لە هەورامان" شیعری سروشت و جوانی

قادر عەلی خا
(بۆکان)

شیعر ئەو باڵندە ڕەنگ جوان و دەنگ خۆشەیە، کە بەسەر ئاسمانی هەموو وڵاتێکدا فڕیوە، لەنگەری لێگرتووە و سۆزی ئەوینداری لێپڕژاندووە، لەسەر گوێسوانەی هەموو ماڵێکدا نیشتۆتەوە و ئاوازی ڕاسان و ژیانی چڕیوە، سەری کێشاوەتە نێو هۆدەی گشت دڵێکی خاوەن هەست و هەژاندوویەتی، کامە دڵ شیعر برووسکەی تێدا نەچاندووە و مووچڕکی پێدا نەهێناوە؟

شیعر گوڵی ئەوینداریییە و لە لایەن ئاشقانی سەوداسەرەوە لە بەرۆکی دڵدار و نیشتمان دراوە.

ئەو زمانەی لە نێمەتی شیعر بێ بەشە، وەکو زەوییەک وایە کە ئاوی نەگاتێ، لە ئاکامدا دەبێتە خاکێکی بایەر و بێ گیان و چی لێ نارووێت.

ئەو گیاوگوڵەی کە پێشتریش لێی ڕوابوون ویشک دەبن و هەڵدەوەرێن و دەبنە پووشی دەم با.

"تەواوەتی بوون و ناسرانی نەتەوەیەک لەسەر بەستێنێک بەنێو زمانەوە داڕێژراوە، زمان شێلەی شارستانیەتی نەتەوەیەکە و ڕازی مانەوەی ئەوە، زمان قامووسی ژیانە، مانا و ماکی ڕاستەقینەی سەربەخۆیی و کۆڵەکەی بن میچی ژێرخانی یەکبوونی نەتەوایەتییە.

نە هەژاری، نە ئازار و جەزرەبە و چەوسانەوە، نە شەڕ و کوشتار و تواندنەوە و نە هیچ هێزێک توانای تواندنەوەی نەتەوەیەکی نییە، مەگەر ئەوەی کە زمان و کەلەپووری ئەو گەلە وێران بکرێت.

لەناوبردنی زمان لە گۆڕنانی تەواویەتی شارستانییەت و فەرهەنگی نەتەوەیەکە، شانازی و مەزنی گەلێک لەسەر پردێک بەنێوی زمانەوە دەگاتە لێواری ڕزگاری. "

هەناسەکانی شیعر بۆنیان خۆشە، ڕوح و جەستە دەژێیننەوە، ئاوازەکانی شیعر ژیان گوڵ پرژێن دەکەن، ژیانێک بە پەنجەی نەرمونیانی شیعر تانوپۆی تەندرابێ،



**گۆران**

تژبیه لە جوانی و پاکی و هەرێمی ئەرخەیانی و حەسانەوەیە، زمانی شیعر پێشانگەی لێ بردوویی و دۆستایەتی و خۆشەویستییە، گەرووی شیعر هاواری بلاوێنی و سازگاری لێ هەڵدەقوڵێت، شیعر شفرەی گۆشتن هەڵناکێشێت، چەقۆی ئازار تیژ ناکات، شمشێری فەوتان هەڵناسوورێنێ. زۆرن ئەو کەسانەی ژیانیان ناوەتە پێناو زمان و فەرهەنگی نەتەوەکەیان، بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان مانەوە و بوونی نەتەوەکەیان پاراستووە.

خانی مێژووی دڵداری و خۆشەویستی پێ شەنوکەو دەکا، سەیفول قوزات شیعری پالاوتەی خولقاندووە و شکۆ و گەورەیی بە زمانی کوردی بەخشیوە، هێمن بووکی ئازادی پێ دەخەملێنێ و شەهیدی سوورخەلاتی پێ دەلاوێنێتەوە، نالی ڕاز و ڕەمزی زمانی پێ دەخولقێنێ و گۆران وێنەی مرۆڤ و چیاو دۆڵ و دێ و خانە باخەکانی هەورامانی پێ دەکێشێتەوە.

مامۆستا گۆران ئەو شاعیرە مەزن و ناسک خەیاڵەیە کە ئاڵای نوێخوازی و تازەبوونەوەی شیعری کوردی هەڵگرت و بوو بە یەکێک لە پێشەنگەکانی ئەم شۆڕشە تازەیە، هەستی ناسک و بیری ورد و قەڵەمە سیحراوییەکەی گۆران، سەرەڕای تێکشکاندنی یاسای پێشووی شیعر، توانی گەلێک شیعری ناسک و ناوازە بخولقێنێ، کە زۆربەیان لەو شاکارە شیعریانەن هەرگیز نامرن و ناوی گۆرانیان لەسەریان داناوە و هەنگاو هەنگاو بەرەو پێشەوە دەڕۆن و بە بەرەکانی داهاتوویان دەناسێنن.

جیلوەی شانۆ، دەروێش عەبدوڵلا، پاییز، گوڵی خوێناوی، بووکێکی ناکام و گەشتێک لە هەورامان، لەو شیعرانەی مامۆستا گۆرانن کە خەزان و مردن نایانفەوتێنێ و هەرمان لە ئەدەبیاتی کوردیدا دەمێننەوە.

گەشتێک لە هەورامان لە چەند لایەنەوە شیاوی لێوردبوونەوە و باس لێکردنە، بەتایبەت لە بواری جوانیناسیدا، ئەم شیعرە بۆ خۆی جیلوەی جوانییە، دەقێکی دیکۆمنتارییە و باس لە جوانی و پاکی و بێ غەوشی ناوچەیەکی دانسقە و تایبەت دەکا لە کوردستان و جیهاندا، وەک چۆن دوورگەی بەرمۆدا، لە جیهاندا بێ وێنەیە، میعماری و پێکهاتەی هەورامان، چ لە لایەنی سروشتی و چ لەلایەنی دەست کردەوە، بێ وێنە و هاوتایە، ئەگەر کورد لەو سەردەمانەدا تەلەڤیزیۆن و کامێرای نەبووە هەتا جوانییەکانی ئەم هەرێمەی پێ بنوێنێ، ئەوە قەڵەمەکە و هەستی ناسک و هزری تیژی مامۆستا گۆران مووبەموو، جوانییەکانی ئەو دەڤەرە شەنگەی لە توێی ئەم شیعرەدا بە یادگار هەڵگرتووە، لەبەر دیدەی خوێنەر و بینەردا داناوە، زۆرجار کامێرا خەیاڵییەکەی گۆران لە لووتکەی چیا بەرزەکانەوە ئاڵاوەتە دۆڵە قووڵ و کپ و دوورە دەستەکان و لەوێوە جوانییەکان وێنە دەگرێ و لێیان دەدوێت.

جارێکیش لە قووڵایی دۆڵ و شێوەکانەوە، ئامێز بۆ لووتکە و ترۆپکە ئەستەمەکان دەگرێتەوە و ئاوێتەی زەین و بیری خوێنەریان دەکات.

ئەم شاشیعرە دەستی خوێنەر دەگرێ و هەورامانی بە هەموو جوانییەکانییەوە پێ دەناسێنێت، خوێنەر دەباتە سەر ترۆپکی چیا سەخت و گەردن کەشەکان و پێی لەسەر ڕنۆی بەفر دادەنێ و لەوێڕا دۆڵی لپی ڕەش هەڵگەڕاو بە دارستانی پێ نیشان دەدات، لەگەڵ هەنگاوی ئاوی خوڕی نێو جۆگەکاندا، پێچ، پێچ بە باڵای چیا ئەستەمەکاندا تا نێو کەفوکوڵی چەمی دێنێتە خوارێ، تووڵەڕێی باریک، تەق تەقی ڕێ، گابەردی زلی شان ڕێگا، سەرەوخوار و سەرەوژوور بوونەوەی ڕێبوار، هەموو دیمەنی ڕێگاوبانی هەورامانی، وەک چاوی ڕوونی کامێرایەک پێ نیشان دەدات، کە دوای خوێندنەوەی ئەو شیعرە خوێنەر هەست دەکات هەموو ئەو وێنانەی بە

چاوی خۆی، یان لەسەر پەردەی فیلمێکدا دیتووە.

شاعیر لێرەدا بەشوێن لایەنە هونەرییەکانی خەیاڵی شیعرەوە نییە، هەموو ئەو دیمەنانەی ئەو لێیان دەدوێ وێنەی خەیاڵی و شیعرین، لەم شیعرەدا زمانی وەسف دەگاتە ئەوپەڕی جوانی و ناسکی، خوێنەر تێکەڵی ڕێبوار و شاعیر دەبێ، لەگەڵ وشە و دێڕ و هەڵبەستدا تەزوو و مووچڕک لەشی دادەگرێت، ئەو هەموو وێنە و تابلۆ نەخشاوە بە شیعر ڕوحی دەشڵەژێنێ، هەڵدێر و سەرەوخوار و سەرەوژووری ڕێگا ئارەقەی ماندوویی دەخاتە سەر تەوێڵی ڕێبوار، پاش ئەم ڕێگا سەخت و هەڵدێر و تەق تەقە، بە تووڵە ماری ڕێدا بەرەو سێبەری داری گوێز و تووی دەبا، لەوێش بە دەسرەی ئاوریشمینی شنەبای ژێر سێبەری دار، ئارەقەی ڕێبواری ماندووی هەوراز و لێژبڕیو دەسڕێ.

لەم کێل بۆ ئەو کێل ڕووی گەش و ئامێزی ئاواڵە و زمانی شیرینی باخەوانی وێڵە بەرەو پیریت دێن.

**پێش ئەوەی بگەی بە ئاواتی دێ**
**ئەکشێتە ناو باخ تووڵە ماری ڕێ**
**شنەی سێبەری دارگوێز و دار توو**
**ئەسڕێ ئارەقی ڕێبواری ماندوو**
**تەسکینی ڕێگای باخەوانی وێڵ**
**ماندوو نەبییە: لەم کێل بۆ ئەو کێل**
**سەلامون عەلەیک، مامەی بن دارگوێز**
**سەلامی ماندوو لە پیری بێ هێز**
**مەرحەبا سەرچاو، بەچکەی کاکۆڵ قیت**
**سمۆرەی سەردار، ڕۆڵەی زرنگ و زیت**
**ئەڕۆی هەر ئەڕۆی تەلانەو تەلان**
**ئەم جار ئەگەیتە پێچی بەرماڵان**

خانووی قیت و قنج، لار و کۆم، لەسەر یەکتری سواربوونی ماڵەکان و هەڵکشانیان بەرەو لووتکەی کێو، لەنێو ئەم دێیەدا ئاوا وێنەکەیان لە تابلۆ شیعرێکی جوان و سیحراویدا بۆ دەکێشێتەوە، ماڵی ئاغا و خانەقا و مزگەوت و خانووی ڕەعیەت و هەژار، زۆر وەستایانە بۆ جودا دەکاتەوە و لە یەکترییان هەڵداوێرێ.

**کام بەر بەرۆچکەی زۆر باسەفایە**
**چەشنی دڵی شاد دێیە، ئاوایە**
**خانووی بەگزادە لەسای درەختا**
**ئارامیی بووکە لە کۆشی بەختا**
**خانووی ئەهاڵیش زۆریان دوو نهۆم**
**هەندێ قنج و قیت هەندێ لار و کۆم**
**یەک لەسەر یەکتر بەرەو لووتکەی کێو**
**بۆ ئاسمان ئەچن وەک پێپلیکەی دێو**
**لە دێدا کام جێت گەورە بەرچاو کەوت**
**ماڵی ئاغایە و خانەقاو مزگەوت.**

هەموو دیمەن و وێنەکان هەنگاو بەهەنگاو، لەجێی خۆیاندان، لە چیاو دۆڵ و دارستانەوە بۆ ناو دێ و لەوێشەوە بۆ بەر درگای قەڵا، دەوردانی خزمەتکاران و خوڵک کردن و بەخێرهێنانیان، ڕووی خۆشی خانەخوێ و دەست لەسەر خەنجەر و چاوەڕوان بوونی خزمەتکار، چ بۆ سەربڕین، چ بۆ سەردانان وەک وێنەگرێک، وێنەی دەروازەی قەڵا و باڵای خزمەتکار دەکێشێتەوە.

گەرموگوڕی دیوەخانی بەگزادە، مەلا و زمانی شیرینی، ڕوخساری مۆن و قسەوباسی شیرینی، گفتی بە تاموچێژی، ئەمانە هەموویان تەسەللا بەخشی میوانی ماندوون.

لە چەند دێرە شیعرێکدا دیوەخانی ئاغا لەسەر زەین و بیری خوێنەر دەکاتە تابلۆیەکی نەخشین، دوای دەستەملان بوونی خەوی خۆشی پاش ڕێگا، پاش ئەوەی شەوگار دەزریکێتەوە، دێتەسەر باسی مەلابانگدان و قاسپە قاسپی کەو و تواندنەوەی ئەستێرەی ئەمەل لەناو بەفری سەرکەلدا، زرەی زەنگی ڕان، تەقەی تفەنگی ڕاوچی، شەبەق دان و تاوکەوتن، ئەمانە چیرۆکێکن لە ژیان و تایبەتمەندییەکانی گوندی هەورامان، ئەو باس لە هەموو کەلێن و قوژبنەکانی شێوەی گوزەران لەوێ دەکات.

بەڵام پاش شەبەقدان و هەڵاتنی تاویش بەرزی چڕی شاخە گەردن کەشەکانی هەورامان، بە ئاسانی ئیزن بە هەتاو نادەن هەنگاو بنێتە نێو ئاوایی و تا نزیکەی چێشتەنگاو دەخایەنێت، کە هەتاو پێی لەسەر ماڵەکانی دێ دانێ، ئەمە چێشتەنگاوە دەستی تاو دەگرێ و وەک بووکێکی شەرمێون و بەناز دەیهێنێتە نێو دێ.

**بەڵام تا خوڵقی نەکا چێشتەنگاو**
**نایەتە ناودێ پرشنگی هەتاو**

مزگەوت و بەردەنوێژ، خەوەنووچکەی ئیمامی دانیشتووی بن سێبەری سوورەچنار، بانگدان و پەنگخواردنەوەی لافاوی نوێژکەر، بەتاڵبوونی نوێژ، بوونە خلتەی لافاوی چەند پیرێکی پەککەوتە، باسی دەورانی جوانی و ئاخ هەڵکێشان بۆ تەمەنی لە

دەستچووی خۆیان.

کانی و ژن و جوانی بەیەکترەوە گرێ داوە، ئەم شوێنە بەڕووگەی هەرزەکاران دەزانێ، کە بەڕاستی یار و بەژن و باڵای شەنگی ڕووگەی دڵدارە، ڕێی کانیش باشترین شوێنە لە دێدا بۆ دیداری یار و چاوپێکەوتنی.

جوانی، بۆن خۆشی، تەڕپۆش، نەرموشلی، لێوی بەبزە و دەنگی نەرمی ژنانی هەورامان تێکەڵاوی جوانی بەهار و سروشت دەکا.

هەورامان و گۆرانی و دەنگی بەسۆز، هەورامان و "کنالەیل" و سیاچەمانە، پڕ بە سروشتە جوان و سیحراوییەکەی ئەوێ دەنگ هەڵدەبڕێ و زایەڵەی دەنگی ڕەوەز و شاخە ئەستەمەکانی وەجووڵە و سەما دەخات.

**"سیاچەمانە، سیاچەمانە**
**بەهەشتی عەشقە ئەم هەورامانە**
**ئەوەندەی دار و بەردی هەورامان**
**ڕەحمەت بێ لە ژنی بەژن و باڵاجوان**
**سیاچەمانە، سیاچەمانە**
**هەورامان جێگای سیاچەمانە**

هەموو ئەو وێنە شیعرییانەی کە سروشتی هەورامانی پێ نەخشاوە، خوێنەر ئاوێتەی چیاو دارستانی ئەو هەرێمە دەکا و مایەی حەسانەوەی ڕوحن، کامە وێنە و وەسف لەوە جوانتر دیمەنی ڕێگاوبانی دەڤەرێک لەبەر زەینا دەنەخشێنن؟

**کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردەن کەش**
**ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش**
**سەرپۆشی لووتکەی بەفری زۆر سپی**
**بە دارستان ڕەش ناو دۆڵی کپی**
**جۆگەی ئاوەکان تیایا قەتیس ماو**
**هەر ئەڕۆن ناکەن پێچی شاخ تەواو**
**هاوار و هاژەی کەفچەڕێنی چەم**
**بۆ تەنیایی شەو، لایەلایەی خەم**
**تووله ڕێی باریک، توونا وتوون پشکن**
**ڕێبوار ئەخاتە ئەندێشەی بێ بن**
**ناو ڕێگا تەق تەق، لارێ بەردی زل**
**کە هێشتا گەردوون پێی نەداوە تل**
**گا سەرەو ژووره گا سەرەو خواره**
**تاڵی و شیرینی دنیای ڕێبواره**

خزمەتکاری خانت لە پەیکەرێکی جوان و کەم وێنەدا بۆ دادەتاشێت، بەبێ زۆر و کەم، چی لەبەردایە، چی لەسەردایە، چۆن ڕادەوەستێ و چۆن لە بەرانبەرت دەنووشتێتەوە.

**کە گەیشتیتە بەر دەرگای گەورە**
**هەر خزمەتکارە و لێت ئەدا دەورە**
**ڕێت پیشان ئەدەن تاکو دیوەخان**
**ئیتر دیوانە و مەرحەبای میوان**
**دەستەی خزمەتکار فیشەکدان لە مل**
**بە چەفتە و مشکی سەر و تەپلە زل**
**دەست لەسەر خەنجەر چاوەڕێی فەرمان**
**چ بۆ سەربڕین، چ بۆ سەر دانان**
**هەچ کەسێک تازە بێتە دیوەخان**
**کڕنۆشێ ئەکا بە سەردانەوان**
**گەرمە دیوانی شەوی بەگزادە**
**تێکەڵ و پێکەڵ بابەت و بادە.**

لەم شیعرەدا گەلێکن ئەو وێنە شیعرییانەی کە لە وەسفی دیمەنە جوان و دڵڕفێنەکانی هەوراماندا نەخشاون کە ئەم وێنەو دیمەنانە هەر لە پێشانگای وێنەگر و وێنەکێشەکاندا وەدەست دەکەون.

**مانگی بەجێماو لە سەرفەری شەو**
**زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو**
**ئەستێرەی مەغریب وەک قەترەی ئەمەل**
**کزکز ئەتکێتە ناو بەفری سەرکەل**

یان کاتێک دێتە سەر باسی مزگەوت، ئاوا دیمەنی مزگەوت و بەردەنوێژ و ئیمام و سوورە چناری لقوپۆپ درێژمان بۆ لە قاپێک دەگرێ و لەبەر دیدەی خوێنەردا دایدەنێ.

ڕیشی درێژی ئیمامی مزگەوت، دەلالەتە بۆ تەمەنی درێژی دینداری و لق و پۆپی درێژی سوورە چناریش چیرۆکی کەونارابوونی ئەو دەڤەر و نەتەوەیەمان بۆ دەگێڕنەوە.

**بنچینەی مزگەوت نیشتۆتە ناو چەم**
**ڕووبەرەو قیبلە، پشت لە جەهەنەم**
**مزگەوتی کاتی چێشتەنگاوی چۆڵ**
**وەک مردوو کفنی بێ دەنگی بە کۆڵ**
**سوورە چناری لق و پۆپ درێژ**
**سێبەر ئەکا بۆ خەوی بەردەنوێژ**
**جارجار ئیمامی تەنیای گۆشەی حەوز**
**سەر سنگ ماچ ئەکا ڕیشی بەوەنەوز**
**کەسێک بانگ ئەدا ئەشڵەقێنێ گۆم**

**ئیمام هەڵدەستێ دار بەدەست، پشت کۆم**
**تا تەواو ئەبێ و ئەڵلاهو ئەکبەر**
**پەنگ ئەخواتەوە لافاوی نوێژکەر**
**نوێژ بەتاڵ ئەبێ جەماعەت بڵاو**
**چەن پیرێک ئەبن بە خڵتەی لافاو**
**سووچێک گەرم ئەکەن بە ڕازی جوانی**
**ئاخ بەبا ئەدەن بۆ دنیای فانی**

ئاو سەرچاوەی پاکی و ژیانە، ئەشق هەوێنی جوانی و ڕاستییە، کاتێک لە کانی دەدوێ باس لە ئەشقیش دەکات، ئاو و ئەشق لەسەر کانی لە یەکتری گرێ دەدرێن، کانی مەکۆ و ڕووگەی دڵداران و ئاشقانە، لە دێدا بە دیداری سەرکانی و دەراوان تامەزرۆی دیداری ئاشقان دەشکێ، هەر لەوێش دڵەکان لە یەکتری گرێ دەدرێن و ژیان دروست دەکەن.

**سەرچاوەی ئاوێک کەڵەکێک لەسەر**
**ژنێک تێی ئەچێ، ژنێک دێتە دەر**
**ئەمەش لە دێدا کانی ژنانە**
**قیبلەی دڵداری هەرزەکارانە**
**ئێواران پۆل پۆل لاوی کاکۆڵ لوول**
**سەرەڕێ ئەگرن سەرگەرم و عەجوول**
**هەرچەن هاڕەی دێ هەیاسەی جوانێک**
**لە هێلانەی دەم دەفڕێ ئامانێک**

گۆران لەم شیعرەدا لە زۆر شتی هەورامان دواوە، لە پێکهاتەیی جوغرافیا و چلۆنایەتی ژیانی ئەوێ، کاتێک باسی داهاتی ئەوێ دەکات لە باغەوانی و ئاژەڵداری دەدوێت.

بە خوێنەر دەڵێ خەڵکی ئەم دەڤەرە لە ڕێگای باغەوانی و ئاژەڵدارییەوە بژێوی ژیانی خۆیان دابین دەکەن، بۆیە لە ڕێگا تووشی باخەوانی وێڵ دەبێ و شەوانەش بە زرەی زەنگی ناو ڕان پەردەی گوێی دەلەرێتەوە.

خوێنەر کە لە خوێندنەوەی ئەم شیعرە دەبێتەوە هەورامانی بە گەلێک لە تایبەتمەندییەکانییەوە ناسیوە، لەگەڵ چیاو دارستان و ڕووبار و هەڵدێرەکانی ئەوێدا هەست بە بەڵەدی و ئاشنایی دەکات. ئەم شیعرە بە ڕادەی کتێبێکی هەورامانناسی ئەو مەڵبەندە پڕ لە جوانییەت پێ دەناسێنێت، دەڤەرێک کە هەزاران بیرەوەری تاڵ و شیرینی ئەم وڵاتەی لە سنگ و ترۆپکی چیا گەردەن کەشەکانیدا بە یادگار هەڵگرتووە.

شیعری گۆران شیعری سروشت و جوانییە، مەشخەڵی ڕووناکییە بۆ پتر چوون بە ناخی پاکی و زوڵاڵیدا. دیارە ئەمە شێواز و قاڵبی شیعری نییە کە دەتوانێ دەقێک بەرێتە سەر لووتکە، ئەوە قەڵەم و هەست و جۆری پەرداختی شاعیرە، شیعرێک لە هەر قاڵب و شێوازێکدا بێ لەسەر دوندی جوانی دادەنێ، ئەگەر شیعری پاییز، یان جیلوەی شانۆ لە دنیای فەنتازیای دەروونی شاعیرەوە سەری هەڵدابێ و دوا پەیژەکانی جوانی داگیر کردبێ، ئەوە شیعری گەشتێک لە هەورامان لە دیدە و دنیای واقیعی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێ و دەگاتە دواپلەی کانی پەیژەی جوانی، لەم شیعرەدا هەستی دەروونی و دەرەکی پەنجە دەنێنە پەنجەی یەکتر و تابلۆیەک لە گۆڤەندی جوانی دەنەخشێنن.

**عەشقی ئێوارەی سەرە ڕێی کانی**
**بەرئەداتە چەم کڵپەی گۆرانی**
**ڕۆژ ئاوا ئەبێ، چەم تاریک دایە**
**دەنگی "کنالەیل" هەر دوایی نایە**
**مانگ بە تریفەی ناو دێ ئەکا کەیل**
**هێشتا هەر گەرمە ناڵەی "کنالەیل"**
**سیاچەمانە، سیاچەمانە**
**بەهەشتی عەشقە ئەم هەورامانە**
**ئەوەندەی دار و بەردی هەورامان**
**ڕەحمەت لە ژنی بەژن و باڵا جوان**
**سیاچەمانە، سیاچەمانە**
**هەورامان جێگای سیاچەمانە**

# زمانی مرۆڤ و زمانی ئاژەڵ

نەوام چۆمسکی
لە عەرەبییەوە: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو
(زانکۆی قەڵادزێ - کۆلێژی زمان)

لە وتارەکەی (سۆرب) W.H. Thorpe، کە ناوی (دەنگی ئاژەڵان و گەیاندن)ە، توێژینەوەیەکی ڕوونترمان لە بواری پێوەندی زمانی مرۆڤ و سیستمەکانی گەیاندن لای ئاژەڵان بەرچاو دەکەوێت.

(سۆرب) لەم وتارەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئاژەڵە شیردەرەکان ئەو توانایەی مرۆڤیان نییە لە لاساییکردنەوەی دەنگەکان، هەر لەبەر ئەم بنەمایەیە زۆر کەس پێیان وایە چۆلەکە (کە هەندێکیان تا ڕادەیەک تواناداارن) ئەو گرووپەیە کە زمانیان لێ دەرچووە، ئەویش بە مانای ڕاستەقینەی ئەم وشەیە، واتە شیردەرەکان نین، کە زمانەکەیان دروست کردووە، (سۆرب) ناڵێت زمانی مرۆڤ لە چەند سیستمێکی سادەوە دروست بووە، کە لە سیستمی زمانەوانی سانا و سادەترە، بەڵام (سۆرب) مکوڕە لەسەر ئەوەی کە جیاکارە تایبەتییەکانی زمانی مرۆڤ دەتوانرێت لە چەند سیستمێکی گەیاندنی ئاژەڵانیش هاوشێوەکەی بدۆزرێتەوە، دەبێت ئەوەش بزانین کە دەشێت بڵێین کە ئەم جیاکارییانە لەلای یەک ئاژەڵ دەست دەکەوێت.

زمانی مرۆڤ و زمانی ئاژەڵانیش لەو ڕووەی کە مەرام و پێکهاتە و ڕوونکارن، لەو ڕووەوە هاوبەشن، زمان مەرام ئامێزە، چونکە قسە ئامانجدارە، ئەویش بە بەردەوامی و لە هەموو حاڵەتێکدا بۆ گەیاندنی شتێک لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی، هەروەها بۆ گۆڕینی ڕەفتار و بیروبۆچوونەکان و دەستنیشانکردنی هەڵوێستەکانی لە بارودۆخە جۆراوجۆرەکاندا. هەروەها زمانی مرۆڤ زمانێکی پێکهاتەیە، چونکە هەموو گوتارێک کردەیەکی قسەیە، کە سیستمێکی ناوخۆ و بنیادێکی دیاریکراوی لەخۆ گرتووە، هەروەها زمانی

مرۆڤ زمانێکی ڕوونکار ئاسایە، چونکە زانیاری دەگەیەنێت، ئیتر بەم مانایە زمانی مرۆڤ و سیستمی گەیاندن و لێکگەیشتن لەلای ئاژەڵ ئەم توخمانەیان تێدایە: مەرام و پێکهاتە و ڕوونکار.

لەوانەشە ئەم بۆچوونە ڕاست و دروست بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا چەند شتێکی بچووکمان بۆ دەسەلمێنێت، ئەویش لەبەر ئەوەی کە ئێمە باس لە شتێکی ڕووت و ڕەها دەکەین کە زمانی مرۆڤ و زمانی ئاژەڵانی تێدا هاوبەشن، چونکە هەموو ئاکارەکانی دیکەی تێدا کۆ دەبنەوە، جا با سەیری پرۆسەی ڕێچکەکردن بکەین، ڕێچکەکردن ئاکارێکی مەرام بە مانا گشتییەکەی، هەروەها ڕێچکەکردن پێکهاتەیە بەو مانایەی پێشوو، هەروەک (کارل لشلی) (Karl lash-ley) زووتر لە توێژینەوەی گرنگی ڕێکخستنی زنجیرەیی ئاکاردا ئاماژەی بۆ کرد، منیش لەوانەی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەمدا ئاماژەم بۆ کرد.

لەسەر ئەمەشەوە دەشێت کاری ڕێچکەکردن چەند زانیارییەک ببەخشێت، بۆ نموونە من دەتوانم ئاماژە بە گرنگیدانی خۆم بکەم، لەو ڕووەوە کە دەمەوێت بگەمە خاڵێکی دیاریکراو، ئەویش بەهۆی ئەو خێراییەی کە ڕێچکەی پێ دەکەم.

لەم گۆشەنیگایەوە، نموونەکانی گەیاندنی نێوان ئاژەڵان کە (سۆرب) پێشکەشی کرد ڕوونکار ئامێزن، چونکە ئەو گۆرانی و ئاوازی ئەوروپایی بە نموونە دەهێنێتەوە، کە لەم حاڵەتەدا ڕێژەی یەک بەدوای یەکی بەرزبوونەوەی دەنگی چۆلەکەکە ئاماژە بۆ مکوڕبوونی لەسەر بەرگری کردن دەکات. هەرچەندەش ڕێژەی دەنگ بەرزبوونەوەکە بەرزبێتەوە، ئەو بەرزبوونەوەیە ئاماژە بۆ سووربوونی چۆلەکەکە دەکات لەسەر بەرگری کردن. ئەم نموونەیە سەرنجمان ڕادەکێشێت و بە ڕای من زۆر بە ئاشکرایی ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە هەوڵ و کۆششەکانی لە مەڕ نزیک کردنەوەی زمانی مرۆڤ و سیستمی لێکگەیشتن لای ئاژەڵ هیچ سوودێکی نییە. هەموو سیستمێکی گەیاندنی لای ئاژەڵان کە زانراو و ناسراو بێت (لێرەدا خەیاڵ خوێندنەوەی زانستییانەی ئایندە (Science Fiction) بە لاوە دەنێین، کە بە «دۆلفین»ەوە پەیوەستن) هەموو دوو بنەمای سەرەکییان تێدا بەکاردەهێنرێت، کە ئەمانەن:

أ- لە ژمارەیەکی دیاریکراو و سنوورداری ئاماژەکان پێکدێن، کە هەر یەکێکیان بە ئاکارێکی تایبەت و بە حاڵەتێکی وروژێنەری تایبەتەوە پەیوەستن، هەروەک ئەو لێکۆڵینەوە گشتگیرانەی کە زانا ژاپۆنییەکان ئەنجامیان داون و دەریان خستووە.

ب- ئەم سیستمە ژمارەیەکی دیاریکراو و سنووردار لە ڕەهەندە زمانەوانییەکان بەکاردەهێنێت، کە هەر یەکە و بە ڕەهەندێکی نازمانەوانی تایبەتەوە پەیوەستە، ئەمیش بۆ دەستنیشانکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی خاڵێک لە دووری ڕەهەندە زمانەوانییەکەوە، کە ئەم خاڵە خاڵێکی دی دەستنیشان بکات لە دووری ڕەهەندە زمانەوانییەکە کە پێوەندی نەلکاوە و بە هەمان شێوەش ئەم خاڵە هەر لە هەمان کاتدا ئاماژەی بۆ بکات.

پرەنسیپی دوایەمین هەر خۆی هەمیشە دەردەکەوێت، بۆ نموونە گۆرانی چۆلەکە کە (سۆرب) بە نموونە دەیهێنێتەوە. جا ڕێژەی یەک بە دوای یەکی بەرزبوونەوەی دەنگ ڕەهەندێکی زمانەوانییە کە بە ڕەهەندی نازمانەوانییەوە پەیوەستە، کە ئەویش سووربوونە لەسەر بەرگری کردن لە شوێنەکان، چۆلەکە ئاماژە بە سووربوونی خۆی دەکات لەسەر بەرگری کردن لە زەوییەکەی خۆی، ئەویش لە ڕوانگەی هەڵبژاردنی ئەو خاڵەی کە لە دووری ڕەهەندە زمانەوانییەکەوە گونجاوە (لێرەدا وشەی هەڵبژاردنی بەکارهێناوە کە زۆر ورد نییە).

ڕەهەندی زمانەوانی ڕەهەندێکی ڕووتە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پرەنسیپەکە ڕوونە، چونکە سیستمی گەیاندن لە جۆری دووەم بەشێوەیەکی ڕەها و بێ کۆتایی خشتەیەکی گەورەی لە ئاماژە ئەگەرەکان تێدایە، هەروەک هەر زمانێکی مرۆڤی دی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرایی و پرەنسیپەکانی لەگەڵ بەرایی و ئەو پرەنسیپانەی مرۆڤ بەکاریان دەهێنێت جودان، ئەویش بۆ گوزارشت کردن بەشێوەیەکی بێ هەژمار لە ژمارەیەکی زۆری بیروبۆچوونە تازەکان و لە نییەت و هەست و سۆز و مەبەستەکان... تاد.

ئەو بۆچوونەش ڕاست نییە کە لەکاتی قسەکردن لەسەر (خەوشەکانی سیستمی گەیاندنی ئاژەڵان گوزارشتی (خشتەکانی ئاماژە ئەگەرەکان) بەکاربێنن، بەڵکو پێچەوانەی ئەم گوزارشتە بەکاربێنن ڕاستترە، ئەویش

لەبەر ئەوەی سیستەمی گەیاندنی ئاژەڵان بوار بۆ پرەنسیپی گۆڕانکاری یەک لە دوای یەک بۆ ڕەهەندی زمانەوانی دەرەخسێنێت (ئەویش بە ڕادەی ئەوەی کە لێرەدا قسەکە بە مانای بە دوای یەکەوە پەیوەستە، کەچی زمانی مرۆڤ زمانێکی سەربەخۆ و جودا جودایە).

ئێمە ناتوانین بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە وشەی (زیاتر)یان (کەمتر) بۆ ئەم مەبەستە بەکاربێنین، بەڵکو دەبێ بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە چەند پرەنسیپێکی سیستەم ئاسا و ڕێکوپێک بە شێوەی تەواو لە ئارادا هەن.

کاتێک کە لەسەر چۆنیەتی شتێک لە زمانێکی مرۆڤدا جەخت دەکەینەوە وەک: (ئەو داهێنانە تازانەی تەکنۆلۆژیا مەترسییەک و قەید و بەندێک دەخاتە سەر ئازادی مرۆڤ). لەم حاڵەتەدا خالێکی گونجاو بۆ درێژی ڕەهەندێکی نازمانەوانی دانانێین، هەروەها ئاماژەیەک لەسەر لیستی ئاکاری دەست نیشانکراو هەڵنابژێرین، جا ئیدی ئەم لیستە سروشتی بێت، یان فێری بووبێت.

سەرباری هەموو ئەمانەش زۆر هەڵەیە بیربکەینەوە لەوەی بەکارهێنانی زمانی مرۆڤ جیاکارە بەوەی توانای پەلکێش کردنی زانیاری هەیە، بەڵێ ئێمە دەتوانین زمانی مرۆڤ بۆ بەخشینی زانیاری، یان هەڵخەڵەتاندن و بۆ ڕوونکردنەوەی هزر و بیرەکانمان بۆ دەرخستنی کارامەیی لێهاتووەکانی خۆمان و بۆ گەمە و بازی بەکاربهێنین، ئەگەر قسە بکەم بەبێ ئەوەی مەبەستم ڕاستکردنەوەی ڕەفتار و بۆچوونەکانتان بێت، ئەوە لەو حاڵەتەدا من زمان بەو شێوەیە بەکارناهێنم، واتە بەو ڕادەیەی کە مەبەستم وتنی شتێکی دیاریکراو بێت، جا ئەگەر بمانەوێت زمانی مرۆڤ و ئەو توانا سایکۆلۆژییانە تێ بگەین کە لەسەر پایەکانی ڕادەوەستن، یەکەم جار پێویستە کە لە خۆمان بپرسین ئایا زمان چییە؟ نەک ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین ئایا چۆن زمان بەکاردەهێنرێت و بۆ چ ئامانجێک بەکاردێت؟

ئەگەر ئەو پرسیارە بکەین کە ئایا زمان چییە؟ ئەوە لەو حاڵەتەدا هیچ تەبایی و هاوشێوەیەک لەگەڵ سیستەمەکانی گەیاندنی ئاژەڵان نابینین، لەو حاڵەتەدا شتێکی سوودمەندمان دەست ناکەوێت بیلێین، ئەویش لە بواری ئاکاری مرۆڤ و لە بواری بیروڕاکان، لە ئاستی ڕوون و ڕەهادا، چونکە لەو حاڵەتەدا دەتوانرێ زمانی مرۆڤ و سیستەمی گەیاندنی نێوان ئاژەڵان وەک یەک تەماشا بکرێن، ئەو نموونانەی کە بۆ گەیاندنی ئاژەڵان هێناومانەوە لە واقیعدا لەگەڵ ڕێکخستنە جووڵەییەکانی مرۆڤدا لە هەندێک خاڵدا هاوبەشن، لەوانەشە ئەو شتە زۆر مەعقوول بێت، کە ئێمە لە ئەگەری بوونی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی ئەم حاڵەتەدا ڕۆبچین، بەڵام زمانی مرۆڤ لەسەر بنیادگەلێک دامەزرێنراوە، کە لەگەڵ سیستەمی گەیاندنی ئاژەڵدا زۆر جودایە. ئەم مەسەلەیەش بە ڕای من زۆر لەو زانایانەی کە وەک دیاردەیەکی بایۆلۆژی باسی زمانیان کردووە، فەرامۆشیان کردووە. وام بۆ دەردەکەوێت کە تێڕوانین لە پێشڤەچوونی زمانی مرۆڤ لە ڕوانگەی سیستەمە سادەکانییەوە، کە لە خۆی سادەترن مەسەلەیەکی ناپەسندە وەکو ڕوانین لە ئەتۆم، ئەویش لە ڕوانگەی چەند پارچەیەکی زۆر سادەوە.

ئەوەی کە سەبارەت بەم مەسەلەیە زانیومانە، خاوەندارێتی زمانی مرۆڤ لەگەڵ جۆرێکی تایبەت بە سیستەمی عەقڵییەوە هەماهەنگە، ئەویش نەک بە پلەیەکی زۆر بەرزی زیرەکی، ئەو بیرۆکەی کە دەڵێت زمانی مرۆڤ لەوانەیە بۆ نموونە زۆر ئاڵۆزتر بێت و لەوانەیە لە هەر شوێنێکی جیهانی ئاژەڵاندا بەدی بکرێت، ئەم بیرۆکەیە هیچ پایەیەکی نییە لەسەری ڕابوەستێت.

**ژێدەر:**

**ئەم بابەتە لەم کتێبە وەرگیراوە:**

**د. میشال زکریا، الالسنية (علم اللغة الحديث)، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، الطبعة الثانية، بيروت- لبنان، ١٩٨٥، ص٢٩- ٣٢.**

# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

**فاکسێکی (خارە خالید دلێر)ە (١)، لە (٢٠٠٠/٣/١٣) بۆ بەرنامـــەی (شـــانشین)ی ناردووە**

ئێـــوارەی ڕۆژی دووشـــەممە ڕێکەوتی (١٣)ی ئاداری سـالّی (٢٠٠٠)، لە (MedyaTV) لە (برۆکـسل)ی پایتەختی وڵاتی (بەلژیک)، بەڕێز (بەرزان شاسوار) لە بەرنامەی شانەشین، ئەڵقەیەکی تایبەتی بۆ «ڕێزلێنان لە هونەرمەندان تا لە ژیاندان» تەرخان کرد و یەکەم ئەڵقەی ئەو بەرنامەیە بۆ (وریا ئەحمەد) بوو، کاک بەرزان داوای کرد هەر خۆم گۆرانیبێژێکیش بۆ ئەو ئەڵقەیە هەڵبژێرم، بە مـەرجێک خۆم لە ڕابردوودا لە خولێکی موزیکدا وانەم پێ گـوتبێت و دەستم لە پێگەیاندنیـدا هەبووبێت. ئەوە بوو منیش گۆرانیبێژی جوانەمەرگ (ئەردەلان بەکر)م بۆ دەسـتنیشـان کـرد، جا لەو ئەڵقـەیەدا چەندین پێـوەندی تەلەفـۆنی و (فـاکس) بۆ بەرنامـەکە هات، یەکـێک لەو فاکسانەی بە شانازییەوە لە بەر بەها و نرخی تا ئەمڕۆش پاراسـتوومە، ئەو فـاکسـەیە کە لە لایەن خارە (خـالیـد دلێـر)ەوە هاتبـوو، هەر بە ئامـێـری فـاکـسی ئەویش نێردرابوو، دیارە ئەو شەوە گۆرانیبێژ (عـەباس محـەمەد سلێـمان) کە بە (عـەباس وەی وەی) ناسراوە و چەندین ئاوازی خارە خالیدی گوتووە، ئەو شەوە لای میوان بووە، چونکە لە کـۆتایی فـاکـســەکـەدا ئەویش وەک برایەکی دڵسۆز ناوی خۆی نووسیوە، بەڵام لە جۆری زانیاری ناو ئەو فـاکـسـە کـە زۆر بە وردیی باسی خـۆم و باوکـیـشم (ئەحـمەدی حەمـە مـەلا)ی کردووە، یەکسەر زانیم خارە خالیـد نووسـیـویەتی، **یەکەم:** بەو هۆیەی کـە مـاڵی (مام واحیـدی مـوختـار)ی باوکی خـالیـد دلێر و مـاڵی بابە گـەورەم (حـەمـە مـەلا) لە کـۆنەوە دراوسێ بوونە و لە

خۆشەکەی هەموویانی مەستتر کردووە.

کاک وریا لە باوکییەوە، لە کۆیەی سەرچاوەی مەقامە ڕەسەنە کوردییەکانەوە، حەزی چووەتە گۆرانی و مۆسیقای نەتەوەکەی و لە سەر دەستی مامۆستا (باکووری ـ ئەندریۆس ئیسرائیل)دا، لەگەڵ (تیپی مۆسیقای باواجی) فێری مۆسیقا لێدان و نووسین بووە(٤)، پلەی مۆسیقازانی بە پلەیەک گەیشتووە، کە بووە بە پسپۆڕی منداڵ فێرکردن و تیپی مۆسیقا دروستکردن و کار و پیشەی بووە بە مۆسیقازان. کاک وریا هەمیشە نیشتمانپەروەر و وڵاتپارێز بووە، هەڕەشە و گوڕەشە لەو ڕێگە پیرۆزە لایان نەداوە، ئێستاش وەک سەدان هونەرمەندی دیکەی کورد، ناهەمواری بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستانی خۆشەویست گرتنی ڕێی هەندەرانی وەبەرناوە و لە هۆڵەندا خۆی گرتۆتەوە.

٢٠٠٠/١٣/٣

وەک گوتم لە ژێرەوەی ئەو فاکسە ناوی ئەو برا هونەرمەندەش بەو شێوەیە نووسراوە:

دڵسۆزت (عەباس محەمەد سلێمان).

## ڕاو سەرنجی خۆم لەسەر ئەو فاکسە

لە ڕاستیدا نایشارمەوە بە ناردنی ئەو فاکسەی خارە (خالید دلێر) زۆر دڵخۆش بووم، چونکە کەسێکی گۆرانیبێژ و ئاوازدانەر و ڕۆشنبیرە و نەک هەر خۆی بە تەنیا بگرە لە خێزانێکی نیشتمانپەروەرەیشە و وەک (ئەحمەدی حەمە مەلا) خەڵکی شاری کۆیەشە، بەو پێیە لە نزیکەوە باوکمی ناسیوە و ڕەنگە لەو کۆڕانەی ناو باخ و ڕەزەکانی کۆیەی (ئەحمەدی حەمە مەلا) و خۆی و برادەرانی جارێ لە جاران بەشداریش بووبێت، بۆیە قسەکانی جێی متمانەن و بۆ نووسینەکانی زووتری من لە سەر (ئەحمەدی حەمە مەلا)ی باوکم پاڵپشتێکی گرنگن. خارە خالید کە دەڵێت: «کاک وریای مۆسیقازان کوڕی پیاوێکی کوردپەروەر، ئەندامی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بەر لە شۆڕشی چواردەی تەمووزی (١٩٥٨)، بە ناوی (کاک ئەحمەد)ی کوڕی (حەمە مەلا)یە، لە گەڕەکی (بەفری قەندی) لە شاری (کۆیە) شاری حاجی قادر، پەیامبەری کوردایەتی شۆڕشگێڕ لە دایک بووە.» ئەم شایەدییە لە دەمی کەسێکی نیشتمانپەروەری وەک (خارە خالید)ـەوە بۆ نووسینەکانی ئێمە زۆرە، چونکە



**تیپی مۆسیقای سلێمانی**

(کۆیە) دانیشتووی گەڕەکی (بەفری قەندی) بوونە،

**دووەم:** خارە خالید دلێر لەگەڵ دایکم (شیری) خواردووە و برای شیری دایکم بووە، بۆیە هەمیشە بە خارە خالید بانگم کردووە.

ئەمەی خوارەوەش تەواوی ئەو (فاکس)ـەیە:

لە سەری سەرەوەی ئەو فاکسەدا نووسراوە:

(Mo. 13 MAR. 00) واتە دووشەنبە، (١٣)ـەی ئاداری ساڵی (٢٠٠٠).

بەڕێز کاک بەرزان سڵاوی گەرم.

کاک (وریای ئەحمەدی حەمە مەلای):

کاک وریای مۆسیقازان کوڕی پیاوێکی کوردپەروەر، ئەندامی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بەر لە شۆڕشی چواردەی تەمووزی (١٩٥٨)، بە ناوی (کاک ئەحمەد)ی کوڕی (حەمە مەلا)یە، لە گەڕەکی (بەفری قەندی) لە شاری (کۆیە) شاری حاجی قادر، پەیامبەری کوردایەتی شۆڕشگێڕ لە دایک بووە. خوێندنی لە شاری کۆیە و لە هەولێر تەواو کردووە.(٢) کاک ئەحمەدی حەمە مەلای باوکی کاک وریا: هونەرمەندێکی بە توانا بووە، دەنگێکی خۆشی هەبووە و مەقامەکانی تاموچێژی کۆیە و دەوروبەریانی وەک: (نیوەشەو) و (ئەیلێ زاڵم)(٣)ی زۆرباش گوتوون و وەستای گوتنی بەستەی (شلەوخانان، داد ئامینێ، هەو هەوێ میری مە) بووە، کاک ئەحمەد دووکانی لە (قەیسەری) کۆیە بووە و کوتاڵفرۆش بووە و ئێواران لەگەڵ برادەر و دۆستەکانی دەچوونە نێو ڕەز و باخی دەوری کۆیە بۆ سەرگەرم کردن و بە دەنگە

وەک زووتر گوتم: باوکمی لە نزیکەوە ناسیوە و ئاماژەشی پێداوە، کە لە پێش شۆڕشی (١٤)ی گەلاوێژی (١٩٥٨)، ئەحمەدی حەمە مەلا ئەندامی پارتی بووە و کەسێکی نیشتمانپەروەر بووە. یان دواتر کە دەڵێ: «کاک ئەحمەدی حەمە مەلای باوکی کاک وریا هونەرمەندێکی بە توانا بووە، دەنگێکی خۆشی هەبووە و مەقامەکانی تاموچێژی کۆیە و دەوروبەریانی وەک: (نیوەشەو) و (ئەیلێ زاڵم)ی زۆرباش گوتوون و وەستای گوتنی بەستەی (شلەوخانان، داد ئامینێ، هەو هەوێ میری مە) بووە.»

سەیر ئەوەیە منیش کاتی خۆی بۆ نووسین لەسەر باوکم ئەم ناونیشانەم داناوە:

(ئەحمەدی حەمە مەلای باوک و هونەرمەند و نیشتمانپەروەر)(٥) کە خارە خالید بێ ئەوەی بەوە بزانێت ئەویش دەنووسێت: ئەحمەدی حەمە مەلا هونەرمەندێکی بە توانا بووە، دەنگێکی خۆشی هەبووە. بەر لە (١٤)ی گەلاوێژی (١٩٥٨)یشەوە ئەندامی پارتی بووە ...تاد. واتە ئەو نووسینانەی تا ئەمڕۆ لە سەر (ئەحمەدی حەمە مەلا) نووسراون، ئێستا نووسینی کەسێکی دیکەی کۆیی ڕۆشنبیر و هونەرمەند بۆ ئەو کەسانەی زووتر زیاد بوو، ئەوانەی باسی هونەرمەندیی و دەنگخۆشی و مەقامزانی و نیشتمانپەروەری ئەحمەدی حەمە مەلای باوکمیان کردبوو. کاتێکیش باس دەکات و دەڵێت: «مەقامەکانی تاموچێژی کۆیە و دەوروبەریانی وەک: (نیوەشەو) و (ئەیلێ زاڵم)ی زۆرباش گوتوون.» بڕوا بکەن من لەو یەک دوو توێژینەوەی تا ئەمڕۆ لەسەر (ئەحمەدی حەمە مەلا)ی هونەرمەند و ئاوازدانەر کردوومە، وەک گرتنە بەری ڕێبازێکی (ئەکادیمی) هەرگیز نەمویستووە، ئەگەر واش بوو بێت بێ بەڵگە هیچ شێوە گوتن، یان ئاواز و مەقامێک بۆ باوکم بگەڕێنمەوە، واتە نەهاتووم لە ختوخۆڕا بڵێم: ئەو گوتنانەش باوکم سەرەتا گوتوونی، لەو بەرهەمانە زیاتر کە ئەو خەڵکانەی کاتی خۆی بۆ ئەم مەبەستە بە خزمەتیان گەیشتووم و بۆیان باس کردووم و بە (کاسێت) تۆمارم کردوون، ئەگینا من وەک ئەمڕۆ لە بیرمە باوکم (وەیلی زاڵم) و (نیوەشەو ــ لە گولێ لە سۆرە گولێ لە نارنجێ لە لیمۆێ)ی زۆر باش گوتووە، ڕەنگە (تایەر تۆفیقی نەمر) وەک شێوە گوتنەکانی (شیرین بەهارە) و (ڕۆژێ وا ڕێکەوت کە ڕێگام کەوتە ماڵی یارەکەم) و (وا چرای کوڵمت) و هی تریش سەرەتا گوتنی ئەمانەش هەر لە (ئەحمەدی حەمە مەلا)وە فێر بووبێت و دواتر لە ئێزگەی کوردی بەغدا، یان لە دانیشتن و لە ئاهەنگەکاندا تۆماری کردبن...

خارە خالید دواتر دەڵێت: «وەستای گوتنی بەستەی (شلەوخانان، داد ئامینێ، هەو هەوێ میری مە) بووە.» ئەمەشیانم وەک ئەمڕۆ لە بیرە کە لەگەڵ مامە (عومەر عەبدوللا) یادیان بەخێر بە جووتە زۆر جوان دەیانگوت.

شایانی گوتنە من خۆم وەک (وریا ئەحمەد) تا ئەمڕۆ زیاد لە ئاوازی گۆرانییەکم لەوانەی هەر لە سەرەتای منداڵییەوە لە کۆڕەکانی ناو ڕەز و باخەکانی کۆیە لە باوکم (ئەحمەدی حەمە مەلا) بیستوومن، بە موزیک و دەنگی نوێ تۆمارم کردوون، بۆ نموونە:

(١) گۆرانی (بەو بەو بەو یا دوست خانمە خاسەکەم)، کە فۆلکلۆری ناوچەی (کرماشان و خانەقینە) وەک گوتم: لە باوکی خۆم لە کۆیە بیستوومە، لە یەکەم بەرهەمی (تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە) و گوتنی (کۆرس) لە چوارچێوەی پارچەیەک موزیکی خۆم بە ناوی (کچە شۆخەکە) بۆ تەلەفزیۆنی (ڕەش و سپی) لە



(بەغدا) تۆمارمان کرد.

(٢) گۆرانی (یار زەینەب) کە دواتر شاعیری بە توانای شاری کۆیە مامۆستا (جەلال جۆبار) لە سەر داوای خۆم هۆنراوەی (با بچینە کوێستان)ی بە بەرگدا بڕی و بە دەنگی گۆرانیبێژ (سەلاح محەمەد) و بە هاوکاری (تیپی هونەری هەولێر) بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمار کرا.

(٣) گۆرانی (پەیمان شکێن) کە هۆنراوەی (ئیبراهیم ئەحمەد)ـە و دەتوانم بڵێم ئاوازی (ئەحمەدی حەمە مەلا)یە، بە دەنگی خۆم و بە هاوکاری (تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە) لە سەرەتای حەفتاکان بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمارمان کرد.

(٤) گۆرانی (ڕەنگی زەردم بۆ تۆ مردم دەوای دەردم کوڵەجەکەی خامەکە) بە دەنگی (کۆرس) ی (باواجی کۆیە) بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمارمان کرد.

(٥) گۆرانی (**بازان باز قەتار قولێنگان حەوایی حەیفەن بۆ باڵای شەو بە تەنیایی**) ئەمەیان بە دەنگی گۆرانیبێژ (سەلاح محەمەد) و بە هاوکاری (تیپی مۆسیقای باواجی کۆیی) بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمار کرا.

(٦) گۆرانی (چەندم پێ گۆتی کچێ خەجێ مەچووە بیتوێنێ)، ئەمەش هەر بە دەنگی گۆرانیبێژ (سەلاح محەمەد) و بە هاوکاری (تیپی هونەری هەولێر) بۆ تەلەفزیۆنی (کەرکووک) تۆمارمان کرد.

(٧) گۆرانی (ئامین ئامین ئامینێ) بە دەنگی گۆرانیبێژ (دیاری بەرزنجی) و هاوکاری (تیپی موزیکی میللی کەلەپووری کورد) بۆ کەناڵی هەولێری (tv)ی گەلی کوردستان بەم دواییە تۆمار کراوە. شایانی گوتنە کاتێک ساڵی (١٩٨٠) ئەو کاتەی لە هەولێر (تۆمارگەی دڵدار)م هەبوو، لە بەرهەمی ئەو ساڵەی (قادری سەیاحی) ئەو گۆرانییەم بیست، تووشی (شۆک) هاتم! ئاخر دەیان جار بە منداڵی لە باوەشی و لە نزیکەوە لە باوکم (ئەحمەدی حەمە مەلا) ئەو گۆرانییەم بیستووە، بەلامەوە زۆر سەیر بوو، ئەو گۆرانییە چۆن بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەییوە؟ چونکە ئەو گۆرانییە کە لە سەر مەقامی (بەیات)ـە و خاوەنی ڕەزمی (٦ ـ ٤)ێکی زۆر خاوە، قورسە و هەموو گۆرانیبێژێک ناتوانێت بیڵێ! ئێستاش دەیان ئاوازی ترم لە یادە کە یەکەم جار لە (ئەحمەدی حەمە مەلا)وە بیستوومن و مەرگ مەودا بدات، لە داهاتوودا تۆماریان دەکەین.

**پەراوێز:**

**(١) خارە: لە ناوچەی کۆیە مەبەست لە (خاڵە)یە.**

**(٢) دیارە خارە خالید دلێر لەم ڕستەیەی کە دەربارەی خوێندن تەواوکردنە مەبەستی لە تەواوکردنی خوێندنی منە، واتە مەبەستی لە (وریا)یە.**

**(٣) بەو پێیەی کوڕی ئەحمەدی حەمە مەلام هەر لە سەرەتای کۆرپەییەوە و تا منداڵی و مێرمنداڵی و هەرزەکاری و لاوێتی و تا مەرگی ناوادەیشی، باش لە بیرمە کە باوکم وەستای گوتنی ئەو شێوە گوتنانە بووە، بە تایبەتی «وەیلێ زاڵم» کە خارە خالیدم بە (ئەیلێ زاڵم) نووسیویەتی، دووریش نییە وەک شێوە گوتنی «شیرین بەهارە» ئەمەشیان هەر لە ئاوازی خۆی بوو بێت، چونکە هۆنراوەکەی فۆلکلۆر نییە و تا ڕادەیەک نوێیە، مەبەستم ڕەنگە ئەگەر، بەر لە کۆچەکەی لە باوکم پرسیار بکردایە، ناوی ئەو شاعیرەی پێ بگوتایە.**

**(٤) هەرچەندە تا ئەمڕۆ زیاد لە جارێک و شوێنێک بە شانازییەوە خۆم بە قوتابی هونەرمەندی گەورە مامۆستا (باکووری) داناوە و تا ئەمڕۆش خۆم هەروا دادەنێم، بەڵام لە ڕاستیدا من لە سەر دەستی هونەرمەند (سەردار ئەحمەدی شمشاڵ و فلووت ژەن) کە یەکێک لە قوتابیانی هونەرمەند و مامۆستا (باکووری)یە، فێری خوێندنەوە و نووسینی (نۆتە)ی موزیک بووم، ئەو کاتەی هونەرمەند باکووری قوتابییانی بەهرەمەندی (قوتابخانەی ناوەندی کۆیەی) کۆکردۆتەوە و مەشقی موزیکی پێ کردوون، ئەمە لە ساڵەکانی (١٩٥٦، یان ١٩٥٧) من ئەوکاتە قوتابی پۆلی سێ، یان چوارەمی قوتابخانەی (زانستی سەرەتایی) کۆیە بوومە، بۆیە ئەو هونەرمەندە ڕاستەوخۆ منی فێرە لێدانی هیچ ئامێرێکی موزیک نەکردووە. ئەمە بۆ مێژوو بوو.**

**(٥) بڕوانە گۆڤاری (کاروان)ی ژمارە (٩٦)ی ساڵی (١٩٩٢) و گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٢٧)ی کانوونی یەکەمی (٢٠٠٧).**

# دڵشاد مەریوانی و «کۆبەرهەم»ەکەی

مارف خەزنەدار




**دڵشاد زوو حەقیقەتی دۆزییەوە**

لەمێژ نەبوو ساڵی خوێندن لە زانستگای بەغدا دەستی پێ کردبوو، ئەوکاتە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێجی ئەدەبیات مامۆستا بووم. گوتیان لاوێک فەرمانی قوتابییەتی بۆ دەرچووە لەو بەشە زانستییەدا بخوێنێ. ئەوی ڕاستی بێ لەو جارانەی کە قوتابی تازەیان بۆ دەناردین لە دوای دەست پێ کردنی خوێندن، ئێمەی مامۆستا زۆربەمان دەکەوتینە گومانەوە، وامان بیر دەکردەوە ئەو قوتابییە شایانی ئەو جێیە نییە و لەوانەیە بەبێ مەرجەکانی ئەو بەشە زانستییە واسیتە کارێکی وای کردبێ ئەو کەسە ببێ بە قوتابی.

نەیسە هەر چۆنێ بێ قوتابی تازەمان لاوێکی کەڵەگەت و لاواز و درێژی هەندێ چەماوە بوو، ناوی دڵشاد محەمەد ئەمین مەریوانی بوو. لەسەرەتاوە لەمنەوە نزیک نەبوو، بەگومانەوە دەمنواڕییە هەڵسوکەوتی. لەکاتی موحازەرەدا لە ڕیزەکانی پشتەوە دادەنیشت و بێ دەنگ بوو، گوێی لە موحازەرە دەگرت، دەوامی ڕێکوپێک بوو. زۆر تەماشای منی دەکرد، بەڵام من لەکاتی موحازەرەداندا بە زۆری ڕووم لێی وەردەگێڕا. بۆ ماوەی دوو سێ مانگ بەرانبەری گرژ بووم، گفتوگۆم لەگەڵیدا نەبوو، چونکە هێشتا باوەڕم بەوە نەبوو ئەم گەنجە شایانی ئەوەبێ، ببێ بە قوتابی لەم بەشە زانستییەدا.

لە ژیانی مامۆستاییمدا لە زانستگای بەغدا نەریتێکی زانستگاکانی ئەورووپام لەگەڵ خۆم هێنابووەوە. لە ژووری مامۆستایان کورسی و مێزی دانیشتن و کارکردنم هەبوو. هەموو قوتابیانم تێ گەیاندبوو ئەگەر مەسەلەیەکی زانستییان هەبوو دەتوانن بێنە لام بۆ ئەوەی جێبەجێی بکەین. هەندێ جار ئەگەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هەتا داراییش هەبوایە، بەپێی توانا بۆم جێبەجێ دەکردن.

ڕۆژێکیان مامۆستایان لە هۆڵی موحازەرە بوون، من بە تەنیا لە ژوورەکەدا لە حەسانەوەدا بووم. دڵشاد بۆ یەکەمین جار بەرەو ڕووی من بووەوە و گوتی: ڕێگە هەیە لە خزمەتتدابم؟ گوتم: بەڵێ. گوتی:

دوێنێ و پێرێ گەیشتمە ئەو ڕاستییەی تۆم خۆش دەوێ، بەڵام وا هەست دەکەم تۆ منت خۆش ناوێ؟! گوتم: سوپاست دەکەم بۆ ئەو خۆشەویستییەی تۆ بەرانبەر بەمن، بەڵام نازانم چۆن بڕیاری وا دەدەی کە من تۆم خۆش ناوێ؟! گوتی: مامۆستا تۆ لە کاتی موحازەرەدا ڕوو دەکەیە هەموو قوتابیان، بە نۆرە یەکەیەکە تەماشایان دەکەی، تا دەگاتە ئەوەی هەندێ لەو زانیارییانەی لە دەمت دێنە دەرەوە، بۆ ئەو کەسەیە کە چاوت تێبڕیوە، بزەو زەردەخەنەت بۆ هەموو قوتابییانە تەنیا ڕوو لەمن ناکەی! گوتم: ڕەنگە ئەمە لەوەوە هاتبێ تۆ ناناسم، لەگەڵ قوتابیانی دیکە دەمێکە بووم بە ناسیاو، وەکو لێت ئاشکرایە تۆ درەنگ هاتی بۆ ئەم دەسگا زانستییە!

دڵشاد هەندێ بێ دەنگ بوو و پاشان گوتی: لەم دواییەدا بۆم دەرکەوت لە هەموو ڕوویەکەوە من لە تۆ نزیکم، لەبەر ئەوە تۆم خۆش دەوێ، لەوەش دڵنیام ڕۆژگار ڕاستی ئەم قسەیە بە هەردووکمان دەسەلمێنێ.

ئیتر لەو ڕۆژەوە دڵشاد مەریوانی بوو بەیەکەمین قوتابیم، بوو بەهاوڕێی ژیانم، بوو بە هاوکاری گۆڕەپانی زانستی و ئەدەبی بێ پایانم، بوو بە هاوپیشەم لەوانە وتنەوەدا، لە دواجاردا بوو بە خۆشەویستم و یەکێک لەو کەسانەی هەموومان بووین بە قوتابی یەکتری، بووین بە شێخ و موریدی یەکتری، لە دواجاردا بووین بە ڕەمزی وەفا و پیاوەتی و داهێنانی ئەدەبی و زانستی بۆ یەکتری.

## دڵشاد قوتابی زانست بوو

مێرغوزاری مێشکی دڵشاد لە سەرەتای خوێندنی بەکالۆریۆسی زانستگا چرۆی ڕووەکی هەموو لایەنەکانی مەیدانی ئەدەبی کوردی دەرکردبوو، ئاسۆی خەیاڵی لەم لایەنەوە فراوان بوو، زیرەکانە دەیتوانی سوود لە هەموو تاقیکردنەوە و زانستی مامۆستاکانی وەربگرێ، ئەگەرچی بەلای منەوە بە زۆری قوتابی سوود لە هەموو زانیارییەکی مامۆستا وەرناگرێ، بەڵام دڵشاد لە هاوڕێکانی زیاتر بایەخی بە سەرچاوەی گشتی خوێندنەکەی دەدا، هەروەها مامۆستاش وەکو سەرچاوەیەکی دیاری کراوی زیندوو بوو لەو بابەتەی دەبوو فێری بێ.

دڵشاد لە ڕووی زانیاری لە بابەت ئەدەبەوە بەگشتی خەریکی مێژووی ئەدەب بوو، چونکە ئەمە بنیاد و بنچینەی مەبەستی بەرهەمی ئەدەبییە. بێ گومان ئەمە بۆ لایەنە تیۆرییەکانی ڕادەکێشا، ئەمەش ئاسۆیەکی دیکەی بۆ زانستی بەراوردکاری لە ڕوویدا دەکردەوە، لەمەدا توانای ئەوەی هەبوو سەربکەوێ، چونکە بۆ مەسەلەی ئەدەبی بەراوردکاری، پێویستە کاریگەری زانستی زیاد لەسەر زمانی زگماکی خۆی زمانێکی دیکەش بزانێ. بۆ دڵشاد زمانی عەرەبی لەوانە بوو بتوانێ هەموو داهێنانێکی مێشکی پێ بنووسێتەوە.

دڵشاد تەنیا خەریکی ئەدەبی کلاسیکی بەرز نەبوو، سوارچاکێک بوو لە مەیدانی ئەدەبی میللی کوردی (فۆلکلۆر). لەو ماوە کورتەی تەمەنیدا بەشێکی زۆری ئەدەبی میللی لە فەوتان ڕزگار کرد. لە قۆناغی پراکتیکی میکانیکیدا بوو، واتە تێکستی کۆ دەکردەوە. بۆ ئەم مەبەستە نامەخانەیەکی دەسنووس لەلای دروست بوو. هەروەها بە ڕێگەی دەنگی تۆمارکراو لە کاسێتی ماگنیتافۆن تێکستی ئەو نووسینانەی پاراست، بەڵام داخی گرانم مەرگ ڕێگەی ئەوەی نەدا ئەم گەنجینە کولتوورییە بداتەوە خاوەنی خۆی کە میللەتی کوردە.

هێشتا قوتابی زانستگا بوو، دەستی بۆ هەموو لایەنەکانی دیکەی هونەر دەبرد، بە تایبەتی هونەری میللی (فۆلکلۆری). لەوکاتەی کە لە خوێندنی زانستگا هەندێ پێشکەوت، کەوتە تاقیکردنەوە لە مەیدانی ڕەخنە و بەراورد نەک تەنیا لە مەیدانی ئەدەبدا، بەڵکو لە بواری هەموو ئەو زانستانەی پێوەندییان بە کۆمەڵ و کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

دڵشاد قۆناغی قوتابیەتی تەواو نەکردبوو، وەکو ڕەخنەگرێک دەکەوتە بەرچاو، دەستی بۆ کاری وا درێژ دەکرد، ڕەنگ هەبوو بڵێین ئەمە کاری قوتابییەکی زمان و ئەدەبی کوردی نییە لە زانستگا، هەرچەندە زیرەکیش بێ! بەڵام گیانی تەکان و شۆڕشگێڕی هانی دڵشادی دەدا لە دەرخستنی حەقیقەتێک بێ دەنگ نەبێ.

لەو سەردەمەی دڵشاد قوتابی بوو، هێمنی شاعیر لە بەغدا دەژیا و ناو و ناوبانگی هەبوو. بەهۆی منەوە

دڵشاد لە شاعیرەوە نزیک بوو. قوتابی خوێنگەرم لە نووسینێکیدا ڕەخنەی لە هێمن گرتبوو. ئەمە شاعیری گرژ کردبوو. لە نزیکەوە ئاگادارم لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە بە تەواوی شێوابوو. هێمن لەگەڵ ئەم هەموو شاعیرییەت و کۆمەڵە زانستی و زانیارییەی لە بابەت ئەدەبی کوردییەوە، هەندێ جار عەشاییریانە بیری دەکردەوە. خۆی پێی گوتم: چۆن دەبێ منداڵکارێک قسە بە من بڵێ! من دڵیم دەدایەوە و ئەوەم دەخستە ڕوو یەکێکی وەکو دڵشاد هێشتا هەر قوتابی تۆیە، بەڵام قوتابیش پێویستە لە هەندێ بیروبۆچوونیدا سەربەست بێ، ئەگینا کۆمەڵمان بەنج دەبێ و لە جووڵە دەکەوێ. ئەگەر قوتابییەک هەندێ بیروبۆچوونی لەبابەت مامۆستایەوە هەبێ، پێویستە مامۆستا بەمە بەختیار بێ، چونکە گۆمەکە خەریکە دەشلەقێ و خاک ئاوەدان دەکاتەوە.

## دڵشاد ڕەخنەگر بوو

لە کۆرسێکدا لەو پۆلەی ڕەخنەی ئەدەبیم دەگوتەوە، داوام لە قوتابیان کرد ئەوەی ئارەزوو دەکا، نەک هەموویان، بابەتێک هەڵبژێرن و لە ڕووی ڕەخنەی بەراوردکارییەوە هەڵیسەنگێنن. وابوو چەند قوتابییەک خۆشحاڵ بوون بەمەو هەریەکەیان بابەتێکی هەڵبژارد و دەستی بەکار کرد.

بۆ ئەم مەبەستە دڵشاد هاتە لام و گوتی: تۆ چیرۆکێکت بەناوی «پێشوازی خاوەن شکۆ»وە نووسیوە، هەروەها چیرۆکنووس محەمەد مەولوود «مەم»یش چیرۆکێکی بەم ناوەوە هەیە. هەردوو چیرۆک باس لە سەردانەکانی خاوەن شکۆی مەلیکی عیراق فەیسەلی دووەم دەکەن بۆ شاری هەولێر، من دەمەوێ ڕاپۆرتە زانستییەکەم لەسەر ئەمە بێ. گوتم: وەک ئاگاداری من دۆستی نزیکی محەمەد مەولوودم، تۆ کە بەراورد لەنێوان چیرۆکێکی من و چیرۆکێکی ئەو دەکەی، نازانم کامەیان بەلای تۆوە باشتر دەبێ! بەڵام ئەوە دەزانم ئەگەر چیرۆکەکەی من لەوەی ئەو باشتر بێ، هەڵوێستی من بەرانبەر بە محەمەد مەولوود و خوێنەر و خوێندەواری کورد چۆن دەبێ؟! دڵشاد گوتی: ئەمە مەسەلەیەکی زانستی و حەقیقەتێکە مەرایی و ماستاو ساردکردنەوەی تێدا نییە! یەکێک عەقڵیەتی بەم جۆرە قوندە بێ و هەموو دیاردەیەک بە پێوانەی عەشاییری وەربگرێ، نابی گوێی بدرێتێ. ئەو کارەی من دەیکەم پەردە لادانە لەسەر حەقیقەت. من و تۆ و محەمەد مەولوود هەموومان هاوڕێ و دۆستی یەکترین، هەموو بڕیارێکی زانستیش لە نرخی ئەو دۆستایەتییە کەم ناکاتەوە.

دڵشاد سوور بوو لەسەر ئەوەی خۆی لەم بابەتە بدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر من زۆرم بکردایە لە قسەی خۆم، وازی لە بابەتەکە دەهێنا، بەڵام دوا قسەی من ئەوە بوو: زۆر حەز دەکەم نەچییە ناو ئەم بابەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕیار لەدەست خۆتە.

وابوو لەدواییدا دڵشاد نووسینەکەی بۆ هێنام، لەگەڵ ڕاپۆرتە زانستییەکانی دیکەی قوتابییان بەسەریەکەوە هەموو خوێندەوە. گومان لەوەدا نەبوو دڵشاد لە ڕووی زانستییەوە سەرکەوتووترینیان بوو، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا زۆرترین نمرەم بەو نەبەخشی، قوتابییەکی دیکەشم کردە هاوسەنگی دڵشاد لە ڕاپۆرتە زانستییەکەیدا، وابوو هەردووکیان نمرەی زۆرباشیان وەرگرت. لە پاشان دڵشاد بەوە نەوەستا وەکو نووسینی قوتابییەکی زانستگا بەرهەمەکەی بخاتە ناو ئەرشیڤی تایبەتی خۆیەوە، بەڵکو وەکو نامیلکەیەک بە چاپی گەیاند. ئەوەی مایەی شادی و بەختیاری بوو بۆ من، ئەوە بوو محەمەد مەولوودی هاوڕێم بە مەسەلەکە گرژ نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەستخۆشی لە دڵشاد کرد.

## مەرگی دڵشاد

تا پێش مەرگی دڵشاد لە ساڵی ١٩٨٩، بە زۆری لەنێوەندی ئەدەبیدا ئەم تەعبیرەم بەکاردەهێنا «سێکۆچکەی شەهیدانی ئەدەبی کورد لە سەدەی بیستەمدا». دڵشاد ئەم وتەیەی منی پێ خۆش بوو، هەندێ جار بەناوی منەوە بۆ خەڵکی دەگێڕایەوە. هەرچەندە لە بەرهەمی شیعری خۆیدا ئاماژە بۆ ئەوە هەیە لە پێناوی بیروڕای ئازاد و بیری کوردایەتی ئەویش دەبێتە قوربانییەکی دیکەی قەڵەم، بەڵام من ئەو بیروڕایەی ئەوم بە خەیاڵی شیعری و فەنتازیای فیکر حسێب دەکرد، هەرگیز بۆ ئەوە نەدەچووم ئەنجامی ژیانی دڵشاد وەکو سێکۆچکەی من بێ. لەدواییدا ڕاستیش لەوەدا بوو چارەنووسی

دڵشاد ئەوەبوو بچێتە لای سێکۆچکەکە و مەزندەی من و گەشبینییەکەشم لەم لایەنەوە بەڕاست دەرنەچوو.

لە بابەت سێکۆچکەی منەوە، کەسەکان ئەمان بوون:

یەکەمیان وەزیری نادری (١٩١١- ١٩٤٦) نووسەر و شاعیر و هاوولاتی ئەرمەنستانی قەفقاس، لە بنجدا خەڵکی ناوچەی وانی کوردستانی عوسمانی بوو، بەدەستی نەیارانی کورد و شۆڕشی ئۆکتۆبەری (١٩١٧)ی ڕووسیا کوژرا.

دووەمیان یوونس دڵدار (١٩١٨- ١٩٤٨) نووسەر و شاعیر و خەڵکی کۆیە. ئێوارەیەک لە یانەی مووچەخۆرانی هەولێر نان دەخوا، خواردنەکە کاتی بەسەرچووە و بۆگەن بووە، لە نیوەی شەوی ئەو ڕۆژەدا بەهۆی خواردنەکە خوێنی شاعیر ژەهراوی بوو، ئیتر کارەساتێکی دیکە کەوتە ناو ئەدەبی کوردییەوە و دڵدار کۆچی دوایی کرد.

سێیەمیان مارف بەرزنجی (١٩٢١- ١٩٦٣) نووسەر و شاعیر کە خەڵکی کەرکووک بوو، دوژمنانی کورد لە دەسەڵاتی حزبی بەعس لە سێدارەیان دا، چونکە خاوەنی بیری سەربەست و قەڵەمی ئازاد و هزری ئاشتی و فیکری کوردایەتی بوو.

دڵشاد مەریوانی لە ساڵی ١٩٨٩دا گەیشتە لوتکەی شەهید بوون و بەو سێ مامۆستاو هاوڕێیانەی شاد بوو کە هەمیشە ناویان لەسەر زاری بوو. ئیتر هەموویان لە سایەی ئەدەبی کوردی و مێژووە پڕ بەهاکەی حەسانەوە و بوون بە بەڵگەیەکی دیکە کە شاهیدی دەدا کورد نەتەوەیە و مافی ژیانی هەیە.

دڵشاد مەریوانی قوتابی هەمیشەیی ئەدەب بوو، مامۆستای قوتابخانەی ناوەندی بوو، قوتابیانی فێری زمان و ئەدەبی کوردی دەکرد. دوژمنانی کورد لە حزبی بەعس بە فیتی نەیارانی بەوە تاوانباریان کرد قوتابیانی فێری ئەلفوبێی لاتینی دەکا. لە سلێمانی گیرا، لەسەر ئەوە فەرمانی کوشتنی بۆ دەرچوو. ئەوی ڕاستی بێ، کارگەرانی ئاسایشی بەعس لە سلێمانی هەموویان لەسەر ئەو ڕایە نەبوون تاوانی دڵشاد لەو پلەیەدایە لەسەری بکوژرێ، بەڵام ئاسایشی بەعسی کەرکووک لەژێر چاودێری عەلی حەسەن ئەلمەجید (ناسراو بە کیمیاوی) سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەو کەسە نابێ لەسەر زەوی بمێنێ.

بەڕاستی عەلی کیمیاوی دڵشادی نەدیبوو، بەڵام بەهۆی نەیارانی دڵشاد لەناو کوردان ڕق و کینێک لەناو دڵ و دەروونی ئەو پیاوکوژە دروست ببوو، ڕێگەی بەوە نەدا هیوا و ئامانجی دوژمنانی دڵشاد نەهێنێتەدی. بەم جۆرە تکای هەندێ لە بەعسییەکانی ئاسایشی سلێمانیشی قبووڵ نەبوو. ئیتر دڵشادیان لەسەر کورسییەک دانا، جەللادی دەمانچە بە دەست پێی گوت: سەرت دانوێنە! دڵشاد بە زمانێکی جلفی عەرەبی گوتی: کەسی سەربەست و ئازاد سەر بەرزە، سەری دانانەوێ. بەم جۆرە ژیانی ئەم لاوە جوان و زیرەک و ئێسک سووکە کۆتایی هات.

### کۆ بەرهەمەکەی دڵشاد مەریوانی

دڵشاد تا لەژیاندا بوو هەندێ بەرهەمی لە شیعر و پەخشان بڵاوکردەوە. بەشێکی زۆری دیکەی بە دەسنووسی مایەوە، تا لەم دواییەدا «شیرین ک.»ی خۆشەویست و هاوسەری ژیانی بەسەر یەکەوە شیعری بڵاوکراوە و بڵاونەکراوەی لە کتێبێکدا بەناوی «کۆبەرهەم»ەوە بەچاپ گەیاند. گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە زۆربەی شیعری دڵشادی گرتۆتە خۆ. ئەوەی من ئاگادارم هەندێ شیعری دیکەی هەیە لەم چاپەدا ناکەوێتە بەرچاو.

دڵشاد لەو شاعیرە نوێخوازانە بوو ئاگاداری شیعری کلاسیکی بوو. ئەگەر ئارەزووی بکردایە لەو جۆرە شیعرەدا بەرهەمی سەرکەوتووی زۆر دەبوو. بۆ بەڵگە دڵشاد دەڵێ:

**زامی جەرگم هاتە خەندە پڕ بە زاری پێکەنی**
**هۆش و بیرم کەوتە هەڵپە بەرگی سستی داکەنی**
**پێت ئەڵێم جوانی فریشتە پڕ بە دڵ تۆم خۆش ئەوێ**
**پێم ئەڵێن ویستن بە ئیشە کێوی بێستوون هەڵکەنی**
**سەرلەنوێ کەوتوومە ناڵە گیانەکەم ژینم ئەوێ**
**تۆش بە نازی پەنجەکانت وا خەریکی لێم سەنی**
**دڵ وەکو ساوا هەموو جار ئارەزووی یاری ئەکا**
**تۆ بەنادانی خەریکی هەردوو چاوی دەریەنی**

**من وەکــو پەروانە دایم حــەز بە بینینت ئەکەم**
**تۆ کە ئەستێرەی سیوەلی خۆت ناخەیتە دیدەنی**
**بەم هەمــوو ژان و ســزایەش کــە ژیانم پڕ نەکا**
**دڵ بــەبێ تــۆ وشـک و چــۆڵە تــۆ گوڵزار و چیمەنی**

لە چوارینێکیدا دڵشاد دەڵێ:

**سوخمەی دانتێلی ڕەنگ نەخشین و ئاڵ**
**خستوویە باوەش جووتێ مەمی کاڵ**
**مەمیش وەک ساوای بەشەر سەرما بوو**
**خۆی لە باوەشیا توند حەشار دابوو**

لە چوارینێکی دیکەدا دەڵێ:

**گوڵی لاوێتیم لە ئینجانەی ژین**
**ئاوی تەمەنی خێرا لێ بڕا**
**مەلی دڵیشم بەبێ جوولە و تین**
**لە جەرگی خاکا خەیەکەی هەڵدا**

لەم دوو وێنە شیعرییەدا دڵشاد خۆی وەکو شاعیرێکی کلاسیک دەخاتە ڕوو. لە نموونەی یەکەمیاندا خوێنەر لەگەڵ غەزەلێک ڕووبەڕوو دەبێتەوە لەسەر بەحری عەرووزی هۆنراوەتەوە، هەروەها مەرجی یەکێتی قافیەی تێدایە. ئەوجا دەمێنێتەوە خەیاڵ و ئەندێشە و تەعبیر، بێ گومان هەناسەی سەردەمی تازەی پێوەیە، واتە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم.

لە نموونەی دووەمیاندا لە چوارینێکدا لەسەر کێشی سیلابی دە بڕگەیی خۆماڵی هۆنراوەتەوە، قافیەی مەسنەوییە، لە چوارینەکەی دیکەدا یاری بە قافیە کردووە بەشێوەی (اب اب) خۆی دەنوێنێ.

لەم ڕووەوە دڵشاد شیعری سەرکەوتووی هەیە. هۆی بەردەوام نەبوونی لەسەر سیستەمی شیعری کلاسیکی کۆن، کارێکی ئاسایی بوو، بەڵام دڵشاد جیاواز بوو لەو شاعیرانەی گوێی مۆسیقی شیعری کلاسیکی عەرووزی کوردیان نەبووە. بەپێی تیۆری محەمەد ساڵح دیلان، دڵشاد شاعیرێکی ڕەسەنە، چونکە دەتوانێ شیعر لەسەر هەوای کلاسیکی کۆن دابنێ، بەڵام لە سەردەمێکدا دەژی پێویستە پێڕەوی شیعری تازە بکا، ئەوەی لە ناو کۆمەڵانی هەموو میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوبۆتەوە.

ئەگەر گەشتێکی هونەریانە بەناو گولزاری شیعری نوێی دڵشاددا بکەین لە «کۆبەرهەم»ەکەی دا تووشی گەلێ شیعری جوان دەبین. هەندێ لەو جوانانە لێرەدا تۆمار دەکرێن.

-١-

دڵشاد لە شیعرێکیدا دەڵێ:

**ناڵەی پڕ داخی گێژاوی دەروون**
**بەماچی لێوت گەشت بوون سەرنگوون**
**ئەشکی قەتیس ماو**
**لە چاوی گەشا**
**وەک شەونمی چاو**
**لە کوڵمت پژا**

* * *

**وشەی شەرمنی لێوی ناسکت**
**بووە مۆسیقا**
**دەنگی بە سۆزی ئەیوت: گیانەکەم**
**چرای کزبووی دڵ بە تۆ هەڵکرا**
**بە تەنیا ماچێک دڵت کەوتە جۆش**
**لێویش پڕ بەناز ڕازی دڵداری**
**ئەخستە سەرکۆش**

خەیاڵی ئەم لیریکە ناوچەییە، خۆشەویست کیژێکی کوردە، بەڵام دڵشاد ئەم خەیاڵە کوردییەی لەناو گێژاو و تەمومژی ڕۆمانتیکی شاعیرە گەورەکانی ئینگلیز و فەرەنسی تواندۆتەوە، بەمە شێوەی عالەمی وەرگرتووە، ئیتر بووە بە وەسف، بەڵام وەسفێکی ژێرەوە نەک سەرەوە، بە مانای وەسفێکی ناوەوەی ناوەڕۆک نەک سەرەوەی ڕوخسار.

-٢-

دڵشاد دەڵێ:

**بەرەبەیان بوو**
**خوڕ و نمە بارانێکی غەمناک بارین**
**بارین بارین**
**خوێنی لێوی جوانێکی سیل گرتوویان**
**لە (حەیدەرخانە) شتەوە**
**نوستوویەکی شۆستەکەی**
**(غەوسی گەیلانی)یان خەبەر کردەوە**
**قوڕی پەیکەرێکی نوێیان**
**بۆ (جەواد سەلیم) گرتەوە**
**فرمێسکەکانی (حوسێن مەردان)یان**
**لە (ئەبوونەواس)شتەوە**
**عەکسی قەمەری گوڵە لیخنەکەی**
**(گۆران) یان ڕۆشن کردەوە**
**خوڕ و نمەی بارانێکی غەمناک بارین**
**ئەوانەی (سام) چاندبوونی**

**لە هاتنیاندا تەنیا بوون**
**گەڕانەوە هاوڕێکە بوو بە چوار**

دڵشاد لە بەغدا ژیابوو، شارەزای ڕەمزە سامانی و هونەرییەکانی شارەکە بوو. ئەو شارە گەورە و جوانەی ڕۆژێ لە ڕۆژان پایتەختی دنیا بوو، شاری بالوولی دانا و ئەبوو مەنسووری هەلاج و هاروونی ڕەشید و شەهرەزاد بوو.

دڵشاد ئەو ڕەمزەی بەشێوازێکی ڕۆمانتیکی و سیمبۆلیانە تازە کردەوە. بەغدا تەنیا شاری خۆشی و سەیرانی شەوانی ناو بەلەمی زێی دیجلە نەبوو، بەڵام لەولاوە ناخۆشیش هەبوو. هەڵکەوتووان لە هونەروەر و شاعیر و نووسەران ڕێبەری ئەو کۆمەڵە بوون وێنەی ناشیرینیان جوان دەکرد. شاعیر ناوی حەیدەرخانە دێنێ، مەبەستی مزگەوتی حەیدەرخانەیە لە شەقامی ڕەشید. جەواد سەلیم بە مۆنۆمێنتە شاکارەکەی حیکایەتی ژیانی شاری بەغدا و هەموو عیراق لە ڕۆژی بناغە لێدانییەوە تا ئێستا دەگێڕێتەوە. یادی حوسێن مەردان شاعیری بلیمەتی دنیای شیعری عەرەبی لە عیراق دەکاتەوە. ئیتر دڵشاد تەرمی ئەو جوانە سیل کوشتووە (ڕەمزی سەربەستی و ئازادی) دەبا بۆ شەقامی ئەبوونەواس، شاعیری گەورەی عەرەبی سەردەمی فەرمانڕەوایی عەباسیان لەبەغدا بۆ ئەوەی کفن و دفنی بکەن.

تەواوی ئەم لیریکەی دڵشاد ئاتاجی لێکۆڵینەوەیەکی قووڵە لە شێوازی ڕەخنەی ناوەوە (النقد الداخلی). بێ گومان ئەم جۆرە کارە زانستییە لەم وتارەدا ناگاتە ئەنجام.

-٣-

دڵشاد لە شیعری «بۆ هاوڕێیانم» دەڵێ:

**من دەزانم دەکوژرێم**
**من دەزانم تەرمەکەم**
**لە (سارا)یەک فڕێ دەدرێ**
**وا دەشێوێ**
**ناناسرێ**
**پێ نازانرێ تەرمی کامە قاچاغچییە**
**پێ نازانرێ تەرمی کامە پێغەمبەری یاساغچییە**
**هاوڕێیانم نامناسنەوە**
**نە سیمای خۆشی نەدیوم**
**نە باڵای قەد نەنەویوم**
**نە هیوای پڕ چاوی گەشم**
**نە جێ زامی**
**شوێن ئەشکەنجەی نەخشەی لەشم**
**نە ئەبرۆی ڕەشی وریام**
**نە دەمولێوی پڕ سەودام**
**ناناسنەوە و**
**نامناسنەوە**

ئەم شیعرە یەکێکە لە پێشبینییەکانی دڵشاد لە بابەت ئەنجامی ژیانی خۆیەوە، یان هەر جەنگاوەرێک لە پێناوی ئازادی خاک و بەختیاری خەڵک. دڵشاد چەند شیعرێکی دیکەی بەم ناوەرۆکە هەیە. ئەوە ڕاست نییە لە چارەی نووسراوە دەبێ ژیانی بەم جۆرە کۆتایی پێ بێ، هەروەها لە واقیعیشدا باوەڕی بەوە نەبووە ئەنجامی وادەبێ، بەڵام ئەوە ڕاستە دڵشاد لەم ئەنجامە نەترساوە، لەبەر ئەوە سوور بووە لەسەر ئەوەی جارێک و دووجاریش زیاتر لەبەرهەمی شیعریدا بیڵێتەوە.

بەگشتی نویشکی هەڵسەنگاندنم بۆ دڵشاد وەکو شاعیرێک لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا (بەرگی حەوتەم، ٢٠٠٦، ل٦٧٥) ئەمەم نووسیوە:

دڵشاد محەمەد ئەمین مەریوانی نووسەر و شاعیر و دراماتورگ و ئەکتەر و ڕۆژنامەنووس بوو. بەرهەمی کەم بوو، چونکە زۆر نەژیا، ئەو بەرهەمە کەمەی ئەدەبی کوردی دەوڵەمەند کرد. داهێنانی شیعری زۆر بوو، بەرهەمی نموونەی لیریکی نەتەوەکانی گێتی بوو لە ئەدەبی کوردیدا. ناوەرۆکی بنچینەیی دڵداری بوو، خۆشەویستی ژن و سروشت، ئەمەی تێکەڵ بە ئاواتی میللەتەکەی کردبوو کە سەربەستی و ئازادی و ڕزگاری نەتەوایەتی بوو. سەری بۆ دوژمنی کورد دانەنواند، لە ئەنجامدا بوو بە قوربانی وشەی کوردی. شەهید لەوە گەورەترە بەوە تاوانبار بکرێ کە ئەلفوبێی لاتینی بە قوتابیانی کورد وتووە! هەر لەبەر ئەوە بەدەستی پیاوکوژەکانی حزبی بەعس کوژراوە، چونکە کورد بووە».

لە کۆتاییدا سوپاسی دەزگای ئاراس دەکەم بەهۆی چاپ کردنی ئەم یادگارە ئەدەبییە بەنرخە و ئەو دانەیەی بە دیاری پێشکێشی کردم.

# ماڵی بێ دەنگ و شانەکانی خاتوو نیلفۆن و هەستە ترسناکەکەی دکتۆر سەڵاحەدین

هاشم سەڕاج

«ماڵی بێ دەنگ» ڕۆمانێکی «ئۆرهان پاموک»ە و «عەبدولقادر عەبداللی» وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، پامووک ئەم ڕۆمانەی لەنێوان ساڵانی [ ١٩٨٠-١٩٨٣]دا نووسیوە، ڕۆمانی ماڵی بێ دەنگ زۆرتر تێکستێکی کەرنەڤاڵییە و زۆربەی کەسایەتییەکان، بە تایبەتی خانەوادەی داپیرە، یان نەوەکانی، چرکەساتەکانی زیندەگی بە گەمەی پۆکەر و گۆڵمەز و پێکەنین و چوونە کەنار دەریا و مەلەکردن و سەرقەبران و بادەنۆشی و عیشق و دەسبازی بەسەر دەبەن، بەڵام هەمیشە لەژێر بنیادی ڕووکەشی ئەم کەرنەڤاڵکارییەدا، واتە لە بنیادی قووڵی تێکستدا دەلالەتگەلێک خۆدەردەخەن و بەنهێنی لە چەمکەکانی چەرمەسەری و بێ هوودەیی و خەم و خەفەت و پیری و چرکە کورتخایەنەکانی خۆشی دەدوێن، چونکە هەریەک لە کەسایەتییەکان لەنێو ڕوح و دەروونی خۆیدا خاوەنی ماڵێکی بێ دەنگ و خامۆشە، یان ماڵی بێ دەنگ لە بنەڕەتدا تێکستێکی تراژیدییە و باسی حەفتەیەک ژیانی دوو برا و خوشکێک دەکا کە لەماڵی داپیرەیان و لە شارۆچکەیەکی نزیک کەنار دەریا دەژین، شارۆچکەکە دەکەوێتە نێوان ئەنکەرە و ئەستەنبوڵ. باپیریان کابرایەکی دوورخراوەی سیاسی بووە و ئەم خانووەی کە دروستی کردووە ئێستا داپیرەی تێدا دەژی و داپیرە بە ساڵدا چووە و هەمیشە شانازی بە دەسەڵاتی خانەوادەی خۆیەوە دەکا و بەردەوام نووکی گۆچانەکەی دەستی لە عاردی دەکوتێ و بەدەنگێکی بەرز بانگی «ڕەجەب»ی کورتەباڵای ئاشپەز دەکا و...




ڕەجەبی کورتەباڵا دەورانێکە وەک بەردەست و ئاشپەز لەم ماڵەدا دەژی و ڕۆژانە دەچێ بازاڕ دەکا و پێداویستییەکانی ماڵ وەک گۆشت و میوە و سەوزە.. تاد دەسێنێ و دواتر چێشت لێ دەنێ، هەروەها «ئیسماعیل»ە شەلی یانەسیب فرۆش کە برای ڕەجەبە و ڕۆژانە لە بازاڕی شارۆچکەکە و لە کەنار دەریا خەریکی یانەسیب فرۆشتنە و «حەسەن» کوڕی ئیسماعیلە و لە منداڵییەوە هاموشۆی ئەم ماڵەی کردووە و یادەوەرییەکی زۆری لەگەڵ کەسەکان و کەشی ئەم ماڵە بێ دەنگەدا هەیە، ئەمەیش بەهۆی ئیسماعیلی باوکی و کە جارجارە سەردانی ڕەجەبی برای دەکرد، بەڵام ئێستا «حەسەن» لە دەوروبەری «سەردار» و «مستەفا» دەخولێتەوە

که سەربە گرووپێکی ناسیونالیستن، هاوکات گێڕۆدەی جوانی «نیلفۆن»ە- بەڵام نیلفۆن کچێکی ڕۆشنبیر و هەڵگری هزری شیوعیەتە، یان کچێکی کۆمۆنیستە و خوشکی «مەتین» و «فارووق»ە و بەردەوام ڕۆژنامەی «جمهوریەت» دەخوێنێتەوە و زۆرتریش دوای گەڕانەوەی لە کەنار دەریا لە دوکانی بەقاڵێک ڕۆژنامەکە دەسێنێ و نیلفۆن لەلای خۆیەوە، یان بە بۆچوون و تێڕوانینی خۆی ناسیونالیستەکان بە فاشی لە قەڵەم دەدا، چونکە ئەم گرووپە بە زۆری کارت و داوەتنامەی سیاسی دەدەنە خەڵکانێک و پارەیەکی زۆریان لێ دەسێنن! وەک ئەو گوژمە پارەیەی کە لە «ئەلفاکهانی» وەردەگرن و دواتریش [مەتین] هەرچی پارە و پوولی هەیە بە هەمان شێوەی کارت و یارمەتی و داوەتنامەی سیاسی لێی وەردەگرن و وێڕای زەوتکردنی قەوانێکی تۆمارکراو و ئەو دەفتەرە چکۆلەیەی «فارووق»ی برای کە کۆمەڵێک سەرنج و تێبینی مێژوویی تێدا نووسیوە، هەڵبەتە کاتی خۆی «تەڵعەت پاشا» هەڕەشەی لە دکتۆر سەلاحەدین کردووە و پێی گوتووە پێویستە ئەستەنبوڵ بەجێ بێڵێ و لە بواری ڕامیاریشدا کارنەکا.

ئەوە بۆ چوارساڵ دەچێ دکتۆر «فاتمە»ی خواستووە، کەچی وەچەیان نەخستووەتەوە، دکتۆر عەلمانییەکی مولحیدە و باوەڕی بە خوداوەند نییە و بایەخ و گرنگییەکی زۆر بە کتێبەکانی [داروین] دەدا و بڕوای تەواوی بە زانست هەیە و پێی وایە چەمکی زانست دەتوانێ شوێنی هەموو شتێک بگرێتەوە، لە ئەستەنبوڵ نەخۆش و بیمارێکی زۆر سەردانی عیادەکەیان دەکرد، بەڵام ئێستا لەم شارۆچکەیەدا کەس پێویستی بە پزیشک نییە و خەڵکەکە بەشێوە و شێوازی کۆن و دێرین چارەسەری نەخۆشی دەکەن و سەردانی پزیشک ناکەن، دکتۆر لە «فاتمە»ی هاوسەری کوڕێکی هەیە بەناوی «ضوغان» و لە هەمان کاتدا لەو ئافرەتە بەدبەختەش کە وەک کارەکەرێک لە ماڵەکەیدا کاردەکا- بەنهێنی دوو کوڕی بیژووی خستۆتەوە، کە دواتر لە گوندێکی دوور پەروەردە دەکرێن، ئەمەش ئاماژەیەکی شاراوەیە بۆ چۆنیەتی لەدایکبوونی «ئیسماعیل» و «ڕەجەب» هاوکات ژوور و تاقیگەکەی دکتۆر سەلاحەدین لە گۆڕستانێکی بێ دەنگ و خامۆش دەکا، ئەو دەمەی فارووق کلیلی ژوورەکە دەدۆزێتەوە لەگەڵ ڕەجەب دەرگای ژوورەکە دەکەنەوە، ژووری دکتۆر سەلاحەدین مانەندی موزەخانەیەکی ترسناک دەردەکەوێ.. یان پانتاییەکە لێوانلێو لە هێما و دەلالەی ترس لە گوڕستانەکانی مێژوو و خۆڵەکەوەی ڕابردوو، سەرەتا چاویان بە کەللەسەرێک دەکەوێ لەسەر مێزێک دانراوە، ئەم دیمەنە شانۆگەری -هاملێت-ی شەکسپرمان بیردەخاتەوە کاتێ گۆڕهەڵکەنەکە لە کاتی هەڵکەندنی گۆڕدا کەللەسەرێکی دێرین و لەمێژیینە دەدۆزێتەوە و هەڵیدەگرێ و نیشانی خەڵکی دەدا و بە نەوایەکی غەمگین یەک بە دەنگی خۆی هاوار دەکا و دەڵێ: ئەمە کەللەسەری مرۆڤە! هەروەها ژوورە ترسناکەکەی دکتۆر پڕیەتی لە شتگەلی سەیروسەمەرە، لایەکی مێزە بچووکەکە واتە ئەو مێزەی کە کەللەسەرەکەی لەسەرە پڕاوپڕە لە کاغەز، فارووق دەست بۆ بۆڕییەکی شووشەیی دەبا و دەیجووڵێنێ و دواتر دەیخاتە نێو تای تەرازوویەکی ژەنگاوییەوە، ڕەجەب لەویاو بە بێ دەنگی لەبەر دەرگاکە وەستاوە و بەترسەوە سەیری ئەو شتگەلانە دەکا کە فارووق دەستیان بۆ دەبا، سەدان شووشەگەلی بچووک بچووک، سندووقگەل، وردە شووشە، پارچە ئێسقانی هەڵدراو بۆ نێو سندووق، ڕۆژنامەی کۆن، مقەستگەلی ژەنگاوی، چەندین کتێبی فەرەنسی دەربارەی پزیشکی و نەشتەرگەری، سندووقی پڕاوپڕ لە کاغەز، وێنەی فڕندە و فڕۆکەی جێگیر و چەسپکراو لەسەر ڕووبەری تەختەدار، چاویلکە و زەڕەبین، بازنەی دابەشکراو بۆ حەوت جۆر ڕەنگ، زنجیرگەل، ئامێزی درووەمیان، برغوو، سیسرکە و خشۆکگەلێک کە لەسەر ڕووبەری تەختەدارێک بە دەمبووس جێگیر کراون، سەدان شووشەی جۆراوجۆر کە ناوونیشانی سەیر سەیریان لەسەر نووسراوە، شووشەی پڕاوپڕ لە ئاردی جۆراوجۆر.

ئینجانەی قارچک، ئەو کەتیبەیەی کە ناوی دکتۆر سەلاحەدین و کات و ساتی پێشوازی کردنی نەخۆشەکانی لەسەر نووسراوە. پامووک لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا مامەڵەیەکی ئولفەتگەرانە لەگەڵ کەلوپەل و شتەگەلەکان دەکا، هۆگری و ئولفەتگەراییەک کە هەڵگری چرکەساتەکانی خەفەت و غەمگینی و ئەشکەنجەکانی دابڕان و لەدەستدانی لەحزەکانی خۆشی و ئاسودەگی ژیانە، لەلایەکی دیکەوە ڕۆمانی ماڵی بێ دەنگ کۆمەڵێک کارەکتەری تری تێدایە و ڕۆڵی جیاجیا دەبینن، لەوانە «ویداد» کە دیوارەکانی ژوورەکەی سەدان وێنەی پۆرنۆی پێدا هەڵواسراوە، یان «جەیلان»ی شۆخوشەنگ کە [مەتین] خۆشی دەوێ و جەیلان لە گەشت و سەیرانێکدا ڕانە تورت و درێژەکانی لە جام، یان لە پەنجەرەی ماشێنەکە دەردێنێ، ئەمەیان

جوانترین گرته و دیمەنێکی سینەماییە لە ڕۆمانەکەدا، چونکە زۆربەی کارەکتەرەکان چرکە خۆشەکانی زەمەن بە کایەی پۆکەر و مەینۆشی و مەلەکردن و گەشتوگوزار بەسەر دەبەن و بە ڕوانینێکی پۆست مۆدێرنە لە بوون و زیندەگی دەڕوانن و ئەو چرکەساتانە بەهی خۆیان دەزانن کە تێیدا دەژین. [محەمەد] کچێکی شۆخوشەنگی لە وڵاتی بەریتانیاوە لەگەڵ خۆی هێناوە و «تۆران» عاشقی «هۆلیا»یە «فۆندا»ی باڵا بەرز جلی مەلەوانی لەبەردایە و لە پڕێکدا لە کەنار دەریاوە خۆی دەهاوێتە باوەشی شەپۆلەکان، [کەوسەر و کەزیبان] دوو کچە سۆزانین.

[مەلەک] کچێکە و لەلایەن [ڕەمەزان] ناوێکەوە بە [بەهائەدین بەگ] فرۆشراوە، [حەسەن] زۆرترین کاتی لەگەڵ ئەو شانەسەوزە بەسەردەبا کە لەکەناری دەریا لە نیلفۆن بەجێ ماوە، دواتر شانەیەکی سووری بۆ دەکڕێ، بەڵام زات ناکا بیداتێ، نیلفۆن کچێکی باڵا بەرز و هێمنە زۆرترین کاتی بۆ خوێندنەوە تەرخان کردووە و جار جارەش لە کەنار دەریا ڕادەکشێ و پێستی دەداتە بەر تیشکی خۆر، یان هەندێ جار یەکسەر خۆی هەڵدەداتە نێو ئاو و بۆ ماوەیەکی زۆر خەریکی مەلەوانی دەبێ و دواتر لە کەنار ئاوەکە کتێبێ لە جانتاکەی دەردێنێ و دەست بە خوێندنەوە دەکا، «حەسەن» شەیدای خاتوو نیلفۆنە و خۆشی دەوێ، بەڵام ئەو کچێکی هۆشمەند و نیمچە خودگەرایە و هێندە بایەخ و گرنگی بە حەسەن نادا، بۆیە دواجار حەسەن لەتاوان مستێ بەسەریدا دەکێشێ و نیلفۆن دووچاری نەزیفی مێشک دەبێ و حەسەن ڕادەکا و پاشان لە وێستگەی شەمەندەفەر جزدانی کرێکارێک دەدزێ کە لە کاتی ئاو خواردنەوە لێی کەوتووە و پارە و پوولەکان دەبا و ناسنامەکەشی تەزویر دەکا و ئینجا بە هەمان شەمەندەفەر بەرەو کووچەی «ئاسکی دار»ی شاری ئەستەنبوڵ بەڕێ دەکەوێ، وێڕای ڕۆڵ و مۆرک و ڕەوش و خەسڵەتی کەسایەتییەکانی تری وەک گولنور، تۆرغای، فافا زەینەب، جونەید، ئەحمەد، فیکرەت، میری..تاد.

شێوەی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا متمانە دەکاتە سەر کۆمەڵێک تەکنیکی جۆراوجۆر لەوانە «ڕێبازی شەپۆلی هۆش» زۆرجار کارەکتەرەکان لە ڕێگەی شتگەلەوە زەینیان دەڕوا و کۆمەڵێک ڕووداویان بیردێتەوە، وێڕای بەکاربردنی تەکنیکی فلاش باک و نۆستالیژیا و دیالۆگی خێرا. هەروەها پانتایی شوێن لەم ڕۆمانەدا بریتییە لەماڵی داپیرە، سەرقەبران، چایخانە، کەناری دەریا، وێستگەی شەمەندەفەر...تاد، بەڵام کارەکتەرەکان بەشێوەیەکی کاریگەر هەست بەشوێن دەکەن و جۆرێک لە ئولفەت و هۆگریی لەنێوان کەسایەتییەکان و شوێندا هەیە، هەروەها زۆرجار چەمکی شوێن لە دووتووێی دەقدا پەیوەستە بەهێزی خەیاڵی نووسەر و کردە فەنتازییەکانی زمان، بۆیە ڕووداوەکان لە زەمەنێکی کورت و چڕوپڕی چەند ڕۆژی یان حەفتەییدا ڕوودەدەن، بەڵام دەق لە هەندێ شوێندا بەشێوازێکی هێمایی گوزارە لە ڕووداوەکان دەکا و هەندێ حاڵەت و دیمەن بە لێڵی و تەمومژاوی بۆ ڕاقە و لێکدانەوەی خوێنەر جێ دەمێنێ، چونکە زۆربەی کەسایەتییەکان خەریکی خوێندنەوەی کتێب و مەی نۆشین و گوێ هەڵخستن بۆ مۆسیقای «پۆپ-ڕۆک» و هەندێکیان چێژ لە حەشیش وەردەگرن، یان عیشق دەکەن، [مەتین] خۆی هەڵدەداتە نێو دەریا و «جەیلان» لە ئاو دەردێنێ و لە ئامێزی دەکا و دواتر لە کەنار دەریاکە دەیگەوزێنێ!، یان جەیلان لەگەڵ فیکرەت سەما دەکا، ئیسماعیلی یانەسیب فرۆش بەردەوام لە شەقامەکاندا دەگەڕێ و یانەسیب دەفرۆشێ و ڕەجەب خەریکی بازاڕ کردن و چێشت لێنانەوە و داپیرە لە هەڕەشەی خۆی ناکەوێ و سەردار و مستەفا خەریکی سیاسەتن، فارووق دوای خوێندنەوەی کتێبەکانی «ئەولیا چەلەبی» ڕاکی دەنۆشێ و مەتین شیعرەکانی «فزولی» دەخوێنێتەوە و پێیان سەرمەست و سەرسام دەبێ، دکتۆر سەلاحەدین بایەخ بە کتێبەکانی داروین و ڕۆسۆ دەدا و چەندین ساڵە خەریکی نووسینی «ئینسکلۆپیدیا»یەکە گوایە دەیەوێ بەم کتێبەی سەرلەبەری جیهان بگۆڕێ، دکتۆر وەک مولحیدێک دەیەوێ چەمکی زانست شوێنی خوداوەند بگرێتەوە، یان بەشێوەیەکی تر دکتۆر دوای قووڵبوونەوەی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی زانست، لەوانە سروشتناسی، زانست و خوا، زانست و چەرخی ڕێنیسانس، شەو و ڕۆژ، ئاگر و ئاو، خۆرئاوا و زەمەن، مەرگ و ژیان... دکتۆر دەیەوێ لە ڕێگەی عەقڵ و سروشت و جوانی و ڕێنیسانس و بوژانەوەوە شۆڕشێکی شارستانی لە [تورکیا] بەتایبەتی و لە خۆرهەڵاتیش بەگشتی بەرپا بکا و کۆمەڵگایەکی مەدەنی دروست بکا، کۆمەڵگایەکی باشتر و جوانتر لەو کۆمەڵگایەی کە ڕێنیسانسی خۆرئاوا هێناویتە کایەوە، واتە دکتۆر دەیەوێ بەهۆی ئینسکلۆپیدیاکەی کە بریتییە لە ٤٨ بەرگ کەشوهەوای خۆرهەڵات لە

خەم و پەژارە و برسێتی و نەزانی و نەخوێندەواری و نائومێدی ڕزگار بکا و لە ڕێگەی زانست و زانیاری و تەکنولۆژیا، کۆمەڵگایەکی ئاسوودە و ژیانێکی ئازاد بخوڵقێنێ.

هەڵبەتە ئەم پرۆژەیە لەلایەن نەوەکانی دکتۆرەوە بەردەوامی پێ دەدرێ و هەریەک لە «زۆغان»ی کوڕی- کە زوو دەمرێ- و «فارووق» ی کوڕەزای بە دوای ئاسەواری ئینسکلۆپیدیاکەدا دەگەڕێن و دەیانەوێ کاری تێدا بکەن، بەڵام دکتۆر سەلاحەدین لەدوای ڕاگوێزرانی لە ئەستەنبوڵ دووچاری جۆرێک لە نیگەرانی و تۆڵەسەندنەوە دەبێ لە دەسەڵاتی «ئیتحادییەکانی تورک» کە لە دەسەڵاتی سوڵتانەکانی عوسمانی بە باشتری نازانێ، بەڵام دوای تێفکرین و توێژینەوەیەکی زۆر لە چەمکی زانست و مەرگ لێخوردبوونەوە لە بوون و گەردوون، دەگاتە ئەو قەناعەتە کە مەرگ بەرەو ماڵێکی کپ و بێ دەنگ و خامۆشی دەبا، چەمکی مەرگ لای دکتۆر لە عەدەمێکی پەتی زیاتر نییە، لێرەدا مرۆڤی خۆرهەڵاتی و خۆرئاوایی لە بەرانبەر دەسەڵاتی مەرگ یەک شتن، پاموک هەمیشە هەوڵ دەدا جۆرێک لە دیالۆگ لەنێوان کولتووری خۆرئاوایی و خۆرهەڵاتیدا بخوڵقێنێ، بەڵام زۆربەی کەسایەتییەکانی دەق مانەندی کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکانی دەستۆیڤسکی بوونەوەری غەریب و نامۆ و نیگەرانن.

دکتۆر سەلام جار جارە بیر لە «زۆغان»ی کوڕی دەکاتەوە. واتە ئەو فەرزندەیەی کە لە «فاتمە»ی هاوسەریەتی، دواتر لە پڕێکا دەمرێ و داپیرە خووی بە خانووە دێرینەکە گرتووە و لێ ناگەڕێ هیچ جۆرە دەسکارییەکی تێدا بکرێ، نیلفۆن دوای دەست وەشاندنەکەی «حەسەن» سەردەنێتەوە، فاتمە پاش مەرگی سەلاحەدین دەورانێکی زۆر دەژی و سێ نەوەی خۆی دەبینێ و هەر بە سەنگینی و شکۆمەندی هەڵسوکەوت دەکا، پاشان لە کەشێکی ترسناکی تەنیاییدا چوون سێبەرێک، یان تارماییەک ئاسەواری نامێنێ.

مەتین و فارووق ڕووەو وڵاتی ئەمەریکا سەرهەڵدەگرن، ڕەجەبی ئاشپەز ون دەبێ.. بەم جۆرە لەم کەرنەڤاڵ و زەماوەندی ژیانەدا هێدی هێدی خەڵقندەکان پەڕاگەندە و پەرشوبڵاو دەبن. لە کۆتاییدا دەڵێم کتێبی «ماڵی بێ دەنگ» تێکستێکی نیمچە ئاڵۆز و تەمومژاوییە، چونکە کۆمەڵێک گەمەی تەکنیکی و گەمەی پاش و پێشخستنی ڕووداوەکانی تێدا ئەنجام دراوە، ڕۆمانەکە تێکستێکی پۆلیفۆنییە و کۆمەڵێک دەنگ بە ئاست و توانا و تێڕوانینی جۆراوجۆر بەشداری تێدا دەکەن، بەڵام لە سەرەتاوە داپیرە واتە «فاتمە»ی هاوسەری دکتۆر سەلاحەدین کە تەمەنی «٩٠» نەوەد ساڵە و لە جووڵە و بزواندنی فەزای دەق و گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ، داپیرە لە ئێستادا دەژی و لە ڕێگەی دیالۆگەوە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک سەراپای ڕووداو و بەسەرهات و مەینەتەکانی خانەوادەکەی دەگێڕێتەوە، پراکتیزەکردنی ئەم تەکنیکە ئاوێتەیە جۆرێک لە چێژ و خۆشی و لە هەمان کاتدا جۆرێک لە تەمومژ و ئاڵۆزی لای خوێنەر جێ دەهێڵێ و هانی دەدا بەدوای هێما و دەلالەت و پێوەندییە نادیارەکاندا بگەڕێ، چونکە «ماڵی بێ دەنگ» وێستگەی ساڵانەی نەوەکانی دکتۆر سەلاحەدینە و ئەوان ساڵی جارێک سەردانی ئەو ماڵە کشومات و خامۆشە دەکەن، [نیلفۆن] قوتابی زانکۆیە و لە بەشی کۆمەڵناسی دەخوێنێ، [مەتین] ساڵێکی تر قۆناغی ئامادەیی تەواو دەکا، فارووق بایەخ بە مێژوو دەدا.. مەتین لە هاوسەری جیابۆتەوە و حەز دەکا ئەم خانووە بڕووخێنن و ساختمانێکی لە شوێن دروست بکەن، بەڵام داپیرە لێ ناگەڕێ.. پاموک لێرەدا کێشەی نەوەکان و چۆنیەتی ژیان و گوزەرانی خەڵک و نەوە جیاوازەکان دەخاتە ڕوو، فاتمە ئەو کاتەی شوو بە دکتۆر دەکا تەمەنی «١٦» ساڵە و ئێستا خۆی لە ٩٠ ساڵی دەدا لەلایەکی دیکە داپیرە بەهۆی زێڕ و زەبەرەکانی خۆی دەتوانێ درێژە بە ژیان و چالاکییەکانی دکتۆر و هەتا «زۆغان»ی کوڕی بدا و هەر جارێ پارچە زێڕێک بە کابرای جوولەکە دەفرۆشێ و بە پارەکە دەژین، چونکە دکتۆر کە ڕادەگوێزرێ بێ ئیشوکار دەمێنێتەوە؟

تێکست کۆمەڵێک بابەتی تری وروژاندووە، لەوانە بەندیخانەی «سینۆپ»ی دەسەڵاتدارانی ئیتیحادی و کەشوهەوای دەرمانخانەی «کەمال» و کێشەی ئایدیۆلۆژی نێوان کۆمۆنیست و ناسیۆنالیستەکان لە ساڵانی هەشتاکانی تورکیا.

**سەرچاوە:**
**عنوان الكتاب: البيت الصامت «ماڵی بێ دەنگ»**
**اسم المؤلف، ئۆرهان پاموک**
**المترجم، عبدالقادر عبداللي**
**الناشر، المدى... دارالمدى**
**الطبعة الاولى، ٢٠٠٧.**

# درۆیە کاوە زوحاکی نەکوشتووە!

عەباس سلێمان سمایل



## پێشەکی

شانامە لە کۆتایی دەسەڵاتی ساسانییەکان، واتە لە چاخی سێیەمەوە تا چاخی چوارەم لەلایەن چەند کەسێکەوە دواترینیان فیردەوسی بوو، نووسرا. ئەم شاکارە ئەدەبییە لە خۆراسان لەدایک بوو.

فیردەوسی هەموو بەرهەمەکانی پێش خۆی، بەتایبەتی بەرهەمی دەقیقی لەکاژی هۆنراوە و مەدح و سەنایەکی زۆری گەلی فارس و پاشاکانی و پەراوێزکردنی گەلانی دیکەی ئێرانی بەتایبەتی گەلی کورد هۆنیوەتەوە، ئینجا پێشکەشی بە غەزنەوی فەرمانڕەوای سامانییەکان بە مەبەستی پاداشت وەرگرتن کرد، غەزنەوی لەجیاتی ئەوەی پاداشتی بکات نەفرەتی لێ کرد، جا شانامە لە ڕووی ئەدەبییەوە شاکارە، بەڵام لە ڕووی ناوەرۆکەوە کەموکورتییەکی زۆری تێدایە و ناکرێ بکرێتە سەنگی مەحەک، هەروەک بەلای بەڕێز خەسرەو جاف بووەتە سەنگی مەحەک بەتایبەتی لە داستانی زوحاکی ستەمکار.

## هەڵسەنگاندنی کتێبەکە

ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی شانامە لەگەڵ نووسینە ئیلامی و هەخامەنشی و هووری و دواتر ساسانییەکاندا بەراورد بکەین، بەتایبەتی نووسینە بزمارییەکانی سەرکێوی بێستوون، کە بۆ سەردەمی هەخامەنشییەکان دەگەڕێتەوە، کە تا دەوروبەری (١٢٠) ساڵ لەمەوبەر کەس نەیدەزانی هەخامەنشییەکان کێنە و چ جیاوازییەکیان لەگەڵ نەتەوەکاندا هەیە، لەبەر ئەم ئەگەرانە ناکرێ شانامە بکرێتە سەنگی مەحەک بۆ ڕووداوەکان، کە لە خۆراسان لەدایک بووە، کەچی داستانی زوحاک و کاوەی ئاسنگەر و زۆربەی فەرمانڕەوا ئێرانییە دێرینەکان پایتەختیان لە لوڕستان بووە، هەروەک سەرچاوەکان بەتایبەتی ئاشوورییەکان ئاماژەی پێ دەکەن. فارسەکان لەکۆتایی دەسەڵاتی ئاشوورییەکان لە ئاسیای ناوەڕاست و باکووری قەوقازەوە هاتوونەتە ئێران، کەواتە ڕیشەی داستانی زوحاک و کاوەی ئاسنگەر

و جەژنی نەورۆز بۆ بەر لە هاتنی فارسەکان بۆ ئێران دەگەڕێتەوە و لە کوردستانیشەوە هەڵقوڵاون، بەتایبەتی لە لوڕستان، کە باکووری شیران تا کرماشان و چەمی ئەروەند (شط العرب) دەگەڕێتەوە، بۆیە نەورۆز و ئەم داستانانە لەنێو گەلی کورد زیاتر گرنگییان پێ دەدرێ و بەدەیان ڕێوڕەسمیان هەیە، کەچی لەنێو گەلی فارس و گەلانی دیکەی ئێرانی بەهایەکی ئەوتۆیان نییە.

گەلی کورد، ساڵانە زۆر بە گوڕوتینەوە یادی نەورۆز و لەناوچوونی زوحاک بەدەستی کاوەی ئاسنگەر دەکاتەوە و بەدەیان بابەتی لەسەر دەنووسرێت و شانۆ و ئۆپەرێتی لەسەر نمایش دەکرێت و ئەمڕۆکەش کاوە و نەورۆز بوونەتە سیمبۆلی کورد و ئازادیخوازان.

تاکو ئەمڕۆ لەنێو گیلەکیان بە جەژنی نەورۆز دەڵێن جەشن کورد، لەسەرحەدلێش دەڵێن جەژنی (تول هلدان) واتە جەژنی تۆڵە سەندنەوە لە زوحاک.

کەوابێ کاوە کورد بووە و لە ڕەگەزی ئیریەنقاچ و زوحاکیش لە ڕەگەزی ئیلامی بووە، ناوی (نەورۆز)یش (نوک روچ)ت (ڕۆژی نوێ)یەکەی کوردییە و دوای بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەڕێگەی ئەدەبی فارسییەوە، نوک ڕوچ بە نەورۆزی فارسی گۆڕا.

ئیدی لێکۆڵینەوە لەم داستانە ئێرانیانە زۆر هەڵدەگرێت و ڕاڤەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت، جا تۆژینەوە لە داستانی زوحاک و نەورۆز چەند بوارێک دەگرێتەوە، لەوانە بواری فەرهەنگ ناسی، ئەفسانە، مێژوو و شوێنەواری دێرین. پسپۆران لەم بوارانەدا دەتوانن بەپێی پسپۆڕییان لەم داستانە بدوێن و لە ڕاستی بابەتەکەمان نزیک بکەنەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەم داستانە دێرینانەی کورد، کورد خۆی نەینووسیوەتەوە و پشتاوپشت و سینگ بە سینگ بە نەمری ماوەتەوە، هەرچەندە دوژمنان دەسکارییان کردوون.

کەواتە داستانی زوحاک و کاوەی ئاسنگەر لە ڕێگەی شانامەوە نەگەیشتووەتە نێو کوردان، بەڵکو ئەم داستانە لە کوردستاندا ڕووی داوە و دەبوایە فیردەوسی بێتە کوردستان و ڕووداوەکەی لە خەڵکەکەی وەربگرتایە، دووریش نییە ڕاستییەکەی زانیبێ، بەڵام بە ئەنقەست ئاوەژووی کردووەتەوە.

کەواتە کتێبێکی بێگانە کە دوور لە کوردستان نووسراوەتەوە، بۆ داستانێکی کوردی سەنگی محەک نییە. دوژمنانیش بەردەوام لە هەوڵی گۆڕین و لەکەدارکردنی مێژووی کورددا بوونە، بۆ نموونە حکومەتی ئەتاتۆرک بەشێک لە گەشتەکەی ئۆلیا چەلەبی، کە ناوی کوردستانی هێناوە لەناو سیاحەتنامەکەی دەرهێناوە، شۆڤێنییە عەرەبەکانیش دەستکاری مێژووی کۆنی عیراقیان کردووە، لەوانە گۆڕینی ناوی پاشای گوتییەکان بە پاشایەکی بابلی و گۆڕینی ناوی چەندین شوێنەواری دێرینی کوردستان بەناوی ناوچە عەرەبنشینەکان.

فیردەوسیش یەک لەم شۆڤێنیانەیە، کە ڕۆڵی کاوەی خستووەتە پەراوێزەوە. بەڕێز خەسرەو جاف بەشێکی لە شانامە بۆ کوردی وەرگێڕاوە، کە زیاتر پێوەندی بە کاوەی ئاسنگەرەوە هەیە و کاوەی بە ئاسنگەرێکی سادە داناوە، دیارە وای بۆچووە کە کاوە لەبەرخاتری کوڕەکەی چووەتە بارەگای زوحاک و هەڕەشەی لە زوحاک کردووە و دواتر زوحاک کوڕەکەی ئازاد کردووە، ئیتر بەڕێزی دەیەوێت بە هەموو کەس بسەلمێنێت کە کاوە زوحاکی نەکوشتووە، بەڵکو فەرەیدوون کوشتوویەتی، ئەگەر فارسی شۆڤێنی ئەم کتێبە بخوێنێتەوە، دوور نییە نووسەرەکەی خەڵات بکات. لەبەر ئەوە بەڕێزی پسپۆڕی لەم بابەتەدا نییە، بۆیە نەدەبوو خۆی لە قەرەی بدات و بڵێت درۆیە کاوە زوحاکی نەکوشتووە، ئەمەش ناوونیشانی کتێبەکەیەتی، کە بریتییە لە کتێبێکی قەوارە ناوەندی و (١٥١) لاپەڕەیە، تەنیا (٢٩) لاپەڕەی لە نووسینی خۆیەتی ئەگینا ئەوی دیکە شیعرەکانی شانامە و وێنەکانییەتی.

جا بەر لەوەی تۆژینەوە لە چەند لایەنێکی ئەم داستانە بکەم، چەند هەڵەیەکی زەقی فیردەوسی دەخەمە ڕوو، کە بەڕێز خەسرەو جاف هەڵی نەسەنگاندوون.

١- کاوەی ئاسنگەر کە دانیشتووی هەمان شاری زوحاک بووە و چووەتە کۆشکەکەی زوحاک و هەڕەشەی لێ کردووە، کە هاتووەتە دەرەوە دانیشتووانی شاری لێ کۆبوونەتەوە و پشتگیرییان کردووە، کەچی فەرەیدوون لە تەمەنی (١٦) ساڵییەوە ڕادەکات بۆ هیندستان و (٩٠٠) ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە و

دواتر دەگەڕێتەوە ئێران و زوحاک لەناو دەبات.

ئەمە هەرگیز ناچێتە عەقڵەوە کە فەرەیدوونێکی هەتیوی بێ خزم و کەسوکار و دەربەدەری وڵاتان ئەو ڕێگا دوورودرێژە ببڕێ و وا بە ئاسانی زوحاک لەناو ببات، کەچی درۆ بێت کاوەی ئاسنگەری شۆڕشگێڕی هەمان شاری زوحاک، زوحاکی کوشتبێت.

٢- لە شانامەدا هاتووە، دوای ١٠٠ ساڵ زوحاک جەمشیدی لە لێواری دەریایی چین کوشتووە، ئەمەش ناچێتە خانەی بڕوا کردن، کەچی جێی بڕوای بەڕێز خەسرەو جافە.

٣- لە شانامەدا هاتووە، کە دوومار لەسەر شانی زوحاک ڕوواون، دەبێ ئەمە بەلای بەڕێز خەسرەو جافەوە ڕاست بێت، بەڵام درۆ بێت کاوە زوحاکی کوشتبێت.

٤- لەلاپەڕە (٣١)دا هاتووە، کە دێوەکان سێ جۆر خەتیان فێری تەهمورس کرد: ڕۆمی، عەرەبی، فارسی، کە سغدی و چینی و پەهلەوی لەو سێ جۆرە خەتەوە جوێ بوونەتەوە.

ئەمەیان گەورەترین هەڵەیە، چونکە دێو، کە مرۆڤی نیاندرتاڵ بووە و مرۆڤی زاپیەن (مرۆڤی ژیر) ئەوانی لەناو بردووە، چۆن پاشایانیان فێری نووسین کردووە.

دواتر خەتی عەرەبی لەسەرەتای ئیسلامەوە، بەشێوەی خەتی کووفی لە خەتی ئارامی وەرگیراوە، ئەوکاتەش هیچ خەتێک و هیچ نەتەوەیەکیش بەناوی فارس نەبووە، بەڵکو پارس لەسەردەمی مادەکان ناوچەیەکی جوگرافی بووە، فارسەکانی ئەمڕۆ نەوەی هەخامەنشییەکانن و بەناوە جوگرافییەکەوە ناسراون، هەردوو خەتی (چینی و پەهلەوی)یش پێوەندییان بە خەتەکانی ناوبراوەوە نییە.

لە کۆتایی کتێبەکەی بەڕێز خەسرەو جاف لەلاپەڕەی (١٤٠)دا دەڵێت: جانەوەری هەژدیها لە جیهانی زانست هەبوونی نییە، کە ئەمڕۆ بووەتە ئارمی وڵاتی چین.

دیارە بەڕێزی ئاگاداری ئەو هەموو هێسک و پرووسکەی چەندین جۆرە دیناسۆر نییە، کە لە چین و سیبیریا بە بەردەوامی دەدۆزرێنەوە، ئا ئەمانەن کە بە کوردی پێیان دەڵێن هەژدیها.

جا بە چەند لاپەڕەیەک دەمەوێت بە کورتی (٢٩) لاپەڕەکەی هەڵسەنگێنم و خوێنەران لەڕاستی کوشتنی زوحاک و ڕووخانی دامودەزگاکەی ئاشنا بکەم.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوە زانستییەکان مرۆڤی زاپیەن (کە ڕەگەزی ئەمرۆی مرۆڤە)، سەرەتا لە کوردستان پەیدا بووە و بە هەموو جیهاندا بڵاوبووەتەوە. کەواتە زۆربەی ئەفسانە و داستانە دێرینەکان و کولتوور و دابونەریتەکانی گەلان، بەتایبەتی گەلانی کیشوەری ئاسیا لە کوردستانەوە سەرچاوەیان گرتووە و لێرەوە گوێزراونەتەوە و بەدرێژایی مێژوو گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، لەوانە جەژنی نەورۆز و خدر و ئەلیاس و جەژنی ئاوڕشاندن و دەیان چیرۆکی ئەفسانەیی و ڕووداوی سەیروسەمەرە.

لەوانە جەژنی (پوورولیاس)ی هیتییە، کە ئەمڕۆ بووەتە خدر و ئەلیاس، پوورولیاس لە سەردەمی هیتییەکاندا، (کە یەک لە باپیرەی کوردانن) واتای پەیوەست بە زەوی دەگەیەنێت، لەم جەژنەدا هەژدیها لەناو دەچێت و زەوی دەبووژێتەوە و دەبێتە بەهار. هەروەها بە گوێرەی داستانەکان جەمشید پاشای پێشدادیان زۆر دادپەروەر بووە، دوای ئەوەی ڕوو لە ستەمداری دەکات و خودا زۆرداریکی بەناوی بیوراسپ، واتە خاوەنی دە هەزار هەسپ بۆ پەیدا دەکات و جەمشید لەناو دەبات و هەردوو خوشکەکانی جەمشید بەناوی ئەرتەواز و شەهرەناز لە خۆی مارە دەکات، جا لەبەر ئەوەی زۆردار بووە، بۆیە بەنازناوی زوحاک واتە حەزیا، هەژدیهاک ناوی دەرکردووە، ئەگەر لەبەر حەزیا پەرستنێ نەبووبێت. دووریش نییە زوحاک (شیلهاک، یان شینهاک)ی پاشای ئیلامی بێت، ئەم ناوەش بەم جۆرە واتای ماری گەورە هەژدیها دەگەیەنێت، شین: گەورە + هاک: مار= ماری گەورە، تاکو ئەمڕۆش بە شتی گەورە دەگوترێت شین وەک: شینە: ناوی مرۆڤانە، شینە زەلام، شینەمار، شینە بەرد، شینە کەر،.. ئیتر هەر حکومەتێک، یان فەرمانڕەوایەک، حکومەتێکی دیکەی لەناو بردبێت بۆ ئەوەی پاشای شکست خواردوو ڕیسوا بکات، بە هەژدیها و شتی خراپ ناوی هێناوە، وەک ئەوەی هەخامەنشییەکان ناوی دوا پاشای ماد (ئاستیاگ)یان بە هەژدیها

ناوهێناوە، کەچی «کتز یازی نۆژداری یۆنانی» دەڵێت: ئاستیاگ پاشایەکی باش و بە بەزەیی بووە، دیارە بەڕێز خوسرەو جاف لە کتنزیاز باشتر دەزانێت، کە دەڵێت ئاستیاگ هەژدیهایە، واتە زوحاکە و کۆرشی پاشای هەخامەنشییەکان کاوەیە، واتە ستەمدار کورد بووە، ستەم لێکراو فارس بووە، ئەمەش ناچێتە عەقڵەوە، چونکە کورد بە درێژایی مێژوو گەلی دیکەی نەچەوساندووەتەوە.

با ئەوەش لە یاد نەکەین، جاران هەر حکومەتێک شکستی هێنابێت، دایک و ژن و کچی بەدیل گیراوە و بەخورتی پاشای سەرکەوتوو لەخۆیانیان مارە دەکرد. نموونەمان هەرسێ کچەکەی یەزدە گوردی پاشای ساسانییە، کە لەلایەن موسڵمانانەوە بەدیل دەگیرێن و سەرەتا ویستوویانە مەزاتیان بکەن، دواتر لەلایەن ئێرانییەکانی دانیشتووی مەککەوە قەبوڵ ناکرێت، کە کچانی پاشای ئێرانی مەزاد بکرێن، بۆیە لە کوڕی ئیمامەکانیان مارە کردوون.

ئیتر بۆ توێژینەوە لە داستانی زوحاک و کاوەی ئاسنگەر و ڕیشەی سەرهەڵدانی جەژنی نەورۆز، پێویستە ئەفسانە بەرجەستە بکەین، شارەزاییەکی باشمان لەتێکەڵبوونی ئەفسانە بە ڕووداوە کۆنەکان و چۆنیەتی پەیدابوونی داستانەکان لە ئەنجامی کاریگەریی ئەفسانە لە ڕووداوەکان، لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی مێژوو، گۆڕانی دەقی داستانەکان لە قۆناغی دواتر و ئەندازەی ڕازاندنەوەی و بەچێژکردنی دەقەکان بە ئەفسانە هەبێت.

هەڵبەتە ژمارەیەکی زۆری داستانی ئەمڕۆی کوردی پێوەندییان بە ڕووداوی ڕاستەقینەی بەر لە مێژوو هەیە و بە خوداوەندەکانەوە پەیوەستن، واتە ڕووداوە سروشتییەکان لە کارەساتی ناخۆش و سەرهەڵدانی خۆشی خراوەتە ئەستۆی خوداوەندەکان. ئینجا بەدرێژایی مێژوو قۆناغ لەدوای قۆناغ هێزی خوداوەندی چاکە و بەسوود بۆ خوداوەندی خۆر و ئاهورامەزدا و دواتر بۆ کەسایەتی چاک و ڕزگاری چینی چەوساوە لەدەست زۆرداران گۆڕاوە، خوداوەندی بەدیش بۆ ئەهریمەن گۆڕاوە و دواتر ڕەنگی لە مرۆڤی بەدکار داوەتەوە، وەک لە داستانی (مەم و زین)دا دەبینین، (مەم) ڕەنگدانەوەی هێزی چاکەیە و بەکرۆکەش ڕەنگدانەوەی هێزی ئەهریمەن و خراپەکارانە، هەروەها زوحاکیش ڕەنگدانەوەی هێزی ئەهریمەنە و کاوە و مامە پیرەش ڕەنگدانەوەی خوداوەندی چاکەخوازە.

بەم جۆرە گۆڕانی بەسەرداهاتووە!

خوداوەندی چاکەخواز ــ وەیس،

خدری زیندە ــ مامە پیرە.

جا داستانی نەورۆزیش بە هەمان شێوە لە خوداوەندی چاکەخواز بۆ کەسایەتی پاڵەوان و ڕزگاری مرۆڤایەتی بەم جۆرە گۆڕاوە: هەردوو خوداوەندی چاکەخوازی (دوموز) و (کەی بێل)ی سۆمەری بۆ کەسایەتی ئاسنگەر گۆڕاوە و خوداوەندی بەدیش لە زوحاکدا ڕەنگی داوەتەوە. جا بەهۆی ئەوەی کوردستان مەڵبەندی شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، ڕیشەی زۆربەی داستانە کۆنەکان پێوەندی بەکوردستانەوە هەیە، لەوانە جەژنی نەورۆز و داستانی کاوە و زوحاکە لەنێو کورد، هەمیشە کاوە پەیوەستە بە جەژنی نەورۆزەوە، هەر کاتێک ناوی یەکێکیان بێت، ئەوی دیکەی بەدواوەیە. بۆ نموونە خەلیل منەوەر کە لە ساڵی ١٨٧٨دا لەدایک بووە لە پارچە شیعرێکیدا دەڵێت:

**کۆچ کەرە زمستان– ئانە وەهارەن**
**فەسڵ گوڵزارە– هەم میرغوزارەن**
**یادی نەورۆز و جەژنی قوربانەن**
**عید کاوەی نەبەرد قەومی کوردانەن**

## ناوی ئەژدیها لەنێو گەلان

ئیژدها، ئەژدەهاک، ئازی دەهاک، لە ئاوێستا بەم ناوانە ناوی هاتووە، یان دەرباس بووە، ئەژی دەهاکە، گندۆر ئیسقات= دەو بەشی ئەشکەلک، گۆنت= بەتوانا، لە زمانی ئینگلیزی دراگۆ،ن لە یۆنانی دراکۆن هاتووە، لە ئەرداوێراف نامە بە مارچیاک ناوی هاتووە، لە زمانی ئەرمەنی ئافی و لە زمانی پاڵەوی ئیزی و لە سانسکریتی ئیهی هاتووە، هەروەها لە سانسکریتی بەناوی ئاشداهاک، ویشاپ، ویساپاک و ڤیساپا هاتووە. ئیتر لە هەر زمانێک لەم زمانانە ناوی بکوژی هەژدیها بەناوی جۆراوجۆرەوە هاتووە.

**پەراوێز:**

* خۆراسان ئەوکاتە بێجگە لە خۆراسانی ئێران بەشی زۆری

ئەفغانستانیشی دەگرتەوە.

* خوزستان ناوی نوێتری ئیلامی کۆنە، تا سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیسلام بە زمانی دانیشتووی بەشێکی لوڕستان دەگوترا زمانی خوزی، دواتر ئوستانێکیان بەناوی خوزستان لە لوڕستان جیاکردەوە و ئەهواز بووە ناوەندەکەی. جا خوزستان، کە بەشێکی کوردستانە و زۆربەی دانیشتوانی بەزاراوەی لوڕی دەدوێن، جاران لە چەمی ئەروەند (شط العرب) تا ئسفەهانی دەگرتەوە، ئەم ناوچەیەش بەر لە هەموو ناوچەیەکی ئێران حکومەتی تێدا دروست بووە، وەک حکومەتی پێشدادی و حکومەتی ئیلامی و حکومەتەکەی زوحاکی ستەمکار، کە ئەوکاتە هێشتا فارسەکان نەهاتبوونە ئێران.

* گیلەکییەکان لەناوچەکانی گیلان و ڕۆخانەی دەریاچەی قەزوین نیشتەجێن، زمانیان زۆر لە زاراوەی هەورامییەوە نزیکە و زۆر بە ئاسانی لە یەکتری دەگەن و پسپۆڕانی زمان و مێژوو، ئەمانیش هەر بە هەورامی دەزانن.

**تێبینی:**

بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لە هەندێک لە بابەتەکانم بینیوە کە دەربارەی ئەم داستانە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوم کردوونەتەوە.

هەروەها هەژدیها لەناو گەلانی کۆنی میسۆپۆتامیاش بەناوی جۆراوجۆر هاتووە و ناوی بکوژەکەشی بەناوی جۆراوجۆر هاتووە، وەک (تیامات) لە بابل، کە بەدەستی خوداوەند (بل مردۆک) کوژراوە.

هەریەک لەم میللەتانەش بەجۆرێک لە هەژدیها دواون، بۆ نموونە لە (بندهش)ی ئاوێستا ئەم گیانەوەرەی بەگیانەوەرێکی دڕندەی سێ سەر ناوی هێناوە، کە ئاگر لەدەمییەوە دێتە دەرەوە، ئیتر بەدرێژایی مێژوو پاشا و فەرمانڕەوای شکست خواردوو بەم هەژدیهایانە چوێنراون، لەلایەن فەرمانڕەوا دەسەڵاتدارە ستەمکارەکان، بۆ نموونە (دیاکۆ، هۆخشترەو، ئاستیاگ) لەلایەن ئاشوورییەکان و هەخامەنشییەکان بە جانەوەری هەژدیها چوێنراون، یان ناوزەد کراون.

هەروەها پاڵەوانی خنکێنەری ئەژدیها لە گەلانی کۆنی میسۆپۆتامیا (گاگا)یە و لەئێرانی کۆنیشدا کاوەیە، ئەمانەش بەردەوام لە پیاوچاکان و ڕزگاری میللەتاندا ڕەنگیان داوەتەوە، کەچی ستەمکاران کردوویانەتە نازناو بۆ خۆیان، ئیتر هەر پاشایەکی بەهێز و کاربەدەست، بە کاوەی دەچوێنن و پێچەوانەشی بە زوحاک، ئەمەش بۆ زڕاندنی ناوەکەی بوو، وەک ناوزڕاندنی (ئاستیاگ)ی دوا پاشای مادەکان بە چواندنی بە هەژدیها لەلایەن هەخامەنشییەکانەوە، هەروەها ناوزڕاندنی دیاکۆ لەلایەن ئاشوورییەکانەوە. لەبنەڕەتدا هەژدیها بریتی بووە لە چەند جۆرە دیناسۆرێک، لەوانە دیناسۆرێکی ئاوی بە ناوی (چۆنگر یونگ)، کە ئێسقانەکانی لەچین دۆزاوەتەوە، هەروەها لە چین هێسکی هەژدیهایەک دۆزراوەتەوە ٢٠م درێژە، کە بەر لە (٨) هەزار ساڵ ژیاوە، کەواتە هەژدیها گیانلەبەرێکی گەورە و دڕندە بووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی خۆراک بۆ ماوەیەکی درێژ لەناوچووە، جا بەهۆی وشکەساڵی، یان بەهۆی بەفر و سەهۆڵبەندانەوە بێت، کەچی بەڕێز خەسرەو جاف دەڵێت گیانەوەرێک نەبووە بەناوی هەژدیها و هەر ئاستیاکی دوا پاشای مادە، بەدەستی کۆرشی فارسی کە بە کاوە ناسراوە لەناوچووە.

# خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی پیرشالیار

عەبدولڕەزاق عەبدولڕەحمان محەممەد
(سلێمانی)

(٢ - ٢)




**ئەڵقەی (١٤) ل(٣٥٢-٣٨٩)**
**(٢ - ٢)**

لە هەموو دەڤەرەکانی ئاریان زەمین، دەنگوباسی پیرشالیار بڵاوبووەوە کە لە دەگای هەوراماندا ئەم پیرە بووەتە پیری پیران، ئەمەش بە هەوڵ و تەقەللای خۆی بووە و توانیویەتی هەموو پارچە ونبووەکانی ئاویستا کۆبکاتەوەو زەندێکیان بۆ بنووسێ و ئایینی زەردەشت نوێ بکاتەوە. ئیتر دەگا ببووە مەڵبەندێ، خەڵکی حەزی دەکرد سەر لە پیر بدەن، چ مورید و موغانەکانی ئاریان زەمین، چ نەخۆش و دێوانەکان، بۆیە پیر بیری لە گۆڕانکاری دەگا کردەوە. کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ هێشا...

هێشا وتی: من خاوەنی مەرج نیم تەنیا تۆ شایەنی نازەنینی و تەنیا نازەنینیش شایەنی تۆیە. فەرموو لە تۆ فەرمان و لە من هەرمان، دەسەڵاتی دین و دنیا لەیەک گرێ دە.

بڕیار درا:

(١) نازەنین بووکی دەگای هەورامان بۆ پیرشالیار بێ و ڕەنگینیش بووکی ئاسمان بۆ هێشا بێ.

(٢) پەرستگەیەکی وەک پەرستگەی ئەکباتانە و خانەقایەکیش بۆ دیدەنی و کۆبوونەوەکانی مەڕێگا دروست بکەن، بۆ ئەمەش دەبێت سوارەکان بنێرنەوەو لەم لاشەوە بۆ بیناکردنەکە کاربکەن.

پیر بۆ خواجە زۆر بە پەرۆش بوو، چونکە پیر دەیزانی خەڵکی ناوچەکانی تر چۆن بەدەست دەسەڵاتدارانیانەوە زەلالەتیانە، بەڵام ئەم نە باج لە کاروانچییەکان دەسێنێ، نە هیچ. بەڕاستی باوکێک بوو بۆ دەگا، بۆیە خۆشیان دەویست، ئیتر پیر کەوتە کارکردن بۆ نەخشەکەی خۆی و هێشا، لەوانە:

- ناردنەوەی سوارەکان.
- ناردنەوەی یەکێک لە سێ براکان، بۆ هەواڵی خوشکەکەیان و بچنە تەیسەفون لای شای ساسان.
- ناردنەوەی گەڕامەگەر بۆ لای ڕەنگین و هەواڵی بداتێ و هەواڵیش بێنێتەوە.
- مژدەدان بە پاشا بۆ ئەو حەمایەلەی کە پارچەیەکی گرنگی ئاوێستای تێدایە.
- ئاگادارکردنی دەڤەری هەورامان بۆ باربوو کۆکردنەوە بۆ دروستکردنی پەرستگە.

بۆ ئەمانە پرس بە هەنارخان کرا، بزانێ ئەو چی دەڵێ. ئەویش داوای کرد با پیرشالیار ببینم، هەنارخان بە پیاوماقووڵ و نۆکەر و کەسوکارەوە لە ماڵی هەنارخان پێشوازییان لە پیرشالیار کرد بە ئامادەبوونی هەمووان باسوخواس هاتە پێشەوە و یەکەم جار باسی ڕەنگین کرا کە چۆن ڕزگاری کردوون و دڵی لە هێشا چووە، ئەمیش پەیمانی داوەتێ... وتی: بێ گومان دەردی خۆشەویستی بەیەک گەیشتنە.

دانیشتوانیش پیرۆزباییان لێ کرد و پیر وەسفی هێشاو هۆزاو وارانی کردو وتی: بەم زوانە هەورامان کاڵایەکی جوان دەپۆشێ. ئیتر بڕیاردرا ئەو خاڵانەی سەرەوە جێبەجێ بکرێن.

هەنارخان دیارییەکی شیاوی بۆ ساسان نارد کە پێکهاتبوو لە: دڵە ڕەبایەک، قەڵەمبڕێک، ئەنگوستیلەیەک. لەم کەینوبەینەدا، پیر داوای لە چەند پیاوماقووڵ و ژیرلە کرد بمێننەوە دیارییەکە سەیر بکەن، بەڵام حێل و مێخەکەکەو ئەنگوستیلەکەیان جیاکردەوە، بە ژیرانە، سەرەتا بە کنایە داوای نازەنین کراو لە سیمیار مارەکراو پیر ئەنگوستیلەکەی کردە دەستی نازەنین و بەدەگادا بڵاوبوویەوەو هەنارخان ئاواتەکەی هاتەدی.

خەڵکی دەگا زۆر دڵخۆش بوون جگە لە ئەژدەر و پەسەند.... ئەژدەر خۆی ئامۆزای نازەنینە و کەچی کەس پرسی پێنەکرد، پەسەندیش زڕخەسووی پیرە و کەچی ئاگای لێ نییە.

ئەژدەر نەیدەزانی چۆن ئەم کارە تێک بدات، چووە لای دایکی هێشا و وتی: من نازەنینم بۆ هێشا دانابوو کەچی کێ بردی، دایکی هێشا بەتوندی وەڵامی دایەوە، جا تۆ کێی. نازەنین هەر شایستەی پیرە، بۆیە لێی داو ڕۆیشت. پەنای بردە لای وەسان بەگ، بەڵکو تەڵەیەک بنێتەوە.

جۆشان و هامان و چوار سوارەکە بەرێ کران، حەمایەلەکە درایە دەست هامان بۆ شای ساسانی بەرێت، دیارییەکانی تریش درانە دەست گەورەی چوار سوارەکە بۆ شا، دیارییەکانی تریش بۆ ڕەنگین درانە لای جۆشان و بەڕێ کران.

چوارکەس بۆ دەوروبەر نێردران تا کۆمەکی بۆ دروستکردنی پەرستگا کۆبکەنەوە، لەولاشەوە دەستیان بە تێکدانی کۆنەکە کرد و نەخشەیەکی جوانیان بۆ تازەکەش دانا. پیر وەسان بەگیش نەیدەزانی چی بکات، بەڵام لەپڕ تووشی نەخۆشی سەراسێ هات و بەتەمابوو چاک بێتەوەو ئەژدەر بکاتە زاوای خۆی و لە دەگای هەورامان نزیک بێتەوە، بەڵام زۆری نەبرد مرد و ئەژدەریش لەوێ وەدەرنرا.

لەم ئەڵقەیەدا ناوی پیرشالیار بڵاوبووەوەو نازەنین لە پیر و مارەکرا نەخشەیەک بۆ ناردنەوەی سوارەکان و گەڕانەوەی گەرامەگەر بۆ لای ڕەنگین و داواکردنی بۆ هێشا و، دروستکردنی پەرستگەیەک بۆ دەگای هەورامان دانرا.

### ئەڵقەی (١٥) ل( ٣٨٩-٤٢٨)

خەریک بوو پەرستگە تەواو ببێ، پیر دایناب‌وو کە ژیرلە کردنەوەی کۆمسا بکات، کەچی لەپڕ ژیرلە مردو خەفەتێکی زۆری دایە پیرشالیار و هەنارخان...

ژیرلە قسەکەر و ڕاوێژکەری ماڵی هەنارخان بوو... تەرمەکەیان بردە کۆمساو پیاوان و ژنان، سەریان لێداو یەسنایان لەسەر خوێند... بەڵام سەیر لەوەدا بوو ئەم هەموو خەڵکە چۆن لە کۆمسا جێگایان بووەتەوە، تا ئێستاش بووەتە جێگەی سەرسوڕمان کە خەڵکێکی زۆر لە کۆمسا جێگەیان دەبێتەوە.

جۆشان و هامان و گەرامەگەرو چوار سوارەکە گەیشتنە شارەکەی ڕەنگین، وەلێ چەند ڕۆژێکە دەهقان مامی ڕەنگین مردووە و دەیانەوێ دوای چەند ڕۆژێک، دەهقان بۆ خۆیان هەڵبژێرن.

نەخشەیەکیان دانا کە کەس پێیان نەزانێ و لەم هەڵبژاردنەدا ڕەنگین دەربچێ. ئەمەش بە زیرەکی جۆشان بوو کە قەناعەتیان بە موغانەکە کرد بۆ دەرچوونی ڕەنگین پشتیان بگرێ، ئەمانیش بەهۆی پیرشالیارەوە بەو نەخشەیە نە کەیمناو نە کوڕی دەهقان و نە ژنەکەی هەڵنەبژێردران، بەڵکو هەموو ڕەنگین، بووکی ئاسمانیان کردە سەرداری خۆیان. بەخەڵکیشیان ڕاگەیاند کە لەلایەن پیرشالیارەوە لە هێشا مارە بڕاوە، چونکە ئەگەر کچ بووایە هەڵیان نەدەبژارد.

جۆشان و هامان و چوار سوارەکە خۆیان وا پیشان دا، کە لەلایەن شای ئاریان زەمین و پیرشالیارەوە بۆ ئەم کارە هاتوون. کەیمنا لەوە بەدواوە سەری خۆی هەڵگرت و خۆشی نەیزانی بۆ کوێ بچێ؟

چوار سوارەکەو هامانیش، بەرەو ئەکباتانەو تەیسەفون ڕێیان گرتەبەر.

گرامەگەرو جۆشانیش بەرەو دەگای هەورامان ملیان ناو گەڕانەوە، کە نزیک بوونەوە لەسەرگاشە بەردێک دانیشتن و بە جووتە سەیری دەگای هەورامانیان کرد، کە چ دیمەنێکی

جوانی هەیە، پاشان هاتنەوە. یەکەم کەس هێشایان دی، کە مژدەی خۆشیان دایە و جۆشان وتی: دەبێت دڵداری نەکەی، یان کە کردت وەک هێشا بیکەی، کە تفەنگت تەقان بەکەڵە کێوییەوە دەبێ نەینێیی بە چۆلەکەوە. پاشان هەموو پیاو ماقووڵان لە کۆمسا کۆبوونەوە، جۆشان هەواڵەکەی گەیاند و بڵاوبووەوە بە دەگای هەوراماندا کە کچە بەگزادەیەکی بێستوون زەمین کە ناسراوە بە بووکی ئاسمان، عاشقی هێشا بووە، پیرشالیار لێی مارە کردووە.

ئیتر هاتنە سەر ئەوەی کە چۆن ڕەنگین و نازەنین بگوێزنەوە، لەولاشەوە سەپان و لاپان بێتاقەتن کە هەواڵی هامانی برایان نازانن، بۆیە: جوولە و چاوین و سەپان و لاپان، ڕێک خران بڕۆن بۆ لای ڕەنگین و بزانن چی دەڵێ بۆ گواستنەوەی...

دوای چەند ڕۆژێ هامان پەیدا دەبێتەوەو چیرۆکی خۆی بۆ پیر دەگێڕێتەوە کە چۆن چوارسوارەکە بەجێی دێڵن، ئەمیش دەچێتە لای بەرازەوانێک و خوشکەکەی خۆی دەدۆزێتەوە و کەیمنا دەبینێ، بەڵام ئەو نایناسێتەوە.

سەیرە.. ! هامان لە کوێ و خوشکەکەی لە کوێ و چۆن بەیەک گەیشتنەوە.

جوولە و چاوین و سەپان و لاپان، کە نامەی پیرشالیاریان دایە موغانەکە، نەخشەیەکیشیان دانا کە چۆن ڕەگین بۆ هێشاو بگوێزنەوە، کە چۆن نەبێتە هۆی ئابڕووچوون...

بەناوی نەخۆش کەوتنی ڕەنگین، موغانەکەو چەند ڕیش سپییەک بەرەو دەگای هەورامان گەڕانەوە و ڕەنگینیشیان هێنا، سەپان و لاپانیش زانییان کە لاپانی برایان گەڕاوەتەوە.

کە ڕەنگین و جەماعەت نزیک بوونەوە، لاپان زوو هاتەوە دەگاو بە هامان شادبووەوە و هەواڵەکەشی بە پیر گەیاند، ئەویش هەرچی خۆ ئامادەکردن بوو بۆ گواستنەوەی نازەنین کردی، کە ڕەنگین نزیک بووەوە با وابزانێ بۆ ئەو کراوە، بەڵام لاپان و هامان و چەندانی تری بۆ پێشوازی ڕەنگین نارد، داوای لێکردن گەیشتنی ڕەنگین کەمێ دوا بخەن تا ئەمان خۆیان باش ئامادە بکەن.

بووکی هەورامان! نازەخان، بە جوانترین شێوە بەناز و خەندەو چەپڵەڕێزان و بادەوبادە، گوێزرایەوە، نازەنین لەسەر ماینەکە وەک بووکانی تر نەبوو، بەڵکو دەستی بەرزکردبووەوە وەک ژنێکی سالار سڵاوی بۆ خەڵکی دەکرد.

بۆ ڕۆژی دوایی، شایی دەستی پێ کردەوەو چوون پێشوازی بووکی ئاسمان، ڕەنگین خانیان کردو بەرەو ماڵی هەنارخان هاتن. هەرکەس ڕەنگینی دەبینی دەیوت لەگەڵ نازەنیندا سێویکە کراون بەدوو لەتەوە.

دواتر شایی لە نێوان هەردوو بووک و هەردوو زاوا بەرێ کراو، تەلیش لە ماڵی هەنارخان بۆ هەردوو زاوا پیر و هێشا گوێزرایەوە و زەماوەن تەواوبوو.

لەم ئەڵقەیەدا: پێش تەواوبوونی کۆمسا، ژیرلە مردو... داخوازی ڕەنگین کراو.... هامان خوشکەکەی خۆی دۆزییەوەو... ڕەنگین و نازەنینیش بۆ هێشاو پیرشالیار، گوێزرانەوە بە شاییەکی گەورە کە هەردوو شاییەکە بەیەکەوە کران.

**ئەڵقەی (١٦) ل(٤٢٨-٤٥٠)**

– میوانەکانی بێستوون زەمین کە لەگەڵ ڕەنگین خان هاتن، بەرێ کران...

– ئیتر پیر زانی کە دەگا ماوەیەکە ماندوون، بیری لەوە کردەوە کە ئیتر کاتی هەرمان و فەرمانە، بۆ ئەمەش ئەندامانی مەرێگای زیادکردو، بەهرۆز و جوولە و هۆزاو هێشاو هامان و جۆشان و ڕەنگین و نازەنینی زیادکرد، هەریەکەشیان کارێکی پێ سپێردراو جارێکی تر هەنارخانیشی کردەوە دایکی هەمووان و سەرداری هەورامان.

– باوە نەورۆزی سەرگەتی لە تەمەنی سەد ساڵیدابوو، گەورەترین موغانی شارەزوور بوو، کە ناوبانگی پیرشالیار دەبیستێ دەیەوێ خۆی ئەو مۆدزانە ببینێ، بۆیە: بەرەو دەگای هەورامان دەکەوێتەڕێ، مۆدزەیەک یەکەم جار دەبینێ، دواتریش بۆی دەردەکەوێ، زۆر حەکیم و زیرەک و بە سەلیقەیە، کە دەگەڕێتەوە تەواو قەناعەتی کردووە کە هەقی خۆیەتی کە پیری پیران بێ، بۆیە: هەواڵی بە سەرجەم پیرەکانی تردا کە هەموو باوەڕیان بە گەورەیی پیرشالیار بێت و بە تایبەت نامەی بۆ کۆسەی هەجیج نارد کە خۆشی سەردانی بکات و تاقی بکاتەوە.

کۆسەی هەجیج بە بارو بارخانەوە، بەرەو لای پیرشالیار بەرێ کەوت، وەلێ وەیسە زۆر چاوەڕوانی کرد، کۆسە نەگەیشت، بۆیە گەڕایەوە ماڵەوە.

لەو دەمە پاییزەدا ئەو ڕۆژەی کە کۆسەی هەجیج گەیشتە دەگا

ئاردێک باری و دەگای هەورامانی داپۆشی و خەڵکی سەری سوڕما.

لەم لاشەوە کۆسە بە حیساب تەرکەداری کردووە بە مار، بەڵام کە زانی مۆدزەکەی کارناکات، هەر بارە دارە نەک بارەمار، زانی کە پیرشالیار مۆدزەکەی بەتاڵ کردبووەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاردی بەسەر ماڵاندا باراندووە. کۆسە بۆی دەرکەوت: کە پیر لە پایەو پلەیەکی گەورەدایە.

دەنگ بڵاوبووەوە (ئاوەروێ کە پیرشالیار جە ماریفەتەنە نامێش بەرۆ(وارێنە) و تەخت و ساسانیش ماڵان. ڕەنگین و سێ کوڕەکەی ڕەخشان زۆر بێ تاقەت بوون، چونکە ئەو بەفرە بەرەو ئەکباتانەو ئیلام و بێستون زەمین ڕۆیشتووە.

ئەو هەموو خەڵکەی دەگا لە کۆمسای گلێربوونەوە تا پیر تەگبیرێکیان بۆ بکات نەوەک ئەو (وەروە) بەرەو شاخەکان بێت. پیر وتی:

دوێ کەسێ بلا پەی جەڵەولاری و باغوبەرەی، بزانا دەنگ و باس چێشا... بۆ ئەمەش مام خوداداد و هێشا هەڵبژێران... ئەو دووانە بەرەو ئەو گەرمەسێرە ڕوویان نا، بەڵام کە ئەو دەنگوباسە ناخۆشەیان بیست نەوەک ئەوانیش ئەنفال بکرێن گەڕانەوە شارەزوور... بۆیان دەرکەوت لافاوەکە بەرەو ئەکباتانە و نەهاوەند، لەولاشەوە بەرەو شارەزوور و هەولێر ملی ناوە.

نەیانزانی بوو لافاوەکە پێش ئەمان لە شوێنی ترەوە گەیشتووەتە شارەزوور، بۆیە هەردووکیان بەخسیرکران. هێشا بە ژیرانە قسەی لەگەڵداکردن، وایان زانی ڕام بووە... لێرەدا هێشا بۆی دەرکەوت کەمینا بووەتە چاوساغیان بەرەو ئەکباتانە و نەهاوەند پێشیان کەوتووە. هەرچۆن بوو هێشا دەرباز بوو و گەڕایەوە شاخەکانی هەورامان لای (بابازەردەڵە)، لەوێ مایەوە تا برینەکەی چاک بووەوە. پیرو خوا پەرستەکان خۆیان لە شاخەکان حەشار دابوو.

پیرخدادایان نەکوشت و وەلێ زیندانییان کردو ئومێدیان پێی بوو کە ڕێیان پیشان بدات بۆ ئەوەی بگەنە پیرشالیار.

بەرزۆری باغوبەرەی ناکەس بەچە، بووەتە ڕێ نیشاندەر لەو هەموو تاڵانییە ئەوەندەیان بەش دابوو، ناوەکەشیان بە حەمەد گۆڕیبوو، خۆی کردبوو بە دۆستی پیرخوداداد و پێی وتبوو ڕێگەی هەورامانی ئەودیویان پێ پیشان بدات، مانگێک هەوڵی لەگەڵ دا بۆی نەخەڵەتا.

لەشکری وێرانکار هیچی بەسەر هیچەوە نەهێشتبوو، لەنێوان تەپە گوڵاوی و تەپەکوڕەدا مۆڵ ببوو، بەکرەسوور ناوێک گاڵتەی بە قسەی پیرخوداداد دەکرد کە وتبووی: بەرم نەدەن کاولش کەرو، زۆری نەبرد نزای پیرخوداداد گیرا، بوو بە گەردەلوولێک بارگە و لەشکری تووناتوون کرد. جگە لەوەش تووشی ڕشانەوەی کردن تا ئێستاش نەزانراوە، بەکرەسوور چەقەڵەکانی شارەزوور چۆن سەر و کەللەیان خوارد. بەم شێوەیە تەفروتوونا بوون، ئیتر پیرخوداداد ڕزگاری بوو حەمەدیش کەوتە دودی بەرە و دۆڵی هانەگەرمڵە تا لە وڵەدەرەوە بگاتەوە هەورامان، حەمەد خۆی تووشی یاوو لەرز کرد، پیر خەرقەکەی خۆی پێدا دا و چوو کەمێک میوەی بۆ بێنێت کە پیر دوورکەوتەوە حەمەد بۆی دەرچوو گەڕایەوە.... پیر کە هاتەوە حەمەد نەمابوو هەندێ بەردی کۆماکرد و داینا بەو مانایەی کە حەمەد تا ئێرە لەگەڵیدا بووە، لێرەوە غەیب بووەتەوە، ئیتر ئەو کۆمایە ناونرا (حەمەدی غەیبی) خەڵکی بۆ بەردانی (یاو و لەرز و سێبەڕۆ) کردوویانە بە مەزارگا. حەمەد کە دەگەڕێتەوە، ئەوانەی لە قەڵێی شارەزوور خۆیان شاردبووەوە کە حەمەدیان بینی ناسیانەوە و پارچە پارچەیان کرد.

هێشا درەنگ گەڕایەوە هەورامان، چونکە برینەکەی درەنگ سارێژ بوو، وەختێ گەڕاشەوە بیستی هەر پاش دەرچوونی هەنارخان مردووە، چەند ڕۆژێکیشە پیرشالیار گیانی سپاردووە کە ئەو هەواڵەی بیست لە هۆش خۆی چوو، پیرشالیار چووە خەوی هەندێ هەواڵی پێ دا... کە بەخەبەر هاتەوە بینی کە خەڵکی دەگای هەورامان لەسەری کۆبوونەتەوە، پاشان بەسەرهاتی خۆی و پیرخودادادی بۆ گێڕانەوە، ئیتر بردیانە سەر مەزارگەی پیرشالیار و هەنارخان. هەواڵ هات پیرخودادادیش وا گەڕایەوە، ئەویش بە بیستنی مردنی ئەو دوانە زۆر دڵتەنگ بوو، پاشان خەڵکی لە کۆمسای کۆبوونەوە...

هەم پرسە تازە بکەنەوە، هەم هەموو گوێیان لە هەواڵەکە بێت، چۆن خۆیان بپارێزن و دوای نازەنین کێ بکەنە گەورەی خۆیان.

پیرخوداداد بەو مردنانەو ئەو کارەساتانەی کە بەسەر گەرمەسێرو شارەزوور هاتبوون وایان تاساندبوو نەیدەزانی چی بڵێ؟!

**خوێندنەوەکەمان بۆ ڕۆمانەکە**

من پێم وایە: ئەم ڕۆمانە ئەرێیی زۆری هەیە، بەڵام نەرێیشی هەیە، کە خۆیان لەم تێبینی و سەرنجانەدا دەبیننەوە:

**یەکەم:** ئەمە چەند ڕستەو قسەی نەستەقی جوان کە لەم ڕۆمانەدا بەکارهاتوون، ڕۆمانەکەیان بە هێزکردووە:

– ژیرلەی مەریێ دەڵێ: ژن وەک خەپلەی هەڕشتەیە، بەگەرمی نەیخۆی دەتخوا ؟! ل ١٩

– جوانی پیاو بە ئافرەت دەزانرێ، جوانی ئافرەتیش لای پیاوە. ل ٤٠

– بیرکردنەوەی چاک، وتەی چاک، ڕەوشتی چاک، وتەی زەردەشتە. ل٧٤

– لەوتەکانی سیمیار: چاوی مرۆڤ بەرەو ئاسۆیە، کەچی هی ئاژەڵان بەرەو زەوییە ... بۆ؟

ئەم لەوەڕەکەی بەسەو لەوەڕیش لەسەر زەوییە... ئەو چاوی لەنێوان ئاسمان و زەویدایە، دەشێ هۆشی لای یەزدان بێ و دەبێ گوزەران و بژێوی لە ناو زەویدا گیر بکات. ل٧٦

– لەکێوی قافەوە، یان لەشاری واقواقەوە دێ. ل ٨٧

– ئافرەت دەبێ بەژیری خۆی ڕێی خۆی بدۆزێتەوە نەک بەکاڵا. ل٩٥

– دەڵێی حاکمی تەتەرە و بۆ لەشکرەکەی وتار دەدات. ل ٩٨

– ئەوەی خۆشەویستی ڕاستی لە دڵیدا جێگیر بوو بێ، لەناو سەهۆڵبەندانیشدا ڕەق نابێتەوە. ل١٠٦

– سەوسەن دایکی هێشا دەڵێ: هێشا منی نارد وتی بە خواجەو هەنارخان بڵێ:

من هەر قەتارچییەکەی جارانم ... ئەوەم بۆیە کردووە تا خەڵکی نەڵێن لە دەگای هەورامانداا پیاو کەم هەڵکەوتووە، تا بۆ خەڵکی دەرکەوێ خواجە بەهەمەن نۆکەری وەهای هەیە. ل١١٥

– وتەکانی نازەنین وەک ل١٢٣

– قسەکانی نازەنین دەڵێی: سروشێکی یەزدانی ڕاوێژکاریەتی. ل ١٢٤

– سمیار وتی بە چەتەکان: ئەوەی ئێمە هەمانەو ئەوەی ئێوە گەرەکتانە، بایی یەک دڵۆپە خوێنی یەکێک لە ئێمەو یەکێک لە ئێوە نییە. ل١٣٦

– لەوتەکانی سیمیار: خوا یار بێ هەموومان دەڕۆینەوە، تۆ زوو من درەنگ، تۆ بەباری قورسەوە من بە هەگبەی پڕەوە. ل ١٥٣

– زەردەشت دەفەرموێ: یەک کەمە، دووخەمە، سێ خاتر جەمە.. ڕێگای دوور بەیەک و دوو درەنگ تەی دەبێ، بەسێ خۆی ڕاناگرێ. ل ٢١٦

– کە پیرشالیار هۆزای بینی دەستی کردە ملی و وتی: ئەوەی ئازاری غوربەت جۆشی نەدابێ و تامی ئەڤینی ڕاستەقینەی نەچەشتبێ، ڕەنگە بڵێ: ئەو پیاوە گەورەیە، چۆن ئەو هەموو سنوورەی لەو شوێنەدا بەزاند و وا دەستی لەملی ئەوکوڕە عەوداڵە کرد!؟. ل٢٦٩

– زەمین نە هەمووی ڕیچەو نە هەمووی بە پیتە. ل٢٧٨

– زەردەشت دەڵێ: گرنگترین کات، ساتی دابڕان و بەیەک شادبوونەوەیە. ل٢٨٤

– بۆ دایکێکی جگەر سووتاوی وەک من، هەزار ساڵ ڕێش دوور بێت دەیگاتێ... ڕەنگە ئێوە نەزانن دڵی دایکی جگەر سووتاو یانی چی؟! ٣١٤

– دەردی خۆشەویستی دەرمانی بەیەک گەیشتنە! ل٣٧٢

– ئەوانی تر دڕکی یەک بنە پەیکوڵن. ل ٤٠٠

– پیاو کە ڕاوچی بوو یا تیر نەوەشێنێ، یا کە وەشاندی لە کەڵەکێوی ئاوای بسرەوێنێ! ل٤٠٧

**دووەم:** ئەمەش چەند ڕستەو دەستەواژەیەکە بە هەورامی یا وشەی هەورامی تێدا بەکار هاتوون...

کە ڕۆمانەکەیان دەوڵەمەند کردووە ... ئەمەش ڕێ خۆشکردنێکە بۆ زمانێکی یەکگرتووی کوردی:

کنا پەسەند دێرا ل١٦، پاسە خاسا ١٧، چێش ماچی واچە ١٨، دەی پەنەم واچە ٣٠، سەربازی تالیم دراو٣١، فجوق کردنی ژەرەژان٣٩، ئەو وردە ئەجیایانە ,٣٧، ٩٢، ٥٩، گڵۆێزی ناودەم ,٦، بەهەمەن بە هەردوو لەواسەی ٩١، لەپشتەوە چەمۆڵەو پوکالاویان بۆ ئاراستەکرد ١. ٥، تاتە ! ئانەچێش ماچی ١١٤، لەسەرخۆ شانشینییەکی لێکردن ١١٥، تاتە گیان خوایینت هەبێ ١١٦، هەموو داراو خاوەنراو جابوون ١١٧، سندوقی کلۆمکراو ,١٢، سەرەچلۆسکی ئاگرنانەوەی شەڕ ١٢٣، هێمای جمانی کاروانی دا١٣١، ڕاموسانیان کرد ١٣٣+١٩١، چەم و چۆخەرە ژەنگلەدارەکەش ١٣٥، ولاغێک چۆترمێکی هەڵەی بدایە، خەرەندەکەی خوارەوە قوتی دەداو دەبوو بە خۆراکی قەل وداڵ ١٥١، خۆی مکورکردبوو ١٥٢، بڕۆن لەئاسانەی خوادابن ١٥٦، زەنناری پیری لەقەد خۆی بەست ١٥٧، براینە ئێمە هەموومان ڕۆڵەی یەک

دەگاین، بەڕووی یەک نەرەین، ئارووی بڕکێکین١٦٨، دەسماڵێکی دێبای گوڵداری١٧١، بە زەڕی خۆت کریوتە١٧١، ئێمە زاڕۆڵە و وچکڵەی ئەوین٢٠١، پڕدۆڵەکەیان نانی پەچیبوو ٢٢٦، لە دەروونیدا گینگڵەی دەدا٢٣٢، ئەوە گۆڕی پیاوێکی ئاراگێڵی ڕێی خواپەرستییە ٢٣٤، تاگەیشتنە سەر کانیاو و سەیی و سەحەندێک ٢٣٩، چقەکەی سەری جەواهیر نیگا بوو٢٦٢، کناچە جەحێڵە لەتەرە ڕێسەکان ٣٢٦، کەس نەواچۆ خواجە بەهمەن مەردەن، دەگاو خواجەی تاکەسانێ پێسەو پیرشالیاری و هێشای و هۆزایش چەنەبا نەمەردەن، ئۆجاخەش ڕۆشنەنە٣٣١، لەتۆ فەرمان لەمن هەرمان ٣٥٦، ئەو هەموو گەجەرو گوجەرە ٣٨٠، وەک هەڵیزی دۆی ترش کرژو چرچ بوو٣٨٠، گەرامە ئاماوە ٤٠٦، خوایین هەبێ کارسازی ئاسانە ٤١٠، لاشیپانی یەک دەرگان٤١١، تەقەڵ خاسەکان ٤١٧، ژنی کارامەو دەسوپلدار بۆنان پەچین ٤١٨، توخوا مەتی مەنیج ئینێ ئاردی نیبەنی ٤٣٤، پیاوێکی حوچی لاقۆر درێژ ٤٣٦، وێت مەزانی کێ ئینەش پەنەکەردا ٤٣٨، بە گەواڵە گەواڵ دەرباز بوو ٤٤٢,...

**سێیەم:** هەڵبژاردنی ناوەکان لە ڕۆمانەکەدا جوانن و گونجاون وەک ئەم ناوانەی خوارەوە:

ئازا، یارا، تاوا، پەسەند، هێشا، سەوسەن، نۆشا، پەروەر، لاس و سانا، هۆزا، زاما، هاتێ، هۆما، جووڵە، چاوین، کەیما، جۆشان، بزنە ژیوا، گژەتیکە، لاپان و هامان و سەپان، ڕەخشان، گەرامەگەر، لالەخان، پاتۆ، لالە و قولەحەنە، پووورە ڕەنێ، واران، ... (لاپەڕەکانمان نەنووسین، چونکە زۆر دووبارە بوونەتەوە.)

**چوارەم:** کۆمەڵێک وشەی هەورامی ڕەسەن و پەتی بەکارهاتوون کە نووسینەکەو شێوازەکەیان بەهێزترکردووە بە تایبەت بۆ ئەو خوێنەرانەی کە هەورامی زمانن وەک ئەمانەی خوارەوە:

دەگا ل٦، سمەکرێ ل١٠، تەیمان ل١١، ئالنگارە ل١٣، گاوەکان ١٣، داساکاون ١٣، دەجمان ١٣، ڕاما ١٣، هەڕا١٣، مەسە ١٥، بووڵەکە١٥، یاگە١٧، مەگێزە١٨، تۆڵاش ١٨، چڵوسک ١٨، ئاوەسۆ١٨، گۆشەوارە ٢٠، هەرمان ٢٠، وەروەرۆ ٢٠، قەمتەر ٢٣، خووگ ٢٨، ڕوجیار ٢٩، وەرویڕک٣٠، گێتەمەژگی٤٧، دمارەکۆڵ٥١، وەشڵەی ٨٥+١١. +٨٥، کناچان ١٨٢، مزگی١٠٧، چەمچە ١١٠، زاڕۆڵە ١١٥، مشەبڕ ١٢٨، دیمڵە شۆرە ١٣٠، هەڵمۆت١٣٢، زاڵەترەک ١٣٤، لایدە ١١١، لونگە١٨٩- ١٩٠، گۆخڵ ٢٤٢، باژەڵ ٢٤٢، لەبارتەقا٢٤٤، ئەژیار٢٤٧، وڵاویا ٢٤٧، مەتی ٢٥٤، خواو ڕاسا ٢٥٤، مەردەلۆغە٢٦١، فجوق٣٢٧، ئاراگێل٣٢٧، چاشتی٣٣٤، هەرەتە٣٣٩، گڵمە گڵم ٢٨٢، کەیل٣٠٤، مێمڵە ٣٢٠، دوخ ٣٢٦، ئەسکەمل٣٤٣، ژەرەژ٣٤٧، قتولە ٣٥٠، بەنگا٣٥١، زەمڕەمە٣٦٤، پەرمین ٣٦٨، ڕەخشە ٩٧، خوایین کەرە٤٠٩، هێزم ٤١٨، پاوەیو ٤١٨، تاسوخ ,٤٢٧....

**پێنجەم:** لەبارەی نووسینەکەوە:

أ- شێوازی نووسینەکەی کاریگەرو بەهێزە، ئەوەی دەیخوێنێتەوە دەیخاتە ناو واقیعەکەوە.

ب - ڕێنووسەکە جوانەو تەواوە، هەرچەندە هەڵەی چاپی تێدایە.

ج - وشەو ڕستەگەلێکی هەورامی بەکارهێناوە کە پێویست دەکات ئەمە لە نووسینەکانماندا بۆ بنیاتنانی زمانێکی یەکگرتووی کوردی پەیڕەو بکرێت.

د- دەستەواژەی پڕ مەعنای جوانی تێدا بەکارهاتووە.

ه - بەڵای منەوە پێویستی دەکرد فەرهەنگۆکەیەک لە کۆتایی ئەم ڕۆمانەدا بیووایە، بەتایبەت بۆ هەندێ وشەی هەورامی وەک: دیمڵە، واچەم پنە، وەرویرک، ڕۆجیار، چاشتی، مەتی، تاتە، هێقم، ئالنگارە، ئەسکەملە، ژەرەژ، زەمڕەمە، ئەجیا، زەڕ، نمود... تاد.

و- گەلێک وشەی بەکارهێناوە پێویست بە پێناسەکردن دەکەن وەک:

جەڵەولار، باغوبەرە، ئاریان زەمین، بێستوون زەمین، ساناڵە، حەمایەلە، چل کلیلە، مەڕێگا، ژیرلەی مەرێ، بەیاز، گات، وەندیدات، یاسنا، ئاڤێستا، گێتە مەژگە....

**شەشەم:** لەبارەی کەس و ئەکتەرەکانەوە... ئەمانەش دوو جۆرن:

**بەشی یەکەم:** ئەوانەیان ڕۆڵی ئیجابیان بینیوە لەکۆمەڵگەدا وەک:

أ- وێنەیەکی جوانی پیرشالیاری پیشان داوە. زیرەک و بەسەلیقەو داناوزاناو حەکیم و فەیلەسووف.

ب - وێنەیەکی جوانی فەرمانڕەوای دەگای هەورامانی

پیشان داوه کە خواجە بەهمەنە... ڕاوێژی کردووە، ڕێزی پیرو موغان و ژیرلەی مەرێ و ئەندامانی مەرێگا... گرتووە، هەروەها باجی لەکاروان نەسەندووە، مافی داوە بەئافرەت، خۆشەویست بووە لای خەڵکەکەی.

ج - لەناو ژناندا سێ نموونەی جوانی باس کردووە کە زۆر کاریگەرو بە سەلیقەبوون وەک: هەنارخانی خێزانی خواجە بەهمەن، نازەنین (بووکی هەورامان) کچی خواجە بەهمەن، ڕەنگین (بووکی ئاسمان)کچی دەهقانی بێستوون زەمین.

د- لەناو پیاواندا گەلێک ناوی تر هاتوون کە ڕۆڵی جوانیان لەناو کۆمەڵگەدا هەبووە وەک: ژیرلەی مەرێ ئەندامانی مەرێگا، هێشاو هۆزاو واران و جووڵە و... تاد.

**بەشی دووەمیان:** ئەوانەن کە ڕۆڵی سەلبیان بینیوە:

ئەمانە مرۆڤە نەگریسەکانی ناو کۆمەڵگەن کە باسی کردوون، دەری خستووە کە عاقیبەتی ئەم جۆرە کەسانە لەناو کۆمەڵگەدا هەمیشە ریسواو سەرشۆڕو نەفرەتلێکراو دەبن، نموونەی جوانی هێناوەتەوە وەک: نۆشاو ئەژدەری کوڕی، وەسان بەگ، کەینا...

هەروەها ئەو پیاوە ئاییینیانەی کە مشەخۆرن بەسەر خەڵکەوەو (دین دەفرۆشن بە تین)*١و بەرژەوەندی خۆیان دەوێت و هەمیشە لە خزمەتی دەسەڵاتدان... خۆشەویست نین و عاقیبەتی ئەمانەش باش نییە، وەک مۆغانەکەی هەورامان و بێستوون زەمین و... وتەیەکی مالکی کوڕی دینارە کە دەڵێ: (لا أبیع الدین بالتین).

**حەوتەم:** لەبارەی ڕووداوەکانەوە:

کۆمەڵێک ڕووداوی مێژوویی باس کردووە کە خوێنەر بە زانیاری و ڕۆشنبیری دەوڵەمەند دەکات، تا ئەندازەیەک واقیعی دەوڵەتی ساسانی پیشان داوە، بە تایبەت بەسەرهاتی دەهقانی فەرمانڕەوای دەوروبەری ئەکباتانەو چیرۆکی سێ براکە (سەپان و لاپان و هامان)... ئەڵقەی ١٠.

**هەشتەم:** پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە پیرشالیارە... کە نووسەر توانیویەتی وێنەیەکی جوانی وەک زاناو ڕێبەر و حەکیم و فەیلەسووفێک پیشان بدات، بەڵام:

- بەڵگەی چییە کە پیرشالیار ناوی (سیمیارەو باوکی ناوی هورمزیارە؟) بەڵگەی چییە یەک پیرشالیار بووە و لەو ماوەدا ژیاوە؟ چونکە بە پێی ئەم بەڵگانە، پیرشالیار، ناوی سیمیار نییە...

ئەحمەدی کوڕی ئەبوبەکر لە (دبستان المذاهب ل١٠)دا دەڵێ: زەردەشت بە (وەخسوور سیمار) ناوی دەرکردووە.

لە (پیرشالیاری زەردەشتیدا ل٧)دا هاتووە کە پیرشالیار لە (ماریفەت)دا وتوویەتی:

**هۆشت جە واتەی پیرشالیار بۆ گۆشت جەکیاستەی زانای (سیمار)**

بۆ ناوی سیمار لەم وتەیەدا بە دوو مانا لێک دراوەتەوە:

**یەکەم:** بەمانای زەردەشت:

هۆشت لە وتەی پیرشالیار بێت و گوێشت لە نێردراوی سیمار بێت، ناکرێت لێرەدا سیمار مەبەست لە پیرشالیار بێت، واتە: سیمار ناوی پیرشالیار نییە، بەڵکو مەبەست زەردەشتە.

مەردۆخ دەڵێت: زانای سیمار زەردەشتە کە بە(وەخسور سیمار) ناوبانگی دەرکردووە... ئەمیش پشتی بە وتەکەی ئەحمەدی کوڕی ئەبوبەکر بەستووە.

**دووەم:** بە مانای محەمەد پێغەمبەر(د.خ)

دانای هەورامی لە(پیرشالیاری زەردەشتی ل٨)دا دەڵێت: من وادەزانم مەبەستی لە زانای ڕەمزگۆ (محەمەد پێغەمبەرە- د.خ)، چونکە پیرشالیار لەسەر بیروڕای زەردەشت بووە، لەبەرئەوە پێویست ناکات بڵێ هۆشت لە فەرموودەی پیرشالیار بێت، گوێشت لە نێردراوی زەردەشت بێت.

هەرچۆن بێت من پێم وایە: وشەی (سیمار) پیرشالیار ناگەیەنێت بۆ دووانەکەی تر زیاتر دەگونجێ.

- لە سەرچاوەکاندا ناوی باوکی پیرشالیار، جاماسبە! بۆ نموونە سەیری پەیامی هەورامان ل١٢٤بکە؟ کەچی نووسەر بە هورمزیار ناوی دەبات ئەمەی لەکوێوە هێناوە!؟

- بە نیسبەت پیرشالیارەوە، چەند پیرشالیار بوون و لە چ سەردەمێکدا ژیاون...

نووسەر لە پێشەکییەکەیدا بۆچوونی وایە یەک پیرشالیار بووە بەناوبانگ بووبێت، بەڵام پیرەکانی تری هەورامان ئەم ناوەیان بۆ خۆیان بەکارهێناوە، ئەم پیرشالیارەش لە سەردەمی ساسانییەکاندا ئاوێستا پەراگەندەکانی کۆکردووەتەوە...

لەسەر ئەم خاڵەش دەڵێن:

پیرشالیارەکان کە بەناوبانگ بووبن سیانن:(سەیری هەورامان ب١ل -١٢٩-١٤٠ )م ئەیووب ڕۆستەم ناوی سەرچاوە کۆنەکانیشی

هێناوە.

**یەکەمیان:** بە پیرشالیاری زەردەشتی ناسراوەو ناوی خودادادی کوڕی جاماسپ، یان هەندێکیش دەڵێن ناوی هەر شالیار بووە. ئەم دوو بۆچوونە هەن. (هەمان سەرچاوەی پێشوو)

بۆ سەردەمی ژیانی ئەم بیروڕایانە هەن:

- پێش زایین ژیاوە. بۆ نموونە: سەیری گۆڤاری هۆرامان ژ٢ ساڵی٢٠٠٤ ل٤ بکە؟ نووسیویە: ٢٧٠. ساڵ پێش ئێستا بووە. لە سەربوردێکی هەورامانندا ل١٢٤نووسراوە: لە ساڵی (١٥٠ پ.ز)دا ژیاوە.

- لەسەردەمی ساسانییەکاندا ژیاوە وەک نووسەر لەم ڕۆمانەدا باسی کردووە کە ئێمە بۆ ئەمەش قسەمان هەیە و دواتر باسی دەکەین.

- لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا ژیاوە. وەک لە (تأریخ مردوخ ل٣ نووسراوە).

- لە(نوشتەهای پراکندە: صدیق بۆرەکەیی ل٨٢ چاپ ١٣٦١ش)دا نووسراوە: لە سەدەی چوارەم ژیاوە.

- لە (مێژووی ئەدەبی کوردی-عەلائەدین سەجادی ل١٠٩ چاپی ١٩٥٢ز) دانووسراوە: لەسەدەی پێنجەم ژیاوە.

- لە(پەیامی هەورامان ل٤٠٧دا هادی بەهمەنی نووسیویەتی) لە نێوان ساڵانی (٩٩٠ - ١٠٧٧ز).

**دووەمیان:** دەڵێن زەردەشتی بووەو موسوڵمان بووەو ناوی مستەفای کوڕی خودادادەو دەڵێن لە نەوەی یەکەمە. ئیتر ئایا کوڕی دووەمە، یان بە پشتاوپشت بۆ یەکەم دەگەڕێتەوە، ئەمەش جیاوازی لەسەرە.

هادی بەهمەنی وای داناوە: دووەم کوڕی یەکەمەو لەساڵانی (٩٩٠ - ١٠٧٧ز)دا ژیاوە، دووەمیش لە ساڵانی (١٠٧٧ - ١١٦٦ز) ژیاوە. (پەیامی هەورامان ل٤٠٧)

سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە پیرشالیاری یەکەم کتێبێکی بەناوی (ماریفەت و پیرشالیاری) هەبووەو بە شێوە زمانی هەورامی کۆن نووسراوەتەوە و لای زەردەشتییەکان پیرۆزە. (هەورامان ب ال١٣٢ئەیووب ڕۆستەم).

پیرشالیاری دووەمیش پاش موسوڵمانبوونی ناوی خۆی ناوە مستەفای کوڕی خودادادو دەستکاری کتێبی ماریفەتی کردووەو چەند بەندێکی لابردووە. (هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٣٤).

بەلای منەوە تا ئێستا سەرچاوەیەکی ڕاستودروست نییە بمانگەیەنێتە قەناعەتێکی تەواو، بەڵێ لە یاداشتنامەکەی سەید ئیبراهیمی حسێنیدا هاتووە کە لە ساڵی (٥٢٨ک) بۆ ماوەی دوو ساڵ لە خزمەتی سەید مستەفای عورەیزیدا بووە. کە ئەمەش ئەو پیرشالیارە بووە کە لە هەوراماندا ژیاوە. (سەربوردێکی هەورامان و سەردانێکی تەوێڵە ل١٩٦).

زۆرێک لە سەرچاوەکانی تریش پشتگیری ئەمە دەکەن کە پیرشالیارێک لەسەردەمی شێخ عەبدولقادری گەیلانیدا ژیاوە. ئیتر بە نیسبەت پیرشالیاری ترەوەو سەردەمی ژیانی ئەو جیاوازییە هەیە کە باسمان کردووە...

نووسەر لەم ڕۆمانەیدا وای باس کردووە کە پیرشالیار، ئاڤێستای کۆکردووەتەوە لەسەردەمی ساسانییەکانداو دواتریش باس لەوە دەکات کە لەو سەردەمەدا ئیسلام بڵاوبوەتەوەو گەیشتووەتە شارەزوور. خۆی ئەمە لە دوو سەردەمی جیاواز بووە، باوای دابنێین پیرشالیار ئەو کەسە بووە کە ئاڤێستا پەڕاگەندەکانی لەسەردەمی ساسانییەکاندا کۆکردووەتەوە، دەی ئەو سەردەمە دوورە لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلامدا، بەڵێ لە هەموو سەرچاوەکاندا نووسراوە کە: ئاوێستا لەسەردەمی ئەردەشێری بابکانی ساسانیدا کۆکراوەتەوە، ئەردەشێریش لەساڵانی (٢٢٤-٢٤١ز) فەرمانڕەوابووە. بڕوانە:

- إيران في عهد الساسانيين ل ١٣٠ - تأليف آرثر كريستنس ترجمة يحيى الخشاب، مراجعة عبدالوهاب عزام، ١٩٥٧القاهرة.

- آوستا ج(١-٢) ل ١٥ - د جليل دوستخواه، إنتشارات مرواريد.

- تأريخ وشناخت أديان ج٢، ل ٢٣٣، د علي شريعتي.

- مێژووی ئایینی زەردەشت ل٧٢ - عەبدوڵلا موبلغی ئابادانی وەرگێرانی وریا قانع.

- دراسات في التأريخ الساساني ل ٧٤.

- هەورامان ب٢ل ٣٠ - ٨٠ ئەیووب ڕۆستەم.

- پەیامی هەورامان ل ٣٥٠ - ٤٠٠ هادی بەهمەنی.

ئاشکراشە کە ئایینی ئیسلام لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا لە ساڵانی (٦٣٣ - ٦٤٠ز) گەیشتووەتە کوردستان و تەیسەفۆن پایتەختی ساسانی و جەلەولاو نەهاوەندو شارەزوور.

بڕوانە: (فتوحاتی ئیسلامی لە

کوردستاندا بە درێژی باسی ئەمە دەکات یا پەیامی هەورامان ل٤٠٢) نێوان ئەم دوو ماوەیە، نزیکەی ٤٠٠ ساڵە کە ئەردەشێر دامەزرێنەری ساسانیەکانەو یەزدیگوردیش دوا پاشای ساسانییە، ئەمە چ عەقڵێک باوەڕ دەکات کە پیرشالیار تا ئەوەندە ژیابێت.

- بەنیسبەت ئەو بەهمەنەی کە لەم سەردەمەدا ژیاوە:

لە سەرچاوەکاندا باس لە سێ بەهمەن دەکەن کە فەرمانڕەوای هەورامان بوون:

بەهمەنی یەکەم لە ساڵەکانی (٦٠٢-٥٣٣) پ. ز.

بەهمەنی دووەم لە ساڵەکانی (٢٤٢-٤٦٤) پ. ز.

بەهمەنی سێیەم لە ساڵەکانی (٩٧١ - ١٠٥٢) ز... سەیری پەیامی هەورامان - (ل١٢٢-١٢٣) بکە؟

ئەگەر بەهمەنی یەکەم، یان دووەم بێت ئەوە نابێت، چونکە لەولاوە دەڵێت تەمەنی تا بڵاوبوونەوەی ئیسلام بە کوردستاندا ڕۆیشتووە... ئەمە نابێت، خۆ تەمەنی هەزار ساڵ نەبووە، ئەگەر بەهمەنی سێیەم بێ، ئەوەش نابێت، چونکە لەولاوە دەڵێت لەسەردەمی ساسانییەکاندا ئاوێستای کۆکردوەتەوە، چونکە ئەگەر بەو شێوەیەش بێت تەمەنی نزیکەی (٧٥٠ ) ساڵێک دەبێت.

کەواتە: دەگونجێ بڵێین: پیرشالیارێک لە سەردەمی بەهمەنی سێیەمدا ژیاوە، بەڵام ئەو ئاوێستای لە سەردەمی ساسانییەکاندا کۆنەکردووەتەوە، ئەگەرکۆشی کردبێتەوە لە سەدەمی ساسانیدا نەبووە، لەولاشەوە ئەگەر بڵێین دواتر کۆشی کردبێتەوە کوا؟ بۆچی کەس باسی نەکردووە؟!

چونکە لە ڕۆمانەکەدا هاتووە کە پیرشالیار ئاڤێستای کۆکردووەتەوەو لەولاشەوە دەڵێت تاوەکو ئیسلام گەیشتووە بە شارەزوور ژیاوە... کەواتە ئەمە هەڵەیەکی زەق و ئاشکرایە.

**نۆیەم:** بە نیسبەت باوە نەوروز و بابازەردەڵە و کۆسەی هەجیج و محەمەدی غەیبییەوە. نووسەر باسی کردوون کە لەسەردەمی ئیسلامدا نەژیاون و موسوڵمان نەبوون، بەڵکو هەموویانی تێکداوەو نەک هەر ئەوە بەڕاستی مێژووی ئەمانەی چەواشە کردووە، بێ بەڵگەو سەرچاوە ژیاننامەی ئەمانە ئاوەژوو کراوە... ئەگەر بەڵگەیەکی هەیە بیخاتە ڕوو با من بەهەڵەدا چووبم و داوای لێبووردنی لێ دەکەم و ڕاستی بکاتەوە بۆمان.

باوە نەوروز کە باوەنەوس، یان ناوسیان پێ وتووە:

لە بنەماڵەی زانیاراندا هاتووە: باوەنەوس، سەید ئیبراهیمی حوسێنی بووەو لە نێوان (٥. ٥-٥٤٦ک)دا ژیاوە... بڕوانە بنەماڵەی زانیاران ل(٣٥٨-٣٨٨) سەید ئیبراهیم لە پشتی قورئانێکدا یاداشتنامەی خۆی نووسیوەتەوە تێیدا هاتووە کە لە ساڵی (٥٢٥ک) لە شارەبانەوە هاتووەتە شارەزوور و دەچێتە دێیەکی هەورامان کە جەبراوایەو لە ساڵی (٥٢٨ک) دەچێتە دێیەکی تری هەورامان و لە خوێندنگای ئەو دێیەدا لەلای سەید مستەفای عورەیزی لە ئەڵقەیەکی وانەدا(سەد قوتابی سوودمەند)هەبوون کە وانەیان خوێندووە... بڕوانە: سەربوردێکی هەورامان ل١٩٦.

- بابازەردەڵە: لە بنەماڵەی زانیاراندا مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (ل ٣٧٩) دەڵێ:

بابازەردەڵە ناوی شێردڵەو گۆڕەکەی لە پشتی ئەحمەد ئاواوەیە لە (ل ٣٦٥)دا دەڵێ: شێردڵە لەگەڵ چوار برای تریدا (بیلال و محەمەد و حەسەن و حوسێن)دا کوڕی سەید ئیبراهیمی حوسێنن کە دایکیان ناوی عەنبەرەو مێژووی مارەکردنی ئەم ژنە (٥٣٠ ک) بووە. ( سەربوردێکی هەورامان(ل ٥٥٤) سەیربکە؟).

- کۆسەی هەجیج: مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە بنەماڵەی زانیاراندا (ل ٨) دا دەڵێ:

ئیمام موسای کازم کە لە ساڵی (١٨٢ک) دا ژیاوە (١٩) کوڕی بووە یەکێک لە کوڕەکانی عوبەیدوڵڵا بووە و چووە بۆ هەورامانی ئێران و لە دێیەک لە قەراغی سیرواندا لە نزیکی ئەسپەرێز دانیشتووە، ئەو جێگە ئێستا بە هەجیج ناسراوە، ئەمەش لە (حجیج) وەرگیراوە کە سیفەتی عوبەیدوڵڵا بووە، واتە:حەجی زۆری کردووە و کۆسەش بووە. بۆیە: ئێستا پێی دەڵێن (کۆسەی هەجیج).

بە پێی ئەم مێژووە:

بۆمان دەردەکەوێت ئەم سێ پیاوە لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا لە کوردستاندا نەژیاون وەک لە ڕۆمانەکەدا هاتووەو کۆسەی هەجیج لەسەردەمی دوانەکەی تریشدا نەبووە.

بەڵام ئەم بۆچوونە بە گونجاو و ڕاست دەزانم کە پیرشالیاری دووەم ناوی مستەفا بووە لەسەردەمی بابا

نەوس و بابازەردەڵەی کـــوڕیدا لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاون.

– مــحــەمــەدی غــەیبی: دوو سەرچاوەی کۆنمان هەن کە باس لەم بەڕێزە بکەن، مـێـژووی هەورامـانی موزەفەرخان و مێژووی هەورامـانی کـاکە شین... مـامۆسـتـا مـحـەمـەد ئەمین هەورامانی لە مێژووەکەیدا (ل ٦٣٧-٦٤١) باسەکەی ئەم بەڕێزەی لە هەردووکـیـاندا هێناوەو تێـیـدا دەڵێت کە ئەم پیرە محەمەدی غەیبی کوڕی ئیمام ڕەزایەو خاوەنی تەکیەو خــانەقـــای ڕێڕەوی قــادریەی هەورامـــانەو لەســـەر ئەو ڕێڕەوە ئیرشادی کردووە... تاد.

لێـــــرەدا دەڵێین: هەمـــــوو باسوخواسەکان وا دەری دەخەن کە پیـر پیـاوچاکـێکی مـوسـوڵمـانی هەورامــــانەو بۆ بەرگــــریکردن لە هەژاران لە ســـەدەی پێنجـــەمی کـــۆچیـــدان تـووشی زینـدانیی هاتووە... ئیـتـر بۆچی مـێـژووی چەواشە بکرێت.

**دەیەم:** کـــۆمـــەڵێک چیــرۆکی پڕوپووچ و ئەفسـانەیی خزاندووەتە ناو ڕۆمـانەکـە، (وەک ئارد بارین ل٤٣٤، یان بارە تەڕکە کە کرابوون بەمـار ل٤٣٦ )کـە من وا دەزانم بۆ کـەسـێکی وەک مـامـۆسـتـا کـە بڕواناکـەم خـۆشی ئەم چیـرۆکـانە بەڕاست بزانێ بۆ ئەم سەردەمـە هەر گێڕانەوەشیان بە باش نازانم، چونکە ئەمانە جگە لە ئەفسانەو خورافیات هیچی تر نەبوون.

**یازدە:** بەداخەوە دەڵێی ئامـانجی هەرە گەورەی مامۆستا ئەوە بووە کە کـۆتایی ڕۆمـانەکـە بەو شـێـوەیە بهـێنێ، چونکە ئیـسـلامی زۆر ناشـیـرین کـردووەو بەڵکو وەک گاڵتەجاڕییەک باسی کردووە...

ئاخر چ عەقڵێک باوەڕدەکات کە لە سـەرەتای ئیـسـلامـدا عـومـەری کوڕی خەتاب فەرمانڕەوا بوو بێت، مـوسـوڵمـانان ئاوا بکەن کـە لەو ڕۆمانەدا هاتووە.

مامۆستا هۆنراوەی هورمزگانی لە (ل ٤٤١)دا نووسیوەو باس کردووە، ئەم هۆنراوەیەش قسەی لەسەرە کە لەبنەڕەتدا لەکوێوە هاتووە! بۆ زیاتر سەیری سەربوردێکی هەورامان (ل ١٣٢-١٤٤) بکە؟

**دوازدە:** ئەم دوو تێبینییەی ترمان هەیە:

١- نووسەر وشەی (کۆمسا)ی بۆ ناوی پەرستگاکەی دەگای هەورامان بەکـارهێناوە، بۆ نموونە (ل.٤٤٠ – ٤٤٩) بەڵام وەک بیستوومانە ئەم وشەیە بەو بەردەی لای گـۆڕەکـەی پیرشالیار دەڵێن. دەڵێن: هەمـوو ساڵێک ئەو بەردە دەشکێن و بەسەر خۆیاندا دابەشی دەکەن ئەو ڕۆژەش ڕۆژی جەژنێکی کۆنی زەردەشتییە و یەکێکە لە پێنج جەژنەکانیان، بەڵکو جەژنەکەش بە جەژنی کۆمسا بەناوبانگە کـە (٤٥)ەمین ڕۆژی زستانە... بڕوانە ڕۆژنامەی کۆمسا ژ: ١، ١٠/١٠/٢٠٠٦ هەروەها هەورامان ب ١، ئەیووب ڕۆستەم (ل ١٣٧).

٢- لە (ل٤٢. )دا دەڵێت: لە دووەمین ڕۆژدا دەرگای پەرستگە کرایەوە و نزای هورمزان لەلایەن پیرشالیارەوە خوێندرایەوەو خۆشترین خۆشاو(مەی) بەدەم مەیخۆران و ئەڤـــــینداراندا درا... زۆربەی مێژوونووسان و لێکۆڵەران دەڵێن: ئاییـنی زەردەشـــــتی ئاییـنێکی ئاسمانییە... جا لێرەدا دەڵێین: لە هیچ ئایینێکی ئاسمانیدا مەی حەڵاڵ نەبووە، ئیتر چۆن کەسێکی وەک پیرشالیار لەناو پەرستگەکەدا مـەی دەرخـواردی خـەڵکی دەدات؟ ئەگەر مەبەستیشی خودی خۆشاوە کە لە هەورامـاندایە، ئەوە مەی نییە و هەق نیـیـــە وشـــەی مـــەی بۆ بەکاربهێنرێت.

لە کـۆتاییدا دەڵێین: ئەم ڕۆمـانە زۆر نایابەو جوان داڕێژراوە، ئەوەی دەیەوێت باشتر تێبگات و لەبارەی هەورامانەوە بگاتە ڕاستییەکان با ئەم سـەرچاوانەی لای خـوارەوەش بخوێنێتەوە:

١- تأریخ هورامـان – مظفـر سلطان هورامی – مقدمە وتصحیح و تعلیمات دکتور نادر کریمیان سردشتی.

٢- بنەماڵەی زانیاران – مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس.

٣- مێژووی هەورامان – محەمەد ئەمین هەورامانی.

٤- پەیامی هەورامـان – هادی بەهمەنی.

٥- هەورامان – لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی کولتوورییە – ئەیووب ڕۆستەم.

٦- سەربوردێکی هەورامان و سەردانێکی تەوێڵە – عەبدولڕەزاق عەبدولڕەحمان محەمەد.

**تێبینی:**

**١- ئەم ڕەخنەو تێبینیانەی منیش زیاتر بۆ گەیشتنە بە ڕاستی و حەقیقەت، هیوادارم مامۆستا، یان هەر نووسەرێکی تر بەڵگەی ڕاستـــری لایە بە بەڵگەوە بیسەلمێنێ و وەڵام بداتەوە تا هەموو لایەک بتوانین مێژووی گەلەکەمان ڕاست بکەینەوە.**

## فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی

# سەفەرنامە – Recit de Voyage

سەفەرنامە لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بەگشتی لەگەڵ دۆزینەوەکان و سەرهەڵدانی نوێخوازی و سەرەتاکانی بالادەستیی مرۆڤی ڕۆژئاوا و دەرچوون و بلاوبوونەوەی بەناو جیهان و سەرەتاکانی کۆلۆنیزاسیۆن دەردەکەوێ، ئەمەش بەگشتی لەمێژووی نوێ لەگەڵ سەردەمی بووژانەوە- ڕێنێسانس (سەدەی شازدەم) دەست پێ دەکات. سەفەرنامە بەشێوەیەکی گشتی لەناو ڕۆشنبیریی گەلانی موسڵماندا لاوازە و هێز و دەرکەوتنێکی ئەوتۆی نەبووە، ئەمەش ئەو مانایە نادا کە سەفەرنامە لە ڕۆژهەلاتدا نەبووە، بە پێچەوانەوە هەبووە، هەڵبەت مێژوویەکیشی هەیە، بەلام ئەم هەبوونە قەت نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی ببێتە دیاردەیەکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی، هەروەکو لە ڕۆژئاوا ئەو خاسیەتەی هەبووە. لە ڕۆژئاوا سەفەرنامە، بەهۆی ئەو گەشەسەندن و پێگەیشتنە بەربلاوەی هەیبووە، گەیشتۆتە ئاستی جۆرێکی سەربەخۆ. سەردەمی زێڕینی سەفەرنامەی ڕۆژئاوا سەدەی هەژدە و نۆزدەیە.

لەم دوو سەدەیەدا، سەفەرنامە ئەوەندە گەشە دەکا و بلاودەبێتەوە، شێوەی دیاردەیەکی ئەدەبی زۆر بەهەرمێن وەردەگرێ، تا ئەو ڕادەیە ئەم دیاردەیە لە ڕۆژئاوا گەشە دەکا، سەفەرکردن دەبێتە چاولێکەری، هەرکەسێک ئەگەر سەفەرێکی نەکردبایە و بەخۆی و سەفەرنامەیەک نەهاتبایەوە بە چاوێکی کز سەیر دەکرا، یان وەک هۆیەکی لاف لێدان و خۆ دەرخستن بەکار دەهات، هەندێ کەسانیش هەبوون، بێ ئەوەی سەفەر بکەن، لە سەفەرنامەکانی تر سەفەرنامەیەکییان دروست دەکرد، سەفەرنامە لەگەڵ سەرهەڵدانی هۆیەکانی گواستنەوەی نوێ وەک کەشتی و هیتر، گەشەسەندنی زانستی و پێشکەوتنە ماددییەکان و سەرهەڵدانی ڕۆمانی نوێ، وردە وردە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە قورسایی و ئامادەییەکی ئەوتۆی نامێنێ و لە بواری ئەدەبیشدا پاشەکشە دەکا، بەلام سەفەرنامە گەورەکانی سەدەی هەژدەم و نۆزدەم، هەردەم وەک تێکستێکی ئەدەبی مەزن سەیریان دەکرێ، بەتایبەتی سەفەرنامەکانی نێرڤال- Nerval و لامارتین- Lamartine و فلۆبێر- Flaubert و شاتۆبریان- Chataubriand و هیتریش.

سەفەرنامە تێکستێکە نووسەرەکەی ئەوەی لە ولاتێکی دیکە بینیویەتی، دەیگێڕێتەوە. هەر ئەم خاڵەشە ئەم جۆرە تێکستە (گێڕانەوەیە) لە گێڕانەوەکانی تر (وەک ڕۆمان، چیرۆک) جیادەکاتەوە. ئەمە سیفەتی سەرەکی سەفەرنامەیە، چونکە سەفەرنامە تەنیا بەهۆی کردەی سەفەرەوە هەیە، بە پێچەوانەی ڕۆمانەوە، ڕۆمان

سەر بە جیهانێکی، خەیاڵێکی داخراوە، سەربەخۆیە، سەروکاری لەگەڵ واقیع نییە، هەرچی سەفەرنامەیە، بەسەر جیهان و جیهانی دەرەوەدا کراوەیە. جیهانی واقیع و بینراو و دەرەوە یاسا و ڕێسای سەفەرنامەیە، بەڵام جیهانی خەیاڵ- Fiction خاسییەتی سەرەکی ڕۆمانە، ئەم بنچینەیە لە سەفەرنامەدا نییە.

سەفەرنامە بە دوو هەنگاو ئامادە دەکرێ و دەنووسرێ، سەرەتا نووسەر پێوەندی بە جیهانی نوێ، ئەو شوێنەی بۆی دەچێ دەکا، بەناویدا دەگەڕێ و تێبینی هەموو شتێک دەکا؛ پێوەندییەکان، دیمەنەکان، شتەکان، ئەمانەش هەموویان بۆ ئەو نەناسراون و بێگانەن، هەر لەبەر ئەمەیە دەگوترێ سەفەرنامە جیهانێکی نەناسراو و بێگانە و تازە دەگێڕێتەوە، ئەمەش وەک دۆزینەوە و دەست بەسەردا گرتن و هۆگربوون لەگەڵ جیهانی نوێ دادەنرێ، هەنگاوی دووەم، نووسەر (کە گەڕیدە، یان گەڕۆکە) هەموو ئەو ڕووداو و شت و دیمەن و پێوەندییانەی بینیوە، دەگێڕێتەوە. ئەمەش بە گێڕانەوەی جیهانێکی بینراو دادەنرێ، هەندێ جاریش، ئەگەر نووسەرەکەی لە فێڵ و شێوازەکانی گێڕانەوە و نووسین شارەزابێ، لەلای خوێنەر لە یۆتۆپیا و ڕۆمان و گێڕانەوەی ئەدەبی نزیک دەبێتەوە، بەتایبەتی لە ڕووی ئەو چەشە و چێژ و جوانیانەی پێشکەشیان دەکا، یان پیشانیان دەدا، پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان سەفەرنامە و جیهانی بێگانە و ناوێزە و غەریبدا- Exotique هەیە.

بەگشتی یەکێ لە خاسییەتەکانی سەفەرنامە ئەوەیە جیهانی بینراو بە ڕاستگۆیی وەکو خۆی بگێڕێتەوە. بەرانبەر بەو جیهانە بینراوەی دەگێڕدرێتەوە، خوێنەر واز لە زاتیەتی خۆی و ڕوانینی تاکەکەسی خۆی دەهێنێ، ئەمەش دەبێ بە تێبینی ڕاستەقینەی نووسەر (گەڕیدە) پڕ بکرێتەوە. کەواتە لە بنچینەدا گوتاری سەفەرنامە بریتییە لە مەوزوعییەت و ڕوون و ئاشکرایی. ئەوەی بینراوە، گێڕدراوەتەوە، ئەمەش خاسییەتی هەرە سەرەکی گوتاری سەفەرنامەیە.

سەفەرنامە بەپێچەوانەی ڕۆمانەوە، ئەو هەقیقەتەی دەیگێڕێتەوە و پیشانی دەدا، دەبێ سوودی هەبێ و بەکاربێ، بەڵام ڕۆمان هەمان خاسییەتی نییە، سەفەرنامە خاسییەتی سەرەکی بریتییە لە فێرکردن، هەرچی ڕۆمانە مەرج نییە بەم جۆرە بێ، ئاراستەی خوێنەرێکی دیاریکراو نەکراوە، لەخۆیەوە و بۆ خۆیەتی.

لەنێوان خوێنەر و نووسەری سەفەرنامە (گەڕیدە) پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە، بەپێچەوانەوە ئەو پێوەندییە لە فۆرمەکانی تری ئەدەبی زۆر لەوە ئاڵۆزترە، چونکە نووسەری سەفەرنامە ڕاستەوخۆ شتێک بۆ خوێنەر دەگێڕێتەوە و لە بنچینەشدا بۆ ئەو ئاراستە کراوە.

سەرەنجام گێڕەرەوە لە سەفەرنامەدا بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجی بەرز و باڵای خۆی کە هەقیقەت و سوودبەخشینە، پەنا بۆ کۆمەڵێک شێواز دەبا، بەڵام شێوازی هەرە دیاری سەفەرنامە وەسفە، وەسفی دیمەن و شت و ڕووداو و دابونەریت و پێوەندییەکان...تاد. وەسف لە سەفەرنامەدا ڕۆڵی سەرەکی هەیە، ڕێگای ئەوەی پێدەدا ئەوەی بینیویەتی پیشانی بدا و خۆیشی بیبینێ، لە هەمان کاتدا زانین و زانیارییەکانی بگەیەنێتە خوێنەر. ئەمەش لە هەندێ سەفەرنامەدا پانتاییەکی زۆر داگیر دەکا. هەڵبەت ئەو وەسفەی لە سەفەرنامەدا هەیە جیایە لەوەی لە ئەدەبیات، لە داستان و ڕۆماندا هەیە، بەو مانایەی وەسفی ناو ڕۆمان لەسەر بنچینەیەکی خەیاڵی- fiction -ە، هەرچی هی سەفەرنامەیە بریتییە لە وەسفی شتێکی بینراو، هەقیقی، لێرەوەیە وەسف کردنەکە سەختی و دژواری تێدەکەوێ، بەو مانایەی وەسفی شتێکی بینراو جیایە لە شتێکی خەیاڵی دروستکراو، چونکە گێڕەرەوە تەنیا دەتوانێ لەسەر بنچینەی شارەزایی و زانینی خۆی بۆ جیهان و جیهانی بینراو بخاتە ڕوو. هەر لەبەر ئەوە دەگوترێ، گەڕیدە (نووسەری سەفەرنامە) هەردەم ڕووبەڕووی جیهانێکی بێگانە، نەناسراو، جیهانی تازە دەبێتەوە، سەفەرنامەش هەوڵێکە بۆ ناسین و تێگەیشتن، ناسین و تێگەیشتنی ئەوی تر، ئەوی تری نەناسراو و بێگانە. ئینجا لێرەوە، لەبەر ئەوەی کەوتنە بەرانبەر یەکی ناسین و نەناسینە. ناسراو و بێگانەیە، کێشەیەک دروست دەبێ، ئەمەش بریتییە لەو خاسیەتە زاتییەی هەردەم پێ بەپێ لەگەڵ گێڕانەوە دەڕوا، بەو مانایەی لەم پڕۆسەیەدا هیچ کاتێک ناسین و تێگەیشتنێکی ڕەها و پڕ نییە، بۆیە هەردەم ڕێژەیەکی زاتییەت لەسەفەرنامەدا بوونی هەیە.

یەکێکی تر لە دژوارییەکانی وەسفی ناو سەفەرنامە، کێشەی یەک بەدوای یەکدا هاتنی ڕۆژەکان و ڕووداوەکان

و بینینەکانە، چونکە بنچینەی گێڕانەوە و وەسفی سەفەرنامە بریتییە لە سەفەر و بینین. هەموو ئەمانە گێڕانەوەیان وەکو خۆی بەپێی کرۆنۆلۆژیایەکی وردی ڕووداو و شتەکان کێشەی ئاڵۆز دروست دەکەن کە بۆ وەسف کردن سەختە. ماوە و فەزا و هەڵکەوتی شتەکان هەندێ جار بزر دەبن، بەڵام لەبەرئەوەی ئامانجی سەفەر فێرکردنە، دەبینین زیاتر ئەنجامەکان گرینگن، نەک وەسفەکە خۆی.

کەواتە لە سەفەرنامەدا ناکۆکییەک و ململانێیەک لەنێوان گێڕانەوەی ڕووداوەکان و وەسف کردندا هەیە. وەسف کردن یەک بەدوای یەک هاتنی شتەکان دەپچڕێنێ، چونکە لەگێڕانەوەوە چوون بۆ وەسف کردن جۆرێک لە ئاوەژوو بوون و سەختی هەیە. هەر لەبەرئەوە لەسەفەرنامەدا گێڕانەوە لە خزمەتی وەسف کردنە، ئەمەش پێچەوانەی کارێکی ئەدەبی خەیاڵییە وەک ڕۆمان بۆ نموونە. سەفەرنامە هەموو سەرچاوەیەکی گێڕانەوە بەکاردەهێنێ، بۆ ئەوەی سەفەرنامە بە زیندوویی و سەرنجڕاکێش بمێنێتەوە، دەبێ لە هەمان کاتدا زانین بەخش و فێرکاری بێ، بۆیە سەفەرنامە بە تێکستێکی باوەڕپێکراو و وەخت بەسەربردن دادەنرێ. هەر لەبەر ئەوەش، سەرەڕای ئەو زانینەی پێشکەش دەکا، زۆرجار سەفەرنامە وەک سەرچاوەیەک دەخوێندرێتەوە و جیهانێکی نەناسراو و بێگانە و ناوێزە پێشکەش بەخوێنەر دەکا کە دەتوانرێ لەم ڕووەوە بخرێتە ناو جۆری «ئەدەبی موغامەرە»وە. سەرەڕای ئەم خاسییەتەش، ئەو سەفەرنامانەی لەسەرەوە ناومان هێنان، بە تایبەتی ئەوەی نێرڤال وەک تێکستێکی ئەدەبی نایاب حسێبی بۆ دەکرێ.

سەفەرنامە بە جۆرە تێکستێکی هەمەچەشن، یان هەمەجۆر- Polymorphe دادەنرێ، دەشێ کۆمەڵێک فۆرمی هەبێ وەک: پاداشتی ڕۆژانە، تۆماری ڕێگا هەروەکو لەلای ئەندرێ ژید باوە، یان بایۆگرافی وەک لەلای شاتۆبریان هەستی پێدەکرێ، یان وەک خیتابێک بێت هەروەکو لەلای ڤیکتۆر هوگۆ دا هەیە، بەڵام لەلای لێڤی سترۆس- Levi- Strausse سەفەرنامە دەچێتە خانەی گوتار، یان وتار- (مقالة). بەهەمان ئاست دەشێ لەسەفەرنامەدا کۆمەڵێک گوتار- خیتاب- Discours هەبێ، وەک جیۆگرافی، سیاسی، مێژوویی، زمانەوانی، ئیتنۆلۆژی- (نەژاد ناسی)..تاد. سەرەنجام وەک کۆلاژێک دێتە بەرچاو کە کۆمەڵێک فۆرم و مۆرفۆلۆژی هەبێ، ئەوانەی ئەم کارەش دەکەن، خەڵکی هەمەجۆرن و سەر بە کۆمەڵێک ناوەندی جیاجیان، ئایینی، دەریاوان، نووسەر، زانا، مێژوونووس، هونەرمەند،...تاد، دواجار سەفەرنامە یاسا و ڕێسایەکی نووسین و ئامادەکردنی نییە، ئەمەش لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ، ئامانجیش تێیاندا سوود گەیاندنی ڕاستەوخۆیە.

سەرەتاکانی سەرهەڵدانی سەفەر و بڵاوبوونەوەی سەفەرنامە لە مێژوودا بۆ دۆزینەوە گەورەکانی جیهانی دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی لە کۆتاییەکانی ڕووخانی ئیمپراتۆری ڕۆمانی، گەشەسەندنی پێوەندی ڕاستەوخۆی بە هۆکارە دەرەکییە ئابووری و سیاسییەکانەوە هەیە. سەدەی حەڤدە و هەژدە و نۆزدە سەردەمی زێڕینی سەفەرنامەیە لە ڕۆژئاوادا، لەوانەیە زۆر سەفەرنامە لە ڕۆژهەڵات هەبن، بەڵام سەفەرنامەی (ئەولیا چەلەبی) کە بە (سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی) ناسراوە، دەشێ بەسەفەرنامە هەرە ناسراوەکان دابنرێ لە سەدەی حەڤدەمی زایینیدا، کە تێیدا کورد و کوردستان بەشێکی زۆری لێ داگرتووە. دواجار وەک هۆکارێکی دیکەی سەرهەڵدانی سەفەر و سەفەرنامە، دەتوانین بڵێین سەفەرنامە پێوەندی بەو کۆمەڵگا کراوانەوە هەیە کە سەفەر نرخی تایبەتی خۆی لەلایان هەبووە و خەڵکەکەی ئارەزووی ناسینی جیهان و ژیانی ئەوانی تریان هەبووە، ناسینی بێگانان، ناسینی ئەوی تر. بە پێچەوانەوە سەفەرنامە لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا قەت گەشەی نەکردووە.

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی پازدەمین ساڵەی تەمەنی ڕامان

# ئەم ساڵ ڕامان پازدە مۆمی داگیرساند

**بەختیار محەمەد**

هیچ گومانێک لەوەدا نییە، کە ڕامان هەر لە سەرەتاوە، بە بەرنامە و ڕێبازێکی جددییانە کاری کردووە و مانگانە لە کاتی خۆیدا دەرچووە و بڵاودەبێتەوە. تایبەتمەندییەکی ئەم گۆڤارە ئەوەیە، کە بابەتە ڕۆشنبیرییەکانی فرەشێوە و هەمەڕەنگن. هەڵبەت بەپێی تواناش، ڕەچاوی ئاستی دەق و بابەتەکان کراوە، ئنجا بڵاویان دەکاتەوە؛ خۆ ئەگەر لە ژیانی ڕۆشنبیریی ئێمەشدا، بابەتی بەهێزی مەعریفی و فەلسەفی و بەگشتی داهێنان کەم بن، ئەوە گوناهی ئاستی کایەی ڕۆشنبیریی ئێمەیە، دەنا ڕامان درێغی لە بڵاوکردنەوەی دەقی ئەدەبی باش نەکردووە و ناکا، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ دەقی باشمان کەمە. هەروەها ڕامان درێغیشی لە بڵاوکردنەوەی بابەتی فەلسەفی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان نەکردووە، بەڵام لەم بوارانەشدا چالاکی ڕۆشنبیریی ئێمە، یەکجار دەستکورت و هەژارە.

ڕامان هەوڵی داوە بەپێی توانا، گۆڤارێکی ئەکادیمی بێ. پێشم وایە کەم تا زۆر لەم بوارەدا کەمتەرخەمی نەکردووە. لێرەشدا بەخشش و بەرهەمی نووسەران خۆی ڕەپێش دەکا، بۆ ئەوەی ئەم گۆڤارە پتر بە بابەتی جۆراوجۆری باش دەوڵەمەند بکەن. هیچ گومان لەوەدا نییە، کە ئەمڕۆ دوای (١٤) ساڵ لە ئەزموونی پڕ بەخششی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی و هونەریی، گۆڤاری ڕامان یەکێکە لە گۆڤارە باش و جددی و دیارەکانی کایەی چاپەمەنی ئێمە. لە پشت ئەم هەوڵە بێ وچانەدا، وەک ڕاستییەکی گەلەک مەزن و وەک ئەمەک و پێزانینی ئێمەی خوێنەران و نووسەرانیش، دەبێ ئاماژە بە هەوڵ و کاری دڵسۆزانەی سەرنووسەری ئەم گۆڤارە، کاک ئازاد عەبدولواحید بکەم، کە بە خۆشی وەک ڕەخنەگرێک، بە گیانێکی جددییانە و ڕەخنەگرانەوە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکانی گۆڤارەکەیدا دەکا. لێرەشدا ئەو پێوەری ڕەخنە و هەڵسەنگاندن، لەگەڵ دەق و بابەتەکاندا بەکاردەهێنێ. بێ گومان ئەمەش هەم بە سوودی گۆڤارەکە و هەم بەسوودی نووسەر و خوێنەرانیش تەواو دەبێ. دەنگێکی دیکەی دلێر و دڵسۆز، کە بەبێ ماندووبوون و خەمخۆرانە، ئەرکی قورسی ئەم گۆڤارەی گرتۆتە ئەستۆ، بەڕێوەبەری هونەریی کاک سەرکەوت وەلی-یە. ئەو وەک کەسێکی ڕۆشنبیر و وەک کەسێکی هونەریی خاوەن ئەزموونی پڕۆفیشناڵ، ڕەفتار لەگەڵ سەرجەم گۆڤارەکەدا دەکا. بێ موجامەلە دەڵێم، ئەو لە دوای سەرنووسەر کارەکتەرێکی هەرە سەرەکی بەرهەمهێنانی ئەم گۆڤارەیە.

بێ گومان ئێمە دەستخۆشی لە هەموو ستافی گۆڤارەکەش دەکەین، بۆ ئەو ئەرکەی، لە دەرکردنی گۆڤارەکەدا دەیکێشن. هیوادارین ڕامان هەنگاوی مەزنتر بۆ خزمەتکردنی دنیای ڕۆشنبیری کوردی و پەیڤی هەڵوستدار و ڕاستەقینە و داهێنەرانە بهاوێژێ، هەڵبەت هەموو کارێکی بەنرخ و باش، بەبێ کاری جددی و ماندووبوونی زۆریش نابێ. ئێمە دڵنیاین، ڕامان-یش بەم هەناسەیە کار دەکات.

# نامەیەکی هونەرمەند نەشئەت حەمید

**برای بەڕێزم کاک وریا- ڕۆژباش**

زۆر دڵخۆشم بەوەی کە تیپەکەتان لەبەرز بووندایە و هۆیەکەشی تەنیا تۆی. دە ئەگەر بهاتبایە سەرپەرشتییەکی باشی هەبوایە دوور لەوانەی کە ئێستا سەرپەرشتیی دەکەن، لەوە دڵنیام کە زۆر بەرزتر دەبوو. لە مێژەوە هەرگیز حەزم دەکرد لەگەڵ تیپەکەتان ئیش بکەم، بەڵام چەند دەهاتمە ناوی، ساردییەکی تەواوم دەبینی لە لێپرسراوەکان، ئەوەش وای لێ دەکردم کە هەست بە تەنیایی بکەم و لە دواییدا ناچار دەبووم وازم لێ دەهێنا، بەڵام ئێستا زۆر حەزدەکەم ئیش بکەم نەک وەک شمشاڵژەن، بەڵکو هەر ئیشێکی تر کە پێوەندی بە تیپەکەوە هەبێت و ئەوەشم لە داواکارییەکەی خۆم نووسیبوو کاتێ دەمویست لەم دواییەدا بگەڕێمەوە. لەم دواییەدا نووسیبووم ئەگەر لە کاتێکدا کاک سەردار نەخۆش بوو، یان نەیتوانی بێت و پێویستیتان بە شمشاڵژەن هەبوو، ئەو کاتە من ئامادەم، چونکە بەڕاستی حەز ناکەم لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر شمشاڵ لێ بدەم! هەرچەندە لەوە پەشیمان نیم کە ئەم ماوەیەی ڕابردوو دەهاتمە تیپ، بەڵام بەتەواوی بۆم ڕوون بووەوە کە شمشاڵ لەناو تیپەکەدا بایەخی پێ نادرێ، لەبەر ئەو ئامێرە نوێیانەی کە تازە هاتوونەتە کارەوە، هەرچەندە لە (میسر) لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنەی خۆیان، کەچی هەروەک لە تەلەفزیۆن دەبینین شمشاڵ هێشتاکە گرنگترین ئامێرە لە تیپەکاندا.

ئەگەر بێینەوە سەر تیپەکەمان، نەک (صۆلۆ) نادرێ بە نای، بەڵکو لەسەر شانۆ بواری تەقاسیمیشی نادرێتێ، لەو کاتەی کە ئۆرگەن و ئۆکۆردیۆن ئامێری تەقاسیم بن و تەنیا ئەوی زۆر توانای نەبێ دەتوانێ بۆ تەقاسیم بەکاریان بهێنین.

لە تیپی ئێمەدا بۆ تەقاسیمیش هەر بەکاردێن، بەڵام شمشاڵ کە ئامێرێکی نەتەوەیی میللەتی کوردە، تەنیا لەناو ئەو شیعرانەی ناو تیپەکە بەکار ناهێندرێ، ئەگەر مەبەست لەوەیە کە نایەکان تەواو نین، نەخێر نابی زۆر تەواوە، بەڵام نەسبی فیرقە خۆم هەستی پێ دەکەم ڕۆژێک تەواوە و ڕۆژێک تەواو نییە. ئینجا کە نابی ئەم بایەخەی پێ نەدرێ، بەڵکو دەف بە گرنگتر دەزانرێ لە تیپەکەمان، ئیتر ئەو ماندوو بوونە، ئەو ماڵ بەتەنیا بەجێ هێشتنە و ئەو خۆشی لە خۆ حەرام کردنە بۆچی و بۆ کێ، من ئەوە دەڵێم پێش ئاهەنگەکەی ئەو شەو تا نەڵێن نەشئەت پارەی وەرگرت، ئینجا بەجێی هێشتین. لەوەش دڵنیام کە ئەگەر ئاهەنگی جەژن پارەی تێدابووایە، بەخوا لە دوای سەرداریان دەنارد، بەڵام لێپرسراوان دەیانزانی کە هەر ماندووبوونە. لە دواییدا ببوورە کە بڕیارم دا بە (عازف نای) لە تیپ ئیش نەکەم بەخوات دەسپێرم.

**ئیمزا**

**برات: نەشئەت حەمید**

**ئا: ڕامان**






# دەقێتی دەق



**پێشڕەو عەبدوڵڵا**

پرسیارکردن لە دەق و چییەتی دەق، ئێمە دەخاتە ناو کۆمەڵێک ڕێگا و دیدگای جیاوازەوە. کە هەریەک لەو دیدگایانە بەپێی باکگراوندی هزری و فەلسەفی خۆی ماناکانی دەق ڕاڤە دەکات و لە چاویلکەی خۆیەوە دەنۆڕێتە چەمکی دەق، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە نەتوانین هێڵی گشتی لەنێوان ئەم دیدە جیاوازانەدا نەدۆزینەوە.

دەقێتی دەق ئەو ڕازە شاراوەیەیە، کە دەقێک دەکات بە دەق. واتە ئەوەی وادەکات دەقێک دەق بێت چییە؟ ئایا نووسراوی سەر فرۆشگاکان و فەرمانگە و شوێنە فەرمییەکان دەقن؟ ئایا نووسینەکان هەموویان دەقن؟ ئەم پرسیارانە وامان لێ دەکەن لە دەرەوە سەیری دەق نەکەین و بە تەنیا لە نووسیندا کورتی نەکەینەوە. واتە هەر نووسراوێکمان بینی ئیتر واژەی دەقی بەسەردا بچەسپێنین. ئەم باسەی سەرەوە رووومان وەردەگێرێت بۆ ئەوەی لە هەناوی دەقەکاندا بە شوێن دەقێتی دەقدا بگەڕێین. «ژولیا کریستیڤا» لە باسی دەقدا دەڵێت: «دەق بەگشتی ناچێتە سەر ڕەچەڵەکی زمان، بەڵکو لە مەسەلەی ئەسڵی زمان خۆی دەرباز دەکات و لە میانی پانتاییەکانی دەقدا هێڵێکی ستوونی هەڵدەکۆڵێت، لەوێشەوە دەلالەتەکان دەکاتە نموونە، کە زمان لە حاڵەتی وێنەگرتن و گەیاندن نەیتوانیوە بیگەیەنێت، ئەگەرچی وا ناونراوە».

ئەوەی کریستیڤا جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە دەقێتی دەق دەتوانێت لە دەرەوەی زمانیش خۆی نمایش بکات، چونکە دەقێتی دەق وابەستەیە بەو هەڵکۆڵینەی بەشێوەیەکی ستوونی مرۆڤ دەیکات بۆ گەیشتن بە شتانێک کە زمان نەیتوانیوە ئەو شتانە ئەزموون بکات.

بە واتایەکی دیکە دەقێتی دەق بەوە دەبینێ، ئایا ئەو دەقە تا چەند توانیویەتی شتە نەبینراوەکان بکاتە بینراو. ئەم ڕازە ڕازی دەقێتی دەقە لای کریستیڤا. ئەم دیدە لە ناوەوەی شتەکاندا بە شوێن دەقدا دەگەڕێت و سنووری دەق زۆر فراوان دەکات، چونکە ئەگەر بە ڕوانینی کریستیڤا سەیری دەقەکان بکەین، ئەوە هەر نووسین ناگرێتەوە، بەڵکو ئەو گوتنانەش دەگرێتەوە، کە خۆیان بە شتە نەبینراو و نەبیستراوەکان بارکردووە، بەدەر لەمەش خۆی لەناو نووسیندا لەیەک ڕەگەزی ئەدەبی و فۆرمدا قەتیس ناکات، بەڵکو ئەگەر دەقێک توانی شتە شاراوەکان بۆ ئێمە ئاشکرا بکات و لە جیهانی سەرووهەستییەوە بیانهێنێتە ناو جیهانی هەستییەوە، لەکاتێکدا زمانی ئاسایی و ڕۆژانە توانای ئەم کارەی نییە، بۆیە ئەو دەقە خاوەنی دەقێتی دەقە، واتە دەقێتی دەق پەیوەستە بە نەگوتراوەکانەوە جا (ئەدەب، فەلسەفە، شیعر، چیرۆک...تاد) بێت.

ئەوەی ژولیا کریستیڤا دەیکات فراوانکردنی ئاسۆی دەقە و دەقێتی دەق لەوەدا دەبینێت کە خۆی بە شتە نادیار و پەنهانەکانەوە مانیفیست بکات. لە پاڵ ژولیادا ڕۆلان بارت هەیە کە تارادەیەک دیدگای لەم بنەمایەوە نزیکە، بارت لە باسی نووسیندا دەڵێت:

«هەموو خوێندنەوەیەک نووسینێک و هەموو نووسینێک خوێندنەوەیەکە». بارت ئاسۆی دەق فراوانتر دەکات، هەرچی ژولیا بوو (نووسەر) بە سەنگی کارەکە دەزانێ، بەڵام لای بارت (خوێنەر) دێتە ناو هاوکێشەکەوە. ڕامان لەم ڕستەیەی سەرەوە لە کاتێکدا بارت دەڵێت هەموو خوێندنەوەیەک نووسینێکە، بەو مانایەیە کاتێک (خوێنەر) دەچێتە ناو دنیای دەقەوە، هەر ئەوە نییە ئەو دەقە ئەزبەر بکات و بەس، بەڵکو لەوێوە ئاسۆیەک دەدۆزێتەوە لەناو خۆیدا و لەکاتی خوێندنەوەدا دنیایەک هەیە لەناویدا دەکرێتەوە و خەیاڵی ئاراستەی ئەو بابەتە دەکات کە دەقەکە باسی دەکات، لەم ئاراستەکردنەدا، بیرکردنەوەی خۆشی دەخاتە سەر ئەو خوێندنەوەیە، ئەم بیرکردنەوەیە بۆ خۆی نووسینێکە، بەڵام لەسەر کاغەز نا، بەڵکو لەسەر یادگە تۆمار دەبێت، ئەم تۆماربوونە جۆرێکە لە نووسین.

لای بارت دەق داخراو نییە و بەمەش یاسایەک دەردەهێنێ بەوەی دەقێتی دەق لەو کرانەوەیە دایە نەک لە داخرانیدا. واتە دەقێک دەقە کەوا لە خوێنەر بکات بنووسێت نەک هەر بخوێنێتەوە. بە دیوەکەی تردا هەموو نووسینێک خوێندنەوەیە. ئەم خوێندنەوەیە ئەو قوڵبوونەوە و کەشفکردنەیە کە نووسەر لە کاتی نووسیندا بەناو شتەکاندا دەیکات، بۆ دەرخستن و بەیانکردنی ناشتیی شتەکان.